# زمانەوانی

## بەرگەکانی

**(چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم)**

**سەلام ناوخۆش** **نەریمان خۆشناو**

**چاپی یەکەم** 2010



ناوی کتێب: زمانەوانی
نووسینی: سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو
نەخشەسازی: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا
بەرگ: بەرگی چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم
چاپ: یەکەم
چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر
تیراژ:3000 دانە
نرخ : 6000

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی 2010 ی پێدراوە .

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| بەرگی چوارەم | |
| (هزر و زمان و کوشتنی زمان) | |
| بەشی یەکەم | |
| زمانەوانی | |
| هزر و زمان | |
| زمان و بیر | |
| کوشتنی زمان | |
| کوشتنی کەسایەتی نەتەوەیی | |
| دایەسپۆرای کوردی، دیاردەیەکی تری کوشتنی زمان | |
| خوێندنی حوجرەی کۆن | |
| بیاڤێکی دی پاراستنی زمانی نەتەوەیی | |
| عەلی تەرەماخی یەکەم ڕێزمانووسی بەراوردیی کوردی | |
| تایپۆلۆژی زمانەکان و زمانی کوردی بە نموونە | |
| بەرگی پێنجەم | |
| (زمان و زار و ئەلفوبێ) | |
| پێناسەی زمان | |
| ئەرکەکانی زمان | |
| یەکەم: ئەرکە مایکرۆییەکان | |
| 1ـ ئەرکی سایکۆلۆژی زمان | |







| | |
|---|---|
| 2ـ لایەنی کۆمەیەتی | |
| 3ـ ئەرکی تۆمارکردنی لەپێناو مانەوە | |
| 4 ـ دیاریکردنی ناسنامەی شتەکان | |
| 5 ـ ئەرکی دەربڕینی هزر | |
| 6 ـ پەیوەندیکردن | |
| 1 ـ داواکردن | |
| 2 ـ پرسیارکردن | |
| 3 ـ داوای لێبوردن کردن | |
| 4– زانیاری و هەواڵ گەیاندن | |
| 5 ـ فەرماندان | |
| 6 ـ ڕاپەراندن | |
| 7 ـ پەسند کردن | |
| 8 ـ ڕەتکردنەوە | |
| 9 ـ خۆشی دەربڕین | |
| دووەم:ئەرکە ماکرۆییەکان | |
| 1ـ ئەرکی زەینی ، ئایدیالی | |
| 2 ـ نێو خودیی | |
| 3 ـ شیعریەت | |
| 4ـ دەق دروستکردن | |
| نەژادی زمان لەنێوان گریمانەی مرۆڤ و خەڵاتی خودادا | |
| یەکەم:گریمانەکانی مرۆڤ | |
| 1ـ گریمانەکانی لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت | |
| أ ـ تیۆری Bow – Bow | |

| | |
|---|---|
| ب ـ تیۆری Yo – heave – no | |
| ج ـ تیۆری هاواری سروشتی هەستەكا | |
| 2ـ تیۆری گەشەكردن | |
| 3ـ تیۆری ئاماژەی زارەكی و ئاماژەی فیزیكی | |
| 4ـ تیۆری كۆمەڵایەتی | |
| 5ـ ڕێككەوتن | |
| 6ـ زمانی مرۆڤ، خواكردە | |
| * نەژادی زمان ونەژادی نەتەوە | |
| ئەدگارەكانی زمانی مرۆڤ | |
| مرۆڤ لە زمانی ئاژەڵان دەگات یان ئەوان لە زمانی مرۆڤ دەگەن | |
| خێزانە زمانەكانی جیهان | |
| چەمك و تاریفی دیالێكت | |
| جۆرەكانی دیالێكت | |
| هۆكارەكانی پەیدابوونی دیالێكت | |
| جیاوازی نێوان زمان و دیالێكت | |
| دابەشكردنی دیالێكتەكانی زمانی كوردی | |
| سنوور و نەخشەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی | |
| زمانی ستاندەر | |
| زمانی ستاندەر چۆن دروست دەبێت | |
| ئەلفبێ | |
| دابەشبوونی زمانەكان بە گوێرەی سیستەمی نووسین | |
| بنەچەی وشەی ئەلفبێ | |
| ئەلفبێی كوردی پێش ئیسلام | |







| | |
|---|---|
| ئەلفبێی عەرەبی | |
| بنەچەی ئەلفبێی عەرەبی | |
| ئەلفبێی كوردی و ئەلفبێی عەرەبی | |
| پیتەكانی ئەلفبێی كوردی | |
| جیاوازی نێوان ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگ | |
| فەرهەنگە ناودارەكانی كورد و تێكەڵكردنی هەردوو جۆری ئەلفبێ | |
| مێژووی نووسین بە ئەلفبێی كوردی | |
| دامەزرێنەری ئەلفبێی كوردی | |
| هۆكاری گەشەكردنی ئەلفبێی كوردی لەناو كورداندا | |
| گیروگرفتی ئەلفبێی كوردی | |
| ئەلفبێی لاتینی | |
| مێژووی سەرهەڵدانی ئەلفبێی لاتینی | |
| كورد و ئەلفبێی لاتینی | |
| گیروگرفتی ئەلفبێی لاتینی | |
| بەرگی شەشەم | |
| ئایین و زمانناسی | |
| زەندی ئاڤێستا و زمانناسی كوردی | |
| لێكۆلینەوەیەكی سۆسیوئایینییە | |
| كاریگەریی تەورات وئینجیل لەسەر زمانی سریانی وكوردی | |
| توێژینەوەیەكی زمانەوانیی ئاینییە | |
| ئینجیل و قورئان و زمانناسی كوردی | |
| قورئانی پیرۆز و | |
| زمانناسی عەرەبی | |

| | |
|---|---|
| **لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئاییینییە** | |
| **ئێزیدیایەتی و زمانناسی کوردی** | |
| **کاکەیی ونووسراوە پیرۆزەکانیان** | |
| **کورتەیەک دەربارەلی کاکەیی** | |
| **بەرگی حەوتەم** | |
| **قوتابخانە زمانەوانییەکان** | |
| **بەشی یەکەم : قوتابخانە زمانەوانییەکان** | |
| **قوتابخانەی سویسری(جنێف)** | |
| **قوتابخانەی نەمساوی** | |
| **قوتابخانەی دانیمارکی (کوبنهاگن)** | |
| **قوتابخانەی چیکۆسلۆفاکی (پراگ)** | |
| **قوتابخانەی فەرەنسی** | |
| **قوتابخانەی ڕووسی (مۆسکۆ)** | |
| **قوتابخانەی ئەڵمانی** | |
| **قوتابخانەی ئینگلیزی** | |
| **قوتابخانەی ئەمریکی** | |
| **بەشی دووەم : پراگماتیک** | |
| **پەیدابوونی زاراوەکە و مانا گشتییەکەی** | |
| **بوارەکانی پراگماتیک** | |
| **چەند پێناسەیەکی پراگماتیک** | |
| **نموونەی زانینی ئالوگۆڕکراو** | |
| **پراگماتیك: نموونەیەکی پراکتیکی** | |
| **پراگماتیك و پەیوەندییەکانی بە بوارەکانی ترەوە :** | |







| | |
|---|---|
| **زمانەوانی پراکتیکی** | |
| **کارتێکردنی مرۆڤ و ئامێر لەسەریەکتری** | |
| **پەیوەندی ڕووبەڕوو** | |
| **پەیوەندیکردن لە دوورەوە** | |
| **بەشی سێیەم : فێربوونی زمانی دووەم** | |
| **تەمەنی شیاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم** | |
| **فێربوونی زمانی زگماك و پێگەیشتنی بایۆلۆجی** | |
| **دووانەی زمانەوانی** | |
| **ئایا چ تەمەنێك گونجاوە بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی** | |
| **ئەی سەبارەت بە زمانی بیانی و عەرەبی و کوردی** | |

# زمانەوانی

## بەرگی چوارەم

## (هزر و زمان و کوشتنی زمان)

سەلام ناوخۆش      نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم      2010





ناوی کتێب: زمانەوانی
نووسینی: سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو
نەخشەسازی: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا
بەرگ: بەرگی چوارەم(زمان و هزر و کوشتنی زمان)
چاپ: یەکەم
چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر
تیراژ:3000 دانە
نرخ : 6000

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی 2010 ی پێدراوە .

# بەشی یەکەم

# زمانەوانی

## 1- زمانەوانی

زمانەوانی، (کە بە زمانناسی و زانستی زمان)یش ناسراوە، بەوە پێناسە دەکرێت کە (توێژینەوەیەکی زانستیە بۆ زمان)، ئەویش بۆ جوداکردنەوەی ئەم زانستە لە کۆششە تاکییەکان و بیرۆکەکان و لەو سەرنج و تێبینیانەی کە بەدرێژایی مێژوو ئەو کەسانەی کە گرنگیان بە زمان داوە پێی هەستاون. ئەوەی زانراوە ئەوەیەکە لە مێژووی توێژینەوەی زمانەوانیدا، هیندییەکان و گریکەکان پێش دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ گرنگیان بە زمان داوە، زۆرجاریش مێژوونووسانی توێژینەوەی زمانەوانی رۆژئاوایی ئاماژەیان بە کۆششە زانستیەکانی هیندییەکان و گریکەکان کردووە، بەڵام کۆشش و هەوڵە زانستییەکانی عەرەب و موسلمانانیان لەم بوارەدا فەرامۆشکردووە.

هەروەك زۆر لەخوێنەرانی زمانی عەرەبی دەزانن، کە رێزمانناس و عەرەبەکان توانیویان وەسفی زمانی عەرەبی بکەن و یاسا و رێسای رێزمانی بۆ دابنێن و وەسفی دەنگەکانی بکەن و سیستەمی دەنگی عەرەبی شرۆڤە بکەن، هەروەها چەندها فەرهەنگ و کتێبی جۆراو جۆری زمان بنووسن، گەورەترین ئەو دەستکەوتە کەلتووریانەش لە بواری زمانەوانیدا بەشداری رەسەنزانەکانە (الأصولیین) لە شیکردنەوەی وتار و جیاکردنەوەی جۆرەکانی واتادا، هەروەها باسکردنی ڕەگ و ریشەکانی پراگماتیك، و چەمکەکانی گوتاری بەرهەمهاتوو ئەو بنەمایانەی کە پشتیان پێوە دەبەستن.

هەندێ مێژوونووس پێیان وایە، کە زمانەوانی وەکو زانستێك لەسەدەی (18)هەمدا لەسەر دەستی (ویلەم جۆنز) پەیدابووە، ئەم زانایە ئەو هەستەی لەلا دروست بوو، کە وێکچونێك لەنێوان زمانی ئینگلیزی لەلایەك و زمانە ئاسیایی و





ئەوروپیەکان لەلایەکی ترەوە هەیە؟ بەزمانی سەنسکریشەوە، بۆیە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندیەکی مێژوویی و رەچەڵەکێکی هاوبەش لەنێوان ئەو زمانانەدا هەیە، جا بۆ پەیی بردن بەم جیهانە، دەستی دایە پەیرەوکردنی پرۆگرامی (ئیتۆمۆلۆجیکەل) کە رێچکەیەکە بۆ زانینی پەیوەندی نێوان زمانەکان و پێشڤەچوونە مێژووییەکانیان .

جا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا توێژینەوە زمانەوانییەکان سیمایەکی زانستیان بەخۆوە گرت، ئەویش لەسەر دەستی زمانناسی سویسری (فردیناند دی سۆسێر) (1857 ـ 1913)، کە دواتر نازناوی باوکی زانستی زمانەوانی هاوچەرخی پێ درا، هەرچەندە ئەم زانایە بەدرێژایی ژیانی گرنگی بەرەوشی مێژووی زمانەوانی دابوو، کەچی ئەو بەشەی کە لەکۆتایی ژیانیدا بۆ توێژینەوەی کاتی تەرخانی کرد. رۆڵێکی ریشەیی لە کۆششە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا هەبوو، بەڵام پێش ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیە بڵاوبکاتەوە، کۆچی دوایی کرد، پاشان دوو هاوەڵی ئەم زانایە بەناو (چارلس بالی) و (ئەلبەرت شیشیهە) سەرجەم ئەو وانانەیان کۆکردەوە کە لەماوەی ژیانیدا وتوییەوە، ئەویش بەیارمەتی و کۆمەك وەرگرتن لەو قوتابیانەی کە ئەو وانانەیان لێوە وەردەگرت، جگە لەپیاچوونەوەی پاداشتە تایبەتیەکانی دی سۆسێر پاش خۆی بەجێی هێشتبوو، هەموو ئەمانەیان تۆمارکردو لە پەرتوکێکدا چاپیان کردو ناویان نا (چەند وانەیەك لەزمانەوانی گشتی)، ئەم پەرتووکەش بە شۆرشێك دادەنرێت لەم بوارەدا.

جا لەگەڵ ئەم گرنگی دانەی (دی سۆسێر) و راکێشانی سەرنجی زمانەوانییەکان بۆ پرۆگرامی ئێستایی لە توێژینەوەی زماندا، زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجی بەناوی (فرانز بوان) لە ئەمریکا پەیدابوو، کە توانی بنەماکانی پرۆگرامی وەسفسازی لەزماندا دابمەزرێنێت، (بوان) لە پێشەکی ئەو پەرتووکەیدا کەناوی نا (رێبەی زمانە هیندییە ئەمریکیەکان)، بەکورتی پرۆگرامە زانستییەکەی خۆی

دارشتووە.لەوبوارەشدا بووە پێشەنگی زانا زمانەوانییەکانی پاشی خۆی. لەو قۆناغەشدا ئەمریکیەکان گرنگیان بە توێژینەوەی زمان و شێوازەکانی هاولاتیە رەسەنەکانی کیشووەری ئەمریکا دەدا، کە خەریك بوو هەندێك لەو شێوازە رۆمانانە بەر لەناوچوون بچن.پرۆگرامی ئەوانەش لە ئەنجامدانی توێژینەوە زمانەوانییەکاندا مۆرکی خۆدیەت و سەربەخۆیی بەخۆوە گرتبوو.

هەروەها لە توێژەرە ناسراوەکانی بواری بە زانستکردنی توێژینەوە ی، زماننانسی ئەمریکی (لیونارد بلۆمفیلد)ە، کە بەیەکەم بانگەشەکاری پەیڕەوکردنی پرۆگرامی بابەتی بوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیاردە زمانەوانییەکان. جا لەبەرئەوەی بە قوتابخانەی ئاکاریەوە پابەند بوو، خۆی دوورەپەرێز گرت لە پەیرەوکردنی زۆرێك لەو پرۆگرامانەی کە لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا پشت بەخودیەت دەبەستن، وەکو بەکرۆککردن ئەم زانایە بانگەشەی بۆ فراوانخوازی زیاتر کرد لەبواری کۆکردنەوەی ئەم مادە زمانەوانیانەی کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، هەروەها بانگەشەی بۆ ئەوەکرد کە لێکۆلینەوەیەکی زانستی رێك و پێك دەربارەیان ئەنجام بدرێت.

لەلایەکی ترەوە(نەوام چۆمسکی) و قوتابییەکانی رەخنەیەکی توندیان ئاراستەی قوتابخانەی ئاکاری کرد، (چۆمسکی) دەیوت کە ئێمە چەندە لە کۆکردنەوەی مادەزمانەوانییەکاندا فراوانخوازبین، ئەوا کارەکەمان هەموو پێکهاتەی زمانەوانییەکان ناگرێتەوە، چونکە قسەکەر بەگشتی ئەو توانایەیان هەیە کە چەند پێکهاتەیەك دروست بکەن کە پێشتر گوێیان لێ نەبوو بێت، هەر لەبەرئەوەی پێویستە گرنگی بە توانای قسەکەر بدەین، کە ئەم داهێنانە زمانەوانییەی بۆ مەیسەر دەبێت نەك گرنگی بە ڕستە زمانەوانییەکان بدرێت.بەمشێوەیە ئیتر گرنگی دان بە بنەماکانی ستەمی زمانەوانی دەستی پێکرد کە توانای قسەکەر لەسەر بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری ڕستە زمانەوانییەکان شرۆڤە دەکات، ئەویش بەپشت بەستن





بەژمارەیەکی سنووورداری بنەماو رێسا زمانەوانییەکان، ئیتر بەمشێوەیە (چۆمسکی) رێز و ئیعتیباری بۆ ئەو ئامرازانەی توێژینەوە گەڕاندەوە ، کە ئاکاریان پشت گوێیان خستبوو، وەکو بۆ نموونە، (بە ناوەرۆك کردن) و (پێشبینی) ، چونکە بەهۆی ئەم دوو ئامرازەوە توێژەران و قسەکەران دەتوانن ئەو گوزارشتانە بخەملێنن کە لەڕستە درکێندراوەکەدا لابردراوە، هەروەها ئەو جیاوازیانەشی بدۆزنەوە کە دەووترێت و ئەو شتانەش کە دەشێ لەرووی زمانەوە بووترێت. بەمشێوەیە (پێشبینی) دەبێتە ئامرازێکی بەسوود کە زماننناس دەتوانێ لە حکومدان لەسەر بابەتە زمانەوانییەکە کە پشتی پێ ببەستێ و شرۆڤەی شیاوی بداتێ، هەموو ئەو بیروڕایانەش وای کردووە کە توێژینەوەکان لەرەهابوون رۆبچن، جگە لەوەی کە ئامانجێکی تازەی بە توێژینەوەی زمانەوانی پێشکەش کرد، کە لە سەقفی وەسفسازیەوە بترازێ و سەربازی ئەوەش سەرنجی توێژەرانی راکێشا بۆ گرنگی ناسینی زمان سەبارەت بە قسەکەر، هەر بەو شێوەیەی کە لە مێشکیاندا هەیە نەك بەو سیستەمەی کە قسەی پێ دەکەن، بەلام بۆچونەکانی (چۆمسکی).

تۆزێك پاشەکشەی کرد، ئەویش بەدەرکەوتنی پراگماتێك، کە هەندێك لە زماننناسە عەرەبەکان بە یان (التداولية) وەری دەگێرن، ئەم وەرگێڕانەش زۆر وردە و دروست نین، چونکە ئەم زاراوەیە کە بەرەچەلەك گریکیە، رۆژئاواییەکان بە (زانستی بەکارهێنان) شرۆڤەی دەکەن، ئەمەش لەگەڵ ئەو توێژینەوەیەدا یەك دەکاتەوە کەباسی بەکارهێنانە هەمبەرەکان دەکەن و لەلای زانایان و رەوانبێژە عەرەبەکان بە (الوضع) ناسراوە، هەرچەندە (بەکارهێنان) لە کەلتوری عەرەبی و ئیسلامیدا نەبۆتە زانستێکی زمانەوانی سەربەخۆ، وەکو (الوضع) ،کەواتە وەرگێڕانی وشەی پراگماتیك بۆ زانستی (بەکارهێنان) لەوانەیە لە بەکارهێنانەکانی دی باشتر و شیاوتر بێت.

هەرچەندە هەر پێم وایە بە زانستی (گووتاربێژتن) وەربگێڕدرێت، کە وەرگێڕانێکە رەچاوی راستگۆیی ئاخافتنەکە دەکات و ڕەچاوی مانا لۆجیکیەکەی

هەردوو زاراوەکە ناکات، چونکە مەبەست لە وتارەکانی بەکارهێنان ئەو وتانەیە کە دەچنە چوارچێوەی گووتاریەکانەوە.

جا بەدەر لەوەرگێڕانی ئەم زاراوەیە ئەوەی گرنگە بیدرکێنین ئەوەیە کە ئەوانەی گرنگی بەم زانستە دەدەن پێیان وایە کە توێژینەوەی وتە زمانەوانییەکان بەجودا لەو رێچکانەی کە تیایاندا بەکاردەهێنرێت، مەسەلەیەکی دروست نییە، چونکە رێچکەو توخمە دەرەکیەکانی دی وەکو قسەکەر یان گوێگر، یان قسەکانی پێشوو، برادەران و دۆستانمان شارەزاییەکانی پێشوو و توخمەکانی پێکهێنانی پێگەی قسەکەران. توانای گوێگران لەسەر لێکدانەوەی مانا، هەموو ئەم شتانە ناتوانین کەلە تێگەیشتنی رێك و رەوانی قسەکەرەکە و گەیشتن بە ئاستێکی قسەکەرێکی سەرکەوتوو فەرامۆشی بکەین.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سروشتی بابەتی زمانەوانی و پرۆگرامەکانی توێژینەوە، کە لەم بوارەدا پەیڕەو دەکرێت، هەموو بوونەتە زانستێك کە تایبەتمەندیەکانی زانستەکانی سروشت و زانستە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە گرێ دەدات، چونکە ئەم زانستە زانستێکە مامەڵە لەگەڵ زمانی مرۆڤایەتیدا دەکات بەو وەسفەی کە سیستەمێکی هێماییە، ئەوا دەتوانین ئەم زانستە بەلقێکی زانستی (هێماکان) هەژمار بکەین[1].

## لقەکانی زمانەوانی

زمانەوانییەکان لەچەند رەهەندێکی جوداوە لە (زمان) دوکۆڵنەوە، ئەویش بەپێی مەرامە هەمە جۆرەکانیان، بۆیە وەك دەرئەنجامێك چەندەها لق بۆ ئەم زانستە هاتە ئاراوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

### 1ـ زمانەوانی گشتی و زمانەوانی وەسفی

زمانەوانییەکان جیاوازیەك دەخەنە نێوان هەردوو (زمانەوانی گشتی) و (زمانەوانی وەسفی)، زمانەوانی گشتی لەو لایەنەوە گرنگی بەزمان دەدات، کە دیاردەیەکی





مرۆییە و مرۆڤ لەئاژەڵ جودا دەکاتەوە، سیستەمێکیشە لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەی رەوانبێژیدا جیاوازی هەیە.

زمانەوانی وەسفی باسی لەوەسفکردنی زمانێك دەکات. هەروەك روون و ئاشکراشە کە ئەم جوداکردنەوەیە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی بەجوداکردنەوەی زمان وەکو دیاردەیەکی گشتی و زمانە دیاریکراوەکە هەیە. هەردوو لقەکەش سوود لەدەرئەنجامەکانی یەکدی وەردەگرن، (زمانەوانی گشتی) چەمکەکان و ئەو وتانە پێشکەش دەکات کە زمانە دیاری کراوەکانی پێ دەکۆلرێتەوە.

(زمانەوانی وەسفی) ئەو ماددەیە دەخەنە ڕوو یان ئەو دۆزو نێوانە پووچەڵدەکەنەوە کە (زمانەوانی گشتی) باسیان لێوە دەکەن. بۆ نموونە لەوانەیە پسپۆرێکی زمانەوانی گشتی وا گریمانە بکات کە هەموو زمانێك (ناو) و (کار)ی تیادا هەیە. ئەوکات پسپۆرێکی (زمانەوانی وەسفی) بەبەڵگەی کردەیی هەڵدەستێت بە پووچەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونە، کرۆکی هەوڵەکەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە یەك زمان بەلای کەمیەوە لەجیهاندا هەیە کە ئەو وەسفەی لەسەر پراکتیزە بێ، کە جیاکاریەك لە نێوان (ناو) و (کار)دا دەکات، بەلام پسپۆرێکی وەسفی گەر بیەوێ ئەم گریمانەیە پوچەڵ بکاتەوە، دەبێ مامەلە لەگەڵ هەردوو چەمکی (ناو) و (کار) بکات، کە لەپسپۆری زمانەوانی گشتی بۆیانی دەستەبەر کردووە.[2]

بەم شێوەی توێژینەوە وەسفیەکانی زمانی دیاریکراو دەرئەنجام بۆ فۆرمەلەکردنی ئەو تایبەتمەندیە گشتیانە پەلکێشمان دەکات کە هەموو زمانەکان تیایدا هاوبەشن.

شایانی باسە لێرەدا ئاماژە بەو ئاوێتە بوونە دەکەین، کە لەنێوان هەر دوو زانستی (زمانەوانی وەسفی) و (زمانەوانی بەراورد)دا هەیە، بەلام دیارترین جوداکاریەکانیان لە جیاوازی پرۆگرامەکانیان بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەوانەی کە گرنگی بە بواری یەکەم دەدەن لەرووی پرۆگرامی وەسفسازی ئێستاییەوە، زمان لە قۆناغێکی دیاری کراودا دەخوێنن و ناڕوانە پێشڤەچوونە مێژووییەکانی، کەچی

(زمانەوانی بەراوردی) زانایانی زمان، ئەو زمانانە لەهەردوو لایەنی مێژوویی و ئێستایی پێشنیاز دەکەن.

## 2ـ زمانەوانی مێژوویی:

توێژینەوەی زمانەوانی لەسەدەی (19)دا مۆرکێکی مێژوویی بەخۆوە گرتبوو، واتە زمان وەکو پێشڤەچوونێکی قۆناغگەلی مێژوویی باسدەکرا، هەروەها لەو کاتەدا تێروانینێك لەناو زمانەوانەکاندا سەری هەڵدا، کە زمان هەروەکو ئاژەڵ و رووەك کائینێکی زیندووە، لەم بۆچونەشیاندا کاریگەریان بە تیۆری پێشڤەچوونی زانستی (زیندەوەرزانی) کرد، کە (داروین) لە پەرتووکی (بنەچەی جۆرەکان)[3]دا دایڕشتبوو، جگە لەوەی کە تیۆەردانێکی لەبواری پرۆگرامەکاندا هەبوو لە نێوان توێژینەوەی زمانی مێژوویی و توێژینەوەی زمانی ئێستایی، بەڵام زمانەوانی بەناوبانگ (فردیناندی سۆسێر) توانی ئەم دوو پرۆگرامە جودا بکاتەوە، ئەم زمانەوانە هەستا بە جوداکردنەوەی توێژینەوەی دایکرۆنی و توێژینەوەی (سایکرۆنی)، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەردوو پرۆگرامەکە تێکەڵ نەکرێن، چونکە مێژووی زمان و پێشڤەچوونی وشەکان و پێکهاتەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەقۆناغە کاتیەکانەوە نییە، ئیتر لەو کاتەوە گرنگی زیاتر بە پرۆگرامی ئێستا درا وەك لە پرۆگرامی (دایکرۆنی) توێژینەوە مێژووییەکانیش تەنها لەژمارەیەکی کەمی زمانەوانییەکاندا سنووردا بوو.

زۆر گرنگە لێرەدا ئەوە روون بکەینەوە کە زمانەوانییە مێژووییەکان هەر کەسێك بۆی هەیە کە زمانێکی دیاری کراو بخوێنێت یان زمانێك بەو شێوازە بخوێنێت کە هەر خودی خۆیەتی[4].

## 3ـ زمانەوانی تیۆری و زمانەوانی پراکتیکی

مەبەست لەزمانەوانی تیۆری: تیۆرێکی بونیادی زمانە، هەروەها دامەزراندنی ئەرکەکانێتی بەجودا لەکردارە پراکتیکیەکانی، کە لەوانەیە توێژینەوەکە لە توێی





بگرێت، هەرچی زمانەوانی پراکتیکییە، ئەوا گرنگی بە پراکتیزەکردنی چەمکە زمانەوانییەکان دەدات، و دەرئەنجامەکانی لەسەر ژمارەیەك لە ئەرکە کردەییەکان پراکتیزە دەکات، بەتایبەتی وتنەوەی زمان[5]، هەروەها بواری زمانەوانی پراکتیکی بە (پلانی زمانەوانی) و (فێربوونی زمانی کۆمپیوتەر و پەیوەندی زمان بەپەروەردەوە وەرگێڕان و پەروەردەی ئامێر) و (زمانەوانی کۆمپیوتەریی و زیرەکی دەستکرد و ...هتد دەدات).

کاتێك کە زاراوەی زمانەوانی پراکتیکی دەدرکێنین زۆر کەس وا گومان دەبەن کەباس لە فێربوون و فێرکردنی زمانە بیانییەکان دەکەین، بەمشێوەیە فێربوونی زمانەکان بەتایبەتی زمانە بیانییەکان، کارو پیشەی ئەو کەسانەیە کە گرنگی بە زمانەوانی پراکتیکی دەدەن، بە پێچەوانەی چەند قوتابخانەیەکی زمانەوانی تیۆری، زمانەوانییە پراکتیکیەکان سوورن لەسەر باسلکردنی گووتارەکانی قسەکەران کە بە گوێرەی قسەکەرەکە و لە هەلوێستە گووتاریە کردەییەکانی زمانە فێربووە کە بەرەو باشتر دەچێت دەکولێتەوە.

### 1ـ3 زمانەوانی تیۆری

زمانەوانی تیۆری چەندەها لقی گرتۆتە خۆ، کەباس لەچەندەها ئاستی جۆراو جۆر دەکەن، (کە لەوانەیە ئەو ئاستانە تێکەڵیش بن)، ئەویش لەبواری لێکۆلینەوەی زمانەوانیدا، کە گرنگترینی ئەو لقانە ئەمانەن:

**1ـ فۆنەتیك:** ئەم زانستە گرنگی بەدەنگەکانی ئاخاوتن دەدەن و ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆ:

أـ دەنگ دەرکردن لەرووی درکاندنەوە، و ئامادەسازیەکان و ئەو توانا بۆماوەییانەی کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە دەنگەکان بدرکێنێ، هەروەها ئەو لایەنەی دەنگسازی درکاویش دەگرێتەوە.

ب ـ بونیادی دەنگەکان، کە لەرێچکەکردن دایە بۆ گوێگر و لایەنەکانی دی گوێگرتن، کە پەیوەندی پێیەوە هەیە. ئەم لایەنە فونەتیکی بیستن دەگرێتەوە.

ج ـ کردە دەرونییە دەمارگیریەکان، کە پەیوەندیان بەدەرکردنی دەنگەکانەوە هەیە، ئەم بوارەش لە (فۆنەتیکی دەمارگیری) دەکۆڵێتەوە.

**2ـ فۆنۆلۆجی:** ئەم زانستە گرنگی بەو دەنگانەی ئاخاوتن دەدات، کە پەیوەندی بەواتاکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە ئەلۆفۆنەکانی زمان وتایبەتمەندیەکانی و سیستەمەکان و رێسا دەنگیەکانەوە هەیە، کە کۆنترۆڵیان دەکات، کەچی فۆنتێك لایەنە مادیەکانی دەنگە شیمانە کاراوەکان هەموو زمانەکان دەگرێتەوە، (فۆنۆلۆجی) سیستەمی دەنگی لە زمانێکی دیاری کراودا دەگرێتەوە، هەرچەند بەراوردکردن لەگەڵ سیستەمێکی دەنگی لە زمانێکی دیدا لەتوانادا هەیە.

**3ـ مۆرفۆلۆجی:** ئەو بوارەیە کە باسی لە بونیادی رێسایی وشەکان[6] و سیستەمەکانی بونیادی وشەکان[7] و ئەو رێسایانە دەکات کە کۆنترۆلی ئەم (پێکهاتانە) دەکەن.

**4ـ ڕستەسازی:** ئەم زانستە باس لە بونیادی ڕستە زمانەوانییەکان و لایەنەکانی دەکات و پەیوەندی نێوان وشەکان و ئاسەوارو کاریگەریەکانیان و ئەو رێسایانەی کە ئەو پەیوەندیانە کۆنترۆل دەکات و دەخاتە ڕوو. جا لەبەر ئەوەی مۆرفۆلۆجی باسی لە رێساکانی بونیادی وشە دەکات و ڕستەسازیش باس لە رێساکانی بونیادی ڕستە دەکات، لەبەر ئەوە لەوانەیە کە ئەو بوارەی نێوان ئەم دوو زانستە کۆدەکاتەوە بە (رێزمان) ـ ناوزەند دەکرێت، خۆ جاری واش هەیە نێوان هەریەکە لەلایەن و یەکە رێزمانییەکان و لایەن و یەك فەرهەنگیەکانی زمان جیادەکرێتەوە، زۆریش لە زمانەوانییە هاوچەرخەکان هەردوو زانستی (فۆنۆلۆجی) و (واتاسازی) لە توێی زانستی رێزماندا باسی دەکەن، ئەمەش جۆرێك لە ئاڵۆزی دروست دەکات.[8]





**5ـ واتاسازی:** ئەم زاراوەیە لەلایەن (میشێل برێل)ەوە بۆ ئەو بوارە دانراوە، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی مانای وشەی ئاخافتنە زمانەوانییەکان و وەسفەکانیان دەدات، تەنها گرنگی بەلایەنی فەرهەنگیەکانی مانا نادات، بەڵکو لایەنە رێزمانییەکانیش دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە باس و خواسەکانی ئەم زانستە تەنها مانای وشەکان ناگرێتەوە، بەڵکو مانای ڕستەکانیش دەگرێتەوە، هەرچەندە زمانەوانییەکانی پێش هەشتاکان زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لە فەرهەنگەکانیاندا مانای وشەکان نەك ڕستەکان و توخمەکانی رێزمان شرۆڤەبکەن، هەروەها پەیدابوونی رێزمانی بەرهەمهێن رۆڵێکی مەزنی لە فراوانکردنی چەمکی (واتاسازی بونیادی فەرهەنگی)دا هەبوو، بۆ ئەوەی پاشتر توێژینەوەکانی واتاسازی نەك هەر وشە بەڵکو بونیادی ڕستەش بگرێتەوە، بەمشێوەیە هەندێك لەو بابەتانەی کە ئەم زانستە دەیانگرێتەخۆ ئەمانەن:

أـ بونیادی واتایی وشەکانی زمان.

ب ـ پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان، وەکو وشە هاوواتاکان و وشە هاودژەکان.

ج ـ مانای تەواوی ڕستەکە و پەیوەندیە رێزمانییەکانی نێوانیان.

د ـ پەیوەندی ئاخافتنە زمانەوانییەکان بەو راستەقینە دەرەکیانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەمەش لەواتاسازی هێمایدا دەخوێندرێن[9].

جا لەو توێژینەوە تەقلیدیانەی کە لەرۆژئاوادا باوە، واتاسازی مێژوویی لە وشە تاکەکان و مێژوویان و پێشڤەچوونی ماناکانیان دەکۆڵێتەوە، ئەویش لەقۆناغ و سەدەکانی مێژوودا، ئەم زانستەش لەسایەی دوو ناونیشاندا جێی دەبێتەوە، کە پێیان دەووترێت (ئیتیمۆلۆجی) و (گۆڕانی واتایی)، توێژەران بەگشتی لەچەندەها ڕووەوە گرنگیان بەواتاسازی دا، تاکو گەیشتنە ئاستێك کەبشێ باس لە زانستەکانی واتاسازی بکرێت، واتە واتاسازی ببێتە چەند زانستێك نەك یەك زانست، بۆنموونە دەبینین کە (جۆن لاینز) جیاوازی دەخاتە نێوان واتاسازی زمانەوانی و واتاسازی

فەلسەفی و واتاسازی ئەنترۆپۆلۆجی و واتاسازی دەروونی و واتاسازی ئەدەبی و ئیتر بەم شێوەیە[10]، بەڵام کاتێك کە بەبێ هیچ قەیدو شەرتێك و بەبێ هیچ وەسفێك دەڵێین واتاسازی، ئەوا ئەوکاتە هزرمان بەلای واتاسازی زمانەوانیدا دەچێت.

**6ـ پراگماتیك:** ئەم زانستە بەوە پێناسە دەکرێت کە (توێژینەوەی چۆنییەتی بوونی مانایە بۆ وتەکان، ئەویش لە ڕێگەی گووتارەکاندا[11]، ئەم زانستە پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش بەکۆششی زمانەوانی و فەیلەسوفە ئەمریکیەکانی وەکو (ئۆستین) و (سێرل) و (گرایس) تاماوەیەکی نزیکیش هەندێ زمانەوان واتایان لەبابەتی توێژینەوەکانیان بەدووردەگرت، ئەویش لەبەر ئەو سروشتە ئاڵۆزەی کە بوارەکانی توێژینەوەی جۆراوجۆری فەلسەفە و لۆجیك و کۆمەڵناسی ... هتد) ئاوێتەی دەبن، تەنانەت ئەوانەی کە بانگەشەی توێژینەوەی واتا دەکەن، بەبەهانەی ئەوەی کە ناتوانرێت ڕێزمان و واتا جودابکرێنەوە وەکو زمانەوان (لاکوف) بەشدارەکان و توخمە گووتاریەکانی دەرەوەی بونیادی زمانەوانیان پەراوێز خستووە، وەکو قسەکەر و گوێگر و بەکارهێنانی دەرەکی.

هەروەها (مۆریس) لە پێگەی باسکردنی جیاکاریە سێگۆشەییە ناسراوەکەیدا، لە بواری زانستی هێمایەکاندا (هێماسازی) (ڕستەسازی و واتا و پراگماتیك) وتوویەتی کە ڕستەسازی لە پەیوەندیەکانی هێما زانستیەکان دەکۆڵێتەوە، واتاسازیش پەیوەندی هێما بەشتەکانەوە باس دەکات و پراگماتیك پەیوەندیەکانی ئەو هێمایانە بە شرۆڤەکارانی دەخاتەڕوو.[12]

لەبنەرەتیشدا ئەم پۆلێنکاریە سێگۆشەییە بۆ (پێرس) دەگەڕێتەوە، هەرچەندە (مۆریس) یەکەم کەس بوو کە بەروونی ئەم پۆلێنکاریەی خستەروو و (کارناب)یش لەم بوراە پشتگیری کرد.[13]

جا لەو جوداکاریە پێشنیارکراوانەی واتاسازی و پراگماتیك ئەوەیە کە واتاسازی باس لەواتا دەکات، کەچی پراگماتیك باسی بەکارهێنانی دەکات.[14]

ئەم جوداکاریەش وێکچووی ئەو جوداکاریەی زانایانی (أصول الفقه)ە، کە دەیخەنە نێوان زانستی دانان (بەکارهێنانەوە)، چونکە هەریەکە لە (دانان) و واتاسازی بەدوور





لە ڕێچکەکە باسی مانا دەکەن، بەڵام بەکارهێنان و پراگماتیك بەدوور لە ڕێچکەکانی باس لەزمان دەکەن، بە جیاوازی توێژینەوەی ڕۆژئاواییەکان و زانایانی کەلتوور لەوەدایە کە واتاسازی و پراگماتیك هەردووك بونەتە دوو زانستی جودای بواری زمانەوانییە هاوچەرخەکان، بەڵام تەنها (دانان) بووە زانستێکی سەربەخۆی کەلتووری عەرەبی و ئیسلامی، هەرچی بەکارهێنانیشە تاکو ئێستا نەبۆتە زانستێکی سەربەخۆ[15]، هەرچەندە لەپەرتووکی (Medieval lslamic Pragmatical) کۆششێك خراوەتەروو بۆ فۆرمەلەکردنی ڕەگوڕیشەو تیۆرو پرۆگرامەکانی. هەروەها جیاوازی نێوان واتاسازی و پراگماتیك لە جیاوازی نێوان ڕستەو وتەدا بەرجەستە دەبێت.

ئەم جیاوازیەش لە جیاکاریەکانی نێوان زمان و قسەوە پەیدا دەبێت، کەچی ڕستە (کە چەند کیانێکی زمانەوانی روون و رەهان) سەر بە زمان و وتەکانیش (کە ڕەنگدانەوەیەکی کردار و جێبەجێ بوون و بەرجەستەبوونە کردەییەکانی ڕستەکان) سەربەئاخافتنن، لێرەشدا واباشە ئاماژە بەوە بکەین کە واتاکانی ڕستە بابەتگەلێکی واتاسازین، کەچی مانای وتەکان بابەتگەلێکی سەر بە پراگماتیکن، هەروەها جیاوازی نێوان مانا زمانەوانییەکان و مەرامی قسەکەران و مەبەستەکانیان پەیوەندی بەواتاسازی و پراگماتیکەوە هەیە، ئەو مانا زمانەوانیانەی (کە ماناگەلێکی (عربی)ین لەوشەو پێکهاتەکانیانەوە سەرچاوە دەگرن)، هەموو لە ژێر سایەی واتاسازیدا جێیان دەبێتەوە، چونکە لێکدانەوەی ناوەڕۆکەکەی پێویستی بە چەند توخمێکی دەرەوەی بونیادی زمانەوانی نییە، بەڵام مەرام و مەبەستی قسەکەران ناکرێ پەی پێ بەرین، مەگەر بەزانینی ئەورێچکانە نەبێ، کە قسەکانی تیادا بەکارهێنراوە، هەروەها بەناسین و زانینی قسەکەر و گوێگرەکە و کارکردنی تواناکانی لێکدانەوە کە لەلای قسەکەرەکە هەیە، ئەویش لەکاتی ئاخافتندا.

زمانەوانەکان لە ژێر کاریگەری ئەو پێسڤەچوونانەی کە باسمان کرد هەمیشە ئەوەیان رەت دەکردەوە کە بەبێ ڕێچکەکان لەڕستەکان بکۆڵنەوە، ئەوان بیرۆکەی چۆمسکیان رەت کردۆتەوە سەبارەت بە (قسەکەری نموونەی بە سەلیقە)، جا

لەسەرەتای ساڵانی هەفتاکان لەبواری پراگماتیکدا تەنها تیۆری کردەکانی ئاخافتن (Speech act Theory) باس دەکرا، پاشان زیاتر گرنگی بە توێژینەوە مەیدانییەکانی ئەو ئاخافتنانە درا، کە (گرایس) لەساڵی (1975) ئەنجامی داو ناوی نا (بنەماکانی ئاخافتن)، جا بەهۆی زیادبوونی دەرککردن بە نزیك بوونەوە و ئاوێتە بوونی نێوان هەردوو ماناو بەکارهێنان، ئەو مەیلە پەیدا بوو، کە توێژینەوەکانی پێشوو لە چواچێوەی واتاسازییەکی فراوانتردا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. نەخاسما لەکاروبارە رووالەتیەکان وەکو واتاسازی پێگە (sistua tion semantics)[16] و لۆجیکی گووتاربێژی (illocutionary logic) [17]، جا لەبەر گرنگی دان بەلایەنی گووتارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا، پرۆگرامی رەوانبێژی لە توێژینەوەی ئەم زانستەدا هاتە کایەوە[18].

**4ـ زمانەوانی تەسك و زمانەوانی فراوا نخواز**

کاتێك کە زمانەوان توێژینەوەکانی خۆی تەنها لە بونیادی زمان و سیستەمەکانیدا چڕ دەکاتەوە و لابەلای رەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و رەگەزە ئەدەبیەکاندا ناکاتەوە، ئەوا دەڵێین کە ئەو توێژەرە باسی لە زمانەوانی تەسك دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو تێکەڵی چەند رەهەندێك بوو، ئەوا توێژینەوەکە دەچێتە بواری زمانەوانی فراوانخواز، کە ئەمانە دەگرێتەوە:-

**1ـ زمانەوانی کۆمەڵایەتی**: (لاینز) ئەم زانستە بەوە پێناسەدەکات کە زانستێکی توێژینەوەی زمانە لە رووگەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە[19]، ئەم زانستەش لقێکە لە هاریکاری بەشە زمانەوانییەکانیان و کۆمەڵناسیەوە پەیدابووە، کە باس لە مانای کۆمەڵایەتی سیستەمی زمان و بەکارهێنانی و ئەو مەرجەی هاوبەشانە دەکات، کە لە نێوان بونیادی زمانەوان و بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە.[20]

**2ـ زمانەوانی رەگەزی (یان رۆشنبیرەکان)** : (لاینز) بەوە پێناسەی ئەم زانستە دەکات کە (توێژینەوەی زمانە لەو رووگەیەوەکە پەیوەندی بە رۆشنبیریەوە هەیە).





جا لەبەرئەوەی رۆشنبیری وا پێویست دەکات کە لەبنەوانەیەکی کۆمەڵایەتیدا رەگ دابکوتێت، و کۆمەڵگاش سەری بۆ رۆشنبیری دانەنواندووە، ئەوا توێژینەوە زمانەوانییە کۆمەڵایەتیەکان و زمانەوانی رەگەزییەکان بە هەموو مانا فراوانەکانییەوە لەگەڵ یەکدی تێکەڵکێش دەبن[21].

**3ـ زمانەوانی دەروونی:** ئەم زاراوە بیانییە لە دوو وشە پێك دێت، کە وشەی یەکەمیان گریکیە (psyche) بەمانای (عەقل) یان (مێشك)ە، وشەکەی تریش لاتینییە (lingua) بەمانای زمان دێت، لەرووی زاراوەییشەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە توێژینەوەی زمان و بیرە [22]، هەروەك زانراویشە کە پەیوەندی نێوان مانا زمانەوانییەکە و مانا زاراوەییەکە توندو تۆڵە.

جا لەو بابەتگەلەی کە ئەم زانستە باسی دەکات، چۆنییەتی فێربوونی زمان و وەرگرتن و تێگەیشتنییەتی، هەروەها زمانەوانی دەروونی لە کۆششدان بۆ ناسینی سروشتی کرۆکی پێکهاتەی کەسی توانا زمانەوانییە مرۆییەکان و دۆزینەوەی ئەو رێگایانەی کە زانینی زمانەوانی بە بەکارهێنانی کردەیی زمانەوە دەبەستنەوە.

هەروەها لەو پرسانەی کە زانستی زمانەوانی دەروونی باسی دەکات و بە رکمانییەك هەژمار دەکرێت بۆ ئەوانەی کە گرنگی پێ دەدەن، مەسەلەی دەست نیشانکردنی لایەنە بۆماوەییەکانی زمانە، جا لەو بیروڕا رۆچوانەی کە لەم بوارەدا لەئارادا هەیە، بۆچونەکانی چۆمسکیە سەبارەت بەوەی کە بونیادە رێزمانییەکان و بونیادی چەمکەکان کە زانینی زمانەوانی لەلای باڵغبوان بەرجەستە دەکەن، هەر لەمنداڵیەوە لە مێشکی مرۆڤدا هەن، بەڵام تیۆرێکی دی میانرەوتر لەئارادا هەیە، کە زۆر لە توێژەران باوەڕیان پێیەتی، ئەم توێژەرانە پێیان وایە کە مرۆڤ بە فیترەت زمان تێ دەگات، ئەم بۆچونەش ئەو حالەتە شرۆڤە دەکات کە منداڵ مامەڵە لەگەڵ ئالۆزیەکانی زماندا دەکات و چۆنیش کردە ژمێرپارییە سادەکانی وەك جاران کردن و دابەش کردن ئەنجام دەدات.[23]

هـەروەها (ستینـشال و ونـدت و بـوهلر)، لـەکۆتایی سـەدەی (19)و سـەرەتای سەدەی بیستەمدا پرسە سەرەکیەکانی زمانەوای دەروونیان خستۆتە روو، هـەروەها نـاو و پـلان و چـەمك و پرۆگرامـی ئـەم زانـستە لـە هـاوینی سـاڵی (1953) لەکۆبونەوەیەکی گفت و گۆ لە پەیمانگای زمانەوانی لە زانکۆی (ئیندیانا) دامەزرێنرا، کە دەستەیەك لەزمانەوانەکان و و زمانەوانە دەروونییە ئەمریکیەکان بەشداریان تیادا کرد و بڕیاریاندا کە ئەو بونیادە زمانەوانییەی کە زمانەوانـەکان دەیدۆزنـەوە دەکرێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەویش بەبەکارهێنانی دەروونناسی و تیۆرەکانی.[24]

**4ـ شێوازناسـی:** ئـەم زانـستەش لقێکـی زمانەوانییـە فراوانخووازەکانـە، کـە بـاس لەهەمەجۆری شێوازەکانی زمان و ئەو ڕێگایە دەکات کە چۆن بەکارهێنەرانی زمانێك سوود لەهەمەجۆریەکە وەربگرن. زۆرجاریش ئەم زانستە لە چوارچێوەی توێژینەوەی زمانی دەقە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە[25]، (لاینز) باسی ئـەوە دەکـات کـە لـەم چـەند ساڵەی دواییـدا لـە توێژینـەوەی ئـەدەبی و زمانەوانییەکانـدا جۆرێـك لەدووبـەرەکی پەیدابوو، کەلە بەدحاڵیبون و حوکمدانی پێشوەخت لەلایەك و لاف و گەزافی هەندێك لـە زمانەوانـەکان و ڕەخنـەگرە ئەدەبیـەکان لەلایـەکی دیکـەوە، سـەبارەت بـە ئامانجەکانی پسپۆری هـەر یـەك لـە وان و دەسـتکەوتەکانیان سـەری هەڵدا. (لاینـز) ئامـاژە بـەوەدەکات کـە بـەدحاڵیبون و حوکمـدانی پێـشوەختە کـەمتربوو، چـونکە زمانەوانـەکان وەکـو جـاران خـاوەنی ئـەو پلـەو پێگـە زانـستیە نـەماون، هـەروەها زیـاتریش لـەو ڕووەوە بـەئاگان کـە پرنـسیپی گرنگـی دانـی پلەیـەك بـۆ زمانـە درکێندراوەکـە ڕەچـاو بکـەن نـەك زمانـە نووسـراوەکە، جگـە لەبـەئاگابوونیان لـە ڕەخنەگرتنی ئەدەبی و معیارخوازی ڕێزمانی تەقلیدی.

هەروەها هەنـدێك ڕەخنـەگرە ئەدەبیـەکان دەزانـن کـە سـووربوونی زمانـەوانێك لەسەر ئەو بیرۆکەی کە بەکارهێنانی زمان لەئەدەبدا تاکـە بـەکارهێنان نییـە، بگـرە بـەکارهێنانی سـەرەکی نییـە هاوتەریبـە لەگـەڵ ئـەو رایـەیان کـە دەڵێـت ئەرکـە





ئەدەبیەکان شایانی توێژینەوەن، سەرباری ئەوەش زۆر لە زمانەوانەکان هـەن ئێـستا لـەبواری شێوازناسـی ئەدەبیـدا کاردەکـەن و هـەردوو زمـان و ئـەدەب لـە توێژینەوەکانیان گرێ دەدەن.

ئەم بابەتگەلەش لەبابەتەکانی شێوازناسین وەکو لاچوونی شێوازی (واتـە دەرچـوون لـە شـێوازە کارپێکراوەکـان) و تێکـەڵکێش کردنـی مەرامـدار و جورئـەت و بـوێری لەبەکارهێنانی ناراستەقینەکان و دووبارەکردنەوە و ڕەگەزدۆزی و عەرووز و قافیە... هتد[26]. ئیتر بـەم شـێوەیە گرنگـی شـێوازەکان و گرنگـی دانـی زانایـانی ڕەوانبێـژی تارادەیەك لەیەك دەچن ، هەرچەندە پرۆگرامەکانیان جۆراوجۆرن.

لەکاتێکدا کە ڕێزمان گرنگی بە بونیادی ڕێسایی دەدات، ئەوا شێوازناسـی گرنگـی بـەدەق و بەکارهێنانـە جوانکارەکـانی زمـان و ڕەنگدانـەوە جوانکاریـەکانی وەرگـر دەدات، واپـێ دەچـێ کـە شێوازناسـەکان دەسـتیان بـەوە کردبـێ کـە توێژینـەوە دەربـارەی دەقـە غـەیرە ئەدەبیـەکان ئـەنجام بـدەن وەکـو فۆرمەلـەکردنی بەڵگـە و نووسینی نامە سەرباری گرنگـی دانـە تەقلیدیـەکانیان بـە ڕۆمـان و شـیعر. هـەروەها بوارەکانی توێژینەوەی شـێوازەکان سـەرباری زمـانی نووسـراو ـ پـەل بـۆ راگەیاندنـە بیستراوەکان و دەقە درکێندراوەکانی وەك پەخشی بیـستراو و وتارەکـان و تەنانـەت ئاخافتنی ئاسایش دەکێشێت.

بەگشتی بۆچوونێکی باو لەلای شێوازناسان هەیە کـە ڕەنگدانـەوەی جوانناسـی لەکاتێکـدا ڕوودەدات کـە بونیـادی زمانـەوانی بـە شـێوەیەکی قەشـەنگ و جـوان بەکاربهێنرێت، جا ئەو چەشەو تامە کتو پڕەی کە لەڕێکخستنی نایـاب و ناچـاوەڕوان کراوەوە پەیدا دەبێت. دەبێتە هۆکاری گرنگی دان بەزمان، لەباتی ئەو پەیامـەی کـە لەمەڕ ئەو زمانە گوزارشتی لێ دەکات.[27]

## پەراوێزەکان:

Rontledge Dictionary of Language ‹1) Hadumod Busmann
translated and edited by Gregory Trauth ‹and Linguistics
1996 p 284) ‹and Kerstin Kazzazi (London: Routledge
Language and Lingusties: An ‹2) John Lyons
(Cambridge: Cambridge university Press ‹Introduction
34)‹1981 p

3- جفري سامسون،مدارس اللسانيات : التسابق وتطوره، ترجمة محمد زياد كبة (الرياض: جامعة الملك سعود 1996، ص 4.

4)See Lyons 1981:35
5)Lyons 1981:35
General Linguisties: An Introductory ‹6)R.H. Robins
p.181.‹ 2nd edn (Lengman 1978)‹Survey
2nd edn (Michigan: The ‹ Morphology‹7)E.A. Nida
p.1.‹ 1962)‹university of Michigan press
1981:100. ‹8)Lyons
1996:423‹9)See Busman
10)John Lyons Linguistic Semantics :An Introduction
p.xii‹1995)‹(Cambridge :Cambridge university press
principles of pragmatics (New york ‹11)Geoffrey Leech
1985)p.x.‹Longman
12)John Lyons semantics (Cambridge: Cambridge
1977).1:115.‹university press
1977:1:114.‹13)Lyons





pragmaties(Cambridge :university ‹14)S.C. Levinson
p.5.‹1983)‹press
Medieval Islamic pragmatics ‹15)Mohamed M. yunis Ali
Sunni le gal the or ists models of tex tual colonization
p.9.‹ 2000)‹(London: Curzon press
Anaphora and ‹ and Stanley peters‹16)M.Gawron
1990)‹Quantification in situation semantics (Stanford: csl
1996:374‹17)See Bussmann
1983:xi‹18)Leech
1981:267‹19)Lyons
20)Busman .1996;439
1981:267‹21)Lyons
1981:268‹22)Lyons
1993:606-7.‹23)See McLeish
1996:390.‹24)See Busman
1981:295-296..‹25)Lyons
1981:295-7‹26)Lyons
1993:718‹27)See McLeish
1993: 718.‹27) See Mcleish

ئەم بابەتە لەم کتێبە وەرگێردراوەوە وەرگیراوە:ـ

د. محمد يونس على، مدخل الى اللسانيات، دار الكتاب الجديد المتحده، 2004، ص 9 ـ 24.

# هزر و زمان

## یەکەم: پێناسەی هەردوو وشەی ناونیشانەکە:

أـ زمان: (ئیبن سیدە) زمانی بەوە پێناسە کردووە ،کە چەند دەنگێکە هەر نەتەوەیەك گوزارشتی بۆ پێویستیەکانی خۆی پێ دەکات.[1] زانایانی دیش سەبارەت بە زمان گوتویانە ((زمان ئەو ئاخاوتنەیە کە هۆزەکان لەسەر دەربڕینی رێك کەوتوونە)). [2]

هەرچی زمانەوانی هاوچەرخیشە، زمان بەوە پێناسە دەکات کە سیستەمێکی دەنگی ئەوتۆیە کە لە بنەڕەتدا لە هێمای زاراوەیی پێك دێت و تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ دەربرینی سۆز و ئەندێشەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن. [3]

ئێمەش لەمەڕ ئەم پێناسانە سێ هەڵوەستە دەکەین، یەکەم هەڵوەستەمان لەگەڵ گوزارشتی پێکهاتەیەکی دەنگی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زمان دەبێ (درکاو)بێ، چونکە پێناسەکە خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، یان دەبێ (نووسراو) بێت ئەویش بە بەکارهێنانی هێما گەلێك کە ئاماژەی ڕوون و ڕەوان بۆ دەنگەکان بکات. هەرچی وشەکەشە لە ڕووی زاراوەییەوە کە دووەم هەڵوەستەیە، مانای ئەوەیە کە هیچ هۆکارێك یان پەیوەندیەکی هۆکارانە لە نێوان شێوازی وشە یان پێکهاتەیەك بە واتاکەیەوە لە ئارادا نییە، چونکە گەر ئەم پەیوەندیە هۆکارئامێزە لە ئارادا هەبوایە ، ئەوا بۆ نموونە گەر قەڵەمێك پیشانی عەرەبێك و چینییەك و ڕووسیەك و ئەمریکیەك بدەین و لێیان داوا بکەین کە ناوی بەرن ، ئەوکات هەموو یەك ناوی دەدەنێ، یان هەر نەبێ چەند ناوێك دەڵێن کە هاوشێوە و نزیکی یەکدی بن، بەڵام مەسەلەکە لە راستیدا وانییە، چونکە هەرشتێك لەوانەیە لەناو خودی زمانەکەدا دوو ناوی جودای لە دوو شێوازی جیادا هەبێت ، بۆنموونە قەڵەم لە شێوازی سعودیدا پێی دەڵێن (مرسمە) و لە شێوازی میسریشدا پێی دەڵێن (قەڵەم





ڕەساس)، وا دەردەکەوێ کە بیرۆکەی نەبوونی پەیوەندیەکی هۆکارانە لە نێوان شت و ناوەکەی تۆزقاڵێك نامۆیی و سەرسوڕهێنەر بێ، هۆی ئەم نامۆیی و سەرسوڕهێنەش بۆ ئەو پەیوەندیە تۆکمەیە دەگەڕێتەوە کە لە هزرماندا لە نێوان شتەکە و ناوەکەیدا هەیە، هەڵوەستەی سێیەم و کۆتاییشمان لەگەڵ وشەگەلی پێناسەکەیە سەبارەت بە گوزارشتی (بیر و سۆزەکان)ە، کە لە پێناسەکەدا هاتووە ، لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە دەکەم کە زمان وەزیفەی دی هەیە، جگە لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و سۆز، واتە (کردەی گەیاندن)، لەوانەشە لەهەموو ئەو وەزیفانە گرنگتر وەزیفەی ئەندێشەیی بێ کە لەم وتارەدا خوازیاری ڕوونکردنەوەین ، لێرەشدا ئاماژە بە شتێك دەکەین کە بەناو (زمانی بیر)ەوە ناسراوە کە زمانێکە هەر کەسێك کاتێك بەکاری دەهێنێ ،کە بە تەنها بێ و لەگەڵ خۆیدا قسەی پێ دەکات.

مەرجیش نییە کە زمانی بیرکردنەوە هەروەك یەکەم زمانی ئەو کەسە بێت، لەوانەیە زمانی زگماکی کەسێك زمانی عەرەبی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بە زمانی ئینگلیزی بیربکاتەوە، چونکە ئەو زمانە خۆی بەسەر بیرکردنەوەیدا سەپاندووە یان لەوانەیە ماوەیەکی درێژ لەناو ئینگلیزدا ژیابێ، یان لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری خوێندنی بەو زمانە بووبێ[4] ، من لەو بیروڕایەدام ئەم حاڵەتە دووچاری ئەو کەسانە دەبێ کە لەزانستێکدا بە زمانێکی بیانی پسپۆڕ دەبن، لەو باوەڕەشدام کە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە دووچاری ئەو قوتابیانە دەبێت کە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن کەچی بەزمانی عەرەبی بیردەکەنەوە، چونکە ئەو قوتابیانە ئەو شتانە وەردەگێڕن بۆ زمانی ئینگلیزی کە بەزمانی عەرەبی لە هزر و بیریاندا چەسپیوە، بگرە هەندێك لەو قوتابیانە وتارەکە بە عەرەبی دەنووسن پاشان وەری دەگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزی.

ب ـ بیر: فەرهەنگی (الوسیط) کە لەچاپکراوەکانی (کۆڕبەندی زمانەوانی عەرەبی)ە لە قاهیرە، بیر بەوە پێناسە دەکات کە بەکارهێنانی تواناکانی عەقڵە لە شتە

زانراوەکان بۆ گەیشتن بەشتە زانراوەکان، لەکاتێکدا بیرکردنەوە پێناسە دەکرێت کە بەکارهێنان و جوڵاندنەوەی عەقڵە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

ئـەم دوو پێناسـەیەش ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە بـیر فـراوانتر و گـشتگیرترە لـە بیرکردنەوە، هەمان ئەو فەرهەنگە ئاماژە بۆ (کـردار)ی بـیری کـردەوە دەکـات، بـەو ئیعتیبارەی کە ڕۆچوونە لە بەکارهێنانی بیرکردنەوەکە.جگە لەوەی کـە ئـەم وشـەیە بەشـێوازە ڕۆچـووەکەی زیـاتر بـەکاردەهێنرێت هـەر ئـەم مانایەشـە کـە (فەرهـەنگی وشـەکانی قورئـانی پـیرۆز) ئامـاژەی بـۆ دەکـات کـە لەلایـەن کۆڕبەنـدی زمانـەوانی عەرەبیەوە لە قاهیرە دەرچووە، کە وشەی (بیری کردەوە)ی یەکجار تیـادا هـاتووە، (إنهُ فكرَّ وقدَّر) (ئایەتی 18 لـە سوڕەتی المـدثر) ، وشـەی (ئێـوە بیردەکەنـەوە)ش سێ جار ( لعلكم تتفكرون) ئایەتی (19) البقره ، (وتتفکـروا)بیرکرنـەوەش بەهـەمان شێوە یەکجار هاتووە ئایـەتی(46)ی سـورەتی (سـبأ) ، و وشـەی (یتفکـرون) (11) جـار و وەکـو (یتفکـرون فِي خلـق الـسموات والآرض) ئایـەتی (191)ی سـوڕەتی (آل عمران) و (یتفکروا) دووجـار هـاتووە، وەکـو (أو لم یتفکـروا) کـە لـە ئایـەتی (184) سوڕەتی (اعراف) دایە.

ج ـ پیتی (و): ئەم پیتە بە تەنهایی بە پازدە شـێوە بـەکاردەهێنرێت ،لەوانـە (واو)ی (عەتف–بەستنەوە) ماناکەشی کۆکردنەوەیـەکی ڕووتـە، واتـە شـتێك دەخاتـە سـەر شتەکەی دی کە لەگەڵێدایە ،وەکـو بـۆ نموونـە (فانجینـاە وأصـحاب الـسفینة)، واتـە خۆی و خاوەنانی کەشتیەکەمان ڕزگـارکرد، بەهـەمان شـێوە شـتەکە دەخاتـە سـەر شێوەی خۆی ، وەکو (ولقد أرسـلنا نوحـاً وابـراهیم)، واتـە : نـوح و ئیبراهیمـان وەك پێغەمبەر نارد، یان دەیخاتە سەر دواوەی خۆی ، وەکو (كذلك یوحي الیـك والی الـذین من قبلك)[5] ، واتە بەهەمان شـێوە سروشـت بـۆ تـۆ و بـۆ ئـەو پێغەمبەرانـەی پـێش تۆش دەنێرێت.

جـا (واو)ی عـەتف کـردن (15) تایبەتمەنـدی لـە خـۆ گرتـووە کەلـە پیتـەکانی دی (عـەتف)دا بـەدی ناکرێـت، لـەو تایبەتمەندیانـە وەرگرتنـی سـێ حالـەت لەلایـەن (مەعتوفەکەیەوە) کە ئەمانە:





عەتفی  شتێك لەسەر ئەو شتەی کـە لەگەڵیایـەتی، و عـەتف لەسـەر پێشو و عـەتف لەسـەر ئـەو شـتەی کـە لـە پـاش خۆیـدا دێـت، ئـەم تایبەتمەندیـەش پرسـیارێکی سەرەکیمان بۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە ئەمەیـە: ئایـا زمـان لەگـەڵ بـیردا هەماهەنگـە و هاوشانەیان لە پێش یان لە پاشگریدا دێت؟ ئـەم پرسـیارە هەنـدێك لـە زمانـەوانان و دەروننناسان هەوڵی وەڵامدانەیان داوە؟ ئێستاش دێینە سەر باسـکردنی هەنـدێك لـەو وەڵام و کۆششانە:.

## دووەم: کامیان لە پیشترە زمان یان بیر

دەڕووننناسان لەسـەر وەڵامـی ئـەم پرسـیارە نـاکۆکن، (گلـبرت رایـل) پێـی وایـە کـە تەنانەت بیرکردنەوە وا پێویست دەکات کە پێش ئەو بیرکردنەوەیـە ، مـرۆڤ بـەدەنگ بەرزی فێر بووبێ قسەبکات، جابۆ ئەم بۆچونەی خۆی ئەو بەڵگەیـە دەهێنێتـەوە کـە منداڵ بۆ یەکەمجار پێش هەموو شتێك زمان فێر دەبێ ، واتە پێش ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوە ، فێری زمان دەبێ .[6]

کەچی هەندێك دەڕووننناسی دی وەکو (جین بیاجیـە) پێیـان وایـە کـە گەشەسـەندنی زمانەوانی لە پاش گەشەی بیرو هزری منداڵدا دێت، چونکە بیر بە سەربەخۆیی لـەلای منداڵ گەشە دەکات[7] ، هەروەها (بیاجیە) باسی ئەوە دەکات کـە منـداڵ ناتوانێـت گوزارشـتەکانی ئاخـافتن پـێش تێگەیـشتنی چـەمکە سـەرەکیەکەی ئـەو گوزارشتەدەربڕێ ، بەو مانایەی کە منداڵ گوزارشتەکانی وەکـو (هەفتـەی داهـاتوو) (پارە) (مردن) تێ ناگەن.[8]

بەڵام دەروننناس (ڤیجۆتسکی)[9] پێی وایـە کـە بیرکردنـەوەو زمـان لـە دوو چـالاکی جوداوە دەست پێ دەکەن، و بیرکردنەوەی منداڵی بچکۆڵە لـە بیرکردنـەوەی ئـاژەڵ دەچـێ ، چـونکە بـەبێ زمـان ئـەو بیرکردنەوەیـە ئـەنجام دەدرێ! جـا نمونـەی ئـەو حاڵەتەش لەو منداڵەدا بەرجەستە دەبـێ کـە هێـشتا قـسەکردن فێـر نـەبووە کەچـی دەتوانێت هەندێك گرفتی سـادە چارەسـەر بکـات وەکـو شـت وەرگـرتن و خـواردن و دەرگا کردنەوە (واتە بیرکردنەوە بەبێ قسەکردن).

لەلایەکی ترەوە دەنگەکانی (تەتەڵەکردن) لەلای منداڵ ،قسەکردنێکی بێ بیرکردنەوەیە، کە بۆ بەدەستهێنانی هەندێك مەخسەدی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی دەکات ، وەکو سەرنج راکێشانی دەورووپشت بۆ لای خۆی و شادی بەخشین بەوانی دی واتە ( ئاخافتن بەبێ بیرکردنەوە).

تاکە خاڵی هەستیاریش لە پەیوەندی بیرکردنەوە بە زمانەوە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە منداڵ دەگاتە تەمەنی دووساڵان ، لەم تەمەنەدا دەبینین کە چەماوەی ئەو بیرکردنەوەیەی کە پێش زمان دەکەوێت و چەماوەی ئەو زمانەی کە پێش بیرکردنەوە دەکەوێت هەردووك بەیەك دەگەن و پەیوەست دەبن بەیەکەوە ، بۆ ئەوەی جۆرێکی تازەی ئاکار و ڕەفتار دەست پێ بکات ، کە بیرکردنەوەی تیادا زارەکی بێت و قسەکانیشی تیادا مەعقول بن (ئەم حاڵەتەش بۆ ئاژەڵ دروست نابێت کە بیرکردنەوە و زمان لەلای دووسیستەمن بە سەربەخۆیی دەمێننەوە، ئەم بابەتەش لە کاتی باسکردنی (ئایا ئاژەڵ بیردەکاتەوە)[10] باسی دەکەین.

پێویستە بزانین کە تاکو تەمەنی حەوت ساڵی منداڵ ناتوانێت هەردوو ئەرکی ناوەخۆیی (بیرکردنەوە)و دەرەکی (گەیاندن)ی زمان لەیەك جودا بکاتەوە، بەمشێوەیە دیاردەی قسەکردن لەسەر خود سەرهەڵدەدات[11] ، شتێکی نوکتەئامێزە گەر لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێك کەسی گۆشەگیر جاری وا هەیە لەگەڵ خۆیاندا قسە دەکەن، قسەکانیان توانج تێگرتنە بۆ مەرام و کردارەکانیان.

### سێیەم : ئایا دەتوانین بەبێ زمان بیربکەینەوە

هەروەکو چۆن زانایان سەبارەت بە زمان و بیرکردنەوە ناکۆکن کە کامیان لە پێش ئەویتریانەوەیە ، بەهەمان شێوە سەبارەت بەم مەسەلەیەش هەردوو ڕای جیاوازیان هەیە، هەریەك لە خاوەنانی ئەو دوو ڕایە بەڵگە و سەلماندنی خۆیان هەیە :

گروپی یەکەم کە لە زانا دێرینەکان (ئەفلاتۆن) و لە زانا هاوچەرخەکانیش (جۆن واتسۆن) نوێنەرایەتیان دەکات ، ئەم گرووپە زانایە پێیان وایە کە بیرکردنەوە لە زمانێکدا ڕوودەدات کە ئاخاوتن و پێکهاتەکانی بێ دەنگ بێ، هەروەك بڵێی کە





کەسێك گفتوگۆ و ووتووێژ لەگەڵ کەسێکی تردا بکات[12].ئەمەش مانای وایە کە فێربوونی زمان مەرجێکە بۆ بوونی توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ.

هەرچی گرووپەکەی تریشە کە (هۆتسینۆ فندلر) نوێنەرایەتی دەکات ، پێی وایە کە فێربوونی زمان مەرجێکی چەسپاو نییە بۆ پەیدابوونی بیرکردنەوە[13].

جا بۆ ئەم زانیاریە ئەو بەڵگەیە دەهێنێتەوە کە کەسێکی کەڕولاڵ توانای بیرکردنەوەی هەیە، چونکە هەست بە دەورووپشتی خۆی دەکات و بڕیار وەردەگرێت و لەوانەشە گۆڕانکاری بەسەر بیروڕای خۆیدا بێنێت، کەچی زمانیش نازانێت و ناتوانێت قسە بکات، و بگرە لە منداڵیشەوە تەنانەت یەك وشەی نەبیستووە و نەیوتووە.

جا (فندلر) نموونە بە ئافرەتێکی ئەمریکی دەهێنێتەوە ، کە ناوی (هێلین کیلەر) بوو ، لە منداڵیەوە کەڕولاڵ و کوێر بوو بە یارمەتی بەخێوکەرەکەی توانی خوێندن و نووسین فێر ببێت و بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسیش بەدەست بێنێت ، پاشانیش ببێتە نووسەر و توێژەر و وانەبێژ.

هەروەها (فێرس) لە پەرتوکەکەی خۆیدا کە بە ناوی (بیرکردنەوە بەبێ زمان : واتا دەروونییەکانی کەڕان)ەو لە ساڵی (1966) دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکات کە منداڵە کەڕەکان هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ منداڵە ئاساییەکاندا نییە لە ڕووی چالاکیی مێشکەوە، جگە لەوەی کە گەشەسەندنی مێشکیان لە هەردوو حاڵەتدا هەر هەمان ئەو حاڵەتە بنەڕەتیانەن کە منداڵ لە بەرایی ژیاندا پێیاندا تێپەڕ دەبێت، هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا ڕێژەی گەشەسەندن سەبارەت بە کەڕەکان سست ترە، بەڵام لەوانەشە کە ئەم سست بوون و لاوازییە بۆ زمانەکە نەگەڕێتەوە بەو ڕێژەیەی کە بۆ نوقستانییەکی گشتی بگەڕێتەوە لە لێهاتوویی و بەڵەد بوون بە ژینگە یان شارەزایی لەو بارودۆخەی کە زۆر منداڵانی کەڕ تیادا پەروەردە دەبن، بۆیە (فێرس) گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی وێکچوو سەبارەت بە حاڵەتی کەڕی لەناو باڵغەکان.[14]

هەروەها زمانەوانی ئەمریکی (لانجاکار) ئاماژە بە چەند جۆرێکی بیر دەکات کە لەوانەیە بەدەر لە حاڵەتی زمان نەشونما بکات، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئارەزووی

گوزارشت کردن لە بیرۆکەیەك لە کاتێکدا کە نەتوانیٚ لە چەند وشەیەکدا فۆرمەلەی بکەیت (ئەمەش وێکچوونی حاڵەتی یادکردنی کەسێکە کە بیناسین). جاگەر بیرکردنەوە بەبیٚ زمانەوانین ساغ بووایە ئەم گرفتە هەر لە بنەڕەتەوە سەری هەڵنەدەدا(15).

دیسانەوە گرفتێکی پێچەوانەش ڕوو دەدات گەر مرۆڤ دەست بەقسەکردن بکات، پێش ئەوەی ڕوو لە بیرکردنەوە بکات ، لەگەڵ هەموو ئەو هەستە بێزەوەرەی کە دەینێتەوە(16) ، هەموو ئەو قسانەی کە زانا و هونەرمەندە گەورەکان سەبارەت بە هزرو بیری داهێنانکارانەیان گوتوویانە ئەمە دەسەلمێنێت کەوا هەموو بیرۆکەیەك یان گرفتێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە داینگەی مێشکدا دەمێنێتەوە پێش ئەوەی وەکو چارەسەرێکی کتوپڕ لە جیهانی دەرەوەدا دەربکەوێت، پاشانیش ئەو هونەرمەندە داهێنانکارە سەختیەکی زۆر لە فۆرمەلەکردنی دەرئەنجامی بۆچونەکانی خۆی دەبینێت.

(ئەلبێرت ئەنشتاین) دەڵیٚ: وشەکانی زمانێك چ نووسراو و چ درکاو لەوەناچیٚ ڕۆڵێك لە بواری ئالیەتەکانی بیرکردنەوەی تایبەتدا ببینن. هەروەها باسی لە هێما و ئاماژەگەلێکی دیاری کراو و وێنەی ڕوون و ئاشکرا یان تەماوی دەکات کە لەپاشاندا شیمانەی فۆرمەلەکردن و پەیوەست کردنی نێوان توخمەکانی خودی ئەو بیرکردنەوەی لیٚ دەکرێت(17).

هەروەها هەندێك لە میوزیکژەنان دەڵێن ئەو ئاوازانەی کە دەیهۆننەوە پێش ئەوەی کە بە ئامێری مۆسیقا لێی بدەن ، دەتوانن گوێی لیٚ رابگرن، بگرە پێش ئەوەی کە وەك (نۆتە) لەسەر کاغەز بینووسن ، ئەو پارچە ئاوازە مۆزیکە لەلایان بەرجەستەیە، دەشتوانین ئەم چالاکیەی بیرکردنەوە بەبیرکردنەوەی نازمانەوانی یان پێش زمانەوانی ناوزەند بکەین.

لەوانەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بیٚ کە وای لە (بێتهۆڤن) کردبیٚ کە پاش کەڕبوونیشی هەر توانی تاکو کۆتایی ژیانی لە هۆنینەوەی ئاوازی مۆزیك هەر بەردەوام بێت(18).





زانایانیش بەشێوەیەکی گشتی کۆکن لەسەر ئەوەی کە زمان و وشەکان تاڕادەیەکی زۆر ئاسانکاری بۆ چەند جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوە دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چەندەها هەمبەربوون و ئاماژەگەلێك کە بەسانایی بەکاردەهێنرێن، ئێمە هەموو بیرۆکەیەکی باشمان سەبارەت بە ماتماتیك هەیەو دەزانین چۆن هاوکێشەکانی (دابەشکردن)و (جاران) و (کەم کردن) بەکاربێنین، وشەکەش (ماتماتیك) وەك زاراوە دەزانین کە وەك ئاماژەیەك بۆ چێوەیەك بەکاردەهێنرێت ، کە چەمکگەلێکی پەیوەست بەو زانستەی تیا کۆبۆتەوە، کاتێکیش کە بیر لە ماتماتیك دەکەینەوە ئەوا دەتوانین  وشەی ماتماتیك وەکو هێمایەك بۆ چالاکیەکانی مێشکمان بەکاربهێنین، کەواتە بەکارهێنانی هێما زارەکیەکان وا لە بیر دەکات کە هەموو حاڵەتەکان ساناتر بێت، بگرە لەوانەیە هزری مرۆڤ بەولایەدا گوزەر بکات کە هەندێك جۆری بیرکردنەوە بەبیٚ ئەم هەمبەر بوونانە مامەڵەکردن لەگەڵی ئاسان بێت، بەتایبەتی لەبواری بیروبۆچوونە ڕووت و ڕەهاکانی وەکو (دادپەروەری) و (ئازادی) و (پەروەردە)، تەنانەت ئەم چەمکانە لەوانەیە هەر پەیدانەدەبوون گەر وشەگەلێك نەبوونایە و گوزارشتیان لیٚ نەکردنایە.(19)

بەڵام چ پەیوەندیەك لەنێوان بیر یان بیرۆکە لەلایەکەوە و ئەو قسە و وشانە هەیە کە لەگوزارشت کردن لەو بیرەیان ئەو بیرۆکە دەکەن، لەلایەکی ترەوە، (فیجۆتسکی) وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵیٚ (بیر) وەکو (زمان) نییە تا لە چەند یەکەیەکی جودا پێك بێت، چونکە کاتێك کە دەخوازم ئەم بیرۆکە ((من ئەمڕۆ منداڵێکی پیٚ خاوسم بینی کە کراسێکی شینی لەبەر بوو ، لە شەقامەکەدا ڕای دەکرد)) تۆماربکەم، دەبینم کە ئەم گوزارشتە لە چەند بەشێکی سشەربەخۆ پێك نەهاتووە، بەڵکو هەموو لە یەك بیرۆکدا کۆبونەتەوە، بەڵام لەچەند وشەیەکی جودادا دانراون ، زۆر جاریش قسەکەرەکە چەند چرکەیەکی دەویٚ بۆ ئەوەی گوزارشت لەیەك بیرۆکە بکات، بیرۆکەکەش هەمووی ئەوساتە وەختە لە مێشکیدا چەکەرەی کردووە، بەڵام کاتی گوزارشت کردن لەو بیرۆکەیە بەقسە پێویستە پێشبخریٚ و یان گەواڵە هەورێك بشوبهێنین کە وشەگەلێکی وەك باران لیٚ دەباریٚ(20). هەروەها لە

بواری نمایش کردنی ئەو پەیوەندیەی نێوان زمان و بیر (ئەحمەد عەبدولمەعتی حیجازی) [21]دەڵێت: ناتوانین شارەزاییەکی ڕاستەقینە لە زمان پەیدا بکەین مەگەر لەیەك حاڵەتدا نەبێ ، کە هەست بکەین و بیربکەینەوە، ئەو سۆزەی کە هەستی پێ دەکەین یان ئەو بیرۆکەی کە لە مەغزاماندایە نیازمەدی بە وشەگەلێك هەیە بۆ ئەوەی لە توێیاندا بەرجەستە بێت و بەدەرکەوێت.

ئێمە لەسەرەتاوە گوزارشت لە هەست و بیروبۆچوونەکانمان بەزمانێکی سادە و ساکار دەکەین، بەڵام لەو کاتەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو قسانەی دەیکەین بەتەواوەتی گوزارشت لە مەرام و مەخسەدەکانمان ناکەن، بۆیە جارێکی دی بیردەکەینەوە هەمیشە لە دووبارە چاوپیاخشانەوەین بە خوێندنەکانمان و گفتوگۆ و وتووێژەکانمان دووبارەدەکەینەوە. بەو شێوەیەش زەخیرەی زمانەوانیمان گەشەدەکات و زیاد دەکات، بیروبۆچوونەکانیشمان هەرچەندە ووردتر بێت و تایبەتمەندتر بێت، گوزارشتەکانیشمان وردتر دەبێت. بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئاستەی کە وردبوون تاکە مەبەستمان نەبێ، بەڵکو کۆشش بکەین بۆ ئەوەی زمانەکەمان جوانتر و قەشەنگتر ببێ.

## چوارەم: چەند تاقیکردنەوەیەکی تایبەت بە پەیوەندیەکانی زمان و بیر

1ـ هەردوو زمانەوان کیرتز و هۆڤلاند هەستان بە پۆلێن کردنی منداڵان بۆ سەر دوو بەش کردوون، بەشێکیان هەستان بەدانانی بازنەیەك لەسەر فۆرمێك بەدەوری چەند ناوێکی کۆمەڵە شتێك کە نیشانیان دەدرا ، کۆمەڵە منداڵەکەی تریش بازنەیان لەدەوری کۆمەڵە وێنەیەکی شتەکاندا دەکێشا، پاش هەفتەیەك تێبینی ئەوە کرا کە کۆمەڵەی یەکەمی منداڵەکان لە کۆمەڵەی دووەم باشتر بوون لەڕووی یادکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە نیشانیان دەدرا، بەمجۆرە ئەو دوو زانایە گەیشتن ئەو دەرئەنجامانەی کە زمان یان وشە چەند جۆرێکی دەستنیشانکراوی بیرکردنەوە ئاسان دەکەن[22].





2ـ هەردوو زانای ئەمریکی براون و لینیبرج هەستان بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر کچە قوتابیانی یەکێك لە کۆلێژەکان ، ئەم قوتابیانە چوار ڕەنگیان لەیەك کاتدا و بۆ ماوەی سێ چرکە نیشان دەدرا و پاش نیو خولەك لێیان داوا دەکرا ، کە ئەم ڕەنگانە لە خشتەیەکی گەورەدا بدۆزنەوە، کە (120) ڕەنگی لە سیستەمێکی دیاریکراودا دەگرتە خۆ. جا کە لەو قوتابیە کچانە دەپرسرا چۆن ڕەنگەکە دەدۆزیەوە ، وتیان کە ئەوان ناویان بۆ ئەو چوار ڕەنگە دادەنا و پاشان کە هەموو ڕەنگەکانیان پێ نیشان دەدرا بەهۆی ئەو ناوانەوە چوار ڕەنگەکەیان دەدۆزیەوە، هەموو تاقیکردنەوەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئەو ناوانە ناسراونەبوونایە مەسەلەکە دژوارتر و سەختتر دەبوو[23].

3ـ هەروەها لینیبرج و زانای ئەنترۆپۆلۆجیا رۆبرتس بینیان کە هەندێك ڕەنگ لەناو زمانی ئینگلیزیدا هیچ ناوێکی لە زمانی (زونی)دا نییە ،کە زمانی هیندیە سوور پێستەکانی مەکسیکە، بگرە چەند ڕەنگێکیش کە لە زمانی زونیدا هەیە ، ناوی لەزمانی شینگلیزیدا نییە جا ئەوانەی کە بە زمانی زونی قسەدەکەن دووچاری جۆرە سەختیەك دەبن کە بیانەوێ ئەو ڕەنگانە بناسنەوە کە ناویان لە زمانەکەیاندا نییە، هەرچەندە با ناویشیان لە زمانی ئینگلیزیدا هەبێ. بەهەمان شێوە ئینگلیززانانیش تووشی ئەم دژوارییە دەبن، بەو مانایەی کە ئەوانەی باشترین ئەو ڕەنگانەیان درك پێ کردووە کە لەزمانیاندا هەیە با لەزمانی ئینگلیزیشدا بوونیان نەبوو بێ[24].

4ـ کۆفر لە ساڵی (1960)دا تاقیکردنەوەیەکی لەسەر زانایەکی خۆبەخش ئەنجامدا ، کە ناوی (سمیت) بوو و دەرمانێکی دایێ کە دووچاری ئیفلیجی تەواو ببوو، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی ، بە شێوەیەك کە پێویست بوو ئۆکسجین و هەناسەدانی دروستکراوی بۆ ئەنجام بدرێ، پاش ماوەیەك (سمیپ) وای لێ هات کە نەیدەتوانی کاردانەوەی دەنگی و جوڵەی ئەنجام بدات، بەڵام کە هۆشی هاتەوە سەر خۆی ، وتی کە لەو ساتانەدا هۆشی لای خۆی بووە، جگە لەوەی ئەو شتانەی کەلەو

ساتانەدا بەسەری هاتبوو یان پێی وترابوو زۆر بەباشی لە یادیدا مابوو، هەر لەکاتی ئیفلیج بوونەکەشیدا دەیتوانی چارەسەری هەندێك لە گرفتە ساکارەکان بکات ، چونکە ئامرازی پەیوەست کردن لەگەڵیدا هەر مابوو، وەکو ئاماژە کردن بە پەنجەی (شەهادە نوێژە)ی دەست ، چونکە لەو کاتەدا نەیدەتوانی قسان بکات، هەروەها هێلەکانی نەخشەی (دەماخ) و شەپۆلەکانی (EEG) تایبەت بەو بە درێژایی ماوەی تاقیکردنەوەکە ئاسایی بوو[25] .ئەم تاقیکردنەوەیە گرفتی یەکانگیرنەبوونی قسەو بیرکردنەوە یەکلا دەکاتەوە، بەڵام مەرجیش نییە ئەم حاڵەتە هەر لە نێوان قسە و بیرکردنەوەدا هەبێ، چونکە قسە مەسەلەیەکی فیزیایی هەست پێ کراوە کە دەنگی قسەساز بەرهەم دەهێنێت، بەڵام زمان سیستەمێکی دەست پێکراوی ماناو پێکهاتە زمانە وانییەکانە. جا لەدەرئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە ناتوانین ئیتر بڵێین کە یەکانگیریەکی هەمیشەیی لە نێوان بیرو زماندا هەیە، یان بەلای کەمیەوە دەشێ بڵێین کە هەمبەربوونی سەداسەدی نێوان بیرو قسە نییە بەڵام پێویست ناکات کە ئەوەمان لەیاد بچێت کە زمان بە ڕۆڵێکی گرنگ هەڵدەستێ لە بواری بیرکردنەوە و لە بەڕێوەبردنی هەندێك لە کردەکانی مێشك و گەشەسەندنی مێشك.

**پێنجەم: ئایا زمانە جۆراو جۆرەکان شێوازەکانی بیرکردنەوە پێك دەهێنێت لەلای قسەکەرانی ئەو زمانانە؟**

ئایا پێوەندی نێوان بیرکردنەوە و زمان چییە، بەتایبەت تر بڵێین پەیوەندی شێوازەکانی بیرکردنەوە بەبونیادی زمانی زگماکی قسەکەرەکە چییە؟ بەمانایەکی دی: قسەکەرانی زمانە جۆراوجۆرەکان ئایا بە شێوازی جۆراوجۆر بیردەکەنەوە؟ هەندێك لە زانایانی وەکو (ساپیر) و (وۆرف) پێیان وایە کە ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەین ئەو شیوازە دەست نیشان دەکات کە بیری پێ دەکەینەوە، هەروەها ئەو زمانانەی مرۆڤ قسەی پێ دەکات بە گوێرەی جۆراوجۆری زمانەکان شێوازی





تێگەیشتنی جیهانیشیان بۆ جۆراوجۆر دەکات، لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین: ئایا مرۆڤ هەموو شتەکان بە شێوازی جۆراوجۆر وێنادەکەن یان تەنها بە شێوازی جیاجیا گوزارشت لەشتە جۆراجۆرەکان دەکەن؟ بالێرەدا چەند نموونەیەك بهێنینەوە وەکو کۆششێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە[26]:

- هۆزی (هۆبی)ی هیندییە سوورەکان یەك وشە بەکاردەهێنن بۆ گوزارشت کردن لە زیندەورو فرۆکە و فرۆکەوان.
- هەروەها هۆزی (زونی) دوو وشەی جودا بۆ هەردوو ڕەنگی زەرد و پورتەقاڵی بەکارناهێنن، لە هەندێ زمانیشدا تەنها یەك وشە بۆ هەردوو ڕەنگی سەوز و شین بەکاردەهێنن، کەچی شەش وشەی جۆراوجۆر لەهەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ ڕەنگەکانی (ئەرخەوانی) و شین و سەوز و زەرد و پورتەقالی سوور بەکاردەهێنرێت، دەبینین قسەوێژانی زمانی (شۆنا) لە (ڕۆدیسیا) تەنها چوار وشەیان هەیە، قسەکەرانی زمانی (باسا)ش لە لیبیریا تەنها دوو وشەیان بۆ ئەو ڕەنگانە هەیە.
- لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی (uncl) وەردەگێردرێتە سەر چوار وشە کە ئەمانەن (مام) (خاڵ) (ئامۆژن - مامۆژن) و (خاڵۆژن)، وشەی (aunt)یش بەهەمان شێوە بۆ ئامۆژن و خاڵۆژن و پلك و خوشکی دایك وەردەگێردرێت.

هەرچی وشەی (cousin)ە بۆ کوڕی مام و کوڕە خاڵ و کوڕە پلك و ئامۆزاو کچی خاڵ و کچی پلك وەردەگێردرێت.

ئەمە لەسەر ئاستی تاکەکان، بەڵام لەسەر ئاستی گروپە ڕێزمانییەکان ، ئەوا قسەکەرانی ئینگلیزی وەکو ناو بیر لە شتەکان دەکەنەوە وەکو ڕووداویش بیر لە کردەکانی دەکەنەوە، بەڵام تاکەکانی هۆزی (هوبی) گوزارشت لە (بروسك) و (هەورەتریشقە) و (بلێسەی ئاگر)و (دوکەڵ) بەشێوەی کردار دەکەن[27].

جا لەو گرووپە ڕێزمانیانەی دی کە زمانەکان لە ڕووی جۆرییەوە جودان،هەروەکو زمانی فەرەنسی و زمانی عەرەبی ، هەموو ناوێك بۆ نێر ومێ پۆلێن دەکرێت، بۆنموونە وشەی (پەنیر) لە زمانی فەرەنسیدا (نێر)ە و وشەی (گۆشت) مێیە، لە زمانی ئەلمانیدا وشەی (پەنیر) بەهەمان شێوە (نێر)ە ،بەلاّم وشەی (گۆشت) نە نێرە و نە مێیە نبەلّکو بێلاّیەنە.

وشەی (خۆر ـ ڕۆژ) لە عەرەبی و ئەلّمانیدا مێیینەیە، لە کاتێکدا وشەی مانگ لەو دوو زمانەدا نێرینەیە، بەلاّم لە زمانی فەرەنسیدا و لە زمانی شیعری ئینگلیزی هاوچەرخدا بە پێچەوانەوەیە[28].

ڕووەکانی دی جیاوازی نێوان زمانەکان بەکارهێنانی (جێناوەکان)ە، بۆ نموونە (جێناوی You) لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەرەکەی (تۆ ـ أنتَ) . (تۆ ـ أنت) و (أنتما ـ هەردووکتان) کە لە ڕووی جۆرێتیەوە یەك شتە و (ئێوە ـ أنتم) و (أنتن ـ ئێوە بۆ مێیینە)، بگرە ڕووەکانی جیاوازی لەوانەیە لە نێوان دوو شێوازی زمانێکدا سەرهەلّبداتن بۆ نموونە بەکارهێنانی هەندێك لە تونسیەکان بۆ (جێناوی/ أنتِ) بۆ تاکی نێر ئەم حالّەتە بەکاردێ.

ئێستاش دەچینە سەر هێنانەوەی نموونەیەك سەبارەت بە جیاوازی زمانەکان، یان جیاوازی بۆچوونی تێڕوانینی قسەکەرانی زمانەکان بۆ ڕووداوێکی ساکار[29]، کاتێك کە بەردێك تێبینی دەکەین کە لە هەوادا بەرەوە زەوی دێت، ئەوا ئەوکاتە ئەم دیاردەیە لە نێوان ئەم دوو بیرۆکە بە شێوازێکی شکلّی یان ڕێزمانی تایبەت و گونجاوی زمانی عەرەبی بۆ زمانی ئینگلیزی شی دەکەینەوە و دەلّێین بەردەکە (دەکەوێت) The Stone Falls.، بەلاّم نابێ وا گریمانە بکەین کە ئەمەی وتمان تاکە شیکردنەوەی گونجاوی ئەو دیاردەیەیە، چونکە گەر بڕوانینە ئەو شێوازانەی کە هەر زمانێك گوزارشتی لەم ڕووداوە پێ دەکات، ئەوا یەکسەر دەرك بەوە دەکەین کە ئەم ڕووداوە سادەیە بەچەندەها جۆر گوزارشتی لێ دەکرێت، بەبێ ئەوەی کرۆکی





ڕاستەقینەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت.لە زمانی ئەلّمانی و فەرەنسی و عەرەبیدا پێویستە ئەوە دیاری بکەین کە ئایا وشەی (بەرد) نێرە یان مێیە، بۆیە دەلّێین بەرد (یسقط) نەك بەردەکە (تسقط).

* لە زمانی چیبوا ، کە شێوەزارێکی زمانی هیندییە سوور پێستەکانە، ناتوانین گوزارشت لەم ڕووداوە بکەین، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەین کە بەرد بێلاّیەنە.

* هەرچی ڕوسەکانیشە گرنگییەکی ئەوتۆ بەوە نادەن کە بەرد (ناسراوە) یان (نەناسراوە) ، بەو مانایەی کە ڕوسەکان گرنگی بە نێرینەیی یا مێینەیی (بەرد) نادەن.

* هیندییەکان (کواکیتول)یش لە کۆلۆمبیا، لەکاتی قسەکردندا ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرد بینراوە یان نەبینراوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە قسەکەر یان گوێگر کامیان لە بەردەکەوە نزیکترن، یان بەردەکە لەوانەیە لە کەسێکی سێیەمەوە نزیکتربێ، ئەم هۆزە جاری وا هەیە لەکاتی ئاخافتندا گوزارشتەکە دەگشتێنن و یەك ڕستە بۆ یەك بەرد یان چەند بەردێك بەکاردەهێنن ،کەچی کاتی کەوتنەکە دیاری ناکەن.

* چینییەکانیش ڕێژەیەکی کەم لە گوزارشتەکە بەکاردەهێنن و دەلّێن: بەردێك دەکەوێت، واتە ئەو گوزارشتەی کە ماناکەی (Stone fall)ە بەزمانی ئینگلیزی.

* لەکۆتاییشدا، لەزمانی نوتکادا هیچ گرنگ نییە بۆ ئاماژە کردن بۆ (بەرد)، ناوی بەردەکە بهێنرێ، بەلّکو وشەیەك بەکاردەهێنرێت کە کارێکە لە دوو بەش پێك دێت: بەشی یەکەمیان ئاماژە بۆ شتێك دەکات کە لەبەر دەچێ، کەچی بەشی دووەمیشیان ئاماژە بۆ ئاڕاستەبوون بۆ خوارەوە دەکات.

ئەم نموونەیەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو گرووپە ڕێزمانییە بێ چەند و چۆنانەی کە وامان لێ دەکات بەشێوەیەکی نهێنی ئاوڕ لەپێکهاتەو تایبەتمەندییە

جۆراوجۆرەکانی هەڵوەستەکان بدەینەوە، واشمان لێ دەکات کە گرنگی بەچەند لایەنێکی تایبەتی واقعی دەوروپشتمان بدەین لەکاتی قسەکردنماندا.

جا لەو نموونانەی دێ کە ئاماژە بۆ جیاکاری نێوان زمانەکان دەکات کە لەوانەیە ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند سەختییەك لە پەیوەست بوون و تێ گەیشتن، وەك ئەو جۆرە زەحمەتیانەی کە هاوڵاتیانی ژاپۆنی بەرەنگاری دەبنەوە کاتێك کە سەردانی فەرەنسا دەکەن، چونکە ژاپۆنییەکان کار دەخەنە کۆتایی ڕستەوە، لەبەر ئەوە دەبێ گوێگر تا کۆتایی گوێ لە قسەکەرەکە ڕابگرێ تاکو قسەکە تێ بگات، فەرەنسییەکانیش کارەکە ڕاستەوخۆ دەخنە پێش ناوەکەوە لە ڕستەدا، بۆیە گوێگر زوو ڕستەکە تێ دەگات، بۆیە زۆرجار گوێگر قسە بە قسەکەرەکە دەبڕێ، سەرباری ئەمەش کاتێك ژاپۆنییەك وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە ، ئەوا لەسەرەتاوە دەست بە پێشکەشکردنی بیروڕا هەمە جۆرەکان دەکات، ئەویش پێش ئەوەی کە بیروڕای خۆی سەبارەت بە مەسەلەکە بخاتەڕوو، جا گەر ژاپۆنییەك فەرەنسی نەزانێت، ئەوا فەرەنسییەك لەوانەیە زوو قسەکەی پێ ببڕێ و واش دەزانێ کە لەو قسە پێ ببڕینە یارمەتی داوە، دەرەنجامیش ژاپۆنییەکە هەست بە نوشوستییەك دەکات، چونکە ڕایەکی جگە لەڕایەکەی خۆی پێشکەش کردووە، بەهەمان شێوەش هەست بە شڵەژاویەك دەکات چونکە نەیتوانیوە لەو ماوەیەدا گوزارشت لەخۆی بکات و لەقسەی ئەو هاووڵاتیە فەرەنسیەش تێبگات.[30]

شەشەم: ئایا ئاژەڵ و پەلەوەر بیردەکەنەوە؟ ئایا چۆنێتی بیرکردنەیان لەبیرکردنەوەی مرۆڤ جودایە؟

چەند زانایەکی وەکو ویتجنستاین پێیان وایە کە ئاژەڵ وەکو مرۆڤ ناتوانێت بیربکاتەوە، چونکە هیچ زمانێکی نییە کە قسەی پێ بکات[31]، بەڵام زانایانی تری وەکو کارۆل و گرین وادەبینن کە ئاژەڵان چەند چالاکییەك ئەنجام دەدەن کە پێویست بەکۆ شتێکی هزری دەکات[32]. جا لە تاقیکردنەوەیەکدا کە لەزانکۆی





(ئیندیانا)ی ئەمریکی ئەنجامدرا توێژەرەکە خۆراکێك لەپێش چاوی مەیموونێك دەخاتە ناو سندووقێکەوە و بەکلیل دای دەخات و کلیلەکەش لە خانەی ناو سندوقێکی ترەوە و بە گوریسێك شەتەکی دەدات، مەیموونەکەش ئەم شتە دەبینێت، پارچە بەردێك دێنێت و بەتوندی بە زەوی دادەدات و بەردەکە وەك نیمچە چەقۆیەك لێ دەکات و گوریسەکەی پێ دەبڕێت و کلیلەکەش دەردێنێت و سندووقەکەی دی دەکاتەوە و خۆراکە خۆشەکەی خۆی لێ دەردەکات و دەیخوات[33].

.هەروەها لەچەند تاقیکردنەوەیەکی زانکۆی (ئەگلانگا)ی ئەمریکی شەمپانزیەکی مێینە تووشی ئیفلیجی بووە و بە چاوەکانی تەماشای مەیموونەکانی دی دەکرد، بەچکەکەشی زانی کە دایکی نەخۆشە، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی خۆراك و هاوردنی بۆ ئەوەی بیخوات، هەرچەندە کە دایکەکەی هیچ خۆراکی لە بەچکەکەی داوا نەکردبوو ، بەڵام تەنها لە نیگاکانی چاوی دایکەکەی ئەوە تێگەیشت کە پێویستی بەخۆراکە ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جۆرە هۆشیارییەك لەلای شامپانزیە هەیە[34].

هەروەها (هیرۆن) یان (ماسیگر) کە جۆرە پەلەوەرێکە، لەسەر کەناری ڕووبارێکدا ڕادەوەستێت و چاوەڕوانی تێپەڕبوونی ماسییەك دەکات، کە ماسییەکەش پەیدا دەبێت، ئەوکاتە ملە درێژەکەی دەچەمێنێتەوە و بەدەنووکە باریکەکەشی زۆر بە پەلەیی ماسیەکە دەقۆزێتەوەو دەیخاتە دەمی ئیتر دەچێتە ناو گەدەیەوە، بەڵام باڵندەیەکی دی هەیە کە لەو زیرەکترو بێ سەبرتر هەیە کە تەڵە بۆ ماسییەکان دادەنێتەوە، وەکو (بووش) یان (گەڵا) یان (پەڕ) یان (زیندەوەران) یان (کرم) یان (پارچە نان) یان (پارچە پلاستیك)ێك[35].

هەروەها زانای ئەمریکی (دۆنالد گریفین) لە پەرتووکێکی خۆیدا بەناو (مێشکی ئاژەڵان) ، کە چەندەها توێژینەوەی جیهانی لەمەڕ بیرکردنەوەی ئاژەڵان گرتۆتەخۆ، کە ئایا ئاژەڵ بە هۆشیارییەوە بیر دەکاتەوە، بەو مانایەی کە دەزانێ یان هۆشیاری

بەو بیرکردنەوەیە هەیە یان نە، جا ئەم توێژینەوانە تاقی کردنەوەی لەسەر مەیموونی گەورەو شامپانزێ و تووتی و سیمۆرە گرتەخۆ، (گریفین) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ کە مەیموونێکی دایك لە گروپی (کابوسین) بە دەستەکانی خۆی چەند ئامرازێکی سادەی دروست کرد ، بۆ چارەسەرکردنی برینێك کە لەسەری بەچکەکەیدا بەهۆی ڕووداوێکەوە پەیدا ببوو، بگرە هەندێك ڕووەکیشی وەك دەرمان بۆ چاککردنەوەی ئەو برینە بەکارهێنا[36] . جا ئەو زانا توێژەرە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەندێك لەو ئاژەڵانە دەتوانێت هەندێك جۆری بیرکردنەوەی هۆشیارانە ئەنجام بدات و ئەم توێژینەوانەش بە (ئاکاری پێناسەیی) ناوزەدکردووە، جا لە تێکڕای ئەو بەڵگە و ئاماژانەی کە لەم توێژینەوانە دەستەبەر بووە ئەو دەرەنجامەیە کە ناوی نراوە (گەیاندنی ئاژەڵ) بەو مانایەی کە ئاژەڵان هەمیشە لەهەوڵی گوزارشت کردنن لەو شتانەی کە بیری لێ دەکەنەوە جا لەو کۆششە تازانەی کە لە ئارادان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە دامەزراندنی باغچەیەکی ئاژەڵانی سەر بە دەزگای (سمیسۆنیان)ە لە واشنتۆن ،کە باڵەخانەیەکی تیادا ئامادە دەکرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە چۆنێتی بیرکردنەوەی ئاژەڵان[37] .

هەروەها (د. حەسەن زازا) ئەم چیرۆکەمان دەربارەی چەند پشیلەیەك بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە زانکۆی بەیروت مامۆستا بووم و لە ناوچەی (جیل) نیشتەجێ ببووم و ڕۆژانە کە نانم دەخوارد، پاشماوەی خواردنەکەم لە قاپێکدا و لەلای دەرگای ماڵەکەم دادەنا، پشیلەیەك دەهاتە بەر دەرگا و خۆراکی ناو قاپەکەی دەخوارد، ڕۆژێکیان لە هۆڵەکەدا دانیشتبووم هەر ئەو پشیلەیە هات و پشیلەیەکی بچووکی بەدەم هەڵگرتبوو و لە تەنیشتمدا داینا، بەمشێوەیە هەر دەهات و پشیلەیەکی بەدەمەوە بوو لەبەرامبەرمدا دایدەنا، تاکو پشیلە بچووکەکان ژمارەیان گەیشتە (4) پشیلە، لەمەوە تێگەیشتم ، کە پشیلە دایکەکە داوای شیر بۆ بێچووەکانی دەکات، منیش هەستام و چەند قاپێکی بچووکم هێناو پڕیانم کرد لە





شیر ، ئیتر پشیلە بچووکەکان هەموویان نۆش کرد، و پشیلە گەورەکەش کە دایکیانە بە نیگایەکی شوکرو سوپاسەوە تەماشامی دەکرد[38] .لەلایەکی تریشەوە قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ هۆشیاریی و قسەکردنی پەلەوەر و زیندەوەران دەکات[39] .وەکو (پەپولە سلێمانە) و (مێروولە)، جا (زیندەوەرزانان) لەو باوەڕەدان کە مێڕوولە هۆشیارییەکی زۆری هەیە بەتایبەتی لەپەیداکردنی خۆراك، مێڕوولە گەر خۆراکێك بەدی بکات ئەوا هەواڵ بە برادەرانی خۆی دەدات، و زەخیرەش لە هاویندا بۆ زستان کۆدەکاتەوە و دانەوێلەکانیش دەکاتە دوو کەرتەوە نەوەك لەژێر خاکدا بڕوێ، دەنکە گەورەکانیش دەکاتە چوار کەرتەوە، جا گەر گومانی ئەوەی لەلا دروست بوو کە دانەوێڵە نیوەکانیش لەوانەیە بڕوێن یان نەکو بۆگەن ببن ، ئەوا لەکونەکە دەریدەکەنە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆر و هەوا لێی بدات.

هەروەها گەر مێڕوولەکان هەست بکەن بەوەی کە هەور کۆدەبێتەوە و باران دەبارێ ئەو دانەوێڵەیە دەگەڕێننەوە ناو کونەکە، گەر چەند دەنکێکیش لەو دانەوێڵەیە تەڕبووبێ ئەوا ڕۆژێکی خۆش کە بارانی تیادا نەبارێ ،دەریدەکەنە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆر لێی بدات. جا وەك کۆششێك بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم کە بەجیاوازی بیرکردنەوەی ئاژەڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە پەیوەستە پێویستە بڵێین کە زمان دوو ئەرکی سەرەکی گرنگی هەیە، یەکەمیان گەیاندنی بیری دەرەکی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤەکانی دی، دووەمیشیان کۆنترۆڵکردنی بیرە ناوخۆییەکانی یان ساناکردنی بیرکردنەوەو ئاکارو ڕەفتارە هەمەجۆرەکانە بۆ تاك ((واتە گەیاندن لەدڵ و دەڕوونی یەك تاکدا، هەروەکو ئەوکاتەی کە مرۆڤ بیر لەچوونە کۆلیژێك بۆ نموونە یان بیر لە کڕینی خانوویەك یان ئۆتۆمبێلێك دەکاتەوە))[40] .

هۆشیاریی مەعریفی مرۆڤ لەوەدایە کە هەردوو ئەم سیستەمە هەمان شفرە یان هەمان هێما زمانەوانییەکان بەکاردەهێنن، کەوایان لێ دەکات قبوڵی گۆڕانکاری یان وەرگێڕان لە یەکێکیان بۆ ئەوی دی بکەن، ئەویش بەسەرکەوتنێکی ڕێژەیی، بەڵام

زۆرپێویست نییە کە ئەم توانا بگۆڕیە یان وەرگێڕیە لەنێوان گەیاندنی دەرەکی و ناوخۆیی لەلای ئاژەڵان دەربکەوێت.

زانای ئەمریکی خاتوو(گرین) پوختەی ئەم جیاوازییەمان دەخاتە ڕوو ، کە لەنێوان بیرکردنەوەی مرۆڤ و بیرکردنەوەی ئاژەڵدا هەیە ، کە دەڵێ: تاکە شتێك کە هیچ ئاژەڵێك تاکو ئێستا نەیتوانیوە بیکات ئەوەیە کە لە تاقیکردنەوەیەکی بۆ نموونە دەروونناسیدا دەربچێت و بەو ئاژەڵەی دی کە لە ریزەکەدا وەستاوە (بۆ نموونە گەر مەیموون بێت ئەو ئاژەڵە) و پێی بڵێت: لەم هۆدەیەدا زانایەکی شێت هەیە و مۆزێکت دەداتێ ، گەر توانیت شتێکی جودا لە کۆمەڵە شتێکی دی جودا بکەیتەوە ،لە تێکڕای ئەو شتانەی کە نیشانت دەدات[41].

## حەوتەم: ئایا هیچ سنوورێك بۆ بیرکردنەوە هەیە؟

تواناکانی هۆشیاری و وزەکانی درك کردن لای مرۆڤ سنووری هەیە، بۆیە مەحاڵە بتوانین وێنەیەکی بازنەیی و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ ئەو گواستنەوە خێرایەی نێوان وێناکردنی شتێکی بازنەیی و شتێکی دی چوارگۆشەیی لە خەیاڵدا جودایە، بگرە جوداشە لەگەڵ وێناکردنی شکڵێکی چوارگۆشەیی کە لەسەر شتێکی بازنەییدا دانرابێ[42].

(جاحین) پەرتوکێکی هەیە بەناوی ((التربیع والتدویر)) و تیایدا باسی ئەوە دەکات کە شکڵی چوارگۆشەیی و بازنەیی لەیەك کاتدا بوونی نییە، و بگرە ناشتوانرێت هەر بیری لێ بکرێتەوە. ئایا دەتوانین (ڕەگی ـ ا) (ڕەگی لێکدانی ژمارەی کەم یان سالیب یەك) لەبیرماندا بنەخشێنین، بەڕاستی چەمکگەلێك هەن کە خەیاڵئامێزن و لە واقعدا بەرجەستە ناکرێن. ئایا دەتوانین هەسارەکانی ئاسمان کە سێ ملیار ساڵی تیشکی لێمانەوە دوورن لەخەیاڵماندا وێنا بکەین، یەك ساڵی تیشکیش دەرەنجامی سێ سەدو شەست و پێنج جاران کردنە بە (24) کاتژمێر و شەست خولەك و شەست چرکە بەسێ سەد هەزار کیلۆمەتر ـ کە خێرایی تیشکە لەیەك چرکەدا ـ ئەوجا ئەم دەرەنجامەش بەسێ ملیار جاران دەکەین[43]،ئیتر ئایا دەتوانین کە وێنای زیاتر





لەسەد هەزار ملیۆن هەسارەی ئەستێرەکان بکەین کە هەریەکەو یەك ملیۆن خۆری لەگەڵ چەندەها ئەستێرەی دی تیادایە[44].

ئایا دەتوانین وێنای ژمارەی ئەو وردیلانە بکەین کە لەیەك گرامی گازی هایدرۆجیندا هەیە کە (600) هەزار ملیار ملیار وردیلەیە ؟

ئایا دەتوانین لە خەیاڵماندا وێنای ژمارەی ئەو فریشتانە بکەین کە لە کەعبەدا پەرستش دەکەن، کە ژمارەیان دەگاتە (70) هەزار و ڕۆژانە دەردەچن و ناگەڕێنەوە، ئایا ئەو فریشتانە ژمارەیان لە هەزار ساڵ یا یەك ملیۆن ساڵدا چەندە ؟

ئایا کەسێك لەئێمە هەیە بتوانێ لەخەیاڵیدا(22.000) گالۆن خوێن ڕۆژانە وێنا بکات ،واتە (8030.000) گالۆن لەساڵێکدا ، واتە (481.800.000) گالۆن لە (60) ساڵدا، کە کێشەکەی نزیکەی (345.000) تۆنە؟ دڵ دوو ملیار و دووسەدو (7) ملیۆن و (25) هەزار ترپە لەساڵێکدا لێ دەدات؟ ئایا دەتوانین لە خەیاڵماندا ژمارەی بۆریچکە هەواییەکانی سینەی مرۆڤ وێنا بکەین ، کە دەگاتە زیاتر لە (370) ملیۆن بۆریچکە ، کە لەماوەی کاتژمێرەکانی ڕۆژێکدا، مرۆڤ (180) مەترچوارگۆشەیی هەوا لەهەناسەداندا بەکاردەهێنێت؟ لەمەشەوە وزەیەکی ئەوتۆی بۆ دەستەبەر دەبێت کە دەگاتە هێزی بەرزکردنەوەی شەمەندەفەرێك بۆ بەرزی دوومەتر؟

هەروەها مرۆڤ دژوارییەك لە خەیاڵکردنی شتە بێ سەروبنەکاندا دەبینێت چ لەڕووی ژمارە و چ لەڕووی گەورەییەوە ، بەهەمان شێوەش خەیاڵکردنی شتە زۆر زۆر بچووکەکان یان وێناکردنیان زۆر سەخت و دژوارە، بۆ نموونە (میللی میکرۆن)، کە دەمانەوێ لە سنوورەکانی دەرك کردنماندا نزیکی بکەینەوە ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە (میللیمەتر) یەك بەشە لەهەزار بەشی یەك مەتر، کەچی (میکرۆن) یەك بەشە لەهەزار بەشی، بەشی کۆتایی ئەو مەترە.

کەواتە یەك میکرون دەکاتە یەك لەسەر ملیۆنی یەك مەتر کەچی (میللی میکرۆن) بەشێکە لەیەك ملیاری یەك مەتر[45].

ئایا خەیاڵی ئەوە دەکەین کە جوڵەی بەشێك ووردیلەیەك پێویستە هەزارجار واتە لەخێرایی یەك لەسەر ملیۆنی توێی یەك بلیۆنی چرکەیەکدا خێراترو پەلەتر بێت، ئەم کاتە دیاری کراوەش بەناوی (فامتوسکند) ناسراوە، ئایا دەتوانین پەیوەندی ئەم (کات)ە، بە چرکەیەکەوە خەیاڵ بکەین وەکو پەیوەندی یەك چرکە بە (32) ملیۆن ساڵ[46].

جا هەمبەر ئەم ڕاستەقینانە پێویستە یادی ئەو ئایاتەی قورئان بکەین ،کە دەفەرمووێت: ((سنریهم آیاتنا في الآفاق وفي أنفسهم)) ئایەتی(53)لە سورەتی(فصلت).

هەروەها لەبەر کەم و کورت بوونی هەست و دەرکمان بەم شتانە، ئێمەی موسوڵمان پێویستە لەسەرمان بیر لەدروست کراوەکان بکەینەوە ،نەك لەخودی زاتی خودا، چونکە ئاوەزومێشکی مرۆڤایەتی ناتوانێت پەی بە زاتی خوداوەند بەرێت و دەرکی بکات، بۆیە لە ئیسلامدا نابێ پرسیار دەربارەی زاتی خودا بکرێت ، چونکە خودی خوا لە سنوورەکانی ئاوەزومێشکی مرۆڤ مەزنترو گەورەترە، گەر مرۆڤ مێشکی خۆی لەو مەسەلەیە وەربدات ئەوا ناگاتە دەرەنجامی بەسوودو لەو جیهانەدا گوم دەبێ، هەروەکو منداڵێك گەر کەشتیەك لە کاغەز دروست بکات و بەهۆیەوە بیەوێ بەئۆقیانووسدا گوزەربکات.ئیسلام لەهەموو عەقیدەو بیروباوەڕێك زیاتر ڕێزی لە عەقڵی مرۆڤ ناوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سنووری دیاری کراوی بۆ عەقڵ داناوە، لەدونیای پەنهان و غەیبیشدا موسوڵمان پەنا ناباتە بەر عەقڵ بۆ بەڵەدبوون بەو جیهانە ، بەڵام پەنا دەباتەبەر سروش و زانیارییەکان و لەوێوە وەردەگرێ و پەسەندی دەکات: جگە لەوەی کە باوەڕ بە پێغەمبەر (ص) دێنێت، کە ئەو سروشەی بۆ دابەزیوە.خودای گەورە دەفەرموێت ((لا تدرکە الابصار وهو یدرك الابصار وهو اللطیف الخبیر)) ، هەروەها دەفەرموێت (لیس کمثلە شيء) ئایەتی(103 ـ 104)لە سورەتی الأنعام .





هەروەها ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەفەرموێ: باس لە دروست کراوەکان بکەن کە خودا دروست کردوون و لەخوا خۆی بیرمەکەنەوە، چونکە قسەکردن دەربارەی خودا زیاتر مرۆڤ حەیران دەکات.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: بیر لەخودا خۆی مەکەنەوە و تەنها بیر لە سیفەتەکانی خودا بکەنەوە، لە ئەبو هورەیرەوە (ر. خ) ریوایەت کراوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: خەڵکی هەر پرسیار دەکەن و پاشان دەڵێن: خودا هەموو دروستکراوەکانی دروست کردووە، ئەی کێ خودای دروست کردووە؟ هەرکەسێك ئەم حاڵەتەی لەخۆیدا بەدی کرد با بڵێ: باوەڕم بەخودا هێنا.

جا پرسیارکردن لەوەی کە کێ خودای دروست کردووە ، بەخۆی هەڵەیەکی گەورەیە، واتە گوزارشتێکی نازانستیانەیە، چونکە گەر بڵێین کێ خودای دروست کردووە ، ئەوا دەبێ ئەو گریمانەیە بکەین کە یاساکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر خواش پراکتیزە دەکرێ ، ئێمە دەزانین کە ماسی لەناو ئاودا دەژی و هەناسەش تیادا دەدات ئەمەش یاسای تایبەتی ژیانی ماسییە، دەشزانین کە باڵندەکان لە ئاسماندا دەژین و لەهەوادا دەفڕن ،ئەمەش یاساو ڕێسای خۆیانە، جا گەر ماسییەك لە ماسییەکی دی بپرسێ بۆچی پەلەوەر و باڵندەکان وەکو ئێمە لە ئاودا ناژین؟ ئەم پرسیارە هەروەك ئەو پرسیارە وایە کە دەڵێ خودا دروست کراوەکانی دروست کردووە، ئەی کێ خودای دروست کردووە؟ کەواتە پێویستە موسوڵمان دەرك بەوە بکات کە هەموو دروستکراوێك یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی لە گەردووندا هەیە، یەکێك لە سیفەتە جیاکارەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە بەلەدایکبوون پەیدا دەبێ، بەڵام خودا نە لەدایك بووەو نەدەشزێ[47].

پێشووش ئاماژەمان بەوەدا کە زمان زۆرجار وا ڕێك دەکەوێ کە بیرکردنەوە ئاسانتر بکات، ئەویش لەڕێگای بەتواناکردنی وردەکارییەکانی و درێژکردنەوەی، کەچی زمان بۆی هەیە هەندێك جار ببێتە لەمپەرێك بۆ بیرکردنەوەی ڕێك و ڕەوان و مرۆڤ بەرەو گومراهی و هەڵە پەلکێش بکات، با ئێستاش بۆ نموونە بڕوانینە ئەم گفتوگۆ هەڵەیە کە بەدەستکارییەوە لە (لانجاکار)ەوە[48] وەرگیراوە:

(ئەیمـەن) بـەدوای ئـاژەڵی (وەحیدقـەڕن)دا دەگـەڕا، جـا گـەر ئەیمـەن بـەدوای ئـەم ئاژەڵەدا بگەڕێ، کەواتە وادیارە (وەحیدقەڕن) ێك هەر هەیە.

کەواتە بـەلای کەمیـەوە یـەك ئـاژەڵی (وەحیدقـەڕن) هەیـە، ئەمـەش دەرەنجـامێکی هەڵەیە چونکە (وەحید قەڕن) ئـاژەڵێکی ئەفـسانەییەو بـوونی نییـە، هیـچیش مـەرج نییە کە هەر ئاژەڵێك مرۆڤ بەدوایدا بگەڕێ بوونی هەبێ.

(ئەحمەد عەبدولموعتی حیجازی) ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە لەبەکارهێنانی زمانـدا ڕاستییەکان ناپێکین و بابەتیانە زمـان بـەکارناهێنین ، نموونەیـەکیش دەهێنێتـەوەو دەڵێ لەساڵی (1948) کاتێك کە فەلەستینمان دۆڕاند، ناومان نـا (شکـست) ، واتـە بەچەرخی شکت هێنـان زەمانمـان لکانـد، دۆڕانـدنی (1967) شمـان بـە (شکـست) ناوزەدکرد[49]، جا لەو قسە نوکتە ئامێزانەی کە لە گفتوگۆی هەڵەدا بـەکاردەهێنرێت ئەوەیە جارێکیان یەکێك چووە لای دکتۆرێك و پێی وت کە گـەڕووی زۆر ژان دەکـات، دکتۆرەکـەش بـەوە ئامۆژگـاری کـرد کـە شـتی زۆر سـوێر یـان زۆر شـیرین بخـوات، نەخۆشـەکەش وەلامـی دایـەوەو وتـی ئایـا تـۆ دەتـەوێ قەناعـەت بـەمن بێنیـت کـە خواردنی سوێر و شیرین وەك یەکـە، ئـەم وڕێنەیـە چییە؟ دکتۆرەکـەش لێـی پرسـی وتی ئایا تۆ زیندوویت، نەخۆشەکە وەلامی دایەوەو گوتی بەڵێ مـن زینـدووم، پاشـان دکتۆرەکە لێی پرسی ئایا سەگ زیندووە؟ نەخۆشەکە وتی بەڵێ سـەگیش زینـدووە؟ جا کرۆکی مەبەستەکە لێرەدا دیارە و پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر ناکات.

هەشتەم: ئایا منداڵی تازە لەدایکبوو یان کۆرپەلە لەناو سکی دایکیدا بیردەکاتەوە؟

پێش نیـو سـەدە کـەس لـەو بـاوەڕەدا نـەبوو ، کـە منـداڵی تـازە لـەدایکبوو توانـای بیرکردنەوەی هەیە، بەڵام پێش نزیکەی چل ساڵ زانستێکی تازە سـەری هەڵـدا ، کـە تایبەتە بە توێژینەوەی هەموو ئاکارەکـانی منـداڵی شـیرەخۆر، پـسپۆر و توێـژەرانی ئـەم زانـستە گەیـشتوونەتە ئـەو دەرەنجامـەی کـە منـداڵی شـیرەخۆر توانـای بیرکردنەوەی هەیە[50].

پرۆفیسۆر (روجیە لوکیە) کە زانایەك و توێژەرێکی تاقیگەی دەروونناسـی منداڵـە لـە پاریس ندەڵێ: پێش ئەوەی بڵێین کە منـداڵ لـەکاتی لـەدایك بوونیـدا بیردەکاتـەوە، پێویستە بگەینە ئەو شتانەی کە منداڵ بیری لێ دەکاتەوە، مەسەلەیەکی ئاساییە کـە منداڵ ڕاستەوخۆ پاش لەدایکبوونی دەنگی دایکی دەناسێتەوە، چونکە کۆرپـەلە هەر لەمانگی پێنجەمدا و لـەناو ڕەحمـی دایکیـدا دەنگـی دایکـی گـوێ لێ دەبـێ، کەواتـە منداڵی شیرەخۆر گوێی لە دەنگ دەبێ، و چێژی شیری دایکیـشی دەکـات و لـەزەتی لێ وەردەگرێ، دەست بۆ شمەکی دەوروپشتی خۆی دەبات، شتێکیشی بـەدڵ بێـت، بۆ ماوەیەکی زۆر لەدەستیشدا دەیهێڵێتەوە[51].

هەروەها (رینییە بابا رجـون) کـە لـە (کیبیـك کەنـەدا)دا توێـژەرە ،دەڵـێ منـداڵ لـە تەمەنی پێنج مانگیەوە خاوەنی پڕەنسیپە سەرەکییەکانی زانستی فیزیایـە، چـونکە هیچ شتێك ئـەو قەناعەتـەی لـەلا دروسـت ناکـات کـە بەهەڵواسراوی بمێنێتـەوە یـان بەشێوازێك هەڵبگیرێت کە هەست بە خەتەرناکی بکات، لەبـەر ئـەوە بـەزووترین کـات دەست بەو کەسەوە دەگرێت کە هەڵی گرتووە[52].

پسپۆڕانی ئەم زانستە تازەیە کە بەشێکە لـە زانـستی دەروونناسـی پێیـان وایـە کـە یەکـەم ئـەو دەنگانـەی کـە منـداڵ گـوێی لێ دەبـێ، لەیادیـدا تۆمـار دەبـێ و بـەهیچ شـێوەیەك ناسـڕدرێتەوە، هــەروەك بڵێـی کــە لەســەر کاسـێتێکی موگناتیـسی کۆمپیوتەردا تۆمارکرابێت[53]. مرۆڤیش بەرامبەر بەم شتە دەتوانێ ئـەو بانگـەی بـیر بکەوێتەوە کە لەکاتی لەدایك بوونیدا بە بەرگوێیدا دەخوێنرێت، ئـەم شـتەش زانایـان تەنها (40) ساڵە زانیویانەو ئاگایـان لێیـە، کەچـی پێغەمبـەر (د.خ) (14) سـەدەیە بەهۆی سروشی خوداوە ئەم ڕاستەقینەیەی زانیوە.

زانایان تـەنها هەر توێژینەیان لەسەر بیرکردنەوەی منداڵی شیرەخۆر ئـەنجام نـەداوە، بەڵکو هەوڵیان داوە ڕادەی زیرەکـی کۆرپەلـەش بپێـون، و توانـای مێـشکی منـداڵ و کۆرپەلەکە بخەملێنن، هـەروەها چـەند زانایـەکی ناوەنـدی توێژینـەوەی ئاکارەکـانی کۆرپەلـە لـە زانکـۆی کـوینز لـە بەلفاسـت لـە ئێرلەنـدا بـە بـەردەوامی کۆمەڵـە کۆرپەلەیەکیان لەژێر چاودێریدا داناوە، پـاش ئەنجامـدانی چـەند تـاقی کردنەوەیـەك بەسـەر ئـەو کۆرپـەلانـە ، کاتێـك کـە لـە سـکی دایکیانـدا بـوون، ئـەم تاقیکردنەوانـە چەندەها جۆری گرتەوە ،وەکو بەخشینی هۆشیارکەرەوەی دەنگـی وەکـو مۆسـیقا،

ئەو زانایانە تێبینیان کرد کە کۆرپەلەکان کاردانەیان بەرامبەر بەم دەنگانە هەیە، ئەویش بە گۆڕانکارییەکی زۆر سووك لە لێدانی دڵ، ئەمەش زانایان بەشێوەیەکی بەرایی شێوەکانی فێربوونی لە قەڵەم دەدەن[54].

پرۆفیسۆر (پیتەر هیبر) کە سەرۆکایەتی ئەم گروپەی توێژەران دەکات ،جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆرپەلەی مێینە تواناکانیان باشترە لە کۆرپەلە نێرینەکان، بەو مانایەی کە کۆرپەلەی مێ توانای لەبەرکردنی هەر زانیارییەکی هەیە کە پێشی کۆرپەلە نێرەکە پێی ببەخشرێ، ئەویش بەپێی چەند تاقیکردنەوەیەك کە بۆ ماوەی (24) هەفتە بەردەوام بوو. مەبەستمان لە ئەزبەرکردن لێرەدا ئەوەیە کە هەرکاتێك دەنگە هۆشیارکەرەوەکان دووبارە بکرێنەوە ، ئەوا کۆرپەلەکان لەکاردانەوە دەوەستان، ئەمەش مانای وایە کە کۆرپەلە زانیارییەکەی وەرگرتووە یان ئەزبەری کردووە و ئامادەی گوێ لێ بوونی دەنگی دیکەیە[55].

هەرچەندە زۆربەی زۆری زانایان و توێژەران کۆکن لەسەر ئەم بیروڕا زانستیە تازانە، کەچی هەندێك لە زانایان ڕەتی دەکەنەوە، بۆ نموونە وەکو (باسکال برونکسی) کە بیرۆکەی بیرکردنەوەی منداڵی شیرەخۆرە پەسەند ناکات و دەڵێ منداڵ تەنها هەست دەکات و هیچی تر، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بیرناکاتەوە ، چونکە زمان نازانێت و مرۆڤایەتی مرۆڤیش لەزمانەوە دەست پێ دەکات، و هیچ بیروڕایەکی ڕاستەقینەش بەبێ وشە دروست نابێت[56].

هەروەها (باسکال) قسەیەکی تریشی هەیەو بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە زۆری تێ ڕامێنین و دەڵێ: لە ئیقباڵ چاکی مرۆڤدایە کە هەرچەندە مرۆڤایەتی لە زانستدا پێش بکەوێت ئەوا ئەم قۆناغەی منداڵی هەر تەمومژاوی دەمێنێتەوە و زانایان ناتوانن هەموو نهێنییەکانی بدۆزنەوە[57]. ئەم قسەیەش بیری ئەو ئایەتەمان دەکاتەوە ، کە دەڵێ (وما أوتيتم من العلم الا قليلا)(الاسراو: 85)، ئەو ئاماژەیەی بەرایی قسەکەش کە دەڵێ لەخۆشبەختی مرۆڤدایە کە هەندێك شت وەکو رازو مەتەڵ بمێنێتەوە، ئەم گوزارشتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە توێژینەوەش سنووری خۆی هەیەو هەروەك





چۆن بیرکردنەوەو عەقڵ و مێشکیش سنووری خۆیان هەیەو نابێ ببەزێنرێن هەروەکو لەپێشدا ئاماژەمان بۆ کرد.

نۆیەم: ئایا زمان و بیر لەلای ئافرەت و پیاو جیاوازیان هەیە، ئێستاش کورتەیەکی ئەو دەرەنجامە تازانە دەخەینەڕوو کە زانستی مێشك یان زانستی توێژینەوەی مێشك پێی گەیشتووە، ئەم دەرەنجامە زانستیانە لەگۆڤاری (نیوزویك) (Newsweek) دا بڵاوکراوەتەوە کە لەسەر غیلافەکەی بەمانشێتی سەرەکی نووسرابوو: (زانستی تازەی مێشك) لەگەڵ ناونیشانێکی لاوەکی دیکە کە لەسەر شێوەی پرسیارێکدابوو ، بەم شێوەیە نووسرابوو: بۆچی پیاوان و ئافرەتان بیرکردنەیان جیاوازە ؟

زانا ئەمریکییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مێشکی پیاو و مێشکی ئافرەتدا هەیە ، لەبەرئەوە هەردووکیان بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە، زانایان گەیشتنە ئەم دەرەنجامە پاش ئەوەی دەستیان کرد بە توێژینەوەی مێشکی زیاتر لەهەزار پیاو و هەزار ئافرەت ئەویش بە بەکارهێنانی ئامێری وێنەگرتنی (بواری کردەی هاتوچۆی دەمارەکانFMRT و ئامێری ئەشیعەی موگناتیسی ئەتۆمی PET لە هەموو قۆناغەکانی بیرکردنەوە و یادکردن و فێربوون و هەست و سۆزەکاندا.

هەروەها پرۆفیسۆر (ریچارد هێر) لە زانکۆی کالیفۆرنیا و پرۆفیسۆر (روبین جۆن) لەزانکۆی بەنسلڤانیا کە سەرپەرشتیان کردە سەر یەکەم توێژینەوەی زانستی لەو جۆرە، گەیشتنە ئەم دەرەنجامە زانستیانە:

ـ مێشك بەهیچ شێوەیەك ماوەیەکی زۆر سست نابێت و لەبیرکردنەوە ناکەوێت ، هەرچەندە مرۆڤ بە ئەنقەستیش بیەوێ مێشکی خۆی سست بکات.

ـ لەکاتی حەوانەوەدا پیاو بۆ نموونە بیر لەکارەکەی یان بیر لە تۆپانێ دەکاتەوە، کەچی ئافرەت بیرکردنەوەی بە ئاڕاستەی هۆنینەوەی وشەکان ڕێچکە دەکات.

ـ پیاوان بەشی چەپی مێشك بەکاردەهێنن، کە تایبەتە بە زمان ، کەچی ئافرەتان هەردوو بەشی ڕاست و چەپ بەکاردەهێنن ئەوەش زانراوە کە بەشی ڕاست تایبەتە بە سۆز، کە ئەمەش نهێنی سۆزداری ئافرەتان شرۆڤە دەکات.

ــ ئافرەتەکان توانایان بۆ ئاوێتەکردنی زمان بەسۆزەوە زیاتربوو ،کە بووە یارمەتیدەرێك بۆیان کە گوزارشت بکەن و ئەو وشانە بەکاربێنن کە گوزارشت لەو شتانە بکات و لە دەروونیاندا پەنگی خواردووە.

ـ بەشی چەپی مێشك تایبەتە بە قسەو تواناکانی زمان و چەند دەستەیەك دەمار لەمێشکی ئافرەتدا زیاتر لەمێشکی پیاو تیادا بەدی دەکرێت، ئەمەش یارمەتیدەرێکە بۆ ئافرەت کە لەپیاو گوزارشت باشتر بکات.

لە تاقی کردنەوەیەکی تریشدا کە خاتوو (لۆرا ئالان) و (رۆجەر جورسکی) لەسەر (146) پیاو و ئافرەت ئەنجامیاندا ، ئەم دەرەنجامانە دەرکەوتن:

ـ بەشی چەپی مێشك لەلای پیاو ئاگای لەبەشی ڕاستە نییە، بە پێچەوانەی مێشکی ئافرەت کە وتووێژێکی دەمارگیری واتە لەگوزەرگای دەمارەکانەوە هەمیشە لەنێوان چەپ و ڕاستی مێشکیدا گفتوگۆیەك ئەنجام دەدرێ.

ـ مێشکی ئافرەت لەهۆدەیەك دەچێ، بۆیە دەتوانێ کە خۆی لەسەر یەك بابەت چڕ بکاتەوەو بەتوانایەکی بالا جەخت بکاتە سەر یەك بابەت، بەم شێوەیە مێشکی ئافرەت دەسکەوتێکی زۆر دەستەبەر دەکات، بەلام مێشکی پیاو وەکو خانوویەکە و دابەشکراوەتە سەر چەند هۆدەیەك و لەهەر چالاکییەك بەشێك وەردەگرێ.

توێژینەوە نوژدارییەکان سەلماندوویانە کە هۆرمۆنەکانی ڕەگەز کاریگەریەکی زۆری بەسەر جیاوازییەکانی مێشکدا هەیە چ لەلای پیاو چ لەلای ئافرەت، ئەم هۆرمۆنە ڕەگەزیانە وا لەپیاو و ئافرەت دەکەن کە هەریەکەو بەشێوەیەکی جیاواز مێشك بەکاربهێنن، بەلام دەروونناسی ئەمریکی (مارك بریدلس) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەشەکانی مێشکی مرۆڤ گرژ دەبێت یان گەشە دەسێنێت ، ئەویش بەپێی ئەو ئەزموونە کۆمەلایەتییانەی کە لە مامەڵەکردنەوە مرۆڤ فێری دەبێت، لەبەرئەوە کردە و ئاوێتەبوونە کۆمەلایەتییە ئالۆزەکان بەشداری دەکەن لە بەرەوپێشڤەبردنی دەزگای دەماری مرۆڤ لەپاشانیشدا بەشێکی دیاری کراوی مێشك یان گەشە دەسێنێت یان گرژدەبێتەوە.





هەروەها ئەو مامەڵەیەی کە کەسێك لە دەورووپشتی کۆمەلایەتییەوە بەرامبەر ئەنجام دەدرێ بۆ پیاو بۆ ژن جیاوازە ، ئەمەش کاریگەری بەسەر پێشڤەبردنی مێشکی مرۆڤەوە هەیە.

جا گەر لە هەندێکی ئەو جیاوازییانە ڕامێنین و لەو دەرەنجامانە وردبینەوە کە سەلماندویانە ، ئافرەت توانایان بۆ ڕوونکردنەوەی هەست و سۆز زیاترە، بەتایبەتی سۆزی غەمگینی و نیگەرانی، و تواناشیان لەسەر ئەوەش هەیە ، کە زووتر لەو بارە غەمگینییە دەربچن، ئەوکاتە دەزانین کە ئەو جیاوازیانە شتەکان یەکانگیر دەکەن زیاتر لەوەی جودایان بکەنەوە، سوودبەخشیش دەبن زیاتر لەوەی کە زەرەرمەندبن ئەوساتە وەختەش ئەم ئایەتەی قورئانمان بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێ:((ومن أياته أن خلق لكم من انفسكم أزواجاً لتكنوا اليها وجعل بينكم مودةً ورحمة))(الروم: 21).

دەیەم: کۆتایی

ئەمرۆ دیاردە جیهانییەکانی زمان (بەمانای ئادگارە هاوبەشەکانی زمانە جۆراوجۆرەکان) ، گرنگی زیاتری پێ دەدرێت وەك لەتیۆری (وۆرف) کە بەناوی (ڕێژەی زمانەوانی) ناوزەد دەکرێت، کە پێشوتر ئاماژەمان پێدا، هەروەها زمانەوانی ئەمریکی ناسراو (نەعۆم چومسکی) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە (وۆرف) زیاد لە پێویست گرنگی بە پێکهاتەو بونیادە ڕووالەتییەکانی زمان داوە، کەچی لە ئاستە دوورو قوڵەکانیاندا زمانەکان لەیەکدی دەچن و کەمتر جیاوازیان هەیە، (ئەمەش مانای ئەوە نییە کە زمان و ڕۆشنبیرییە هەمە جۆرەکانمان لەیاد بچێت،چونکە لەوانەیە کاریگەری گرنگییان بەسەر ئاکارو ڕەفتاری مرۆڤدا هەبێ).

کاکڵەی مەسەلەکە ئەوەیە قسەکەرانی زمانێك لەوانەیە باشتر بیر لەهەندێ شت بکەنەوە، چونکە زمانەکەیان ئاسانکاریان بۆ دەکات. جا زمانەوانی ئەمریکی (چارلز هوکیت) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ،کە زمانەکان لەوەدا جیاوازنین ،کە دەتوانرێ چی پێ بوترێ ،بەڵکو زیاتر لەوەدا جیاوازن کە چ شتێك ئاسانترە پێی بدرکێنرێت.کەواتە جیاوازی زمانەکان لە تواناکانی گوزارشت کردندا نییە، بەڵکو زیاتر لەوەدایە کە بە کردەوە گوزارشتی لێ دەکرێت و لەوەشدایە کە پێویستە گوزارشتی لێ بکات، واپێ

دەچێ ئەركە سەرەكییەكانی زمان ،هەموو زمانەكان ئەدای بكـەن، وەكـو بەخـشینی زانیـاری و رەتكردنــەوەی و ئاڕاســتەكردنی پرســیارو فــەرمان دەركــردن و هتــد... هەروەك ئەوەی كە مرۆڤایەتی هەموو ڕێك كەوتوون لەسەر چـەند سـەلمێنراو و چـەند چەسـپاوێك كـە كـردەی بیركردنـەوە كـۆنترۆڵ دەكـەن، بـۆ نموونـە كـورتترین مـاوە لەنێوان دوو خاڵدا هێڵێكی ڕاستە كە گەیەنـەربێت لەنێوانیانـدا، و بەشـی كـەمترە لـە گشت و هەردوو ئەو نرخەی كە هەر یەكێكیان دەكەنە نرخێكی سـێیەم ، یـەك ڕێـژەو یەك ئاستن و ئیتر بەمشێوەیە.

لەوانەشە بوونی حاڵەتی وەرگێڕان لەنێوان زمانە هەمەجۆرەكانـدا ئاماژەیـەك بـێ بـۆ بوونی شـارەزاییەكی گـشتی بـەو جیهانـەی كـە هـەموو مـرۆڤ تیایـدا هاوبەشـن، ئـەم شارەزاییەش سەربەخۆیەو پەیوەندی بە زمانە تایبەتەكەیانەوە نییە ، كە گوزارشتی لەو شارەزاییە پێ دەكەن.

كورتەی قسە دەڵێین كە ڕووەكانی لێكـچوون لـەڕووەكانی جیـاوازی زیـاترن لـەبواری چۆنێتی دامەزراندنی تیـۆری زمانەوانیـدا ، ئـەویش بـە ئامـاژەكردن بـۆ چـەمكەكان، چـونكە ئـەم چـەمكانە دەرەنجـامی ئاوێتـەبوونی كۆمـەڵگاكانی مرۆڤایـەتین لەگـەڵ ژینگەی سروشتی و كۆمەڵایەتیدا كە هەموو شوێنەكانی جیهان لەو بوارەدا وێكـچووی یەكن، تەنانەت لە حاڵەتی بوونی چەند جیاوازییـەك ئـەوا زیرەكـی و هۆشـیاری مـرۆڤ بەسە بۆ تێگەیشتنی و چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە لێوەی پەیدا دەبن.





## پەراوێزەكان:

1ـ بڕوانە: الزبیدی، تاج العروس.

2ــ هـەمان سەرچـاوە و المعجـم الوسـیط، مجمـع اللغـة العربیـة بالقـاهرة، الطبعـة الثانیـة، 1972.

3ـ محمد على الخلولي، معجم علم اللغة النظري، مكتبة لبنان، 1982.

4ـ هەمان سەرچاوە .

5ـ المعجم الوسیط.

6ـ احمد شوقی رضوان، عثمان بن صالح الفریح، الریاض: عمادة شـؤن المكتبـات ـ جامعـة الملك سعود ، الطبعة الثالثة 1411 هـ (1991) ، ص7.

7- Dan 1. slabin، Psycholinguistics، Glenview، lllinois: Scott Foresman and co، 1961، p. 99.

8ـ جودیث جرین، التفكیر واللغة، ترجمـة عبـدالرحمن عبـدالعزیز العبـدان، الریـاض: دار عـالم الكتب، 1410هـ (1990) ص111.

9ـ هەمان سەرچاوە ، ص113.

10ـ هەمان سەرچاوە ، ص119.

11ــ عبـدالعزیز محمـد الـذكیر، الـتفكیر بـصوت مـسموع. جریـدة الریـاض، 1416/1/3 هــ (1995/6/1)، ص8،ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە منداڵ چ كچ یا كـوڕ پـێش تەمـەنی شـەش سـاڵان ، بـرادەر لــە تەمــەنی خۆیــان پەیــدا دەكــەن ، بــەڵام لــە خــەیاڵ ئــەو نــاوە بــۆ برادەرەكانیان دادەنێن كە خۆیان خۆشیان دەوێت ، و زۆربەی كاتەكانیش بۆ پرسـیاركردن ، پـرس بـەو بـرادەرە دەكـەن و هەوڵـدەدەن كـە ئـەو ڕازی بكـەن .ئـەو بـرادەرەش دەبێتـە بەشێكی گرنگ لە ژیانی ئەو منداڵە .

12ـ احمد شوقی رچوان، عیمان بن صالح الفریح، هەمان سەرچاوە،ص6.

13ـ هەمان سەرچاوە .، ص(7 ـ 8).

14- Slobin ، op . cit. pp 116- 117.

15- Ronald w. Langacker ، Language and its structure san Diego; Harcourt Brace Jovanovich، Publishers Second Edition، 1973، p. 36.

16ـ جرین، هەمان سەرچاوە ، ص116.

17- Slobin، op. cit .P. 100.

18- John B. Carroll . Language and Thought Englewood cliffs ، New Jersey; Prentice Hall Inc. 1964، p. 76.

19- Langacker، op. cit. p. 37.

20- Slobin op . cit. P. 100.

21ـ احمد عبدالمعطي حجازي، علموا الاولادكم الشعر، الأهرام 14/ 6/ 1995م، ص16.

22- carrol، op. cit. P . 95.

23- carrol، lbid.

24- carrol، lbid.

25- Slobin، op. cit. pp. 99- 100.

26ـ جرين، هەمان سەرچاوە ، ص104.

27ـ هەمان سەرچاوە ، ص104.

28- Langacker، op. cit. p. 38.

29- Slobin، op. cit. pp. 126- 127.

30ـ باريس، مرض غريب يصيب سياح اليابان، الأهرام 24،– 12– 1992م، ص17.

31ـ احمد شوقي رضوان، عثمان بن صالح الفريح، هەمان سەرچاوە، ص7.

32ـ جرين، هەمان سەرچاوە ، ص 103،

33ـ محمد بنهان سويلم، هل تذكر الحيوانات، الفيصل، العدد205. رجب 1414 هـ – ديسمبر/ يناير 1993.

34ـ أنيس منصور، مواقف، الأهرام، 1994/1/29،ص86.

35ـ جريدة الرياض، ملحق ثقافة اليوم، الخميس (4) رمضان 1413 هـ (1993/2/25) ،ص35.

36ـ هەمان سەرچاوە .

37ـ سمير حنا صادق، مؤسسة سميثونيان ومتاحف العالم الأهرام، (1995/5/19)، ص9.

38ـ حسن ظاظا، الكشكول، سلاماً ايها القطط، جريدة الرياض، (1416/1/3)هـ (1995/6/1م)، ص26.

39ـ حسن ظاظا، الكشكول،اللسان و الادب و اللهب،جريدةالرياض، 1995/5/25،ص22.



زمـانەوانی

40– جرين ، هەمان سەرچاوە ، ص4.

41ـ جرين، هەمان سەرچاوە ، ص 103.

42- Langacker. Op. cit. p . 96.

43ـ عبدالسلام المسدى. اللغة الأداة، جريدة الرياض، ملحق ثقافة اليوم، العدد 9691، 4 شعبان 1415 (5/ 1/ 1995م) .

44ـ مصطفى محمود، السر الأعظم، دار العودة– بيروت، 102.

45ـ خالص جلبي، لو تحولت الكرة الأرضية الى قرية تضم الف شخص، جريدة الرياض، 8 شوال 1415، (1995/3/9م) .

46ـ زينب عبدالرزاق، قنبلة عملية جديدة، الأهرام، (1995/5/26) ص 3.

47ـ محمد ابراهيم، الكاتب الصحفي احمد بهجت: ذات الله تجاوز طاقة العقل، الأهرام، 1995/2/22، ص 12، محمد جواد مغنيية الله يُرى بالبصيرة لا بالبصر، الأهرام 1995/2/8م، ص12.

48- Langacker. Op. cit. p 37.

49– احمد عبدالمعطي مجازي، كلمة عن الأسماء، الأهرام 1995/11/26، ص16.

50ـ هبة الوزة، الطفل حديث الولادة يفكر ويحلم ويتفاعل ، الأهرام 1994/11/11م، ص7.

51ـ هەمان سەرچاوە .

52ـ هەمان سەرچاوە .

53ـ هەمان سەرچاوە .

54ـ الجنين يبدأ التعلم في رحم أمهِ، جريدة الرياض 1415/11/6هـ (1995/4/6)،ص34.

55ـ هەمان سەرچاوە .

56ـ هبه لوزه، هەمان سەرچاوە .

57ـ هبه لوزه، هەمان سەرچاوە .

58ـ عزت السعدني، وجعل بينكم مودة و رحمة، الأهرام، 1995/4/1، ص3.

- **ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگێڕدراوە:**

د.احمد شفيق الخطيب ، قراءات في علم اللغة، دار النشر للجامعات ، مصر، 2006 ، ص 8-34.





## زمان و بیر

فەیلەسوف و زانایان و ڕۆشنبیران لەدێر زەمانەوە گرنگیان بەپەیوەندییەکانی نێوان زمان و بیر داوەو لەم بوارەدا چەندەها بۆچوونیان هەبووە، هەندێك لەو زانایانە پێیان وایە کە زمان پەیوەندی بە بیرەوە نییە، وەکو (برگسۆن) (بڕوانە جەعفەر 1971) ئەوانی دیش پێیان وایە کە زمان و بیر لەدوو ڕەگی جیاوازوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام لەکاتی گەشەسەندنی منداڵدا یەکانگیر دەبن، وەکو (فیکۆتسکی) (بڕوانە فیکۆتسکی 1976)، هەندێك زانای تریش وتوویانە کە زمان و بیر دوو شتی جیاوازن، بەڵام پەیوەندییان بەیەکدییەوە زۆر بەهێزە، جا لەم لاپەڕانەدا ئەو بۆچوونە هەمە جۆرانە دەخەینەڕوو کە باس لە پەیوەندییەکانی ئەم دوو چالاکییەی مرۆڤ دەکەن (زمان و بیر)، هەروەها کۆشش دەکەین بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوانەی کە هەریەکەو لەو بۆچوونانە ئەنجامیان داوە پێشکەش بکەین، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەش پێشکەش دەکەین کە ئەم بیروڕایانە ڕەت دەکەنەوە.

بەهەمان شێوەش پەنا بۆ کورتکردن و پوختەکردنی بابەتەکە دەبەین، بۆ نموونە چارەسەری ئەو تیۆرەمان کرد کە دەڵێ: زمان کاریگەری بەسەر بیرەوە هەیە ، بەو ئیعتبارەی کە یەك تیۆرە، بەڵام خۆیشی لە ڕاستەقینەدا لەیەك تیۆر زیاترە، تیۆری یەکەم پێی وایە کە زمان کاریگەری بەسەر یادەوە هەیە. تیۆری دووەمیش دەڵێ زمان کاریگەری بەسەر دەرك کردنەوە هەیە، تیۆری سێیەمیش پێی وایە زمان کاریگەری بەسەر کردەکانی عەقڵ و بیرەوە هەیە، داوای پۆزش و لێبوردن لە خوێنەریش دەکەین، چونکە ئێمە گەر بێینەسەر هەموو ئەم تیۆرانە و بەدرێژی باسیان بکەین ، ئەوا ئەوکاتە ناچار دەبووین پەرتووکێکی سەربەخۆی بۆ بنووسین، مەسەلەیەکی ئاساییە کە زۆربەی ئەوانەی لەم بوارەدا بواری (دەروونناسی زمان)

توێژینەوە ئەنجام دەدەن پێیان وایە کە زمان پەیوەندییەکی بەهێزی بە بیرەوە هەیە. جا کاتێکیش کە زمان کاریگەری بەسەر بیرەوە هەیە یان بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەردووکیان دووشتی جیاوازن، پاشان کاریگەرییەکە دروست ببێ،بەڵکو پەلار بۆ ئەو دیاردانە تێ دەگرین کە بە (بیر) ناوزەدی دەکەین و جیاوازن لەو دیاردانەی کە بە (زمان)ی ناوزەد دەکەین و هیواخوازیشین کە خوێنەر ئەم مەسەلەیەی لەکاتی خوێندنەوەی لاپەڕەکاندا لەیاد بێتەوە.

## زمان و بیر یەك شتن

بافلۆف و واتسن و سکنەر بە زۆری نوێنەرایەتی ئەم بۆچوونە دەکەن، چونکە زانایان هەموو توانای توێژینەوەی بیر دەکەن، ئەویش لەبەر پەسەندنەکردنی شاردنەوە وەکو ئالیەتێك بۆ کۆکردنەوەی بەیاننامەکانی بواری دەروونناسی، (بافلۆف) پێی وایە کە زمان سیستەمێکی مەرجایەتییە و سەر بۆ یاساکانی مەرجایەتی دادەنوێنێ ، بەڵام ئاستەکەی لە ئاستی مەرجایەتی هەستی باڵاترە، بۆیە ناوی نراوە دەزگا یان سیستەمی ئاماژەی دووەم، کە سیستەمێکی داڕێژراوی پاشگەزبوونەوەی مەرجاوی هۆشیارکەرەوەی زمانەوانییە، تەنها لە تواناکانی مرۆڤیشدا حەشاردراوە و ڕووتی و گشتاندن ڕۆڵێکی گەورەی تیادا دەبینێت پاشان دێینە سەری و بە درێژی باسی دەکەین.

بەڵام لێرەدا ناتوانین ئەو تیۆرانە بەدرێژی باس بکەین، جگە لەوەی کە لە سوودمەندی ئەو هەوڵە بەگومانین، ئەویش لەبەر ئەوەی لێکچوونێکی زۆر لەنێوان بیرو بۆچوونەکاندا هەیە، لەبەر ئەوە تەنها هەردوو تیۆرەکەی (بافلۆف) و (واتسن) کورت دەکەینەوە.

هیچ تیۆریکیش لەو تیۆرانەی کە باس لە پەیوەندییەکانی زمان بەبیرەوە دەکەن، وەکو قوتابخانەی ئاکاری دووچاری تەم و مژی نەبوونە لەڕووی شرۆڤەکردنی





پەیوەندییەکانی زمان بە بیرەوە، جا بۆ ئەوەی کە هەڵوێستی قوتابخانەی ئاکاری هەمبەر ئەم مەسەلەیە دەرك پێ بکەین ، پێویستە یەکەم جار باسی هەڵوێستی لە مەسەلەی زمان بکەین و دووەم جاریش باسی هەڵوێستەکەی لە مەسەلەی بیر بکەین ، پاشان پەیوەندی هەردووکیان روون بکەینەوە.

(واتسن) دامەزرێنەری قوتابخانەی ئاکاری دەڵێت: ئەو شتەی کە مرۆڤ لە ئاژەڵان جیاواز دەکاتەوە ئەو پێشڤەچوونە بەردەوامەیە، کە لە سێ سیستەمی دابو نەریتدا لەلای مرۆڤ ڕوودەدات، کە ئەمانەن:

1- چڕی و زۆری نەریتەکانی گەروو و درکاندن و ئاڵۆزبوونیان و وردبوونیان.

2- چڕی و زۆری نەریتەکانی ناوەوەی و فرەیی سۆز و ورژانەکانی و وردبوونیان.

3- زۆری و بۆری نەریتە جوڵەییەکانی مرۆڤ و وردبوونیان.

کەواتە ئاکاری زمانەوانی ئاکارێکە بەگشتی سەر بۆ یاساکانی ئاکار دادەوێنێت ،مرۆڤ خودی ئەو ئاکارانە لە ڕێگەی مەرجایەتیەوە وەك هەر نەریتێکی دی وەردەگرێت، قسەکردن و ئاخافتن بەڕای ئاکاریەکان چەند جوڵەیەکە لەهەردوو سیەکان و گەروو و ئەندامەکانی دی دەم و ناو دەمدا ڕوودەدات و سەریش بۆ ئەو یاسایانە دادەنەوێنێت کە کۆنترۆڵی هەموو جوڵەکان دەکات، بەڵام ئاکارییەکان بیر ڕەت دەکەنەوە، بەهەمان شێوەش دان بە شرۆڤە عەقڵییەکانی دی ناهێنن، ئەوان دیاردەکان ڕەت ناکەنەوە، ئەو دیاردانەی کە ئەوانی دی بە (بیر) ناوزەدی دەکەن، بەڵام شرۆڤە شاراوەییەکانی ئەم دیاردانە ڕەت دەکەنەوە، لەبەر ئەوە (واتسن) بیر بەم شێوەیە شرۆڤە دەکات: (گوزارشتی بیرکردنەوە هەموو ئاکارە درکاوییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە کە بەردەوام دەبێت ـ واتە ئاکارە درکاوییەکە لەخوار ئاستی درکاویەوەیە subvocal ص 243، جا (واتسن) بیرکردنەوە بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات، کە ئەمانەن:

1ـ بەکارهێنانی وشەکان لە ئاستێکی خوار درکاوەکاندا ئەویش کاتێك کە نەریتە درکاوەکە بە تەواوەتی چەسپابێ، کاتێك کە پرسیارت لێ دەکەم و دەڵێم ئایا دوا وشەی فاتیحە کامەیە؟ ئەوا ئەوکاتە تۆ سوورەتی فاتیحە لەخوار ئاستی ئاخافتنەوە دەخوێنی ، پاشان وشە کۆتاییەکەمان پێ ڕادەگەیەنێت، بەمشێوەیە ئەرکێکی ئاخافتن ژێراوژێر مومارەسە دەکەیت لە پێشووتر فێری بوویت.

2ـ هەروەها بیرکردنەوە دیسانەوە لەحاڵەتێکدا بەردەوام دەبێت کە بەڕەنگاری هەڵوێستێك یان هۆشیارکەرەوەیەك دەبین، کە فێری ئەوە نەبوویێتین و کاردانەوەمان بەرامبەر هەبێ ، یان خۆمان لەسەر وەڵامدانەوەی ڕانەهێنابێ.

گەر لێت بپرسم ئایا دەرەنجامی جاران کردنی (22) بە (222) چەندە، ئەوا کردەکانی جاران کردن بەشێوەی ئاخافتن لەخوار ئاستی ئاخافتنەوە ئەنجام دەدەیت و وەڵامی گونجاو پێشکەش دەکەیت.

ئێمە لەم حاڵەتەدا وەکو ناوەڕۆك ئەرکێکی درکاوی مومارەسە دەکەین کە پێشووتر فێر نەبووین،یان ماوەیەکی زۆر بەسەر فێربوونیدا گوزەری کردبێ تاکو لەبیرکردنەوەیدا هەندێك شتمان لێ لەبیر چووبێتەوە.

3ـ لێرەدا جۆرێکی دی بیرکردنەوە هەیە،کە پێی دەوترێت بیرکردنەوەی بونیادنەرانە، یان بیرکردنەوەی نەخشەئامێز یان هەر ناوێکی دی لەمجۆرە.

جا ئەم جۆرە هەمیشە فێربوونێکی نوێی لەتوێ دەگرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەڵوێستەکە بۆ ئێمە زۆر نوێ و تازەیە، یان تۆزقاڵێك نوێیە، گریمان هەردوو چاوتم بەستیەوە و لێتم داواکرد کە سێ شتی مەعدەنی کە بەیەکە بەستراون لەیەکدیان جیابکەیتەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە وشە و چرپە و قسەکردن دادت نادات، بەڵکو پێویستە هەردوو دەستەکانت بەکاربهێنیت، تاکو کۆششێکت سەردەگرێ ئەمەش دەبێتە یەکەم کۆششی تاقیکردنەوەیەکی فێرخوازی ئاسایی، ئێمە ڕۆژانە چەندەها کێشەمان بەڕەنگار دەبێتەوەو بەفێربوون چارەسەری دەکەین، هەر بەم شێوازە





ئاکارییەکان داهێنانی شیعری شرۆڤە دەکەین، بەو ئیعتبارەی کە تاوتوێ کردن و مامەڵەکردنێکە لەگەڵ وشەکاندا تاکو لەکۆتاییدا شاعیرەکە فۆرمەلەیەکی نوێی دەست دەکەوێت، بەڵام لەوانەیە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا گەر ئەم مەسەلەیە بەم شێوازەیە، ئیدی بۆچی منیش بە تاوتوێ کردنی وشەکان نابمە شاعیر؟ لەوەڵامدا دەڵێین کە تاوتوێ کردنی وشەکان لەلایەن ئەدیبێکەوە بۆ زیرەکی و شارەزاییەکەی دەگەڕێتەوە لەو بوارەدا، بەڵام تاوتوێ کردن و چارەسەرییەکانی من بۆ وشەکان هیچ شارەزایی و لێزانینێکی نەگرتۆتەخۆ، بۆ نموونە ئەدیبەکان مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ وشەکاندا دەکەن، ئەویش لەژێر سایەی بارودۆخێکی هەڵچووناوی و فرەکردەیی ئاڵۆز، ئەو لەم حاڵەتەدا لەگەڵ وێنەکێشدا جیاوازییەکی هەیە، چونکە وێنەکێش شارەزاییەکی لەرادەبەدەری بە ڕەنگ و شێوە و ئامرازەکانی وێنە و نیگارەکان هەیە...

زاناو پیشەیەکان و بگرە داهێنانکارانیش هەروان، (واتسن) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە هەمیشە لە بیرکردنەوەدایە و دەڵێ: کاتێك کە تاکێك کاردانەوەی بەرامبەر بە هەڵوێستێك یان شتێکی تایبەت دەبێ، ئەوا ئەوکاتە هەموو جەستەی ئەو تاکە وەڵامدەری هەڵوێستەکە دەبێ،کەواتە یاد لەڕاستیدا چالاکییەکە لە چالاکییەکانی لایەنی ئاخافتن، ئەویش لە تەواوی نەریتێکی گشتی.

گەر لێت بپرسم ئایا چۆن بۆینباغێکی مل دەبەستیت، لەوانەیە وشەگەلێکی ئەوتۆت دەست نەکەوێت بۆ گوزارشت کردن لەم کردەیە، بۆیە بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەم کارە ئەنجام دەدەیت، هەر بەم شێوەیەش ئێمە زمان لە بیرکردنەوەدا بەکاردەهێنین ئەویش لە حاڵەتێکدا کە بتوانین کارە ماسولکەییە تەواوەکە بۆ ئاخافتن کورت بکەینەوە، جا کە مرۆڤ بیردەکاتەوە، ئەوا (هەموو سیستەمەکانی جەستە بەشێوەیەکی کاکڵەیی لەکاردان، ئەمەش حاڵەتی بیرکردنەوەمان بۆ شرۆڤە دەکات، کە بەبێ بەکارهێنانی وشە ئەنجام بدرێت.

ئەو بەڵگانەی کە بۆچوونی ئاکارییەکان پاڵپشت دەکات:

ئاکارییەکان پێیان وایە کە چەندەها بەڵگە ئەم بۆ چوونەیان دەسەلمێنێ، کە ئەمانەن:

1ـ یەکەم گروپی بەڵگەکان لەسەرنجدانی ئاکاری منداڵانەوە وەردەگیرێت، منداڵان بەدەنگێکی بەرز بیردەکەنەوە، بەڵام کەس و کاری منداڵەکە هەمیشە سەرزەنشتی دەکەن و پێی دەڵێن کە غڵبەو گاڵە گاڵ نەکات، کۆمەڵگاش بەشێوەیەکی گشتی سزای ئەو کەسە دەدات کە لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات، لەبەر ئەوە هەموو کەسێك هەوڵ دەدات کە کەمتر لەگەڵ خۆیدا قسە بکات، واتە وەڵامدانەوەو کاردانەوەی خۆی کاڵ بکاتەوە (واتە لە دەنگ بەرزییەوە ـ چپە ـ ئاخافتنی کاکڵەیی).

توێژینەوەش سەبارەت بە بزاوتی ماسولکەکان لەکاتی بیرکردنەوە بەبێ دەنگی ئەنجام دراوە، (جاکۆبسن) 1932 لەتوێژینەوەیەکیدا دەریخستووە کە تەوژمە کارەباییەکان بەو شێوەیەی کە (کالفانۆمیتر) پێواندویەتی، بە ماسولکەکانی قۆڵدا تێپەڕ دەبێت ئەویش لەکاتی هەڵگرتنی باری قورسدا، کاتێکیش کە توێژەر داوای لەو کەسە کرد کە تاقیکردنەوەکانی لەسەر دەکرێت، بیر لە داکوتانی بزمارێك بکاتەوە، بە لێدانی چەکوشێك بۆ دووجار، ئەوکاتە دوو (باری) یەك لەدوای یەك لەسەر (کالفانۆمیتر)ەکە دەردەکەوێت، پاشان کە توێژەرەکە داوای لەو کەسە کرد کە بەدەستی چەپەی چەکوچەکە لێبدات، هەمان ئەو تەوژمە کارەباییانە لەقۆڵی ڕاستیدا دەرنەکەوتن.

هەروەها ماکس (1937) لەو تەوژمە کارەباییانەی توێژییەوە کە بە قۆڵی کەڕولاڵاندا تێدەپەڕن، ئەوانەی کە لەکاتی خەوبینیندا دەستەکانیان لە قسەکردندا بەکاردەهێنن، ئەم توێژەرە بینی کە تەوژمە کارەباییەکان لە هەندێ حاڵەتەدا توندتر دەبن ، بۆیە کاتێك کە ئەو کەرولاڵانەی بەخەبەر کردەوە ، لێیانی پرسی ئایا خەودەبینێت، لەکۆی ژمارەی (33) جار، (30) جاریان بە (بەڵێ) وەڵامیان دایەوە،





وەکو کردەیەکی کۆنترۆڵکردنیش (62) جار لەکاتی نزم کردنەوەی تەوژمە کارەباییەکان بەخەبەریانی دەکردەوە و پرسیاری ئەیانی لێ دەکرد ، کە ئایا خەویان بینیوە یان نە، (9) جار وەڵامیان بە (بەڵێ) دایەوە ، کەچی لە (53) جارەکەی دی وتیان کە خەویان نەبینیوە، توێژینەوەیەکی پێشووتریش دەریخستووە کە ماسولکەکانی زمان و گەروو لەکاتی بیرکردنەوە دەجولێنەوە (بڕوانە هەس 1965)،هەروەها چاوەکان لەکاتی خەوبینیندا دیسانەوە دەبزوێن (بڕوانە ئۆسوالد 1962 و کینان 1970) .

ئێمەش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە و زیاتر تیشك خستنەسەری پشتمان بە بۆچوونی (واتسن) بەستووە، بەڵام ئاکارییەکانی دی زۆر جیاوازیان لەگەڵ ئەودا نییە بۆ نموونە (سکنەر) هەمان ئەو بیروڕایەی هەیە.

سکنەر سەبارەت بە مەسەلەی پەیوەندی زمان بە بیرەوە دەڵێت (ساناترین و باشترین چارەسەرییەکان ئەوەیە کە وەك ئاکارێك بڕوانینە بیرکردنەوە، چ ئەو بیرکردنەوەیە درکاو چ نادرکاوبێت، کاکڵەیی یان دیاردەیی بێت، چونکە ئەمە کردەیەکی تەم و مژاوی بەرپرسیاری ئاکارەکانە، بەڵکو جاری وا هەیە هەر ئاکارەکە خۆیەتی کە هەموو ئاڵۆزی و هەموو پەیوەندییە کۆنترۆڵکارەکانی گرتۆتەخۆ، ئەویش سەبارەت بەو مرۆڤەی کە ئاکارەکە ئەنجام دەدات و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی) (سکنەر 1957). دەشتوانین بەشێوازێکی دی بڵێین کە بیرکردنەوە ئاکارە، کە جاری وا هەیە لەوانەیە ئاکارێکی درکاوی دیار یان زۆر جار لەوانەیە کاکڵەیی بێت، لەوانەشە ئاکارێکی نادرکاوی دیاریان نادرکاوی کاکڵەیی بێت.

بەڵام (بافلۆف) لە هاوشێوەی ئەم دەسپێکانەوە دەست پێ دەکات، کە لە بنەڕەتەوە فێربوونی مەرجایەتییە، بەڵام گریمانەکانی خۆی لەسەر کارایی دەزگای دەمارگیری بونیاد دەنێت، بەتایبەتی توێکڵی مێشك، زمان سیستەمێکی ئاکارییە کە ناوی سیستەمی ئاماژەی دووەمە و لە سیستەمی ئاماژەی یەکەمی کردەکانی

گشتاندنەوە پەیدا دەبێت، واتە فێربوونی مەرجایەتی هەستی کە پێشتر لەلاپەڕەکانی پێشوودا باسمان کرد، چونکە لەپاش ئەوەی کە مرۆڤ بەمەرجایەتی فێر دەبێ، ئەوا هاوکوف کردنەکان دەگشتێنرێ، بەشێوەیەك کە وشە شوێنی هاوکوف کردنە ڕەسەنەکە دەگرێتەوە، واتە وشە دەبێتە ئاماژەی ئاماژەکە و لە بەکارهێنانی زمانەکەوە شێوازێکی دینامیکی پەیدا دەبێت، کە سیستەمێکی مەرجایەتی یان زنجیرەیەکە لە وەڵامدانەوە مەرجدارانەی کە چەند جارێك بەهەمان ڕێکخستن و بەهەمان زنجیرە ڕێکخراون، بەشێوەیەك کە تاك بە ئاسانییەکی زۆر ئەنجامی دەدات، ئەم شێوازە دینامیکیە بە بنەوانەی فسیۆلۆجی شارەزاییە ئاڵۆزەکانی زمان و توێژینەوە و کارکردن هەژمار دەکرێت... هتد.

لێرەدا دەبینین کە ڕێژەیەکی زۆری لێکتێنەگەیشتن سەبارەت بە بۆچوونەکانی (بافلوف) و یاوەرانی قوتابخانەکەی لە ئارادا هەیە،شێوازی دینامیکی زمانەوانی لە توێی سیستەمی ئاماژەی دووەمدا بونیادنراوەو لەسنوورەکانی دەرناچێت لەبەر ئەوە سیستەمی ئاماژەی یەکەم و پەیوەندییە رەگییەکانی نێوان ئاماژەکان دەستی تێوەرنادەن، لەلایەکی دییەوە هەندێك پێیان وایە کە سیستەمی ئاماژەکاری دووەم دەکاتە زمان و قسەکردن، چونکە ئەوا ئەو گریمانەیە دەکەن، کە هەر کاتێك کە تاکێك وشەیەکی دەدرێتێ ، کە دەبێتە وەڵامدانەوەی وشەکە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کارایی سیستەمی ئاماژەکاری دووەم.

هەندێکی تریش لەو باوەڕەدان کە سیستەمی ئاماژەی دووەم سیستەمی هۆشیارکەرەوەی دەمارە ، لەبەرئەوە سیستەمێکی زمانەوانییە، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان، کە وشەکان ڕاوێژی سیستەمی ئاماژەی یەکەم دەکات کە زمان مەرجێکە بۆی.

ئەم شرۆڤانە هەموو لە ڕاستییەوە دوورن، جا بۆ ئەوەی لە قسەکانی (بافلۆف) تێبگەین، دەبێ تۆزێك بە درێژی ئەم مەسەلانە باس بکەین:





یەکەم: سیستەمەکانی ئاماژەکردن چەند سیستەمێکی هۆشیارکەرەوەی دەرەکی نین، بەهەمان شێوەش سیستەمگەلێکی ئاماژەکان نین، بەڵام کۆمەڵە سیستەمێکن کە لە پەیوەندییە دەمارییەکان پێکهاتوون، کە لە توێکڵی مێشك و لەژێر کاریگەری ئەم هۆشیارکەرەوە دەرەکییانە دروست دەبێت، بێگومان هۆشیارکەرەوە دەرەکیەکانیش سیستەمێکی دیاریکراو دروست دەکات، پاشانیش سیستەمەکانی پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی دەمار لە مێشکدا دروست دەبن، ئەویش بە پشت بەستن بە بوونی ئەم هۆشیارەکەرەوانە لە دەرەوەی کائینە ئەندامییەکە بەشێوەیەك کە کاریگەری بەسەر هەستەکانیدا هەبێت، پاشان کاریگەری بەسەر توێکڵی مێشکدا دەبێ ، لەبەر ئەوە بەگوێرەی بۆچوونی کردەکانی ئەقلی باڵا. ناوی سیستەمی ئاماژەکاری تەنها بە سیستەمەکانی پەیوەندییە دەمارگیرییە کاتییەکانی توێکڵی مێشك دەوترێت و سیستەمەکانی هۆشیارکەرەوەی دەرەکی پێ ناوزەد ناکرێت،بەڵکو ئەم پەیوەندییانە ناو دەنێین (ناوی ئاماژە)، چونکە لەژێر هۆشیارکەرەوە دەرەکییە بابەتییەکان کاردەکەن.

دووەم: وشەکان هەمیشە هۆشارکەرەوەی ئاماژەیی دووەم نین، وشە وەکو هۆشیارکەرەوەیەکی دەرەکی جیاوازی لەگەڵهیچ هۆشیارکەرەوەیەکی مادی تردا نییە، چونکە وشە بنەمایەکی (دەنگی یان بینراو)هەیە. لەبەر ئەوە کاریگەری بەسەر سیستەمی ئاماژەی یەکەمدا هەیە، چونکە کاریگەری بەسەر شیتەڵکراوەکانی کەسدا هەیە لەبەر ئەوەی وشە پێش هەموو شتێك هۆشیارکەرەوەی ئاماژەکاری یەکەمە، بەمشێوەیە وشە وەکو هەر هۆشیارکەرەوەیەکی هەستی ترەو قابلیەتی ئەوەی هەیە کە هەستی پێ بکەین و لێی تێ بگەین و لەخەیاڵماندا وێنەی بکێشین، جا بە پشت بەستن بە وروژاندنی سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم لەلایەن وشەوە، لەهۆشی تاکدا خەیاڵێکی ئاڵۆزی وشە لە هەر سێ ڕەهەندەکانی بینین وبیستن و جووڵەوە بۆ وشە دروست دەبێت، یان بۆ بیرۆکەی وشە دروست دەبێت. کاتێکیش کە ئەم حاڵەتە

رووده‌دات ، ئەوا ئەوکاتە سیستەمی ئاماژەی دووەم بزر دەبێت (هەروەکو لای ئاژەڵان دەردەکەوێت) یان دەست بەتاڵ و بێ کارە، وەکو (لەلای مرۆڤ هەندێ جار دەردەکەوێت).

مەسەلەیەکی ئاساییە ئێمە دەتوانین وەڵامدانەوەیەکی مەرجداری هۆشیارکەرەوەی درکاوی لەلای ئاژەڵانی باڵا دابمەزرێنین، هەرچەندە سیستەمی ئاماژەی دووەم لەلای ئەم ئاژەڵانە بزربووە، و دەرەنجامیش وشەکان لەم حاڵەتانەدا تەنها دەبنە چەند ئاماژەیەکی سەر بە سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم، کاتێکیش کە بەڕەنگاری وشەیەك دەبێتەوە کە سەر بە زمانە نەتەوەییەکەیە و لەپێشدا ئەو وشەیەی بەڕەنگار نەبۆتەوە، ئەوا لەو حاڵەتەدا بە ئاماژەی یەکەم هەژمار دەکرێت، کاتێکیش دەڵێم کە من لەم وشەیە تێناگەم، مەبەستم لەم حاڵەتەدا وشەکە سەبارەت بە من ئاماژەی یەکەمە.

ئێستاش پرسیاری سەنتەر لەوەدا بەرجەستە دەبێ، ئایا ئەو مەرجانە چین، کەوا لە وشە دەکەن سیستەمی ئاماژەکاری دووەم و یەکەم بورووژێنن،بە گوزارشتێکی دی دەتوانین بپرسین ئایا تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئاماژەکاری دووەم چین، مەرجی بنەڕەتی ئەوەیە کە شارەزایی پێشوەخت و بۆماوەیەکی زۆر سەبارەت بە وشە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو شتە جۆراوجۆرانەدا هەبێ کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات ، هەر ئەم حاڵەتەشە کە منداڵ لەگەڵ زمانە زگماکەکەی خۆیدا بۆی دروست دەبێت.

منداڵ دەرك بە چەندەها شتی هەمەجۆر دەکات، لەهەمان کاتیشدا چەند ناوێك بۆ ئەم شتانە دادەنێت کە لە دەوروپشتی خۆیەوە گوێی لێ دەبێت، ئیتر منداڵ زوو تێ دەگات ، کە هەرچەندە چەند شتێك هەن کە خاوەنی یەك ناون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەك نابێتە ناو بۆ هەموو شتەکان، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆکاری ئەوەی کە منداڵ دەست بە ئادگارێکی وێکچوو ئەو شتانەوە بگرێت کە یەك وشە دەبێتە ناوێك بۆیان، ئیدی وشەکە بەو ئادگارەوە پەیوەست دەبێ، و جۆرێك لە





گشتاندن لەژێر کاریگەری وشەکە دروست دەبێ و هەموو ئەمانەش لەتوێی سیستەمی ئاماژەی یەکەم بەڕێوە دەچن، بەڵام ئەم گشتاندنە بۆ دروست بوونی چەمکێکمان ڕاپێچ دەکات کە ڕەنگدانەوەی هەموو ئادگارە بنەڕەتییەکانی شتەکانە و بەمشێوەیە وشە دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ئاماژەی گشتی، پاش ئەوەی کە تەنها ئاماژەیەکی لاوەکی بوو،پاشان دەبێتە ئەلتەرناتیڤی ژمارەیەکی زۆری هۆشیارکەرەوەی شتەکانن، ئەم چالاکییە گشتییە دەبێتە ئادگارێکی جیاوازی سیستەمی ئاماژەی دووەم، کە ئەمەش ئەرکە بنەڕەتییەکەیەتی لەبەر ئەم هۆکارە سیستەمی ئاماژەی دووەم بە بنەمای فسیۆلوجی بیرکردنەوەی بواری چەمك و بیروبۆچوون هەژمار دەکرێت، ئەگەرچی بیرکردنەوە لەسەر ڕێچکەی وشەکان نەبێت، بەڕێوە ناچێت، ئەوا ئێمە بەوشە گوزارشتی لێ دەکەین و بە یارمەتی وشەکان نەبێت ناتوانین دەستەبەری بکەین، کەواتە بیر بە زمانەوە پەیوەستە، بەڵام پێش ئەوەی کە وشە بە چەمکەوە بلکێ، ئەوا تەنها سیستەمی ئاماژەی یەکەم دەورووژێنێ، وەکو دەرەنجامێکیشی دەبینین کە شێوازە دینامیکییە زمانەوانییەکە بە پەیوەستکارییە ئاماژەدارەکانی یەکەم و لکێنراوە ئاماژەدارەکانی دووەم و پەیوەندییەکانی نێوانیان جیاوازە.

کاتێك کە مرۆڤ دەرك بە هۆشیارکەرەوەکان دەکات، چ شت و چ وشەکان، ئەوا ئەوکاتە سیستەمی ئاماژەکان دەست بەچالاکی دەکات، جا لەبەر ئەوەی کە هۆشیارکەرەوەی دەرەوەی چ شت و چ وشە هۆشیارکەرەوەیەکی ئاڵۆزە، ئەوا لە مێشکدا پەیوەستکارییەکی دەماریانەی کاتی لەژێر ئەم هۆشیارکەرەوانە دروست دەبێت و دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم، پاشانیش دەشێ ئەم پەیوەستکارییە دەمارییە کاتییانە بەبێ هۆشیارکەرەوەی دەرەکی دروست ببێت، ئەویش وەکو دەرەنجامێکی ورووژاندنی ناوچەکانی دراوسێی مێشك، ئەم کردەیەش بە بنەمای پێکهاتنی نەخشەی شمەك و وشەکان لە خەیاڵدا هەژمار

دەکرێت، دەنگەکانی زمانی مرۆڤیش دەکرێ لەلای ئاژەڵ پەیوەست بکرێ وەکو ڕاوێژکاریەکی سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئاژەڵە دەسەمۆکان وەڵامدانەوەی فەرمانە زمانەوانییەکانمان دەبن، چونکە ئاژەڵ وەڵامدانەوەکەی لەسەر ئاستی ئاماژەی یەکەم بەڕێوە دەچێت، بەڵام گشتاندنی هۆشیارکەرەوەکان کە لەژێر کاریگەری وشە بەڕێوە دەچێت دەتوانین دەربارەیان بڵێین، کە چالاکییەکی سیستەمی ئاماژەی دووەمە کە بەشێوەیەکی ستوونی لەسەر سیستەمی ئاماژەی دووەم بونیاد دەنرێت ، پاشان دەبێتە بنەوانەی فسیۆلۆجی بیرکردنەوەو زمان، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو پەیوەست بوونانەی کە لەنێوان ئەو پەیوەندییانەدا هەیە لەتوێی هەریەك لە سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم و سیستەمی ئاماژەکاری دووەم لەلایەکەوەو لەنێوان پەیوەندییەکانی هەردوو ئەو سیستەمانەدا لەلایەکی ترەوە.

با ئێستاش بەدواداچوونێك بۆ وشە بکەین، ئەویش هەر لەوکاتەی کە دەگاتە گوێ، بۆ ئەوەی بزانین بەچ شێوازێك گوزەر دەکات، کاتێك کە دەنگە زمانەوانییەکان دەگەنە گوێ، ووروژانە دەمارییەکە دەگاتە توێکڵی مێشك و سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم دەووروژێنێت، پاشان ئەم ووروژاندنە بۆ سیستەمی ئاماژەکاری دووەم دەگوازرێتەوەو ئیدی ئێمە لەم حاڵەتەدا وشەکە تێدەگەین ،هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکە ئاڵۆزەکە.

لەتوێی بنەماکانی بیر لە زمانی نەتەوەییدا، چەند پێکهاتەیەکی پەیوەست بوون ئاماژەکاری دووەم بەدی دەکرێت ، کە پەیوەندییەکی زۆر پتەویان بە پەیوەست بوونە دەمارییەکانی سیستەمی ئاماژەی یەکەمەوە هەیە،کە وەك دەرەنجامی دەرك کردنی شتەکانی جیهانی دەرەکی پێك دێن ،هەروەها بەهەمان شێوەش لەڕووگە هەستییەکەوە بەخەیاڵکردنی وشەکانیشەوە دەلکێ لەڕێی بیستن و بینین و جووڵەوە، کاتێکیش کە شتێکی ڕوون یان خەیاڵکراو بەوشەیەکی دیاری کراو





بانگەشە دەکەین، کە بەرامبەر بەو شتەیە لە زمانە زگماکە نەتەوەییەکەدا بۆ نموونە با بڵێین (شمشێر)، ووروژانە دەمارییەکان لە توێکڵی مێشك دەگوازرێتەوە، بەڵام کاتێك کە لەژێر کاریگەری وشەی (شمشێر) خەیاڵی وێنەی شمشێرەکە دەکەین، ئەوا ئەو ووروژاوە دەمارییە لەڕێگایەکی بەرەواژدا گوزەردەکات ،بەهەمان شێوەش سەبارەت بە وشە هاوواتاکەی (شمشێری هیندی ـ شمشێری ئاسایی) هەروایە، بۆ نموونە ئەم وشەیە بەهەمان لۆجیك دەگوازرێتەوە و ووروژانە دەمارییەکان لە ڕوانگەی ئەو دوو سیستەمەوە و تۆڕی پەیوەستبوونەکانیانەوە دەگوازرێنەوە، کەواتە لێرەدا سیفەتگەلێکی هاوبەشی لەنێوان شمشێری ئاسایی و شمشێری هیندیدا هەیە، هەروەها سیفەتگەلێکی شمشێری ئاسایی هەن ،کە لە شمشێری هیندیدا نییە، لە شمشێری هیندیش چەند سیفەتێك هەن، کە لە شمشێری ئاسایدا نییە. بافلۆفییەکانیش ئەم شرۆڤەیە بە پێویست دەزانن بۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و بیرو لایەنە فسیۆلۆجییەکان، چونکە:

1ـ بەفسیۆلۆجی کردن یەکانگیری بونیادو ئەرك زامن دەکات.

2ـ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگە ئیکلینکیەکان، کە جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان زمان و مێشك دەکەنەوە،ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر بیرو مێشك دەکەنەوە، پاشانیش پەیوەست بوونی نێوان زمان و بیر هەردووکیان هەر لەمێشکدا ئەنجام دەدرێن، پێشووتریش ئاماژەمان بەم مەسەلەیە داوە.

### زمان کاریگەری لەسەر بیر دەکات

هەندێك لە توێژەران پێیان وایە کە زمان بەرهەمی ژیاری نەتەوەییە، بەهەمان شێوەش زمان ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە پرۆسەکانی گواستنەوەی موفرەداتی ژیاری بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەنجام دەدرێت، بەمشێوەیە بەرانبەرییەك لە نێوان جیاوازییە ژیارییەکان و جیاوازیە زمانەوانی بەڕێوە دەچێت.هەروەك چۆن ژیارە مرۆییە هەمە جۆرەکان جیاوازی تاك و تەنهایان هەیە ، بەو شێوەیەش زمانەکان بە

ئادگارە تاکەکانیاوە جیاوازن، بۆ نموونە (تووتی) لەژیاری هۆزی (بۆرۆرۆ) گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە لەزمانی ئەم هۆزەدا ژمارەیەکی زۆری ناوی تووتی هەیە، کە ئاماژە بۆ جۆرەکانی تووتی دەکات، بەلاّم یەك وشەیان نییە کە گوزارشت لە هەموو جۆرەکانی تووتی بکات (بڕوانە لیفی ـ برول 1912).

هەندێ زانا بۆ شرۆڤەکردنی ئەم دیاردەیە ئەو گریمانەیە دەخەنەڕوو کە لێکچوونی تووتیەکان بۆ ئەم ژیارە زۆر گرنگ نییە، بەڵکو تەنها جیاوازییەکانی ئەم پەلەوەرە گرنگە لەبەر ئەوە هیچ پێویستییەك نییە بۆ وشەیەك کە گوزارشت لەم لێکچوونە بکات، بەڵکو پێویستی ئەوە لە ئارادایە کە وشەگەلێك هەبن کە گوزارشت لە جیاوازی نێوان جۆرەکانی ئەو تووتیانە بکەن.

بەهەمان شێوەش زمانی (ئەسکیمۆ) تەنها یەك وشەی نەگرتۆتەخۆ کە گوزارشت لە بەفر بکات، بەڵکو چەندەها وشە لە زمانیاندا هەیە، کە ئاماژە بۆ جۆرەکانی بەفر دەکات، ئەمەش لە ژینگەیەکی بەفراویدا ئاساییە، بوونی بەفر مەسەلەیەکی ئاساییە، بەلاّم گرنگ لێرەدا جۆرەکانی ئەو بەفرەیە کە مرۆڤ ئاماژەی بۆ دەکات.تاڕادەیەك ئەم تیۆرە لەگەڵ ئەو تیۆرەی کە باسی دەکەین ، کە دەڵێ بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە، کە پاش کەمێکی دی دێینەسەری، بەلاّم ئەم تیۆرە زیاتر بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و پێی وایە کە زمان چۆنێتی دەرك کردنمان بە گەردوون بۆ دیاری دەکات، (وۆرف) wohrf (1938) ئەم تیۆرەی بۆ یەکەمجار ساڵی (1956) پێشنیاز کرد، (وۆرف) پێی وایە کە ئێمە بەپێی ئەو هێلکاریانەی کە زمانە نەتەوەییەکەمان بۆمانی نەخش دەکات، شرۆڤەیەك بە سروشت دەدەین، ئەو لایەن و دیاردە و پۆلێنکاریانەی کە لە جیهانی دیاردەکانەوە هەڵیدەبژێرین، دەستمان ناکەون، چونکە تەماشای ئەو کەسانە دەکەن کە سەرنجیان دەدەنێ، بەپێچەوانەشەوە ئەو جیهانەی کە بەرامبەرمان وەکو سەرنجی هەمەجۆر لەبەرچاومان تێپەڕدەبێت، هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، ئینجا مێشکمان ئەو جیهانەی





بەرچاومان ڕێك دەخات، ئەمەش مانای وایە ئەمەش زۆرینە دەگرێتەوە کە لە ڕوانگەی سیستەمە زمانەوانییەکەی مێشکمانەوە ئەنجام دەدرێت (وۆرف 1956 ص 213).

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گەلانی جیهان بە چەندەها زمان قسە دەکەن دەرك بەجیهان دەکەن و یادی دەکەن.پاشانیش بیری لێ دەکەنەوە، ئەویش بەچەندەها شێواز کە لەگەڵ زمانەکانیان بگونجێت، لێرەدا چەندەها توێژینەوە لە ئارادا هەیە کە پشتگیری لەم تیۆرە دەکەن و چەندەها توێژینەوەی تریش هەن کە پشتگیری لێ ناکەن کە هەندێکیان لێرەدا باس دەکەین.

(لۆفتس) و (پالمەر) (1974) لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا گەیشتنە چەند دەرەنجامێك کە تاڕادەیەك پاڵپشتی ئەم گریمانەی پێشوو دەکات، بەلاّم بەشێوەیەکی ڕواڵەتی، چونکە ئەم لێکۆڵینەوەیە چارەسەری (یاد) و (دەرك کردن) دەکات و چارەسەری (بیر) ناکات،ئەم دوو لێکۆڵەرە فلیمێکی سینەماییان نمایش کرد، کە تیایدا دوو ئۆتۆمبێل لەیەکیان دەدا و دوو کۆمەڵە کەسیش ئەم رووداوایان دەبینی، جا کاتێك کە لە کۆمەڵەی یەکەم پرسیارکرا ئایا چۆن خێرایی ئەم دوو ئۆتۆمبێلە دەخەملێنی لەکاتی لێکدانیاندا؟ کەچی پرسیاری ئەیان لەکۆمەڵەی دووەم کرد ئایا خەملاّندنتان بۆ خێرایی هەردووکیان بە چ شێوەیەکە، لەوکاتەی کە ئۆتۆمبێلێکیان ئەوی دی شکاندو وێرانی کرد؟ هەردوو پرسیارەکە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، جگە لەوەی کە پرسیاری یەکەم وشەی (لێدان) و پرسیاری دووەم وشەی (شکاندن)ی گرتبووەخۆ، بەلاّم توێژەرەکان بینیان کە جیاوازییەکی گەورە لەخەملاّندنی هەردوو کۆمەڵەکەدا هەیە بۆ فلیمە سینەماییەکە، کۆمەڵەی دووەم کە پرسیاری شکاندنی ئۆتۆمبێلەکەیان لێ کرا، وتیان هەردوو ئۆتۆمبێلەکە زۆر خێرابوون، بەلاّم کۆمەڵەی یەکەم خێرایی هەردوو ئۆتۆمبێلەکەیان بەکەمتر لەو خێراییەی کۆمەڵەی دووەم خەملاّند، ئەم دوو توێژەرە جیاوازی هەردوو کۆمەڵەکەیان لەڕووی خەملاّندنەوە بۆ

کاریگەرییە زمانەوانییەکەی هەردوو پرسیارەکە گێڕاندەوە، بەگوزارشتێکی دی بڵێین کە کۆمەڵەی دووەم لەوشەی (شکاندن)ەوە وا تێگەیشتن کە ئۆتۆمبێلەکان زۆر خێرا بوون، بەڵام کۆمەڵەی یەکەم لە وشەی (لێدان)ەوە تێگەیشتن کە ئۆتۆمبێلەکە بەو خێراییە نەبووە.

هەروەها (براون و لینیبرگ) توێژینەوەیەکی بەراوردکارییان لەنێوان دوو ژیاری جیاوازدا ئەنجامدا ، کە لێرە بەدرێژی باسیان ناکەین، لە دەرەنجامدا جیاوازییەکانی ئەم دوو ژیارە دەرکەوتن، هەروەها چەند جیاوازییەکی لێکچووش لەگەڵیاندا لەنێوان ئەو دوو ژیارەدا پەیدابوون، بۆیە دەرەنجامەکان تۆزێك دژواربوون، لەکۆتاییدا خاتوو (هایدر) (1971 ـ 1972 ـ 1975) هەستا بە سازدانی زنجیرەیەك لە توێژینەوەی قشت و جوان بۆ چارەسەرکردنی ئەم تیۆرە، بەڵام پێش ئەوەی باسی هەردوو توێژینەوەکەی (هایدر) بکەین، باشتر وایە کە هەردوو توێژینەوەکەی (برلین 1969) و (کای) 1975 سەبارەت بەناونانی ڕەنگەکان لە ژیارەکانی مرۆڤایەتیدا بۆ ئەوەی بۆچونەکانی خاتوو (هایدر)مان زیاتر بۆ روون ببێتەوە.

زانایانی دەروونناسی لە ساڵانی پێشوو لەو باوەڕەدا بوون، کە ژیارە هەمە جۆرەکان ناویان تەنها بۆ ڕەنگەکانی (پەلکە زێڕینە) داناوە، ئەویش بەشێوەیەکی هەرەمەکی، بەڵام (برلین) و (کای) لە دەرەنجامی توێژینەوەکانیاندا گەیشتنە ئەوەی کە ڕەنگەکان هەرەمەکی نین و چەند یاساو ڕێسایەك بەڕێیان دەبات، ئەم دوو توێژەرە گەیشتنە ئەوەی کە چەند ڕەنگێکی سەرەکی و چەند ڕەنگێکی دی ناسەرەکی لەئارادا هەیە، ناسەرەکییەکانیش دەکەونە سەر ئەو ڕەنگانە، ئەویش لەچەند شوێنێکی جیاواز ئەو دوو توێژەرە کە ناوی ڕەنگە هەمەجۆرەکانی ژیارەکانیان کۆکردەوە دیاردەی ڕەنگە سەرەکییەکانمان لەلا سەری هەڵدا.

ئەو ناوانە ئاڵۆز نین، بەڵام هەموو بەشە گرنگەکانی ڕەنگەکان دابین دەکەن، جا بۆ وەدەست خستنی ئەم ناوانە، ئەم دوو توێژەرە چەند پێوانەیەکیان دانا، کە بەهۆی





یەکە مۆرفیمیەکانی وشە سەرەکییەکەوە دەکرێ پوختە بکرێت، پێوانەکانیش ئەمانەن:

1ـ ناوی ڕەنگەکە دەبێ لەیەك یەکەی مۆرفیمی پێك بێت، وەکو (سەوز)، نەك لەدوو یەکەی مۆرفیمی یان زیاتر، هەروەها نابێ ئەو ڕەنگە لە دوو یەکەی مۆرفیمی یان زیاتر پێك بێت، وەکو (سەوزی کاڵ) یان (سوورێکی تۆخ وەکو خوێن) یان (وەنەوشەیی ـ بنفسجی) ،ئەم وشەیە دوو مۆرفیم لەخۆ دەگرێت، کە (وەنەوشە) + (ی)ی (نسبە)یە.

2ـ پێویستە ڕەنگەکە لەژێر چەتری ناوێکی دیدا نەبێت، واتە ڕەنگی (قورمزی) بەکار نەهێنین، چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەنگی (سوور).

3ـ ناوەکە تەنها ژمارەیەکی کەمی شتەکان نەگرێتەوە، وەکو (ئەسمەر) و (پرچ زەرد) و (درەوشاوە).

4ـ پێویستە ئەو ڕەنگە بەفراوانی لە کۆمەڵگای زمانەوانیدا بەکاربهێنرێت، و تەنها لەناو کۆمەڵێکی سنووردارا نەبێت، وەکو وشەی (سوور)، کە وشەیەکی پەسەندکراوە، بەڵام قبوڵی ناوێکی وەکو (فیزرنکی) ناکات.

ئەو دوو توێژەرە کە بەو ڕەنگانەدا چوونەوە کە لەژیارەکانی مرۆڤایەتیدا بەکاردەهێنرێت، بینیان کە هەر زمانێك لەو زمانانە ناوی ڕەنگە سەرەکییەکان لە تەنها (11) ڕەنگەوە وەردەگرن کە ئەمانەن: (ڕەش، سپی، سوور، زەرد، سەوز، شین، قاوەیی، ئەرخەوانی، وەردی، پورتوقاڵی، خاکی )، وا پێدەچێت کە زمانەکانی جیهان سەبارەت بەم بابەتە هەرەمەکی نەبن، بەڵکو زۆر تەباو گونجاون.

ئەم دوو توێژەرە بینیان کە ئەم ڕەنگانە ڕێکخستنێکی هەرەمیان هەیە، هەندێك زمان وەکو زمانی ئینگلیزی (11) ناو بۆ ڕەنگە سەرەکییەکان بەکاردەهێنن، کەچی هەندێك زمانی دی تەنها دوو ناو بەکاردەهێنن، کەچی هەندیك زمانی دی تەنها دوو ناو بەکاردەهێنن، جا گەر زمانێك دوو ناوی ڕەنگەکانی تیادا بەدی بکرێت، ئەوا ئەو

دوو ناوە هەرەمەكییە لەلایەن زمانەكەوە وەرناگیرێت، بەڵكو هەمیشە هەردوو ڕەنگی سپی و ڕەشی هەژمار دەكرێن و هەندێ جار بۆ هەردوو ناوی (كاڵ) و (تۆخ) وەردەگێڕدرێن.

كاتێكیش كە زمانەكە تەنها سێ ناوی ڕەنگەكانی گرتبێتەخۆ، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەم سێ ڕەنگە دەبن (ڕەش، سپی، سوور)، بەگشتیش ڕەنگەكان لە ژیارەكانی مرۆڤایەتیدا بەم شێوەیەی كە لەم وێنەیەدا هاتووە پێك دێن:

**ڕەش زەرد ئەرخەوانی**

**سوور - سەوز - قاوەیی - وەردی**

**سپی شین پورتوقاڵی**

**خاكی**

ئەم وێنەیە دابەشكردنی هەرەمەكی ناوی ڕەنگەكانی ژیارەكانی مرۆڤایەتی روون دەكاتەوە.

هەر بەم شێوەیەش گەر لە زمانێكدا شەش ڕەنگی سەرەكی هەبوو، ئەوا شەش ڕەنگ لەلای ڕاستەوە بە وشەیەكی دی وەردەگیرێت، ئەویش كاتێك كە زمانەكە وشەیەكی سەرەكی ڕەنگی شینی گرتبێتەخۆ، جگە لەوەی كە پێویستە وشەگەلێكی ئەو ڕەنگانەی گرتبێتەخۆ، كە پێش ئەم ڕەنگە بكەون، سەرباری هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی، هەموو ئەو ڕەنگانەی كە لەناو كەوانەكاندان، بەهەر ڕێكخستنێك بێ دادەنرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە كە هەر زمانێك كە ناوێكی تازەی ڕەنگەكانی تیادا دەتاشرێت، ئەوا پێشتر ناوێكی نەبووە، لەو حاڵەتەدا ئەو ڕەنگە وەردەگرێت، كە پاش ڕەنگە كۆتاییەكەی خۆی دێت لە لیستە تایبەتەكەی خۆی، جا گەر هەڵبژاردنی ڕێكخستنی ڕەنگەكان هەرەمەكی بوایە، ئەوا ئەگەرەكانی هەڵبژاردنی ڕەنگی داهاتوو، لەتوێی ئەو یازدە ڕەنگەدا ئەگەرێكی چاوەڕوانكراوە، بەڕێژەی (2.048)، بەڵام ئەم ڕێكخستنە ژمارە ئەگەر كراوەكە بۆ ڕێژەی (33) ئەگەر دیاری دەكات.





چەمكی ڕەنگە سەرەكییەكان بواری ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێت، كە ڕەنگی سوور بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بە وشەی (Red) و بۆ سەر زمانی فەرەنسیش بە وشەی (Rouge) و بۆ ژاپۆنیش بە (ئاكا) وەری بگێڕین و بۆ سەر زمانی ئەسكیمۆش... هتد.

با ئێستاش بگەڕێینەوە سەر توێژینەوەكەی خاتوو (هایدر) كە پێش ئەوەی شوو بكات، ناوی (روش) بوو، ئایا خاتوو (هایدر) سەبارەت بە دەرك كردن بە ڕەنگەكان چ جۆرە توێژینەوەیەكی ئەنجام داوە خاتوو (هایدر) سەرەتا ڕەنگە سەرەكییەكانی هەڵبژارد، كە ڕەنگی سوور و زەردو سەوزو وەردی و بورتوقالی و قاوەیی ئەرخەوانی بوون و ئەو ڕەنگانەی نیشانی چەند تاكێكدا كە بە زمانی نەتەوە جۆراوجۆرەكان قسەیان دەكرد وەكو زمانی ئینگلیزی و هەنگاری و (تاكالوك) و هتد... هەموو ئەو تاكانەش لەسەر ئەوە كۆك بوون كە هەندێك لەو ڕەنگانە ڕەنگی سەرەكین، پاشان لە قۆناغی دووەمدا دەستی كرد بە توێژینەوەی هێماكردن بەو ڕەنگانەی كە سەرەكین و ئەو ڕەنگانەش كە دەكەونە نێوانیانەوە، وەكو سەوزی شین یان زەردی سەوز و لەوانەش چەند ڕەنگێكی دەست نیشان كرد كە بە (ڕەنگەكانی ناو ناوەكان) ناوزەدی كرد، (internomal) واتە چەند ڕەنگێكن كە لە ڕەنگەكانی پەلكە زێڕینەوە وەرگیراون.كە دەكەونە نێوان ڕەنگە سەرەكییەكان كە پێشووتر باسمان كردن، كە لەنێوان هەموو ئەو ڕەنگانە هەڵمان بژارد، بەو حیسابەی كە باشترینی ئەو ڕەنگانەن كە نوێنەرایەتی ناوی ڕەنگە سەرەكییەكانی هەموو زمانەكانی جیهانی دەكەن.

خاتوو (هایدر) لەچەند كەسانێكی داواكرد كە سەر بە (23) نەتەوەبوون، بێ گومان (23) زمانی جۆراوجۆریان هەبوو كە ناوی ئەو ڕەنگانە بنێن كە پێشكەشیان دەكرێت، پاش ئەم پرۆسەیە بۆی دەركەوت كە ناوی ڕەنگە سەرەكییەكان لەناوی

ئەو ڕەنگانەی کە نێوان ناوەکانی کورتترن، هەروەها خێرایی وەڵامدانەوە لە ڕەنگە سەرەکییەکاندا لە ڕەنگە ناوییەکان کەمترە.

جا پاش ئەوەی کە خاتوو (هایدر) توانی شارەزای کۆمەڵە ڕەنگێکی سەرەکی بێت کە ناونان و وەڵامدانەوەی ئاسان بێت، تاقیکردنەوەیەکی کۆتایی و یەکلاکەرەوەی لەسەر دوو کۆمەڵە خەڵك ئەنجامدا کە سەر بەدوو ژیاری جیاوازن، کە ژمارەیەك لەو ئەمریکیانە بوون بە زمانی ئینگلیزی دەدوان، لەگەڵ ژمارەیەك لە تاکەکانی هۆزی دانی Dany لە گینیای تازەی هۆڵەندی، لەکاتێکدا کە لەزمانی ئەم هۆزەدا تەنها دوو ناو هەیە بۆ ڕەنگەکان، کە لەزمانی عەرەبیدا بەڕەش و سپی یان بە کاڵ و تۆخ گوزارشتیان بۆ دەکرێت.

توێژەر لێرەدا لەسەر ئەو گریمانەیە بوو کە ئەگەر تیۆری (وۆرف) ڕاست بوایە،ئەوا ئەندامانی هۆزی (دانی) هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بە ڕەنگە سەرەکییەکانی پاش رەش و سپی نەدەبوو کاردانەوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ کاردانەوەکانی نێوان ناوەکان جیاوازبێ، چونکە زمانی دانی ئەمجۆرە جیاوازیانەی نێوان ڕەنگەکان پێشناخات، بەڵام ئەگەر جیاوازییەکانی نێوان ڕەنگەکان پرۆسەیەکی دەرك کردنی رووت و رەهابێ، و ناوهێنانی زمانەوانی هیچ پەیوەندییەکی پێیەوە نەبێ، ئەوا ئەوساتە هیچ جیاوازییەك لەنێوان یاسا زمانەوانییەکانی ئەمریکیەکان و یاساکانی هۆزی (دانی)دا بەدی ناکەین.

هەروەها خاتوو (هایدر) ئەوەی دۆزییەوە کە ئاستی ئەداکردنی هۆزی (دانی) لە ئەمریکییەکان سست تر بوو، ئەویش سەبارەت بەهەموو ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردرابوو، بەڵام ئەندامانی هۆزی (دانی) توانای ئەیان هەبوو کە جیاوازییە داواکراوەکان سەبارەت بە ڕەنگە سەرەکییەکان دەربڕن، (هایدر) ئەم شتەی کردە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە دەرك کردن بە ڕەنگەکان، پرۆسەیەکی دەرك کردنەو هیچ کاریگەریەك بەزمانە نەتەوەییەکە ناکات.





واپێ دەچێ کە ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە بابەتی کاریگەری زمان دژ بە گریمانەکەی (وۆرف) یەکلاکەرە بووبێت، کەچی دەرەنجامی توێژینەوەکانی براون و لێبرگ1954 و توێژینەوەکەی کارۆل و کاسا گراندی تۆزێك تەمومژاوی بوو، چونکە دەرەنجامەکانی دژواودژبوو و بە سەختی شرۆڤە دەکرا.

ئێستاش با بچینەسەر باسکردنی ئەو بۆچوونەی دی کە دەڵێ بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە.

## بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە

ئەم قوتابخانەیە پێی وایە کە بیر دیاردەیەکی مامناوەندی بەراورده ، بە واقیعێکی کە بابەتی ئەو بۆچوونە ،ئەوا کە بیر بە دیاردەیەکی سەرەکی هەژمار دەکات، چونکە بیر ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەیە، بەڵام نەك وەکو ئەوەی کە ئاوێنەکە وێنەیەك نمایان دەکا، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکە بەشێوازی بەرجەستەبوونی ڕاستەقینەی بابەتەکە، ڕاستەقینەش بۆ هەموو خەڵك یەك ئاست و یەك شێواز نییە، چونکە گەلانی سەر زەوی مێژوویەکی جیاوازیان هەیە و لە جوگرافیای جۆراوجۆر و جیاوازدا گوزەران دەکەن و مامەڵە لەگەڵ ژینگەیەکی جیاوازدا دەکەن، بەهەموو پێکهاتەی ئەو ژینگەیە لە ڕووەك و ئاژەڵ و کەلوپەلە جۆراوجۆرەکان. جگە لەوەی کە لەڕووی ئاستی مادیشەوە هەر جیاوازن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە شارەزایی و زانست لای گەلانی دونیا وێکچوو نییە.

لەمەوەش بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمێکی جیهانی گشتگیری چەمکەکان لە ئارادا نییە، ئەم قوتابخانەیە پێی وایە کە هەموو چەمکەکانی مرۆڤ و شێوازی بیرکردنەوەی لەو شارەزاییانەوە دەست دەکەوێت، کە لەژیانەوە بەدەستی هێناوە.

ئەویش لەکاتێکدا کە بارودۆخی ژیان جیاوازییەکی فراوانی هەبێت، چونکە بارودۆخی گوزەرانی هەر گەلێك لەوی دی ناکات، جا مێژووشیان جیاوازە، لەمەوە دەگەینە ئەو

دەرەنجامەی کە خەسڵەتە دەروونییەکانی بیرکردنەوەی هەر گەلێك لەوی دی جیاوازە.

(بیلاییر) 1963 پێی وایە بۆ تێگەیشتنی پەیوەندی بیر بەزمانەوە زۆر پێویستە دوو لایەنی بیر لەیەکدی جیاواز بکەینەوە کە لایەنی دنیای ڕووخسار لەلایەکەوەو لایەنی ناوەرۆك و کاکڵە لەلایەکی ترەوە، جا لایەنە دینامیکیە شکڵیەکان چەند مەسەلەیەکی وەکو چەمك و یاسا و دەرەنجامەکان دەگرێتەوە، سەرباری کردەکانی بیرکردنەوەی دی وەکو بەراوردکارییەکان و شیتەڵکاری و دووبارە پێکهێنان و گشتاندن... هتد. ئەم لایەنە دینامیکیە ڕووخسارەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی یەك شتن، چونکە مرۆڤ لەهەموو شوێنێك بەراوورد دەکەن و دەگشتێنن و دەرەنجامەکان دەردەهێنن و دەگەنە یاسا و ڕێسا هەمەجۆرەکان، ئیدی بەم مانایە دەتوانین بڵێین کە لۆجیك بۆ هەموو گەلان هەر لۆجیکەو یاساکانی بیرکردنەوەش بۆ مرۆڤ هەر یەکە.

بەڵام پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە لەنێوان تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی دەروون توخمێکی دی هەیە کە (ناوەرۆك)ە، واتە کاکڵەی خودی بیرکردنەوەکە، پێویستە بیرکردنەوە بەپێی سیستەمێك لە سیستەمەکانی هێما دروست ببێ، جا ئەم هێمایانە هاوکێشەی ماتماتیك بێ یان هاوکێشەی کیمیایی یان زمانێك بێت، چ زمانێکی لەناوچوو یان زیندوو یان داهێنراو بێت، مەسەلەیەکی ئاساییە کە ناوەڕۆکی بیرکردنەوە بەپێی شارەزایی گەلان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەك لەپێشدا وتمان هیچ مەعقول نییە کە بیرکردنەوەی گەلە بەراییەکانی مێژوو کاری کۆمپیوتەری گرتبێتەخۆ، یان مەعقول نییە کە بیرکردنەوەی (ئەسکیمۆ) هەندێك لە شارەزایی ژیانی بیابانی گرتبێتەخۆ... هتد.

لەڕاستیدا گواستنەوەی ماناکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی گرنگە و ئەستەمە، هەر بۆیە هەندێ لە ڕۆشنبیران پێیان وایە کە پێویستە وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی وەربگێڕین، لەو زانا و ڕۆشنبیرانەش، ڕۆشنبیری عەرەبی (جاحین)ە،





هەروەها حەسەن بن سوار دەڵێ (لەبەر ئەوەی لە گواستنەوەی مانادا پێویستی بە تێگەیشتنی ئەو زمانەیە، کە مانای بۆ وەردەگێڕێت، دەبێ وەکو قسەکەرەکە وێنای بکات).

(سالح) گفتوگۆیەکمان سەبارەت بەم مەسەلەیە لەنێوان دوو ڕۆشنبیری عەرەبیدا بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ ((لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا دەبینین کە (ئەبا سەعیدی سیرافی) گفتوگۆ لەگەڵ فەیلەسوفی لۆجیکزان (ئەبی بشر بن یونس) (326ی کۆچی) دەکات و دەڵێ (گەر لۆجیك پیاوێکی یۆنانی بە زمانی خەڵکی ئەو وڵاتە و بە بەکارهێنانی زاراوەکانیان دایهێناوە، چۆن دەبێ کە تورك و هیند و فارس و عەرەب بۆ بنەماکانی ئەو لۆجیکە ملکەچ بکەین، بەشێوەیەك ئەو لۆجیکە ببێتە دادوەرو ناوبژیوان بۆ گرفتەکانیان و هەرچیەکیان پێ بڵێت قبوڵ بکەن، هەرچیەکیش ڕەت بکاتەوە ، ئەمانیش ڕەتی بکەنەوە، (ئەبی بشر) وەڵامی دایەوە و گوتی لۆجیك تەنها باس لەمەرامە مەعقولەکان و مانا درککراوەکان دەکات و ئایا نابینی کە چوار و چوار لای هەموو نەتەوەکان هەردەکاتە هەشت؟ (سیرافی) وەڵامی دایەوەو گوتی: گەر ویستراوەکان بە تواناکانی مێشك بێت و ناو هێنراوەکان بە ئاخافتن بێت هەموو ئەمانە بۆ ئەم پلە روونە دەگەڕێنەوەو دەرەنجام هیچ جیاوازییەك لە ئارادا نامێنێت و هەموو نەتەوەکان ئیدی تەبا دەبن و دەگونجێن، لەگەڵ ئەوەدا گەر مەرامە مەعقولەکان و مانا دەرك پێ کراوەکان تەنها بەزمان نەبێت دەستت نەیانگاتێ کەواتە پێویستییەکی زۆرمان بە زمان هەیە، (سیرافی) سەرنجی ئەوەی داوە کە (ئەبا بشر) نەیتوانیوە شارەزای پەیوەندییەکانی نێوان زمان و بیر ببێت، بۆیە دەڵێ (ڕێزمان لۆجیکە، بەڵام لە زمانی عەرەبییەوە داتاشراوە، لۆجیکیش ڕێزمانە، بەڵام بە زمانەوە دەناسرێت) .(بڕوانە (المقابسات)ی تەوحیدی)).

ئەم گفتوگۆیەی نێوان هزرڤانە عەرەبەکان سەبارەت بە مەسەلەی پەیوەندییەکانی زمان بە بیرەوە گوزارشت لەدوو هەڵوێست دەکات، یەکێکیان پێی وایە کە کردەکانی

بیر لەلای هەموو گەلان هەر یەکە، چونکە لەڕووی دینامیکی و ڕووخسارەوە جەخت لەسەر کردەکانی بیر دەکاتەوە، بەڵام (سیرافی) پێی وایە کە ناوەرۆك کرۆکی کردەکانی مێشکە و بەو مانایەی کە قسەکانی (سیرافی) لەگەڵ تیۆرەکەی (وۆرف) یەك دەگرێتەوە واتە پێش (ورف) بە چەند سەدەیەك گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامانە.

بڕوادارانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وایە کە دوو لایەنی کرۆکی بیر پێویستە بەجیاواز تێیان بڕوانرێت ،کە کرۆکی بابەتیانەو کرۆکی خودییە، مەبەستیش لە کرۆکی بابەتیانەی بیرکردنەوە ئەو پەیوەندییە واقیعیانەیە کە ڕەنگدانەوەی بیرە، هەرچی کرۆکی خودیشە ئەو وێنە خودییەیە کە موڵکی تاکێکە بۆ جیهانە بابەتییەکە، هەردوو ئەم بەشەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکدیەوە هەیە، چونکە کرۆکی بیر کرۆکێکی بابەتیە تا بکرێ ڕەنگدانەوەی جیهانە بابەتیەکەیە بەڕاستگۆیی، هەروەها بیر ناوەڕۆکێکی خودیشە بەو ڕێژەیەی کە بەلایەنە خودیەکانەوە دەلکێ، ئەویش بەجیاواز لەگەڵ پەیوەندییە بابەتیەکان، هەروەها بیری جیاوازی خاوەن ناوەرۆکێکی خودیە، ئەم مەسەلەیەش ڕەنگدانەوەی بەسەر زماندا دەبێت، بیری زانستیش خاوەن ناوەرۆکێکی بابەتییە، چونکە جیهان لەگەڵ تۆزێك خودیەتدا دەگوازێتەوە. ئەم مەسەلەیەش ڕەنگدانەوەی بەسەر زمانی کتێب و لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا دەبێت و ئەم کرۆکەی بیرەش هەمیشە لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا هاموشۆ دەکات.

بەڵام بەشێکی دی زۆر گرنگ سەبارەت بە بەشە بابەتیەکانی بیرو زمان لە ئارادا هەیە چونکە لەوانەیە هەمان ئەو شتە بابەتییە چەند ناوێکی دی لێ بنێین بۆ نموونە جاری وا هەیە بە گوڵێك دەڵێین (قرنفل) جاری واش هەیە پێی دەڵێین (گوڵ) یان (رووەك)... هتد. کەچی ئەو گوڵە هەر ئەو گوڵە خۆیەتی و نەگۆڕدراوە، بەڵام هەر جارێك بەشێوەیەك پۆلێنی دەکەین و کرۆکی بیری بابەتی لەو پۆلێنکردنانە وەکو





خۆی دەمێنێتەوە، کەچی ناوەرۆکی خودییەکە بە بڕی پۆلێنکردنەکە چەندە فراوان بێت کە تێمان خزاندووە یان تەسکمان کردۆتەوە یان جۆرەکەیمان گۆڕیوە.

لەوانە وەرگێڕانی وشە بە وشە کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی ئەنجام دەدرێت، باشترین شێوازەکانی دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی بیرکردنەوەیە لە توێی زمانی یەکەمدا، چونکە هەڵە تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوە لەو کۆمەڵگایەدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە کۆمپیوتەر بەزمانی ئینگلیزی (computer)، واتە ژمێریاری پێ دەووترێت، بەڵام بەزمانی فەرەنسی (ordinator) واتە ڕێکخەری پێ دەووترێت واتە ئەو ئامێرەی کە زانیارییەکان ڕێك دەخات هەر ئەم ناوەش لە وڵاتانی ڕۆژئاوای نیشتمانی عەرەبیدا بڵاوبۆتەوە هەردوو ئەم ناوەش ڕەنگدانەوەی دوو ئەرکی جیاوازن کە ئەو ئامێرە ئەنجامی دەدات کە یەکەمیان ژماردن و ئەوی دیان ڕێکخستنە.

هەروەها (لیل سۆندریس) ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە دەکات کە لەنێوان هزری ئەسپانی و هزری ئەنگلۆسەکسۆنیدا هەیە ، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر زمانەکانیاندا هەیە ئیسپانییەکان دەڵێن کاتژمێر دەڕوات کەچی ئەنگلۆسکسۆنییەکان دەڵێن کاتژمێرەکە ڕادەکات، ئیسپانییەکان دەڵێن پاسەکە لە دەستی چوو، ئۆتۆمبێلەکە دەعامی کرد و قاپەکە شکا، بەڵام ئەنگلۆسەکسۆنییەکان دەڵێن کە ئەو کەسە خۆی بە پاسەکە نەگەیشت، و خۆی قاپەکەی شکاند، چونکە قاپ خۆی خۆی ناشکێنێت، و خۆی ئۆتۆمبێلەکەی دەعام پێ کرد، چونکە ئۆتۆمبێل خۆی بە تەنها دەعام ناکات، هەموو ئەم گوزارشتانە ڕەنگدانەوەی شێوازەکانی بیرکردنەوەیە لەلای ئەم دوو گەلە.

ئەم بۆچوونە پەرتانە گوزارشت لە کاریگەری ژیارەکان لەسەر بیرکردنەوە دەکات، واتە ئەو بیرکردنەوەیەی کە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی بەسەر زماندا هەیە، بەڵام بیرکردنەوە کاریگەری بەسەر ئاکاری زمانەوانیدا هەیە، ئەویش لەدوو لایەنەوە کە

بەگرنگترین ئاکارە زمانەوانییەکان هەژمار دەکرێن، کە لایەنی تێگەیشتنی زمان و لایەنی پلانی ئەو شتانەیە کە قسەکەرەکە دەیدرکێنێ.

**ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگیراوە:**

**د.موفق الحمدانی، اللغة و علم النفس(دراسة للجوانب النفسية للغة )،مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر جامعة الموصل،بغداد،1982،ص185ـ201.**





# بەشی دووەم

# کوشتنی زمان
# کوشتنی کەسایەتی نەتەوەیی

گومان لەوەدا نییە کە زمان کۆڵەگەی رۆحی "بوون"ە، ئەمەو هـەر زمانـە گوزارشـت لە کەسایەتی تاك و بنیاتنانی کۆمەڵگەو نەتەوە دەکات.. زۆرجار دەوترێ فلاّن زمان زمانێکی مردووە.. با لێرەدا بپرسین زمان چۆن دەمرێ. ئەویش وەك مرۆڤ تەمەنێکی هەیەو کە گەیشتە ئەو تەمەنە دەمرێ؟؟!

بەواتای قەدەری هەر ئەوەندەیەو لە ئاسمانەوە بـۆی دیـاری کـراوەو تـەواو لەهـەموو شتێ موسـەیەرە.. دەبـێ هـەر ئەوەنـدە بـژی، بیـەوێ و نەیـەوێ!! بەواتایـەکی تـر قەدەری زمان قەدەرێکی خوداییە هیچ دەستی مرۆڤی تێدا نییە؟!

ئەم خوێندنەوە بۆ زمان خۆی لەخۆیدا هەوڵدانێکـە بـۆ تیرۆرکردنـی زمـان، ئەگـەرنا مردنی زمان زیـاتر کوشـتنی زمانـە لـەوەی پرۆسـەکە قـەدەری بـێ. لـە واتـای ئـەوە مرۆڤە، کە زمان دەکوژێ نەك زمان تەمەنێکی هەبێ و تەمەنێکی حەتمی بێت!!

زمانی سانسکریتی کە بە لێکۆڵینەوە ئیسپات بووە زمانە دایکـی (Language – proto) زمانە هیندۆ ئەوروپیەکانە. پیاوانی هینـدی کـۆن ئـەو زمانـەیان هێنـدە بـە پـیرۆز دەدیـت بەشـێوەیەك دەبوایـە چـۆن دەبـێ قورئـانی پـیرۆز بـەپێی تەجویـد بخوێنرێتەوە، ئاواش دەبوو بخوێنرێتەوە!! زمانی ئیتالّی لەئەوروپا زمانی دەوڵـەت، سیاسەت، ئەدەب بوو. ببووە زمانی کۆمەڵگەیەکی نەك هەر دینـی و ئیمپراتۆریـەتی، بەڵکو زمانی رۆژانی خەڵکیش بوو. بێگومان لە کۆمەڵگەیەکی ئیمپراتۆری و هـەبوونی کۆیلەدا شێوەی ستاندەر و ناستاندەر هەبوو.

ئەو شکۆیەی ئەو دوو زمانە هەندە سنووردار بووە، بەجۆرێ تـەنها لـە تقوسـی دینـی یاخود لەزەین و هۆشـی پیـاوانی ئـاینی یـاخود دەقـی ئـایینی و ئـەدەبی یـان پـیران بمێنێتەوە.. ئەمە قەدەربوو! دەستەڵات و بـوونی ئـەو دوو زمانـە بەقـەد دەسـەڵاتی سیاسی و ئایینی و ئەدەبییان بێت؟؟!

دەبێ هەر تەنیا ستراتیژیەتی نەیاری دەرەکی هۆکاری ئەو کوشتنە سامناکە بێت؟؟ بێگومان هۆکاری دەرەکی بەشێك لەو رۆڵەی هەبوو، بەڵام خاوەنی ئەو دوو زمانەش راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ بە مەبەست یان بێ مەبەست رۆڵی سەرەکی تریان هەبوو! ئەو هەموو زمانەی ئەوروپا کەی بوونە ئەو زمانە نوێیانەی ئێستا؟؟ ئەوانە لەکوێ دروست بوون؟ چۆن دروست بوون؟ یاخود رێکتر بپرسین ئاخۆ یەکزمانی و کۆمەڵگەی یەك زمانی دیاردەیەکی سروشتییە؟! لە نەمانی ئەو زمانە لە تەرەف خەلکەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە زمانی ئیمپراتۆر زمانێکی سروشتی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی. لە پرۆسەی مێژوودا ئەوە دەردەکەوێ کە لە کۆمەڵگەی ئیمپراتۆرایەتی سیاسیدا ئەمپرۆتاریەتی زمانی دەسەڵاتیش هەبووە. هەر ئەو خەڵکانەش لەهەمبەر هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیدا رۆڵی خۆیان هەبووە بۆ ئەوەی زمانی خۆیان دوور لەزمانی دەسەڵات نەك هەر قسەی پێ بکەن، بەڵکو ئەدەبیشی پێ بنووسن.

## زمانکوشتن و جینۆساید

زمان کوشتن (Linguacide) جۆرێکە لە جینۆساید، خەتەری یاخود هەرەشەی کوشتنی زمان لە هەرەشەی جینۆسایدی نەتەوە ترسناکترە، چونکە ئەو پرۆسەیە دەرهەق بە زمان دەکرێ کوشتنێکی رۆحی و مەعنەوییە، لەوانەیە لە پرۆسەی هەوڵی جینۆسایدی نەتەوەدا دەرفەتی بونیادنانەوە نەتەوە ئاسانتر بێت، هەروەها زۆرجار بە ئاگایی و بێ ئاگایی تاکەکانی نەتەوە بەشدارن لە پرۆسەی کوشتنی زماندا، ئەو جۆرە بەشدارییە لە ئاکامی نەفامی و دوور لە مەعریفەوە سەرچاوە دەگرێ. هەندێجار کارکردن لەسەر کوشتنی زمان و پەسەندکردنی زمانێکی تر جا زمانی دینی بێت، سیاسەت یاخود حەزارەت بێت، بە پرۆسەیەکی موقەدەس بۆ دین و تەقەدومیەت و مەدەنییەت بۆ دووەکەی تر لێکدەدرێتەوە؟ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خۆی لەخۆیدا هەوڵێکی جدیە بۆ تیرۆرکردنی زمان بەدەستی رۆڵەکانی، ئەوەش لەبیر نەکەین کە دیاردەی (دیاسپۆرا) پەرتو بڵاوبوونەوەی عەوامی خەڵك نوخبەی نەتەوە لەناو کۆمەڵگەی کەلتورو دین و زمان جیاواز هەوڵێکی تری تاکەکانی نەتەوەیە بۆ کوشتنی زمانی نەتەوە. ئەو کۆمەڵکوژیانەی دەرهەق بە





کورد کراون لە مێژوودا نەیانتوانیوە قڕانی کورد بکەن، چونکە تاکەکانی کورد بەتایبەتی دایکی کورد منداڵەکانی خۆی هەر بەزمانی کوردی گۆش کردووەو شانازیشی بە پرۆسەی فێرکردنەوە کردووە. لێرەدا دەکرێ بڵێین دایکی کورد پارێزەری زمانی کوردە جا ئەگەر دایکی کورد، خۆی کوردی نەزانێ چۆن دەتوانێ نەوە لەدوای نەوە بەزاری شیرینی کوردی نەوەکانی گۆش بکات؟! لاوازی هەستی نەتەوەیی و بەکەمزانینی زمانی نەتەوە تاعونێکە زمان لەمن و بووکەوە لەناو کۆمەڵگا هەڵدەتەکێنێ، جا ئەوەی لە تاراوگە دەژی و دەیەوێ هەروەك دیاسپۆر. بمێنێتەوە، بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ دەکات لەکوشتنی زماندا، هەروەها نەوەیەك دروست دەکات هیچ پەیوەندییەکی رۆحی بە وڵات و نەتەوە نایبەستێتەوە. ئەمەش ستراتیژیەتی داگیرکارانە لەمبەر کورد و زمانی کوردیدا.

بەهیچ پێوەرێك هیچ زمانێك "کەم!" نییە، بەڵکو هەر زمانێك ئایەتێکی گەورەی خودایییە، بۆیە "گەورە" و "بەرێز راگرتنی" خۆی لەخۆیدا گەورەو بەرێز راگرتنی یەکێك لە ئافەریدەکانی خودایە!

با لەم پرۆسەیەی زمان کوشتنی کوردیدا وریابین، چونکە ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن هەموو هۆکارێکن بۆ تیرۆرکردنی زمان بەدەستی خۆمان! !

## زمانی دین

ئەدگارەکانی زمانی دین لەهەر زمانێکی تر جودایە. ئەو زمانانەی لەدنیادا بەزمانی دین ناسراون، هەژموونی دەسەڵاتی دەوڵەتیشیان هەبووەو هەیە. ئەو جۆرە زمانە بە بەراورد بەزمانی دی ئاسایی درەنگتر تیرۆر دەکرێن، مەگەر هەر دەسەڵاتە دینییەکە بەدەست پیاوانی دینی ئەو زمانە بە پارە دۆکسی گوفتارو رەفتار بیکوژێ! ! قەدەری هەردوو زمانی سانسکریتی و لاتینی جۆرێك بوو لەو دیاردەیە.

سەبارەت بە لاتینییەوە هەتا کەنیسە دەسەڵاتی رەهای هەبوو، هەرچی زمانی دی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەت هەبوو بە (زمان) نەدەخوێنرانەوە، بەڵکو هەر بە (زار) و (شێوان) و (قسەی خەڵك) حسێبیان بۆ دەکرا. هەرچی زمانی ئاوێستا بوو، کە زۆر هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئاوێستا بەشێوەی کونیفۆرم یاخود مێخەکی نووسراوە، کە جگە لە زەردەشت کەسیتر نەیزانیوە بیخوێنێتەوە. هەندێکی تر

دەڵێن بە ئەلفبای ئاوێستای یاخود پەهلەوی نووسراوەتەوە.. هەر چۆنێبێ زمانی ئاوێستا زمانی دین بووە، نەك زمانی ئاخاوتن! یاخود زمانی نەتەوەیی بووبێت. هەر ئەمەش وایکرد دوای رووخانی دەوڵەتی میدیاش، ئەخمینییەکان (هاخامەنشینەکان) زمانی ئاوێستا هەر بەزمانی دین بەکاربێنن، بەڵام پاش ئەوەی ئەسکەندەری مەکدۆنی لەساڵی 331 پ. ز. دەستی بەسەر ناوچەکەداگرت، ئاوێستاو کلتووری ئایینی ئاوێستای سووتاند، ئەو ئاوێستایەی لەسەردەمی ساسانییەکان هەبوو ئەوە ئاوێستاکەی زەردەشت نەبوو، بەڵکو ئاوێستایەکی دی بوو ساسانییەکان لەرێگەی موغەکانەوە بە فەرمانێکی فەرمی دەوڵەتییەوە نووسرابووەوە. مەسەلەی نووسینەوەی ئاوێستا ئەوەندەی سیاسی بوو، دینی نەبوو!!

بابزانین هۆی چییە ئەو هەموو زمانە دینییە (مردن!) کەچی زمانی قورئانی پیرۆز هەر زیندووە!؟

**سێ فاکتەری سەرەکی لەپاڵ ئەم دیاردەیە هەن:**

یەك: خودای گەورە لە قورئاندا بەڵێنی ئەوە دەدات کە قورئان بپارێزێ. ئەوە زیاتر لە 1430 ساڵ بەسەر وادەکەی خودا تێپەڕیوەو زمانی قورئان خوێندن زیاتر بووە. لەکاتی بەڵێنەکەی خودا (دابەزینی قورئان) تەنیا عەرەب دەیانزانی قورئان بخوێننەوە، کەچی ئێستا ئەوەی موسڵمانە خاوەنی هەر زمانێکی نەتەوەیی بێ، دەتوانێ هەندێ قورئان بخوێنێتەوە.

دوو: عەرەب بەهەموو ئایدۆلۆژی نوێوەش (نایەوێ!) شەڕی زمانی قورئان بکات، چونکە دەزانن شەڕێکی دۆڕاو دەکەن، واتە هەتا عەرەبە مارکسی و لیبڕاڵەکانیش نەیانتوانی زمانی قورئان لە مزگەوت بمرێنن!!

سێ: بەکارهێنەری زمان فاکتەرێکی دی سەرەکییە... فاکتەری روخانی زمانە دینییەکانی دی مردنی بەکارهێنەرانی بوو نەك زمانەکە!! بۆیە هەرچەندە چەندان جار زمانی قورئان وەك زمانە دینییەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەدەست داوە، بەڵام لەبەر ئەو فاکتەرانەی سەرەوە نەمردووە.

لەو پێودانگەوە، ئەوە دەفامرێتەوە کە عەرەبەکان خاوەن هەر ئایدیۆلۆژیایەك بن، پێکۆڵی ئەوەیان نەکردووە تیرۆری زمانی خۆیان بکەن! لەناو باوەڕدارانی ئایینی





(جولەکە) و (مەسیحی) زمانی (تەورات) و (ئینجیل) ئەو ئەدگارەی نییە! لەوانەیە ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی بێ:

یەکەم: زمانی ئەو دوو دەقە زمانی ئاسمانیی نییە.

دووەم: هیچ نەتەوەیەك وەك عەرەب گرنگی بە زمانی دین نەداوە. هەرچەندە لە چاخەکانی کۆندا زۆر مشتومڕیش لەسەر زمانی دین کراوە، بەڵام هیچ نەتەوەیەك زمانی ئاسمانی تەورات و ئینجیلی پێ ساغ نەکراوەیە، هەروەها نەیتوانی وەك ناسنامەیەکی شارستانی، هەروەها نەتەوەیی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا گرنگی پێبدات.

زمانی نەتەوەیی

نەتەوە نییە زمانی نەبێ! بەڵام زۆر نەتەوە هەیە بەهەندێ پاساوی (دینی)، (شارستانی)، (کەلتووری)، هێندە قەدر و رێزی زمانی خۆی ناگرێ! وەك بڵێی زمانی نەتەوەیی ئەو (کەمترە) لەزمانی نەتەوەی باڵا دەست یاخود زمانی دەسەڵات بەرزترە یاخود پیرۆزترە لە زمانی ئەو!

لەڕووی ئایین و زمانەوانییەوە هیچ زمانێك لە زمانێکی تر کەمتر نییە، ئەوەتە هەروەك چۆن جیاوازی نەتەوەکان ئایەتێکی خوداییە، بەهەمان شێوە جیاوازی زمانەکانیش هەر ئایەتێکی خوداییە! ئەگەر لەبونیادی هەر زمانێکیش بکۆڵیەوە، هەموو زمانێك لە مۆرفیم و وشەو ڕستە پێکهاتووە، بەواتای زمانەکان لەڕووی پێکهاتەوەش هیچیان نە لەیەکتر بەرزترن، نە کەمترن!!

زمانی نەتەوە، وەك کریستال لە
An Encyclopedic Dictionary of Languages and language
دەنووسێ زمانی نەتەوەیی بەزمانی سەرەکی نەتەوەی دەوڵەت دادەنرێ، زمانی فەرەنسی، بۆ نموونە، زمانی بواری دادگا، حکومەت و راگەیاندن بەکاردێ.

زمانی نەتەوە بەشێکی بنەڕەتی بونیادی دروستکردنی نەتەوە پێکدێنێ. ئەو ڕۆڵە گرنگەی زمانی نەتەوە دەیگێڕێ لەبونیادی نەتەوەدا هیچ فاکتەرێك جگە لە دین نایگێڕێ، بەتایبەتی ئەگەر دین هەژموونی رۆحی و دەسەڵاتی شەرعی هەبوو. لە پێناسەکەی (کریستال) دەردەکەوێ کە رۆڵی هەبوونی کیانێکی نەتەوەیی چەندە گرنگە بۆ ئەوەی زمانی نەتەوەیی هەر لە رێنسانسدابژی و ببێتە زمانی فەرمی وڵات

و لەخوێندن و دام و دەزگاکانی دەوڵەت هەژموونی خۆی هەبێت و نەتەوە پێویستی بەزمانێکی تر نەبێت. هەروەها زمانی نەتەوەیی کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر بونیادی تاك و کۆمەڵیش دەبێت، بەڵام لێرەدا، گرنگە ئەوە لەبیر نەکرێ کە زمانی نەتەوە (پیرۆز!) نەکرێ، چونکە بە پیرۆز دیتنی زمانی نەتەوە، زمان و نەتەوە بەرەو پەسەندی نەتەوەیی و ئەتنیکی دەبات. ئەم دیاردەیە لە رۆژئاوا لەناو ئەڵمان، فەرەنسی، ئینگلیزی.. هتد. بوونی هەیە، کە ئەو سێ نەتەوە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی مەزن بوون لە مێژوودا و چەندەها موستەعمەرەیان داگیرکردبوو، زمانی خۆیان سەپاندبوو، ئەڵمانەکان مێژووێکی رەشیان لەو بوارەدا هەیە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت، کە زۆربەی ئەوانەی لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت کاردەکەن، ئینگلیزی دەزانن، بەڵام کە پرسیاریان لێدەکەی هەر ناچار نەبن هەر بە ئەڵمانی وەڵام دەدەنەوە!! هەرچی فەرەنسییەکانن ئەوە زمان بە فاکتەری نەتەوە دەزانن، بەواتای خۆماڵیبوونی دەقێك پەیوەست دەکەن بە زمانەوە!

ئینگلیزەکانیش هەر لە رێگای داگیرکردنی سەربازییەوە توانییان زمانەکەیان بەسەر کیشوەری هیند بسەپێنن، بەجۆرێ لەپاش نەمانی داگیرکردنیش، ئەوە ئینگلیزی زمانی فەرمی هیندستانە!!

لە رۆژهەڵاتیش عەرەب و تورك و فارس زمانی نەتەوەیی خۆیان هێندە پەسەند دەکەن، کە بەجۆرێ هیچ رێزێك بۆ هیچ زمانێکی دی مەملەکەتەکەیان دانانێن. بەحوکمی ئەوەی قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبییە، بە نییەتێکی نەتەوەیی و رواڵەتێکی دینی، زمانی عەرەبی لە ئاست کورد بەزمانێکی دینی و پیرۆز نیشان دەدەن. هەندێ فەرموودەی هەڵبەستراویان داهێناوە بەشێوەیەك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زمانی ئەهلی بەهەشتیش هەر عەرەبییە!! ئەو زمان پەسەندی و بەدینکردنی زمان وای لە عەرەبەکان کردووە، زمان و دین بکەنە فاکتەرێك بۆ بە عەرەبکردنی غەیرە عەرەب.!

هەبوونی ئیمپراتۆریەتیش فاکتەرێکی دی بوژانەوەی زمانی نەتەوەییە. هەرچەندە زمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەتورکی عوسمانلی هێندە زۆر بووە، بەجۆرێ ببووە ناسنامەی دەوڵەتی و ئومەیی. لەم بارەیەوە مێژوونووسی گەورەی کورد





(محەمەد ئەمین زەکی) دەنووسێ: ئێمە هەموومان خۆمان بە عوسمانلی دەزانی، هەتا تورك نەیگوت ئێمە تورکین، عەرەب نەیگوت ئێمە عەرەبین، ئێمە نەمان دەگوت ئێمە کوردین، بەڵام کە ئەوان بەناوی زمان و نەتەوە قسەیان کرد، ئێمەش وتمان ئێمەش کوردین!!

لەلایەکی تر، هەتا لەیەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) بەشێك لە وتارەکانی بەتورکی عوسمانلی نووسراون، بۆیە ئەو رۆژنامەیە رۆژنامەیەکی کوردی ـ تورکی بووە نەك تەنها کوردی!!

فارسەکان، بە فاکتەری مەزهەب و حەزارەتەوە توانییان گەشە بەزمانی نەتەوە بدەن، زۆری فارسەکان، وەك عەرەبەکان (بەشەڕ) بوونەتە موسڵمان! عەرەب بە موسڵمانبوون لەژیانی بە داوەت و ئەعرابیەت رزگاری بوو.. وێڕای ئەمەش عەرەب بە موسڵمانبوون بوونە میللەتێکی حەزاری پێشەنگ! فارسەکان ویستیان ئیمپراتۆریەتێکیان هەبێ، مەزهەب بکەنە بزوێنەری ئەو ئیمپراتۆریەتە. بەو مەزهەبیەتەوە توانییان مێژووێك بۆخۆیان دروست بکەن، کە جودابن لە عەرەب! لەمێژووی خۆیان هێندە گرنگیان بەزمانی خۆیاندا، بەجۆرێ زمانی فارسی نەك لە ئێران، بەڵکو لە (عێراق) و دەوڵەتی عوسمانیدا زمانی فارسی زمانی دام و دەزگاو ئەدەب و سیاسەت بوو، هەروەها یەکەم مێژوونووسی کورد، (شەرەفخانی بەدلیسی) شەرەفنامەی بەزمانی فارسی نووسیوە. ئەو میرە رووناکبیرەی کورد، چەند سەدەیەك پێش ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی، هەستی کوردانە وایلێکردووە مێژووی نەتەوەیەك لە فەوتان بپارێزێ، مێژووی کوردی نووسیوەتەوە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کورد دەوڵەتی نەبووە، زمانەکەی زۆر ناوچەیی REGIONAL بووە، بۆیە میر جورئەتی ئەوەی نەکردووە (بەکوردی) (مێژووی نەتەوەی کورد، مێژووی میرو بنەماڵەکانیان) بنووسێتەوە، ئەمەو بەگوێرەی قوتابخانەی فەرەنسیەوە کە پاول ڤان تیگم و هەندێ روناکبیری تری فەرەنسی بنەماو شەنگستەکانیان داناوە دەڵێین زمان ناسنامەی دەقە. ئەو دەقەی شەرەفنامەش بەشێك لە ئەدەبیاتی فارسی پێکدەهێنێ، چونکە بە فارسییە!!

هەرچی قوتابخانەی ئەمریکییە جەخت لەسەر ناوەڕۆك دەكات، نەك تەنها زمان. لەم روانگەوە، لەبەر ئەوەی ئەو دەقەی (شەرەفنامە) لەسەر کوردە، کەواتە مولکی کوردە!!

کورد فاکتەری (دین) و (ئیمپراتۆریەت) و (حەزارەت)ی نییە! ئەی چۆن گرنگی بەزمانی نەتەوە بدات و گەشەی پێبکات؟! لەسەردەمی ئێستادا، تەنها عەرەب سوود لە فاکتەری دین و زمانی دین دەبینێ، نەتەوەکانی تر سوود لەزمانی دین نابینن، بۆ پەرەپێدانی زمانی نەتەوە، چونکە هیچ کتێبێکی ئاسمانی نەماوە بە زمانە ئاسمانییەکەی، جگە لە قورئانی پیرۆز! لێرە، هەندێ لە ناسیۆنالیستانی کورد، زیندووکردنەوەی زمانی ئاوێستا بە فاکتەرێك دەبینن بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی. کێشەی ئەوانە تەنها هەڵاتنە لە هەژموونی ئیسلام، ئەگەرنا ئەوەی لە ئاوێستاو زمانی ئاوێستای کۆڵیبێتەوە، دەزانێ زمانی ئاوێستا زمانی دین بووە نەك زمانی نووسین و ئاخاوتن. ئەو جۆرە زمانە تەنها پیاوانی ئایینی و موغەکان MAGIS لە تقوسی دینی بەکاریان هێناوە. ئەمەو زمانی ئاوێستا، زمانی نەتەوە نەبووە یان رێکتر بلێین زمانێکی نەتەوەیی کوردیی نەبووە، هەر تەنها مولکی کورد بێت!! ئەوەتە لەپاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیاش بەدەستی ئەخمینییەکان، زمانی ئاوێستا وەك زمانی دین لەناو دەوڵەتی ئەخمینی هەر مایەوە! لەم روانگەوە، خۆ خەریککردن بە فاکتەری دین، ئاوێستا بەکوردی دیتن و بە بنەما دیتن بۆ زمانی نەتەوە جگە لە بەفیرۆدانی سەروەت و سامانی نەتەوە هیچی تر نییە. وەك دەڵێن ئەم پرۆسەیە جگە لە (گرەوکردن لەسەر ئەسپی تۆپیو) هیچی تر نییە. وێڕای ئەمەش، وەك وتمان تەنها عەرەب لەناو زۆربەی نەتەوەکاندا سوود لە فاکتەری (زمانی دین) دەبینێ لە پەرەپێدان و نەشونماکردنی زمانی نەتەوەییدا. ئینگلیزی ئەمڕۆ چ پەیوەندییەکی بە ئینجیلەوە هەیە؟!

ڕاستە لە مێژووی نوێدا کورد ئیمپراتۆریەتی نەبووە وەك عەرەب و فارس و تورك!! بەڵام ئەو ئیمپراتۆریەتانەش سەد لەسەد لەسەر بنەمای زمان و نەتەوە دانەمەزراون و تاکە چالاك و پیاوانی دەوڵەتی ئەو ئیمپراتۆریەتانە هەموو عەرەب و فارس و تورك نەبوون! ئەمەو، کورد بەر لەو هەموو نەتەوانە، ئیمپراتۆریەتی میدی هەبووە، ئەو





ئیمپراتۆریەتە (زمانی دین) و (زمانی نەتەوە)ی هەبووە، بەڵام هەردوو زمان (زمانی دین و نەتەوە) بوونەتە قوربانی فاکتەری خزمایەتی زمانی و ئەتنیکی لەگەڵ فارس.

هەروەها (غەڵەت حاڵی بوون) لە (دین) و (زمان) فاکتەری ترن!! نەك دین خۆی ئاوابێ، ئەوەتە تورك و فارس لە دەوڵەتی خۆیان کە هەردوو بە دەوڵەتی دینی یاخود مەزهەبی لە مێژوو ناسراون، کەچی گرنگییەکی زۆریان بەزمانی نەتەوەیی خۆیان داوە! لەپاش کەوتنی میدیا، کورد فاکتەری هەڵسانەوەی بۆ خۆی نەخولقاندووە. ئەو هەوڵانەی میرانی کورد داویانە هەموو هەوڵی ناوچەیی بوون، بۆیە نەیانتوانی جگە لەپاراستنی زمانەکە لە فەوتان زیاتر بکەن!

هەبوونی ئیمپراتۆریەتی میدیا جودایە لە ئیمپراتۆریەتی عەباسی و عوسمانلی و سەفەوی و قاجاری. مێژووی ئەوانە نزیکە و لەدوای رووخانەوەش فاکتەری زیندووبوونەوە لە ئارادابوو، بەڵام رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدی پاشماوەکەی تەنها میرنشین بوو نەك دەوڵەت. ئەو میرنشینانەش تەنها لەسەردەمی (دەسەڵاتی ئیسلامی) هەبوون نەك عەلمانی! هەرچی عەرەب و تورك و فارس بوون لەپاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی عەباسی، عوسمانلی و قاجاری، دەوڵەتی نەتەوەییان دامەزراند نەك میرنشین!!

چەمکی حەزارەت زیاتر دەستە جەمعی دەگەیەنێ نەك نەتەوەیی. ئەگەر عەرەب و تورك و فارس سوودیان لە فاکتەری حەزارەتەوە وەرگرتبێ بۆ پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی، ئەوە رۆژئاواییەکان هەتا رزگاریان نەبوو لە هەژموونی (ئیمپراتۆرییەت) و (حەزارەتی رۆمانی)یەوە نەیانتوانی پەرە بەزمانی نەتەوەیی بدەن و بەزمانی نەتەوەی خۆیان ئەدەب بنووسنەوە. بۆ نموونە، زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزی کە ئەمڕۆ زمانێکی جیهانییە، لەهەموو بوارەکاندا هەژموونی خۆی هەیە. لەزۆربەی وڵاتانی غەیرە ئینگلیز زمانی دووەمی خوێندنە!! ئەو زمانە هەتا لەدەسەڵاتی کەنیسەو ئیمپراتۆریەت و حەزارەتی رۆمانی رزگاری نەبوو، حسێبی زمانی (LANGUAGE) بۆ نەدەکرا، بەڵکو وەك (زار DIALECT قسەی خەڵك!) تەماشا دەکرا. ئەمەو دەقێکی ئینگلیزی نییە مێژووەکە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی

سێزدەو چواردە!! هەر هەمان شتیش سەبارەت بە فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانی و.. هتد راستە!! ئەو زمانە ئەوروپیانە بە ڕێنیسانس بوونە زمانی نەتەوە!

کورد لە بەرانبەر دەسەلاتی داگیرکار زۆر داکۆکی لە زمانی خۆی دەکات، بەڵام ئەفسوس لەناوخۆی ئەو کۆششە ناکات!! ئەزموونی حکومەتی هەرێم 1992ـ؟ درێژترین ئەزموونی کوردییە لە حکومەتکاری ناوچەییدا، ئەو حکومەتە جگە لەفشارەکانی هاوسێکانی، لە ناوەوەش کار لەسەر فاکتەری لاوازکردنی یاخود روخانی دەکرێ. بەحوکمی ئەوەی ئەو بەشەی کوردستان، جگە لە ئیسلام چەند مەزهەب و دینێکی تر هەیە، ئەوانە لەلایەك هەبوونی دوو دیالێکتی سەرەکی فاکتەری تری لاوازکردنی ئەو ئەزموونەن!!

لەو چەند ساڵدا، هەریەك لە کوردی فەیلی و شەبەك، هەردووك لەگەڵ زۆربەی کورد مەزهەب جودان ـ شیعەن، هێندە شیعەن هێندە کورد نین (قسەم لەسەر عەوام و هەندێ تەیاری مەزهەبییە نەك هەموویان)، بۆ نموونە لە بەغدا ملیۆنێك کورد هەیە، کەچی (لیستی کوردستانی) چەند هەزار دەنگێکی هەیە. رۆژنامەنووسێکی کورد پێی وتم یەکێتی و پارتی مووچەی سی هەزار کەس دەدەن لە بەغدا، کەچی ئەو لیستە تەنها دوازدە هەزار دەنگی هێناوە!! لەولاوەش، رەوتێك لە هەورامانییەکان خۆیان لەکورد دادەبڕن!! یەزیدییەکانیش، بەحوکمی ئەوەی لەگەڵ کورد دین جودان، لەناو ئەوانیش دوو رەوت هەیە: رەوتێك وەك جولەکە یەزیدیاتی بە (دین و نەتەوە) دەزانێ و خۆیان پێ کورد نییە! رەوتێکی تر، ئەگەر خۆیشی بە عەرەب نەزانێ، وەلای بۆ دەسەڵاتی عەرەبی هەیە!! هەندێك لە کاکەییەکانیش جۆرێك لەو هەڕەشەیە دەکەن!! بەشێك لە مەسیحی و تورکمانەکانیش داوای (حکومەت) یان (حکومەتۆکەیەك) لە باشووری کوردستان دەکەن؟! وێڕای ئەو هەڕەشەیە، هەڕەشەیەکی تر کە ترسەکەی لەوانە کەمتر نییە، کارکردنە بۆ کوشتنی زمانی نەتەوە!! لەلای کورد، زمانی نەتەوەیی زمانی ستاندەرە، زمانی فەرمییە، زمانی نووسینە، خوێندنە، حکومەت نەیتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵکو نەیتوانیوە ڕێگریش بکات لەهەمبەر ئەو هەڕەشەیەدا!!





## دوو ستاندەر، دوو زمان!
## حاڵەتێکی دی کوشتنی زمان

زمان و دایەلێکت لە پەیوەندییەکی جەدەلی دان! دایەلێکت بێ زمان نابێ، هەروەها بەزۆری زمانیش بێ دایەلێکت نابێ، بەڵام هەردووکیان هاوواتاو هاوشێوەی یەکتر نین! چونکە دەکرێ زمان وەك تێرمێکی باڵاو بە هەژموون بەبێ ئاماژە بۆ دایەلێکت بەکاربێ، بەڵام هەرچی دایەلێکتە بە تەنیا ئەو سەربەخۆییەی زمانی نییەو بۆیە هەر دەبێ بڵێین دایەلێکتی زمانێك هەروەها ڕووبەرو ژمارەی ئاخاوتنکەری دایەلێکت سنووردارە لەچاو ئەوەی زمان!

مەرج نییە وڵات فرە نەتەوە بێ تاکو دیاردەی دایەلێکت و زمانی هەبێ یان (تاك نەتەوە) بێ هەروەها ئەو دیاردەیە پەیوەندی بە (نەتەوەی بچووك) و (نەتەوەی گەورە)ەوە نییە، هەروەها دیاردەکە پەیوەندی بە نەتەوەی خاوەن حەزارەت و مەدەنییەت و نەتەوەی دوور لە حەزارەت و مەدەنییەتەوە نییە!

بەکورتی دەکرێ بڵێین هەبوونی دایەلێکت و زمان دیاردەیەکی جیهانییە، چونکە لەهەموو شوێن و کاتێك ئامادەگی هەیە!

ئەوەی گرنگە، وشیاری تاك و کۆمەڵگایە لەوەی دایەلێکتێك بکاتە زمانی خوێندن و نووسین و کارگێڕی و حکومەتکاری!

ئەو زمانە لەناو ئێمەدا بەزمانی ستاندەر ناوبانگی دەرکردووە، زمانی ستاندەر، خۆی لەخۆیدا، دایەلێکتێکە قۆناغ بەقۆناغ ئەدگارو جیاوکی دیالێکتەکانیتری زمانی نەتەوەیی وەرگرتووە، بۆتە زمانی خوێندن و نووسین.

زمانی ستاندەر زمانێکی سروشتی نییە، دەستکردە، بەڵام موڵکی تەنها کەسێك و کۆمەڵێك نییە، بەڵکو (وشیاری) و (ئاگایی) و (پێویستی سەردەم) و (ململانێی نەتەوە لەبەرانبەر نەتەوەیتر) دروستی کردووە! منداڵ لەدایکی ئەو زمانە فێرنابێ، چونکە زمانی ستاندەر زمانی دایك نییە، بەڵکو زمانی قوتابخانەو کتێبە! زمانی ئاخاوتن نییە، بەڵکو زمانی ئەودیوی ئاخاوتنە، زمانی فەلسەفەیە!

زمان و دایەلێکت هیچیان پیرۆز نین! ! زمانی ستاندەر، ئەگەرچی ئـەدەبی بـەرز و مولتـەزیم! و فەلسەفەو هەتا دەقی دینیشی پێ دەنووسرێتەوە، لـەڕووی دینـی و زمانەوانییـەوە پیرۆزتـر و (بـالآتر!) و (سـەروەرتر) نییـە! ! وەك وتمـان زمـانی سـتاندەریش هــەر زارێکـی زمـانی نەتەوەیە! ئەوەتە زمانی ستاندەری ئینگلیزی جگە لە دایەلێکتێکی زمانی ئینگلیـزی هیـچیتر نییە. ئەوەندە هەیە زمانی ستاندەر فاکتەری کۆکردنەوەی تاکەکانی نەتەوەیە، بۆیـە دەکـرێ بڵێین زمانی ستاندەر فاکتەری بەهێزکردنی جیۆپۆلیتیکی ئاسایـشی نەتەوەیـە. چـەند زمـانی سـتاندەر زیـاتر کـاری لەسـەر بکـرێ لـە دام و دەزگـای دەوڵـەت هێنـدەی تاکـەکانی نەتـەوە یەکگرتووتر دەبن، هەروەها دەبێتە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوە!

لـە یۆنـان دوو (زمـان!) هەیـە، یـەکێکیان پێـی دەوتـرێ (دیمـۆتیکی Dimotiki) ئـەوە ناسـراوە بـەزمانی میللـی، زمـانی ئاخـاوتنی خـەڵك، هەرچـی زمـانی دووەمـە ناسـراوە بـە (کاسارێڤۆسا Catharevusa) یـاخود زمـانی پـاك، ئەمـە جگـە لـەوەی زمـانی نووسـینە، ئـەدگارەکانی زیـاتر ڕەنگدانــەوەی زمـانی کلاسـیکی یۆنانییــە نــەك زمـانی دیمـۆتیکی! توێژەرێکی وەك (سیکاری Psichari) لە توێژەرە بەراییەکانـە کـە لـەبارەی (زمـانی بـالآ) و (زمانی نابالآ)ی نووسیوە!

ئـەو توێـژەرە، کـە لـە حاڵـەتی زمـانی یۆنـانی لـە سـەدەی نـۆزدەی کۆڵیوەتـەوە، بـۆی دەرکـەوتووە کـە هــەردوو زمـان (دۆمـۆتیکی و کاسارێڤۆسـا) سـنووری یـەکتر دەبـەزێنن و خەریکە زمانی ستاندەر، کە ئەدەب و فەلسەفەو سیاسەت پـێ نووسـراوەتەوە، ئـەدگارەکانی خۆی لەدەست دەدات، سیکاری دەنووسـێ: (یۆنـان وڵاتێکـە زمـانی خـۆی ناوێـت!) (ئەمـەو مێژووی یۆنان ئەوەمان پێدەڵێ کە یۆنانییەکان هێندە زمانی خۆیان خۆشویـستووە بـەجۆرێ بەرەو (زمان پەسـەندی) بـردوون! ئەمـە وەنـەبێ خەڵکـە ڕەش و ڕووتەکـە ئـەوهابێ، بـەڵکو هــەتا هەنـدێ لـە بیرمەنـدەکانی یۆنـانیش زمـانی یۆنانییـان پـێ لـە زمـانیتر پەسـەندتر و بالآتربووە.

دایەلێکتێك کە دەبێتە زمانی ستاندەر... زمانی دەوڵەت! بە تەنیا ناتوانـێ هـەموو بوارەکـانی خوێنـدن و نووسـین و دیـن و سیاسـەت و فەلـسەفەو کـارگێڕی و حکومـەتکاری پڕبکاتـەوە، ناچارە لەزارو شێوەزارەکانی دی زمانەکەی وشە وەربگرێ!





هــەروەها بـوونی دایـەلێکتێك بـەزمانی سـتاندەر کوشـتنی زارو شـێوەزارەکانیتر نییـە، بـە پێچەوانەوە زمانی ستاندەر موڵکی هەموو زارو شێوەزارەکانی زمانە! کەواتـە ئـەو زمانـەی لـە دایەلێکتێك بە پاڵپشتی زارو شـێوەزارەکانیتر دروسـت دەبێـت، ناسـنامەی زمـانی نەتـەوەیی وەردەگـرێ و ئـەو دەبێتـە بـاڵیۆزی زمانـەوانی زمانەکـە لـە بەرانبـەر زمـانی نەتـەوەکانیتر لەناوچەکەو جیهاندا!

هەرچەند زوو ئەو (بـاڵیۆزە زمانەوانییـە) (شـەرعیەتی خـۆی لـە دام و دەزگـای فێرکـردن وەك قوتابخانـەو زانکـۆ و دام و دەزگـایتری دەوڵـەت وەربگـرێ، ئاسایـشی نەتـەوەیی ـ زمانـەوانی ساخلەم و بەرقەرارتر دەبێت، بێگومان داگیرکارانی کوردسـتانی گـەورە ئـەوە سـەدەیەکە لـە پێکۆڵی هاوکۆدان بۆ ئەوەی ئـەو بـاڵیۆزە لـە ئـەرزی واقیـع و زەیـن و دەروون و هـزری کـوردا جێگیر نەبێت. لە ئێران، زمانی کوردی وەك دایـەلێکتێکی زمـانی فارسـی دەبیـنن، تورکـەکان هەر دان بە بوونی نانێن، هەرچـی عەرەبـەکانن بـە (زمـان) نایخوێننـەوە (سـەیری کتێبەکـەی مـونزر ئەلموسـڵی بکـە) (هەرچـەندە لـە ڕەوشـی ئێـستای عێراقـدا بـەکوردی لـە پەرلـەمانی عێراقدا نووسراوە: ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام لە پاش بـەهێزبوونی دەسـەڵاتی بەغـدا شـەڕی زمانێیش بەڕێوەیە.. هەرچ نەبێ دەڵێن کام زمانی کوردی (سۆرانی!) یان (بادینی!).

ئەوانەی لەناو کـوردانیش کـار لەسـەر دوو سـتاندەر دەکـەن، ئـەوە بیانـەوێ و نەیانـەوێ کـار لەسەر پرۆژەی دەسەڵاتی بەغدا دەکەن، کاتی خۆی ڕژێمی بەعس لـەپێناو لـەتکردنی زمـانی کــوردی، ڕۆژنامــەی (ئاســۆ) و ڕۆژنامــەی (بــزاڤ)ی دەرکــرد، لــەپاش شــەڕی سیاســەت، شـۆڤێنییەکانی بەغـدا، ئـەو مەسـەلەیە جـارێکیتر دەبوژێننـەوە، بـەڵام سـەیرەکە لەوەدایـە ئەمجارە کورد خۆی دەستپێشخەرە!

ئەوەی لەوەش سـەیرتر ئەوەیـە، پـرۆژەی دوو سـتاندەر، پـرۆژەی قەڵەمدارەکانـە! ! دەبـێ ئەوانـە لـەوە نەگەیـشتبن کـە سـەپاندنی دوو سـتاندەر لەخوێنـدن و حکومـەت لـە ئاکـام دوو نەتـەوەی لێدەکەوێتـەوە؟! ئـەوهابێ هـەردوو دەڤـەری بادینـان و سـۆران ـ گـەرمیان، هـەر فاکتـەری (جوگرافیـا) و (سیاسـەت) لەیـەکیان جیاناکاتـەوە، بـەڵکو لـەڕووی (زمـان)ەوەش لەیەك جیا دەبنەوە! چما زمان ناسنامەی نەتەوە نییە؟!

خۆم کار لەسەر زاری هەولێر دەکەم، وەك زمانی پایتەخت، کە لەزۆر وڵاتدا، زمـانی پایتـەخت بە پاڵپشتی زارو شێوە زارەکانیتر بۆتە زمانی ستاندەر!

زمانی پایتەخت بۆ هیچ نەتەوەیـەك فاكتـەری (یەكبوونـەوە) نـەبوو‌بێت، بـۆ كـوردی باشـوور، فاكتەرێكی سیاسی، جوگرافی و زمانەوانییە. وەختـی خۆیـشی، هـەورامی بـەهۆی میرنـشینی ئـەردەلان، بۆتـان بـەهۆی میرنـشینی بۆتـان و بادینـان، زاری سـلێمانی بـەهۆی میرنـشینی بابانەوە بۆ ماوەیەك بوونە زمانی نووسین لەناو كورد، هەرچی ئـەزموونی حكومـەتی هەرێمـە، ئەوە لەڕووی ڕووبـەر و سـەردەمەوە دەرفـەتی زۆر لـەبارترە بـۆ ئـەوەی زمـانی پایتـەخت بـە موتوربەكردنی بە پەیڤ و زاراوەكانی زارو شێوازەكانیتر بكرێنـە زمـانی خوێنـدن و كـارگێڕی! هەرچی زارو شێوەزاری دی هەیە با لە شرۆڤەكردنی وانـەكان لـە قوتابخانـەو زانكـۆ بـەكاربێن، هەروەها نووسەرو ڕۆژنامەنووسانیش ئازاد بن بەوەی بـەو زمانـەی پایتـەخت دەینووسـن یـان بەزارو شێوەزاری خۆیان.. بەڵام ئەوەی گرنگە یەك ستاندەر لە خوێندن و دام و دەزگای حكومەت هەبێت، چونكە بـەدوو سـتاندەر (دوو نەتـەوە) (دوو بیركردنـەوە) (دوو نـەوە) (دوو كەلتوور) دروست دەبێ، ئەمەش هەر هـیچ نـەبێ جۆرێكـە لـە جۆرەكـانی تیرۆركردنـی زمـانی كوردی! ئـەو جـۆرە تیرۆركردنـە ژانـی بەقـەد ژانـی خەنجەرەكـەی (بـرۆتس)ە، چـونكە وەك (سیزەر ـ قەیسەر) هەرگیز چاوەڕێی نەدەكرد (بـرووتس) لـەپیلانی تیرۆركردنـی ئـەو بەشـدار بێ، زمانی كوردیش هەرگیز چاوەڕێ ناكات منداڵەكانی لە پشتەوە غافڵكوژی بكەن!!

**ئەنجام:**

ئەو هەموو هەوڵانەی تیرۆركردنـی زمـانی كـوردی، ئەگـەر ڕەگێكـی كۆنیـان هـەبێ بـەڵام هـەر بەردەوامن. كێشەكەش بەمە ئاڵۆزبووە دەسەڵاتی حوكمڕانی كورد خۆیـشی بەشـێوەیەك لـە شـێوەكان لـەو پرۆسـەیە بەشـدارە! ئـەو بەشـداریەش، بەشـدارییەكی سیاسـیە! بۆیـە، لـەو هەژدە ساڵەی حوكمڕانیدا نەیتوانی وەك هەر نەتەوەیـەكی دی پـرۆژەی كـۆڕی زانـستی زمـان دابمەزرێنێ. هەبوونی ئەو كۆڕە یەكێ لـە پێویـستیە هـەرە سـەرەكییەكانی بزاڤـی زمانناسـی كوردییە، چونكە چـەند گرنگـی بـەزمان بدرێ ئەوەنـدە ئـەو زمانـە لـەلای تاكـەكانی نەتـەوە خۆشەویست دەبێ، هەروەها لە پرۆسەیەكی ئەكادیمیدا قۆنـاغ بـەقۆناغ بـەرەو سـتاندەربوون دەچێ!!

لەلایـەكی تـر، بـەدەر لـەبواری زمانناسـی، گرنگـی دان بـەزمان لـەدام و دەزگاكـانی خوێنـدن هەوڵێكی بەرهەمهێن دەبێ بـۆ بونیادنـانی نەتـەوەیی تـاك و ئاشـتكردنەوەی تـاك بـە زمـان و كەلتووری نەتەوەوە.





# دایەسپۆرای كوردی، دیاردەیەكی تری كوشتنی زمان

## چەمكی دایەسپۆرا

لـەناو كتێبـە زمانەوانییەكانـدا زۆر كـەم ئامـاژە بـەو چـەمكە كـراوە، هـەتا دەیڤیـد كریستەل لە سێ كتێبە ناسراوەكەی خۆیدا ئاماژەی بۆ نەكردووە. لـە ڕاسـتیدا، ئـەو چەمكە چەند پەیوەندی بە نەتەوەو بونیادی نەتەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە زمانی نەتەوە هەیە.

با بۆ ئەوەی لە چەمكی دایەسپۆرا–Diaspora بگەین، ناچار بـووین لـە فەرهەنگـە گـشتیەكاندا بـەدوای واتاكـەی بگـەڕێین. فەرهـەنگی ئۆكـسفۆردی چـاپی ئینگلیـزی لاپەڕە (347) دوو پێناسەی بۆ دایەسپۆرا كردووە:

یەكەم:

"كۆچی یاخود بزاڤی گەلی جولەكە لەدەرەوەی وڵاتی خۆیان بۆ ئەوەی لە وڵاتی تـر بژینو كاربكەن". لێرەدا مەسەلەكە پەیوەستە بە كۆچكردنو كۆچ پێكردن لە وڵاتـی یەكەم(زێد) بۆ وڵاتـی دووەم: ئۆكسفۆردو زۆر فەرهەنگی تـری ڕۆژئـاوایی، وشـەكە بـە (جولەكەو مێژووی جولەكەو ئیسرائیلەوە، گرێ دەدەن!!

دووەم:

"هەڵقەلانی (كۆچ)ی هەر نەتەوەو گەلو كۆمەڵێكی تر لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان. لـە فەرهـەنگی مـاكمیلانی ئینلگیزیـشدا ل381 دایەسـپۆرا بـە "چـوون یـاخود ڕەوی خـەڵكێكی زۆری نەتەوەیـەك لـەوڵاتی خۆیـان بـۆ وڵاتـانی تـر لـە جیهانـدا" پێناسـە دەكات.

ئەمـەو وشـەكە، لـە یۆنـانی كۆنـدا بـۆ دیـاردەی پەرتـەوازە بـوون یـاخوود پـەرشو بڵاوبوون دێت، جا پەرشو بڵاوبوونی (تۆ)و بێت یاخود نەتەوەیەك بێت!

دیاردەی پەرشو بڵاوبوونەوەی نەتەوە  چ  وەك پرۆسەیەكی خۆ هێشتیو ئارەزوومەندانە، سیاسیانە، دینیانە، یاخود وەك پرۆسەیەكی عەسكەری مێژوویكی كۆنی  لە ئەوروپاو ئەمریكاو هەروەها رۆژهەڵاتدا هەیە.

مەرج نییە، ئەو دیاردەیە هەر تەنیا لەنێوان دوو نەتەوەی دین جودا، كەلتور جودا ڕووبدات، بەڵكو دەكرێ لە ناو تاكەكانی یاخود سنورەكانی وڵاتێكی فرە نەتەوەو دینیش ڕووبدات. هەبوونی گروپێكی دینی وەك كەمایەتییەك Minority لەناو قەلەمڕەوی هەژموونی گروپێكی دینی تردا لە زۆر وڵاتدا بەرپایە. لە باشوری كوردستان، بەتایبەتی لە شاری هەولێرو دهۆك ئەم دیاردەیە هەیە، كریستچیانەكانی ئەو دوو شارە وەك ئەقەلیەكی دینو (ئایین جودا) لەناو كۆمەڵگای كوردستانی دەژین. ئەگەر ئەمانە لەگەڵ كورد ئێستاكە خۆیان هەر ئایین جودا نابینن، بەڵكو لە ڕووی نەتەوەیش جودان، بەڵام ئەقەلیەكی دینی وەك یەزیدیەكان وەك كۆمەڵگایەكی داخراو وان لەهەمبەر كۆمەڵگای كوردستانی، كە زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانە، ئەوانەش خۆیان، ئەگەر وەك بەشێك لە كۆمەڵگەی كوردی ببینن، بەڵام خۆیان وەك دایەسپۆرا دەبینن.

راندوكف كوێركی ڕێزماننووسی ئینگلیزی باوەڕی وایە دیاردەی دایەسپۆرا لەناو كەلتور زمانیش بەرپایە، ئەوەتە ئاماژە بە  پەرشو بڵاوی  زمانی ئینگلیزی بۆ چەند زمانێكی هاوبەشی لەیەك نەگەیشتو دەكات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە دایەسپۆرای زمان لە دەرەوەی كۆمەڵگای ڕەسەنی خۆی سەردەكێشێ بۆ ئافاتی یاخود مۆرانەی زمان!!

وێڕای ئەمەش، ئەم زاراوەیە جەخت لە هاوبەشی ئەنتیكی  Sharing common ethnic- لەناو كۆمەڵگای زمانی دەكات، بەڵام ئەم دیاردەیە، ئەگەر لەڕواڵەتیش بەژیانو كەلتوری كۆچەریی یاخود ڕەونەدی دەچێت، بەڵام لە ئەو جودایە، چونكە ڕەوەند هەر ژیانی كۆچەریو كەلتوری خۆی دەپارێزێ! بە شێوازێكی تر، كۆچەر یاخود  ڕەوەند "شوێنی دیاریكراوی نیشتەجێ بوون"ی نییە، ئەو (گەرمیان)و (كوێستان)ی خۆ دەكات،  و گەرمیان هەرماڵی خۆیەتی، كوێستانیش ماڵی





خۆیەتی، بەڵام دایەسپۆرا دوو وڵاتی هەیە. لە وڵاتی زێدی خۆی كەلتوری خۆی هەیەو لەناو  كۆمەڵگای زمانی ئەتنیكی خۆی دەژی، كەلتوورو زمانی لە خەتەردانییە، بەڵام ئەو شوێنەی بۆی دەچێ زمان، كلتور، دین هەتا جوگرافیاشی جودایە: خۆیشی لە وڵاتی دووەم ئەقەلیەیە، لێرەدا زمان، كەلتورو دین–ی لەختەر دایە. لەو وڵاتەش شیانی ئەوەی نییە بتوانێ لەبەردەم باهۆزی كەلتوریو زمانی وڵاتی كۆچ بۆكردوو بەرگە بگرێ. ئەو كوردانەی ئوردنو میسرو لبنان هەتا ئەو كوردانەی دیمەشق یان ئەو كوردانەی ناسراون بەكوردی كوێتی، تەواو كەوتوونە ژێر كاریگەری زمانو كەلتوری عەرەبییەوە. ئەوەندە نەبێ بەشێك لە هەڵبژاردەی كوردی لە نووسیندا رۆحی كورد لە كەسایەتیەكانی ڕۆمانو شیعرەكانیادا بەرجەستە دەكەن.

ئەو خاڵەی ئێمە جەختی لەسەر دەكەین فەوتانی زمانی ئەو گروپەیە یان هەر هیچ نەبێ كاڵبوونەوەی زمانە لە ئاست زمانی دەوڵەتی كۆچ بۆكردوو. دایك، باشترین قوتابخانەیە بۆ پاراستنی زمان، بەڵام ئەگەر ئەو ژێدەرە پاكەی زمان بۆ منداڵانی نەتەوە نەما،  جا چ دەقەومێ ئەگەر دایكەكە خۆی بۆ نموونە كورد نەبێ!! یان كوردییەكەی شوڕ بزانێو ئەو منداڵانەی ئەوروپاش دەرفەتی قوتابخانەی دووەمیان، قوتابخانە خوێندن بەزمانی كوردی، نەبوو! یان، هەر دایك و باوكەكە، ئەوەند لەڕقی دەسەڵات یاخود خۆ قەزەم كردن لەبەردەم زمانی بیانی، نەیانەوێ منداڵەكانیان بەكوردی بخوێنن مەحاڵە لەناو قوتابخانەكانی ئەوروپاش هەژموون و كەلتوری زمانی دەوڵەتی زۆر زاڵە بتوانین لەمردنی حەتمی زمانەكەیان ڕزگاریان ببێ، بۆیە چارەنووسی زمانی كوردی لای ڕەوەندی كوردی لە ئەوروپاو ئەمریكا بەدرێژایی مێژوو وەك چارەنووسی زمانی كوردەكانی ئوردنو میسرو لوبنانو كوێتو سوریا(نەك ڕۆژئاوای كوردستان) لێدێت، لێرەدا، بۆ ئەوەی تارماییو لێڵێ زیاتر لەسەر بابەتەكە لابدەین، دەڵێین: فێربوونی زمانی دووەم لە تاراوگە بەهیچ  جۆرێ هەڕەشە نییە لەسەر زمانی كوردی، بەڵام ئەوەی لە دایەسپۆرا، دەفامرێتەوە ئەوەیە دەبێت ئەو كۆمەڵگا ئەتنیكیە كە خاوەن زمانی خۆیەتی بتوانێ بەرگەی گۆڕانی زمان

یاخود فەوتانی زمانی بکات، چونکە لە کۆمەڵگایەکی ئەوروپیدا، سەبارەت بە کوردەوە بە ناسنامەی زمانییەوە، دەتوانیٚ ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بپارێزیٚ. ئەمەو هەر بە گوێرەی ئەو چەمکەوە وا چاوەڕوان دەکریٚ، کە ئایینی خۆیشی بپارێزیٚ، ئەگەرنا لەناو تقوسی نادینی یان دینی ئەوروپا دەتوێتەوە، بەمەش ناسنامەی ئایینی خۆی لەدەست دەدات! بێگومان پاراستنی دابو نەریتو کەلتوری نەتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی بەشیش بێت، هەر پاراستنی بونیادەکانی نەتەوەی لێدەکەوتەوە، هیندیەکانی بەریتانیا ئەوە چەند نەوەیەکە لە بەریتانیان، بەڵام نەك زمان، دینو کەلتوری خۆیان نەگۆڕیوە، بەڵکو زمانێکی نوێیان بەو ماوە زەمەنییە دورستکردووە، کە پێکهاتووە لە زمانی Englishو Hindi ناسراوە بە Hinglish – هیندیەکی ئینلگیزی یاخو ئینگلیزیەتی هیندی!!

**بنەچەو گەشەکردنی دایەسپۆرا:**

بنەچەو نەشو نماکردنی دایەسپۆرا تەواو ڕوونو ئاشکرا نییە. ئەم دیاردەیە، چ بەواتای کۆچکردنی لەخۆوەیی(خۆ هێشتی) بێت یان کۆچ پێکردن بێت، زیاتر ڕۆژئاواییە لەوەی ڕۆژهەڵاتی بێت. هەروەها بەحوکمی ئەوەی زاراوەکە زیاتر جەخت لەسەر پەرشو بڵاوکردنی نەتەوە بە پلە یەکو دین بە پلە دوو دەگەیەنیٚ، زاراوەکە زیاتر پەیوەست کراوە بە پەرشو بڵاو بوونی جولەکە لەمێژوودا!

یەکەمجار ئەم زاراوە لەئاکامی ئەو نەفی کردنە Exile هات کە لە "Deuteronomy " هاتووە: "

ئێوە لەهەموو مەملەکەتەکانی سەر زەوی پەرشو بڵاودەکرێنەوە" ئەم دەسپێکە بەو واتا بنەڕەتییە لەگەڵ وەرگێڕانی ئینجلی عیبری بۆ سەر زمانی یۆنانی پەرەی سەند. ئەو بەکارهێنانەی دایەسپۆرا لەو ساوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو جولەکانە بەکارهات، کە لەساڵی (607)ی پ. ز بابلییەکان لە ئیسرائیل وڵات بەدەریان کردن، هەروەها کە لەساڵی(70) ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە (Judea) دەریکردن!هەروەها ئەو زاراوە دەرهەق بەو نەتەوەو گەلانەش بەکارهاتووە، کە ئاشووریەکان لە زێدی





ڕەسەنی خۆیان دووریان کردونەتەوە بۆ ئەوەی لە ئاییندە داوای موڵکداری زێدی خۆیان نەکەن!

لە یۆنانی کۆنیش بەواتای پەرشو بڵاوی دەهات، هاوڵاتیانی دەوڵەتی شار بۆ ئەو شوێنانە کۆچیان دەکرد، کە سوپا داگیری دەکرد، ئەوانیش هەوڵیان دەدا خەڵکەکەو خاکەکە وەك پرۆسەیەکی کۆلۆنیالیزمی لەخۆیاندا بتوێننەوە!!

سەبارەت بە کوردانیش ئەو کۆچانەی گەلانی هیندۆ ئەوروپی بۆ کوردستانیان کردووە، جۆرێك لە فرە ڕەگەزیو فرە زمانیان دروستکردووە، ئەو کۆچانە وایکردووە گەلی ڕەسەنی ئەو وڵاتە بەخۆشی یان نەخۆشی لەگەڵ ئەوانە تێکەڵ بن! هاتنی عەرەبە موسڵمانەکانیش جۆرێك لە دایەسپۆرای دروستکردووە، بەڵام ئەوە عەرەبەو بۆتە کورد نەك کورد بوبێتە عەرەب– بەواتای پرۆسەکە لەئاکام زیاتر بە کوردیکردنی ئەو عەرەبانەی لێکەوتۆتەوە کە لەناو قوڵایی خاکی کوردستان ماونەتەوە! ئەوانە بەزمان و کەلتور لەناو کورد توانەوتەوە نەك وەك ئەوەی یۆنانییەکانو گەلانی هیندو ئەوروپی!

لە سەردەمی نوێدا، ئەم زاراوە ڕەهەندێکی تری هەیە، یاخود لەگەڵ " پەنابەر" لەسەر ئاستی تاك "تاراوگە" یاخود "هەندەران" تێکەڵ کراون!! توێژەرێك دەنووسیٚ: هەندی جار پەناهەندەکانی بنەچەو ئەتنیکی جودا بە دایەسپۆرا دەبینرێن، بەڵام (پەناهەندە)و (دایەسپۆرا) دوو زاراوەی (هاو واتا)ی یەکتر نین، چونکە بنەماو شەنگستو ئامانجەکانیان تەواو وەك یەك نین!

ئەوەی لە ئەوروپا پیٚ دەوتریٚ" ڕەوەند–جالیە" سەبارەت بە هیندیو پاکستانیو جولەکە هەتا عەرەبو تورك یەکێتیەکی نەتەوەیی، دینی یان (زمان)ی کۆیان دەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە کورد لە ئەوروپا، ئەو ڕەوەندە دروست نەبووە گوتاری نەتەوەیی خۆی هەبێت!! ئەمەش، بەشێکی پەیوەستە بە بیرکردنەوەی تاکی کورد، بەشێکی تریشی پەیوەستە بە سیاسەتی حیزبی عەلمانی کورد، کە زیاتر هۆکاری پەرتەوازەی تاکی کوردە، نەك یەکێتی کوردی.

**هۆکارەکانی دەرکەوتنی دایەسپۆرا**

دایەسپۆرا لەهەندێ ڕواڵەت لە دیگلۆسیا دەچێت، چونکە لە هەردووکیان دەبێ بەراورد لەنێوان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی زمانەوانی بێت، لە دیگلۆسیا زمانی باڵاو زمانی نزم هەیە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پشتڕاستکردنەوەی هەبوونی دوو جۆر(زمان!)و دوو جۆر خەڵك (یاخود دوو چین، دوو توێژ) لە یەك كۆمەڵگا دەگەیەنێ. زمانی وڵاتو زمانی دایەسپۆرا (زمانی دەرەوەی وڵات، زمانی تاراوگە یان دەرەوەی كۆمەڵگا) دوو (زمان)ی دوو چینو توێژو خەڵكی یەكو وڵات دەگەیەنێت، ئەو دوو زمانەش لە زۆر ڕووەوە، بەتایبەتی لەڕووی نەژادپاکی زمان Language -purity لە یەك جودان.

زۆر هۆكار لە دروستكردنی دیاردەی دایەسپۆرا ڕۆڵی خۆیان دەبینن ، لەوانە، وەك هۆكاری سیاسی، كۆمەلایەتی، كەلتوری، ئابوری، دینی....هتد.

**1ـ هۆكاری دینی:**

لەدینێکی ئوممەی وەك ئیسلامدا، کە "دین" کەوتە بەر هەڕەشە، نەتەوەو زمان گرنگیەكانیان کاڵ دەبنەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەردەمەکە سەردەمی ململانێی دینی بوو نەك ململانێی نەتەوەیی. ئەو هەموو كوردەی ئوردن، لەفەلەستین، میسر هەیە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی خاچپەرستەكان. ئەوانە هەڕەشە بوون، دەسەڵاتی سەرکردایەتی دەوڵەتی ئیسلامی لەدەست سەلاحەددین ئەیوبی بوو، جا ئەو كوردانەی بۆ شەڕ چووبوون، لەو وڵاتانەی مانەوەو لە ئاكام (زمان)ی لەنێو كۆمەڵگەی عەرەبی توایەوە، هەروەك چۆن ئەو هۆزە عەرەبانەی لەسەردەمی وڵاتگیری ئیسلامیدا لەكوردستان مانەوە زمانو كەلتوری خۆیان لەناو كورد ونكرد!

فاکتەری دروستبوونو مانەوەی یەزیدیەكانیش هەر فاكتەری دینییە. یەزیدیەكانو بەشێك لە دیانەكانی كوردستان دوو كۆمەڵگەی دایەسپۆران لەگەڵ زۆربەی كورد تەنها دین جودایان دەكاتەوە. ...هەرچی مەسەلەی دایەسپۆرای جولەكەیە، ئەوە زیاتر كۆچكردنێكی گوشاری دینییە ، هەر بۆیە بەدرێژایی مێژووی جولەكایەتی راڤەیەكی دینیو نەتەوایەتی بۆ كراوە.

**2-فاكتەری سیاسی**





هەروەك چۆن فاکتەری سیاسی ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە"گەورەکردنی" مەسەلەی دایەلێکتو زمانی کوردی هەروەها ڕۆڵی خۆی لەناوچەکەدا بینیوە بۆ دورخستنەوەی بەشێك لە کورد لە "دەرەوەی کوردستان!" پەناگەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە. سەرەتای ئەو پەناگەیە، پایتەختی دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان بوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی زۆربەی ئەوانەی لە ئەوروپا گیرسانەوە بوونە بەشێك، بەشێکی ی تر لە ڕەوەندی کورد هێندە بە ئەوروپا گیرۆدەن بە جورێ دروشمیان "ئەوروپا، ئەوروپا"یە، کەچی ڕۆشنگەرانی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەمەوە دەیانگوت:"ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵات!" هەرچی فۆستەری ڕۆماننووس لە ڕۆمانی A passage to India لە زاری یەکێ لەکارەکتەرەکان دەڵێ ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتە، ڕۆژئاواش، ڕۆژئاوایە!!

ئەوەی ئێمە باوەڕی بە دینو کەلتور، دابو نەریتو دنیای وڵاتەکەی نییە.

1ـ بۆیە بێ ناسنامە پەراگەندەیە لەناو گێژەنی ئوروپادا.

2ـ دوالیتی لای هەندێك بۆتە دێوە زمە.

3ـ ڕۆژهەڵاتیە بە بیرکردنەوەو ناسنامە لە واقیعێك دەژی دوورە لەکەلتوورو زمان و دینی خۆیدا.

**3ـ هۆكاری ئابووری**

هۆكاری ئابوری بەدرێژایی مێژوو هۆکارێکی ئاکتیف بووە لە جولانی ڕەوڕەوەی مێژوودا. هەتا ماتریالیستەکان هەموو ڕوداوەکانی مێژوو بە فاکتەری ئابوری لێکدەدەنەوە!! لە نەزەر ئێمە، ئابووری فاکتەرێکە، هەمووی نییە، دەرکەوت هەمووی نییە!

کورد چ لە کۆن، چ لە سەردەمی ئێستا فاکتەری ئابوری‌و خراپی بژێوی ناچاری کردووە سەری خۆی هەڵبگرێ شوێنێکی تر بۆ خۆی بکاتە وڵاتی خۆی، وێرای فاکتەری سیاسی، فاکتەری ئابوریش ڕۆڵی خۆی هەبووە، کوردێکی زۆر گوندو شاری خۆی بەجێهێشتووە بەرەو شارەکانی وەك ئەستەمبول، بەغدا، تەهران، دیمەشق چوونە!

لەسەردەمی دوای ڕاپەڕینیش، جگە لە ڕەوشی سیاسی کوردستان، فاکتەری ئابوری ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لەدروست بوونی دایەسپۆرای کوردی لە ئەوروپا. ئەم فاکتەرە لەلای هەندێ ئەوەندە کاریگەربووە، بەجۆرێ ئەوانە نەیانتوانیوە هیچ سودێك لە تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوای ببینن ، بەڵکو خەمی سەرەکیان "خۆ پێگەیاندن" بووە لەڕووی مادديەوە. ئەمەو ئەو زمانەی لەوێ فێربوونە تەنها دایەلێکتە بازاڕیەکەیە نەك زمانی ستاندەری ئەو وڵاتە کە لەدامو دەزگاکان کاری پێ دەکرێ! چۆن جاران گوندییەکانی باشوری کوردستان لە ناوەڕاستو باشوری عێراقدا لە سەربازی فێری عەرەبییەکی بازاڕی باش دەبوون، بەڵام نەیاندەتوانی هەتا نامەیەکیش بە عەرەبی بنووسن!!

### 4ـ فاکتەرەکانی تر:

فاکتەری خێڵەکی، کۆمەڵایەتیش زۆر دەوری خۆیان بینیوە لە پەرتەوازە بوون و کۆمەڵگای کوردی، بەڵام ئەو پەرتەوازییەی تا ڕادەیەکی زۆر ناوچەیی بووە. یەك بەرەباب یان دوو بەرەباب، کە برا، ئامۆزا، یان بن عام – کوڕانی ئامۆزا – لەسەر موڵك ومەسەلەی ژیان نەیان توانیوە لەگەڵ یەك هەڵبکەن بۆیە لەیەکتر جودابوونەتەوە. ئەمەو تەنها لەناوچەیەك چەندەها (دێ)و (گوندۆکە) بەهەمان ناو هەن، هەروەها هەندێ جار هەر لە ئاقاری گوندێکدا دوو گوندی چەند ماڵی بە پاشگری (خواروو)و (سەروو) سەرگەلو، بن گەلو...هتد هەن.... بەڵام ئەو جۆرە پەرتەوازەییە کاریگەری بەقەد کاریگەری فاکتەری دینیو سیاسیو ئابوری نییە، چونکە ئەو پەرتەوازییە ئەگەر هەر لەسنووری گوند نەبووبێ زۆر کەم لە سنوری دەرەوەی وڵات بووە!.

## کاریگەری دایەسپۆرا لە کوشتنی زماندا

دایەسپۆرا بەهەر جۆرێك دروست بووبێ هێندەی کاریگەری خراپی هەیە هێندە کاریگەری باشی نییە، بەتایبەتی سەبارەت بە کوردەوە، چونکە لەلایەك کورد





دەوڵەتی نییە لەلایەکی تریش زۆربەی ئەوانەی لە دایەسپۆرا دەژین بەرانبەر بەشارستانییەت و زمانەکانی ڕۆژئاوا خۆیان زۆر بە "کەم" دەزانن!!
خوێندنەوەیەکی نێگەتیڤانەی زاتی کورد، وەك بڵێی کورد هیچی نییە جێگای شانازی بێت، فاکتەرێکی زۆر گرنگ بووە لە پرۆسی خۆهێشتی کوشتنی زمانی کوردیدا. جا ئەگەر ئەوە (هەست) و (هەڵوێست)ی باوك و دایکەکان بێت کە هێشتا نە خۆیان لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتی ڕزگاریان بووە نە ڕۆژئاواین وەك ڕۆژئاواییەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، دەبێ نەوەکانی ئەو دایك و باوکانە چ هەست و سۆزێکیان لەبارەی زمان و کەلتوورو دین و مێژووی کوردەوە لە زەین بمێنێ؟!
ئەوە وەك وتمان لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا کەم و زۆر دەرفەتی لەبیر نەکردنی زمانی دایك، زمانی نەتەوە هەیە، چونکە قوتابخانە هەیە تایبەت بە پەنابەرانەوە! بەڵام تەمەنی ئەو قوتابخانەیە بەقەد تەمەنی منداڵەکانەوە نییە بەڵکو تەنها چەند قۆناغێکە. ئەو چەند قۆناغە ئەگەر فاکتەری بەهێزی قوتابخانەی ماڵەوە (دایك و باوك) هاوکارو پشتیوان نەبێ پرۆسەکە لەبەین دەچێ!

## هەندێ نموونە لەسەر کوشتنی زمان لە دایەسپۆرا

زۆرێك لەبنەماڵە ناسراو و سیاسی و ڕۆناکبیرەکانی کورد (بەناچاری) یاخود (بەخۆهێشتی) خۆیان لەپایتەختەکانی بەغدا، ئەستەمبۆل، دیمەشق، تەهران، عەمان و قاهیرە نیشتەجێ بوونەو بەسەردان نەبێ جارێکی تر نەگەڕاونەتەوە کوردستان! ئەو بنەماڵانە لەسیاسەت و هزرو ئەدەب و دەوڵەتکاریی ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەهەندێ سەردەمدا، بەڵام نەوەکانیان لەناو هەژمونی ڕۆشنبیری نەتەوەی باڵا دەستدا زمانی خۆیان لەدەست داوە.
1ـ بنەماڵەی بەدرخانییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان بینیوە لەبواری سیاسەت، ئەدەب و زمانناسیدا، بەڵام نەوەی ئەو بنەماڵەیە ئێستا بەچ زمانێك دەپەیڤن؟! و دەنووسن؟!
2ـ لە ئوردن چەندەها بنەماڵەی کورد هەن زۆربەیان نازناوی (کوردی) یان هەیە. هەندێ لەو بنەماڵانە هێندە ناسراون بەجۆرێ بوونەتە سەرۆك وەزیرانی ئوردن، وەك

(سەعد جمعە) هەروەها کەسایەتی وای تێدایە بوونەتـە وەزیـر (ئەشـرەف کـوردی) و دبلۆماتکار (سەیدۆی کوردی) کەچی نەوەی هیچ یەکێك لەمانـە نـەدەزانێ بـەکوردی قسە بکات نە بەکوردیش بنووسێت.

3ـ بنەماڵەی سەلیم بەرەکات. سەلیم بەرەکات یەکێ لە نووسەرە دیارەکانی جیهانی عەرەبییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدایەسپۆرا ژیـاوە نـەخۆی بـە کـوردی دەنووسـێ وە نەچاوەڕێ دەکرێ منداڵەکانی بەکوردی بنووسن یان بدوێن!

4ـ ئەحمەد شەوقی و عەباس مەحمود عەقاد. هیچ ڕۆشبیرێکی عەرەب نییـە هەسـت بەپێگەی ئەو دوو زاتە نەکەن لە (ئـەدەبی عەرەبیـدا) بـەڵام بـەگوێرەی قوتابخانـەی بەراوردکاری فەرەنسی، نووسینەکانی ئەو دووە کە هیچی پەیوەنـدیان بـە کـوردەوە وەنییە هەروەها هەتا ئەدەبەکەی (سەلیم بـەرەکات)یـش بەشـێك لـە ئـەدەبی کـورد پێکناهێنێ، چونکە بەکوردینەنووسراون!

ئەوانە بەرەنگاریان کرد، ئـەوجا نـەوەکانیان زمانەکـەیان تیرۆرکـرد، ئـەدی ئەوانـەی بـەناو لـەڕقی دەسـەڵاتی کـوردی! ! هـەر خۆیـان لێناگـەڕێن منداڵـەکانیان (نـەك نەوەکانیان) فێری زمانی کوردی ببن؟!

حاڵەتێکی تری زۆر کوشندە هەیـە، ئـەویش پرۆسـەی هاوسـەرگیرییە لەگـەڵ گـەلانی غەیرە کورد. لەم بارەیەوە چەندەها پسپۆڕی زمان و شارەزا لە نهێنییـەکانی زمـانی کوردی، بەحوکمی ئەوەی ژنەکانیان کورد نین، ئەوە منداڵەکانیان کوردی نازانن و لە ئاکام (کوردی) لەماڵی پسپۆری زمانی کوردی تیرۆر دەکرێت! !





# خوێندنی حوجرەی کۆن
# بیاڤێکی دی پاراستنی زمانی نەتەوەیی

هەریـەك لـەزمانی عـەرەبی و زمـانی لاتینـی هەنـدەی زمـانی نەتـەوە بوونـە (چـەند ئەوەندە) زمانی دین بوونە! هـەژموونی ئـەو دوو زمانـە یـەك لـە جیهـانی ئیـسلامی، ئەویتریش لەجیهانی مەسیحیەت مێژووێکی دووروودرێژیان هەیـە لـە (پەسـەندکردن) و (ڕەتکردنەوە).

لـەدوای بڵاوبوونـەوەی ئیـسلام لـە کوردسـتاندا، زمـانی عـەرەبی هۆکارێـك بـوو بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـەو دینـە نوێیـە. کـورد وەك فارسـەکان میللـەتێکی حـەزاری و دیـن دۆست بوو، بۆیە زانایانی کورد هەر زوو زمانی عەرەبی فێربوون و کەوتنە ڕاڤـەکردنی قورئان و فـەرموودەکان بـەجۆرێك دیاردەیـەك لەخوێنـدن لەکوردسـتان دروسـت بـوو ناوی لێنرا خوێندنی حوجرە.

خوێنـدنی حـوجرە لەکوردسـتان لەئاسـتێکی زۆربـەرز دابـووە، چـونکە بابەتـەکانی خوێندن هەر تەنها دینیی نەبوون بەڵکو چەندەها بابەتی وەك (نەحو) (صرف) (فقە) (بەلاغە) (تەسەوف) و (مەنتق) (فەلەکناسی)هتد. دەخوێنران.

ئەو جۆرە قوتابخانانە ئەگەر زیاتر بە قوتابخانەی دینیی ناسراون، بـەڵام لەبنەڕەتـدا مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی زۆر گرنگ بوونە. زۆربەی هەرە زۆری مەلا ناودارەکانی کـورد دەرچووی ئەو حوجرانە بوونەو هەر دوازدە عیلمیان لەوێ تەواو کردووە.

وێـــڕای ئـــەوەی، ئـــەو کەنالـــە هۆکـــاری ســـەرهەڵدانی ئـــەدەبی بـــەراوردکاری comparative litrature و بنکـەی پەیـدابوونی ڕێزمـانی بـەراوردکاریش بـووە.

بۆیە هەر قوتابییەکی ئەو حوجرانە، شـارەزاییەکی باشـی لـە (فەلـسەفە) و (لۆژیـك) پەیدا دەکرد هەروەها تەواو ئاشنا بووە بە قوتابخانەی (تەسەوفی) حـافزی شـیرازی و سەعدی شیرازی. هەر لەو ڕێگایەوەش مەلا شاعیرەکانی کورد زیاتر ئاشنای دنیـای تەســـەوف بـــوون. شـــیعرەکانی (جـــەزیری) و (مەولـــەوی) و (مـــەحوی) نموونـــەی بەرجەستەن لە کاریگەری ئەدەبی حوجرەکانی کوردستان!

لەهەمووش گرنگتر پاراسـتنی زمـانی کوردییـە لـەو حوجرانـە. مـەلای کـورد زۆربـەی هەرە زۆری ئەو دوازدە عیلمەی حوجرەی بـۆ قوتابییـەکان بـەکوردی راڤـە کـردووە.

هەروەها ئەو زانا (عەرەب) و (تورك) و (فارس)انەی لەو حوجرانە دەرسیان وتوتـەوە ناچاربوونە فێری زمانی کوردی ببن بۆ ئەوەی وانەکە بەکوردی بلێیینەوە ! !

هەر لـەو حوجرانـەش، یەکـەم، ڕێزمـانیی بـەراورد لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـەپێش زانایانی ڕۆژئاوا سەری هەڵداو مێژوویێکی لەزیرەکی عەقڵی کوردیدا بـەرپاکرد. وێـڕای ئەمـەش، مامۆسـتایانی ئـەو حوجرانـە ئـەلفبێی کـوردی و عەرەبیـشیان پاراسـت و تەسلیم بە ئەلفبێی لاتینی نەبوون هەروەها جـل و بـەرگی کوردانـەی خۆشـیان هـەتا ئێستاش پاراستووە !

ئایا وانە وتنەوەی فەلسەفە، لۆژیك، دیـن، ڕێزمـان هتـد. لـەڕۆژانی بـێ ئاگـایی و بـێ دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا بـەزمانی کـوردی، گوزارشـت لـە هۆشـیاری نەتـەوەیی و نەتەوە ویستی ناکات؟! ئایا هەر مەلای کورد نەبوو لەڕێگای ئەو حوجرانەوە شیعری ئەوتۆی نووسی شان لەشانی شیعری فارسی و عەرەبی بدات؟!

بەڕاستی خوێندنی حوجرە، هەرچەندە میتۆدەکەی کۆن بووە، بەڵام بیاڤێك بووە بۆ دروستکردنی کەسـایەتی مـەعریفی و سیاسـی کـوردیی و هـەروەها پاراسـتنی زمـانی کوردی و ناسنامەی کەلتووری کوردی! !

ئەو حوجرانە لەسەردەمێك بـوون، کوردایـەتی وەك بزاڤێکـی سیاسـی نـەبوو، بـەڵکو تەنها سۆزێك بـوو بـۆ نەتـەوەو نیـشتمان: بـەکورتی هـەبوونی خوێنـدنی حـوجرە لـە کوردستان هەر بۆ دەوڵەمەندکردنی بیاڤی دینی نەبووە لەکوردستان

بەڵکو کەناڵێك بووە بۆ ڕۆشنبیرییەکی هەمە لایەنە: ڕۆشنبیری دینیی، فەلـسەفیی، لۆژیکیی، فەلەکیی، زمانیی... هتد.

ڕۆشنبیرییە دینییەکە، زانای ئەوتۆی لە کۆمـەڵگای کـوردی دروسـت کـرد، بـەجۆرێك پایەك لـە پایـەکانی کـەلتورو شارسـتانییەتی ئیـسلامی دەنـوێنن. ئـەو (فەلـسەفە)و (سۆفیگەرییەی) لەبەشێك لە ئەدەبی کلاسیکی کـوردی بەرجەسـتە بـووە بەهایـەکی ڕۆحیی و مەعریفیی و کوردانەی بەو دەقانە بەخشیووە. ئەمەو هەر لـەناو ڕۆشـنبیری حوجرەدا، زانایەکی وەك عەلی تەرەماخی یەکەم ڕێزمـانیی بـەراوردیی لەڕۆژهـەلات و ڕۆژئاوا نووسی هەروەها هەر لـەناو حـوجرەدا، ئەحمـەدی خـانی فەیلەسـوف بـەر لـە ڕۆژئاوا بنەماکانی "نەتەوایەتی دروستیی" لە دەقی "مەم و زین"دا بەرجەستە کرد!

بەڕاستی لەحوجرەی کۆن زانا، فەیلەسوف، لۆژیکناس، فەلەکناس، زماننناس

دروست بوون، لەناو (مەکتەب)یش مەکتەبلی!





## عەلی تەرەماخی یەکەم ڕێزمانووسی بەراوردیی کوردی

### دەروازە

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیا، چاکترین دەرفەت بۆ حوکمڕانی کوردیی سەردەمی ئیسلامی بووە چونکە لەو سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێکی قـەومی نـەك هـەر لەناوچـەکە بەڵکو لە ئەوڕوپاش نەبووە. ئەوسا ،لە هەموو دونیـا سەردەم،سـەردەمی حـوکمڕانی سیستەمی ئیمپڕاتۆریەت بووە. لەناو ڕژێمی ئیمڕاتۆریەتدا هەموو نەتەوە و گەلەکانی ناوچەکە هەریەکەی بەجۆرێك بەشدار دەبێت لە حکومڕانی ئیمپڕاتۆریەتدا.

لە سەردەمی هەرێمی خەلافەتی ئیمپڕاتۆریەتی ئەمەوی وعەباسی وعوسمانیـدا کـورد لە زۆر دام ودەزگای ئیمپڕاتۆریەت بەشدار بووە هەروەها لە زۆر شـوێنی کوردسـتانی گەورەش حوکمڕانی کوردی هەبووە.

جگە لە بزاڤی سیاسی ، ئەوە کورد خـاوەن بزاڤێکـی ڕۆشـنبیری گـەورەش بـووە بـە (دە) یـان زانـا ونووسـەری کـورد هەڵکـەوتون وە بەشـداریەکی هـزری و حـەزاری گەورەیان کردووە.

لـەبارەی (هـەوڵی زمـانی ) یـش ، ئـەوە ڕەوشـی خوێنـدنی حوجرەکـانی کوردسـتان بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستیەی کە زانایانی کـورد بـە زمـانی کـوردی، فارسـی، عـەرەبی هەر (دوازدە) عیلمەکەیان بە قوتابیانی خۆیان ووتوە. ئەو جۆرە خوێندنە هۆکارێـك بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی زمانی کـوردی0ئـەو سـەردەمە لـە ئـەوڕوپا هـیچ ئینگلیـز وفەرەنسی وئەڵمانییـەك ....هتـد جورئـەتی ئـەوەی نـەکردووە هـەتا ئینجیلـیش بـە زمانی زگماکی خۆی بۆ قوتابیانی هاونەتەوەی خـۆی بخوێنێتـەوە ! ! هـەروەك چـۆن ئەحمەد خانی شاعیر و (فەیلەسوف) پێش هەر ئەوڕوپیەك بانگەشەی ناسـیۆنالیزمی دروستی کرد، ئەوە عەلی تـەرەماخیش پـێش هـەر ڕێزماننووسـێکی ئـەوڕپایی لـەپاڵ دەستوری زمانی عەرەبی ،باسی لە دەستوری زمانی کوردیش کردووە.

لەم کورتە لێکۆڵینەوەدا، بە کورتی ئاماژە بە چەمکی فیلۆلۆژی و فیلۆلۆژی بەراورد لە ئەوروپا دەکەین ئەوجا لە کارەکەی عەلی تەرەماخی دەدوێین وە ئاماژە بەو عەقڵەی کورد دەکەین لە سەدەی شازدەهەمی میلادیدا.

## فیلۆلۆژی Philology

زاراوەی فیلۆلۆژی Philology لە ووشەی (Philologia) ی یۆنانی داتاشراوە. ئەم زاراوەیە لە زمانی یۆنانیدا لە دوو بەش پێك دێت: (philos) ، (logos) . ئەو دوو بەشە زۆر شرۆڤەیان بۆ کراوە: (philos) بە واتای "خۆشەویستی،ئازیز، برادەر"....هتد دێت هەرچی (logos) ە بە واتای "ووشە،ئافراندن،عەقڵ" دێت. ئەو زاراوەیە لە لاتینیش هەندێ گۆڕانکاری بچوکی بۆ کراوە و کراوەتە Philologie. لە سەردەمی شازدەهەمەوە لە ڕێگای فەرەنسی ناوەڕاستەوە هاتۆتەوە ناو زمانی ئینگلیزیەوە.

بەڵام لە سەدەی شازدەهەم، ئەو زاراوەیە واتای "خۆشەویستی ئەدەبی" دەبەخشێ و پەیوەندی بە زمانەوە نەبوو. ئەمەو، هەر لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تا سەدەی نۆزدەهەمی میلادی، فیلۆلۆژیا هەر پەیوەست بووە بە (خۆشەویستی حیکمەت) و (خۆشەویستی فێربوون ) و (خۆشەویستی ئەدەب) ، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو زاراوەیە لە جوغزی دیراساتی ئەدەبی دەرچوو ،بووە چەمکێك ، زانستێك کە تەواو جەختی لەسەر دیراسەکردنی مێژووی پەرەسەندنەکانی زمانەکان دەکرد. ئەمەش لە فریدریك فۆن شلێگڵ دەست پێدەکات هەتا نیتزاچ.

فیلۆلۆژی زمان، زمانەوانی نی یە ، توێژینەوەیەکی مێژوویی زمانە. یاساکانی دەنگ و گۆڕانی زمان لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی تر کاری بنەڕەتی فیلۆلۆژی زمانە. ئەم خوێندنەوە مێژووییە بۆ مێژووی زمانی دەگەڵ دەرکەوتنی دی سۆ سێر ، کە جەختی لەسەر شرۆڤەکردنی ئێستای زمان دەکرد، بەرەبەرە پوکایەوە.

## لقەکانی فیلۆلۆژی

فیلۆلۆژی چوار جۆری سەرەکی هەیە، جۆری یەکەم فیلۆلۆژی بەراورد، لە هەموویان گرنگترە هەروەها بەشێك لە کارەکەی ئێمە پێك دێنێت.





### یەکەم: فیلۆلۆژی بەراورد

فیلۆلۆژی بەراورد بزاڤێکی زمانەوانی بوو هەوڵی دەدا لە ڕێگای بەراوردکردنی زمانەکاندا چەند ئاکامێك بپێکێت وەك بیرۆکەی (خێزانی زمانی) دابڕێژن و خاڵە لێکچو و جیاوازەکانی نێوان زمانەکانەکان بدۆزنەوە و لەسەر ئەو بنەمایە (دایکە زمانێك ) بۆ ئەو خێزانە زمانیانە دیاری بکەن. ئەوانە چەند بنەمایەکیان داڕێشت بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایانە زمانەکان پۆلێن بکەن: سێ جۆری پەیوەندییان لە نێوان زمانەکان دیاریکرد، کە بریتین لە:

پەیوەندی یە نەژادییەکان Genetic Relations

پیوەندیە کەلتوریەکان Cultural Relations

پەیوەندییە فۆرمییەکان Typological Relations

فیلۆلۆژکارانی سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەیەکی سەرەکی جەختیان لەسەر پەیوەندییە نەژادییەکان دەکرد، هەر لەو ڕوانگەوەش خێزانی زمانی هیندۆ ئەوروپیان داهێنا.

ئەو بزاڤەی فیلۆلۆژی بەراود لەسەرەتادا پەیوەست نەبوو بە زمان — بە واتای زمان نەبوو ئەو بزاڤەی دروست کرد، بەڵکو (دین) و(سیاسەت) و(بازرگانی) سێ فاکتەری دۆزینەوەی حاڵەتی لێکچووی زمانەکان بوون. دۆزینەوەکەی (فلیۆسامستی) (سێر ویلیەم جۆنز) دەرگای بۆ فیلۆلۆژکارەکان کردەوە کە زیاتر لەو دیاردە زمانەوانییە بکۆڵنەوە .

### دووەم :نووسینەوەی فیلۆلۆژیای دەقیی

دیراساتی ئەدەبی جوغزی کاری فیلۆلۆژیای کلاسیکی بوو ، بەڵام فیلۆلۆژیای دەقیی یاخود نوسراو هەوڵێکی دی فیلۆلۆژییە بۆ خوێندنەوەی دەق و مێژووی دەق.

ئەم جۆرەی فیلۆلۆژییە ڕەگەزەکانی یاخود ئەمرازەکانی ڕەخنەی دەقی لەخۆ دەگرێ. ئەم جۆرە ڕەخنەیە هەوڵ دەدات دەقی ڕەسەنی نووسەر لە سەر بنەمای چەند کۆپیەکی جودای دەستنووسەکان دابڕێژێتەوە. ئەم جۆرە فیلۆلۆژیایە لە بنەڕەتدا فیلۆلۆژیاییەکی دینییە ، کاتی خۆی ڕۆشنبیران هەوڵیان دەدا چەند

خوێندنەوەیەکی رەسەنی کتێبی پیرۆز بکەن لەو هەموو دەستنووسە جودایانە ! ئەو فیلۆلۆژییەی دینییەی لە رۆژ هەلآت لە ناو موسڵمانان هەیە ، دەرهێنانی چەند یاسایەکە لە قورئانی پیرۆز نەك هەبوونی دەقی لابەلا. فەقێی کورد لە مەوە سەری هەڵدا !

## سێیەم: فیلۆلۆژی هۆشەکیی

ئەمەش جۆرێکی ترە یاخود لقێکی تری فیلۆلۆژییە. فیلۆلۆژی هۆشەکیی لە دەقە زارەکی و نووسراوەکان دەدوێت. ئەو دوو دەقەش ، ئەگەر چی هەریەکە خەسڵەت و ئەدگاری جودایان هەیە بەڵام هەردووك بە گوێرەی بنەماکانی فیلۆلۆژی هۆشەکیی بە ئەنجام و ئاکامی پرۆسەی هۆشەکیی مرۆڤ دادەنرێن.

## چوارەم :فیلۆلۆژی زمانەکانی هاوبنچینە

هەندێ زمان بە زمانی هاوبنچینە دادەنرێن بەوەی ئەو زمانانە هەندێ شێوەی زمانەوانی هاوشێوەیان هەیە جیاوازیان تەنیا لە پیتێکە یان دووان. زمانی ئاسپانی، فەرەنسی ، پرتوگالی بە زمانی هاوبنچینە دادەنرێن چونکە زۆربەی ووشەکانیان لە زمانی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە.

کتێبەکەی عەلی تەرەماخی و بیرۆکەی فیلۆلۆژی بەراورد

عەلی تەرەماخی زانای ناوداری سەردەمی خۆی بووە. نەك هەر کوردستان ، بەڵکو زۆر شوێنی تر بۆ خوێندنی مەلایەتی گەڕاوە هەتا لە ئاکام هەر لە گوندەکەی خۆی (تەرەماخ) مزگەوتێك دروست دەکات و چەندەها فەقێ پێدەگەیەنێ کتێبەکەش هەر لەسەر ئەو بنەمایەی ووتنەوەی وانەکانی مەلایەتی داناوە. هەوڵی داوە (صرف) ی زمانی عەرەبی بە قوتابیەکانی خۆی بە کوردی بڵێتەوە. جگە لەو هەوڵە دڵسۆزییەی بۆ (زمانی قورئان) و زمانی نەتەوەکەی (کوردی) ئەوە لە زۆر شوێنی کتیبەکەی باسی رێزمانی کوردیشی کردووە و نموونەی هێناوەتەوە. هەروەها بە حوکمی ئەوەی زمانی فارسیش لە سەردەمی ئەودا دوازدە عیلمی مەلایەتی لە هەندێ بابەت پێدەخوێندرا، بۆیە نموونەی لە زمانی فارسیش هێناوەتەوە.





ئەمە کرۆکی بابەتەکەی عەلی تەرەماخی یە. با ئێستا بزانین بە دروستی کتێبەکەی ناوی چی یە و ئایا دەکرێ عەلی تەرەماخی بە یەکەم رێزماننووس دابنێین هەروەها لە هەمووی گرنگتر بە گوێرەی بنەماکانی فیلۆلۆژی بەراورد....دەکرێ عەلی تەرەماخی بەیەکەم رێزماننوسی بەراورد دابنێین؟

## ناوی کتێبەکە

ئەلیکزەندری ژابای کوردناس و قونسولی رووسیا لە ئەرزە رۆم یەکەم کەس بووە کە ئەو دەستنووسەی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی بەدەست کەوتووە و مەلا مەحموود بایەزیدی زانای کورد کتێبەکەی بۆ ژابا رونووس کردووە وە پێشەکی بۆ نووسیوە هەروەها باسی رەوشی خوێندنی لە کوردستان کردووە. هەروەها ئەوە باس کراوە کە ئەم کتێبە لە ساڵی 1591 میلادی نووسراوە و مەلای بایەزیدیش لە ساڵی 1858 میلادی روونووسی کردۆتەوە.

ژابای کوردناس لە یەکەم نامەی بۆ ئەکادیمیای دۆرن لە پیتر سپۆرگ ناوی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی دەهێنێ و دەنووسێ:

"....رێگەم بدەن گەورەم، ئاگاداری جەنابتان بکەم لە بابەت سیپارەێیکی بچوکەوە، ئەوەی ئەمڕۆ بۆتانی رەوانە دەکەم ئەمە نێرراوی پێنجەمە، بریتییە لە پێشکی ی دەستوری زمانی کوردی عەلی تەرەماخی........"

پاش نزیکەی ساڵێکی تر ژابا نامەیەکی تر بۆ دۆرن دەنێرێ لەوێش دەنووسێ:

".....گەورەم، ئێوە پێشنیارێکتان کردبوو کە پێویستە دەستووری زمانی کوردی ی عەلی تەرەماخی وەرگێڕمە سەر زمانی فەرەنسی....."

ناوی دەقی کتێبەکەش، کە د.مارف خەزنەدار خۆی دۆزیویەتیەوە هەم خۆیشی چاپی کردووە ، ئەوها نووسراوە:

هذا کتاب عبارة علی ترەماخی          هذا کتاب صرف لسان کردی

بە واتای ناوی کتێبەکە صرفی زمانی کوردی یە ژاباش ناوی بە " دەستووری زمانی کوردی" بردووە.

کەچی د.مارف کتێبەکە بە (دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی) دادەنێت. ئەو ڕایەی د.مارف دەکرێ لەسەر ڕای مینۆرسکی بیناکرابێت،چونکە ئەو هەر لە ساڵی 1927 (43 ساڵ پێش د.مارف) لە ووتاری " کورد – کوردستان" لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام دەنووسێ: " عەلی ی خەڵکی تەرەماخ (1591ز) گرامەرێکی عەرەبی نووسیوە بە زمانی کوردی" مامۆستا ڕەشید فندیش باوەڕی وایە کە عەلی تەرەماخی نەك هەر یەکەم ڕێزماننوسی کوردە بەڵکو یەکەمین پەخشان نووسی کوردیشە. لەم بارەیەوە کتێبێکی نووسیوە بەناوی "عەلی تەرەماخی ئێکەمین ڕێزمانڤیس وپەخشانڤیسێ کوردە" *

بە ڕای من کتێبەکەی عەلی تەرەماخی یەکەم کتێبی ڕێزمانی بەراوردە، چونکە هەم باسی دەستووری صرفی زمانی عەرەبی کردووە هەم باسی دەستووری صرفی زمانی کوردی هەروەها (فارسی) کردووە. ئەو هەوڵەی تەرەماخی وەپێش عەقڵی ئەوروپیش کەوتووە. ئەوەتە یەکەم کتێبی ڕێزمانی ئینگلیزی لە ساڵی 1586 چاپکراوە ، کەچی مەلایەکی کورد لە دەڤەرێکی وەك هەکاری لە ساڵی 1591 نەك هەر باسی ڕێزمانی کوردی کردووە، بەڵکو یەکەم کەسیشە نەك هەر لەناو کوردان بەڵکو لە ڕۆژهەڵات ورۆژئاواش کە (ڕێزمانێکی بەراورد) ی لە سەدەی شازدەهەم نووسیوە، کەچی لە هەموو ڕۆژئاوا هەتا سەدەی نۆزدەهەم هیچ ڕێزماننووسێکی ئەوروپایی ڕێزمانێکی بەراوردی نەنووسیوە کەسێکی وەك فریدریك شلێگڵ (1767–1845) لە ساڵی 1808 کتێبێکی بەناوی "لەبارەی زمان وحیکمەتی هیندیەکان" نووسیوە لەوێ زاراوەی "ڕێزمانی بەراورد" ی لە ڕۆژئاوادا هێناوە و ئەو ناسراوە لە ڕۆژئاوا بە باوکی ڕێزمانی بەراورد، کەچی عەلی تەرەماخی (217) دوو سەد وحەڤدە ساڵ بەر لە شلێگڵ بە کردەوە کاری لەسەر ڕێزمانی بەراورد کردووە ئەو زانستەشی بە نووسین و ووتنەوە فێری قوتابیانی کورد کردووە.

ئایا عەلی تەرەماخی زانا وڕێزماننوس مافی ئەوەی لەسەر ڕووناکبیری کورد نی یە هەرچ نەبێ بە یەکەم بە ڕێزماننوسی بەراورد دابنرێ؟! بێگومان تەرەماخی کورد





نەبوایە ،ئەوها دەرکەوتبوایە کە یەکەم ڕێزمانووسی بەراوردە ئەوە ڕۆناکبیرانی ئەو نەتەوەیە لە هەموو ڕاگەیاندنەکاندا گەورەترین هەڵای ڕاگەیاندنیان دەکرد! !

هەندێ دەقی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی کە باس لە ڕێزمانی کوردی دەکات ئەم نموونانە لە کتێبەکەی د.مارف ورەشیدی فەندی وەرگیراون:

فەصل د بەحثا موضارع دایە. د زمانێ کورمانجێ دا پێنج صیفە بدەردکەڤن زێدە نابن، وەکو نها: (دچی ، دچە ، دچن، دچم، دچین) هەروەها باسی بەکارهێنانی ڕاناوەکان دەکات، کە چۆن لەگەڵ ئەم شێوانە بەکاردێن: (تو، ئەو، هوون،ئەوان،ئەم،مە) ئەڤ شەش ضمیر ژی چەمایرێد وان ئەفعالانە دگەڵ وان تێنە عەملاندن. ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە سەدەی شازدەهەم (1591) ڕاناوی (ئەوان) لە کرمانجی بەکاردەهات. ئەوسا ڕاناوی ئەوان (کۆ) ی ڕاناوی (ئەو) بوو کەچی ئێستا لە ڕێگای کردارەوە ئەو دووە لەیەك جیادەکرێنەوە:

سەدەی شازدەهەم : ئەو دچە.   ئەوان دچن.

ئێستا : ئەو دچە.   ئەو دچن.

د بەحپا ئیسمێ فاعیلدا ئەمما ئیسمێ فاعلێد تەپنییە وجەمعید زمانێ کورمانجی بغەیری ژ لەفڤا (ئێ دی ئیبتدادا ئاخریدا لەفڤا (نون وها) یەك دبی......

(ئێ کوشتنە ، ئێ کرینە ، ئێ خوەری نە) ، یانی ئەو تەپنییە و جەمعێد کو کوشتینە و کڕینە وخوەرینە. جگە لە عەرەبی، ئەم دیاردەیەی لە زمانی فارسیدا باسکردووە وەك دەنووسێ: د بەحپا ئیسم فاعلید ئەلفاڤێد فارسیە، ئیسم فاعیل ناڤی وی فعلی یە. ئەو ژی ئیبتیدایە یان معتموم دبەر دئاخری لەفڤیدا ژی دال هایك دبی، مپلا وەکو نها: ( کوشندە)،( کوننده)، (خورنده)......

## پەراوێز

***سەبارەت بە یەکەم پەخشانی کوردی**

ماوەیەکی زۆر مەولود نامەکەی شێخ حوسێنی قازی (1791–1870 ) بە یەکەم پەخشانی کورد داندرا. لە پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی مەلا مەحمودی بایەزیدی

بەناوی ( عادات ورسومات نامەی اکرادیە) ، کە دکتۆرە شکوریە لە رووسیەوە کردیە کوردی ناوی نا (داب ونەریتی کوردەکان) ئەو دەقە کرایە یەکەم پەخشانی کوردی.....هتد مامۆستا رەشید فەندیش کتێبەکەی عەلی تەرەماخی بەیەکەم پەخشانی کورد دادەنێت. ئەو کتێبەی تەرەماخی لە ساڵی 1591 نووسراوە0 ڕاستە یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی وڕێزمانی بەراوردە، بەڵام دەکرێ یەکەم پەخشانی کوردی نەبێت، چونکە هەر مامۆستا ڕەشید خۆی لە پەراوێزی (41) ی ( 60 ) دەنووسێ: مەولودا کرمانجی : هتا نهۆ هزر وەسا بۆ دچیت لە چەرخێ پازدێ ژیابێت.....جا گەر مەلای باتەیی لە چەرخی پازدە مەولودنامەی کرمانجی نووسێبێت، سەدەیەك پێش عەلی تەرەماخی یە !!! دەکرێ ئەو مەولودنامەیە یەکەم پەخشانی کوردی بێت نەك ئەوەی عەلی تەرەماخی!!

پوختە: پەیوەندییە کەلتورییەکان یەکێك لەو پەیوەندییانەن کە زمانەکان ، هەرچەندە لە خێزانی زمانی جوداش بن سوود لەیەکتر دەبینن. کورد لە پاش ئاشنابوونی بە ئیسلام زمانی عەرەبی کردۆتە زمانی خوێندنی حوجرە نەك کۆمەڵگا . بە واتای زمانی قورئان بۆتە زمانی ڕۆناکبیری کورد نەك زمانی خەڵکی عەوام. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە عەرەب لە سەردەمی ئیسلامیدا لە کوردستان وەك کۆمەڵگا نەژیاون ئەوانەی ژیاویشن دەگەڵ کورد تێکەڵ بوونە و بوونەتە بەشێك لە کۆمەڵگای کوردی هەتا زمانی ئاخاوتن عەرەبیشیان لەبیرکردووە. عەلی تەرەماخیش پێشەنگی ئەو بزاڤە ڕۆناکبیریە بووە وێڕای عیلمەکانی قورئان ولۆژیك ئەوە ڕێزمانێکی نووسیوە لەسەر صەرفی زمانی عەرەبی وکوردی وفارسی بۆ ئەوەی فەقێیەکانی هەم بە دروستی لە زمانی قورئان بگەن هەم بتوانن بە زمانی کوردی شت بنووسن وبخوێننەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ووتاری ڕۆژی هەینی، جگە لە ئایەتەکان وفورموودە، هەموو بە زمانی کوردی بووە. ئەو کتێبەی تەرەماخی بە یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی دادەنرێ چونکە یەکەم کتێبە باسی بەشێك لە ڕێزمان و زمانی کوردی کردووە هەروەها بەیەکەم کتێبی ڕێزمانی بەراوردیش دادەنرێ چونکە باسی ڕێزمانی عەرەبی و کوردی وفارسی کردووە.





# تایپۆلۆژی زمانەکان و زمانی کوردی بە نموونە

**دەروازە**

هەرچەندە تایپۆلۆژی زمان لە ئاکامی هەوڵ و کۆششەکانی فیلۆلۆژکاران پەیدابوو، بەڵام چەمکەکە لەدوای سەدەی نۆزدەهەمەوە بووە بەشێك لەزمانەوانی نوێ.

تیۆری مۆرفیم، بونیادی تایپۆلۆژی زمان پێکدێنێ، چونکە بەگوێرەی ئەم تیۆرەوە زمانەکان بەگوێرەی مۆرفیم بەرانبەر وشەو شێوازی پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکان پۆلین دەکرێن. کە تیۆری مۆرفیم نەیتوانی وەڵامی زۆر ئاریشەی نێوان زمانەکان بداتەوە، تیۆری فۆنۆلۆژی و پێکهاتەی ڕستەسازی وەك ناوەندێکی چارەسەر بۆ پۆلێن کردنی زمانەکان هاتنەکایەوە.

ئەم دووەش نەیانتوانی تەواو ئاریشەکان چارەسەر بکەن، بۆیە ناچار زمانەوانان دان بەوە دەنێن کە جیاوازی زمانەکان لەیەکتر، ڕاستییەکی بنەڕەتییە.

لەم کورتە توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لەو ئاریشانە بدوێین و قسە لەسەر شوێنی زمانی کوردی لەو تیۆرانە بکەین.

## تایپۆلۆژی زمانەکان

دەکرێ زمانەکان لەسەر سێ بنچینە پۆلێن بکرێن:

### 1ـ بنچینەی مێژوویی:

هاومێژوویی، هاوڕەگەزی، هۆکارێکە کە زمانەوانان لە مێژووی زمانناسیدا کاریان لەسەر کردووە، بۆ ئەوەی زمانەکان بۆ کۆمەڵ Group یاخود خێزان Family پۆلێن بکەن.

بەگوێرەی ئەم پۆلێنکردنە، هەر کۆمەڵە زمانێك، دایکە زمانێکی Proto language هەیە. ئەم کۆمەڵە زمانەش چەندەها سیمای هاوبەشی مۆرفۆلۆژی و

سینتاکسی و فۆنۆلۆژیان لەنێواندا هەیە. هەر بەو ئەدگارو سیمایانەش بوونەتە خێزان. دابەشکردنی زمانەکانی هیندۆ ئەوروپایی لەسەر ئەو بنەمایە پەیڕەوکراوە، چونکە زمانەکانی وەك لاتینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتالی... هتد. هەموو لەزمانی سانسکریتی کۆنەوە پاش کەوتوون.

زمانی عەرەبی و سریانی، عیبری لەزمانی (سام)ی کوڕی نوح پێغەمبەر پەیدابوون، بۆیە بە ئەوانیش دەوترێ زمانە سامییەکان.

ئەم بنچینە ڕەگەزییە، بنەمایەکی ئەنسرۆپۆلۆژی پاڵشتی ناکات، چونکە زمانی دایك، زمانی یەکەم، هیچ شوێنەوارو ئەسەرێکی نییە، ئەوەی دەگوترێ لەم بارەیەوە زیاتر (زەن) و (تێڕوانین) و (گریمانە)ن.

ئەمەو، ئەم زمانانە (بۆنموونە، زمانەکانی هیندۆ ئەوروپی) ئێستا زمانی نەتەوەیین، هەر نەتەوەو زمانی خۆی هەیە.

ئایا زمانی یەکەم، زمانێکی نەتەوەیی بووە؟!

بێگومان، ئەو زمانەی ئادەم قسەی لەگەڵ خودا پێ کردووە، نەتەوەیی نەبووە، چونکە هیچ کەسێك تا ئێستا نەیتوانیوە ڕەگەزی نەتەوەیی ئادەم و زمانەکەی دیاری بکات!! هەروەها زۆرێك لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان هەندێ سیمای لەیەك جودایان هەیە، بۆ نموونە، زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە جێندەر زۆر لەیەك جودان و ئامرازە ناسین و نەناسینی فەرەنسی جێندەریش نیشان دەدەن، کەچی ئەوانەی ئینگلیزی هەر تەنها هەردوو ئەدگاری (ناسین) و (نەناسین) نیشان دەدەن:

ئامرازی نەناسین و نێر :un

پیاوێك un homme – a man

ئامرازی نەناسین و مێ une

ژنێك une femme – a woman





ئەم دووە لە فەرەنسی شێوە کۆیان هەیە بۆ هەردووکیان، کەچی لە ئینگلیزی ئەمە نییە:

Des hommes
Des femmes

لە ئینگلیزی تەنها (the – ەکە) هەیە بۆ ناسین ـ ئەم (the)یە هیچ ئەدگارێکی جێندەری نییە، هەروەها بۆ (تاك) و (کۆ) بەکاردێ، کەچی لە فەرەنسی هەریەکەو ئامرازی خۆی هەیە.

ئامرازی ناسین و نێر Le

پیاوەکە Le homme – the man

ـ ئامرازی ناسین و مێ La


ژنەکە La femme – the woman

پیاوەکان Les hommes the men

ئەمڕۆ چەندان جیاوازی دی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لەنێوان ئەم (دوو زمانە زۆر لەیەك نزیکە) هەن.

لەم ڕوانگەوە، فاکتەری مێژوو، بەس نییە بۆ پۆلێن کردنی زمانەکان و کۆکردنەوەیان لە خێزانێك و دانانی دایکە زمانێکی گریمانیکراو بۆیان.

ئەم پۆلێنکردنەی زمان بەگوێرەی گریمانی هاوڕەگەزی یاخود هاو ڕەسەنی کار لەسەر (هاوشێوە)ی ڕێژەی ناوەکانی دەکات (دەیڤد کریستال 1993: 152 نموونەی ناوی (Peter) دەهێنێتەوە بۆ پیشاندانی هاوشێوەی ڕێژەیی ئەو ناوە لەگروپی زمانی هیندۆ ئەوروپاییدا:




زمانی عەرەبی و زمانەکانی هیندو ئەوروپی و زمانی میسرییە کۆنەکان، بەگوێرەی هیچ گریمانەیەکی زمانەوانان هاوڕەگەزو هاوڕەسەن نین کەچی بۆ نموونە، لە وتنی ناوێکی وەك (یوسف)، هاوشێوەی ڕەگەزی ڕێژەییان لەنێواندا هەیە:

- یوسف: عەرەبی ، کوردی
- جۆزێف: ئینگلیزی
- یوزارسیڤ: میسری کۆن

2ـ بنچینەی پێکچوونی بونیاد

پۆلین کردنی زمانەکان لەسەر پێکچوونی بونیاد، کرۆکی تایپۆلۆژی زمانەکانە، چونکە تایپۆلۆژی زمان خۆی بریتییە لە لقێکی زمانەوانی، کە لەپێکچوونە بونیادییەکانی نێوان زمانەکان دەکۆڵێتەوە بێگوێدانە فاکتەری مێژوو. هەر لەم ڕوانگەوە بەو شێوازە دەوترێ، زمانەوانی تایپۆلۆژی ئەم بنچینەیە تەواو پەیوەستە بەخودی زمانەوە:





بە سیستەم و پێکهاتەی زمانەوە نەك ڕوخسارو گەشەو فراژووبوون و مێژووی زمانەوە.

ئەم جۆرە توێژینەوەیە لە زمانەوانی کۆن نییە، بەڵکو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرایی سەدەی نۆزدەهەمی زاینییەوە.

بونیاد لەم جۆرە پۆلێنکردنەدا ژمارەی مۆرفیم و چۆنییەتی پێکەوە هاتنی مۆرفیمەکان دەگەیەنێت.


لەسەر ئەم بنەمایە، زمانەکانی جیهانی بۆچەند گروپێك پۆلێن کراون. هەروەك چۆن ژمارەی فۆنیمەکان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە بەهەمان شێوە ژمارەی مۆرفیمەکانی وشەیەك لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بەهەمان شێوەش پێکەوە هاتنی مۆرفیمەکانیش لە وشەیەکدا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جودایە.

لەسەر ئەم بنەمایە زمانەکان بۆ چەند جۆرێك دابەشکراون:

**یەکەم: زمانی ڕەگ**

لە ئەم جۆرە زمانەدا (بەزۆری) ژمارەی مۆرفیم بەقەد ژمارەی وشەیە، بەشێوازێکی تر وشەکانی ئەم جۆرە زمانە لە (یەك) مۆرفیم پێکهاتوون. وشەکانی ئەم جۆرە زمانە ناگۆڕدرێن، دابەش نابن، چونکە هەر مۆرفیمێك واتایەکی سەربەخۆی لێکسیکی هەیە. هیچ وشەیەك لە واتایەك هەتا فۆرمێك زیاتر هەڵناگرێ. مۆرفیمی سەربەخۆ هەیە بۆ (کۆکردن)، (خۆیەتی)، (پرسیارکردن)، وشەیەك نییە، ئەو هەموو ئەدگارەی (کۆ)، (تەمەلوك)، (پرسیارکردن) پێکەوە هەڵبگرێ. ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییانە لەڕیزبوونی وشەکان لە ڕستە دەردەکەون، نەك لە تەنیا وشەیەك.

زمانی ڤێتنامی و چینی دوو زمانی ئەم جۆرە زمانەن. لە ئەم ڕستەیەی زمانی ماندارین دەردەکەوێ کە چۆن هەر وشەیەك تەنها یەك مۆرفیمی هەیە:



ئەم کتێبە هی منە.

هیچ وشەیەك لە مۆرفیمێك زیاتری نییە، کەچی ڕستەکەی زمانی کوردی وانییە: (کتێبە) (منە) هەریەکە دوو مۆرفیمین، لەکوردی تەنها وشەی وەك (کە، بەلاَم، تا) تەواو ڕەگن!

لەهەندێ ڕستەی ئینگلیزیدا وشەکان هەموو تاك مۆرفیمین، وەك:

Will you please let the dog now

بەلاَم ناکرێ زمانی ئینگلیزی بەزمانی چینی بەراورد بکەین، چونکە زمانی چینی تەواو زمانێکی ئەنالیتیکیە (شیکارییە) و هیچ جۆرە دارشتن (inflectin)ی نییە، کەچی ئینگلیزی لەڕاناوەکان و کردارەکان و ئاوەڵناوەکان مۆرفیمی دارشتنی هەیە وەك (s)ی کۆ و خۆیەتی و کەسی سێیەمی تاك و (ed) رابردوو هتد. ئەوانە هەموو بە (ناو) و (کردار)وە دەنووسێن و دەبنە دوو مۆرفیم یان زیاتر، هەروەها مۆرفیمی پلەی بەراورد (er ـ est) و (Ly ـ) ئاوەڵکار بە ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەوە دەنووسێن.

زمانی synthetic تەواو پێچەوانەی زمانی شیکاریە analytic، چونکە وشەکانی ئەو جۆرە زمانە (شێوە form)ی خۆیان دەگۆڕن، بۆ ئەوەی ئەدگارە ڕێزمانییەکان پیشان بدەن. زمانێکی وەك زمانی عەرەبی لە ئەم جۆرە زمانەیە هەر لە وشەیەکدا دوو مۆرفیم هەیە، مۆرفیمی تاك (سەربەخۆ) و مۆرفیمی (بەند) دووانەو کۆ:

ـ معلم  تاك

ـ معلمان   تاك + ان دووانە (مێنی)

ـ معلمون  تاك + ون ـ کۆ

هەروەها لەزمانی عەرەبی بەهۆی (سەر) و (بۆر) لەسەر وشەکان و شوێنی هاتنی وشەکان لەڕستەدا (بەرکار) و (بکەر)ی ڕستە دیاری دەکرێ.

زمانی ئینگلیزیش هەندێ ئەدگاری ئەم جۆرە زمانەی هەیە، چونکە مۆرفیمی کۆ، کات، دەمکاتی هەیە.

هەروەها زمانی لاتینی و یۆنانیش لە ئەم جۆرە زمانەن.

**دووەم : زمانی لکاو** Agglutinayive*





وشەکانی زمانی لکاو بۆ چەند مۆرفیمێك دابەش دەکرێن. دەکرێ وشەیەك لەچەند مۆرفیمێك پێکهاتبێ و خەتی جیاکەرەوەی نێوان مۆرفیمەکانیش دیار بکرێ. لە ئەم جۆرە زمانەدا دیاردەی مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند لە وشەیەکدا هەیە.

جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە مۆرفیمەش بە ئاسایی و بەبێ دژواری دەکرێت.

زمانی تورکی، ژاپۆنی، سەواهیلی لەزمانە دیارەکانی ئەم جۆرە زمانەن.

زمانی ئینگلیزی هەندێ ئەدگاری ئەم جۆرە زمانەی تێدایە. چەندەها وشەی ئینگلیزی لەچەند مۆرفیمێ پێکهاتوون، وەك:

- un – faith ful - ness

- un – mis – take – able – ity

لەزمانی کوردیش ئەم دیاردەیە هەیە:

ـ کوڕ ـ ەکە ـ ان ـ م

ـ نووس ـ ین ـ ە ـ ەکە ـ ان ـ ی

ـ بێ ـ باوەڕ ـ ی

بەحوکمی ئەوەی زمانی تورکی لەزمانی ئینگلیزی و کوردی زیاتر ئەدگارە تایبەتییەکانی ئەم جۆرە زمانەی تێدایە، بۆیە زیاتر جەختی لەسەر دەکەین، وێڕای خەسلەتی جیاکردنەوەی مۆرفیمی سەربەخۆ و بەند، ئەوە لە زمانی تورکی گۆڕانی مۆرفۆفۆنیمیکی لە مۆرفیمی بەندیی ڕوودەدات، بەمەش بەگوێرەی مۆرفیمە سەربەخۆیەکە هارمۆنی ڤاولی دروست دەبێت:

| مۆرفیمی سەربەخۆ | مۆرفیمی بەند (کۆ) | واتا |
|---|---|---|
| at | atlar | ئەسپ |
| šehr | šehirler | شار |
| ev | evler | خانو |
| Ada | adalar | ژوور |
| Kiz | kizlir | کچ |

مۆرفیمە بەندەکە (گیرەکی کۆ) لەوشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەگۆڕێت، بەمەش گۆڕانی مۆرفۆ فۆنیمیکی لەو وشانەی زمانی تورکی ڕوودەدات.

**سێیەم : زمانی ئاوێتە بوون** fusional

وشەکانی ئەم جۆرە زمانەش لە مۆرفیمێك زیاتر پێکهاتوون، بەڵام پەیوەندییەکی یەك بۆ یەکی لەنێوان مۆرفیمەکاندا نییە، مۆرفیمەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەچنە ناو یەك کە ئاسان نییە لەیەك جیا بکرێنەوە. ئاوێتەبوونی مۆرفیمەکانی هێندە سیستیماتیکیە، دژوارە ڕەگەزەکان لەیەکدی جیا بکرێنەوە.

زمانی لاتینی یەکێ لەو زمانانەیە. بۆ نموونە، پاشگری us ـ لە وشەی (taurus ـ گا) لەیەك کاتدا نیشانەی (نێر) و (تاك) و (بکەر) دەگەیەنێت. ئەم هەمووەش (بە ئاسانی) لەیەك جیاناکرێنەوە.

ئەم دیاردەیە لەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیدا هەیە، بەڵام بەو دژوارییەی زمانی لاتینی نییە:

ـ زمانی ئینگلیزی

went = go + ڕابردوو-

goes = go + بکەری تاك + ڕانەبردوو-

ـ زمانی عەرەبی

ـ کتبتها = کتب + رابردوو + بکەری کەسی یەکەمی تاك + شت.

ـ تقتلونە = مێ + قتل + نیشانەی بکەری کۆی مێ + ڕانەبردوو + نیشانەی بەرکاری نێر.

ـ زمانی کوردی

ـ کوشتم = کوش + ت (ئەو) تـ (رابردوو) + م (بکەر) من ئەوم کوشت.

ـ بردمەوە = برد – رابردوو + م بکەر (کەسی یەکەمی تاك (ەو) ـ بەرکار ـ کەسی سێیەمی تاك

**چوارەم : زمانی فرە داڕشتن** Polysynthetic





شێوەی وشەکانی ئەم جۆرە زمانە (درێژ) و (ئاڵۆزن)، ئەدگارەکانی زمانی داڕێژراو و پێکەوە نووساویان تێدایە.ئەم شێوە درێژو ئاڵۆزە تەواو ڕستە دەنوێنن. زمانە بەرابیەکانی (ئوستراليا) لە ئەم جۆرە زمانەن، هەروەها زمانی (ئەسکیمۆش) لە ئەم جۆرەیە.

لەم جۆرە زمانەدا وشەیەك ئەوەندە مۆرفیمی بەند وەردەگرێ، هەتا دەبێتە ڕستەیەك. بەواتای وشە ڕەسەن و سەربەخۆیەکە لەگەڵ مۆرفیمە بەندەکان پێکەوە دەنووسێن و ڕستەیەك پێکدەهێنن: ئەم نموونەی زمانی (ئەسکیمۆ) ئەم دیاردەیە زیاتر ڕوون دەکاتەوە:

خانوو igdlo

خانوێکی گەورە igdlorssuaq

ئەو خانوێك دروست دەکات igdluliorpoq

ئەو خانوێکی گەورە دروست دەکات igdlorssualiorpoq

ڕستەکە بە قەد ـ وشەیەکی سەربەخۆ دەست پێدەکات و بە پاشگری ڕاناوی کەسێتی کۆتایی پێدێت.

لەم پۆلێنکردنەی زمانەکان بەگوێرەی تیۆری مۆرفیم، زمانی کوردی لە کامەیانە؟ ئایا زمانی کوردیش وەك زمانی ئینگلیزی هەندێ ئەدگاری چەند لایەی تێدایە؟! یان تەنها یەك ئەدگاری هەیەو دەکرێ تەنها جۆرە زمانێك بێت و بەس؟

**جۆرەکانی زمان و زمانی کوردی**

1ـ زمانی ڕەگ ـ Root

ئەم جۆرە زمانە بەزمانی دابڕاو Isolating زمانی شیکاری – analytic یش ناو دەبرێ. لەم زمانەدا ژمارەی مۆرفیم و وشە بەرانبەر یەکن. مۆرفیمی بەند بە مۆرفیمی سەربەخۆوە نانووسێت. هەندێ توێژەر دەنووسن: هەندێ ناوی کوردی بەشێك لە ئەدگارەکانی ئەم جۆرە زمانەی تێدایە: ئەو ناوانەی تەنها یەك مۆرفیمن:

ـ زستان

ـ شار

- پیاو

بەڵام هەبوونی ئەو دیاردەیە تەواو لەگەڵ بنەماکانی زمانی ڕەگ یەکناگرێتەوە چونکە هەتا ئەو وشانەش دەکرێ گیرەك وەربگرن:

زستان + یی = زستانیی

شار + یی = شاریی

پیاو + ەتی = پیاوەتی

لەم ڕوانگەوە ناکرێ کوردی بەزمانێکی ڕەگ یاخود دابڕاو دابنێین.

2ـ زمانی لکاو یان پێوە نووساو

لەم جۆرە زمانەدا هەر مۆرفێك morph بەرانبەر مۆرفیمێکە، دەتوانرێت بەئاسانی بەشەکانی یەکسەرو دوا بەش immediate constituent and ultimate constituent دیاری بکرێن.

ئەم ئەدگارەی زمانی لکاو لە کوردیدا هەیە:

- دیـ تـ م ەوە
- بر د یـ ان ەوە
- کوشـ ت یش ان ەوە

ئەم دیاردەی پێوە نووساوی مۆرفیمەکان لەزمانی کوردیدا زۆر باوە، بەڵام زمانی لکاو هەر تەنها ئەو ئەدگارەی نییە، بەڵکو زمانێکی وەك زمانی تورکی دیاردەی گۆڕانی مۆرفۆنیمیکی بۆ گونجاندنی هارمۆنی ڤاولی تێدایە، کەچی ئەمە لەزمانی کوردیدا نییە.

3ـ زمانی ئاوێتەبوو ـ تێکچڕژاو

تێکەڵبوونی مۆرفیمە بەندەکان لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆ بەجۆرێکە کە تەنها بەو (یەکە زمانەوانییە) ڕستەیەك دروست دەبێ، ئەم دیاردەیە لەکوردی ئەوکاتە دەبێ کە ڕەگی وشەکە کردار بێت، نەك بەشێکی تر لە بەشەکانی ئاخاوتن:

- ڕۆیشتنەوە
- دەیانکوژینەوە





کەچی لەزمانێکی وەك زمانی (ئەسکیمۆ) ئەم دیاردەیە لە (ناو)یش هەیە، نەك هەر تەنها تایبەت بێت بەکردارەوە. ئەم دیاردەیە لەزمانی عەرەبیش هەیە، وەك:

- فسیکفیکهم

لەم جۆرە زمانەدا، دیاردەی تێکەڵبوونی یان ئاڵۆزبوونی بکەرو بەرکاری لێدەکەوێتەوە تەواو ڕوون نییە، کە مۆرفیمە بەندەکان بکەرن یان بەرکار:

- کوشتمن
- کوشتنم
- کوشتیانم

4ـ زمانی مۆرفیمی و نێوگر

هەندێ ئەدگاری ئەم جۆرە زمانە:

1ـ ناسنامەی بکەرو بەرکار... هتد. بە مۆرفیم دیار ناکرێ، بەڵکو بە هەندێ هێما دیاری دەکرێ و (سەر) و (ژێر) و (بۆر) لە عەرەبی ئەم دیاردەیە تەواو هەژموونی بەسەر زمانەکەدا هەیە کەچی لەکوردی دا نییە.

2ـ ڕێکەوتی ڕێزمانی و جێندەری

لەعەرەبی و فەرەنسی و ئەڵمانی ئەم دیاردەیە زۆر باوە، لە کوردیش هەیە، بەڵام جێندەری عەرەبی و فەرەنسی زۆر لە هی کوردی بەهێزترە، چونکە لە کوردی زیاتر لە گیرەکەکان دەردەکەوێ (ئەویش لە کرمانجی سەروو)، کەچی لە عەرەبی لەناو وشەکەش هەیە. لە کرمانجی سەروو ڕستەی:

- گوتمێ

لێڵی دروست دەکات، چونکە تەواو جێندەرەکە پیشان نادات، هەرچەندە (ـ ێ) بۆ (مێ)یە.

ڕێکەوتی ڕێزمانی بەهۆی ڕاناوی لکاوەوە لە ڕابردوو و ڕانەبردوو دەردەکەوێ.

من چووم.

من دەچم.

تۆ چووی.

تۆ دەچی.

زمانی عەرەبی تایبەتمەندییەتی تری هەیە، کە لەزمانی کوردی دا نییە، ئەویش ئەوەیە کە پێکهاتەی ڕەگی وشەکانیان کۆنسەنەنتە بەهۆی ناوگرەوە وشەی تر دروست دەکرێت:

قتل = ق ت ل ـ ناو

قَتَلَ قە تە لە : کردار ـ رابردوو ـ تێپەڕ ـ دیار

قُتِلَ قو تیـ لە : کردار رابردوو نادیار

قاتلَ قا تە لە : کردار

قاتل قا تیـ ل = ناو

هەرچەندە زمانی کوردی هەندێ ئەدگاری زمانی ڕەگ و زمانی پێوە نووساوی هەیە، بەلاّم زیاتر دەکەوێتەوە ناو بازنەی زمانەکانی وەك (Nootka) باکووری ئەمریکاو ئوسترالیاو ئەسکیمۆ، بەوەی تەنها لەوشەیەك دەکرێ پۆلێك مۆرفیم گردبکرێنەوەو هەموو پێکەوە بنووسرێن. ئەو جۆرە زمانەش هەندێك بە incorporating ناوی دەبەن، هەندێك بە polysynthetic بەسەدان نموونە لەزمانی کوردی هەیە:

ـ دەتانبەمەوە.

ـ ڕامانئەسپاردبوویت.

ـ هەڵمانئەگرتبوونەوە.

ـ دایانئەگرتبۆوە.

ـ بزربووبوونەوە.

تیۆری مۆرفیم نەیتوانی زمانەکان بە پێی مۆرفیم پۆلێن بکات، چونکە بەڕاستی هیچ زمانێك هەتا زمانی (ماندارین) جۆرێکی مۆرفۆلۆژی پاك نییە، بەڵکو هەندێ ئەدگار هەیە لەهەموو جۆرە زمانەکاندا هەریەکەو بەرێژەیەك هەیە.

زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزی ئەدگاری هەرسێ جۆرە سەرەکیەی زمانەکانی تێدایە.

جا چۆن دەکرێ لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفیم زمانی ئینگلیزی پۆلێن بکەین؟!





لەپاش بێ ئەنجام بوونی تیۆری مۆرفیم بۆ پۆلێن کردنی زمانەکان، دوو جۆر پۆلێن کردنی تر کاریان لەسەر کراوە: یەکەمیان پۆلێن کردنی زمان بەگوێرەی ئەدگاری فۆنۆلۆژی. دووەمیش پۆلێن کردنی زمان بەگوێرەی پێکهاتەی ڕستەسازی.

دابەشکردنی زمانەکان بەگوێرەی ئەدگاری فۆنۆلۆژی هێندە جێگەی سەرنجی زمانەوانان نەبوو، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتەی ڕستەسازی زمانەکان کراوەو دەکرێ بۆ پۆلێن کردنی زمانەکان، ئامانجەکی باشتری هەبێ لەوەی تیۆری مۆرفیم.

سێیەم: بنچینەی ڕیزبوونی وشەکان پێکهاتەی ڕستەسازی

بەشێوەیەکی گشتی زمانەکان لەڕووی پێکهاتەی ڕستەسازییەوە بۆ شەش جۆر پۆلێن دەکرێن:

1ـ بکەر + بەرکار + کار

2ـ بکەر + کار + بەرکار

3ـ کار + بکەر + بەرکار

4ـ کار + بەرکار + بکەر

5ـ بەرکار + کار + بکەر

6ـ بەرکار + بکەر + کار

لەڕووی پراکتیکەوە، ئەو زمانانەی دانە وشەی یەکەمیان بکەرە (ئەوەی یەکەم و دووەم) زۆر لەوانە باوترن کە یەکەم دانە وشەیان کارە (سێیەم و چوارەم) هەرچی ئەوانەن.

کە دانە وشەی یەکەمیان بەرکارە بەشی پێنجەم و شەشەم، ئەوە زۆر دەگمەنن.

ئەم جۆرە پۆلین کردنە کار لەسەر ڕیزبوونی وشەکان دەکات، جا هەر زمانێك بۆ نموونە، پەیڕەوی (بکەر + کار + بەرکار) بکات، ئەوە بەو گروپە دانەنرێن با لەهەمان خێزانی زمان نەبن. لەم ڕوانگەوە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و چینی و تای، کە نە لەڕووی مێژووییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەروەها نە هەمان سیستەمی مۆرفیمیان هەیە، بەلاّم هەرسێك ڕستە لەسەر بنەمای (بکەر + کار + بەرکار) پێکدەهێنن، بۆیە هاوگرووپ دەبن. کەچی، هەرچەندە ئینگلیزی و کوردی

سەر بەهەمان خێزانی هیندو ئەوروپین هەروەها لەهەندێ سیستەمی مۆرفیمیش پێکدەگەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ڕستەسازیان جودایە، بەدوو زمانی جودا لەیەکتر دادەنرێن.

زمانی ئەڵمانی لە پێکهاتەی ڕستەی سەرەکیدا وەك ئینگلیزی وایە، بەڵام لە پاڕستەدا وەك كوردی وایە :

ـ سەگەکە مراوییەکەی کوشت.

ئەم ڕستەیە لە ئینگلیزی و ئەلمانی ئەوهایە:

سەگەکە کوشتی مراوییەکە.

بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە لە ئەڵمانی بکرێتە پاڕستە، ئەوە وەك كوردی دەنووسرێت:

بکەر + بەرکار + کار

بیستم کە سەگەکە مراوییەکەی کوشت.

بەزاندنی ئەم ریزبوونە وا لەزمانی ئەلمانی دەکات، کە سەر بەهەردوو جۆرەی SVO ، SOV بیت. ئەمەش ئارێشەیە، گومان لەم جۆرە پۆلین کردنە دروست دەکات.

زمانی عەرەبی یەکێ لەو زمانانەیە کە ڕستە لەسەر بونیادی VSO دروست دەکات، وەك:

ـ ضرب المعلمُ الطالبَ.

بەڵام بە دەیان ڕستە لەزمانی عەرەبیدا هەن، کە پەیڕەوی VSO ناکەن، ئەوەتە ئەم ئایەتە لە قورئانی پیرۆز لەسەر بونیادی VOS هاتووە:

ـ انما یخشی اللهَ من عبادة العلماءُ

ئەمەو، زمانی عەرەبی و وێلزی هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی و هاوسێی و مۆرفیمیان پێکەوە نییە کەچی هەردوو زمان پەیڕەوی VSO دەکەن.

Killed the dog the duck. (welsh)

(عربی) قَتَلَ الکلبُ البطةَ.





هەروەها زمانی تورکی و کوردی نە لەڕێگەی بنچینەیی مێژووییەوە لەیەك نزیکن وە نە لەڕێگەی بنچینەیی مۆرفیمییەوە، کەچی هەردووك پەیڕەوی SOV دەکەن، هەروەها هەردووك وەك دوو زمانی پێکەوە نووساو لە وەرگرتنی مۆرفیمی لکاو ڕەفتار دەکەن:

دەبینم ـ gorürüm

دیتم ـ gördüm

لەزمانی لاتینی و کوردیدا دیاردەی دیار نەمانی ڕاناوی بکەر هەیە، لەزمانی لاتینی ڕستەی ـ (cano) زۆر باوتربووە لە ڕستەی egocano، لەکوردیش بەهەمان شێوە ڕستەی (گۆرانی دەڵێم) زۆر باوترە لەڕستەی (من گۆرانی دەڵێم)، ئەم دوو ڕستەیەش لەڕووی پێکهاتەو واتاوە هەمان دوو ڕستەکەی زمانی لاتینین، ئەمەش کێشەیەکی دی ئەو جۆرە پۆلێن کردنەیە، چونکە ئەگەر لە لاتینی و کوردی ڕاناوی بکەر لاببەین، هەردوو دەبنە گرووپی : OVS

گۆرانی دەڵێم ـ cano

بەڵام ئەگەر ڕاناوەکە لانەدەین (کە دەکرێ)، دەبنە گرووپی SOV

من گۆرانی دەڵێم

Ego cano

**کورتەی باسەکە**

لەم کورتە نووسینەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

1ـ بەگوێرەی زمانەوانی بەراورد، دەتوانین زۆر خاڵی لەیەك جیاواز و وێکچوو لەنێوان زمانەکان دیاری بکەین.

2ـ هیچ دوو زمان لەدنیادا وەك یەك نین.

3ـ هیچ زمانێك پاك ـ pure نییە.

4ـ هەرسێ تیۆری (هاوڕەسەنی) و (مۆرفیم) و (پێکهاتەی ڕستەسازی) تەواو زمانەکانی جیهان لەیەك جیا ناکانەوەو ناتوانن ناسنامەیەکی ڕاست و دروست بۆ زمانەکان دروست بکەن.

5ـ لەهەرسێ تیۆردا مرۆڤ ناچار دەبێ تەواو ملکەچی ئایەتی (اختلاف السنتکم) ببێت، چونکە ئەمە ئایەتی خودایە، دەبێ زمانەکان لەیەکتر جیا بن، هەرچەندە لەهەندێ ڕووخساردا بەیەك بچن.

## سەرچاوەکان

1- Aitchison، j. 1993 Linguistics.

2- Alexandar، C. G. 1988. Longman English Grammar.

3- Aronoff، M and Kirsten fudeman 2005 what is morphlogy?

4- Crystal، D. 1993. An Encyclopedic Dictionary of language and languages. Oxford.

5- Horsey، R. 2001. 101 Key ideas Linguistics. London.

6- Katamba، F. 1993. Morphology، London.

7- West. F. 1983. The way of language.

د. وریا عومەر ئەمین یەکەم توێژەرە کە باسی تایپۆلۆژیای زمانی کوردی کردبێت، لەساڵی 1976 لە پەرەگرافێك ئاماژە بەوە دەکات کە کوردی زمانێکی (Agglutinative)ە،هەروەها لە وتارێکدا دەنووسێ کە کوردی زمانێکی (Polysythetic)ە.

ماستەرنامەکەی د. وریا بە ناوی

Some fundamental Rules of Kurdish syntax

لەساڵی 1976 لەزانکۆی لەندەن تاوتوێکراوە، سەلام ناوخۆش لەئینگلیزی وەرگێڕاوە بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە.





# زمانەوانی

## بەرگی پێنجەم

## (زمان و زار و ئەلفوبێ)

سەلام ناوخۆش        نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم        2010

ناوی کتێب: زمانەوانی
نووسینی: سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو
نەخشەسازی: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا
بەرگ: بەرگی پێنجەم(زمان و زار و ئەلفوبێ)
چاپ: یەکەم
چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر
تیراژ:3000 دانە
نرخ : 6000
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی 2010 ی پێدراوە .





# بەشی یەکەم: زمان

## پێناسەی زمان

تا ئێستا چەندین پێناسەی جیا جیا لەبارەی زمانەوە خراونەتەڕوو، بۆیە لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

چۆمسکی دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات)).

بلۆك و تراگەر دەڵێن: ((زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێت بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاربێت)).

ساپیر دەڵێت: ((زمان هۆیەکی ناغەریزییە و تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو کاردەکات و لەژێر یاسای مرۆڤدایە)).

مارتنێت دەڵێت: ((زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، لەچەند دانەیەکی بچووك پەیدا دەبێ، ئەو دانانەش خاوەنی واتای خۆیانن)).

کارۆڵ دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر)).

کەواتە لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین زمان: ((گرنگترین ئامێری پەیوەندی و لەیەکترگەیشتنی ئادەمیزادە)).

## ئەرکەکانی زمان

زمان زۆر واتا لەخۆ دەگرێت ، نە کۆمەڵگا بەبێ زمان دەبێ ، نەهیچ شارستانییەتێکیش بەبێ زمان ،ئەگەر هەشبێ، بەردەوام دەبێت، یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان ، کە مرۆڤ لەهەر گیانلەبەرێکی تر جیا دەکاتەوە، زمانە. زمان وەك

ئامرازێك، قەناتێکی چالاك ، چەند ئەرکێکی گرنگی هەیە.ئەرکەکان بەسەر دوو جۆر دابەش دەکرێن:

**یەکەم: ئەرکە مایکرۆییەکان**

ئەو ئەرکانەی زمان لە چەند شێوازێ یان ڕێگەیەك بەدەردەکەون:

**1ـ ئەرکی سایکۆلۆژی زمان**

با بزانین لەخێزان ئەم ئەرکە چۆن دەردەکەوێ :

ژنی ژیر و وشیار دەتوانێ هەردەم کەسێکی زۆر هێمن و دوور لەتوڕەیی و هەڵچوون لەناو ماڵەکەی بەرپابکات، قسەخۆشەکانی ژن هەتا پیاوی توڕە و بێمیزاژیش خاو دەکاتەوە.

گیانی وەرزشی حاڵەتێکی دی دەرخستنی لایەنی سایکۆلۆژی زمانە. هەوادارانی تیپێکی وەرزشی ، بەو هات و هاوارەی بۆ هاندانی تیپەکە دەریدەبڕن ، خۆیان خاڵی دەکەنەوە، بەمەش ئاسوودە دەبن.

**2ـ لایەنی کۆمەڵایەتی :**

هەواڵ پرسین و چاك و چۆنی لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و سەرەتای بونیادنانی کۆمەڵگایەکی پڕ ئاشتەواییە، سڵاوکردن هەر ئاشتی بڵاو ناکاتەوە، بەڵکو دەبێتە دەستپێکی کۆمەڵایەتی بۆ برادەرایەتی ، هاوڕێیەتی هەتا هاوسەرگیری!

لە زمانی نووسینیش هەرنامەیەك ئەگەر بە: ئازیزم ، بەڕێزم ،ڕێزدارم، دەست پێبکات و بە :برای دڵسۆزت، برای بچووکت ،کۆتایی پێ بێت ، کاردانەوەیەکی باشی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ.

**3ـ ئەرکی تۆمارکردنی لە پێناو مانەوە**

تۆمارکردنی هەر ڕووداوێك لەمێژوودا ، هەر بە زمان دەبێ، ئێمە ئەگەر نووسراوەکانی سۆمەرییەکان و ئاشورییەکان نەبوایە، تەواو لەمێژووی خۆشمان شارەزا نەدەبووین،ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تر هەر قەرزێك ئەگەر لە قەرزنامە





تۆمارنەکرێ ئەوە چەندەها کێشەی کۆمەلایەتی لێ دەکەوێتەوە و بۆندی هاوسەرگیریش یەکێ لەو تۆمارانەیە ، کە ڕووسووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت .

**4ـ دیاریکردنی ناسنامەی شتەکان**

دیاریکردنی ناسنامەی شتەکان ، کۆنترین ئەرکی زمانە، ناولێنانی هەر پەیوەندیەکی خزمایەتی و هەر گیانەوەرێك هاریکاری مرۆڤ دەکات ، بۆئەوەی شتەکان بناسێتەوە، بەهەر پیاوێك بگوترێ باوك، ئەوە منداڵی هەیە ، بەهەر ژنێك بگوترێ (دایك) ، کچ نییە و شووی کردووە و نەزۆکێش نییە ! !

هەر کاتێ ناوی (شێر، پڵنگ، مار... هتد) دێت ، مرۆڤ موچرکەیەکی بە لەشدا دێت و دەترسێ ئەگەر نەتوقێ و نەبورێتەوە، بەڵام ئەگەر ناوی (ئاسك) (بولبوول) و (چۆلەکە) بێت ، مرۆڤ دەچێتە ناو دنیای پڕ بەرائەتەوە !

**5ـ ئەرکی دەربڕینی هزر**

مرۆڤ بەر لەوەی هەر شتێك (بڵێ) یان (بنووسێ) ، بیر دەکاتەوە، دالغەلێدان ،هزرکردن قەناتێکی دی دەربڕینە، هەرچەندە هەمیشە (هزر و زمان) لە پەیوەندییەکی دیالێکتیدا نین ،بەڵام لەزۆربادرا زۆر پێکەوە گرێدراون .

**6ـ پەیوەندیکردن**

پەیوەندیکردن بە قسە یان بە نووسین ئەرکێکی هەرە گرنگی زمانە، ئەم ئەرکە لەم چەند شێوازە دەردەکەوێت :

**1ـ داواکردن :**

داواکردن بە ئاخاوتن و نووسین دەبێت، لە هەردووکیان جۆرە ڕێزێك هەیە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا.

بەیارمەتی خۆت چایەکمان بۆ ناهێنێ .

### 2ـ پرسیارکردن:

مەبەست لە پرسیارکردن دەست خستنی زانیارییە، بە واتای ئەوەی بەهۆی پرسیارکردنەوە قسەکەر دەتوانێ کەلێنێ یان چەند کەلێنێك لە زانیاری خۆیدا بەرانبەر دیاردەیەك پڕ بکاتەوە، لێرەدا قسەکەر زانیاری تەواوی لە بارەی شتێکەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی پرسیارەوە دەگاتە زانیارییەکان، لەمەدا پرسیارکردن پێچەوانی هەواڵ گەیاندنە، چونکە لە ڕستەی هەواڵ گەیاندن قسەکەر زانیاری دەگەیەنێ و بڵاودەکاتەوە و، سەرچاوەی زانیارییە، کەچی لە پرسیارکردندا گوێگر سەرچاوەی زانیینە، وەکو :

—کەی سینەما بەتاڵ دەبێ؟

—ئایا ئەمڕۆ دەوام هەیە؟

### 3ـ داوای لێبوردن کردن :

چەند دەربڕینێك هەن لە زمانی کوردیدابۆ دەربڕینی (پۆزش) و (لێبوردن) بەکاردێن. هەروەها لەمجۆرەدا قسەکەر ئەوپەڕی ڕێز بەکاردێنێ، چونکە هەڵەیەکی کردووە یان بە هەڵە لە شتێك گەیشتووە .

ببورە قەلەمەکەتم ون کرد.

- ببورە پێم لەپێت نا .

- ببورە ئەم ڕۆژە دەرفەتم نەبوو پێکەوە دابنیشین .

### 4- زانیاری و هەواڵ گەیاندن:

بە ئەرکێکی سەرەکی زمان دادەنرێت، کە بەهۆییەوە مرۆڤ لە دەوروبەری خۆی دەدوێ، واتە لێرەدا قسەکەر سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی زانیاریوهەواڵە، لەم جۆرە قسەکەر دەیەوێ بوونو نەبوونی یان ڕاستیو ناڕاستی دیاردەکان پیشان بدات. لەهەمان کاتیشدا ڕستەکانی هەواڵ گەیاندن مەرج نییە هەر ڕاست بێت، بەڵکو دەشێ هەڵەبێت، چونکە لێرەدا ئەرکی قسەکەر تەنیا گەیاندنی زانیارییە، وەکو:

—هەنگوین شیرینە.





—ڕاستی خۆشە.

—بەیانی حکومەت دادەمەزرێ .

- دووسبەی پەرلەمان دەست بەکاردەبێ .

### 5ـ فەرماندان:

لێرەدا قسەکەر داوا لە گوێگر یان کەسێك دەکات بە ئەنجامدانی یاخود کردنی کارێك، وەکو:

—پەنجەرە داخە.

—نانەکە بخۆ.

واتە قسەر بڕیاردەری کارەکەیە، بەڵام گوێگر دەبێ جێبەجێی بکات.لەم جۆرەدا گوێگر چاوەڕێی ئەوە ناکات تاکو بزانێ ئەم ڕستەیە ڕاستە یاخود هەڵە ، چونکە فەرماندان پەیوەندی بە ڕاستی و ناڕاستییەوە نییە.

### 6ـ ڕاپەراندن

مەبەست لە ڕاپەڕاندن ئەوەیە کە قسەکەر خۆی بە ئەنجامدانی کارەکە هەڵدەستێ، واتە لێرەدا ڕاپەڕاندن پێچەوانەی فەرماندانە، چونکە لە فەرماندان قسەکەر داوای لە گوێگر دەکرد کارێك بکات، کەچی لێرەدا خۆی بە کارەکە هەڵدەستێ، وەکو:

—سوێند دەخۆم کە ڕاستی بڵێم.

—بەڵێن دەدەم ئەم کارە بکەم.

### 7ـ پەسند کردن

لێرەدا قسەکەر بڕیاری ڕەهای بە دەستە، هەندێجار دیاردەی پەسندکردن لە هەڵێنان سەرچاوە دەگرێ.

- بڕیارەکە پەسند دەکرێت .

- بێ دەنگی ئەو ، نیشانەی قەبوولکردنە.

### 8ـ ڕەتکردنەوە

قسەکەر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەر داوایەك ، قسەیەك ڕەتبکاتەوە ، ئەمجۆرە دەربڕینە ، دەربڕینێکیزبرە یان هەر هیچ نەبێ بۆ گوێگر دڵخۆشکەر نین.

- حکومەت داواکەمی ڕەتکردەوە.
- ئەوان بەهیچ رازی نابن .

### 9ـ خۆشی دەربڕین

ئەم ئەرکەی زمان لەشیعر زیاتر دەردەکەوێ ، بەتایبەتی لە جوانکاری و ڕەوانبێژی و خۆشخوانی ،چونکە ئەم ڕەگەزانەی ئەدەب دەروون ئاسوودە دەکەن .

- ئەم شیعرە تەڕانەی گۆران بەرد بە جووڵە دێنن .
- بەدیار غەزەلەکانی نالی یەوە خەوم لێدەکەوێ !
- ئەو شیعرانەی ئەو دەموروژێنن .

## دووەم :ئەرکە ماکرۆییەکان

ئەم جۆرە ئەرکانەی زمان ، وەك ئەرکە مایکرۆییەکان نین، لەسەر ئاستکی بچووك لە زمان بڕوانن ، بەڵکو لێرە زمان فەزایەکی فراوانی هەیە، ئەم جۆرە ئەرکەکانە لەم شێوازانە خۆیان دەنوێنن:

### 1ـ ئەرکی زەینی ، ئایدیالی

پرۆسەی وەرگرتن و تێگەیشتن لە چالاکی زەینی زمان، زۆر قورسە مرۆڤ بە سادەیی لە ژیان ناڕوانێ ، مرۆڤ ئەگەر ئەو توانا زەینییەی نەبێ ، چۆن دەتوانێ لەنێوان (غەیب) و (عەقڵ) هەڵبکات، مرۆڤی ساخلەم بۆ هەر ڕووداوێك لە بوونەوەر لەخۆی بەهۆی زمانەوە حاڵی دەبێت: بۆچی هاتم ؟ بۆچی هەم ؟ بۆ کوێ دەچم ؟ ئەوە هەر بۆ لۆژیکی زمان پەی بەو پرۆسە زەینییەی زمان دەبردرێت.

### 2ـ نێو خودیی

زمان ئەرکێکی نێو خودیی هەیە، وەکو لەم ئەرکە دەردەکەوێت ، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە چ لە مۆنۆلۆژ و دایەلۆگ ، کەسایەتی ئاخاوتنکەر دەردەکەوێ . کەسایەتی مرۆڤ بەندە بە زمانییەوە، هەروەها هەر لەڕێگەی زمانەوە گوێگر دەتوانی ئاستی مەعریفی قسەکەری بۆ دەربکەوێت.





### 3ـ شیعریەت :

شیعریەت توانای نووسینی شیعر ناگەیەنێ، بەڵکو واتای بەکارهێنانی زمان بۆ ئەفراندن و داهێنان دەبەخشێ ، مرۆڤی خاوەن بەهرە و داهێنەر ، بەهۆی مەجازەوە دەتوانێ یارییەکی هونەری جوان بە وشەوە بکات، ئەمەو شێوازی وتنی (نوکتە) و (مەتەڵ)یش شیعریەت دەگەیەنن ،چونکە وا لە بیسەر و گرێگر دەکەن، بەهۆی وشەوە بەدوای وەڵامدا بگەڕێت ،هەر مەتەلێك تێڕامانێکی دەوێت، هەر تێڕامانێکیش پێویستی بە وشەیە .

### 4ـ دەق دروستکردن :

هەموو مرۆڤێك ناتوانێت ببێتە دەق نووس ، دەق بە واتای بەهرە ، بیرۆکە دەربڕین، داهێنان، دێت ، تەنیا ئەو مرۆڤانە دەتوانن سنووری (ڕستە) ببڕن ، کە کەرەسەکانی زمانیان دەوڵەمەندەو دەزانن وەستایانە ئامرازەکە بەکاربێنن.

## نەژادی زمان لەنێوان گریمانەی مرۆڤ و خەلاتی خودادا

دەرککردن بە زمان و هەستیاری زمان لە مرۆڤدا ،مێژوویەکی هەیە، دژوارە بتوانرێ دیاری بکرێت، مرۆڤ وەك جەستەو عەقڵ لەهەموو بونەوەرێکی تری سەر زەوی جیابووە، ئەو جیابوونە مرۆڤی وا لێکردووە ، هەردەم لەگژ فکراندا بێت و ئامانج لەبوونی خۆی بۆ دەربکەوێ.

کە کۆمەڵگا دروست بوو، دەستوور و دەوڵەتیش دروست بوون، دەستە هەڵبژاردەی مرۆڤ لە زانایان و هزرمەندان و ئایینداران هەوڵیاندا لەدوو ئاڕێشەی زمان بکۆڵنەوە، یەکەم/ ئایا زمان خوا کردە یان مرۆڤ کردە. دووەمیش کام زمان یەکەم زمانە.

لەم بەشە بەکورتی جەخت لەسەر هەردوو پێکۆڵ دەکەین، بۆ دۆزینەوەی ئەو نهێنییەی جیهانی زمانی مرۆڤ ، ئەم دوو کێشەیەش مرۆڤ بە (عەقل) و (تێکستی ئاسمانی) شرۆڤەیان کردووە، ئێمە لە گریمانەکانی مرۆڤ دەست پێدەکەین:

## یەکەم:گریمانەکانی مرۆڤ

چەندەها گریمانەو (تیۆر) لێرەو لـەوێ لەسـەر نـەژادی زمـانی مـرۆڤ و چۆنییەتی پەیدابوونی نووسراون، دەکرێ بـەکورتی ئامـاژە بـە هەنـدێکیان بکـەین و شـرۆڤەیان بکەین:

### 1ـ گریمانەکانی لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت

**أ ـ تیۆری** Bow – Bow

بەگوێرەی ئەم تیۆرە ، ڕۆنانی وشە بەهۆی لاسـایی کردنـەوەی زایەڵـەی دەنگـەکانی سروشت پەیدابووە. ئەو دەنگە سروشتیانە ناوەنـدێك و هۆکارێـك بـوون، بـۆ ئـەوەی مرۆڤ زاری ببێتەوە و لاسایی دەنگی ئاژەڵ و ڕووبارو بروسکە... هتد. بکاتەوە.

کەموکورتییەکانی ئەم تیۆرە:

1ـ زمان هەر تەنها کۆمەڵە وشەیەك نییە ، تەنها پەیوەست بێ بۆ ناوی شتەکان.

2ـ مرۆڤ ئەگەر ناوێکی بۆ ئەو دەنگانە دانابێـت، ئـەی بـۆ "شـتە بێدەنگـەکان" وەك (دار، بەرد)، هەروەها بۆ هەست و سۆزی خۆی چی داناوە؟!

3ـ دەنگی سروشتی لەهەموو دنیا وەك یەکە، بۆ نموونە:

ـ پشیلەی هەموو دنیا دەمیاوێنێ

ـ شێری هەموو دنیا دەنەڕێنێ

ـ کەری هەموو دنیا دەزەڕێنێ

ـ مانگای هەموو دنیا دەبۆڕێنێ

ئەی بۆ مرۆڤەکان فێری زمانی جیاواز بوون ،هەموو ئـەو گیانەوەرانـە تـەنها فێـری یەك زمان نەبوون؟

**ب ـ تیۆری** Yo – heave – no

کۆششی فیزیکی یاخود هێز و شەنگی مرۆڤ و ماسـولکەکانی ، کـە دەبێتـە هـۆی نرکاندن و نـاڵین و مرخانـدن، وای لـە مـرۆڤ کـردووە ، کـە زمـانی بـەکاربێنێ. ئـەم





دیاردەیە زیـاتر لـە دەوروبـەری کۆمەڵایـەتی بەرپایـە ، بـەو واتـای مـرۆڤ ناڵـە ناڵـەی کـردووە یـاخود تیقـە تیڤـی کـردووە یـان فینگـە فینگـی کـردووە ، ناچـار بـووە بـە بەرانبەرەکەی بڵێ کە چییەتی!

وێڕای ئەوەی ئەم تیۆرەش کێماسیەکانی ئەوەی پێشووی هەیە، هەروەها هاواری کۆمەڵایەتی هۆکار نییە بۆ ئەوەی ئاخاوتن دروست ببێـت ، چـونکە ئەوەتـە مـەیمون وەك مرۆڤ هاواری کۆمەڵایەتی (ناڵین)ی هەیـە، بـەڵام توانـای پەرەپێـدانی ئاخـاوتنی نییە.

**ج ـ تیۆری هاواری سروشتی هەستەکان**

ئێش، ژان، خۆشی، خەم و کەسەر ، دەکرێ بە وشە گوزارشتیان لێبکرێت.وەك:

ئازار ـ ئای

خۆشی ـ واو

خەم ـ ئاه، ئاخ

کێماسی ئەم تیۆرە ئەوەیە بەوەندە هەستە زمانێکی سیـستیماتیکی وەك مـرۆڤ دروست نابێ، ئێش و خۆشیەکانی مرۆڤ سنوردارن ، ناکرێ زمـان هـەر تـەنها ئـێش و خۆشی بێت.

### 2ـ تیۆری گەشەکردن

ئـەم تیـۆرە بـاوەڕی وایـە کـە بنـەمای بـایۆلۆژی زمـان ڕۆڵـی خـۆی دەبینـێ لـە پەرەسەندنی زمانی مرۆڤدا، (داروین) لە کتێبی (نەژادی بنەچەکان ) دەڵێت: "زمـانی مـرۆڤ و هـاواری گیانـەوەر تـەنیا لـە پلـە جیـاوازن. زمـانی مـرۆڤ وەك مـرۆڤ خـۆی بەشێوەیەکی زۆر بەراییەوە هاتووە، بەرە بەرە پـەرەی سـەندووەو پێویـستییەکانی وای لێکردووە قسە بکات".

کێماسییەکان

1ـ ئەو ڕایەی (داروین) هیچ پەیوەندی بەنەوەی ئادەمیزادەوە نییە، چونکە نە مـرۆڤ گەشەی کردووە، نە زمانەکەی،دۆزینەوەی مرۆڤی (ئاردی)ئەمەی تەواو ساغکردەوە.

2ـ ئەو ڕایەی (داروین) ئەوەندە نالۆژیکی بووە، بۆیە(ماکس مۆلـەر)ی هاوچـەرخی ، ناوی لەو تیۆرەی (داروین) ناوە ، تیۆری Pooh – Pooh.

3ـ بۆچی هاواری گیانەوەر پەرەی نەسەند و نەبووە زمان؟!

4ـ شتێك نییە بەناوی "زمانی بەرایی" ، بەڵكو ئەوەی هەیە ، كۆمەڵگای بەراییە.

### 3ـ تیۆری ئاماژەی زارەکی و ئاماژەی فیزیکی

ئەم تیۆرە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کردە جەستەییەکانی مرۆڤ ، وای لە مـرۆڤ کردووە ئامـاژە زارەکییـەکان وەك جووڵانـدنی زمـان و لێوەکـان، چـاوەکان ، زمـان دروست بکەن.

ئـەم ئاماژانـە زۆر سـنووردارن، بۆیـە نـاکرێ سیـستەمی پـڕ ئـاڵۆزی زمـان تـەنها بەوەندە کردارەوە پەیدا ببێت.

### 4ـ تیۆری کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگا تاکە ناوەندی بە کۆمەڵایەتیبوونی زمانە، ئەوانەی باوەڕیـان بەوەیـە کـە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ، دەڵێن مرۆڤ بە تەنیا لە (زمان) دەکەوێ و هـەر بـە (کۆمەڵگا) (بەزمان) دەکەوێتەوە.

ئەم تیۆرە هیچ هەڤدژییـەکی لەگـەڵ سروشـتی پەیـدابوونی زمـان نییـە، چـونکە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگا پێویستی بە زمان بووە.

### 5ـ ڕێککەوتن

زمانی مرۆڤ لـەخۆوە دروست بـووە، هـەروەك چۆن بوونـەوەر لـەخۆوە دروسـت بـووە، مـرۆڤ خـۆی داهێنــەری زمــانی خۆیــەتی ، هــەر ئــەویش نــاوی لــە شــتەکانی دەوروبەری خۆی ناوە، بێگومـان لـەڕووی زانستییەوە هـیچ شـتێ لـەخۆوە دروسـت نابێت، زمانی مرۆڤیش بونەوەرێکی زیندووە، هەروا دروست نەبووە.





### 6ـ زمانی مرۆڤ، خواکردە

سەبارەت بە ژێدەری ئاسمانیی، زۆربەی ئایینـەکان ئاماژەیـان بـە زمـانی مـرۆڤ کردووە، بۆ نموونە:

1ـ ئایینی میسرییە کۆنەکان

2ـ بابلییەکان

3ـ هیندۆسەکان

4ـ تاوەری بابل

5ـ ئینجیل و تەورات

6ـ قورئانی پیرۆز

ئێمە تەنها جەخت لەسـەر قورئـانی پـیرۆز دەکـەین، چـونکە دوا نامـەی ئاسمانـە هەروەها وەك ئەوانی تر نەشێواندراوە.

پێکهاتەی مرۆڤ، بەتایبەتی مێشکی مرۆڤ ، وای لە زمانناسی نوێ کرد ، کە بـواری زمانەوانی زۆر فراوان بکات، چـونکە سیـستەمی مێـشك و عـەقڵی مـرۆڤ هـەژموونێکی گەورەی بەسەر زمانی مرۆڤەوە هەیە، هەر بە هەدمەیەکی سـادە لـەو هـەموو تـۆڕەی دەمار، زمان دەشێوێنێ و (ئەفاسیا) دروست دەبێ، هەروەها هەر لە مێشکی مرۆڤدا ئامێرێك هەیە بەناوی ئامێری وەرگرتنی زمان.

ئەم ئامێرە لەهیچ گیانەوەرێکدا نییە ، هەر ئەوەش وایکردووە مرۆڤ هـەم (قـسەکەر) بێت ، هەم توانای فێربوونی هەموو زمانێکی ببێت، بۆ نموونە ئەگەر منـداڵێکی کـورد لە کۆمەڵگایەکی ئەمریکی پـەروەردە بکرێـت ، ئـەمریکی فێـر دەبێـت، بـەڵام ئەگـەر سەگێك، پشیلەیەك... هتـد، لەگـەڵ ئـەو منداڵـە بـچێتە ئـەمریکا، هـیچ گـۆڕانێکی لێ ڕوونادات ، هەروەك سەگ و پشیلەی کوردی دەحەپێنن و دەمیاوێنن.ئایـەتی "وعلـم ادم الاسماء كلها" بە هەردوو ڕاڤەیەوە:

1ـ خودا ناوەکانی فێری مرۆڤ کرد.

2ـ خودا ناولێنانی شتەکانی فێری ئادەم کرد.

تەواو لەگەڵ پێکهاتەی مرۆڤ یەکدەگرنەوە، ئەو توانایەی ئادەم، فریشتەو جنۆکەکانی سەرسام کرد ، لە ئاکام سەری ڕێزی نوازشت و سوژدەی ڕێزیان بۆی برد.

ئەو توانایەی مرۆڤ بۆ (دەربڕین) و (ناولێنان) و (قسەکردن) تەواو لەگەڵ زمانەوانی نوێ یەکدەگرێتەوە و تەواوی ئەو گریمان و تیۆرانە هەڵدەوەشێنێتەوە ، کە پەیدابوونی زمانی مرۆڤ بەلاسایی کردنەوەی سروشتەوە دەبەستنەوە.

دروستبوونی ئادەمیش سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگا بوو، تاکەکانی کۆمەڵگاش، بەتایبەتی مرۆڤ کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، بەبێ بەکارهێنانی زمان ناتوانن تەواو لەیەك بگەن، بەگوێرەی ئەو ئەزموونانەی لەسەر منداڵان کراوە، ئەوە دەردەکەوێ کە مرۆڤ دوور لە کۆمەڵگا، نەك هەر لە  زمان دەکەوێ، بەڵکو ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤانەشی نامێنێت.

## * نەژادی زمان ونەژادی نەتەوە

پرسی زمانی ئادەم و خودا چەندەها لێکدانەوەی بۆ کراوە،خودا بەچ زمانێك قسەی لەگەڵ ئادەم کردووە؟ ئادەم بە چ زمانێك قسەی لەگەڵ خودا کردووە؟ ئادەم بە چ زمانێك قسەی لەگەڵ حەوا کردووە؟ دوو پرسن هیچ پەیوەندییان بە زمانەوانییەوە نییە، چونکە هیچ ئایەتێك نییە ئەمە ڕوون بکاتەوە ، هەروەها هیچ زانستێك هەتا مرۆڤناسیش نەیانتوانیوە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەنەوە.

ئەوەی هەیە هەموو گریمانەو ئەفسانەیە، ئەو قسانەش هیچ شەنگست و بنەمایەکی زانستیان نییە، وێڕای ئەمەش کارکردن و خۆ خەریککردن بەو مەسەلەیەوە دوو ئارێشەی لەناو کۆمەڵگا دروستکردووە: نەتەوەی پیرۆز و زمانی پیرۆز ، جولەکەکان یەکێ لەو نەتەوانەن بانگەشەی نەوە دەکەن کە زمانی عیبری زمانێکی پیرۆزە ،چونکە ئادەم قسەی پێکردووە. ئەلمانەکانیش بەپاساوی ئەوەی ئەلمان





بەشدارییان لە بورجی بابل نەکردووە، بۆیە خودا زمان و ڕەگەزی ئەوانی پیرۆز کردووە، عەرەبەکانیش یەکێ لەو نەتەوانەن زۆر شانازی بە ڕەگەزو زمانی خۆیان دەکەن ، هەتا دەڵێن زمانی بەهەشتیش بە عەرەبییە ! ! ، ئێزیدییەکانیش دەڵێن ئێزدان بە کوردی لەگەڵ مەلیکی تاوس قسەی کردووە !

لەڕووی ئایینی و زمانناسییەوە ، نە هیچ ڕەگەزێك پیرۆزە، نە هیچ زمانێك . هەموو زمانەکان وەك یەکن، زمانێك نییە لە زمانێکی تر  پێشکەوتوو تر بێ، زمانێك نییە بە ناوی زمانی بەرایی بێت، هەموو زمانێکیش لە وشە پێکهاتووە، جا ئەوەی وشەی زۆرە ، ئەوە دەرفەتی زۆری هەیە، ئەوەی وشەشی کەمە دەرفەتی نەدراوەتێ.

## ئەدگارەکانی زمانی مرۆڤ

چەمکی زمان، چەمکێکی لێڵە، لەزۆربەی زمانەکاندا ئەو چەمکە بوارەکەی هێندە فراوان کراوە ، بەجۆرێ زۆر سنووری بڕیوە، وایلێکراوە، کە هەتا شتی نازیندووش زمانی هەبێت، ئەو دیتن و خوێندنەوە فراوانە بۆ زمان، بەهای سروشتی زمانی شێواندووە. دەگوترێ زمانی گیانەوەر، زمانی مۆسیقا، زمانی ترافیك لایت، زمانی جەستە.ئایا ئەوانە زمانن؟! زمان هێندە سادەیە؟ زمان کۆمەڵێك ئەرك و دەسەڵاتی هەیە، بەهیچ جۆرێ گیانەوەر و مۆسیقا و ترافیك لایت و جەستە هتد. ناتوانن گوزارشتی لێبکەن.

زمانی مرۆڤ ، ئەو زمانەیە کە کرۆکی زمانەوانی پێکدەهێنێ، ئەو زمانە هەندێ ئەدگار و تایبەتمەندی هەیە، کە بە کورتی لە هەر یەکێکیان دەدوێین و لە کۆتایی لەگەڵ زمانی گیانەوەر بەراوردی دەکەین:

## 1ـ لادانی شوێنکات

زمانی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە نـەك هـەر لـەو شـتانە بـدوێت ، کـە لـە (ئێستا) و (ئێرە) ڕوودەدەن، بەڵکو دەتوانێ باسی ڕووداوێك بکات ، هەزاران ساڵ پێش ئێستا ڕوویدابێ ، هەروەها باسی شتێك بکات کە لە داهاتوو ڕوودەدات.

وێڕای ئەوەش زمانی مرۆڤ دەرك بە شتە غەیبییەکانیش دەکات ، مرۆڤ دەتوانێ باسی (بەهەشت) و (دۆزەخ) و (فریشتە) و (جنۆکە) بکات، هەروەها گوزارشت لە (خۆشی) و (ترس) بکات.

هەرچی زمانی ئاژەڵە ئەوە زۆر کاتیی و سنووردارە ، هەر دەتوانێ گوزارشـت لـە (ئێستا) و ئەو شوێنە بکات ، کە شتەکەی لێیە یان ڕووداوەکە ڕوودەدات.

پشیلەکەت کە لەبەر پێت میاو میاو دەکات ، ئـەوە تـەنها ئـەوەت پـێ دەڵـێ کـە ئێستا نەك دوێنێ یـاخود بـەیانی برسـیەتی، تێنیویـەتی. حەوحـەوی سەگەکەشـت ، تەنها ئەوەت پێ دەڵێ کە ئێستا برسیە، تێنووە، ترسێك لە دەرەوەیە !

ئەگـەر هـەنگ بـەهۆی چـەند سـەمایەکەوە بتوانـێ شـوێنی شـیلەی گوڵێـك بـە هەنگەکانی تر بڵێ، نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئـاژەڵ توانـای هەیـە لـە سـنووری کات و شوێنی ئێستا دەربچێ، ئەو توانایە هێندە سنووردارە ، بە هیچ جۆرێ نـاکرێ زمانی مرۆڤ و ئەو سەما و هاوارەی گیانەوەر بە جیاوازی لە پلە نەك لە جـۆر بـەراورد بکرێ.

## 2ـ لەخۆوەیی

ئەم ئەدگارەی زمانی مرۆڤ ئەوە دەردەخات کە هـیچ پەیوەندییـەکی سروشـتی لەنێوان (وشە) و ئەو (شتە)ی لە سروشتدا هەیە، نییـە، وشـەی (مـار) لـە نووسـین و گـۆکردن، هـیچ پەیوەنـدی بـە شـێوەی (مـار)ەوە نییـە.بـەواتای ئـەو (هێمـا) و (هێمابۆکراو) لە زەینی مرۆڤی هۆشیارەوە هیچ پەیوەست نین بەیەکەوە، بـەڵام ئـەو پەیوەندییە هێماییە لە زەینی مرۆڤی نەخوێندەوارەوە بەشـێوەیەکی تـرە ، بـەواتای





پەیوەندییەکی سروشتی هەیە لەنێوان (وێنەی مار) و (مار)ی ناو دارستان، بێگومان ئەمـەش پەیوەسـتە بـە عـەقڵی ئـەو جـۆرە مرۆڤـەوە، کـە ئەگـەر نەخوێنـەوار بێـت، پەیوەندییەکان، وەك گیانەوەر، بە پەیوەندییەکی وێنەیی نەك هێمایی دەبینێ !

ئـەم دیاردەیـەش سـاغلەم نییـە، بۆیـە نـەبوونی هـیچ پەیوەندییـەکی سروشـتی لەنێوان (وشە) و ئەو (شـتەی) دەینوێنـێ ، نـەك هـەر زمـانی مرۆڤـی جیاکردۆتـەوە، بەڵکو فاکتەرێکیش بووە بۆ ئەوەی چەند (زمان) و (نەتەوە) دروست ببن، بۆ نموونـە ئەگەر بۆ هەر (شتێك) لە سروشت وشەیەك هەبووایە، ئەوە دەبوو هـەموو مرۆڤایـەتی بۆ شتێکی وەك (سەگ) یەك وشەی جیهانیان بەکارهێنابایە، نەك کورد بڵـێ (سـەگ) ،عەرەب بڵێ (کلب)، ئینگلیز بڵێ (dog).

هەندێ دەنگی سروشتی هەن، وەك قـڕە قـڕ، وڕە وڕ، قـیڕە قـیڕ، وژە وژ و کیڤـە کیڤ ، ئەو شتانە دەنوێنن کە لە سروشتدا هەیە، بەڵام ئەمەش زۆر سنووردارە.

## 3ـ ئەفراندن

ئەفراندن و داهێنانی وشەی نوێ ، ئەدگارێکی تری بێ وێنەی زمانی مرۆڤـە، مـرۆڤ دەتوانێ بۆ هەر ڕەوشێك لەهەر کاتێك ، وشەیەك بۆ ئەو شتە دابهێنـێ ، کـە تووشـی دەبێ ، ئەدگاری داهێنان لە (زەین) و (عەقڵ)ی مرۆڤدا بوونێکی ئەزەلیە، هـەر بۆیـە مرۆڤ ڕۆژانە دەتوانێ وشەی نوێ، ڕستەی نوێ ، کە پێـشتر کـەس گـوێی لێ نـەبووە، دابهێنێت.

ئەو توانستەی مرۆڤ بەهیچ جۆرێ بەراورد ناکرێ بە زمانی ئاژەڵانـەوە، هۆیەکـەش ئەوەیە زەخیرەی زمانەوانی ئاژەڵ سنووردارە و تەنها چەند هێمایەك لەخۆ دەگـرێ، بۆیە قسەی ئاژەڵان پرۆسەیەکی کاوێژکردنەوەیە.

بە ئەزموون دەرکەوتووە ئەو هەنگەی بـە چـەند سـەمایەکەوە دەتوانـێ شـوێنی شیلەی گوڵێك بۆ هاوەڵانی دیاری بکات، ئەگەر شـوێنەکەی بگـۆڕی، دەسـتەوەسـتان دەبـێ ، بەتایبـەتی ئەگـەر شـیلەکەی لـە دووریـەکی بـەرز دابنـدرێت، چـونکە وەك

دەرکەوتووە، وشەی یان هێمای (سەرەوە) (بەرز) لە زمانی هەنگدا نییەو ناشتوانێ دایبهێنێت.

### 4ـ گواستنەوەی کەلتوریی

زمان کەلەپورێکی جیناتی (بۆماوەیی) نییە، بەڵکو کەلتورێکە منداڵ لە کەلتور فێری دەبێ، بێگومان حەزی فێربوونی زمان سروشتییە، بەڵام فێربوونی جۆری زمان کەلتورییە، لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین منداڵ هەندێ ئەدگاری بۆماوەیی لەدایك و باوکییەوە وەردەگرێ ،وەك (ڕەنگی چاو، ڕوخسارو پرچ هەتا هەندێ ئەدگاری وەك هێمنی و تووڕەیی... هتد، بەڵام زمان لە کەلتورەوە فێر دەبێ، لێرە گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە مەرج نییە دایك و باوکێکی کورد منداڵەکەیان بە کوردی بدوێ ، ئەگەر ئەو منداڵە لە کۆمەڵگایەکی عەرەبی یاخود ئینگلیزی پەروەردە بکرێ! منداڵی کورد جیناتی کوردانەی دایك و باوکی هەڵناگرێ، بۆیە کە لە ناو کەلتورێکی نا کوردی بەخێو دەکرێ ، هیچ وشەیەکی کوردی نازانێت.

لەم ئەدگارەی زمانی مرۆڤ دەفامرێتەوە، کە مرۆڤ بەهۆی ئامێری وەرگرتنی زمان ، فێری زمان دەبێ، ئەو ئامێرە هیچ مۆرکێکی نەتەوەیی هەڵناگرێ ، چونکە فێربوونی زمان لەبنەڕەتدا پرۆسەیەکی نەتەوەیی نییە، بەواتای بۆنموونە کەس بە کوردی لەدایك نابێ، لەپاش بوون لە کەلتوری کۆمەڵگاوە فێری زمان دەبێت!

ئەمەو ئەو ئامێرەی وەرگرتنی زمان لە منداڵ و لاواندا زۆر چالاکە ، لەیەك کاتدا توانای فێربوونی چەند زمانێکی هەیە، بەڵام هەرچەند مرۆڤ بچێتە تەمەنەوە ، ئەو ئامێرەش لە وەرگرتنی زمان و زمانی نوێ تەمبەڵتر دەبێت.

گیانەوەران ئەو توانایەی فێربوونیان لەگەڵ مرۆڤ هەر نییە لەناو خۆشیان زۆر دەگمەنە ، ئەوەتە سەگ نزیکترین هاوڕێی مرۆڤە ، تەنها (هێما) و (وێنە) لە مرۆڤ فێر دەبێت، جا ئەو مرۆڤە لەهەر نەتەوەیەك بێت گرنگ نییە، هەروەها جگە لە





(حەوە حەو) و جێ بەجێکردنی فەرمانەکان هیچی تری پێ ناکرێ ، بەهیچ جۆرێ ناتوانێ وشەیەکی مرۆڤ هەتا لاسایش بکاتەوە.

گیانەوەران لەناو خۆشیاندا ناتوانن سنوری (ناسنامە) و (زمان)ی خۆیان ببەزێنن، بۆ نموونە ئەگەر (کتکە پشیلەیەك) لەناو هەندێ (گوجیلە سەگ) بەخێو بکرێ ، ئەوە هەر (میاوە میاو) دەکات نەك (حەوە حەو).

بەکورتی، هۆکاری زگماك، زمانی زگماك، زمانی دایك و باوك، زمانی نەتەوە، ئەوکاتە لە مرۆڤدا دەردەکەوێ، کە لەناو کۆمەڵگای خۆی پەروەردە بکرێ، ئەگەرنا زمانی نەتەوە لە ئامێری وەرگرتنی هەر منداڵێکدا نییە، هەر لەو ڕوانگەوە بە بەڵگە ڕوون بۆتەوە ، ئەو منداڵەی (بەتەنیا) بەخێو بکرێ ، بەهیچ جۆرێ بە (زمانی زگماك) نادوێ ، هەروەها ئەو منداڵانەی لە منداڵییەوە لە کۆمەڵگایەکی تر بەخێو دەکرێن ،زمانی زگماکیان دەفەوتێ.

### 5ـ دوالیتی ـ دووانە

زمانی مرۆڤ لە زگماکەوە لەسەر دوو ئاست ڕێکخراوە،ئەو دوو ئاستەش بریتین لە ئاستی دەنگیی (دروستکردنی دەنگی جودا ) و ئاستی واتا (پرۆسەی لێکدانی دەنگەکان)، بەهۆی ئەو دوو ئاستەوە مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی چەند دەنگێکەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر وشە دروست بکات کە هەموو لەیەکتر جودابن، لەزمانی مرۆڤدا هەبوونی دوو دەنگی جیا دوو وشەی جیاوازی لێدەبێتەوە، ئەو نموونانەی خوارەوە ئەم ئەدگارەی زمانی مرۆڤ زیاتر ڕوون دەکەنەوە:

هەریەك لەدەنگی /ك/ و /گ/ دوو دەنگی بێ واتان ، ئەگەر بەتەنیا بن، هەروەها هەردووك لەیەك جیان چونکە شێوازی دروستکردنیان جودایە، هەروەها بۆ ئەوەی بسەلمێنین ئەو دووە لەیەك جودان لە لێکدانیان لەگەڵ دەنگی تر بەدەر دەکەوێ:

ك + ا = کا

گ + ا = گا

ک + وێ = کوێ

گ + وێ = گوێ

ک + ۆ = کۆ

گ + ۆ = گۆ

ئەو کۆمەڵە وشەیە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ، هەریەکە نەک هەر واتای خۆی هەیە، بەڵکو یەکەیەکی سەربەخۆیە ، هەتا هیچ پەیوەندییەکی فۆنیمیشیان بەیەکەوە نییە.

لەم نموونەیەی خوارەوە دەردەکەوێت کە لە تەنیا هاوبەشیکردنی بزوێنی کوردی لەگەڵ دەنگێکی وەک /س/ ، چەند وشەی نوێ دروست دەکەن ، کە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە:

س + ە = سە (سەگ)

س + ی = سی (ژمارە (30) و سیەکانی مرۆڤ)

س + و = سو (ریبا)

س + وو = سوو (سوێ) (سولێبوونەوە)

س + ۆ = سۆ (بۆن سۆ ـ سوتان)

س + ا = سا (ئەوجا)

س + ێ = سێ

لەڕووی زمانەوە، مرۆڤ بەهۆی هەبوونی ئەو دوو ئاستەوە ، بۆتە ئاخێوەر، هەرچی زمانی ئاژەڵانە لەهەنبەر مرۆڤدا ناتوانێ لە ئاستی دەنگیی دەربچێت، ئەو ئاستەش هەر زۆر سنوردارە بۆ کۆمەڵێک شتی جودا هەریەک دەنگ هەیە، ئەو دیاردە پۆلیسیمیەی Polysemy زمانی ئاژەڵان لێڵی و تارمایی لەلای مرۆڤەوە دروست دەکات: قیژە قیژ و قیڕە قیڕ و کیڤە کیڤ و میاوە میاو و حەوە حەو ، هەر تەنها





یەک (شت) برسیەتی، تێنویەتی، ترس، ئێش، ژان، نەخۆش، خۆش) ناگەیەنن ، بەڵکو ئەو هەمووە دەنوێنن.

## 6ـ قاڵبی ناوەکیی زمان

زمانی مرۆڤ تۆڕێکی زانیاریدەری ئاڵۆزە، هەرچی لەو تۆڕە دابێت (دەنگ، وشە، ڕستە) بەگوێرەی سیستەمێکەوە بەڕێوە دەچێت، هیچ ڕەگەزێکی ناو ئەو سیستەمە بە (موو) لە بنەمەکان و ڕێنماییەکانی ئەو سیستەمە لانادات.

لێرە ئاستی مەعریفی مرۆڤ دەوری خۆی دەبینێ ، لەسەر دیارکردنی (ناسنامە) و (بەها)ی ئەو ڕەگەزانە دەکرێ ئەو سیستەمە بە سیستەمی یاری تۆپێن بەراورد بکەین، هەرچی یاریکەر هەیە لە دەرەوەی یاری ،هیچ ناسنامە و بەهایەکی نییە، بەڵام کە دێنە ناو گەمەکەوە ،بەها و ناسنامەی خۆیان وەک گۆڵچی، هێرشبەر، بەرگریکار... هتد. وەردەگرن.

وشەکانی زمانیش هەر جۆرێکی بەشەکانی ئاخاوتن بن، ئەوکاتە دەبنە ڕەگەزێکی خاوەن (ئەرک) و (ناسنامە)، کە هاتنە ناو تۆڕی (ڕستە)ەوە ـ وشە لەناو ڕستەدا دەبێتە (بکەر) و (بەرکار) و (تەواوکەر) نەک لە دەرەوەی ڕستەدا.

ئەم ئەدگارەی زمانی مرۆڤ لەسەر هەموو ئاستەکانی زمان دەردەکەوێت:

**یەکەم: ئاستی دەنگسازی**

لەنێوان هەردوو دەنگی /ش/ و /ر/ بەهۆی (هەندێ)، (نەک هەموو) بزوێنەوە چەند وشەیەکی جیاواز دروست دەبن وەک:

ـ شار، شیر، شێر، شۆر، بەڵام شەر، شور، شوور لە زاری ستاندەردا نین، هەروەها لە زمانی کوردیدا دیاردەی هێشووەنەبزوێن زۆرە، بەڵام هەموو جۆرە هێشووە نەبزوێنێک لە سیستەمی دەنگی زمانی کوردیدا جێی نابێتەوە:

ـ شتسر

ـ شکر

- شڤر
- شفر
- شقر

## 2ـ ئاستی وشەسازی

ڕۆنانی وشەی ئینگلیزی بەچەند ڕێگەیەکەوە دەبێت وەك:

1- Compounding لێکدانی دوو وشە یان زیاتر

- boy + Friend = boyfriend
- break + fast = breakfast

2- Derivation داڕشتن

- teach + er = teacher
- gang + dom = gangdom
- king + dom = kingdom

3- Invention داهێنان

Kodak
Nylon

4- Echoism زایەڵە

Whisper
Moan، hiss

ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردی زۆرە وەك:

قیرە قیر، گرمەگرم، ڕمبە ڕمب

5- Clipping
Lab، disco

6- Acronomy
Mp، Nato، Radar

7- blending





- autobus، gasohol

8- Back formation
Greed، hedgehop

9- folk etymology
- female، let ball

10- Antonomasia
Sandwich، hamaburger

11- Reduplication
Lovey – dovey، tiptop

ئەم هەموو شێوازەی ڕۆنانی وشە لە ئینگلیزیدا ، بەگوێرەی سیستەمێك بەڕێوە دەچێ، لەپاشانیش لەلای خەڵك دەبێتە وشەیەکی مانادار، بۆ نموونە بۆچی ئینگلیزی وشەی breakfast تێشت ـ دروستکرد ، "fastbreak" دروست نەکرد، ئەوانی تریش بەهەمان شێوە.

ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردی بەو هەموو شێوازە دروست نابێ، بەڵکو تەنها چەند ڕێگەیەکە، وەك:

1ـ لێکدان: ڕووگرژ ،سەرخۆش، کرێکار، جووتیار..........

2ـ داتاشین: شازادە، میرزا، شمەك...........

3ـ دارژتن: هەڵگرتن، داگرتن، بردنەوە............

4ـ کورتبڕی: ك. کردار، ب ـ بکەر، ئا. ئاوەڵناو..........

یان شێوەی تر ،وەك:

ی. ن. ك

پ. ك. ك

پ. د. ك

5ـ دروستکردنی ناو لە ناوی شوێن:

سەفین، گۆیژە، هەڵگورد، بێستوون.......

6ـ هەندێ ڕێگای تر هەن، کە کورد ئەو وشانەی لەو بوارانەدا نەبووە، بۆیە لەزمانی تر وەریگرتوون: سینەما، سانسۆر، کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، تەلەفزیۆن، تی ڤی .........هتد.

لێرەدا با چەند پرسیارێك بکەین:

1ـ بۆچی کورد وشەی (یارجووت، کارکرێ، پێدەر، شاددڵ)ی دروست نەکرد،کەچی (شێردڵ و دڵشێر)ی دروست کرد؟.

2ـ بۆچی کورد ئەو هەموو ڕێگایانەی ڕۆنانی وشەی نییە؟!

بەکورتی هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، چۆن هەندێ هێشووە نەبزوێن لە ئینگلیزی نین ، لە کوردی هەن، بە پێچەوانەش، لەڕووی وشەسازیش هەروایە، ئەوەی سیستەمی زمانی کوردی قەبوڵی دەکات، ئەویتر قەبوڵی ناکات، بەپێچەوانەش. بێگومان شتی هاوبەشیش لە زمانەکاندا هەیە، بەڵام هیچ (دوو) زمانێك وەك یەك نین.

### 3ـ ئاستی ڕستەسازی

پێکهاتەی ڕستەسازی کوردی لەگەڵ ئینگلیزی جودایە:

ئینگلیزی: بکەر، کار، ئاوەڵکار

The clerk sneezed loudly

کوردی: بکەر، ئاوەڵکار، کار

ئاوەڵکاری ئینگلیزی زۆر لەوەی کوردی ئازادترە، دەکرێ بەم چەند شێوەیەش بێت:

ـ بکەر، ئاوەڵکار، کار — The clerk loudly sneezed

ـ ئاوەڵکار، کار، بکەر — loudly sneezed the clerk

لەگەڵ ئەو هەموو ئازادییەش، بەڵام لەوە زیاتر زمانی ئینگلیزی قەبوڵی ناکات و ڕستەکە بە ناڕێزمانی دادەنێت.

لەکوردی دەڵێین:





ـ ئازاد خێرا هاتەوە.

* ئازاد هاتەوە خێرا.

* خێرا هاتەوە ئازاد.

ئەمەو لەزمانی کوردیدا ڕێککەوتن Concord لەنێوان (بکەر و کار)دا هەیە ،ئەگەر بکەر (کۆ) بوو ،دەبێ (کار)ەکەش کۆ بێت، ئەگەر تاك بوو، ئەویش تاك دەبێت:

ـ کوڕەکە هات .    کوڕەکان هاتن.

ـ کوڕەکە دێت .    کوڕەکان دێن.

ئەمڕۆ لە زمانی (فەرەنسی) و (عەرەبی) ڕێکەوتن هەر تەنیا لەنێوان (بکەر و کار)دا نییە، بەڵکو لەنێوان ڕەگەزی تریش، وەك ئاوەڵناو و ئامرازی ناسین و نەناسین هەتا جێندەریش هەیە.

وێڕای پەیوەندی ڕێکەوت لەنێوان ڕەگەزەکانی ڕستە، ئەوە دوو پەیوەندی تر لەنێوان ئەو ڕەگەزانەدا هەن:

یەکەم: پەیوەندی پارادیگماتیکی (ستوونی)

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێ ژمارەیەکی بێ کۆتا ڕستە دروست بکرێت:

ـ ئازاد خێرا هاتەوە.

ـ سەردار هێواش ڕۆیشتەوە.

ـ نازدار جوان دەخوێنێتەوە.

ـ هێڤی باش دەدوێ.

ـ نازێ بەتوندی گەڕایەوە.

دووەم: پەیوەندی سینتاگماتیکی (ئاسۆیی)

ئەم جۆرە پەیوەندییە کە لەناو ڕەگەزەکانی یەك ڕستەدا ڕوو دەدات، لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی دامەزراون:

* ئاسۆ ماسییەکی گرت و برژاندو خوارد.

هەر سێ کاری (گرتن، برژاندن، خواردن) دەبێت لەناو سیستەمی زمانی کوردیدا ئەوها بێن ،هەر شێوازێکی تر مەقبول نییە.

* ئاسۆ ماسیەکی خواردو برژاندو گرت.

* ئاسۆ ماسیەکی برژاندو گرت و خوارد.

* ماسیەکە ئاسۆی برژاندو گرت و خوارد.

یان

ـ ئازاد لەخەو ڕابوو، نوێژی کردو نانی خواردو چووە کۆلێژ.

ئەوانی تر لۆژیکی نین، بۆیە لەناو سیستەمی زمانی کوردی جێیان نابێتەوە.

* ئازاد نوێژی کردو لەخەو ڕابوو چووە کۆلێژو نانی خوارد!!

* ئازاد نانی خواردو لەخەو ڕابوو نوێژی کردو چووە کۆلێژ!! هتد.

7ـ پێکهاتەی زمان نەك ژمارەی ڕەگەزەکان

هەر زمانێك سترەکچەرێکی هەیە، مەعریفەی مرۆڤیش سەبارەت بەو سترەکچەرەوە پەیوەست نییە بە ئاستی بەرزی و نزمی مەعریفییەوە، ئەم زانینەی مرۆڤ واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە مرۆڤ دەربارەی زمانەکەی هەڵە ناکات، چونکە هەر شتێك لە ئەبستراکت دەرباز بوو و ئیشی پێکرا ، ئەوە هەڵەی تێدەکەوێت.

کردارە زمانییەکان بە سترەکچەری زمانەوە بەندن نەك ژمارەی ڕەگەزەکانی ڕستە، چونکە ژماردنی ڕەگەزەکان هیچ پەیوەندی بە سروشتی زمانەوە نییە.

ناکرێ لەخۆوە بوترێ نیشانەی ناسراوی (ـ ەکە) بۆ یەکەم، دووەم، سێیەم، ڕەگەز ل ەڕستە زیاد بکە، هەروەها بەهەمان شێوە ناکرێ هیچ نیشانەیەکی تر وەك (دە ـ بەردەوام) یا (ن ـ کۆ) لەسەر ئەم بنەمایە زیاد بکرێت، چونکە هەردەم ڕێك ناکەوێ وشەی یەکەم (بکەر) ،هەردەم وشەیەکی تاك بێ، لەوانەیە گرێیەك یان دەستەواژەیەك بێت، جا چۆن نیشانەی نەناسراوی لەسەر بنەمای ژماردن بۆ زیاد دەکرێ:





1ـ دوێنێ، کوڕ، درەنگ، هاتەوە.

ـ کوڕەکە دوێنێ درەنگ هاتەوە.

ـ دوێنێ کوڕەکە درەنگ هاتەوە.

* دوێنێکە کوڕ درەنگ هاتەوە.

2ـ کوڕە زیرەك و ئازایەکە لەشەڕدا کوژرا.

* کوڕەکە زیرەك ئازا لەشەڕدا کوژرا.

* کوڕە زیرەکە ئازا لەشەڕدا کوژرا.

ئەمەو زمانی مرۆڤ هەردوو جۆری لێڵی لێکسیکی و پێکهاتەیی دروست دەکات، وا دەکات کێشەیەك لە گەیاندنی "پەیام" لەنێوان (قسەکەر) و (گوێگر) یاخود (بیسەر) دروست ببێت. ئەم دیاردە زمانەوانییە و چەندەهای تر وەك (کرتاندن) و (لەبریتیدانان) لە زمانی مرۆڤدا هەیە. ئەم دیاردە زمانەوانیانە لە زمانی گیانەوەراندا نییە، زمانی ئاژەڵان ئەوەندە وەك زمانی مرۆڤ ئاڵۆز نییە، هەر بۆیە ئەوان لەهەر (پەیوەندییەك) دەتوانن (یەك پەیام) بگەیەنن ، نەك چەند پەیامێك.

## مرۆڤ لە زمانی ئاژەڵان دەگات یان ئەوان لە زمانی مرۆڤ دەگەن

بێگومان ئاژەڵانی هاوجۆرو پۆل لەیەك دەگەن، بەزمانی خۆیان لەگەڵ یەکتر دەدوێن، ئەوەتە مێرووەکان یەکتر ئاگادار دەکەنەوە لە سوپاکەی سلێمان پێغەمبەر، هەروەها لەچیرۆکی زمانی ئاژەڵانیش دەردەکەوێ کە گیانەوەران لەگەڵ یەکتر دەدوێن، بەڵام هیچ جۆرە پەیوەندییەکی هاوسەرگیری لەنێوان دوو پۆل یان دوو جۆری ئاژەڵ ڕووینەداوە.

ئەمەو هەر بەگوێرەی قورئانەوە سلێمان پێغەمبەر لەگەڵ هەموو گیانەوەران قسەی کردووە ، بەتایبەتی لەگەڵ (هدهد ـ پەپو سلێمانی)، ئەمە لە دنیایەك ڕوویداوە ، تایبەت بەهەموو مرۆڤەوە نەبووە، بۆیە تەنها کەسێك کە ئەو توانایەی هەبووبێ ،

لەهەردوو جیهانی، جیهانی مرۆڤ و جیهانی گیانەوەران، بڕیت، سلێمان پێغەمبەر بووە، بەواتای مرۆڤ و گیانەوەران هەردووك خاوەن زمانن، بەڵام ئەوكاتە مرۆڤ تەواو لەزمانی گیانەوەران دەگات كە پەردەی هەردوو جیهان ببڕێت ، ئەمەش ناكرێ!

ئەوەی لەجیهانی مرۆڤ ڕوو دەدات ئەوەیە:

هێماو نیشانەكانی زمانی ئاژەڵان زۆر كەمن، ناتوانن بەتەواوی وێنای ئەو پەیامە بكەن، كە بە زمان لەگەڵ مرۆڤ بدوێن، هەرچی هەندێ ئاژەڵی ماڵین لە هەندێ وشەی مرۆڤ دەگەن ،بە خۆشی بێ یان ناخۆشی ، پەیامەكەی مرۆڤ وەردەگرن و جێ بەجێی دەكەن.

هەموو گوێدرێژێك لەفەرمانی (ۆش) و (ئەچە) دەگات، هەموو پشیلەیەك لە (ختە)ی مرۆڤ ڕادەكات و لە (میاو میاو)و(پش پش) نیگەرانە، دوو دڵە تەواو نازانێ بۆ (خۆشی)یە یان (ناخۆشی)، هەروەها ئەگەر سەگێك و كەرێك و چەند بزنێك لە شوێنێك پێكەوەبن، ئەگەر شوانەكە (گدی گدی) بكات، ئەوە (بزنەكان) دێن ،بەڵام ئەگەر (كوچە كوچ) بكات ، (سەگەكە) دێت ، ئەگەر (قرۆش قرۆش) بكات، (كەرەكە) دێت ،بەپێچەوانە ڕوونادات ، (بە گدی گدی) سەگەكە یاخود كەرەكە نایەت!! هەروەها هەموو مریشكێكیش (كش كش) و (تی تی) لەیەك جیا دەكاتەوە، لەمەدا دەردەكەوێ كە ئەو پەیامە سنوردارانەی مرۆڤ هیچ لێلییەك لای ئەو گیانەوەرانە دروست ناكەن، چونكە سادەن و هەروەها چەند بارەن، ئەو لێكۆڵینەوانەی لەسەر جۆرەكانی مەیمونی شیمپانزی و دۆلفین و توتی... هتد كراون، لەسنووری زمانی هێما دەرناچن، ئەمەش لەوانەیە هەر لەبەر ئەو ڕاستییە سادەیە بێت ، كە پێكهاتەی عەقڵی ئەوان لەگەڵ مرۆڤ جودایە، ئەوان دەتوانن لەگەڵ یەك بدوێن (وەك چۆن مێرووەكان لەگەڵ یەكتر دەدوێن)، بەڵام ناتوانن لەگەڵ مرۆڤ بدوێن وەك مرۆڤیش ناتوانێ (بەزمانی ئەوان) لەگەڵ ئەوان بدوێت!





خالێكی تر ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ (لاڵ) یاخود (كەڕ) بێت ، هێشتا قەناتێكی تری ماوە لە مرۆڤی ساخلەم بگات ، ئەویش (زمانی نووسینە)، ئەم قەناتەش لە گیانەوەردا ئەگەر مەحاڵ نەبێ ،ئەوە هەر زۆر دەگمەن و دژوارە.

## خێزانە زمانەكانی جیهان

زمانناسان، زمانەكانی جیهانیان بەسەر چوار خێزانە زمان دابەش كردوون، كە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەكەم: خێزانە زمانی هێندۆ ـ ئەورووپی

ئەم خێزانە لە كۆمەڵێكی گەورە پێكدێت ،كە لە ڕەگەز و بنچینەدا نزیكن لە یەكترییەوە و ئەو گەلانەی دەگرێتەوە كە بەم زمانان دەدوێن و دەكەونە ناوەڕاستی ئاسیا هەتا ئەوپەڕی كەناری ڕۆژئاوای ئەورووپاوە.

أ ـ كۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی: بە هێندۆ ـ ئاری ناسراوە، بەهۆیەوە زمانەكانی میتانی و سانسكریتی و ماد و ئەخمینی دەگرێتەوە، كە ئەویش بەسەر دوو لق دابەش دەكرێت:

1ـ كۆمەڵی هیندی: كە لە زمانەكانی (بنجانی، كۆجراتی، بەهاری، بەنگالی، هیندی ڕۆژئاوایی، هیندی ڕۆژهەڵاتی، باراكراتی، راجاسانی) پێكدێت.

2ـ كۆمەڵی ئێرانی: كە لەزمانەكانی (فارسی كۆن، فارسی نوێ، كوردی، ئەفغانی، بلووجی، ئۆزەتی) پێكدێت.

ب ـ كۆمەڵی ڕۆژئاوایی: ئەم كۆمەڵەیە پێكدێت لە:

1ــ زمانە جەرمەنییەكان: (ئەلمانی، ئینگلیزی، دانیماركی، هۆڵەندی، زمانە ئەسكەندەنافییەكان).

2ـ زمانە سلاڤییەكان: (ڕووسی، پۆڵەندی، چیكی، سلۆڤاكی، یۆگسلاڤی).

3ـ زمانی لاتینییەكان یان ڕۆمانییەكان: (ئیتالی، فەرەنسی، ئیسپانی، پورتوگالی).

4ـ زمانی یۆنانی: (ئەرمەنی، ئەلبانی).

5ـ زمانی کەڵتی: (ئێرلەندی)

دووەم: خێزانە زمانی سامی

ئەم خێزانە، زمانی ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە، کە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی و ژووروی ئەفریقیادا دانیشتوون. زانایان زاراوەی (سامی)یان لە ناوی (سام کوڕی نوح)ەوە وەرگرتووە، کە لە (تەورات) یشدا هەر ئەو نەتەوانە دراونەتە پاڵ ئەم ناوە ، کە بەم زمانە دواون، ئەم خێزانە زمانەش لەم کۆمەڵە زمانانەی خوارەوە پێکدێت:

1ـ کۆمەڵەی باشوورییەکان: گرنگترینیان: عەرەبی کۆنی خواروو و شێوە دێرینە لەناوچووەکانی وەکو (سەبەئی، حیبری، قتبانی،سموودی)، عەرەبی نوێی باکوور و زمانی حەبەشی دەگرێتەوە.

2ـ کۆمەڵەی باکوورییەکان: بریتییە لە ئارامی کۆن و سریانی و سابئە.

3ـ کۆمەڵی ڕۆژئاوایی یا کەنعانی، کە بریتین لە فینیقی و عیبری.

4ـ کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی: بریتییە لە ئەکەدی، بابلی، ئاشووری.

سێیەم: خێزانە زمانی ئۆراڵی

ئەم خێزانە زمانە، دوو کۆمەڵە دەگرێتەخۆ:

1ـ ئۆراڵی: کە زمانی فنلندی و ئەستۆنی و مەجەری دەگرێتەوە.

2ـ ئەڵتیکی: کە زمانی تورکی، مەگۆلی، تەنوکوسی و مەنانشۆ دەگرێتەوە.

چوارەم: خێزانە زمانی چینی تێبتی

ئەم خێزانە زمانە، زمانەکانی (چینی، تایلەندی، بورمایی، تێبتی) دەگرێتەوە.





# بەشی دووەم : دیالێکت

## چەمك و تاریفی دیالێکت

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی دیالێکت، ئەوا زاراوەکانی (زار، لەهجە، شێوە) بەکاردێت، زاراوەی دیالێکتیش لەبنچینەدا زاراوەیەکی لاتینییە، مەبەست لە دیالێکتیش بەو جیاوازییانە دەوترێت، کە لەنێوان جۆرەکانی یەك زماندا هەیە، وەك جیاوازیی ڕێزمان و لایەنی پێکهاتەی وشە و چۆنییەتی دەربڕین.

## جۆرەکانی دیالێکت

لە هەموو زمانانی جیهان لەپاڵ دیالێکتی سەرەکی و بەشە دیالێکتەکان، ئەوا کۆمەڵێ دیالێکتی تریش دەبینرێ، کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:

1ـ دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان: ئەم جۆرە دیالێکتە پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن و لایەنی نەتەوەییەوە هەیە، واتە بەگوێرەی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری کەسێك لەگەڵ کەسانی تر جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنیان دەبێت.

2ـ دیالێکتە پیشەییەکان: هەر پیشەیەك خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی خۆیەتی، کە بەهۆیەوە، لەگەڵ ئاخاوتنی پیشەکانی تر جیا دەکرێنەوە، بۆ نموونە: ((پزیشك، فیتەر، ئەندازیار، مامۆستا، کرێکار،...هتد)). هەریەکەیان کۆمەڵێ وشەو زاراوە بەکاردەهێنن، کە تایبەتە بە ئاخاوتنی خۆیانەوە، بۆ نموونە گەر ئاخاوتنی پیشەیی زێڕینگەری وەرگرین، دەبینین وشەکانی (عەیار، مسقال، عەبە،... هتد) بەرچاومان دەکەوێت.وەکو:

زێڕ مسقاڵی بە چەندە.

زێڕی عەیار بیست و یەك بکرە.

لەهەمان کاتیشدا گەر پیشەی مامۆستایی وەرگرین، دەبینین دەیەها وشەی تر بەرچاومان دەکەوێت و بەکاردێت، کە جیایە لەگەڵ پیشەکانی تر، وەکو (تەباشیر، ڕەحلە، ماجیك... هتد).وەکو:

بە تەباشیر وێنەکە بکێشە.

ڕەحلەکەی خۆت ببە دواوە.

3ـ دیالێکتە ناوچەییەکان: هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تر، شێوازی ئاخاوتنی جیایە، بەجۆرێك هەندێ وشەو زاراوە لەناوچەیەکی دیاریکراو بەکاردێ، بەبێ ئەوەی لە ناوچەکانی تر بەکاربێت.

4ـ دیالێکتی پەتی: بەو دیالێکتە دەوترێ کە دەبێتە شێوەیەکی فەرمی، بەهۆیەوە نووسین و خوێندن بەمجۆرە دیالێکتە دەبێت ، هەر بۆیەشە هەندێ جار بەم دیالێکتە دەوترێ دیالێکتی فەرمی.

5ــ دیالێکتی ڕەمەکی: بەو قسەو ئاخاوتنانە دەوترێت، کە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان و گازینۆ و بازاڕو چایەخانەکان بەکاردێت، ئەمجۆرەیان لە ئاخاوتندا شێوەیەکی ڕەمەکی پێوە دیارە ، بەواتایەکی تر ئەمجۆرەیان لەهەموو جۆرەکانی تری دیالێکت نزمترە.

جگە لەم جۆرە دیالێکتانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، ئەوا لە زمانناسی نوێدا جۆرەکانی دیالێکت بەسەر چوار جۆر دابەشدەکرێن، کە بەمشێوەیەی خوارەوەن:

1ـ دیالێکتی ستاندارد

2ـ دیالێکتی ڕەگەزی

3ـ دیالێکتی جوگرافیایی

4ـ دیالێکتی چینە کۆمەڵایەتییەکان





گەر زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئەمجۆرە دابەشکردنەی دیالێکتەوە دابەشبکەین، دەبینین دیالێکتەکانی زمانی هەموو سەر بەدیالێکتی جوگرافیاین، چونکە کرۆکی هۆی بوونیان، پەیوەندی بەدەستکردی هەلومەرجی جوگرافیایی و سیاسییەوە هەیە.

## هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت

1ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی: ئەم هۆکارە پەیوەندی بە عادات و تەقالیدو خووڕەوشتی ناو کۆمەڵگەو دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە.

2ـ هۆکاری سیاسی: دوو لایەن دەگرێتەوە:

أ ـ هۆکارێکیان ئەوەیە، کە میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت.

ب ـ هۆکاری دووەمیان ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی بوونی هەیە، بەڵام لەبەر فراوانی سنووری دەسەڵاتەکەی، ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بکێشێت، بۆیە دەسەڵاتی ناوەندی لاواز دەبێت، بۆیە بەهۆیەوە وادەکات کە هەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێکی تایبەتەوە.

3ـ هۆکاری جوگرافیایی و سروشتی هەڵکەوتوویی ناوچەکە.

4ـ ڕادەی ڕۆشنبیری و دواکەوتووی کۆمەڵگەکە.

5ـ جیاوازی لەڕووی لایەنی دەنگسازییەوە بۆ نموونە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (نووسی) بەکاردێ، بەڵام لەکرمانجی سەرووی زمانی کوردییە (نڤیسی) بەکاردێ.

6ـ لایەنی ئابووری، کە ئەمەش پەیوەستە بە چوونییەتی دابەش نەبوونی ئابووری لە شوێنە جیاوازەکاندا.

7ـ هۆکاری بایۆلۆجی و فیزیکی، کە ئەمەش پەیوەستە بە کردەی دروستبوونی مرۆڤەوە.

## جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت

1ـ زمـان لایـەنێکی گـشت و سـنوورێکی جـوگرافی فـراوان دەگرێتـەوە، بەهۆیـەوە بەهـەمووو لایـەکی ولاتـدا پەڵدەکێـشێ، تـا ڕادەیـەکیش هـەموو دیالێکتـەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جـوگرافی دیـاریکراو دەگرێتـەوە، واتە لایەنێکی تایبەتییە.

2ـ زمـان کـۆی هـەموو ئـەو جیاوازییانـە دەگرێتـەوە، کـە لـەنێوان دیالێکتـەکانی زمانەکەدا هەن، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانـە دروسـت دەبێت، کـە لەناو زماندا هەیە، بۆیە جیاوازییەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕێککەوتنەدا هەیە.

3ـ زمان پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، بەڵام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، واتە ئەگەر دوو زار لەیەکتر گەیشتن، ئەوا ئـەو دوو زارە، زمانێـك پێکدەهێنن، بەڵام ئەگەر زارەکـان لەیـەکتر نەگەیـشتن، ئـەوا هەریـەك لەمانـە بـەرەو ئاراستەیەکی زمانی سەربەخۆ دەڕۆن.

4ـ بەشێوەیەکی گشتی زمـان بـۆ ئـەم جۆرانـە دابـەش دەکرێـت: (زمـانی نووسـراو، زمانی بینراو، زمانی جەستە، زمـانی ڕەنـگ، زمـانی ڕووخـسار، زمـانی دەق، زمـانی شـیعری، زمـانی ئاخـاوتن، زمـانی ئامێـدی،...هتـد)، بـەڵام دیالێکـت ئـەم جـۆرە دابەشـکردنانەی نییـە، بـەڵکو دیالێکـت ئەمجۆرانـە دەگرێتـەوە: ((دیـالێکتی پـەتی، دیـالێکتی سـتاندارد، دیـالێکتی ناوچـەیی، دیـالێکتی فـەرمی، دیـالێکتی ڕەمـەکی، دیالێکتی کۆمەڵایەتی...هتد).

5ـ زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام دیالێکـت بـەپێی ڕەگـەز و جوگرافیا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێ. دەبـێ لێـرەدا ئامـاژە بـۆ ئەوەش بکەین، کە هەندێ جار باس لە زمانی ئافرەت و زمـانی پیـاو دەکـرێ، بـەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا پەیوەستە بە شێوازی کردەی ئاخاوتنەوە، واتە دەچێتە حاڵەتی دیالێکتەوە، نەوەك زمان.





## دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

دابەشـکردنی دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی لای شـارەزا و پـسپۆڕانی کـورد لـە کۆنەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات بـە چـەند شـێواز و جـۆری جیاجیـاوە دابەشـدەکرێت، بۆیە لێرەدا هەندێ لەو دابەشکردنانە دەخەینەڕوو:

- شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرەفنامە)دا، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

1ـ کرمانج
2ـ لوڕ
3ـ کەلهوڕ
4ـ گۆران

- محەمەد مەردۆخی لە کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

1ـ کرمانج
2ـ گۆران
3ـ لوڕ
4ـ کەلهوڕ

- محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصة تـاريخ الكـرد و كردسـتان مـن اقـدم العـصور التاريخيـة حتـى الان)دا، دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی بەمـشێوەیە دابەشکردووە:

1ـ کرمانجی ڕۆژهەڵات
2ـ کرمانجی ڕۆژئاوا
3ـ کرمانجی باشووری ڕۆژئاوا

• شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی (خاڵ)دا، بەم شێوەیەی خوارەوە دیالێکتەکانی زمانی دابەشکردووە:

1ـ زازا

2ــ کرمـانجی دەسـتە چـەپ (شمـالیی): (بۆتـانی، بادینـانی، هـەکاری، بایەزیـدی، شەمدینانی).

3ـ کرمـانجی دەسـتە ڕاسـت: (سـۆرانی، بابـانی، موکریـانی، ئـەردەلانی، کـەلهوڕی، گۆران).

4ـ لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی).

• تۆفیـق وەهبـی لـە کتێبـی (ئەشـکەوتەکەی گۆنـدۆك) و گۆڤـاری (پـەیام)دا، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

1ـ کرمانجی

أ ـ کرمانجی شیمالی: (بایەزیدی، بۆتانی، ئاشیتایی، هەکاری، بادینانی).

ب ـ کرمانجی جنوبی: (موکری، سۆرانی، سولەیمانی، سنەیی).

2ـ لووڕی: (بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسەنی).

3ـ گۆران: (باجەلانی، کاکەیی، زەنگەنە، هەورامی).

4ـ زازا.

• د. فوئاد حەمە خورشـید لـە کتێبـی (زمـانی کـوردی ـ دابەشـبوونی جوگرافیـای دیالێکتەکانی) بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

1ـ کرمانجی باکوور: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی ، دیـالێکتی ڕۆژئاوا).

2ـ کرمانجی ناوەڕاست: (موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی).

3ـ کرمانجی باشوور (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ).





4ـ (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا).

• زوبێر بیلال لە کتێبی (مێژووی زمانی کوردی)دا، بەمشێوەیە دیالێکتـەکانی زمـانی کوردی دابەشکردووە:

1ـ کۆمەڵی ژووروو (کرمانجی)

2ـ کۆمەڵی خواروو (سۆرانی)

• جەمال نەبەز لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)دا، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

أ ـ دوو شێوە بنچینەییەکە:

1ــ کرمـانجی ژووروو: (بۆتـانی، جزیرەیـی، هـەکاری، بادینـانی ، ئاشـیتەیی، بایەزیدی).

2ــ کرمـانجی نێوەڕاسـت: (سـلێمانی، سـنەیی، ئـەردەلانی، گـەرمیانی، هـەولێر، کەرکووکی، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پشدەری).

ب ـ دوو شێوە لاتەنیشتەکە:

1ـ کرمانجی خـواروو: (ژێـروو): (فـەیلی، کرماشـانی، لـەکی، کەلهوڕی، خانـەقینی، لوڕی).

2ـ کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ـ زازایی (گۆران، زازایی، هەورامانی).

• د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبەکانی (زمـانی ئـەدەبی یـەکگرتووی کـوردی) و (بۆ زمان)دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

1ـ لووڕ

2ـ کرمانجی ژوور: (بۆتانی، هەکاری، بادینانی ، بایەزیدی، ئاشنایی).

3ـ گۆران: (هەورامی).

4ـ کرمانجی خواروو: (سۆرانی، سلێمانی، موکری، گەرمیانی).

• تاهیر سادق لە کتێبی (ڕێنووس ـ چۆنییەتی نووسینی کوردی)دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

1ـ زازا

2ـ لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی، ڕۆژبەیانی).

3ـ کرمانجی

أ ـ کرمانجی سەروو: (بۆتانی، بادینانی ، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).

ب ـ کرمانجی خواروو: (سۆرانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆران).

• د. کەمال فوئاد لە وتاری (زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان)دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

1ـ کرمانجی سەروو

2ـ کرمانجی خواروو

3ـ کوردی باشوور

4ـ گۆران و زازا

• محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا)، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

1ـ شێوەی کرمانجی سەروو یا ژووروو (بۆتانی، هەکاری، دیاربەکری، بادینانی ، ماردین،... هتد).

2ـ شێوەی کرمانجی ناوەڕاست: (سۆرانی، موکریانی، سلێمانی، کەرکووکی).

3ـ شێوەی کرمانجی خواروو: (هەورامان، لوڕی، باجەلانی، زازای).





# سنوور و نەخشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

**یەکەم :دیالێکتی کرمانجی سەروو ( باکوور )**

ئەم دیالێکتە لە هەموو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی فراوانترەو زۆرترە، چونکە کوردەکانی کوردستانی تورکیا (پارێزگاکانی بایەزیدی، وان، جۆلە مێرگ، سیعرت، مووش، ماردین، دیاربەکر، خەرپوت، ئەدیابان، غازیان تەپە، بەشەکانی خۆرهەڵاتی پارێزگای مەرعەش و سیواس و بەشەکانی باشووری پارێزگای ئەرزەرۆم و قارس) ، هەموو بەم دیالێکتە دەدوێن، هەروەها کوردەکانی باشووری خۆرئاوای ئەرمەنستان، ڕووسیا و باکووری سوریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆك و قەزاکانی زێبار و ئامێدی و شێخان و سنجار و ئاکرێ لە کوردستانی عێراق بەم دیالێکتە دەدوێن.

ئەم دیالێکتە لقە دیالێکتەکانی بەمشێوەیەی خوارەوەن:

1ـ بایەزیدی: دەکەونە باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی زەریاچەی وان.

2ـ هەکاری: دەکەونە باشوور و باشووری خۆرئاوای زەریاچەی وان.

3ـ بۆتانی: دەکەونە دەوروبەری دۆڵی بۆتان و شاری سیعرت و ئەرتوش و جزیرەو دیاربەکر (ئامەد).

4ـ شەمدینانی: گۆشەکەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرهەڵاتی زێی ژووروو و ناوچەکانی نزیك بەم زێیەیە لە ئێران.

5ـ بادینانی: پارێزگای دهۆك و قەزاکانی ئامێدی و زێبار و سنجار و شێخان و ئاکرێ دەگرێتەخۆ.

6ـ بەشە دیالێکتی خۆرئاوا: خەرپووت و ئۆرفەو عفرین و مەرعەش دەگرێتەوە.

**دووەم : دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست**

ئەم دیالێکتە پێنج شێوەزاری ناوچەیی دەگرێتەخۆ:

1ـ موکری: مەڵبەندەکانی شنۆ، نەغەدە، مەراغە، میاندواو، شاهێن دژ، سەقز، بۆکان، بانە و سەردەشت دەگرێتەوە.

2ـ سۆرانی: قەزای ڕێباری لێ دەرچێ، هەموو پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، شاری هەولێر ناوجەرگەی ئەم شێوەزارەیە.

3ـ ئەردەلانی: مەڵبەندەکانی سنە، بیجار، کەنگەوەر، ڕەوانسەر، باکووری ناوچەکانی جوانڕۆ لە کوردستانی ئێران، لە کوردستانی عێراقیش قەزای قەڵادزێ(پشدەر) دەگرێتەوە. شاری سنە ناوجەرگەی ئەم شێوەزارەیە.

4ـ سلێمانی: شاری سلێمانی ناوجەرگەیەتی، هەموو پارێزگاکە جگە لە قەزای قەڵادزێ (پشدەر) نەبێت دەگرێتەوە، هەروەها هەندێ ناوچەی قەزای خانەقینیش دەگرێتەوە.

5ـ گەرمیان: ئەم شێوەزارە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سلێمانی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەزارێك دادەنرێت، بەهۆیەوە هەموو ناوچەکانی کفری و قەرەتەپەو کەرکوك و دووزخورماتوو و شوان لە کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

**سێیەم: دیالێکتی کرمانجی باشوور ( خواروو )**

ئەم دیالێکتە چەند شێوەزارێك دەگرێتەوە:

1ـ لەکی: ئەم شێوەزارە ، کوردەکانی (پێش کۆ)ی لوڕستانی پێ دەدوێن، تیرەکانیشی بریتین لە (خواجەوەند ، عەبدولمالیکی، ناداوەند، شۆجا، کاتاوەند، دەلفان، سەلسەلە، پیران وەند).

2ـ بەختیاری: بەختیاری دوو بەشن، (هەفت لنگ) ، واتا (حەوت هۆز)، کە لە ناوچەکانی ئاوەلێژی ڕووباری گارۆندا دەژین.(چوارلنگ)، واتا (چوار هۆز)، لە ناوچەی نێوان ڕووباری گارۆن و ڕووباری زالکیدا نیشتەجێن.





3ـ مامەسەنی: ناوی ئەم شێوەزارە لە (محەمەد حەسەن)ی باپیرە گەورە مامەسەنینانەوە وەرگیراوە، کە بریتین لە (بەکشی، جاوی، ڕوستەمی (خان عەلی خان، ئیمام قولی خان) دەگرێتەوە.

4ـ کۆهگلۆ: ئەم لقە لە باشووری ناوچەکانی بەختیارییەوە و لە دەوروبەری کێوی دنیاو چاوگەکانی ڕووباری چەراهی یەوە دەست پێ دەکات تا رامهورموز و بەهبەهان و کزەیرون، دوو کۆمەڵەن:

أ ـ کۆمەڵەی پشتی کۆ

ب ـ کۆمەڵەی ژێرکۆ

**4ـ دیالێکتی گۆران**

ئەم دیالێکتە لە باکووری ڕێگەی نێوان قەسری شیرین ـ کرمانشاه دەست پێ دەکات، بەرەو شاخەکانی هەورامان، هەروەها لەسەرچاوەکانی سیراوەنەوە بەرەو خۆرهەڵات دانیپۆشیوە تا کرماشان. ئەم دیالێکتە پێك دێت لە:

1– گۆرانی ڕەسەن: کە دانیشتوانی ناوچەکانی (کرند، زەهاو، جوانڕۆ) لە کوردستانی ئێران قسەی پێ دەکەن ، هەروەها لە کوردستانی عێراق، هەندێ کاکەیی داقوق و تیرەی زەنگەنەی نزیك کفری و قادرکەرەم و سیامەنسوری سەر بە ناوچەی لەیلان قسەی پێ دەکەن.

2ـ هەورامان: دانیشتوانەکانی شاخەکانی هەورامان و پاوە و پڵنگان دەگرێتەوە، هەورامیش دوو بەشن، بەشی لهۆنیان لە خۆرئاوای ڕیزە شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی عێراق، بەشی دووەمیان، هەورامانی (تەخت) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی ئێران.

3ـ باجەلانی: ئەم شێوەزارە پەرش و بڵاون، هەندێکیان لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری مووسڵ نیشتەجێن، کە پێیان دەوترێ (شەبەك)، بەشێکیشیان لە زەهاو و لە باکووری لوڕستان و نزیك خانەقین و قۆرەتوو هۆرین و شێخان.

4ـ زازا: ئەم لقە دیالێکتە ناوچەکەی دەکەوێتە کوردستانی باکوور، کە کەوتۆتە ناوچەی نێوان ئەرزەرۆم ـ موش ـ خەرپووت و ئەرزنجان دەگرێتەوە، کەواتە ئەمانە دەکەونە ناوچەی دەرسیمەوە.

## زمانی ستاندەر

پێش ئەوەی باسی زمانی ستاندەر بکەین، وا چاکە چەند زاراوەیەك لەیەکتر جیا بکەینەوە ، کە زۆرجار تێکەڵی یەکتر دەکرێن، زمانی یەکگرتوو، زمانی نەتەوە، زمانی نیشتمانیی، زمانی فەرمی، زمانی ستاندەر. ئەوانە زۆرجار بە هاوواتای یەکتر دادەنرێت، بەڵام ئەمە هەموو کاتێ لە هەموو شوێنێ ڕاست نییە.

چەمکی زمانی یەکگرتوو لەناو کورددا لەڕێگەی زمانی ئەدەبەوە لەناو کورددا بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی لە (خوێندن) و (کارکردن) لەسەر ئەدەبی قوتابخانەی بابان (نالی، سالم، کوردی)، ئەو جۆرە زمانە (زمانی ئەدەب پێنووسین) هێندە گرنگی پێدرا، بەجۆرێ شاعیرانی دەڤەری تری کوردستانیش بەو زمانە ، شیعریان نووسیوە.

لەلایەکی تر، زمانی یەکگرتوو، زمانی نەتەوە، زمانی دایکیش دەگەیەنێ، زمانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە، بەو زمانە (کورد) لە (فارس) جیا دەکرێتەوە.

چەمکی زمانی نەتەوە لەگەڵ ڕێنسیانسی ئەوروپی لە ئەوروپا بڵاوبۆوە، بەڵام لەناو کورددا ئەو زمانە بەر لە ڕێنیسانسی ئەوروپی لەلای شاعیرێکی وەك (ئەحمەدی خانی) نەك هەر ئەدەبی پێ نووسرا، بەڵکو وەك چەمکێکی نەتەوەیی کاری لەسەر کراوە.

ئەحمەدی خانی بە زمانی نەتەوەکەی داستانێکی نەتەوەیی نووسیوە، بۆ ئەوەی میرانی کورد و تاکەکانی نەتەوەکەی لە هەرەشەی گەلانی هاوسێی کورد وشیار بکاتەوە. زمانی کوردی لە لای ئەحمەدی خانی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی کوردە،





ئەو ڕەوتە (داکۆکیکردن لەسەر زمانی نەتەوە) لەلای (حاجی قادری کۆیی) زیاتر پەرەی پێدرا ، بەجۆرێ ئەو زمانە بە شەرەفی کۆمەڵایەتی سیاسی نەتەوەش داندرا. زمانی نیشتمانیی لە کۆمەڵگای تاکزمانی و تاك نەتەوە، واتایەکی هەیە ، زۆر جودایە لەو واتایەی لە وڵاتێکی فرەنەتەوە هەیەتی.

زمانی نیشتمانی، زمانی نەتەوە و فەرمی ئینگلیز و فەرەنسی و ئەڵمانییە لە وڵاتی خۆیاندا، چونکە لەو وڵاتانەدا ئەو سێ زمانە (زمانی نەتەوە، زمانی نیشتمانیی و زمانی فەرمی وڵات) هاوواتای یەکترن، بەڵام ئەو وڵاتانەی فرە زمان و فرە نەتەوەن ، وەك (بەلجیکا و سویسرا) لە ئەوروپا ، (سەنگافورەو چین) لە ئاسیا، (گانە) لە ئەفریقیا ،ئەو دووە هاوواتای یەکتر نین، لە وڵاتانی وەك عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا (کە سەبارەت بە کورد وڵاتی داگیرکارن) ، زمانی نەتەوەی باڵادەست لەو وڵاتانە بە زمانی فەرمی، نیشتمانیی هەتا ستاندەر دادەنرێن.

زمانی فەرمی ئەو زمانەیە لە بواری دادگا، دامودەزگای دەوڵەت، هەروەها ڕاگەیاندن بەکاردێت.

وڵات هەیە تەنها یەك زمانی فەرمی هەیە، وڵاتی تریش هەیە کە چەند نەتەوەیەکی جیاوازی تێدا دەژی ، ئەوە زیاتر لە زمانێکی فەرمی هەیە، وڵاتێکی وەك هیندستانیش بەبێ هەبوونی نەتەوەیەکی وەك ئینگلیز لە وڵاتەکەیاندا ، زمانی ئینگلیزی هاوشانی زمانی هیندی ، زمانێکی فەرمییە ! ! شیانی زمانی ئینگلیزی لەبواری تەکنەلۆژیای سەردەم و هەژموونی سیاسی ، هەروەها ڕەوشی سیاسی و ئەتنیکی و مەزهەبی هیندستان وایکرد زمانی ئینگلیزیش ببێتە زمانێکی فەرمی ، ئەگەرنا نەدەبوو هیندییەکان ئەمە قەبوڵ بکەن، چونکە ئینگلیز ماوەیەکی زۆر داگیرکاری هیند بووە.

زمانی ستاندەر، زمانی خوێندنە، زمانی دایك نییە، زمانی ئاخاوتن نییە، زمانی نووسینە، ئەو نەتەوەیەی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەڕەشە دابێ ، تەنیا بە زمانی

ستاندەر دەتوانێ بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات، زمانی پەروەردە و فێرکردن زمانی بونیادنانەوەی نەتەوەیە، وڵاتێکی وەك (ژاپۆن) و (ئەلمانیا) لەجەنگی جیهانی دووەمدا، بەهۆی سیاسەتی پڕ هەڵە و شەرمەزاری سەرکردەکانیان، خەریك بوو لەناو بچن، بەڵام بە زمانی خوێندن، توانیان جارێکی تر ببنەوە دوو وڵاتی زلهێزی ئابووری بەهێز و خاوەن تەکنەلۆژیای سەردەم.

عەرەبەکانی جەزائیرو تونس و مەغریب ، بوودجەی گەورەیان داناوە لەپێناو لاوازکردنی هەژموونی زمانی فەرەنسی لە وڵاتدا ، هەروەها گەڕانەوەی هەیبەتی زمانی عەرەبی لەخوێندندا.

بۆ کوردیش، زمانی ستاندەر، ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی تاکەکانییەتی!

## زمانی ستاندەر چۆن دروست دەبێت

دەکرێت چەمکی "زمانی ستاندەر" لە بەرانبەر زمانێکی دی ستاندەر، یان ناستاندەر بەکاربێت ، ئەم دیاردەیە زیاتر لەنێوان دوو زمان، دوو نەتەوە یان دوو کەلتوور بەکاربێت، بەڵام هیچ زمانێك لەسەر ئاستی نەتەوە زمانی ستاندەر نییە ! زمانی نەتەوە هەموو ستاندەر نییە، بەڵکو ئەوە زارێکە یان بنزارێکە دەبێتە ستاندەر و زمانی نەتەوە لەبەرانبەر نەتەوەیەکی تر دەنوێنێ ، بەواتای زمانی عەرەبی ستاندەرە بەرانبەر زمانی فارسی نەك هەردوو لەسەر ئاستی نەتەوە ستاندەرین!

ستاندەربوونی زارێکی زمانێك بەدوو ڕێگە ڕوودەدات: ڕێگەی کلاسیکی، ڕێگەی پلانی زمان.

*** ڕێگەی کلاسیکی**

ئەم ڕێگەیە بەچەند شێوازێك ڕوودەدات:

یەکەم: زمانی کتێبێکی ئاسمانیی ، وەك قورئانی پیرۆز

دووەم: هەژموونی سیاسی زارێك





سێیەم: دەسەڵاتی سیاسی وڵات

چوارەم: ئەکادیمیای زمان یان ئەکادیمیای زانستی زمان

پێنجەم: دەستەی ڕۆشنبیرانی وڵات

لەم هەموو شێوازانەدا جۆرێك لە (سەپاندن) هەیە ، جا ئەو سەپاندنە مەعنەوی و خۆهێشتی بێت یان سەپاندنی زۆرەملێی، هەرچەندە ئەوەی یەکەم سروشتی ترە، بەڵام ئەوەی دووەم بەربڵاوترە، نموونەی سەپاندنی زمان و ئەلفبێی لاتینی لە ئەورووپا نەك هەر بەسەر نەتەوەیەك ، بەڵکو چەند نەتەوەیەکی جودا مێژوویێکی دوور و درێژی لە ئەورووپا هەیە، هەروەها زۆربەی وڵاتە تۆتالیتارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا پەیڕەوی لاتینییەکانیان کرد، دیارترین نموونەی ئەزموونی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی عەرەبی و تورکیاو ئێرانن.

*** ڕێگەی پلانی زمان**

پلانی زمان یاخود ئەندازەی زمان ، هەوڵێکی ورد و سیستیماتیکی و لەسەر تیۆر دامەزراوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵگایەکی (فرەزمانی) یاخود (تاکزمانی). ئەو سیاسەتەی زمان هەوڵ دەدات لەناو هەموو دیالێکتەکانی زمانێك (کۆمەڵگای تاکزمانی) یان زمانەکانی کۆمەڵگایەکی فرەزمان ، زارێك بۆ تاکەکانی نەتەوەیەك بکاتە زمانی ستاندەر یان زمانی فەرمی وڵات. لەناو کۆمەڵگای فرەنەتەوەش زمانێك هەڵدەبژێرێ کە ببێتە زمانی فەرمی وڵات.

پلانی زمانیش بۆ پرۆسەی بە ستاندەربوونی زارێك لە کۆمەڵگای کوردی تاکزماندا ، بەو چەند قۆناغانەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: هەڵبژاردنی زارێك یان بنزارێك

دووەم: بەسیستەمکردن

سێیەم: بەهەمەلایەنکردن

چوارەم: جێبەجێکردن

پێنجەم: قەبوڵکردنی جەماوەریی

**یەکەم: هەڵبژاردنی زارێك یان بنزارێك**

پایەی زارێك، چ لەلایەنی کۆمەڵایەتی، هەژموونی ئایینی یـاخود سیاسـی، زۆر گرنگـە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیـارکردنی زارێـك لـەنێو زارەکـانی زمانێـك ، بێگومـان ئـەم هەڵبژاردنە ڕەمەکی نابێ ، بەڵکو دەبێت کەسانی زمانەوان و پسپۆڕ لەبواری زمانەوە ئەنجامی بدەن.

هەرچەندە ئەم پرۆسەیە زمانەوانییە، بەڵام زۆرجـار دەسـەڵاتی سیاسـی ڕۆڵـی خـۆی دەبینێ لەسەپاندنی زارێك بەسەر زارەکانی تردا، ئەوەتە لـە ئیـسرائیل، هەرچـەندە زمانی عیبری زمانی زۆربـەی خـەڵکی ئیـسرائیل نییـە، بـەڵام دەسـەڵات و حکومـەتی ئایینی ئیسرائیلی کردوویەتی بە زمـانی فـەرمی حکومـەت و خوێنـدن، لـە فلیپینـیش لەسـەر دیـارکردنی زمـانی فـەرمی حکومـەت چـەندەها شـەڕی زمـانی نیـشتمانیی بەرپابوو، بۆیە گرنگە لە هەڵبژاردنی هەر زارێك لەزارەکانی زمانی کوردیدا ، ئەوپـەڕی لۆژیـك بـەکاربێت، چـونکە ماوەیەکـە "شـۆڤینیزمی زار" بەرچـاوی بەشـێك لـە زمانەوانانیشی لێڵ کردووە !

خاڵێکی تری گـرنگ لێـرە ئەوەیـە، دەبـێ تـەنها (زارێـك) و تـەنها (ئەلفبێیـەك) هەڵبـژێردرێ، چـونکە جگـە لەمـە ئـەو بەشـەی کوردسـتانیش جـارێکی تـر تووشـی دابەشـکردن و داگیرکـردن و زیندووکردنـەوەی کـەلتووری مـیرو مێنتـالیتی خێـل و عەشیرەت دەبێتەوە.

**دووەم: بەسیستەمکردن**

لێرە یەکخستنی ڕێزمـان و فەرهـەنگی نەتـەوە و ڕێنـووس هۆکـاری گـرنگن بـۆ دامەزراندنی زاری ستاندەر ، بێگومان ڕێزمان و فەرهەنگ و ڕێنووسـێکی یـەکگرتوو ، کۆکردنەوەیـەکی ڕۆحـی قوتـابی و خوێنـەواری کـوردی لێدەکەوێتـەوە، بەمـەش





تاکەکانی نەتەوە هەست بە یەکێتیەکی نەتەوەیی بـەهێز دەکـەن، دروسـتبوونی ئـەو یەکێتیەش ناوەندێکی ستراتیژی دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی زمان.

**سێیەم: هەمەلایەنی زاری ستاندەر**

زاری هەڵبـژێردراو بـۆ ئـەوەی ببێتـە زاری سـتاندەرو فـەرمیی وڵات ، دەبێـت لەهەموو لایەکەوە توێژینـەوەی لەسـەر بکرێـت و پـەرەی پێبـدرێت، هـەبوونی چـەند دەقێکی ئەدەبیش بەو زارە ستاندەرە، کە کاریگـەری ناوچـەیی لەسـەرەوە نـەبێت، هۆکارێکی ترە بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسـەی بەسـتاندەربوونەوە. زمـانی ئـەم دەقـە دەبێ ئەدگاری زمانی باڵای هـەبێ، لـە زمـانی ئاخـاوتن و زمـانی ڕۆژانـەی ناوچـەیەك دوور بێت !

**چوارەم: جێبەجێکردن**

پـاش ئـەوەی زارێـك لـەزارەکان هەڵبـژێردراو بنـەماکانی بەسـتاندەرکردنی بـۆ داڕێژراو لەهەموو لایەکەوە بەرەو زمانێکی باڵا بردرا، کە نوێنەری هەموو نەتەوە بێت نـەك ناوچـەیەك، ڕۆڵـی حکومـەت دەسـت پێـدەکات لەجێبـەجێکردنی ئـەم پـرۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییە، دەبێت حکومەت لە دامودەزگای خۆی بەتایبەتی هـەر سـێ وەزارەتی پـەروەردە و خوێنـدنی بـاڵاو ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن خـەڵك هانبـدات ئـەو شـێوە زمانـە بـەکاربێنن و بـە زمـانی خۆیـان بـزانن. حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان "بـەهێمنی ! " دوور لـە ڕاگەیانـدن کـار لەسـەر بـە فـەرمی ناسـاندنی زاری کرمـانجی ناوەڕاسـت دەکـات، بـەڵام ئەفـسوس وەزارەتـی پـەروەردە خەریکـە "بـە ئاشـکرا" زمانەکە لە خوێندن "کـەرت" دەکـات، بـەبێ ئـەوەی گـوێ بداتـە ئـەوەی بـەو کـارە نەتەوەیەکی بەش بەش بوو لەڕووی سیاسەت، جوگرافی و ئایدیۆلۆژیاوە جارێکی تـر لەڕووی زمانەوەش، ئەوەی داگیرکار پێی نـەکرا، ئـەو وەك "کـارێکی پـەروەردەیی" بەش بەش تری دەکات !

## پێنجەم: پەسەندکردنی جەماوەریی

لە دەستووری هەرێم، بەندێك هەیە بۆ ڕاپرسی لەسەر شتە چارەنووسسازەکانی نەتەوە، دیارکردنی زمانی خوێندنیش نەك هەر پرسێکی چارەنووسسازە، بەڵکو پرسی پاراستنی نەتەوەو زمانی نەتەوەیە ! لەم ڕوانگەوە دەبێت پەرلەمانی کوردستان پرسی هەڵبژاردنی زاری ستاندەری کوردی بداتە دەست خەڵکی خۆی، جا ئەگەر زۆربەی خەڵك پەسەندی ئەو زارەی کرد ، وەك زارێکی ستاندەر بۆ خوێندن ،هەروەها هەستێکی نەتەوەییان لەلا دروست بوو بەوەی ئەو زارە هەر زاری خوێندن نییە، بەڵکو زمانی نیشتمانیشە ، پرۆسەکە تەواو دەبێ و کورد لە قەیرانی نەبوونی زمانی ستاندەر ڕزگاری دەبێت.





# بەشی سێیەم :ئەلفوبێ

## ئەلفبێ

ئەلفبێ چەند پێناسەك لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەلفبێ سیستەمی نووسینی زمانە، دەکرێ بڵێین: ئەلفبێ کۆمەڵێك پیتی ستاندەر یاخود کۆمەڵێك هێمای (نووسراوی) سەرەکین ، هەریەکەیان (نزیکەی) فۆنیمێك (نەك دەنگێك) لەزمانی ئاخاوتنی گەلێك دەنوێنێ.

لەم پێناسەیەدا، چەند چەمکێك هەن پێویستە ڕوون بکرێنەوە. پیتی ستاندەر ئەو پیتانەن کە لەزمانێکدا دانیان پێدانراوەو نووسینیان پێ دەکرێت و هەموو خوێندەوارێکی زمانەکە دەیانناسێتەوە. ئەلفبێ بە ژمارەیەك لەو پیتانە دروست نابێت، بەڵکو دەبێ کۆمەڵێکی تەواوبن بەقەد ژمارەی فۆنیمەکانی زمانەکە بن یان کەمتر بن، چونکە ئەلفبێ سیستەم و ڕێبازی نووسینی زمانەکەیە. دەبێ فۆنیم و دەنگ لەیەك جودا بکرێتەوە. هەموو فۆنیمێك واتایەکی هەیە و دەکرێ پیتێکی بۆ دابنرێ، بەڵام هەموو دەنگەکان ناچنە ناو بواری فۆنۆلۆژی زمان ـ سیستەمی ڕیزبوونی فۆنیمەکان. ژمارەی (فۆنیم) و (پیتەکان) لە زۆربەی زمانەکاندا بەرانبەر یەك نین، بۆ نموونە ئینگلیزی تەنها (26) پیتی هەیە بەڵام (44) فۆنیمی هەیە. کەچی لەنێوان (پیتەکان) و (فۆنیمەکان) ڕێسایە !

ئەلفبێی تر هەیە کار لەسەر دەنگ ناکات و بەشێوازێکی تر لەسەر پەیوەندی نێوان (پیت و (فۆنیم) دانەمەزراون. لەبریتی ئەوەی پیتێك فۆنیمێك بنوێنێ ، ئەوە مۆرفیمێك ،وشەیەك برگەیەك دەنوێنێ.

لەسیستەمی لۆگۆگرافیدا هەر هێمایەك (وشەیەك)، (مۆرفیمێك) یان (یەکەیەکی واتایی) دەنوێنێ، جۆرێکی تری سیستەمی نووسین هەیە ، بە سیستەمی برگەکاری ناسراوە ، کە هەر هێمایەك برگەیەك دەنوێنێ.

## دابەشبوونی زمانەکان بە گوێرەی سیستەمی نووسین

بێگومـان هـەموو جۆرەکـانی ئـەلفبێ (ئـەلفابێتیکی و لۆگـۆگرافی و بڕگـەکاری) سیستەمی نووسینی زمانن. بیرۆکەی ئەلفابێتیکی (پەیوەنـدی نێـوان پیـت و فـۆنیم) لەچـاو مێـژووی سیـستەمی نووسـینەوە نوێیـە. لەکۆنـدا سیـستەمی نووسـین زیـاتر (وێنــەیی) و (بیرۆکــەیی) بــووە ، هــەر بۆیــە مێــژووی نووســینی لۆگــۆگرافی لــە ئەلفابێتیکی کۆنترە.

ئەو خەتانەی لەناو کۆمەڵگای کوردی بەر لە هاتنی ئیسلام هەبوون ، هەموو زیاتر لۆگـۆگرافی بـوون نـەك ئـەلفابێتیکی ، چـونکە ئـەوە (هێمـا) بـوو ، نـەك (پیـت) کـە (وشەیەکی) نەك (دەنگێکی) دەگەیاند. هەر لەو ڕوانگەوە، دەکرێ بڵـێین سیـستەمی نووسـین لـەزمانی کـوردی چ بەشـێوەی (کـوردی) بێـت یـان (لاتینـی) سیـستەمێکی ئەلفبێیە ،هەروەها عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتالی.

زمـانی چـینی لەسـەردەمی ئێـستادا، یـەکێ لـەو زمانانەیـە کـە بـە سیـستەمی لۆگۆگرافی دەنووسـرێت ، هەرچـی زمـانی ژاپۆنییـە ئـەوە بـە سیـستەمی بڕگـەکاری دەنووسرێت.

## بنەچەی وشەی ئەلفبێ

لەبەرئـەوەی ئێمـە کـار لەسـەر ئـەلفبێی کـوردی دەکـەین، بۆیـە بـەگرنگی دەزانـین لەبنەچەی وشەی ئەلفبێ بکۆڵینەوە.

لەزمانی ئینگلیزی بە وشەی ئەلفبێ دەڵێین alphabet ئەو وشەی alphabet زۆر شرۆڤەی بۆ کراوە، لەوانە: هەندێك دەڵێن ئەو وشەیە، وشەیەکی عیبرییە و لە یەکـەم دوو پیتی ئەلفبێی عیبری Aleph و Bet دروست بووە. ئـەم بـە (ئاسـیا )کردنـەی چەمکی ئەلفبێ چەند ڕەگێکی هەیە.هەردوو سیستەمێکی هێرۆگلیفـی و مێخـەکی لـە ئاسیا دەرکەوتوون و لێرەوە بەرەو ڕۆژئاوا چوون، هـەروەها هـەردەم جولەکـە حـەز دەکەن لەڕێگـەی تەوراتـەوە ڕەگـەزی خۆیـان پەسـەندتر لەخـەڵکان و نەتـەوەی تـر





پیشان بدەن ، ئەوان هەتا بانگەشەی ئەوە دەکەن  کە خودا بەزمانی عیـبری قـسەی لەگەڵ ئادەم کردووە.ڕای تریش کە وشەی ئەلفبێ هـەردەم بـۆ بنەچـەی (یۆنـانی) و (لاتینی) دەگێڕێتەوە.

وشەی (alphabet)ی ئینگلیزی لە وشەی "alphabetum"ی لاتینی هاتۆتە نـاو زمـــانی ئینگلیـــزی و فەرەنـــسی. وەختـــی خـــۆی ڕۆمانـــەکانیش لـــە وشـــەی "Alphabetos" یۆنانی کۆن دایانتاشیوە، هەروەها یۆنانییەکانیش لەدوو وشـەی alpha ـ گاو Bet ـ ماڵ ـ فینیقیەوە وەریـانگرتووە. ئـەو ڕایـەش مـەرج نییـە هـەر لەسـەر بنـەماو شەنگـستی زمانـەوانی دامـەزرابێت ، لەوانەیـە پەیوەسـت بێـت بـەو شـکۆیەی کـە فینیقیـەکان لەمێـژوودا لـەبارەی سیـستەمی نووسـینەوە هـەیانبووە، بەجۆرێ نەك هەر ئەلفبێی ئینگلیزی، بەڵکو هەردوو ئەلفبێی لاتینـی و یۆنـانیش هـەر لە ئەلفبێی فینیقییەوە پەیدابوون.

## ئەلفبێی کوردی پێش ئیسلام

ڕووخانی دەوڵەتی میدیا بەدەست هەخامەنیـشینەکان سـەرەتای نـسکۆو پاشـا گـەردانی دەسـەڵاتی سیاسـی و حـوکمڕانی و شارسـتانییەتی کـورد بـوو، هـەروەها دەسپێکی ڕێنیسانسی فارسی بوو.

دەوڵـەتی میـدیا لەسـەردەمی زێڕینـی ئەسـخارس (کـەی ئەخـسار) سـەرەتای دەرکەوتنی سیستەمی دیمـوکراتی بـوو لەڕۆژهەڵاتـدا. لەسـەردەمی (کـەی ئەخـسار) نەك هەر میدیا لە داگیرکارانی وەك (مانی و ئۆرارتی، ئەسکیتی) پاك کرایەوە، بـەڵکو بەیەکجاری هەڕەشەی ئاشورییەکانیش بووە بەشێك لە ڕابردوو.

مادەکان نەك زمانی نەتەوەیی خۆیـان هـەبوو، بـەڵکو خـاوەن ئـەلفبێی خۆشـیان بوون. زۆرێـك لەسەرچـاوەکان جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە (ئاڤێـستا) وەك کتێبێکی ئاسمانیی بە خەتی (مێخی) بۆ (زەردەشت) دابەزیوە، بۆیە هەر زەردەشت لەو دەقە ئاسمانییە گەیشتووە، لەپاشان هەر لەڕێگەی زەردەشتەوە خەتی (مێخی)

لەناو كورددا بڵاوبۆتەوە. ئەو ڕاڤەیەی زەردەشت بۆ دەقی ئاوێستای كردووە زمانەكەو خەتەكەی بە زمان و خەتی ئاوێستا ناوی دەركردووە. ئەو خەتەی ئاوێستا لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێ و (چل و چوار) پیت لەخۆ دەگرێ. سیمای كوردانەی ئەو خەتە ئەوەیە بەپێچەوانەی فارسییەوە سەر و ژێر و بۆری بە (پیت) دەنووسرێ ، نەك بە (هێما)!

كاتێ كۆرشی (522 ـ 549 پ. ز) لەدایكڕا كورد! (ئەستیاگی میدی) (589 ـ 549 پ. ز) لە ساڵی (549 پ. ز) لەناودەبات ، هەرچی شوێنەواری میدی هەیە، جگە لە زمانی ئایینی ـ زمانی ئاڤێستا ـ لە میدیا ناهێڵێ، بەجۆرێ كاتێ ساڵی 450 پ. ز (هیرۆدۆتسی) مێژوونووس دەچێتە ئێران لەبارەی مادەكانەوە دەنووسێ: "كە من چوومە ئێران، ناوبانگ و شوێنەواری مادەكان لەناو خەڵكا زۆر كەم بوو بووەوە و خەڵك ڕووداوەكانی پێشوویان لەبیر نەمابوو". ئەمە تەنها لەپەنجا ساڵێكدا ڕوویداوە!

ئەمەو فارسەكان بە گۆتەی مێژوونووسان نەك هەر خەتی مێخیان لە مادەكانەوە وەرگرتووە، بەڵكو شیمانەی ئەوەش دەكرێ هەر ئەو ئەلفبێیەی بە ئەلفبێی پارسی بەناوبانگە ، لە مادەكانیان وەرگرتبێ!

كۆرش بۆ ئەوەی حوكمدارییەكەی بە فارسی بكا و لە كاریگەری زمان و ئەلفبێی ماد دابڕێ ، بڕیاریدا كە خەتێكی تایبەت بە فارسی دروست بكرێ، ئەو ئەلفبێیەی كۆرشی بڕیاری دروستكردنی دا، ناوی لێنا "خەتی ئاریان" ، ئەو خەتە لە (36) هێما پێكدێ و لەژووری ناوەوەی كۆشكی (دارا) ئەم هەڵكۆڵینە بەو خەتە دۆزراوەتەوە:

داریۆس، پاشای مەزن

پاشای هەموو پاشایەكان

پاشای هەموو نیشتمانەكان





كوڕی هیستاسپی ئەخمینی

ئەم كۆشكەی دروست كرد!

لە سەردەمی ساسانییەكاندا (224 ـ 630) گۆڕانێكی تر لە زمان و خەتی كوردی كراوە. ئەو زمانەی كە ناسراوە بە زمانی پەهلەوی ،بە زمانی فارسی ناوزەد كراوە، هەروەها ئەلفبێیەكەی بە فارسی كراوە، كەچی لە بنەڕەتدا ئەم زمانە، زمانی كوردییە. ئەلفبێیەكەش (24) پیت بووە و ئەو چەند قەواڵەیەی لە هەورامان دۆزراونەتەوە، بەو خەتە نووسراون.

جگە لەو قەواڵانەی هەورامان، كتێبی "ئایین كورد" كۆنترین كتێبی كوردییە، كە (ئازەر بورد) جارێكی تر لە دوای زەردەشت كۆی كردۆتەوە و بە زمانی پەهلەوی نووسیویەتیەوە، هەروەها هەر ئەو ئازەر بووردە ، كە كوڕی هەمەدمی پێشەوای (بائایینا) بووە، ئەلفبێیەكی كوردی لەسەر شێوازی ئەلفبێی پەهلەوی داهێناوە. ئەو ئەلفبێیە لە (42) نیشانە پێكهاتبوو ، هەموو دەنگەكانی زمانی كوردی تێدا بووە. شوێنەواری ئەو ئەلفبێیە نەماوە، بەڵام كوردیەكەی ئێستا دیالێكتی (لوڕ) و (كەلهوڕ) و شوانكارەی كوردە.

لەپێش ئیسلام ئاماژە بەدوو ئەلفبێی تر دەكرێ كە لەناو كورددا هەبوون: ئەلفبێی ئێزیدی، ئەلفبێی (ماس سۆراتی)یە. ئەو دوو ئەلفبێیە جێی گومانن، ئەگەر هەش بووبن بەتایبەتی (ماسی سۆراتی) دۆزینەوە مێژووییەكەی جێی گومانە.

**خەتی ئێزیدی**

هەندێ توێژەر هەوڵ دەدەن ئێزیدییەكان بەگەلێكی كۆن دابنێن و (ئێزیدیاتی)یش بە ئایینێكی كۆن پێناسە بكەن. دەگوترێ كە خەتی ئێزیدیان لە (31) پیت پێكهاتووەو پەڕاوی (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش) و هەندێ نامیلكەی ئایینی تر بەو خەتە نووسراون. لەڕووی مێژووییەوە تەمەنی (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش) هێندە كۆن نییە ، بەو (خەتە) نووسراون. ئەو دوو نامیلكە هەر لەسەدەی

(یازدەو) و (دوازدە) زایینی نووسراون، نەک پێش ئیسلام. خاڵێکی تر، ئێزیدی هەموو کرمانجین و (سۆرانی) نین ،کەچی هەردوو دەقی جیلوە و مەسحەفا ڕەش لە سۆرانی نزیکترن نەوەک بائاییینی!

ئەمەو هەردوو پیتی (ژ) و (ڤ) بەزۆری لە کرمانجی سەروو هەن نەک کرمانجی ناوەڕاست!

**خەتی ماسی سۆراتی**

خەتی (بینۆشاد و ماسی سۆراتی) خەتێکی ترە ، کە دەگوترێ زادەی عەقڵی مرۆڤی کوردە. هەموو سەرچاوەکان ئاماژە بۆ یەک سەرچاوە دەکەن کە باسی ئەو خەتەی کردبێت ، ئەویش کتێبێکە بەناوی "شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام" ناوی ئیبن وەحشییەی نەبەتی کلدانی بە سەرەوەیە.

ئیبن وەحشییە لە نامەیەکدا بۆ (عەبدولمەلیک بن مەڕوان)ی خەلیفەی ئەمەوی دەنووسێت: "کوردەکان زۆربەی نووسراوەکانی خۆیانیان بەخەتی ماسی سۆراتی دەنووسی".

هەندێ نووسەر مێژووی ئەو خەتە دەگەڕێننەوە بۆ 2800 ساڵ بەر لە زایین. لەم ڕوانگەوە دەبێ ئەو خەتە پێش دەرکەوتنی زەردەشت و خەتی ئاوێستا و خەتی پەهلەوی و خەتی ماد و خەتی پارسی بێت.

ئەم خەتە (37) پیت لەخۆ دەگرێ، هەندێ لە ئەدگارەکانی ئەم خەتە وەک لە (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام)دا هاتووە:

1ـ لەدوای پێکگرتنی تەواوی پیتەکانی ئەبجەدی لە (ئەلف)ەوە تا (خێ) ، چەند پیتێکی تریش لەم خەتەدا هەن ، کە لە دەستووری ئەلفبێیەکانی تر پترە.

2ـ پیتی (بێ) و (جێ) جیاکراونەتەوە ، کەچی هێشتا (حەوت) جۆرە پیتی تریش لەم خەتەدا هەیە ، کە لەهیچ زمانێکی تردا نین و دەنگیان لەهیچ ئەلفبێیەکی تردا نییە.





3ـ خەتێکی هێندە ناسراو بووە ، بە سەدان کتێبی پێ نووسراوەو هەتا سەردەمی خەلافەتی ئەمەویش ئەم کەلتورە زمانەوانییە هەر بەردەست بووە.

چەند وردە سەرنجێک لەسەر ئەم خەتە

1ـ لەم دوو لاپەڕەی کە نووسەرانی کورد بەنموونە دەهێنینەوە لە " شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام " گومان لە کوردێتی ئەو خەتە دەکرێت. لە دەروازەی حەوتەم ئەوها هاتووە:

"من شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام من ذكر اقلام الملوك التي تقدمت من ملوك السريان، الهرامسة، الفراعنة، والكنعانيين و الكلدانيين والنبط، والاكراد... هەروەها لە لاپەڕەی (134) دا هاتووە.:

صفة قلم اخر من الاقلام القديمة وفيه حروف زايدة عن القواعد الحرفية تدعى الاكراد و تزعم انه القلم الذي كتب به (بينوشاد) و (ماسى سوراتى) جميع علومهما وفنونهما.......

وەک گوتمان گومان لەوەدا نییە کە کورد ئیمپراتۆریەتی خۆی هەبووە و زمانی سیاسی و زمانی ئایینی هەبووە هەتا ماوەیەک زمانی ستاندەری لە کوردستان هەبووە، بۆیە کە ناوی کورد لەو لیستەدا دێت جگە لە ڕاگەیاندنی ڕاستی هیچی تر نییە، بەڵام وشەی (تدعى) و (تزعم) کە لە بەرانبەر هەوڵی کورد لەو بوارە دانراوە ، ڕیسەکە دەکاتەوە خوری، چونکە ئەو دوو وشەیە گومان هەڵدەگرن نەک ڕاستی!

2ـ ئەو خەتەی کە گوایە 2800 ساڵ پێش زایینی نووسراوە ، بەشی دەیەمی پەرەگرافی (1 – 5)ی (یەسنا)ی ئاوێستایە دەقاودەق!

3ـ هەر لە (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام) نووسراوە ، کە ئەحمەدی کوڕی وحشیەی نەبەتی کلدانی هەواڵی ئەم خەتەی لە (3)ی ڕەمەزانی (24)ی کۆچی بۆ عەبدولمەلیک کوڕی مەڕوان نووسیوە. جگە لەمە لەخودا پاڕاوەتەوە کە خودا دەوڵەتەکەی عەبدولمەلیک بپارێزێ! !لە ساڵی (241)ی کۆچی نەک عەبدولمەلیک ،

بەڵکو هیچ خەلیفەیەکی ئەمەوی نەمابوو، چونکە لەساڵی (132)ی کۆچی کۆتایی بە خەلافەتی ئەمەوی هاتووە ! ! ، هەروەها عەبدولمەلیك لە ساڵی (86)ی کۆچی مردووە، جا چۆن ئەو هەواڵەی بۆ نووسراوەو دوعای بۆ کراوە ؟!

4ـ ساڵی (241)ی کۆچی ئیبن وەحشییەش لە دنیا نەبووە ! !

5ـ عەرەبییەکەی ئەو کتێبە ئەوەندە نارێکە بەهیچ جۆرێ لە زمانی یبن وەحشییە ناچێ، بەڵکو زیاتر لە زمانی کوردێك، مەسیحیەك، فارسێك دەچێ ، نەك عەرەبێکی زمانزانی وەك ئیبن وەحشییە !

## ئەلفبێی عەرەبی

ئەلفبێی عەرەبی ئەلفبێیەکی ئەلفابێتیکیە، بە واتای پیتەکانی زمانی عەرەبی دەنگەکان دەنوێنن، بەڵام مەرج نییە پەیوەندی (پیت) و (فۆنیم)ی زمانی عەرەبی پەیوەندییەکی یەك بەیەکی ماتماتیکی بێت.

زمانی عەرەبی (28) پیتی نەبزوێنی هەیە ، کە بەم شێوەیە ڕیزکراون:

(ا، ب، ت، پ، ج، ح، خ، د، ژ، ر، ز، س، ش، س، چ، گ، ڤ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، و، ه، ی). ئەم پێڕەوە لەسەر بونیادی شێوەی لێکچوونی پیتەکان دامەزراوە ، هەرچەندە هەوڵی تر هەبووە، کە پیتەکانی ئەلفبێی عەرەبی بەگوێرەی دروست بوونیان ڕیزبکرێ، بەڵام هەر لە کۆنەوە پەیڕەوی سیستەمی یەکەم کراوە ، ئەوەی دواوە فەرامۆش کراوە.

## بنەچەی ئەلفبێی عەرەبی

زۆر (ڕا) لەبارەی بنەچەو مێژووی ئەلفبێی عەرەبی لێرەو لەوێ بەدرێژایی مێژوو نووسراون. ڕای (زۆربە) لەسەر ئەوەیە کە سەرەتای دەرکەوتنی ئەلفوبێی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی زایینی. بانگەشەی ئەوەش دەکرێ کە ئەم ئەلفبێیە لەبنەچەدا لە ئەلفبێی نەبەتیەکانەوە وەرگیراوە. هەندێکی تر، دەنووسن کە ئەلفبێی عەرەبی لە ئەلفبێی سریانییەوە گەشەی کردووە. هەرچەندە نەبەتیەکان لە





بنەچەدا تیرەکی عەرەب بوون، بەڵام گەڕاندنەوەی ئەلفبێی عەرەبی بۆ ئەلفبێی سریانی، ئارامی ، لە پاشان فینیقی ڕاڤەیەکی سیاسی ـ ئایینی بۆ دەکرێ، ئەگەرنا ئەلفبێی زادەی عەقلێکی جەمعییە لەوەی داهێنانێکی قەومی بێت.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێش هاتنی ئیسلام سێ جۆرە ئەلفبێ لەناو عەرەبدا هەبوون: لە باشووری نیمچە دورگەی عەرەبی ئەلفبێیەك هەبووە ناسراوە بە خەتی (مەسنەد) ، لە (شام)یش ئەلفبێی (فینیقی) هەبووە ، هەرچی لەحیجازە ئەوە ئەلفبێی (سریانی) هەبووە.

هەندێکی تری پاڵپشت بەڕای زانایانی فیلۆلۆژی و شوێنەواری دەڵێن (خەتی حیری) بنەچەی خەتی عەرەبییە. ئەو خەتەش لەڕێگەی هاوتخوبی لەگەڵ عەرەبەکانی حیجاز هاتۆتە ناو عەرەبەکان.

ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ئەلفبێی (نەبەتی) گۆڕاوە بۆ ئەلفبێی عەرەبی ئەو بەڵگانە دەهێننەوە:

1ـ نەبەتیەکان خۆیان عەرەب بوون، لە سەدەی پینج و شەشی پێش زایینی هەندێ تیرەی (سامی) بەرەو باکوور کۆچیان کردووە، لەدەوروبەری شاری (بەترا) دەوڵەتێکیان بۆ خۆیان دامەزراندووە، ئەوانە لە قەبیلەی (نەبتۆ) بوون.

2ـ زمانی ئارامی، زمانی لینگوا فرانکا ـ زمانی هاوبەش ـ بووە، بەتایبەتی لەبواری گەیاندن و بازرگانییەوە. هەر ئەوەش وایکردووە ئەلفبێیەکەشیان ببێتە ئەلفبێکی هاوبەش ، چونکە بازرگانی پێویستی بە نووسینە نەك هەر ئاخاوتن. عەرەبە نەبتیەکان بەزمانی خۆیان هەر قسەیان دەکرد، هیچیان پێ نەدەنووسی، بۆیە لەپێناو پێویستی دەوڵەت لەسەر شێوەی ئەلفبێی ئارامی ئەلفبێیەکیان بۆخۆیان دامەزراند. ئەمە مێژووێکی زۆری ویست هەتا بۆ یەکەمجار لەسەدەی دووەمی زایینی توانیان ئەلفبێیەکەی خۆیان نووسینی پێ بڵاوبکەنەوە.

هەرچی خەتی مەسنەدە ، ئەوە دەوترێ هاوکات بووە لەگەڵ پەیدابوونی مەملەکەتی (سەبا) لەپێش سەدەی دەیەمی پێش زایینی.

ئەوەی گرنگە لێرە ئەوەیە نە خەتی مەسنەد، نە پیتەکانی نەبەتی و سریانی و ئارامی بە پیتی ئێستای عەرەبی ناچن، ئەو هەموو گریمانەی لەبارەی بنەچەی ئەلفبێی عەرەبییەوە دەگوترێن " زانستی ! " نین ، بۆیە ناکرێ لە لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی پشتیان پێ ببەسترێ.

لەسەردەمی دابەزینی قورئان، زاری قورەیش، زاری ئاییني و بازرگانی بووە، هەروەها لەپێش دابەزینی قورئان ئەدەبێك لە جەزیرەی عەرەبی هەبووە، نەناسراوە بە ئەدەبی جاهیلی. ئەو ئەدەبە لەناو عەرەبدا بە ئەدەبێکی پڕ ڕەوانبێژی ناسراوە، حەوت موعەلەقاتەکەی بازاڕی عوکاز بەڵگەن لەسەر نووسینی عەرەبی بەزمانی عەرەبی، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش زاری قوڕەیش بوو بە زاری ستاندەر لە جەزیرەی عەرەبیدا.

هەرچەندە لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و سێ خەلیفەکەی یەکەم ،زمانی قورئان زمانێکی بێ خاڵبەندی بوو، بەڵام لەسەردەمی ئیمامی عەلیدا (عەلی کوڕی تالیب) ، ئەبولئەسوەدی دوئلی خاڵبەندی بۆ قورئان دانا، ئەوەش لەدوو ڕووە سەرچاوەی گرتووە:

ئەلفبێی عەرەبی لەو ماوەیە گەشەی کردووە و خوێندەواری لەناو عەرەبان زۆر بڵاوبۆتەوە، جا بۆ ئەوەی عەرەب پیتە لەیەکچووەکان (ج، ح، خ) (ص، ض) (د، ذ) (س، ش) (ع، غ)، (ط، ظ) لەیەك جیابکەنەوە ،هەروەها (سەر)، (بۆر) و (ژێر) لەیەك جیابکرێنەوە ، پەسەندی ئەو کارەی ئەلدوئلی کرا. هەروەها لەسەردەمی ئیمامی عەلیدا گەلانی غەیرە عەرەبیش ، موسلمان ببوون ،بەتایبەتی (فارس) و (کورد) ،جا بۆ ئەوەی ئەوانیش بەڕەوانی قورئان بخوێننەوە ،ئەو خاڵبەندییە پەسەند کرا و جێی خۆی گرت.





بەم شێوەیە لەڕێگەی قورئانەوە ،عەرەب هەم بوونە خاوەن زمانی ستاندەر بۆ قورئان خوێندنەوە و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، هەم بوونە خاوەن ئەلفبێیەك ، کە بەهیچ جۆرێ لە ئەلفبێیەکەی پێش خۆی نەدەچوو!

## ئەلفبێی کوردی و ئەلفبێی عەرەبی

ئەو شێوازە فۆنۆگرافییەی ئەلفبێی عەرەبی ، سەرەتایەکی نوێی ئەلفبێی ئاسیایی بوو بۆ ڕزگاربوون لە ئەلفبێیەکانی تر ، کە هەموو ئەلفبێی (مۆرفۆگرافی) و (ئیدیۆگرافی) و وێنەگرافی بوون.

ئەلفبێی عەرەبی هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی موسلمانەکان لەسەر یەك ئەلفبێ کۆك بن و خاوەن ئەو زارە هزری و کەلتووری و شارستانییەتە بن ، هەروەها ئەدگارو تایبەتمەندی زمانی قورئان لەخۆ بگرێت.

کورد و فارس کە موسلمان بوون ،ئەلفبێی خۆیانیان لەسەر شێوازی ئەلفبێی عەرەبی دامەزراند و تایبەتمەندی زمانی خۆیانیان پاراست، بەواتای ئەو پیتە هاوبەشانەی لەهەر سێ زمان هەن ،وەك خۆیان مانەوە، پیتی تایبەت بەخۆیان، کە لەزمانی عەرەبیدا نین ، بۆ ئەلفبێیەکە زیاد کرا.

لەئاکام ئەلفبێی کوردی دروست بوو، ئەو ئەلفبێیەی کورد لەسەرەتای ئیسلامی بوونەوە ئەدەبی خۆی پێ دەنووسێتەوە، ئەلفبێیەکی کوردانەیە ، چونکە تەواو لەگەڵ سیستەمی دەنگی زمانی کوردی دەگونجێت، ئەمەو بەحوکمی ئەوەی ڕێژەی جیاوازی لەگەڵ پێکچوونی بەئەلفبێی عەرەبی زیاترە ، بۆتە ئەلفبێیەکی سەربەخۆ و هەر کوردێك دەتوانێ ئەلفبێیەکەی خۆی لەعەرەبی و فارسی جیا بکاتەوە.

## پیتەکانی ئەلفبێی کوردی

شێوەی پیتەکانی عەرەبی بەحوکمی هەژموونی ئاییني (زمانی قورئان) و دەسەڵاتی سیاسی حوکمڕانی (راشیدین) و (ئەمەوی) و (عەباسی) لەناو کوردا بڵاوبوونەتەوە.

لەو بیست و هەشت پیتـەی زمـانی عـەرەبی ، شەشـیان کـە بـریتین لـە (ث، ص، ض، ذ، ط، ظ) بـۆ نووسـینی کـوردی لەگـەڵ زمـانی کـوردی نـاگونجێن، کـە دەڵـێین زمانی کوردی، مەبەستمان زمانی خوێندن کە زیاتر لەسەر زاری کرمانجی ناوەڕاسـت بینـاکراوە، ئەگـەرنا دوو سـێ پیـت لـەو شـەش پیتـە لـەزاری هـەورامی بـەکارئایین، بەتایبەتی پیتی (ص) لەوشەی وەك (صەد)،بەڵام چەند پیتێکی تر لەکوردی هەن بە (شـێوە) و (دەنـگ) لـەزمانی عەرەبیـدانین:(پ، چ، ڤ، گ، ژ، ڕ، ڵ)،زمـانی عـەرەبی تەنها سێ بزوێنی هەیە ، کە بریتین لـە (ا، و، ی) ،هەرچـی زمـانی کوردییـە ،هەشـت پیتی بزوێنی هەیە، کە بریتین لە (i ، ا ، ە، ێ، ی، ۆ، و، وو). زمانی عەرەبی( سـەر ـ فتحة) و (بۆرە ـ ضمة) و (ژێر ـ کسرة)ی هەیە، ئەوانە تـەواو واتـای وشـە دەگـۆڕن.

لەکوردیدا لە بریتی ئەم هێمایانەدا، فۆنیم (بزوێن) هەیە، بەم شێوەیە:

ـ لەبریتی سەر، فۆنیمی (ە)بەکاردێ.

ـ لەبریتی بۆر، فۆنیمی (و) بەکاردێ.

ـ لەبریتی ژێر، فۆنیمی (ی) بەکاردێ.

ـ قَتَلَ: کوشتی ـ بکەر دیار

ـ قُتِلَ: کوژرا ـ بکەر نادیار

وەك لەمانەی سەرەوە دەردەکەوێ ،زمـانی کـوردی تـەنها ئـەو پیتانـەی زمـانی عەرەبی وەرگرتـووە ، کـە لەگـەڵ پیتـەکانی خـۆی هاوبەشـەو لـەڕووی وشەسـازی و دەنگسازی و ڕستەسازییەوەش پەیڕەوی پێکهاتە و سیستەمی زمانی خۆی کردووە. بەمجۆرە بە هاوکاری ئەلفبێی عەرەبی ، زمـانی کـوردی ئەلفبێیـەکی کـوردی هەیـە و سیما و ئەدگارەکانی زمانی کوردی دەنوێنێ ،نەك زمانی عەرەبی.

لەمێـژووی نووسـینی کوردیـدا، ژمـارەی پیتـەکانی زمـانی کـوردی جێگـەی مـشتومڕ بووە. هەر زمانناسێکی کورد ژمارەیەکی داناوە:

1ـ تایەر سادق ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (34) پیت دادەنێت.





2ـ تەوفیق وەهبی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (40) پیت دادەنێت.

3ـ شێخ محەمەدی خاڵ ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (27) پیت دادەنێت.

4ـ قەناتی کوردۆییف ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (36) پیت دادەنێت.

5ـ جەلادەت بەدرخان ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (31) پیت دادەنێت.

6ـ گیوموکریانی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (32) پیت دادەنێت.

7ـ د. جەمال نەبەز ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (35) پیت دادەنێت.

8ـ د. کەمال فوئاد ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (34) پیت دادەنێت.

9ـ فازیل نیزامەئایین (2 ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (3) پیت دادەنێت.

10ـ هەژار موکریانی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (31) پیت دادەنێت.

وەك دەردەکەوێ جیاوازی ژمارەی پیتەکان (23 ـ 40) زۆرە، ئەم ناکۆکییـە لـە دیـاریکردنی ژمـارەی پیتـەکانی زمـانی کـوردی پەیوەسـتە بـە چـەند خـاڵێکی سەرەکییەوە:

یەکەم: ئەو نووسەرانە (پیت) و (دەنگ)یان لە یەك جیا نەکردۆتەوە.

دووەم: ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگیان تێکەڵ کردووە، کەچی ئەم دووە لەیەك جودان. ئەلفبێی فەرهەنگی بەشێکە لە ئەلفبێی زمان ، نـەك هاوتـای بێـت، لەپاشـان بەدرێژی لەم خاڵە دەدوێین.

سێیەم: ژمارەی پیت لە ئەلفبێدا دەبێ تاك بێ نەك جووت، چونکە دوو پیـت وێنـەی دوو دەنگە، تەنها لەهەندێ شوێن نەبێ!

چوارەم: بێ ڕەچاوکردنی سروشتی زمـانی کـوردی و لێکسیکۆلۆژی زمـانی کـوردی، هەندێ پیت لە "کوردێتی" دەخەن!

## جیاوازی نێوان ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگ

لەوانەیە لەهەندێ زمان ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگ یەك شت بن ،ژمـارەی پیتەکانی هەردووك وەك یەك بن، ئەو شیمانەیە بۆ هەر زمانێك ڕاست بێت بـۆ زمـانی کوردی ڕاست نییە، چونکە لەزمانی کوردیدا هەردووك لەزۆر ڕووەوە لەیەك جودان:

1ـ ئەلفبێی زمان تەواوی پیتە بزوێن و نەبزوێنی زمانی کـوردی دەگرێتـەوە، هەرچـی ئەلفبێی فەرهەنگە تەنها ئەو پیتانە دەگرێتەوە کە لەسەرەتای وشە دێن، کەواتـە لـە کـوردی، بزوێنــەکان بەشـێك لـە ئـەلفبێی فەرهــەنگ پێکنـاهێنن، چـونکە نـاتوانن لەسەرەتای وشە بێن، بۆ نموونە پیتی (ر ـ ڕای لاواز) پیتێکـی ئـەلفبێی زمانـە ،نـەك ئەلفبێی فەرهەنگ، چـونکە کـوردی وشـەی نییـە بـە (ر) دەسـت پێبکـات. بەهـەمان شێوە (ڵ ـ لامی قەڵەو) پیتێکی فەرهەنگی نییە، چونکە لە کرمانجی ناوەڕاسـتدا لـە دەسپێکی وشەی کوردی نایەت.

2ـ ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێی فەرهەنگ لە ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێی زمان کەمترن.

3ـ هەردوو پیتی (و) و (وو) لە ئـەلفبێی زمانـدا ،دوو فـۆنیمن نـەك ئـەلۆفۆن، چـونکە بەجێگۆڕکێیان دوو وشە دروست دەبێت، وەك:

کوڕ

کووڕ

بـەڵام لـە ئـەلفبێی فەرهەنگـدا هـەردووك دوو ئـەلۆفۆنن ،چـونکە بـەجێگۆڕکێیان وشەی نوێ دروست ناکەن،وەك:

ـ وشە

ـ ووشە

ـ وتە

ـ ووتە

ـ وریا





ـ ووریا

ـ ورچ

ـ وورچ

## فەرهەنگە ناودارەکانی کورد و تێکەڵکردنی هەردوو جۆری ئەلفبێ

فەرهەنگنووسانی کـورد وێـرای ئـەوەی هـەردوو ئـەلفبای تێکـەڵ دەکـەن، لەسـەر ژمارەی پیتەکانیش کۆك نین، گەورە فەرهەنگ نووسی کورد شێخ موحەمـەدی خـاڵ لـە فەرهەنگە سێ بەرگیەکەیدا دەنووسێ : زمانی کـوردی (27 ) پیتـی هەیـە کـە ئەمانـەن: (أب پ ج ح خ د ر ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن و هـ ی ) هەرچـی مامۆسـتا فازیـل نیزامەئایینە هەر چوار پیتی (ح ع غ ق ) بە کوردی دانانێ و ژمـارەی پیتـەکانی دەکاتـە (23 ) پیت، هەرچی مامۆستا هەژار موکریانییە ژمارەی پیتەکان دەکاتە (31 ) پیت.

بەمەش هەردوو ئەلفبایەکە تێکەڵ دەکـات : (هـەمزە بـێ پـێ تـێ جـیم چـێ حـێ خێ دال ڕێ رێ زێ ژێ سین شین عین غین فێ ڤێ قاف کاف گـاف ڵـام لام مـیم نـون واو واوی مجهـول هـێ یـێ یـای مجهـول ) ،هەرچـی مامۆسـتا گیـوی موکریانییـە لـە فەرهەنگی کوردستان ئەلفبای فەرهـەنگی ئـاوا دەنووسـێ: (ا ب پ ت ج چ ح خ د ڕ ر ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن و هـ ی) ، وێـرای ئەمـەش فەرهەنگنووسـانی کـورد لـە سـەر ژمـارەی پیتـەکان ، هـەروەها جـۆری ئەلفبایەکـە کـۆك نـین، هـەروەها هەریەکـە بـە بیانوویـەك پێتێـك زیـاد دەکـات، یـان کـەم دەکـات مامۆسـتا فازیـل نیزامەئایین هە رچوار پیتـی (ح ع غ ق ) بـە کـوردی دانـانێ و دەڵـێ هاتوونەتـە نـاو زمانی کوردیەوە، گیوی موکریانیش (ع غ ) بـە کـوردی دانـانێ، هـەر ئەمـەش وای لێکردووە لە زۆر شوێن (ح غ ) تێکەڵ بکات.

هەرچی مامۆسـتا خـاڵ و مـام هـەژارە ئـەوە هـەر چـوار پیتیـان بـە کـوردی دانـاوە و پەیڤیان بۆ هەر چوار پیت هێناوەتەوە، مامۆستا خاڵ لەو چـەند لاپەڕەیـەدا وشـەی بـۆ چوار پیتـە هێناوەتـەوە(ح47–57 )، (ع357–361 )، غ362–364 )، (ق541–594 ) لـە فەرهـەنگی شـارەزووری د. شـەفیق قـەزاز دا وشـە بـۆ ئـەم چـوار پیتـە

هێنراوەتەوە، لە لە فەرهەنگی کوردستانش لە لاپەرە (341–350 ) وشە بۆ پیتی (ح) هێنراوە بۆ پیتی (ق )یش لە لاپەرە (682–727 ) وشە بۆ پیتە هەیە.

پێشنیار

بە حوکمی ئەوەی نووسەر ی ئەم چەند دێرە، چوار پێنج ساڵە خەریکی کاری فەرهەنگ نووسینە، ئەوە لە پرۆسەی فەرهەنگ نووسیندا بۆی دەرکەوتووە کە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان تەواو ڕەچاوی ئەلفبای فەرهەنگی ناکەن، بۆ یە زۆر گرنگە فەرهەنگ لە سەر بنەمای ئەلفبای فەرهەنگی بنووسرێت، هەروەها زۆر گرنگە لە سەر ڕێزبەندی پیتەکانیش هاو ئاهەنگییەك هەبێت هەروەها جیاکردنەوەی بزوێن – نیمچە – نەبزوێن زۆر گرنگە، چونکە ئەمەش لە ڕۆنانی وشەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

لە کۆتایدا کە دەڵێین "فەرهەنگی کوردی " دەبێ فەرهەنگی هەموو کورد بێت نەك تەنیا زارێك، ئەمەش زمانی ستاندەر بە هێز دەکات هەر بۆ نموونە فەرهەنگی کوردی – کرمانجی خواروو (سۆرانی ) لە پیتی (ڤ ) زۆر هەژارە، بەڵام کرمانجی سەروو زۆر دەوڵەمەندە لەم پیتەدا، بۆیە بە بەکارهێنانی هەر ئەم دوو زارە سەرەکییەی باشووری کوردستان، زۆر وشەی کوردی لە فەوتان ڕزگار دەبێت.

**مێژووی نووسین بە ئەلفبێی کوردی**

مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی کوردی ،دەکرێ بۆ سێ جۆر پۆلین بکەین:

جۆری یەکەم: ئەو نووسینە کوردیانەی تەنها بەپیتی عەرەبی نووسراون، نەك بە تەواوی ئەلفبێی کوردی.

جۆری دووەم: ئەو نووسینانەی هەندێك لە پیتە کوردییەکانیان بەشێوەی جیاواز لە ئێستا بەکارهێناوە، هەروەها تەواو ڕزگار نەبوونە لە (سەر) و (بۆر) و (ژێر).

جۆری سێیەم: ئەو نووسینانەی لەدوای سەدەی بیستەمەوە هێور هێور بەهەندێ گۆڕانکاری بچووکەوە لەگەڵ ڕێنووسی ئێستا تەواو لەیەك دەچن.





جۆری یەکەم:

دەکرێ دوو بەیتەکانی بابەتاهیری هەمەدانی (935 ـ 1010) بەدەسپێکی ئەو هەوڵە دابنێین. هەندێك دەڵێن ئەو شیعرانە بە ئەلفبێی فارسی نووسراون ، جا ئەگەر ئەم ڕایە ڕاستیش بێت ، ئەوە ئەلفبێی فارسی هەنگاوێك لە ئەلفبێی عەرەبی لەکوردییەوە نزیکترە، چونکە هەندێ پیتی کوردی و فارسی (ئەوانەی لەعەرەبیدا نین) وەك یەکن.

کتێبە ڕێزمانییەکەی (عەلی تەرەماخی ) ، کە لە ساڵی هەزاری کۆچی (1591 – 1592 زایینی) بەناوی دەستووری زمانی عەرەبی، بە کوردی نووسیویەتی، یەکێ لەو کتێبە دانسقانەیە کە بە کوردییە ، بەڵام بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراوە. ئەمەو (مەلا مەحموودی بایەزیدی) ئاماژە بە سێ کتێبی تر دەکات کە بە کوردی نووسراون، ئەویش: مەولودنامەی کرمانجی مەلای باتەیی، نەوبەهاری ئەحمەدی خانی و هەر سێ پەرتووکی مەلا یونسی هەلکەتینییە. ئەو سێ کتێبە لەگەڵ کتێبەکەی عەلی تەرەماخی ، کتێبە ناسراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوون.

دەکرێ دیوانە شیعرییەکەی مەلای جەزیری و مەم و زینی ئەحمەدی خانی لەو دەقانەی کە بەهەندێ گۆڕانکاری کەم ، لەچاو ئەوانەی پێشوو ، هەر بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراون.

جۆری دووەم:

بەیتی ئەوەڵ و ئاخیر (تذکرة العوام)ی سەعید عەبدوڵڵا موکری لەساڵی 1199ی کۆچی بەرانبەر 1784زایینی، بە کوردی نووسیویەتی. نووسەر لە هەندێ شوێن فۆنیمی (ە، و، ی) لەبریتی (سەر) و (بۆر) و (ژێر) بەکارهێناوە ، بەڵام لەهەندێ شوێنی تر سەرو بۆرو ژێری بەکارهێناوە.(عەقیدەی مەولەوی) کە ئەحمەدی کوڕی حەمدی بەڵخەیی لەنێوان ساڵانی 1308 هەتا ساڵی 1317 نووسیویەتی ، نەك هەر

هەر سێ فۆنیمەکەی بەکارهێناوە، بەڵکو لە زۆربەی شوێن پیتە کوردییەکانی وەك (پ، چ)ی بەکارهێناوە.

وەك چاپەمەنیش، دیوانەکەی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) کە لە ساڵی 1844 لە ئەستەمبۆل چاپکراوە ، بە یەکەم کتێبی کوردی دادەنرێت ، کە زۆرێك لە پیتە کوردییەکان و هەر سێ فۆنیمەکەی بەکارهێناوە.

فەرهەنگی "الهدية الحميدية في اللغة الكردية" ، کە یووسف زیائەددین پاشای خالیدیە، کە لە ساڵی 1893 لە ئەستەمبۆل چاپیکردووە، ڕۆژنامەی کوردستان 1898 – 1902 پیتە کوردییەکان و هەرسێ فۆنیمەکەی زیاتر چەسپ کرد.

جۆری سێیەم:

دامەزراندنی حوکمداری شێخ محمود و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی پێشکەوتن و هەرسێ ڕۆژنامەکەی سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموود و گۆڤاری (دیاری کوردستان) 1925 –1926 و گۆڤاری گەلاوێژ ( 1939–1949) و گۆڤاری هەتاو ،نەك هەر لە نووسینەکاندا پەیڕەوی ئەلفبێی کوردییان کرد، بەڵکو بە دەیان وتار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر چەندەها بابەتی زمانناسی و زمانی کوردی بڵاوکردەوە. بەڕاستی ئەوان بوونە دەسپێکی ئەلفبێی کوردی ، ئەمەو خوێندن بە کوردی لە باشووری کوردستان، تەواو ئەلفبێی کوردی لە باشووری کوردستان جێگیر کرد.

کەواتە پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی ئەمانەن:

(ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن ھ ە و وو ۆ ی ێ i ).

ئەو پیتانە هەموو پیتەکانی زمانی کوردین، هەموو فۆنیمن، چونکە هەریەکەی لە بریتی ئەویتر بەکاربێت، واتای دەگۆڕێت، هەروەها ئەوانە پیتی بزوێن و نەبزوێنن.

هەرچی پیتەکانی ئەلفبێی فەرهەنگن ،ئەمانەن:

(ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن ھ و ی)





ئەوانە تەنها ئەو پیتانەن کە بە پیتی نەبزوێن ناسراون، چونکە تەنها ئەوانە دەتوانن لە سەرەتای وشەی کوردی بێن، ئەو دوو پیتە (و،ی) هەرچەندە هەمان فۆرمی هەر دوو پیتە بزوێنی کوردیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە دەتوانن لە سەرەتای وشەی کوردی بێن، بۆیە ئەوانەی لەو چوارچێوەیەدا نەبزوێنن ، نەك بزوێن.

خوێندنەوەی ئەلفبێی زمان

| پیت / وێنە | دەنگ |
| --- | --- |
| ئـ | هەمزە |
| ب | بێ |
| پ | پێ |
| ت | تێ |
| ج | جیم |
| ح | حێ |
| د | دال |
| ر | رێ |
| ڕ | ڕێ |
| ز | زێ |
| ژ | ژێ |
| س | سین |
| ش | شین |
| ع | عەین |
| غ | غەین |
| ف | فێ |
| ڤ | ڤێ |

| | |
|---|---|
| ق | قاف |
| ك | كاف |
| گ | گاف |
| ل | لام |
| ڵ | ڵام |
| م | میم |
| ن | نوون |
| ه | هێ |
| ۆ | ئۆ |
| و | ئو |
| وو | ئوو |
| ی | ئی |
| ێ | یێ |

## دامەزرێنەری ئەلفبێی کوردی

سەرەڕای ئەوەی کورد بەبێ کێشە ئەلفبێی عەرەبی لە مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکان وەرگرت، بەڵام هیچ بەڵگەو دەستنووسێك نییە ، نەك هەر لەبەرایی ئیسلامبوونی کورد و هەتا لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسیشدا هەوڵێك بۆ ئەلفبێی کوردی درابێت. جیاوازی زمانی کوردی لە عەرەبی لەڕووی پێکهاتە و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە بێگومان وای لە (مەلا) و (فەقێ) و (شاعیر)ی کورد کردووە ، ناوەندێك بدۆزنەوە بۆ گوزارشت کردن لە زمانی خۆیان، ئەو هەوڵەی نووسین بە زمانی کوردی بە ئەلفبێی عەرەبی چ لەلایەن کوردەوە یان کوردناسانەوە ، تەمەنی زۆر درێژ نەبووە.





سەدەی نۆزدەهەم بە سەرەتای ڕێنیسانسی زمانی کوردی دادەنرێت، چونکە لەو سەدەیەوە بەدواوە بە بەردەوامی کار لەسەر زمانی کوردی کراوە.

هەوڵی نووسین بە زمانی کوردی لەگەڵ دروستکردنی ئەلفبێیەکی کوردی لەسەر ئەلفبێی عەرەبی ، دوو شتی لەیەك جودان، وەك پێشتر وتمان هەوڵی زۆر لە پێشترە لە پرۆسەی داڕشتنی ئەلفبێیەکی کوردی. لەدوای بزاڤی دەستورخوازی لە تورکیا، ماوەیەك 1908 – 1910 دەرفەت بە کوردان درا چەند پێکۆڵێکی نەتەوەیی بکەن. کەسە ناودارەکانی ئەو دەمەی بزاڤی کوردی بریتی بوون لە (مەلا سەعیدی نورەسی، ئەمین عالی بەدرخان، خەلیل خەیالی، د. عەبدوڵلا جەودەت و پیرەمێردی شاعیر و چەندانی تر). بە شاهێدی ئەو زاتانە، خەلیل خەیالی، کە هەردەم بە فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردییەوەخەریك بوو و بە دامەزرێنەری ئەلفبێی کوردی دادەنرێت ، کتێبەکەی خەلیل خەیالی ناوی (ئەلیفبای کرمانجی)یە ، لە ساڵی 1909 لە ئەستەمبۆل چاپکراوە، کتێبەکە تەنها (27) لاپەڕەیە، بەڵام زادەی عەقڵی کوردییە. ئەم ئەلفبێیەی خەیالی، لەسەر بنەمای ئەلفبێی فەرهەنگی دروستکراوە، بۆیە لە ڕیزبەندی ئەلفبێیەکەدا ،بزوێنەکان دیارنەکراون،هەروەها هەندێ پیتی عەرەبی لەناو ئەلفبێیەکەدا هەن ، کە بریتین لە (ص، ض، ط، ظ) ،هەروەها هەرچەندە لەڕۆژنامەی کوردستان 1989 ـ 1902 کەم و زۆر چارەسەری (سەر، بۆر، ژێر) عەرەبی کراوە، بەڵام لە ئەلفبێیەکەی خەیالیدا (سەر و بۆر و ژێر) دانەنراون، بەڵکو تەنوینی عەرەبی لەو شوێنانە دیاریکراوە.

ئەو هەوڵەی خەلیل خەیالی 1876 ـ 1926 لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی کەمالیەکان لەلایەك و ئەلفبێیەکەی جەلادەت بەدرخان لەلایەکی تر لەباکووری کوردستان نەیتوانی ڕەگی خۆی دابکوتێ ، بەڵام لەباشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی پرشنگداری لە عەقڵی مەعریفی مرۆڤی کورد تۆمارکرد. لەدوای ئەو هەوڵەی خەلیل خەیالی لە باشووری کوردستان زۆر هەوڵ دراون، بەڵام ئەو هەوڵانە بە

ئەلفبێ نەناسراون، بەڵکو زیاتر بە ڕێنووسی کوردی ناسراون، کە دەکرێ ئەوها ڕێزیان بکەین:

1ـ تۆفیق وەهبی، 1925، بەچۆن حرۆفێك و چۆن بنووسین .

2ـ حەقی شاوەیس، 1925، ئیملای کوردی ـ حروفاتی عەرەبی.

3ـ سەعید سدقی کابان، 1928، مختصر صرف و نحوی کوردی.

4ـ مەعروف جیاوك، 1930، بەرگی ئیملای کوردی.

5ـ ئەحمەدی عەزیز ئاغا، 1936، ئەلفبای کوردی.

6ـ وتارە زمانەوانییەکانی گۆڤاری گەلاوێژ (1939 – 1949).

7ـ وتارە زمانەوانییەکانی گۆڤاری هەتاو .

8ـ ئیبراهیم ئەمین باڵدار، 1953، ئەلف و بێی نوێ بۆ منداڵان.

9ـ عەلائەدین سەجادی، 1960، دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی.

10ـ تاهیر سادق، 1969، ڕێنووس ـ چۆنییەتی نووسینی کوردی .

11ـ حامید فەرەج، 1976، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا.

12ـ نەسرین فەخری، 1977، ڕێنووسی کوردی.

13ـ مستەفا نەریمان، 1981، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە.

14ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1986، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی.

15ـ محەمەد زەهاوی، 2006، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی.

16ـ هوگر تاهیر تۆفیق، 2008، ئەلیفبای کوردی.

بەسەدان سەرچاوەی تر هەن. مامۆستا دەتوانێ داوا لە قوتابیان بکات بیلیۆگرافیەك پێکبێنن.

**هۆکاری گەشەکردنی ئەلفبێی کوردی لەناو کورداندا**

کاتێ لە پرسی (زمان) و (ئەلفبێ) دەکۆڵینەوە یەکسەر ئاراستەی گوتارەکەمان بەرەو ڕووی توێژی خوێنەوار و ڕۆشنبیران و مەکتەبلیی دەبێتەوە.





فارس و کورد لەمێژوودا چەندەها ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتی (بە تەنیا) و (هاوبەشیان) هەبووە، ئەمە لەلایەك پەیوەندی بە (خزمایەتی زمان و ڕەگەز)ەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە (هاومێژوویی) و (هاوکەلتووری ڕۆشنبیری) و (هاوسنووری)یەوە هەیە.

ئەو دوو نەتەوە خاوەن شارستانییەتە کە ئیسلام بوون ، هەوڵیاندا سوود لە ئیسلام وەرگرن ، بۆ برەودان بە شارستانییەتی خۆیان، بەحوکمی ئەوەی (ئیسلام)یش ئایینێکی جیهانییە و نەتەوەیی نییە، بۆیە هەردوو نەتەوە لە ئایینەکە نزیکبوونەوە.

ئەو نزیك بوونەوەی عەقڵی مەعریفی کورد و فارس دەبوو هەر لەڕێگەی مزگەوت و مەڵبەندی ئایینییەوە لەگەڵ عەقڵی مەعریفی عەرەبەوە پێك بگەن. فێربوونی زمانی نوێش هەر لەڕێگەی ئەلفبێوە دەبێت، بۆیە هەردووکیان بۆ نووسینی خۆیان سوودیان لەو ئەلفبێیەوە وەرگرت.

ئەو بزاڤە مەعریفییە هەر بەردەوام بووە، ئەلفبێی عەرەبیش بەبێ هیچ بەرەنگارییەك سەرەڕای ئەو هەموو کێشە سیاسی و مەزهەبیانەی کە لەنێوان گەلانی موسلمان بەرپا ببوون ، هەر لە پێشڕەوی دابوو.

لەدوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقیش، دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورد دەستبەرداری ئەو ئەلفبێیە نەبوو، بەڵکو لەماوەی (88) ساڵدا 1921 ـ 2009 ئەلفبێی کوردی بە ئاقارێکدا بردووە، کە هیچ گرفتێکی زانستیی و زمانەوانیی نەمێنێ و لەباشوور ببێتە هۆکارێك بۆ کارکردن لەسەر زمانێکی فەرمی و یەکگرتوو.

**گیروگرفتی ئەلفبێی کوردی**

با بزانین ئەلفبێی کوردی گیروگرفتی هەیە؟! ئەوەی هەندێ سەرەدەری لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی دەردەکات، قەناعەتێکی زانستی لەلا دروست دەبێت، کە ئەو گیروگرفتانەی هەندێ ڕێزمانووس و زمانەوانیی کورد باسی لێوە دەکەن، زۆربەیان زادەی تێڕوانینی خۆیانن، نەك زمانی کوردی!

ئــەو بۆچــوونە پەیڕەوییــە بــۆ سروشــتی زمــان ، هــیچ ئاکــامێکی دروســتی لێنەکەوتۆتــەوە، بۆیــە بەڕاشــکاوی دەڵـێین دەســتووری ئــەلفبێ کــوردی بــە بــەراورد لەگەڵ هەر سێ زمانی جیهانی: عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی هیچ ئارێشەیەکی نییە مەحاڵ بێ! . زیاتر لە ملیارێك مرۆڤ زمـانی عـەرەبی دەخوێنێتـەوە ، بەشـێکی زۆری ئەو ژمارەیـەش عـەرەب نـین و شـێوازی نووسـینی زمـانی خۆیـان لـەڕووی ئـەلفبێ و پێکهاتەو خێزانی زمانییەوە لە عەرەبی جودان. سەبارەت بە کوردان، زمانی عەرەبی هەر زمانی دەقی ئایینی (قورئان) نییە، بەڵکو زمانی خوێندنیش بووە.

ئەوەی لە عەرەبی بە (بۆر) و (ژێر) و (سەر) و (وەستان)ناسراون ، لـە کوردیـدا وەك (فۆنیم) دەردەکەون:

كَتَبَ: نووسی ، ئەو نووسی

لە کوردی لە بریتی (سەر)، (ە) بەکاردێ .وەك : کەچەڵ، بەرە.....

كُتِبَ: نووسرا

لە کوردی لە بریتی (بۆر) ،(و) بەکاردێ،وەك: کوردی، کوڕ...........

هەروەها لە بریتی (ژێر) ،لە کوردی (ی) بەکاردێ،وەك:بیر، میر،...........

ئەمەو لە عـەرەبی چـەندەها پیـت هـەن ،دەنگیـان زۆر لەیـەك نزیکـە، هـەمووش لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە فۆنیمن، چونکە لەڕووی فۆنەتیکەوە شوێنی تایبـەت بـەخۆیان هەیە: وەك:

ـ ذ، ظ، ض، ز

ـ ث، ص، س

ـ ط، ة، ت

لە زمانی کوردیدا تەنها پیتەکانی کۆتایی ئەم کۆمەڵانەی (ز، س، ت) هەیە!

گیروگرفتەکانی زمانی ئینگلیزی زۆر زیاترن لە گیروگرفتـەکانی زمـانی عـەرەبی ، لەزمانی ئنیگلیزیدا ئەم کێشانە هەن:

1ـ دەنگی /ش/ لەچەند جۆرە (چەند پیتێ) دروست دەبێت.وەك:

sh :Shipکەشتی □





ch :Chicکۆك □

su :Sugarشەکر □

tio :Nationنەتەوە □

ci :Socialکۆمەڵایەتی □

ssio :Passionسۆز □

هەردوو پیتی (ch) هەندێجار بە/چ/ و هەندێجاری تر بە /ك/ دەخوێنرێتەوە:

:/چ/teacher، cheap، chiken□

:/ك/ache، chemistry□

2ـ پیتی (c) بەو دەنگانە /س/، /ش/، /ك/ دەخوێنرێتەوە

:/س/city، bicycle□

:/ش/Social

:/ك/cake، car□

3ـ هەردوو پیتی (ea) بەچەند شێوەیەك دەخوێنرێنەوە

/ێ/head، dead، read

/یی/seat، dean، bean

هەروەها کارەکانی زمانی ئینگلیزی ،ئەوەندی ناڕێسان ، ئەوەندە ڕێسایی نین.

زمانی فەرەنسی یەکێ لەو زمانانەیە (بە ئاسانی!) بەبێ مامۆستای فەرەنسی ، فێربوونی ئەگەر مەحاڵ نەبێ ، زۆر دژوارە!

1ـ زۆر کات ئەگەر وشەی فەرەنـسی کۆتـایی بـە بزوێنێـك نێـت، ئـەوە نەبزوێنەکـەی کۆتایی وشە ناخوێنرێتەوە.

برنج /غی/ Riz

پەنیر/لێ/ Lait

بۆن /پاغفا/ Parfum

هەندێجار ئەم یاسایانە پێشێل دەکرێت:

ئێوارە / سواغ/ Soir

ئازیز / شێغ/ Cher

ڕەش /نواغ/ Noir

کەسك /ڤێفت/ Vert

2ـ گێندەر لەم زمانە لەسەر بنەمای پۆلینکردنی بایۆلۆژی نییە، بۆیە لە (ئاخاوتن) و (ڕستە) دروستکردندا ، مرۆڤ تووشی هەڵەی زۆر دەبێ، ئەمەو فەرەنسی وەك زمانی عەرەبی ، ڕێککەوتنی گێندەری لە نێوان بکەر، کار، ئاوەڵناودا هەیە.

3ـ خوێندنەوەی فەرەنسی لە (قورسیدا) بە ئینگلیزیش بەراورد ناکرێ!

**ئایا زمانی کوردی ئەو کێشانەی هەیە؟!**

ئەوانەی ناویان لێنراوە گیروگرفت (لەسەردەمێکدا) هەبوون، بەڵام ئێستا ئەوانە یان نەماون یان بەرەو نەمان دەچن.

هەندێ لەو گیروگرفتانە:

1ـ جیانەکردنەوەی(و) ئامرازی پەیوەندی /u/ لەگەڵ پیتی (و) /w/.

زمانی کوردی یەك شێوەی هەیە بۆ ئەم دوو جۆرە(و)، بەڵام ئەوەی سەلیقەی زمانەوانی هەبێ ، بە ئاسانی لەیەکیان جیا دەکاتەوە:

ـ (و) پەیوەندی لەنێوان دوو وشە، دوو گرێ ،دوو ڕستە دەبێت.

ـ ئەو (و)ی لەسەرەتای وشە دێت، نەبزوێنە، بزوێن نییە، چونکە وشەی کوردی بە بزوێن دەست پێناکات.

2ـ (وو) فۆنیمە یان ئەلەفۆن؟!

لە ڕێنووسی ئێستای کوردیدا (وو) لەسەرەتای وشە نانووسرێت، لەبریتی(و) دەنووسرێت،وەك:

ـ ووشە وشە

ـ ووتە وتە

ـ وورچ ورچ

لەهەندێك شوێن (وو) ئەلۆفۆنە، چونکە واتا ناگۆڕێت.وەك:

دوو دو





دوور دور

بەڵام لە شوێنی تر، فۆنیمە، چونکە واتا دەگۆڕێ،وەك:

کوڕ کووڕ

3ـ دەرنەکەوتنی بزرۆکە.

پێویست ناکات بزرۆکە لەڕێنووس بنووسرێ، بەڵام با لە ئاستی فۆنۆلۆژی ئاماژەی پێبکرێت، چونکە لەهەندێ وشەدا لە خوێندنەوە دەرکی پێ دەکرێ. دیارکردنی بزرۆکە لە ڕێنووس کێشە دروست دەکات ، نەك کێشە چارەسەر دەکات:

ـ مل

ـ دڵ

ـ سل

ـ شڕ

دانانی هەر هێمایەك ، ئەوە واتای ئەو هەموو وشانە دەگۆڕێت:

ـ میل

ـ دیل

ـ سیل

ـ شیڕ

ئەمەو خۆی بزرۆکە نە (فۆنیمە) و نە (ئەلۆفۆنە)!

4ـ دانانی هێماکان هەر بۆ (جوانی) و (پێویستی) نییە، بەڵکو ئەو هێمایانە فۆنیمی نوێ دروست دەکەن. جیاوازی نێوان (ڕ ، ر) و ( ڵ ، ل) وەك جیاوازی نێوان /ف، ڤ/ و/ ك، گ/ وایە.

5ـ هەبوونی چەند (ی) ، پەیوەندی بە لێکسیکۆلۆژی و ڕۆنانی وشەی کوردییەوە هەیە، نەك پرۆسەیەکی ڕەمەکی بێت، کورد بە سەلیقە ئەو وشانە لەیەك جیادەکاتەوە:

شین ـ شیین

مەی ـ مەیی

ماین ـ مایین

ئایا ئەمانە کێشەن؟ ئارێشەن؟ گیروگرفتن؟! ئایا بە گفتوگۆی ئەکادیمیانەی مامۆستاو قوتابی چارەسەر ناکرێن؟!

## ئەلفبێی لاتینی

ئەلفبێی لاتینی وەك ئەلفبێی کوردی، ئەلفبێیەکی فۆنۆگرافییە، بۆ دەنگ، پیت دانراوە، نەك هێما و وێنە.

لە ئەلفبێی عەرەبیدا ژمارەی پیت و دەنگ هاوسەنگن ، بەڵام لە ئەلفبێی لاتینیدا ئەو دیاردەیە مەحاڵە ، بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزیدا، چونکە ژمارەی پیت و دەنگەکانی ئینگلیزی نەك هەر هاوسەنگ و نزیك نین، بەڵکو ئەو (26) پیتەی زمانی ئینگلیزی ، (44) فۆنیم دروست دەکەن.

## * مێژووی سەرهەڵدانی ئەلفبێی لاتینی

کۆنترین نووسین کە بە ئەلفبێی لاتینی نووسرابێت ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین. ئەو نووسینەش لە ئەلفبێی (ئەتروسکان Etruscan) لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین وەرگیراوە. لەسەرەتا ئەلفبێی لاتینی ژمارەی پیتەکانی وەك ئێستا نەبوو، بەڵکو تەنها (21) پیت بوون.

شێوەی زۆربەی پیتە بەراییەکانی ئەم ئەلفبێیە لەگەڵ ئەوەی ئێستا ، لەیەك جودان، هەر چ نەبێ زۆرێکیان لەگەڵ ئەوانەی بەراوژون،هەروەها هەندێکیان وەك لەگەڵ ئەوەی ئێستا لەیەك ناکەن وەك (x ـ q) (G ـ l) .

دەسەڵاتی سیاسی (داگیرکردنی وڵاتان) و بڵاوکردنەوەی ئایین (بەتایبەتی مەسیحیەت) ، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەلفبێی لاتینی بوون لەهەردوو بەشی ئەورووپا (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات).

لەپاش داگیرکردنی یۆنان ، پیتەکانی ئەلفبێی لاتینی لە (21) بوون بە (23). هەردوو پیتی (Y) و (Z) لە ئەلفبێی یۆنانی وەرگیراون بۆ نووسینی ئەو وشانەی لە یۆنانییەوە وەرگیراون. لەپاشان پیتی (k)یش هەر لە یۆنانی وەرگیراوە بۆ ئەو





وشانە لەڕەسەندا یۆنانین، هەروەها هەرسێ پیتی (w، u،j ) لەدوای ئەو پرۆسە سەربازی و ئایینیانە بۆ ئەو ئەلفبێیە زیادکران. ئەمەش تەنها بۆ ئەو زمانانە بوو، کە ئەو پیتانەیان هەبوو، نەك زمانی لاتینی، چونکە زمانی لاتینی ئەو سێ پیتەشی نەبوو، بۆیە لە ئەلفبێیە بەراییەکەدا نەبوون.

## * کورد و ئەلفبێی لاتینی

لەدوای ئەلفبێی عەرەبی، ئەلفبێی ئەرمەنی لەناو کوردان بڵاوبۆتەوە، هۆی بڵاوبوونەوەی ئەلفبێی ئەرمەنی لەناو کوردان ،پەیوەستە بە کاری موژدەگەرانەوە. مێژووی دەرکەوتنی ئەم ئەلفبێیە لەناو کوردان دەگەڕێتەوە بۆ بەراییەکانی سەدەی پازدەهەمەوە، بەڵگەش لەسەر ئەوەی پاڵنەرێکی ئایینی لە پەنای بڵاوکردنەوەی ئەو ئەلفبێیە بووە ، کە تەنها ئینجیلەکان و چەند نوێژو دوعایەکی مەسیحیانە بە زمانی کوردی ، بەو ئەلفبێیانە بڵاوکراونەتەوە ،نەك دەقێکی ئەدەبی یان بابەتێکی مێژوویی یاخود فەلسەفی!

پێویستە نووسین بە لاتینی و پەیدابوونی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی لەیەك جودا بکەینەوە.هەر چوار نەتەوەی (ئیتالی، فەرەنسی، ئەلمانی، ئینگلیز) لەو نەتەوانەن کە بە ئەلفبێی لاتینی زمانی خۆیان دەنووسن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ئەلفبێیە ، ئەلفبێیەکی نەتەوەیی نییە، پیاوانی ئەو چوار نەتەوەیە بەناوی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسییەوە هەر لە سەدەی سێزدەهەمەوە هاتوونەتە کوردستان و شتیان لەسەر کەلتور و زمان و ئایین و مێژوو و عادات و تەقالیدی کورد نووسیوە، وا چاوەڕێ دەکرێ کە ئەوانە بە زمانی خۆیان و ئەلفبێی لاتینی ئەو نووسینانەیان نووسی بێت ، نەك بە زمانی کوردی و ئەلفبێی عەرەبی ، چونکە هەردووکیان باش نەزانیوە، هەروەها هەتا سەدەی هەژدەهەم چاپی پیتی عەرەبی کاری پێنەکراوە.

بەڵام هەوڵدان بۆ نووسینی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی لەلای ڕۆشنبیرو خوێندەواری کوردەوە مێژووەکەی ئەوها کۆن نییە، بەڵکو سەرچاوەکان سەدەی بیستەم بەسەرەتای ئەو هەوڵە دادەنێن.

سەبارەت بە دامەزرێنەری ئەلفبێی لاتینی لەناو کوردان ، ڕای جیاواز هەیە.
هەندێك دەڵێن (لوتفی فیکری) دامەزرێنەری کۆمەڵەی کوردستانی خۆشەویستان لەساڵی 1912 هەوڵی داوە ئەلفبێیەکی لاتینی بۆ زمانی کوردی دابنێت. لەلایەکی دی( فائیز بەگ) و (عەبدوللا جەودەت) لە ساڵی 1913 کاریان بۆ ئەو جۆرە ئەلفبێیە کردووە. لە باشووری کوردستانیش ئاماژە بە هەوڵی (شوکری فەزلی) شاعیر دەکرێ، جگە لەو هەولانە، لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و تورکیای نوێ، دەستەیەك لە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد بە نامیلکە هەوڵیان داوە ئەو ئەلفبێیە لەناو کوردان بسەپێنن، ئەو هەوڵەش ئەوەندە (سیاسی) و (ئایینی) بووە ،(زمانەوانی) نەبووە.

لەدوای سەقامگیربوونی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عێراق، ئەم ئەلفبێیانە لە باکوورو باشووری کوردستان نووسراون:

1ـ ڕێزمانا ئەلف و بێیا کوردی، میر هەرە کۆل ئازیزان (جەلادەت بەدرخان) 1932، 20 لاپەڕەیە.
2ـ خوێندەواری باو، توفیق وەهبی، 1938، 44 لاپەڕەیە.
3ـ ئەلفبێیا من، د. کامەران بەدرخان، 1938، 32 پەڕەیە.
4ـ ئەلفبێیا کوردی، عوسمان سەبری، 1955، 56 لاپەڕەیە.
5ـ نووسینی کوردی بە لاتینی، جەمال نەبەز، 1957، 35 لاپەڕەیە.
6ــ ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بەپیتی لاتینی، گیوموکریانی، 1960، 43 لاپەڕەیە.

چەندانی تر....

**گیروگرفتی ئەلفبێی لاتینی**

هەندێ پیت لە کوردی هەن ، وەك (ژ، ش، ح، غ، چ..) بە تەنها پیتێکی سادەی لاتینی نانووسرێن ،بەڵکو دەبێ پیتێکی تریان بۆ بکرێ بە بنەچە ، وەك:

Z ز Ž ژ
S س Š ش





H هـ ħ ح
X خ x غ

هەروەها لەو شەش نامیلکەیەدا ، جیاوازی لەنێوان (ك) و (ق) نەکراوە، هەتا هەندێك دەوێرن بڵێن (ق) پیتێکی کوردی نییە!

(بزرۆکە ـ i ) و (ی ـ î) لە فۆرمدا زۆر لەیەك نزیکن ، بۆیە ئەگەر وەستایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دووە نەکرێت، ئەوە چەندەها وشەی کوردی تێکەڵی یەك دەکرێن، وەك:

Pît پیت pit پت
Xît فیت Xit فت
Mîl میل mil مل

شێوەی پیتە لاتینییەکانی (مێجەرسۆن) و ( ئەدمۆنز) و (تەوفیق وەهبی) لەسەر سیستەمی زمانی ئینگلیزی دامەزراون، بۆیە هەندێکیان زۆر جودان لەگەڵ ئەوەی جەلادەت بەدرخان (کە زیاتر لەسەر تورکی دامەزراوە) یان ئەوەی (عوسمان سەبری) و (جەمال نەبەز) (کە لەسەر فەرەنسی دامەزراون).

چ ch č ç
ش sh š ş
غ gh x x

هەردوو فۆنیمی /ڕ/ و /ڵ/ لە نووسینی کوردی کرمانجی سەروو ، هێما جیاکردنەوەیان لە /ر/ و /ل/ بۆ داناندرێت، ئەم دیاردەیە هەتا لە بەشێك نووسینی نووسەرانی بائابینی لە ئەلفبێی کوردیش هەیە، ئەو دووەش بەشێوەی جیاواز لەو نامیلکانە نووسراون، هەروەها ئەگەر هێمایان بۆ دابنرێ ، وەك ئەلفبێی کوردی هەر کێشە نییە؟!

هەروەها شێوەیبزوێنەکانی ناو ئەلفبێیەکەش، بێ کێشە نییە، (ـە) بە (e) هەندێجار بە (a) نووسراوە: لێرە(ئەو ew ) و (ئاو aw ) بە ئەلفبێی کوردی تێکەڵ دەکرێن:

هەروەها (ـە) و (ێ) لەو نامیلکانە تێکەڵ دەکرێن:

ئـــەوە ewa ئـــەوها دەنووســـرێن ، بـــەڵام (ئێـــوە) لـــە هەنـــدێکی تـــر لەیـــەکتر جیاکراونەتەوە:

ئەوە ewa

ئێوە ĕwa

ئەی سەبارەت بە سیستەمی ڕێنووسی کوردی، کە وشـەی کـوردی بـە بـزوێن دەسـت پێناکات، ئەلفبێی لاتینی وەڵامی چی پێیە؟!

ئا ـ (ئـ + ا ) لە لاتینی بە /ä/ نانووسرێت، ئەی نەبزوێنی کوردی لەکوێیە؟!

هەروەها وشەی (ئێستا)، لە دوو برگـە پێکدێ و (ئـ) نەبزوێنـە ، کەچـی لـە لاتینـی بزوێنە( ĕs / ta ) .

## سەرچاوەکان

– د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ، سلێمانی 2004.

2– جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی،یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بڵاوی کردۆتەوە،ئەلمانیا،بامبێرگ، 1976.

3– د.بـەکر عومـەر عـەلی و شـێرکۆ حەمەئـەمین، زار و شـێوەزار ، چـاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، 2007.

4– حوسێن محەمەد عەزیز، سـەلیقەی زمانـەوانیی و گرفتـەکانی زمـانی کـوردیی، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ،2005.

5– زبێر بیلال، مێژووی زمانی کوردی،وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە یووسـف رەئـوف عەلی، (دار الحرية للطباعة)، بەغدا ، 1984.

6– سەلام نـاوخۆش ، فەرهـەنگی ئۆکسفۆردی نـوێ، چـاپی سـێیەم، سـلێمانی ، 2007.

7– سەلام ناوخۆش ، پێنج دیدار لە بارەی زمانی ستاندەرەوە .





8– سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی ، بەرگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)، چاپخانەی منارە، هەولێر ، 2009.

9– سـەدیق بۆرەکـەیی ، مێـژووی وێـژەی کـوردی، بـەرگی ، یەکـەم، هـەولێر ، 2008.

10– شەرەفخانی بدلیسی ، شرفنامە، هەژار کردوویەتی بە کوردی، چاپی یەکـەم ، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،1981.

11– د. علی عبدالواحد وافی، علم اللغة، دار نهظة ر لطباعة و النشر، 1967.

12– د.عیـزەدین مـستەفا ڕەسـوڵ، سـەرنجێ لـە زمـانی ئـەدەبیی یـەکگرتووی کوردی،چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)،بەغدا، 1971.

13– د.عیـزەدین مـستەفا ڕەسـوڵ،بۆ زمـان، بەڕێوەبـەرێتی گـشتی چـاپ و بڵاوکردنەوە،چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ،2005.

14– فەرهاد پیربالْ ، ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆك، 1999.

15– فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیـای دیالێکتـەکانی ، و: حەمە کەریم هەورامی، بەغدا، چاپخانەی (افاق العربیه)، بەغدا،1985.

16– قـەیس کاکـل ، ئاسایـشی نەتـەوەیی و پلانـی زمـان، دەزگـای موکریـانی ، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.

17– د.کەمال فوئاد، زاراوەکانی زمـانی کـوردی و زمـانی ئـەدەبی و نووسـینیان، گۆڤاری زانیاری، ژ.2، بەغدا، 1971.

18– کوردۆ ئەحمەد، فێربوونی زمانی فەرەنسی بە ئاسانی ، هەولێر ، 2004.

19– گۆڤاری هاڤیبوون، ژمارە(19–20)،2008.

20– گۆڤاری زمانناسی ، ژمارە (3)، 2009.

21– محەمـــەد ئـــەمین هـــەورامانی، زاری زمـــانی کـــوردی لـــە تـــرازووی بەراووردا،دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ،1981.

22- محەمەد ئەمین هەورامانی،مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی، لـه بڵاوکراوەکـانی مەڵبەندی رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی انكۆی سەلاحەدین، 1990.

23-محەمـــەد ئـــەمین هەورامانی،ســـەرەتاییێك لـــه فیلۆلـــۆژی زمـــانی کـــوردی، بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی،چاپخانەی مەعاریف ،بەغدا ، 1974.

24- محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی دار الحكمه، بەغدا ، 1990.

25- نافیع دیبەگەیی ، بنەماکانی ڕێنووسی کوردی لاتینی ، سلێمانی، 2006.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1-Aitchson،j، 1993،Linguistics،London.

2-Crystal،D، 1993 ، Language and Languages، London.

3-Fromkin،v،Robert Rodman and Nina hyams;2003،An introduction toLanguage،7th ed.

4-Wardhaugh،R،1990،An introduction to sociliinguistics، Cambridge.

Cambridge،3rd ed،G.2006.The study of Language،5-Yule





# زمانەوانی

## بەرگی شەشەم

## ئایین و زمانناسی

**سەلام ناوخۆش**

ناوی کتێب: زمانەوانی

نووسینی: سەلام ناوخۆش

نەخشەسازی: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا

بەرگ: بەرگی شەشەم(ئایین و زمانناسی)

چاپ: سێیەم

چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر

تیراژ:3000 دانە

نرخ : 6000

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی 2010 ی پێدراوە .





# زمانی ئایینی نەتەوەیی
# زمانی ئایینی کوردی وەك نموونە

### دەروازە یەك

ئایین– Religion ،ئاسمانیی بێت یان زەمینی زەینی مروۆڤ هۆکارێکی گرنگی پژان و نەشونما و گەشەو مانەوەی مرۆڤ و زمانی بووە . گوتاری ئایین ، گوتارێکی ڕۆحیی و دەرونیە, بۆیەش بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ پێکدێنێ . لەم توێژینەوەدا ، هەوڵ دەدەین لە کارێکەری (زمانی ئایینی نەتەوە) بدوێین و ئەدگارو کاریگەریەکانی بە سەر زمانی نەتەوە بخەینەڕوو . میتۆدی کارەکە ، میتۆدێکی " وەسفی" و شرۆڤە کارییە ، بە واتای هێندە قسە لەسەر ( داتا) کان دەکەین هێندە قسە لە فاکتەرەکانی دەرەوەی زمان ناکەین . بەو شێوازەش ئاکامە ئەکاد یمیەکانی گریمانەکان–hypotheses and assumptions بە دەست دێنین.

### زمانی ئایینی

بە گوێرەی دوا دەقی ئایینی ئاسمانیی ، قورئان، یەکەم دەرکەوتنی مرۆڤ ، ئادەم ، هاوکات بووە لە گەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ . ئەو زمانەی مرۆڤ لە ئاستێکی ئەوەندە گرنگ دابووە توانیویەتی لە یەك کاتدا تە ( زمانێکی مەعریفیش " بێ نەك زمانێکی بەرایی(primitive) ئەمەش تەواو ئەو تیۆرو گریمانانە ڕەتدە کاتەوە کە زمانی مرۆڤ لە ئاکامی لاسایی دەنگەکانی سروشت و گیانەوەرانی پێش خۆی وەك لورەی گورگ ، بۆرەی گا , نەڕەی شێر ، باڕەی مەڕ ، قاڕەی بزن ، قوقەی کەڵەباب ، خورەی ئاو، کیفەی مار ، گڤەی با ، ....هتد پەیدابووبێ! لە تیۆرەکانی چۆمسکی بۆ زمان و دەروونناسی– زمانەوانی ئاشکرا دەبێ کە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ لە هیچ گیانەوەرێك ناچێ ، مرۆڤ ئامێرێکی تایبەت بە زمانی هەیە پێی دەوترێت ئامێری

زمان وەرگرتن –language acquisition Device. ئـەو ئـامێرە لـە تەمـەنی منـداڵیی و لاوێـتی زۆر کارایـە هـەر چـەن مـرۆڤ بـچێتە تەمەنـەوە ئـەویش دەچـێتە تەمەنەوە و پاسیڤ دەبێ. سیـستەمی زمـان و پێکهاتـەی سـترە کـچەری زمـان دی سۆسیری سویسری بە جیهان ناساند. زمانی مرۆڤ زۆر لەوە ئاڵۆزتر و سیـستیماتیکی ترە، کە خۆی لـە (لاسـایی کردنـەوە) شـتێکی سـادە دروسـت بووبـێ و ناسـنامەی خۆیی وەك بوونێکی سەربەخۆ نەبێ.

ئەو زمانە ئاینییەی لێرە جەختی لەسەر دەکەین، سەرەتا بەر لەوەی (نەتەوەیی) بووبێ، (مرۆیی) بووە و لە کۆمەڵگای بەرایی ئادەمیی بۆتە زمانێکی ئایینی. لەم ڕوانگەوە، ئەم توێژینەوەیە تەنزیر بۆ ئەوە دەکات کە زمانی ئایینی هاوکات بووە لەگەڵ بەرپابوونی کۆمەڵگەی (ئادەمیی) یاخود (مرۆیی). ئەو (ئایین)ەش، ئاینێکی (ئاسمانیی) (خودایی) بووە نەك دەستکردی زەینی مرۆڤ وەك ڤلادمێر لێنین پێشبینی بۆ دەکرد.

*** زمانی نەتەوە:**

زمان بونیاتی نەتەوە پێکدێنێ. بەڵام ئەو ڕستەیە دوو چەمکی لێڵ لەخۆ دەگرێ ئەویش چەمکی (زمانی نەتەوە) و (نەتەوە) یە.

چەمکی (نەتەوە) پێناسەی جودای بۆ کراوە، زۆرێك لەپێناسەکانیش لەسەر بنەما و شەنگستی ئایدیۆلۆژی دامەزراون: ستاروشنکۆ "نەتەوە" ئەوها پێناسە دەکات: نەتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن، کە بەدرێژایی مێژوو دروست بوون و جێگیربوون، بنەماکانی نەتەوە: زمان و خاك و ئابوری هاوبەش و ژیانی سایکۆلۆژی هاوبەشن" (ئیڤانۆڤیش) هەندێ ئەدگاری تر بۆ مەرجی (نەتەوە) بوونی کۆمەڵە خەڵکانێکی نێو جوگرافیەکی دیارکراو زیاد دەکات و دەڵێت: (نەتەوە لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکهاتووە کە خاوەنی یەك هەڵسوکەوت بن، چ لە لەش و چ لەبارەی دەرونیان، یەك نەریت بیانگرێتەوە و ئامانجیان یەك بێ. ئەو ڕەگەزانەی کە هەڵس و کەوتی نەتەوەیەك





پێکدێنن و دەیپارێزن ئەمانەن: یەکێتی ڕەگەز، سنووری جوگرافی، زمان، ئایین، وێژە، کەلەپور، بیروباوەڕ، چۆنیەتی ژیان، یەکێتی سیاسی، مێژووی هاوبەش، هەروەها هاوبەشی لەڕێڕەوی ڕۆشنبیریدا). جیهانبینی مرۆڤناسی– Anthropology بۆ پرسی نەتەوەجەخت لە سەر چەمکی ئەتنیکی دەکات. چەمکی ئەتنیکی تاکەکانی کۆمەڵگایەك دەگرێتەوە کە چەند سیما و ئەدگارێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ و پێ جیا بکرێنەوە. زمان و ئایین ئەو دوو ئەدگارە بنەڕەتییەن ناسنامەی ئەتنیکی کۆمەڵەخەڵکانێك لە هیتر جیادەکەنەوە.

لەڕوانگەی ئایینەوەش، دروستبوونی (نەتەوە) مەسەلەیەکی (قەدەر)یەو هیچ (دوو نەتەوە) و (دوو زمان)ێك هاو واتای یەکتر نین، چونکە هەتا جودا نەبن نابنە دوو نەتەوە و دوو زمان. کاتێ لەتایپۆلۆژیای زمانەکانم بەگوێرەی تیۆری مۆرفیم و تیۆری سینتاکس دەکۆڵیەوە بۆم دەرکەوت کە هیچ دوو زمان لەجیهاندا نییە ئەگەر نەك هەر لەهەمان خێزانە زمان Language Family بن، بەڵکو لەهەمان گروپە زمانیش Language Group بن, ئەوە هەرگیز لەهەموو ئەدگارێك وەك یەك نین.

ئەو جیاوازی زمان وڕەگەزەی ئایین کاری لە سەر دەکات ئامانجێکی زۆر (مرۆیانە)ی هەیە ئەویش بۆ یەکتر ناسین و ڕێز لەیەك گرتنە نەك خولْقاندنی ململانێی نەتەوەیی یاخود ململانێی چینایەتی!

زمان لەپێناسەکانی نەتەوەدا بنەماو کۆڵەگەیەکی بەهێزی هەیە، چونکە فاکتەری ناساندنی نەتەوەیە هەروەها ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەیە. هەروەها (ئایەتێکی) جیاکەرەوەی کۆمەڵە خەڵکانێکە لەیەکتر. ئەو ئەدگارە جیاکەرەوەیە بونیادی نەتەوەش پێکدێنێ.

لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر کاریگەری ژینگەو کەلتوری نەتەوە بکەین، کە ئەو دووەش بنەماکانی نەتەوەبوون پێکدێنن. زمانی زگماك مەرج نییە زمانی نەتەوە بێت، چونکە زمانی زگماك هەڵگری کرۆمۆسی نەتەوە نییە بەشێوازێکی تر، کرۆمۆس

هەڵگری چیناتی بایۆلۆژی و دەروونییە، نەك هەڵگری ئەتنیکی. زمانی نەتەوە ئەوکاتە دروست دەبێ کە لەژینگەو لەناو کەلتورێکی نەتەوەیی دا بپژێ و گەشە بکات.

*** ئایینی نەتەوەیی:**

هەموو (نەتەوە)یەك بچووك یان گەورە ئایین تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو ئایینە لەکۆمەڵگای بەرایی (ئاسمانیی) بووە و لەزۆرکاتدا (ئایین) و (نەتەوە) تەواو ناسنامەی یەکتر بوونە. هەردوو پەیڤی (قوم) و (ملە) لەقورئاندا هەم ناسنامەی نەتەوەن، هەم ناسنامەی ئایینی نەتەوەن.

بەگوێرەی قورئان و سەرچاوە ئەنسترۆپۆلۆژی و مێژووییەکان, کوردستان لانکەی دروستبوونی نەتەوەی جیاجیا بووە. ئەو لانکە شارستانیەتە دەسپێکی دووبارە دروستبوونەوەی نەتەوە و ئایینی نەتەوە و زمانی نەتەوە بووە.

لەلایەکی تر، مەرج نییە ئایینی نەتەوەیی هەر تەنها ژێدەرێکی (ئاسمانیی) هەبێ، بەڵکو چەندەها ژێدەری ئاسمانیی مرۆیی، یان تەنها مرۆیی هەیە. مرۆڤ هەر شتێکی پەرست بێ، خودا، یان هەر خوداوەندێکی تر: ڕۆژ، مانگ، ئەستێرە، سروشت، بت... هتد بەزمانی خۆی، زمانی دایکی خۆی، زمانی زێدی خۆی تقوسی ئایینی ئەنجامداوە. بەواتای لەسەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئایینی جیهانیی ـ ئیسلام ـ هەموو ئایینە ئاسمانیی و مرۆییەکانی تر بە بەشێکی ڕۆحی کرداری نەتەوەیی دەژمێردرێن، چونکە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی نەتەوە هەموو جۆرە تکا و نزاو پەرستنێکیان تەنها و تەنها بەزمانی نەتەوەیی زێدی خۆیان بووە. بەم جۆرە ئایینی نەتەوە فاکتەرێکی سەرەکی نەشونماکردن و مانەوەی زمانی نەتەوە بووە و ئایین و زمان پێکەوە کەسایەتی نەتەوەیی، خێڵەکی نەتەوەیان پێکهێناوە.

*** زمانی ئایینی کوردی لەسێ ئایینی نەتەوەیی و ئاینێکی جیهانییدا**

هەرسێ ئایینی (زەردەشتیی) و (یارسانیی) و (ئێزدیاتی) ئەو سێ ئایینەی کوردن کە هەرسێك خاوەن پەڕاوی ئایینی خۆیانن. ئەو پەڕاوانەش هەرسێ بە (زمانی





کوردی) بوونە. ئەو دەقە دینییانە لەزۆر دەرفەتی مێژوویدا ڕۆڵی بنەڕەتیان هەبووە لەپێناو پاراستنی زمانی نەتەوەدا.

هەرچەندە دەقی قورئان بەزمانی عەرەبییە، بەڵام گوتاری ئەو دەقە تەواو گوتاری ناسیۆنالی عەرەبی ڕەتدەکاتەوە, کە بانگەشەی نەتەوەبوونی ئایینەکە دەکەن. گوتاری قورئان گوتارێکی جیهانییە. هەژموونی زمانەکەی بەهیچ جۆرێك زمانی نەتەوەیی هیچ نەتەوەیەك ڕەدناکاتەوە، چونکە (زمانی جیا) و (نەتەوەی جیا) دوو هەقیقەتی بەرجەستەن، هەژموونی دەسەڵاتی ئافەریدەی یەزدان دەسەلمێنن.

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە لە (ئاوێستا) وەك دەقێکی زمانی ئایینی دەدوێت. لەم بەشەدا کاریگەری زمانی ئاوێستا بەسەر دەسەڵاتی کوردی و نا کوردی دەخەینەڕوو.

لەبەشی دووەمیش زمانی ئایینی نەتەوەیی یارسانەکان ـ کاکەییەکان شرۆڤە دەکەین

لەبەشی سێیەمیش لەکتێبە دینییەکانی ئێزیدیاتی وەك مەسحەفا ڕەش و جیلوە و مژدەها ڕۆژ و قەولی ئێزیدیان دەکۆڵینەوە و بەهای زمانەوانی ئەو دەقانە لەڕەوتی زمانناسی کوردی دەخەینەڕشوو.

لەدوا بەشیش لەڕۆڵی زمان و گوتاری ئایینی قورئان بەسەر زمانی نەتەوەیی کوردی دەدوێین هەروەها ئەو پرسیارەش شرۆڤە دەکەین ئاخۆ هەژموونی ڕۆحی زمانی قورئان کاریگەری پۆزەتیف یان نێگەتیڤی بەسەر زمانی کوردییەوە دەبێت؟!

لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر کاریگەری ژینگەو کەلتوری نەتەوە بکەین، کە ئەو دووەش بنەماکانی نەتەوەبوون پێکدێنن. زمانی زگماك مەرج نییە زمانی نەتەوە بێت، چونکە زمانی زگماك هەڵگری کرۆمۆسی نەتەوە نییە. بەشێوازێکی تر، کرۆمۆس هەڵگری چیناتی بایۆلۆژی و دەروونییە، نەك هەڵگری خەسڵەتی ئەتنیکی نەتەوە. زمانی نەتەوە ئەوکاتە دروست دەبێ کە لەژینگەو لەناو کەلتورێکی نەتەوەیی دا بپژێ و گەشە بکات.

# زەندی ئاڤێستا و زمانناسی کوردی

دەروازەیەک

لە ئاست نزاکەی نووح پێغەمبەر، کە خوای گەورە داوای لێ کردبوو بڵێ: کەشتیەکەی لە خاکێکی پیرۆز.. لەنگەر پێ بگرێ.. ئەوا خوای گەورە بە دەقێکی قورئانی پیرۆز..( چیای جودی)ی باکوری کوردستانی بە نووح پێغەمبەر رەوا بینی. ژێدەرە مێژووییەکانیش بەتایبەتی ئەوانەی بە دیدێکی مرۆڤانە و دوور لە تەسک بینی نەتەوەیی نووسراون ، ئەو راستییە دەسەلمێنن.. لەو پێودانگەوە کوردستان لانکی دووەمی مرۆڤایەتییە. هەر لە کوردستانەوە ئایینەکانی دوای نووح پێغەمبەر سەریان هەڵداوە هەروەها گەلانی دی لە کوردستانەوە بەرەو بەشەکانی دی جیهان کۆچیان کردووە، هەر گەل و نەتەوەیەکیش لەسەر رووی زەمین بە زمانی خۆی پێغەمبەری بۆ هاتووە.. **﴿ وما أرسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم ﴾ و ﴿ ولقد بعثنا في كل امة رسولا ﴾** ، ئەمەو نەتەوە بووە چەندەها پێغەمبەری بۆ هاتووە، بۆیە دەکرێ بڵێین مێژووی مرۆڤایەتی پێغەمبەری لێ نەبڕاوە، ئەمەو بوونی زمانی جیا جیا، رەنگ و رووی جیا جیا، وەك نەتەوەی جیا جیا لە نیشانە باڵاکانی مەزنێتی خودان، لەو روانگەوە، ئەگەر لە قورئانی پیرۆزیش ناوی کورد و پێغەمبەرەکەی وەك چەندان نەتەوەی نەهاتووە، ئەوا هەم کورد نەتەوەیە و کوردیش زمانی ئەم نەتەوەیەیە و شیمانە دەکرێ زەردەشتیش پێغەمبەری کوردان بووبێ و ئاوێستاش یەکێ لە کتێبە پیرۆزەکان بێ.

لەناو کورداندا چەندەها ئایین بەرپا بوونە وەك زەردەشتییەت و مانەوەی و مەزدەکی و میسرائی و ئێزدیاتی و کاکەیی، بەڵام وەنەبێ ئەم ئایینانە سەد لە سەدی تەنها کوردی بن، بەڵکو گەلانی دیش، وەك گەلانی هاوسێی کورد ماوەیەك





لەسەر ئەو ئایینانە بوونە، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین باس لە رۆڵی ئاوێستا و گرنگی ئەو دەقە دینییە لە زمانی کوردی و زمانناسی کوردیدا بکەین .

## ئاڤێستا و زمانی کوردی

### کورتەیەك دەربارەی ئاڤێستا

گلدز دەڵێ: (ئاوێستا) مانای (ئەساس و بنیان و متن) دەبەخشێت، مارف خەزنەداریش دەنووسێ: وشەی (ئاڤێستا) لە وشەی ئۆپاستای پەهلەوییەوە هاتووە کە مانای بنچ و بناغە و بنیاد دەگەیەنێ ، بەڵام (ویسباج) و (بارتۆمۆلا) دەیبەنەوە سەر (پەنا و کۆمەك) . (دالا) بە مانای (زانین)ی لێکیداوەتەوە. هەندێ کەسی تر بە مانای (راوەستان) یان (قانون) یان مانایان کردووە.. (سەجادی)ش لە دەقەکانی ئەدەبی کوردیدا سێ مانای بۆ وشەی ئاوێستا دیار دەکا ئەوانیش بریتین لە (بێخ ـ پەنا ـ دۆستایەتی ـ نەزانراو....)

لە زۆر رووەوە دەکرێ شیمانەی ئەوە بکەین کە ئاوێستا واتای (نەزانراو) بگەیەنێ چونکە زمانی ئاوێستا زمانێك بووە تەنها زەردەشت خۆی لێی تێگەیشتووە.. پەیرەوکەرانی بۆیان هەبوو تەنها لەبەری بکەن، هەروەها رای وا هەیە کە بوونی ئەو جۆرە دیاردەیە بۆ پاراستنی پیرۆزی دەقەکان بووە، جا بۆ ئەوەی واتای دەقەکان ئاسان بکا، ئەوا زەردەشت تەفسیرێکی بۆ ئاوێستا نووسی و ناوی نا (زەند. سەجادی دەڵێ زەند بە زمانی پەهلەوی کۆن بووە، پەهلەوی کۆنیش زمانی کوردییە، دووبارە زەندیشی کردە فارسی و ناوی نا( پازەند).

زۆربەی سەرچاوەکان لە بارەی ئاوێستاوە دەڵێن دوو ئاوێستا هەبووە، ئاوێستای کۆن و ئاوێستای نوێ، ئاوێستای کۆن لە پاش شەڕی گامبێلا (یاخود ئەربێلا) ئەسکەندەری مەکدۆنی ئاوێستای کتێبی پیرۆزی زەردەشتی سوتاندووە، ئەوەی ماوە یۆنانییەکان بۆ خۆیان بردووە لەم بارەوە دەوترێت کە هەندێ فەیلەسوفی ناوداری یۆنانی وەك ئەفلاتۆن و هیراکلیتەس بیرۆکەی ئاوێستایان دزیوە، ئاوێستای

نویَ واتای ئاوێستای سەردەمی ساسانی دەگەیەنیَ، ئەو ئاوێستایە لە پێنج بەش پێك دیَ.. ریز بوونی بەشەكان لە ژێدەرێكەوە بۆ ژێدەرێكی تر جیایە ، هەروەها هەندیَ نووسەر پێنج بەشەكەی ئاوێستا بە چوار كتێب تەماشا ناكەن بەڵكو بە بەشێك لە خوردە ئاوێستا دادەنێن.. هەر پێنج بەشەكەی ئاوێستا بەم جۆرەیە:

1ـ(یەسنا) یاخود (یەسن) بە واتای (ستایش) دیَ و كۆمەڵیَ نزا لەخۆ دەگریَ، گرنگترین بەشی ئاوێستایە.. گاتەكان، كە سرووده ئایینییەكانن، بەشێكن لە یەسنا.

2ـویسپرد واتای (گشت سەروەران) دەەگەیەنیَ باس لە پەرستن دەگات، هەندیَ دەڵێن تەواوكەری یەسنایە، هەندێكی تر دەڵێن دەگەڵ یەسنا لە رووی بابەتی ناوەڕۆك و شێوەی داڕشتنییەوە نامۆیی و هاوچەشنیشی تێدا دیارە. ئەمەو 23ـ27 بەشی لەخۆ گرتووە.

3ـوەندیدات یاخود ڤەندیدات یاسای دژ بە دێو و ئەهریمەن دەگەیەنیَ لە 22 بەش پێكهاتووە، ئەم بەشە جیهانبینی زەردەشتی لە مەڕ مردن و ژن هێنان و ئارێشەی دی كۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە، لە نەزەری هەندیَ نووسەر ئەم بەشە دوا بەشی ئاوێستایە.

4ـیەشت بە واتای نوێژ و بەخشیش و بەزم دێت ، هەروەها بە واتای نەمرە پیرۆزەكانیش دێت ، ئەم یەشتانە (سرودانە) كە ژمارەیان 21 یەشتە تایبەتن بە ستایشی خواوەند، ئەمشاسپەند و یەزدەكان .

5ـخوردە ئاوێستا: ئاوێستای بچووك لەلای هەندیَ نووسەر ئەمە چوارەم بەشە نەك پێنجەم ، دەوتریَ كە ئەم بەشە لە سەردەمی شاپووری دووەم (نەك ئەردەشێری دووەم) وەك هەندیَ نووسەر بۆی چوونە 310ـ379 بە یارمەتی ئازبەد میهر ئەسپەند دانراوە و نوسراوەتەوە ، ئەم بەشە چوار بەش لەخۆ دەگریَ كە هەمووی نزا و پاڕانەوەن.





## ئاوێستا كتێبێكی ئاسمانییە یان زەمینیی؟!

هەر لە پرسیارەكە دیارە ،مەسەلەكە گەنگەشە هەڵدەگرێت.لە رووی دینییەوە،دەكریَ ئاوێستا ئاسمانیی بیَ و بە زمانی نەتەوەیی نووسرابیَ و بەشێك لە كەلتور و ئایینی نەتەوەیی كورد پێكبێنیَ.دارمستتری رۆژهەڵاتناس لەو بارەوە دەنووسیَ:ئاوێستا لە زەمانی مادەكاندا بە زمانی مادی لە لایەن خوداوە ناردراوە و زمانی كوردی پاشماوەی زمانی مادییە. ئەمەو ،بە حوكمی ئەوەی ئاوێستا كۆنەكە ئەسكەندەر سوتاندی و ئەوەی هەیە هەندیَ ڕای هەڤدژی تێدایە ،بۆیە ئەوەی دووەم زەمینییە و زادەی هزری مرۆڤە وەك ئینجیلەكان.

## ئاوێستا و زمانی كوردی

پاش ئەم كورتە مێژووییە لە بارەی ناوەڕۆكی ئاوێستاوە ، ئەوە دێنیَ هەندیَ سەرنج لە بارەی گرنگی ئاوێستا لە بواری زمانناسی كوردیدا بخەینە روو. زمانەكانی كۆنی ئێرانی ـ رەگەز ئاری نەك تەنیا فارس ـ بریتی بوون لە سیَ زمان:

1ـزمانی میدی: زمانی شاكان و خەڵكی رۆژئاوا و ناوەڕاستی ئێران بووە.

2ـزمانی پارسی: تایبەت بووە بە خەڵكی پارس.. پاش ئەوەی شاكانی هەخامەنشینەكان هاتنە سەر حوكم ئەو زمانە لە سەرانسەری ئێراندا بڵاوبۆوە.

3ـزمانی ئاوێستایی زمانی كتێبە پیرۆزەكەی زەردەشت بووە، زمانی بەشێك لە خەڵكی دەڤەرەكانی رۆژهەڵات و باكووری رۆژهەڵاتی ئێران بووە. هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا ، زمانی ئاوێستا زمانێكی تایبەت بە زەردەشت بووە هەر خۆی لێی تێگەییوە .

جا بۆ ئەوەی خەڵكانی غەیرە كوردیش لە دەقی ئاوێستا بگەن، ئەوا تەفسیری زەندی كوردیش بە فارسی كراوە، لەوانەیە ئەمە بەر لە دەسەڵاتی هەخامەنشینی و ئەشكانی و ساسانی كرابیَ، چونكە لەگەڵ رووخانی دەوڵەتی میدیاش، كە ئاوێستا كتێبی پیرۆز و ئایینی فەرمی دەوڵەت بووە، هەخامەنشینەكان هەر پەیڕەوی

ئاوێستایان کردووە و بە دینی ڕەسمی دەوڵەتیان داناوە ، زمانی ئاوێستایی و ئەلفبێیەکەی جێگەی مشت مڕن: خەتی (مێخی – Cuneform) و خەتی ئاوێستایی و خەتی پەهلەوی بە خەتی زمانی ئاوێستا دادەنرێن! !شیمانەی ئەوە دەکرێ ئاوێستا لە سەردەمە جوداکاندا بەو هەموو خەتە نووسرابێ! !بەڵام توێژەر باوەڕی وایە کە چۆن ئاوێستا بە زمانی مادی هاتووە و هەر بە ئەلفبێی مادیش نووسراوە، ئەمەش وایکردووە زمان و ئەلفبێی هەردوو دەقی ئاوێستایی سەردەمی ماد و ساسانییەکان وەك یەك نەبن .هەروەها مەسەلەی چەند زمانی دەقی ئاوێستا مەسەلەیەکە حاشای لێناکرێ ئەوەتە عەلائەدین

سەجادی لە لاپەڕە (23ـ22) ی کتێبی دەقەکانی ئەدەبی کوردیدا ناونیشانی هەر بیست و یەك بەشەکەی ئاوێستای کە وەك لە گاتەکان و (دینکرد)دا هاتووە بە زمانی ئاوێستایی و پەهلەوی تۆمار کردووە و ئەو وشانە نە لە رووی مۆرفۆلۆژی و نە لە رووی فۆنۆلۆژییەوە بە یەك ناچن:

| ئاوێستایی | پەهلەویی |
|---|---|
| 1ـ یتها | سوتکار |
| 2ـ اهو | وارشت مانسەر |
| 3ـوئیریو | بخ ـ باگ |
| 4ـاتها | واشتەك ـ دامراد |
| 5ـرتوش | ناتار |
| 6ـاهات | پاچەك ـ پاژاك |
| 7ـچیت | راتودات ئەتیك |
| 8ـهچا | باریش |
| 9ـونکهئوش | کاشکوسروب |
| 10ـدزدا | ویشتاسپ ساست |





| | |
|---|---|
| 11ـمەنەنگهۆ | واشتاك |
| 12ـشیۆتهننام | چتردات |
| 13ـئەنگهوش | سپەند |
| 14ـمزدائی | باگان یاشت |
| 15ـخشتهرمچا | نیگاتوم |
| 16ـئەصورائی | گنیا سەرنیگات |
| 17ـئا | هۆ سپارم |
| 18ـئیم | هۆ سپارم |
| 19ـدریگۆ بیو | وەندیدات |
| 20ـددت | هادو خوت |
| 21ـواستارم | ستودیەشت |

نکوڵی لەوە ناکرێ کە زمان لە گۆڕانێکی سیستماتیکی بەردەوام دایە و لە ماوەی تەنیا سەدەیەکدا زمانێك وشەکانی ، دەنگەکانی ، ڕێنووسی ، ڕێزمانی چەندەها گۆڕان بەخۆیەوە دەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانەکە سەد لە سەد نابێ لە بونیادی زمانەکە" بەڵکو هەندێ وشە و دەنگ و ڕێنووس بوونی خۆیان هەر دەپارێزن . ئەو جیاوازییە بنەڕەتییەی لەنێوان ئاوێستا و پەهلەوی دایە وەك وتمان نە لە رووی وشەسازی و نە لە دەنگسازی لە یەك ناکەن (محەمەد ئەمین زەکی) لە لاپەڕە (211)ی خولاصەدا کتێبی ئاوێستایی دەگەڵ فارسی و کوردی سلێمانی کۆمەڵێ وشەی ئاوێستایی دەگەڵ فارسی و کوردی سلێمانی و کرمانجیدا بەراورد کردووە.

لەم بەراوردکردنەدا دەردەکەوێت کە ئەم وشانە لە رووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆ لۆژییەوە لە کوردی نزیکن نەك لە فارسی وەك :

| ئاوێستا | کوردی سلێمانی | کرمانجی ئێستا | فارسی ئێستا |
|---|---|---|---|
| ماز | گەورە | مەزن | سنگین ، بزرگ |
| بەرەزا | بەرز | بەرز | بلند |
| ماسیا | ماسی | ماسی | ماهی |
| ئوشترا | حوشتر | ئوشترا | شتر |
| یەرەتا | یرد | یرت | یل |
| هۆر | ڕۆژ | خۆر | ئافتاب |
| ئەزم | من | ئەز | من |

محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمان کوردیدا)

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە رووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و سینتاکسەوە لە نێوان زمانی ئاوێشتا و زارەکانی زمانی کوردی بەرپا کردووە، لەو لێکۆڵینەوەیەدا توێژەر هەوڵی داوە لە یەك نزیکی و جیاوازی وشەکانی ئاوێستا لەگەڵ هەندێکی زارەکانی کوردیدا بدۆزێتەوە، لە بواری دەنگسازیدا، دەقی ئاوێستا ـ ئێمە مەبەستمان (زەند) ە ـ زۆربەی ئەو دەنگانەی لەخۆگرتووە کە لە کوردی دێریندا هەن، دەنگی (ح ،) و (ع)ی تێدا نییە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو دوو دەنگە دواتر لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، لە بواری مۆرفۆلۆژیشدا، توێژەر گەیشتۆتە ئەو رایەی کە زمانی ئاوێستا دەگەڵ زاری هەورامی زۆر لە یەك نزیکن، بە جۆرێ زۆر لە وشەکان ڕێنووس و گۆ کردنیان لە یەك نزیکن نەك لەگەڵ زاراوەکانی تر، بە ڕای من ئەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك لەوانە:

1ـشێوەزمانی هەورامی ماوەیەکی زۆر لە پاش زەردەشتیەتیش زمانی دینی و ئەدەبی بووە، کتێبە پیرۆزەکانی کوردی دێرین وەك (ماریفەت) و (پیرشالیار) و (یارەسان) و (نور الانوار) بە شێوەزاری هەورامی نووسراون، ئەم لەیەك چوونە وای





لە قانعی شاعیر کردووە لە شیعرێکدا بە ئاشکرا بڵێ خودی ئاوێستاش بە هەورامی لەلایەن خواوە بۆ مرۆڤ هاتبێ:

**کتێبی زەردەشت ، کە ئاوێستایە**

**وەك باقی کتێب خەڵاتی خوایە**

**بەزوان هەورامی هاتە سەر بەشەر**

**یانی ها زەردەشت بوو بە پێغەمبەر**

2لە رووی جوگرافییەوە، لە پاش هاتنی ئیسلامیش بۆ ناوچەکە ناوچەی هەورامان پاشماوەی زەردەشتییەتی هەر تێدا مابوو لە پاشان هەر بووە بنکەیەکی ئایینی کاکەییەکان، ئەو ئاینەش ئەگەر سەد لەسەر تەنیا کوردی نییە، بەڵکو گەلانی غەیرە کوردیش وەك فارس و تورکی ئازەری تێدا بووە، بەڵام زیاتر کوردین و کتێبەکانیشیان بە کوردی بووە.

هەندێ نموونە لەو وشانەی ئاوێستا کە دەگەڵ هەورامی دا لە یەك نزیکن لە رووی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ڕێنووسەوە:

| ئاوێستا | هەورامی | واتا کوردییەکەی ئەمڕۆ |
|---|---|---|
| ئیڤە | یۆڤە | یەك |
| دڤە | دۆڤێ | دوو |
| پاد | پا | پێ |
| ئاپ | ئاپ | ئاو |
| گاڤ | گاڤ | لە ڕیزی ناوی نێر و مێیە |
| پادا | پادار | خێرا لە ڕۆیشتندا |
| بوومی | بووم | زەوی |

ئەمە و بوونی دیاردەی نێر و مێ ـ سێکس لە زماندا لە ئاوێستا و هەورامیدا لە زۆر رووەوە لە یەك نزیکن، هەروەها چ لە بارە دیاردەی سێکس لە زمان و شێوە گۆکردنی هەندێ وشەدا لە یەك نزیکییەك لەنێوان ئاوێستا و کرمانجی ژووروشدا هەیە، ئەوەش وادەزانم بەڵگەی باشن بۆ ئەوەی بڵێین ئاوێستا بەشێك لە کەلتوری زمانی کوردی پێکدێنێ . ئەمەو سەجادی دەقی ئاوێستای بە دەقێکی کوردی دێرین داناوە، بە واتای هەروەك چۆن لە رووی مۆرفۆلۆژییەوە لەیەکچوونێکی زۆر لەنێوان ئاوێستا و هەورامی و شێوە زاری کرمانجی ژووروودا هەیە، ئەوا ئەو دەقەی ئاوێستاش دەکرێ وەك دەقێکی ئەدەبی کۆن حسێب بکرێ .

بەڵام بە حوکمی لە یەك نزیکی کوردی و فارسی چ لە رووی خزمایەتی زمانی رەگەزییەوە چ لە رووی جوگرافیا و مێژووەوە، ئەوا وای لە هەندێ توێژەر کردووە وەك مینۆرسکی کە بڵێ : ئەگەر کوردەکان و فارسەکان برا نەبن ئەوا ئامۆزان.. ئەمەو بوونی دوو تەفسیر یاخود دەقی لێکدراوە بۆ دەقی ئاوێستا ، یاخود رێکتر تەفسیرکردنی زەندی کوردی بە زمانی فارسی (پازەند) وای لە هەندێ توێژەری فارس کردووە کە بە دیدێکی نەتەوەیی بەرتەسك لە ئاوێستا بڕوانن و بە بەشێك لە زمان و کەلتوری خۆیان دابنێن. بێجگە لە یەك نزیکی رەگەزی و خزمایەتی کوردی و فارسی و زەند و پازەند ئەوا گریمانی دیش لە ئارادان بۆ ئەوەی مۆرکێکی فارسی بۆ ئاوێستا دروست بکەن، لەوانە:

**<u>یەکەم:</u>** روخانی دەوڵەتی میدیا لە ساڵی 550 پ.ز لەلایـەن هەخامەنـشینەکانەوە.. ئەمەو ئاوێستا خـۆی دینـی فـەرمیی میـدیا بـووە، ئەگـەر ئاوێـستاش سـەد لـە سـەد بەزمانی میدی نەبووبێ، ئـەوا زەنـد بـە کـوردی بـووە، ڕێـی تێدەچـێ لـە پـاش ئـەم داگیرکردنە عەسکەرییە بەشێکی زەند فەوتاندرابێ هەروەها شتیش لـە بـارەی زەنـد لە سەردەمی ئەشکانییەکان و ساسانییەکان دووبارە کرابێتەوە.





**<u>دووەم:</u>** زمانی فارسی و کوردی لە زمانە هیندۆ ئێرانییەکانن ئەو لەیەك نزیکییە، واتای یەك زمان ناگەیەنێ ، چونکە لە بەشە خێزانی زمانی ئێرانیدا هەردوو زمان بە جیا هەن.

**<u>سێیەم:</u>** بێ دەوڵەتی کورد و دەسەڵاتدارێتی فارس لە پاش هەرەسی میدیا، ئەو کوردانەی بە دەسەڵاتی فارس رازی نەبوون چوونە شوێنە سەختەکان و چیاکان ، ئەوا زمانەکەیان بە کوردی ماوەتەوە، بەڵام ئەوانەی لە شاردا مانەوە فارس نەك هەر کاریگەری لەسەر زمانەکەیان کردووە بەڵکو کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر دەقەکانی ئاوێستا کردووە و لە زۆر شوێن شێوەی فارسی وەرگرتووە.

لەم روانگەوە دەتوانین بڵێین ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە دەقی بنەڕەتی ئاوێستا بە زمانی ئاوێستا بووە، ئەو زمانەش هەندێ دەڵێن بە خەتی مێخی Cuneform بووە هەندێکی تر دەڵێن بە (ئارامی) بووە، یەکێکی وەك (مەسعودی)ش دەڵێ: ئەو زمانەی ئاوێستای پێ نووسراوەتەوە، پێی دەوترێ زمانی (دین بێرە) واتا (نووسینی ئاینی) ئەو زمانەش ئەوسا هەر تەنیا زەردەشت خۆی لێی تێگەیشتووە، ئەمەش وای کردووە هەندێ وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، واتای ئاوێستا بە (نەزانراو) لێك بدەنەوە.

# کاریگەریی تەورات وئینجیل لەسەر زمانی سریانی وکوردی

## دەروازەیەك

هەموو ئاینەکان چ ئەوانەی ئاسمانیین یان مرڤکردەن کاریگەری زۆریان لەسەر زمان هەیە.کتێبی ئاینە هیندۆسەکان کاریگەرێکی زۆری لەسەر پارا ستنی زمانی سانسکر یت هەبووە. هەریەك لەتەورات وئینجیل رۆلێکی گرینگیان بینیووە لە نشونماکرد نی زمانی سریانی و یۆنان ولاتینی هەتا ئینگلیزی " ئینجیل هەتا کاریگەری لەسەر د یالێکتی کرمانجی کوردی هەبووە . رۆلی قوئانی پیرۆزیش لەسەر زمانی عەرەبی دیاردەیەکی روون و ئاشکرایە . هەریەك لە ئاڤێستاو کتیبی ئاینی ئێزیدی وکاکەیی کاریگەری خۆیان لەسەر زمانی کوردی هەبووە.

لەم بەشە توێژینەوەیەدابەکورتی لەکاریگەری تەوررات و ئینجیل لەسەر زمانی سریانی یاخود ئارامی دووایِن . هەروەها باسمان لە کاریگەریی سریانی لەسەرئەلف بای کوردی وچەند حالەتێکی دی زمانەوانی کوردی کردووە بەتایبەت سەبارەت بەکۆدکردنی پیتێك لە ئەدەبیاتی کلا سیکی کوردیدا.

## ئەدگارەکانی زمانی سریانی

زمانی سریانی (یاخود ئارامی) یەکی لە زمانە هەرە کۆنەکانە . بنەچەی زمانەکە دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵەی زمانی سامی . ئەوزمانە لەکۆندا بەزمانی ئارامی ناسرابوو. ناوەکەش دەگەرێتەوە بۆ ناوی (ئارامی کوری سامەری نووح پیغەمبەر ).

لەرووی قسەپێکردنەوە . دەوترێ کە ئاشوورییەکان دووهەزار ساڵ بەر لە رووخانی ئیمپراتۆریەتەکەیان قسەیان بەوزمانە کردووە بە لاّم لەڕووی نووسین بەو زمانەوە دەوترێ رە نگە (بەندی ئەهیکار) لە تێکستە هەرە کۆنەکانە بێت کە زمانی ئارامی نووسرابێ ئەو تێکستەش بریتی بووە لە تا بلۆیەکی قوڕی سۆرکراوە.

زمانی سامی چوار دەستە لە خۆدەگرێ ،کە بریتین لە :





1. دەستەی زمانە سامی یەکانی باکوور :ئامۆری ،ئارامی.
2. دەستەی زمانە سامی یەکانی ڕۆژئاوا :کەنانی ،عیبری
3. دەستەی زمانە سامی یەکانی ڕۆژهەڵات .ئەکەدی .
4. دەستەی زمانە سامی یەکانی باشوور :عەرەبی ،سەبەئی

زمانی ئارامی کۆن کە دەگەرێتەوە بۆدەستەی یەکەم لەسەردەمانێکدا زمانی ڕۆژهەڵات

وئاسیای بچووك هەتا ئەرمەنستان بوو لە باکوور ودەریای عەرەب لە باشوور و دەریای

سوورلە ڕۆژئاوا هەتا میسر کلدانییەکان لەگەڵ نەبوخوزنەسری پاشایان بەو زمانە دواوون هەروەك چۆن ریشافەی نوێنەر ی سەغاریبی ئاسوری لەگەل وەزیرەکانی پاشای حزقیا قسەی پیّ کردووە .

## کاریگەری یەهودییەت لەسەر زمانی سریانی

ژێدەرەکانی مەسیحیەت ئامازە بەوە دەکەن کەخودی هەندێ ئەسفاری تەورات و ئینجیل بەزمانی سریانی نوسراوون .هەروەها دەوترێ کە زمانی مارابن سراپیۆن ئەحیقاراو ئەفران ونرسای ومارعبد یشوع صوباوی هەر ئەو زمانە بووە . هەروەها دەوترێ کە هەندێ لەئەفسارەکانی کتییێبی پیرۆز وەك پێغەمبەرێتی دانیال . سفری نحمیا ، سفر ئیر میا و بەشێك لە سفری ئیزرا بە سریانی هاتونەتە خوارێ ئەمەولەسەرەتای سەرهەلدانی مەسیحیەت ئەوا هەموو تەورات بۆ زمانی سریانی وەرگێڕدراوە.ئەمەو ئەگەر بەوردی لە پەیمانی کۆن نووسراو بەزمانی عیبری بروانین ئەواچەندەهاوشەو دەنگی ئارامی دەبینرێ لە سفری ئافراندن 47:31 هاتووە کە لابات

خالی یەعقوبی ئەسیاق لەگەل یعقوب دا بە ئارامی قسەی کردووە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ1740ساڵ پێش زایین.لەسەر ئەم بنەمایە کە بەشێك لەتەورات

بەزمانی سریانی بووبێ و بەشی تریش لە عیبریە وە کرابێتە سریانی ، ئەوا زمانی سریانی بۆتە زمانی دەسەڵات و دین و بازرگانی .لە بواری دەسەڵات . زمانی سریانی وەك زمانی دەسەڵات و دین ،کاریگەرێکی زۆری هە بووە لەو دەڤەرانەی کە لەژێر قەلەمرەوی ئارامیەکاندا بوونە بەجۆرێ ئەو زمانە بۆتە زمانی فەرمی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و چەندین هەرێمی ئاسیا شان بە شانی زمانی ئەو گەڵانەیە . ئەمەو جولەکان خۆشیان زمانی سریانی باش فێرببون ،بەجۆری رای وا هەیە کە زمانی پەیمانی کۆن ، کە ئەوەی پێی دە گوترێ عیبرانی لەڕەسەندا زمانی سریانی یە نەك زمانی زگماکی جولەکەکە هەر ئەمەش وای لەجولەکە کردووە کە گرنگی زۆر بە زمانی سریانی بدەن وبیکەنە زمانی دەسەلات و ڕێ و ڕەسم و سرودی دینی کە لێسەیان .

## ڕۆڵی مەسیحیەت لەسەرهەڵدانی مانناسی سریانی

بەحوکمی ئەوەی زمانی بەشێکی پەیمانی کۆن بەزمانی سریانی بووە ، هەروەها هەر هەموو تەوراتیش بۆ زمانی سریانی وەرگێڕدراوە ، خودی زمانەکەش ڕێنووسێکی گرنگی هەبووە هەتا هەندێ بە ڕێنووسێکی ناوزەد کردووە . ئەورێنووسە .کە تەوراتی پێ نووسراوەتەوە کاریگە ری بەسەر ڕێنووسی زۆر زمانی دی سامی رەگەز بووە لەوانە زمانی عەرەبی ئەو جۆرە ڕێنووسەی سریانی هەتا ئیستا ش لە مزگەوتەکان پەیرەو دەکرێ مەسیحیەکان لەناو کوردان بە فەلە - بەهدینان ، دیانـ ناوچەی سۆران - هەولێر ،مەسیحی - سلێمانی ناسراون .

کتێبی پیرۆزیان ئینجیلە ئەو کتێبە تەواوکەری کتێبی پیرۆزی تەوراتە .لەپاش عیسا پیغەمبەر چەندەها ئینجیل پەیدابوون وەك ئینجیلی مەتی ، لۆقا، مەرقس یۆحەنا بەرنابا .... ئەو ئینجیلەی دواوە مەسیحیەکان دانی پیدانانێن چونکە لەگەل باوەری ئەوان پیك ناکاتەوە و لەزۆر جی لەگەڵ قورئانی پیرۆز پیك دەگاتەوە





.ئەمەو تاتیانی ئاشووری ئەدیابی(هەولێر) کتێبیکی بەناوی ( دیاتسرۆن ) کە بەواتای (چوارین ) دێ لە بارەی ناوەڕۆکی هەر چوار ئینجیل بە زمانی سریانی داناوە . ئەم کتیبەش بە دڵی پیاوانی کەنیسەنەبووە . بۆیە دەستیان کردووە بەوەرگێرانی هەر چوار ئینجیل لە زمانی یۆنانی یەوە بۆ زمانی سریانی .زمانی سریانی زمانی دینی بووە ئەو رایەش دەگەرێتەوە بۆزمانی تەورات و گرنگی زمانی سریانی مەسیحی لەکۆندا بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشای زمانی سریانی یان کردووە . چونکە حەزرەتی مەسیح خۆیو حەواریەکان ومژدەهێنەرەکان دوای خۆی وەك تۆما . ئادی ، ماری، بترس ، زمانی سریانی بووە . ئە گنا تیۆس ئەفرام 1976: 15 دەنووسێ (مارمەتی، یاخود هێزامەتی کە یەکێکە لە نووسەرانی ئینجیل ئینجیلەکەی خۆی بەزمانی ئارامی سریانی نووسی بوو هەروەها هەر سێ بەشەکەی تری ئینجیل لەگەل نامەکانی پۆڵس وەرگێردراو نەتە سەر زمانی سریانی ) دەوترێ کە تا تیان یاخود تەتیا نووس یەکەم کەس بووە کە پەیمانی نوێێ لە زمانی یۆنانی یەوە کردۆتەوە زمانی سریانی .لەو بارەیەوە دوو ڕاهەن یەکەم :دەڵێن کە تاتیان لە ڕۆما گەراوەتەوە بینیویەتی کە خەڵکی مەسیحی دەڤەرەکە - ئەدیاب - پێویستی یان بەدەقێکی سریانی ئینجل هەیە ، بۆیە ئەویش کتیبێکی بەناوی ویاتسرۆن کە خۆی لەخۆیدا وەرگێرانی هەر چوار ئینجیلەکە بەدیدی خۆی بەسریانی دارژتووە .ڕای دووەم: مەسیحەکانی ئەدیاب هەر چوار ئینجلەکەیان بەزمانی سریانی هەروەك چۆن پەیمانی کۆنیان بەسریانی هەبووە وتاتیان سوودی لەدەقە ئینجلەکان بەزمانی سریانی بینیوە لەسەر ئەو بنەمایەش ئینجیلەکەی خۆی بەزمانی سریانی دارشتووە ئەلبێر ئەونا دەنووسێ مەتران رابولای مەترانی ئۆرهای ئینجیلی بۆزمانی سریانی وەرگێراوە هەندێکی تر دەڵێن هەیبای قوتابی رابولا بەسەرپەرشتی رابەلا لەسەدەی پێنجەمی زایین ئینجیلی وەرگێڕاتەوە سەر زمانی سریانی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئینجیلی خەڵکی

غەیرە جووی هانداوەکە بێنە ناو ئاینی مەسیحیەت لە و پێودانگەوە مژدە دەرانی0 مەسیحی بە ناوی بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت بە زۆر جێ بڵاو بوونەتەوەو مەسیحیەتیان بڵا وکردۆتەوە . لەئاکام هەم مەسیحیەت هەم زمانی سریانی وەك زمانێکی دینی بۆتە زمانی هەموو مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و چەندین هەرێمی دی لەئاسیا و ئەفریقا ئەمەو زمانی سریانی هەر لە رێگا ی ئینجیلەوە بۆتەزمانی نوێژ ونزا جۆر بە جۆرەکانی بەیانی و ئیواران هەروەها نوێژو نزاو پارانەوەی بیرەوەری و بۆنە ئاینییەکانی وەك (تەعمید کردن وزن خواستن و دامەزراندنی شەمە شەو قەشەو مەتران ... پەیتاپەیتا زمانی سریانی بووە زمانێکی نێونەتەوەیی ئاینی نەك نەتەوەیی بەجۆری هەندێ نەتەوە دەستبەرداری زمانی نەتەوەیی خۆشیان بوون هەروەك چۆن زمانی عەرەبی هاوشانی ئاینی ئیسلامە زمانی سریانیش زۆر زوو بووە بە هاوشانی ئاینی مسیحی هەروەك چۆن ئەوانەی دەیانەوێ لەئیسلام بگەن .دەبوو قورئان بە زمانی خۆی ـعەرەبی ـبخوێنن ئەواهەموو ئەوانەی لەزانستی ئاینی مەسیحیەت دەیانخوێند دەبافێری سریاننی بن . ئەو رەوشە وای کردکەچەندەها مژدەدەرو کەسانی دی لە زانایان گرنگی بەلایەنی زمانناسی سریانی بدەن .لەگەڵ رەوتی پەرەسەندنی ئەو زمانە و دینەدا . ناچار چەندەها رینووس دانران بۆ ئەوەی گەلانی مەسیحی و جولەکە گەلانی دی پەیڕەوی بکەن .کۆنترین رێنووسی سریانی ، (ئەتەرەنجیلی ) یە . ئەو رێنووسەش پۆڵسی کوری ئەرکای رەهاوی دایهێنا .لەسەر بنەمای ئەو رێنووسە ورێنووسی دی لێکۆلینەوە لەبارەی پیت و دەنگ ووشەو رێزمانی سریانی ئە نجامدران ئەمەو هەر لە وبوارەدا شەش پیت دروستکران ئەویش بەزیاد کردنی خالەك یان نیشانەك لەژێر چەند پیتێکی بناغەیی بۆ ئەوەی چەند دەنگ یان پیتی دی بێنە کایەوە وەك ( چ =ج ،ف=ق ،ژ=د،و=ج ، مم) .





لە زمانی سریانیدا هەر پیتێك توانایەکی ژمارەیی پێدراوە وەکو کۆدێکی ئەو سەردەمە کاری پێکراوە نۆ پیتی یەکەم ژمارەکانی خانەی ( دەیان:1ـ9) بۆدانراوە ،وەك أ=1 ، ب= 2 ، ج=3 هتد . نۆ پیتی دووەم ژمارەکانی خانی سەدانیان بۆدادراوە وەك ی =10، ك=20،هتد نۆپیتی دواییش ژمارەکانی خانەی هەزارانیان بۆ داندراوە وەك :ق=100 ر=200،غ= 1000 ئەم شیانەی سریانی کاریگەرێکی زۆری لە زمانی عەرەبی وکوردیدا کردووە بەجۆرێ زۆر لەشاعیرانی کلاسیکی عەرەب وکورد سودێکی زۆریان لەو کۆدانە وەرگرتوە بۆ دیارکردنی رووداوێکی مێژوویی ،ساڵی بوون ومردنی کەسێك ...هتد .بۆ گەیاندنی مە سیحیەت وزمانی سریانی چەندەها قوتابخانە کرانەوەو ئەو قوتابخانە رۆڵێکی گرنگیان بینی لە پەرەپێدانی زیاتر بەسریانی چەنکە لەو قوتابخانە ئاینی یانەدا وانەکان زیاتر بەسریانی بوون نەك زمانی تر ئەوانەی بە یۆنانیش بوون پەیتا پەیتا دەکان بۆسریانی قوتابخانە هەرە دیاردەکان ئەمانە بوون : قوتابخانەی ئۆرهای ، قوتابخانەی نهێبین ، ، قوتابخانەی ماردین ، ، قوتابخانەی مەلاتیە ،، قوتابخانەی دێر زوقنین نزیك ئامەد ،، قوتابخانەی دێر قرتمین ـ گوری یدین ،قوتابخانەی دێر مەتی ،نزیك مۆسڵ ، قوتابخانەی دێر قنی نزیك بەغدا .لەمیانی گرنگی دان بە زمانی سریانی ئەوا چەندەها زاناو پسپۆر لەو بوارەدا پەیدابوون کەزۆربەیان پیاوی ئاینی بوون وەك ئەفراها ،ئەفرامی مەزن ، نەرسی ،ئەحومەدمە ،عبد یشوع ماردینی ، ئیشوعیا ئەدیایی ، حەنایشوع ، یەعقوب رەهاوی یوحەنا بزمنکایی،یوسف ماردینی،ئیشوعیائەدیایی، ،خامیس قەداهی ، یوحەنا ئاسیاوی ...هتد

لەسەر دەستی قەشەو مژدە دەرانی مەسیحی دا چەندەها کتێب ونامیلکە و وتار بە زمانی سریانی لەسەر مەسیحیەت ورێزمان وئەدەبی سریانی بڵاوکرانەوە هەروەها بۆ ئەوەی زمانی سریانی هەر زمانی دین و کەنێسەو رێ ورەسمی دینی نەبێ و

ببێتە زمانێکی ئەدەبی و سیاسی وکەلتووری ئەوا چەندەها فەرهەنگ لە نێوان سریانی وزمانی عەرەبی وئینگلیزی فەرەنسی و ئیتالّی وتورکی و فارسی نووسران . رۆ لّێکی دی زمانی سریانی .گەیاندنی شارستانییەت جوداکانە .مەسیحیەت سەردەمێك ئاینی ڕۆژهەلّات و ڕۆژئاوا بوو. کرۆکی ئەم شارستانییەتانەش بە زمانی سریانی و یۆنانی و لاتینی بوون . ئەو بیرو رایانەی دەگەلّ مەسیحیەت هەڤدژ نەبوون ئەوا پیاوانی مەسیحی دەیانکردنە سریانی . کوردەکان کە بەر لەهەر میللە تێکی دی بروایان بە پێغەمبەرایەتی عیسا هێنابوو ئەوا ما د – کورد لە ئینجلدا ئاماژەیان پێکراوە و شارستانییەتی ماد و زەردەشتی هەتا مانەوەی نەك هەر گرنگی بە سریانی داوە .بەلّکو کتێبێکی بە سریانی نووسیوە لەگەلّ پاشای فارسی دا بە سریانی قسەی کردووە عەرەبەکان سودێکی زۆریان لە کۆششی کەلتووری سریانی قسەی کردووە . ئەوەی بە سریانی نووسراوە هەڤدژ نەبووە لەگەل ئیسلام بۆ عەرەبی یان وەرگێڕدراوە.

ئەنجامەکان

لەم کورتە توێژینەوە دا کە بە شێکی بچووکی کتێبی ( ئاین و زمانناسییە) چەند ئاکامێك پێکراون دەکرێ لەم چەند خالەدا کورتیان بکەینەوە .

1. دەقی ئاینی و پیرۆز هەر وشەیە کی ئەم دەقە کارێگەرێکی هەیە لە پاراستنی زمانی دەقەکە
2. هەتا دە قە ئاینییەکە دەسەلّات رۆ حی خۆی هەبووە .زمانی ئەو دەقەش هەم شکۆیە کی رۆحی و هەروەها ئامادەبونێکی دایمی هەبووە نەك هەر تەنیا لەلای تاکەکانی نەتەوەی زمانەکە بەلّکو لەلای هە ر ئیماندارێکی دەقە پیرۆزەکە .





3. زمانی ئارامی ( سریانی ـکلدانی ) بەهۆی هەردوو دەقی (تەورات) و(ئینجیل) دەگەلّ ژیانی ئاینی وسیاسی وکۆمەلّایەتی ئەو دەقە تەمەنی خۆی پارستووە . کۆنترین دەقی جولوکە کە بە( کتێبی پیغەمبەر گوبیا)بەناوبانگە بەو زمانە نووسراوە .
4. لە پالّ ئەو کا ریگەر ییەی هەر یەك لەدینی جولەکە و . فەلەکان لەسەر ئەو زمانەدا ،ئەلف بای ئەو زمانە توانیویەتی ببێتە بنەمایەك بۆ چەند زمانێکی دی هەروەها پیتەکانی ئەلف بای زمافیی ئەو زمانەش بەشدارییەکی تری نوێیان لەکورت کردنەوەی زماندا کردووە بەوەی تەنیا پیتێك نەك هەرتەنیا ژمارەیەکی نواندووە ،.بەلّکو بۆتە کۆدێکیش .

**سەرچاوەکان**


1) اغنا طیوس افرام اول – اللؤلؤ المثور فی تاریخ العلوم والاداب السریانییة۔ بغداد1967
2) البیر یوناـاتادب ،اللغة الارامیة
3) فەرهاد پیربالّ ،ئینجل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا
4) سەلام ناوخۆش ،زماننناسی وئاین
5) یعقوب اوجین منا ، قاموس کلدانی ـ عربی ـ
6) یعقوب اوجین منا المروج النزهیة فی اداب اللغة الارمیة

# ئینجیل و قورئان و زماننـاسی کوردی

## دەروازەیەك

ئایین، ئاسمانیی بێت یاخود ئینسانیی، رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵگەدا دەگێڕێ، بە حوکمی ئەوەی زمان شادەماری کەنالی تاکەکانی نێوان کۆمەڵگایە، بۆیە زمان نەك هەر بەدەر نییە لەو کاریگەرییە، بەڵکو وەك دەرکەوتووە کە خودی بزاڤی زماننناسی لە کایەی ئایینەوە گەشەو نمای کردووە.

هەریەك لە ئینجیل و قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی نە نووسراون ، بەلاَم هەریەکەی بە جۆرێك کاریگەری لە سەر بزاڤی زماننناسی کوردییەوە بەجێهێشتووە، ئەگەر ئینجیل وەك پەیڤ و تێرم ئەو کاریگەرییەی نەبووە، چونکە بابەتەکانی ئینجیل نەبوونەتە بابەتی شاعیران و نووسەران و ڕۆژانەی خەڵك، بەلاَم لە ڕێگای تەرجومەکردنی ئینجیلەوە، دەقێکی بە کوردی نووسراو مێژوویێکی نوێی بۆ پەخشانی کوردی دروست کردووە، بێ گومان ئینجیلی کوردی وەك دەق دەقێکی نەتەوەیی یاخود ئایینی کوردی نییە، بەلاَم وەك زمان (زمانی دەق) کوردییە، ئەو کوردییەش مێژووی نووسینی پەخشانی کوردی درێژ دەکاتەوە.

هەرچی دەقی قورئانە بە حوکمی ئەوەی بۆتە بەشێکی گرنگی نووسەران و شاعیران و خەڵك، بۆیە کاریگەرییەکە لە قورئان زۆر بەرچاوترە تا لە ئینجیل، لە لایەکی تریش پەیڤەکانی قورئان، چونکە پەیڤی خودایین هەیبەتێکی زۆری بەسەر نەك هەر پەیڤی کوردیدا بەڵکو پەیڤی عەرەبی ئاساییشدا هەیە، ئەو سیما و ئادگارانەی قورئان هەتا لە دەقەکانی ئەدەبی کاکەیی و یەزیدیاتیش ڕەنگی داوەتەوە، ئەدەبی کلاسیکی کوردیش بوارێکی ڕەنگدانەوەی موفرەداتی قورئانییە، ڕاڤەکردن و، وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆ کوردی وەرچەرخانێکی دیکەیە لە بزاڤی





زماننناسی کوردیدا، چونکە لەو ڕێگایەوە بەسەدان چەمك و زاراوەو پەیڤی ئایینی کوردی لە مەرگ رزگاریان دەبێت.

ئەم نووسینە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە ئینجیل و زمانی کوردی و بەشی دووەمیش لە کاریگەری قورئان و بزاڤی زماننناسی کوردی دەدوێ.

## ئینجیل و زماننـاسی کوردی

ئەگەرچی دەقی ئەسڵی ئینجیل بە زمانی کوردی نەبووەو هەروەها خودی مەسیحیەتیش دینێکی ئەتنیکی - کوردی نەبووە - بەلاَم هەروەك لە ئینجیلدا هاتووە، عیسا پێغەمبەر داوای کردووە کە دینەکەی سنووری گەلی هەڵبژاردەی (الشعب المختار) ببەزێنێ و ببێتە دینێکی جیهانی، بەو پێودانگەی پیاوانی ئایینی دەرکیان بەوە کردووە کە دەبێ پێغەمبەرێکی دی بێ بۆ مرۆڤایەتی یان تەنیا بۆ گەلەکەیان، لە ئینجیلی (مەتی) دا هاتووە کە پیاوانی ئایینی زەردەشتیەت دەرکیان بەوە کردووە کە پێغەمبەرێك لە فەلەستین پەیدا دەبێ، هەر لەو روانگەیەوە هاتوونەتە فەلەستین کە مەسیح هێشتا ساوا بووە و باوەڕیان پێ هێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زەردەشتییە کوردەکان بەر لە جولەکە باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی (عیسا) هێناوە، لە ساڵی 35ی زایینی دا (تۆما) کە یەکێك بووە لە دوانزە یاوەرەکان (حەوارییەکان)ی حەزرەتی مەسیح لەسەر ڕێگای خۆیدا بۆ هیندستان سەری لە خەڵکی (ماد) داوەو پەیامی حەزرەتی مەسیحی بە خەڵکی راگەیاندووە، هەروەها (ماری)، کە پاتریارکی (کڵێسای ڕۆژهەلاَت) بووە، لە ساڵی 35ـ49 ی زایینی لەگەڵ چەند کەسێك مزگێنی (ئینجیل)ی پەیامی مەسیحی گەیاندووەتە شاری (أربل) - هەولێری ئێستا - و ناوچەکانی دەوروبەری زێی گەورەو سەرزەمینی ئاشووریو نەینەواو یەکێك لە هاوکارەکانی ناردۆتە کوردستان، هەروەها بەپێی دەستووری مێژووی ئەربێلا نووسراوەی (مشیحا زیخا) کە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەم بلاَوکراوەتەوە دینی مەسیحیەت، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لەناوچەی حدیاب - هەولێری ئەمڕۆ - بلاَوبۆتەوە، هەروەها لەسەردەمی ئاشورییەکاندا، شاری هەولێر یەکێك بووە لەو شەش بنکە گرنگانەی کە دیانەتی

مەسیحی لێوە بڵاوکراوەتەوە، لەمەشدا دەفامرێتەوە کە مەسیحیەت کاریگەرێکی زۆری لەسەر کورد کردووەو لە پاش زەردەشتیەت و ئاوێستا باوەڕی بە مەسیحیەت و ئینجیل هێناوە.

ئەو دەقە ئینجیلەی کە کورد باوەڕی پێ هێناوە بە کوردی نەبووە دەبێ یان بە زمانی یۆنانی، عیبری یان ئارامی بووبێ، ئەو سێ زمانە، زمانی بێگانە نەبوونە سەبارەت بە پیاوانی ئایینی، ئەمەو ئەگەر بزانرێ هەردوو زمانی ئارامی و عیبری لە کوردستاندا شتیان پێ نووسراوە، ئەوەتا دەوترێ کە (مانی)، رابەری دینی مانەوی کتێبەکانی خۆی بە زمانی ئارامی نووسیوە، هەرچی زمانی یۆنانییە ئەوا ئەویش لە کوردستاندا شتی پێ نووسراوە، زمانێکی نامۆ نەبووە، هیچ ژێدەرێك نییە ئاماژە بەوە بکات کە هیچ کام لەم دەقانە تەرجومەی کوردی کرابن، بەڵام هەرکە قەشەی ناوداری ئەرمەنی (ماکتۆتز میسرۆپ 362ـ440) لە ساڵی 403 (ئەلف بای ئەرمەنی) داناوە، ئەوا لە ساڵی 450 دا ئینجیل لە یۆنانییەوە کراوە بە ئەرمەنی، لەپاشان هەر ئەرمەنییەکان ئینجیلیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیش ئەم پرۆسێسە هەر زوو ڕووی نەداوە، بەڵکو هەتا سەدەی پازدەهەم هیچ دەقێکی ئینجیل بە زمانی کوردی نەبووەو پرۆسەی بەکوردی کردنی ئینجیل کە بە قسەی (تۆمابوا) لە ساڵی 1400 ەوە دەستی پێ کردووە، کاری پیاوانی ئایینی و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان بووە، هەر لەو بارەیەوە بەر لەوەی بەو کارە هەڵبستن تەواو فێری زمانی کوردی بوونەو هەتا کتێبیان لە بارەی زمانو ڕێزمانی کوردییەوە نووسیوە.

ئەو ئینجیلانەی بەر لە سەدەی نۆزدەم بە کوردی کراون لەبەر دەست نین، بەڵام لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە ژێر کاریگەری دینی و کۆلۆنیالی، گرنگی بە کوردستان دراوە بەرنامە دانراوە بۆ بە مەسیحی کردنی کوردان، لەو بارەیەوە (پاتریکە ئەرمەنییەکان) توانییان لە ساڵی 1857 بەولاوە یەکەم ئینجیل و کتێبە مەسیحییەکان تەرجومەی کوردی بکەن و لە ئەستەنبولدا چاپیان بکەن و بە کوردستاندا بڵاویان بکەنەوە، توانیشیان ئەلفابێیەکی ئەرمەنی بۆ زمانی کوردی





دابڕێژن و لە چەندین کتێبدا بەکاری بهێنن‌و، ببێتە هەنگاوێك بۆ بە ئەرمەنی کردنی نووسینی کوردی. لە نەزەری (تۆمابۆوا)، د. کەمال مەزهەر، د. کوردستان موکریانی‌و، د. فەرهاد پیربال) دا لە سەدەی پانزەهەمدا چەند نوێژێکی مەسیحی بە چەند زمانێك نووسراوەتەوە یەکێ لەو زمانانە زمانی کوردی بووە بە باوەڕی د. کەمال ، ئەم دەقە کوردییە بە ئەلفابای ئەرمەنی نووسراوە، هەرچی د. کوردستانە ئەوا دەڵێ ئەو نوێژانە چەند دێرێکن بە دیالێکتی کرمانجی و بە ئەلفابێی ئەلبانی نووسراون.

ئەم نووسینە کوردییانەی بە ئەلفابێی ئەرمەنی نووسراون، مێژوویەکی تر بۆ سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی دروست دەکەن، بەر لەو دەقانە کوردناسان و نوسەرانی کورد هەر یەکێ بە جۆرێ لەسەر بنەماو بێ بنەما نووسراوی تریان بە یەکەم پەخشانی کوردی دادەنا، هەندێ کتێبەکەی عەلی تەرماخی دەستوری زمانی عەرەبی بە کوردی ، بە یەکەمین پەخشانی کوردی دادەنێن.

هەندێکی تر عەقیدەنامەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و هەندێکی‌تر مەولودنامەی شێخ حوسێنی قازی و ، هەندێکی‌تر (مەم و زین)ەکەی بایەزیدی بە یەکەم دادەنێن، ئەمەو هەندێ باوەڕیان وایە کە (مەسحەفارەش) یاخود (سەرئەنجام) بەرایی پەخشانی کوردین.

ئەوەی پەیوەست بێ بەم نووسینەوە ئەوەیە، کە ئەگەر یەکەم پەخشانی کوردی ـ ئەگەر چەند دێڕێکیش بێ ـ بە ئەلفابێی ئەرمەنی نوسرابێ ئەوا هەوڵی تر دراون بۆ تەرجومەکردنی ئینجیل لە ئەرمەنییەوە بۆ کوردی بەزۆریش بۆ شێوەی کرمانجی، ئەمەش لەخۆڕا نەبووە ، بەڵکو فاکتەری دینی و سیاسی لە پاڵ ئەم هەنگاوو کۆششانە بوونە.

هەرواش کەوتۆتەوە هەر لە سەدەی پازدەهەمەوە تاکو سەدەی بیستەم بە دەیان جۆر ئیجیل بە کوردی کران لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەمپراتۆریەتی عوسمانی ببوە بنکەی موژدەگارانی ئەرمەنی و فەرەنسی و بەریتانی.. ئامانجی سەرەکی ئەم موژدەگارو ڕۆژهەڵاتناسانە بریتی بوو لە بە مەسیحی کردنی کورد و گەلانی

موسڵمان، بە حوکمی ئەوەی کوردو ئەرمەن هاوسنوور و هاو وڵات، هاوشار و هاو گوند بوون، پرۆسەی بە مەسیحی کردنی کوردان لە ڕێگای ئینجیلە کوردییەکانەوە ئاسانتر بووە، یەکەم هەوڵیش کە لە سەدەی نۆزدەدا کرابێ. تەرجومەکردنی هەر چوار ئینجیلەکەی مەتتا، مەرقۆس، لۆقا، یوحەننا، بووە بە دروستی ئەم وەرگێڕانەی ئینجیل بۆ زمانی کوردی لە ساڵی 1857 بووە، لە ساڵی 1861 کتێبێك بەناوی ئەلفابێ جێ یا کورمانجی و ئەرمەنی ، کە بریتیە لە ڕاڤەکردنی مەسیحییەت بە کوردی، هەر بە پیتی ئەرمەنی لە ئەستەنبۆڵدا بڵاکراوەتەوە، هەر لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئیجیلێك و چەند دەقێکی دی مەسیحی بە زمانی کوردی و بە ئەلفابێی سریانی بڵاوکراونەتەوە، پاش ئەوەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەرمەنییەکان تووشی چارەنووسێکی ڕەش بوون، بە دەست ئیتیحادییەکان، ئەوا موژدەگارەکان لە هاندانی تەرجومەکردنی ئینجیل بە زمانی کوردی نەوەستان، ئەمجارە هەرخۆیان ئەوەیان نەکردووە بەڵکو هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کوردیش وەك د. کامەران بەدرخان، بەم کارە هەڵساون، ئەو ئینجیلە بە ئەلفابێی عەرەبی بوونە یەکەم ئینجیل لەو سەردەمەیەدا لە ساڵی 1919 بووە، ئەمجارە ئەم ئینجیلە لە زمانی یۆنانی ، نەك ـ ئەرمەنی ـ تەرجومەی کوردی کراوە، لەبەر ئەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات ئەلفابێی عەرەبی بەکاردێنن بۆیە ئەم وەرگێڕانە لە شێوەی دیالێکتی موکریانی بووە.

لە ساڵی 1923 لە ئەستەنبول هەر چوار ئینجلیەکە لە یۆنانییەوە کراوەتە کوردی شێوەی کرمانجی، لە ساڵی 1951جارێکیتر ئینجیل تەرجومەی کوردی موکریانی کراوە ، لە ساڵی 1953 لە بەیروت، تەنیا ئینجیلی لۆقا، لە دیالێکتی کرمانجی ئەلفابێ عەرەبی و لاتینی لە (بەیروت) بڵاوکراوەتەوە بە قسەی تۆمابوا ئەم ئینجیلە و (پەندێن سالۆمەن) و ئینجیلی (سانت ژاك)ی کامەران بەدرخان بۆ موژدەگاران تەرجومەی کوردی کرمانجی کردوون، لە حەفتاکانیش (قەشە یوسف پەری) لەگەڵ (کەریم زەند) تەواوی ئینجیل (پەیمانی نوێ)یان تەرجومەی کوردی





کردووە، لە پاش ڕاپەڕینی 1991 بە دەیان شێوەی ئینجیل تەرجومەی کوردی بەهەردوو شێوە زمانی کرمانجی سەروو خوارو بڵاوکرانەتەوە.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە وەرگێڕانی ئینجیل لە زمانی ئەرمەنی و بە ئەلفابێی ئەرمەنی لەلایەك‌و هەوڵدان بۆ بەکوردی کردنی هەندێ لە نوێژی فەلەکان لەلایەکیتر بوارێکی ڕۆشنبیری بۆ کوردان خولقاندووە کە لە زمان و کلتور و دینی خۆیان بکۆڵنەوە، هەروەها هۆکارێك بووە بۆ ساغ کردنەوەی بەشێك لە مێژووی (تێکستی ئەدەبی) کوردی. پرۆژەکە ناراستەوخۆ لە ڕاژەی زماننناسی کوردیدا دابووە بەوەی هەر چ نەبێ لە ڕێگای ئەو دەقانەوە ئاوڕێك لە زمانی کوردی دراوەتەوە هەتا هەندێ کوردناسی ڕۆژئاوا کتێبیان لە بارەی زمان و ڕێزمانی کوردی نووسیوە و دیراسەی زمانی کوردیان کردووە، دوور نییە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان هەر لە ڕێگای ئەو موژدەگارو کوردناسانەوە ئەلفابێی لاتینی یان بۆ زمانی کوردی داڕێژتبێ، هەروەك ناتوانرێ نکۆڵی لەو هەوڵ‌و ئاکامەی ئەو دەقە وەگێڕدراوانە بکرێ، هەروەها ناکرێ نکوڵی لەو ڕاستیە بکرێ کە خودی مەسەلەکە بۆ بەرژەوەندی کوردو زمانی کوردی نەبووە، بەڵکو هەوڵدانێك بووە بۆ: لەلایەك بە مەسیحی کردنی کوردان، هەروەها پشێوی و ئاژاوە نانەوە لە نێوان (کورد و ئەرمەنی) و (کورد و ئاشووری) لەو شوێنانەی کە هەردوو لا بۆ مانەوەی چەندان سەدە لە کۆمەڵگایەکی هێمن و تەناهی پێکەوە ژیاون.

لەمەش زیاتر، لە دیدی. فەرهاد پیربال، موژدەگارو پاتریارکە ئەرمەنییەکان چەندها ئامانجی گرنگ و ستراتیژیان هەبووە لەوانە:

1ـ بەکارهێنان و سەقامگیرکردنی ئەلفابێی ئەرمەنی، لە جیاتی بەکارهێنانی ئەلفابێی عەرەبی ئیسلامی، بۆ خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی، ئەمەش بۆئەوەی گەلی کورد ئەلفابێی عەرەبی، واتە لە کلتوری تورکی و فارسی و عەرەبی دووربکەونەوەو ببن بە خاوەن کولتورێکی ئەرمەنی مەسیحی، هەروەها لە بارەی گرنگی دان بە زمانی کوردی، لە ڕێگای ئینجیل و کتێبەکانی ترەوە، ئامانجێکی ستراتیژی بۆ ئایندە لە کایە دابووە هەر لەو بارەیەوە مەبەست لە ورووژاندن و

چاندنی هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردە مەسیحییەکاندا دوو هۆکاری سەرەکی لە ئارادا بوونە:

1ـبۆئەوەی مەسیحییەکان بکەن بە مامۆستاو پێشڕەوی بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەی کورد، لە کۆتاییشدا مەسیحیەکان پێشڕەوایەتی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان بکەن و ئەوان کوردستان بەڕێوەببەن.

(وەك چۆن توانیان ئەم ئامانجە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەنێو عەرەبەکاندا جێبەجێ بکەن).

2ـبۆ ئەوەی ئەم ڕێبەرو پێشڕەوە مەسیحیە کوردانە لەکاتی تەنگانە و پێویستیدا بکەن بەپشت و پەنای خۆیان، بۆ سیاسەتو قازانجی خۆیان سوودیان لێ ببینن.

قورئانی پیرۆزو زمانناسی کوردی

لە پاش ئاڤێستاو ئینجیل دا، کورد لە سەدەی حەفتەمی زایینیدا لە سەردەمی گەیاندنی پەیامی ئیسلام بەمیللەتاندا بە قورئان ئاشنا بوو، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە کە عومەری کوڕی خەتابی میری موسڵمانان بڕیاری داوە کە مامەڵەی (ئەهلی کتاب) لەگەڵ کوردە زەردەشتیەکاندا بکرێ، بە حوکمی ئەوەی کورد لەو سەدەیەدا لە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندا بوو، هاتنی ئیسلام بۆ ئەوان وەك رزگارکردن بوو نەك داگیرکردن.

ئەگەرچی قورئان بە زمانی عەرەبی بووە، بەڵام بوونی هەر زمانێکی دی لە روانگەی قورئانەوە ئایەتێك بووە لە مەزنێتی خوای گەورە. ئەم حاڵەتەش بە درێژایی مێژوو دەرفەتێکی لە باری بۆ روناکبیرانی کورد رەخساندووە کە بە زمانی خۆیان گرنگی بە قورئان و باوەڕی ئیسلام بدەن، هەر لە رێگای ئەو کاریگەرەی قورئانەوە چەندان زانای کوردی وەك: عەلی تەرەماخی و مەلا مەحمودی بایەزیدی و شێخ حوسێنی قازی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بە زمانی کوردی بەرهەمی رۆشنبیری خۆیان بڵاوکردۆتەوە. ئەو نووسینانەی ئەوانیش سەرەتا نووسینی دەقی کوردین، بە واتای کاریگەری قورئان وای لە





زانایانی کورد کردووە گرنگی بە زمانی خۆیان بدەن، ئەوەتا عەلی تەرماخی لە پاڵ نووسینی دەستووری زمانی عەرەبی بە زمانی کوردی، ئەوا وەك د. مارف خەزنەدار دەنووسێ عەلی تەرماخی چەند بەندێکی کورتی لە چەند لاپەڕەیەکدا لەسەر رێزمانی کوردیش نووسیوە.

لەلایەکیتر، هەر لەژێر کاریگەری زمانی قورئاندا، زانایانی کورد هەوڵیان داوە ئەلفابێیەکی کوردی لەسەر ئەلفابێی عەرەبی دابڕێژن، عەلائەدینی سەجادی و جەمال نەبەزو مەستەفا نەریمانو حامید فەرەج باوەڕیان وایە کە کوردەکان پاش ئەوەی موسڵمان بوونە هەوڵیان داوە وەك فارسەکان ئەلفابێیەکی کوردی لەسەر ئەلفابێی عەرەبی دابرێژن. پیادەکردنی ئەلفابێی کوردی لە نووسراوەکانی ئێزیدیان و کاکەییەکاندا بەرچاو دەکەوێ، ئەو دەقانەش هەر لە قورئان سەرچاوەی گرتووە، هیچ ناسازییەکی عەقیدەیی لە دەقەکاندا نییە.

ئەو دەقانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە کورد لە سەدەی یازدەوە یان دوازدەوە ئەو رێنووسەی بەکارهێناوە. لە دەقێکی ئێزیدیەکاندا ئەو پیتانەی وەك ڤ ، ژ ، گ... کە لە زمانی عەرەبیدا نین، بەکار هاتوون وەك:

یارەبی ! تو هەیین ئەزنینم،

تو رەحیمی ئەز گونەهـ

توخودان حەقی ئەز بەند

تەنا چونا ، توئی چەندی ، تونا بژنا، توئی بلندی.

لە نوسراوی (سەرئەنجامی) کاکەییەکانیش دا ئەو پیتانە لەم دەقانەدا هاتوون:

یەك پارچە وەسەنگ بەرد شانا وە هەوابی..

وە ئاسمان وەستارەکان هەم سازانا....

هەر لە دەقێکی دی کاکەییەکاندا ئەم رێنووسە بەرچاو دەکەوێ:

جەم جەمی یاری گردین دۆسانەن

جەم لایق وەپۆل پوختە پۆسانەن

* * *

هەرکەس کە رۆچەنی پادشمە کەلکەرۆ

پادشام جە تەقسیر گوناش نەویەرۆ

لە سەدەی نۆزدەهەمیش مەلا مەحمودی بایەزیدی، کە بە بۆچوونی د. فەرهاد پیربالّ بە یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننوسی کوردی دادەنرێ، لە چیرۆکی (مەم و زین) و (عادات و رسومات نامەی اکرادیە) و هەروەها ئەو پێشەکییەی بۆ کتێبەکەی عەلی تەرماخی نووسیوەیەتی پیتەکانی (ڤ ، ژ ، پ ، گ) بەکار هێناوە.

مەم و زین(1856):

ژ شاعیری د کورمانجان

د زمانێ پێشین

ناڤێ یا مەزن ستی و ناڤێ یا بچووك

ئەڤ هەردوو کچێر پاك، سپی گەهانە دەرەجاکەمالّی

(عادات و رسومات: 1858 ـ 1859) پوشمانی

کچی ـ بچە

بیژن ـ بکوژین

ناڤێ ـ مرۆڤی

دگل ـ اگر

دەستوری زمانی عەرەبی بە زمانی کوردی:

ژی ناڤ و نیشانیدوی د کوردستانیدا

پاشی دست بعلومید مایی بکن

لە رۆژنامەی کوردستان1898 ـ 1902 هەندێ پیت وەك ( ە ، ی ، و ) لە جیاتی سەرو ژێرو پۆر لە لایەکو هەندێ نەبزوێنی کوردی وەك ( چ ، ڤ ، ژ ، گ ) لەو رۆژنامەیەدا بەرچاو دەکەون.

لە سەدەی بیستەمیش ئەوا چەندەها کتێبو گۆڤار و رۆژنامە هەر لەسەر ئەو ئەلفابێیە رۆیشتبوون، ئەم هەموو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارە هەر لە راژەی زمانناسی کوردی دابوونە، قۆناغ لەدوای قۆناغ بەتایبەتی لە سەردەمە زێرینەکانی کورد، وەك





سەردەمی حکومداریەکەی شێخ مەحمودو کۆماری کوردستانی مەهاباد، چوار ساڵەکەی پیادەکردنی ئۆتۆنۆمی 1970ـ1974، قۆناغی دوای راپەرینی 1991. پەیدابونی رێنووسی کوردی بە ئەلفابێی عەرەبی لە ئاکامی کاریگەری قورئانی پیرۆزدا هەنگاوێکی ئەکادیمی و زانستیە، چونکە تیۆری رێنووس بەشێکە لە زانستی زمان، لەو پێودانگەوە گرنگی دان و پیادەکردنی رێنووسی کوردی خۆی لە خۆیدا گرنگی دان بە زمانناسی کوردی دەگەیەنێ.

هەر لە ژێر کاریگەری قورئانی پیرۆزدا، ئەوا چەندەها وشەی قورئانیی هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە و زمانی کوردیان لە بواری ئایینی دا، دەولّەمەند کردووە، لە دیدی زمانناساندا، هەر وشەیەك لە زمانێکی بیانییەوە بێتە ناو زمانێکیتر و فۆنەتێکی ئەو زمانە وەرگرێ ئەوا دەبێ، بە بەشێك لەم زمانە.

ئەمەو وشەی وەك قیامەت ـ قیامە ، شەهید، فیدا ـ فداء ، رۆزی ـ رزق ، وەخت ـ وەقت ، سوژدە ـ سجدە، فەنا بوون.. هتد.. هەروەها هەندێ وشەی تر بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری حەجکردندا بەکاردێن ئەوا لە هەموو زمانانی دنیا بەتایبەتی ئینگلیزی و فەرەنسی و فارسی و هیندی و هەروەها کوردیدا هەروەکو خۆیان بەکاردێن و بوونەتە بەشێك لە پەیڤەکانی ئەم زمانانە وەك حەج ، عومرە، ئەحرام ، عەرەفە ، سەفاو مەروا...

لەلایەکیتر راڤەکردنی قورئانی پیرۆز لەلایەن مەلای گەورە و موحەمەدی خالّ و مەلا عەبدلکەریمی مودەریس و مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و مەلا عەلی ئیبراهیم گولی هەر لە ژێر کاریگەری قورئاندا، قورئانیان بۆ کوردی راڤەکردون لەو رێگایەوەش لە بواری ئاینیدا چەندەها وشەی کوردیان زیندووکردۆتەوە. لە پاشان وەرگێرانی قورئانی پیرۆز لەلایەن شەپۆل و هەژار موکریانیو تەحسین دۆسکی رۆڵێکی زۆر گرنگی بینیوە بۆ نەك هەر دەولّەمەندکردنی زمانی کوردی بە وشەی ئایینی بەلّکو بۆ زێتر حالّی بوون لە قورئاندا: بە جۆرێ ئەم دەقە بە زمانی کوردی گۆرانێك لە بونیادی خوێندەواری کورد دروست دەکات، لە رێگای ئەم دەقەوە، خوێندەواری کورد نەك هەر پەیڤی کوردی لەلا زێدە دەبێ، بەلّکو ئاسۆی بیریشی فراوانتر دەبێ

بەوەی هەر خۆی دەتوانێ تاڕادەیەکی زۆر لەم دەقانە بگات، هەروەها بە حوکمی ئەوەی هەریەك لە محەمەدی خاڵۆ هەژاری موکریانی خاوەن فەرهەنگی کوردی بوونە، ئەوا لەو ڕێگایەوە کۆششێکی زۆریان کردووە بۆئەوەی وشەی کوردی بۆ وشە قورئانییەکان بدۆزنەوە، بە ڕای توێژەر ، دەکرێ لە ڕێگای ئەم راڤە و وەرگێڕانانەدا فەرهەنگێك بۆ وشە ئاینییەکانی زمانی کوردی بنووسرێ، بەمەش زمانی کوردی گۆڕانێکی زۆر گرنگی لە ماوەیەکی کورتدا تێ دەکەوێ، ئەم هەموو هەوڵو کۆششانەش وەك ئەوانیتر هەر بە بەشێك لە بزاڤی زمانناسی کوردی دەژمێردرێن .

## ژێدەر


1ـ دەقەکانی ئەدەبی کوردی (عەلائەدینی سەجادی).

2ـ مەلا مەحمودی بایەزیدی (د. فەرهاد پیربالّ).

3ـ ئینجیل و پەخشانی کوردی (د. فەرهاد پیربالّ).

4ـ ئاین و زمانناسی (سەلام ناوخۆش).

5ـ دەقە پیرۆزەکانی یەزیدی و کاکەیی (سەلام ناوخۆش).

6ـ چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (لالش).






# قورئانی پیرۆز و زمانناسی عەرەبی
# لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئاییینییە

**دەروازەیەك:**

زمانی عەرەبی یەکێ لە زمانە کۆنەکانە، زمانی عەرەبی و عیبری و ئارامی و حەبەشی سەر بە خێزانی سامین. لە هەندێ ژێردەردا هاتووە کە زمانی یۆنانی و فارسی و میسری زۆر وشەی عەرەبیان لە مانی عەرەبی وەرگرتووە، بەر لە ئیسلام، چەند پێغەمبەرێ لەناو عەرەباندا هەڵکەوتوون لەوانە هود لە قەومی عاد، سالّح لە قەومی سەمود، شوعەیب لە قەومی مەدیەن. ئەمەو هەڵکەوتنی ئایینی ئیبراهیم پێغەمبەر لە رێگای ئیسماعیل پێغەمبەری کوردی لە ناوچەکەدا دەرفەتێکی لەباری رەخساندوە لە پێکهاتەی زمانی عەرەبیدا.

ئەمەو بەهۆی بەتەنگەوە نەهاتنی زۆربەی عەرەب بە دەنگ بانگەوازی پێغەمبەران و دوورکەوتنەوە لە ناوەندی کەلتوری و شارستانی وای کردووە زمانی عەرەبی لە ناوچەکەدا لە بەرامبەر زمانی سریانی و عیبریدا پاشەکشە بکات. ئەمەر کاری لە رەوشی خوێندەواری تاکی عەرەبیش کردووە بەتایبەتی کۆەرەکان، بەجۆرێ بە لاوازی دەنووسێ لە سەردەمی بەرایی ئیسلامدا تەنها حەڤدە کەس لەناو قورەیشدا خوێندەوار بوونە، لەوانە عومەر، عەلی، عوسمان، ئەبوعوبێدە، تەڵحە، ئەبوسوفیان، معاویە، ئەبی کوڕی کەعب، زیدی سابت، خالیدی کوڕی سەعید، موغیرەی کوڕی شعبە.. لەنێو ئافرەتانیش شیفای کچی عەبدوڵلای عەدەوییەو حەفسەو ئوم سەلمە خوێندەواریان هەبووە. دەکرێ هۆی ئەم رەوشەش لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:

1ـ سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عەرەبـزۆربەیان کۆچەر بوونە.

2ـ ڕەوشی جوگرافیی ناوچەکە و دابڕان لە ناوەندی شارستانییەت.

3ـ نەبوونی و گرانی هۆیەکانی نووسین.

4ـ مژۆڵ بوونی کۆچەریەکان بە شەڕ و تالانکاری.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو عەرەبانەی خەریکی کاری بازرگانی بوون و دەچوون بۆ عێراق و شام گۆڕانێك لە عەقڵیەتیان روویداوە.

پوختەیەك دەربارەی زمانی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام:

گەلانی دوورگەی عەرەبی یاخود گەلانی عەرەبی کۆن، شلۆزەری رۆژهەلاتناس بە سودوەرگرتن لە دەقی تەوراتدا، بە گەلانی سامی ناویان دەبا، ئەگەر خانوادەی زمانەکانی جیهان بۆ سەر چوار کۆمەڵە خێزان پۆلێن بکەین، ئەوا دوو بەشیان گەلانی عەرەبی کۆن دەگرنەوە، کە ئەویش ناسراون بە خانوادەی زمانەکانی عەرەبی ـ سامی، وە زمانەکانی حامی، کە زمانی میسری کۆن و زارەکانی زمانەکانی بەربەری دەگرێتەوە. زمانەکانی عەرەبی کۆن دەکرێن بە دوو کۆمەڵەی سەرەکی:

1ـ کۆمەڵەی زمانەکانی رۆژهەلاتی یاخود سامی رۆژهەلاتی. زمانی ئەکەدی کۆن بە هەردوو زارە سەرەکیەکەی کە بریتین لە بابلی و ئاشوری ئەو کۆمەڵەیە پێکدێنن.

2ـ کۆمەڵەی زمانەکانی رۆژئاوا، سامی رۆژئاوا، ئەمەش دوو بەشی لێ دەبێتەوە:

أ/ زاراکان یان زمانەکانی رۆژئاوایی شام.

ب/ زارەکان یان زمانەکانی عەرەبی دورگە کە ئەوانیش دوو لقیان لێ دەبێتەوە:

عەرەبی باکورـ عەرەبی باشور

هەریەك لەم زارو زمانانە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. هەندێ توێژەری عەرەب باوەڕیان وایە کە بەدرێژایی مێژوو پەیڤەکانی زمانی عەرەب کاریگەریان بۆ سەر زمانی دی هەبووە. کەرملی لە فەرهەنگەکەیدا دەنووسێ کە زۆر وشەی یۆنانی بەتایبەتی جووتەکان رەگێکی ڕەسەنی عەرەبیان هەیە و یۆنانییەکان لە عەرەبەکانیان وەرگرتووە. هەروەها بەحوکمی ئەوەی دورگەی عەرەبی لە کۆنەوە پەیوەندی بە وڵاتی فارس هەبووە، ئەوەش وایکردووە هەندێ وشەی عەرەبی بچێتە ناو زمانی فارسیەوە. تەها باقریش باوەڕی وایە ئەوەی پێی دەوترێ (غەوارە) لە





زمانی عەرەبیدا خۆی لەخۆیدا ڕەسەنێکی عەرەبی هەیە. هەر لەو بارەیەوە بە سەدان وشە دەهێنێتەوە، کە لە نەزەری ئەو هەندێ وا زەن دەبرێ لە ڕەسەندا یۆنانی، لاتینی، عیبری، یان فارسی بن، بەڵام ئەم وشانە هەموو رەگێکی عە رەبیان هەیە و عەرەبین. ئەمەو دەوترێ کە چەندان پێغەمبەر لەناو عەرەبدا سەریانهەڵداوە وەك هوود لە قەومی عاد، سالّح لە قەومی سەمود، شوعەیب لە قەومی مەدیەن. هەروەها ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەریش، ئەگەر بە ڕەسەن عەرەب نەبووە، بەڵام هەر لە دورگەی عەرەب بووە. لەدیدی قورئانیش هەر میللەتەو پێغەمبەری بەزمانی خۆی بۆ هاتووە. لەو پێودانگەوە زمانی عەرەبی لە چاخەکانی بەر لە ئیسلام زمانی ئایینی و دەسەلاتی دورگە بووە، بەڵام بە نەمانی دەسەلاتی ئایینی و دەوڵەتەوە زۆر لەو گەلانەی دورگە زمانەکەیان لەدەست داوە. ئەو کارەساتەی بەسەر بەشێ لەو گەلانە هاتووە، وەك توڕەی خوای گەورە لەو گەلانە بەهۆی لادانیان لە ئایین و باوەڕ نەهێنان. هۆکاری دی بەهێزن لەسەر کوێربوونەوەی بنەچەی ئەو گەلانە. دوورکەوتنەوە لە ناوەندی کەلتوری و شارستانیش وای کردووە زمانی عەرەبی لە ناوچەکەدا دروست ببوو. ئەمەش لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو چەند ئەگەرێك لە پاڵ ئەم گۆڕانە هەبوون. لەناو خەڵکی عێراق و شام جولەکە و مەسیحی هەبوون ئەوانەش خاوەن کتێبی ئاسمانی بوون، هەروەها لەو دەڤەرەدا ئەلفابێی سریانی و نەبتی هەبوون و، ئەمەش وای کردبوو کە ئەم دوو دەڤەرە لە رووی رۆشنبیرییەوە لە دەڤەری حیجازەوە پێشکەوتووتر بن. لە ناوەندی حیجازیشدا، هەر لەژێر کاریگەری ئایینی ئیبراهیم و یەهودی و مەسیحی زۆر کەس لە رەوشی ئایینی حیجاز و عەقڵیەتی سەران و بیرکردنەوەی میللەتەکەیان بێزار ببوون. کەسانی وەك وەرەقەی کوڕی نەوفل، عوبەیدەڵڵای کوڕی جەحش، عوسمانی کوڕی حوسێن، زەیدی کوڕی عومەر، خەریکی زیندووکردنەوەی ئایینی ئیبراهیم پێغەمبەرـسەلامی خوای لێ بێـ بوون و ناویان لەخۆ نابوو حەنیفی.

دەوترێ کە ئەو عەرەبانەی هاتوچۆی عێراق و شامیان دەکرد هەردوو خەتی سریانی نەبتیان هێناوەتە ناو قورەیش. هەروەها دەوترێ کە ئەلفابێی عەرەبی لەسەر ئەلفابێی سریانی دامەزراوە. ئەمەو هەتا سەدەی یەکەمی کۆچیش زمانی عەرەبی وەك زمانی سریانی سەروژێر و بۆری بۆ پیتەکانی نەدەکرد. بەڵام هەندێ مێژووی ئەلفابێی عەرەبی زۆر لەوە کۆنتر دەکەنەوە. ئیبن نەدیم لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە کە هەریەك لە مرامرەی کوڕی مرە، ئەلسەمی کوڕی سدرەو عامری کوڕی جدرە، کە خەڵکی قەبیلەی بۆ لانی نزیك ئەنبار بوونە، یەکەم کەس بوونە کە بە زمانی عەرەبییان نووسیبێ. لەمەش زیاتر، بەلارزی دەنووسێ: لەپاش ئەم قەبیلە خەڵکی ئەنبار لەوان فێربوون، خەڵکی حیرەش لە ئەنباریەکان فێربوون، حیجازیەکانیش لە خەڵکی حیرە فێربوون. لەسەرگوزەشتەیەکیدا هاتووە کە ئەبوقەیسی کوڕی عەبدولمەناف یان حەربی کوڕی ئومەیە نووسینی هێناوەتە ناو قورەیش.

هەرچۆنێ بێ بەر لە ئیسلام، لەناو عەرەبدا ئەلفابێیەك هەبووەو نووسین لەناو شارەکاندا بەڕێژەیەك هەبووە، بەڵام هەر تیرەو دیالێکتی تایبەتی خۆی هەبووە. لەو نێوە دیالێکتی قورەیش لە هەموو دیالێکتەکانی تر پاراوتر و رەوانتر بووە. هەندێ فاکتەر لەپاڵ ئەم رەوشەدا بوونە، لەوانە هەردوو هۆزی ئومەیە و هۆزی هاشم کە دوو هۆزی باڵادەستی مەککە بوون، یەکەمیان هەر لە کۆنەوە خەریکی بازرگانی بوو، هی دووەمیش خەریکی زەیەوانی کەعبە بوون. بوونی کابەی پیرۆز وەك ناوەندێکی پەرستن بۆ هەموو عەرەب کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر قەبوڵکردنی تیرەکانی دی کە دیالێکتی قورەیش ببێ بە زمانی دەسەڵات و پەرستن و ئەدەب. هەر بەو دیالێکتە شاعیرانی عەرەب بازاڕی عوکازیان بە شیعرەکانیان دەڕازاندەوە. وەك شانازیکردنێك بەو زمانە، ئەوا حەوت پارچەشیعری رەوانگۆترین شاعیرانی خۆیان بەئاوی زێڕ نووسیبۆوەو، بەدیواری کەعبەدا هاڵیان واسیبوو، بەم شیعرانەیان دەگووت: ((المعلقات السبعة)) هەرچەندە دیالێکتی قورەیش توانی تاڕادەیەك ببێ بە





زمانی یەکگرتووی عەرەبی، بەڵام نەیتوانی کاریگەرییەکەی سنوری حیجار ببەزێنێ. هۆی سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:

ئەوسا عەرەب خاوەن هیچ شارستانییەك و دەسەڵاتێکی عەسکەری و سیاسی نەبوون. هەروەها شوێنی جیۆپۆلتیکی حیجاز فاکتەرێکی دی بوو، دیالێکتی قورەیش پێش هاتنی ئیسلام هەر تەنها بە زمانێکی ناوچەیی بمێنێتەوە.

**هۆیەکانی سەرهەڵدانی زمانناسی عەرەبی**

زیاتر لە دە ئایەتی قورئان هەیە کە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە. هەروەها هەندێ سەرگوزشتەش هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە قورئان بە شێوازی قورەیشی دابەزیوە. لەزۆر جێی قورئانیش هاتووە کە قورئان بۆ هەموو مرۆڤایەتیە نەك تەنها بۆ گەلێك. لەسەردەمی قورئانیش ئەلفابێی سریانی لەناو عەرەباندا بەربڵاو بوو. ئەو ئەلفابێیە لەزۆر رووەوە لە ئەلفابێی عەرەبی جیاوازە، هەروەها هەندێ پیت لەو ئەلفابێیە هەن کە لە عەرەبیدا نییە. هەروەها لە ئەلفابێی سریانیدا سەروژێر و بۆر نییە، کەچی لە عەرەبیدا ئەگەر سەرو بۆر و ژێر بۆ وشەکان نەکرێ، ئەوا تەواوی واتای وشەکە دەگۆڕێ، بۆ نموونە وشەی (علم) بە سەرو بۆر و ژێر بۆ کردن چەندەها واتای جیاواز دەدات: (عَلِمَ: زانی، عِلْم: زانین، عَلَم: ئاڵا ، عُلِمَ: زانرا، فێرکرا، عَلَّمَ: زانی....هتد.

لەرێگای دەقەوە- کۆنێکستەوە، تاکی عەرەب دەتوانێ ئەمە لە یەك جودا بکاتەوە، بەڵام بۆ غەیرە عەرەب، ئەمە ئەگەر بۆ سەر و بۆر و ژێر پێویست بوبوێ، ئەوا هەروەها بۆ جیاکردنەوەی هەندێ پیت لە یەکتریش پێویست بوو ئەلفابێیەکی دی بێتە کایەوە کە دەگەڵ زمانی عەرەبیدا بسازێ، هەر لەو بارەیەوە هێمای (ح) دەبوو خاڵی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی دەنگەکانی زمانی عەرەبی دەرببڕێ، بۆیە بۆ جیم -ج) و بۆ خا (خ)، ئەم شێوانە دانران، هەروەها عـإ، دـ ذ، صـ ض،..هتد. بەم شێوەیە لە یەك جوداکرانەوە.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی توێژینەوە لە پێویست بوونی دانانی سەرو بۆر و ژێر بۆ وشەکانی عەرەبی دەوترێ کە یەکەم کەس دەرکی بەوە کردبێ ئەبولئەسوەدی دوئەلی بووە.

ئەلدوئەلی دەبینێ یەکی ئایەتی سێی سورەتی (التوبە): ((ان اللە بريء من المشركين ورسوله)) لە ژێر دانان بۆ لامی (رسولِه) دەخوێنێتەوە، ئەمەش تەواوی واتای ئایەتەکە دەگۆڕێ بە جۆرێ هەڤدژە لەگەڵ چەمکی قورئان. جا بۆ راست خوێندنەوەی قورئانن ئەلدوئەلی بەڕاوێژ لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو تالیبرەزای خوای لێ بێ، هەندێ هێمای لە شێوەی نوقتە لەسەر قورئان دانا: تەنیا نوقتەیەك لەسەر پیت واتای (سەرـ فتحة)ی دەگەیاند، نوقتە لەژێر پیت (ژێرـ کسرة)ی دەگەیاند، نوقتە لەپێش پیت (بۆرـ ضمة)ی دەگەیاند، ئەگەر دوو نوقتە لەسەر یەك هەبووان ئەوا واتای تەنوینی دەگەیاند.

ئەم جۆرە سەرو بۆر و ژێر بۆکردنە ناسراوە بە نوقتەدانانی ئەبولئەسوەدی ئەلدوئلی. ئامانجی سەرەکی ئەلدوئلی بۆ هاندانی خەڵك بوو کە قورئان بە دروست بخوێنێتەوە و تووشی  هەڵە نەبن، چونکە قورئان دەقێکی پیرۆزە دەبێ بە دروست و رەوانی بخوێنرێتەوە.

لە سەردەمی ئەمەویەکانیشدا کە ئیسلام گەیشتە ناو گەلانی غەیرە عەرەبیش، ئەوا موسوڵمانانی غەیرە عەرەب دەبوو قورئان وەك خۆی بخوێننەوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لەناو هەندێ لەو گەلانە ئەلفابێیەکی جیاواز لە عەرەبی هەبووە، بۆیە دەبوو زمانناسانی عەرەب خاڵ بۆ هەندێ لە پیتە لەیەکچووەکان دابنێن، تا لە یەکتریان جودا بکەنەوەو بە راست و رەوانی قورئان بخوێننەوە، بۆیە لەپاش ئەلدوئلی دوو لە قوتابیەکانی کە نەسری کوڕی عاسم و یەحیای کوڕی یەعمر بوون نوقتەیان بۆ پیتە لەیەکچووەکان دانا وەك (غـع، ج،خ،ح..هتد.

گەورەترین چاککردن لە ئەلفابێی عەرەبی لە سەردەستی خەلیل ئەحمەدی فەراهیدی بەرپابوو. (لە 786ز مردووە).





فەراهیدی لە بریتی نوقتەکانی ئەلدوئی، هەشت هێمای داهێنا کە ئەمانە بوون: الضمة، الفتحة، الكسرة، السكون، الشدّة، المدّة، الصلة، الهمزة)، بۆ تەنویینش دووجار ئەم هێمایانەی بەکاردەهێنا.

ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ئەلفابێی و رێنووسی عەرەبیدا هات هەر هەموو لەژێر کاریگەری قورئاندا بووە، چونکە لەلایەك پیرۆزی قورئان، وەك زمانی ئایین و دەسەڵات و پەرستن، لەلایەکی تریش وەك دەقێکی ئاسمانی کە هەڵە هەڵناگرێ، ئەوا دەبوو عەرەبی لەسەر بونیادی زمانی قورئان دابڕێژرێ. ئەمە بۆ عەرەب بۆ غەیری عەرەبیش لەو سەردەمانەدا گەلانی موسڵمان یان قورئانیان وەك خۆی بەکارهێناوە و زانایانی غەیرە عەرەب عەرەبی فێربوونەو لەو رێگایەوە قورئانیان بە گەلانی خۆیان گەیاندووە یان لەرێگای راڤەکردنی قورئانەوە، ئەمەش کاریگەرییەکەی زێتر کرد، چونکە غەیرە عەرەب ناچار بوون دەستووری زمانی عەرەبیش فێر بن.

کریستال لەبارەی گرنگی قورئان بەسەر زمانی عەرەبیەوە دەنووسێ: "قورئان نەدەبوو بۆ زمانی دی وەربگێڕدرێ، دەبوو وەك خۆی راڤە بکرێ، گۆ بکرێ. ئەو دیاردەیەش وەیکرد ژمارەیەکی لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانی عەرەبیەوە سەرهەڵبدەن، چ وەك زمانی دایك یان چ وەك زمانێکی بیانی".

هەر لەرێگای کاریگەری قورئانەوە، ئەوا پێشڤەچوونێکی زۆر لە بواری فەرهەنگسازی و دەنگسازی و مێژووی زمانەوە بەرپابوون.

فرۆمکین و رۆدمان دوپاتی ئەوە دەکەنەوە کە "دەبێ قورئان هەر بە عەرەبی بێ و بۆ ئەوەی پیرۆزی خۆی لەدەست نەدا نابێ بۆ زمانی دی وەربگێڕدرێ".

میلکا ئیفیك دەنووسێ: "قورئانی پیرۆز وەك کتێبێکی پیرۆزی باوەڕ پیرۆز پاڵنەری راستەوخۆی بەرپابوونی زمانناسی بووە لەناو عەرەباندا".

ئەگەر هەڵە خوێندنەوەی قورئان فاکتەرێك بووبێ بۆ ئەوەی ئەلدوئلی سەرو بۆر و ژێر بۆ وشەکانی قورئان دابنێ لە پاشان فەراهیدی نەك هەر هێما بۆ قورئان دابنێ،

بەڵکو بنەماکانی دەنگسازی عەرەبش دابنێ، لە ئاکام زمانناسی عەرەبی بێتە کایەوە، ئەوا فاکتەرێکی دیش ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەسەرهەڵدانی زمانناسیدا، ئەویش (حەوت شێوە خوێندنەوەکەی قورئان)ە.

د.عەلی واخی دەنووسێ: "کە پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ- بە سروشی خوا لەناو هەر تیرەیەکدا قورئانی بۆ بهاتبا خوارەوە، ئەوا بەشێوازی ئەوان دەیخوێندەوە. ئەو شێوازانە ئەگەر لە بونیادی وشە یان فۆنەتیکی وشەیەکدا روبدا، ئەوا کار لە واتای بنەڕەتی وشەکە ناکات، بوونی ئەو شێوازانەش هەر بۆ ئاسانکاری خوێندنەوە بووە، چونکە وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە پێغەمبەر –دروودی خوای لێ بێ– بە جوبرەیلی وتوە: "ئەی جوبریل، من بۆ گەلێکی نەخوێندەوار هاتووم، لەناو ئەوانە پیرو پەککەوتەو غولام و جاریە هەن، پیاوی وا هەیە لە ژیانی خۆی کتێبێکی نەخوێندۆتەوە. لە وەڵامدا جوبریل وتویەتی: ئەی موحەممەد، قورئان لەسەر حەوت پیتشێوە هاتۆتە خوارەوە". بە واتای بۆ ئەوەی هەر تیرەو بەگوێرەی شێوەزاری خۆی بیخوێنێتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکرێ ئەم شێوازانە هەر بۆ خوێندنەوە بووە نەك نووسین. لەو سەرگوزشتانەی لەبارەی نووسینەوەی قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا هاتوون جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە نووسەرانی سروش دەقی قورئانیان بەگوێرەی زمانی قوڕەیش بووە ئەوەش ئەو ڕێنووسە بووە کە پێغەمبەر-دروودی خوای لێ بێ- جەختی لەسەر کردووە. لەکاتی نووسینەوەی قورئانیش لە سەردەمی ئەبوبەکر و عوسمان ڕەزای خوایان لێ بێ- هەر پەیڕەوی نەتق و ڕێنووسی پێغەمبەر کراوە. ئەو دیاردەیەش ڕێخۆشکەرێك بوو بۆ زمانناسانی عەرەب کە چەندەها توێژینەوەی ورد لەبارەی دەنگەکانی زمانی عەرەبی و شێوەی دروست بوونیان و ئەدگارەکانیان و جۆرەکانیان ئەنجام بدەن.

قورئانی پیرۆز و زمانناسی عەرەبی





قورئانی پیرۆز لە زۆر لاوە کاریگەری خۆی هەبووە و هەیە لەسەر بزاڤی زمانناسی عەرەبی، لێرەدا تەنها باس لە هەندێ لایەنی زمانەوانیی قورئان دەکەین کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە دروست بوون و گەشەکردن و نەش و نماکردنی زمانناسی عەرەبیدا.

ئەو بوارانەی زمانەوانی کە ڕۆڵی قورئان زۆر بەرچاو دەکەن لایەنی ڕەوانبێژی و زمان پاراوی قورئان و دروست بوونی زمانی یەکگرتووی عەرەبی و دروست بوونی زانستی ڕستەسازی و دەنگسازیە کە پێش قورئان لەناو عەرەباندا بوونیان نەبووە.

**قورئان و ڕەوانبێژی عەرەبی**

بەر لەقورئان عەرەبەکان زمانێکی یەکگرتووی ناوچەییان هەبوو کە ناسرابوو بە زمانی قوڕەیش یان دیالێکتی قوڕەیش، وێڕای ڕێژەی کەم خوێندەواریی ئەوا شێوە ئەلفابێیەك هەبوو کە نووسینی عەرەبی پێ دەنووسرا.

زمانناسانی عەرەب لەو باوەڕەدان کە زاری قوڕەیش لە زارە هەرە پاراوو ڕەوانەکانی دەڤەری حیجاز بووە. سەردەمی بەر لە ئیسلام، عەرەب بەوە ناسراو بوون کە زۆر کەسی ڕەوانگۆ و زمان پاراویان هەبووە، بەواتا ئەوسا زەمەن زەمەنی ڕەوانبێژی بووە، جا بۆ ئەوەی موعجیزەی پێغەمبەری ئیسلامیشدرودی خوای لێ بێ- شتێکی هاوچەرخی زەمانەکەی بێ، ئەوا قورئان بە زمانێکی پاراوتر و ڕەوانتر لە زاری قوڕەیش هاتۆتە خوارەوە. هەر بۆ نمونە تەنها لە ئایەتی سورەتی ئەنبیا ((ولئن مستهم نفخة من عذاب ربك))، هەریەکە لە وشەکانی ئەم ئایەتەدا بۆ (کەمەپیشاندان) هێنراوەتەوە:

(لئن): بۆ گومان دروست کردن بەکاردێ، گومانیش (کەمی) ئەو شتە بەگوێی مرۆڤدا دەدات.

(مس): بەرکەوتنێکی کەمە، ئەوەش (کەمی) دەگەیەنێت.

(نفخە): بۆن و بەرامەیەکی کەم دەگەیەنێت.

(من): بۆ (تبغیض)ە، واتە بەشێکی کەم، کە ئەمەش بە هەمان جۆر (کەمی) دەگەیەنێت.

عذاب: لەچاو (نکال) و (عقاب)دا جۆرێکی سووکەڵەو تەنکی سزایە، ئاماژە بۆ (کەمی) دەکات.

(ربك): لەبریی القهار، الجبار، المنتقم، بە هەمان جۆر (کەمی) ئەو سزایە دەگەیەنێت.

بەم جۆرە، ئەم رستەیە ئەوە دەگەیەنێت کە: ئەگەر لەگەڵ ئەم هەموو (کەمی)یەدا سزاکە تا ئەم رادەیە سەخت و کاریگەر و توند و تیژ بێت، دەبێ سام و مەترسی عیقاب و تۆڵەی خوا چەندە گەورەبێت؟!

هەروەها روخسارە پێکهێنەرەکانی ئایەتی سێی سورەتی (البقرة): ((ومما رزقناهم ینفقون))، ئەوا وێڕای ئەوەی هارمۆنییەکی زمانەوانی پێکدەهێنن، لەرووی ئایینییەوەش ئاماژە بۆ پێنج مەرجی قەبووڵکردنی سەدەقە دەکەن کە بریتین لە:

لە وشەی (مما) دەفامرێتەوە کە دەبێ خێرومەند- چاکەکار تەنها هەندێ ببەخشێ نەك هەمووی، تا خۆشی پێویست نەبێ لە هی تر وەربگرێ.

لە وشەی (رزقناهم) مەرجی دووەم هەڵدەگرێ ئەویش دەبێ چاکەکە لە خودی ماڵەکەی خۆی بێ نەك لە یەکێك وەربگری و بیدەی بە یەکێکی تر.

مەرجی سێیەم لە جێناوی (نا)دایە: ژێدەری رۆزەکە هی خودایە، جا نابێ (بەخشکار- چاکەکار) منەت بەسەر (چاکەپێکراو)دا بکات.

هەر لە وشەی (رزقناهم)دا دەردەکەوێ کە دەبێ چاکەکردن بەناوی خودا بێ نەك بەناوی تر.

لە وشەی (ینفقون)یشدا ئاشکرا دەبێ کە خێرەکە بەکەسێ بکرێ شایەن و پێویست بێ.





لەرێگای دەقەکانی قورئاندا چەندەها نموونەی رێزمانی هێنراوەتەوەو بەجۆرێ حسێب بۆ بەکارهێنانی تاکە پیتێکیش کراوە، هەر بۆ نموونە با لەو دوو ئایەتە وردبینەوە:

(وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُوا هَذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ)).

((وَإِذْ قِيلَ لَهُمْ اسْكُنُوا هَذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ))

لە ئایەتی یەکەمدا بۆچی (فکلوا) هاتووە و لە دووەمدا (وکلوا) هاتووە.؟

نهێنییەکە لە دەقی چیرۆکەکەدا نییە، چونکە هەردوو ئاماژە بۆ یەك چیرۆك دەکەن، بەڵام نهێنییەکە دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەیەکی رێزمانی و تایبەتمەندی زمانی عەرەبی.

لە یەکەمدا مەسەلەکە پەیوەستە بە کرداری (ادخلوا- فکلوا)، لە دووەمدا پەیوەستە بە کرداری (اسکنوا- وکلوا).

لە یەکەمدا خواردن پەیوەستە بە چوونەژوورە- چوونە ناو، بەڵام لە دووەمدا کە باس لە (نیشتەجێ کردن) دەکا، ئەمەش ماوەیەکی زۆر دەگەیەنێ، نەك وەك ئەوەی یەکەم، کە ماوەیەکی کورت دەگەیەنێ.

جا لەبەر ئەوەی خواردنەکە پەیوەست نییە بە نیشتەجێ بوونەکە لە دووەمدا، ئەوا بەپێی زمانی عەرەبی دەبێ لە ئایەتی دووەمدا (وکلوا) بەکاربێ نەك (فکلوا).

لەقورئاندی چەندەها شێوازی دی رەوانبێژی بەرچاو دەکەوێ کە وێنەیەکی هونەری وا بەخوێنەر دەدا سەرسامی دەکا، هەر بۆ نموونە لە سورەتی (الکهف_17) وێنەیەکی هونەری وا هەیە، مرۆڤ لەبەردەمدا بەکڕنۆش دێنێ:

((وَتَرَى الشَّمْسَ إِذَا طَلَعَتْ تَتَزَاوَرُ عَنْ كَهْفِهِمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَتْ تَقْرِضُهُمْ ذَاتَ الشِّمَالِ وَهُمْ فِي فَجْوَةٍ مِنْهُ)).

هەر لە سورەتی (الکهف)دا وێنەیەکی دی لە شێواز و زمان پاراوی قورئاندا بەرچاو دەکەوێ:

((وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ وَكَلْبُهُمْ بَاسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِالْوَصِيدِ لَوْ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا)).

ئەمەو لەزۆر شوێندا شێوازی ئایرەنی بەکارهاتووە وەك: ((وژق...))، ((وبشرهم بعژاب...)). لە یەکەمدا کرداری (بچێژە) دەبێ لەپاش خۆی بوونێکی خراپ بێ، بەڵام لە زمانی قورئاندا بەشێوەیەکی ئایرەنی وشەی (عزیز) هاتووە، لەدووەمیشدا کرداری (موژدەیان بدێ) چاوەڕێی شتی باشی لێ دەکرێ، بەڵام هەر بەهۆی بەکارهێنانی ئایرەنی وشەی ئازار و ئەشکەنجە هاتووە!

بوونی ئەم هەموو دیاردەی زمان پاراوی و رەوانگۆیی وشەکانی قورئان و شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکان و داڕشتنی قورئان بەم شێوازە قورئانییە نەك ئینسانییە، وای لە زمانی عەرەبی کردووە نەك هەر لە سنووری زمانی قورەیش دەربچێ، بەڵکو ببێ بە زمانێك، نەك هەر تەنیا بۆ عەرەب، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی. راڤەکارانی قورئان بوونی رەوانبێژی و زمان پاراوی قورئان هەر تەنها بە موعجیزەیەکی دینی راڤە ناکەن، بەڵکو مەسەلەکە بە موعجیزەیەکی زمانیش شرۆڤەکە دەکەن، بە واتای ئەگەر موعجیزەی موسا پێغەمبەر بەتاڵکردنەوەی جادووی جادووگەرانی فیرعەونییەکان بوو، هەروەها ئەگەر موعجیزەکەی عیسا پێغەمبەر چاککردنەوەی نەخۆشی کوشندە زیندووکردنەوەی مردوو بوو، کە ئەو سەردەم پێویستی بە موعجیزەی وا دەکرد، ئەوا لە سەردەمە ئیسلامیشدا پێویستی بە موعجیزەی وا دەکرد، ئەوا لە سەردەمی ئیسلامیشدا یەکێ لە موعجیزەکانی قورئان خودی زمانی قورئان بووە. عەرەبەکان زۆر شانازیان بە زمانپاراوی خۆیان کردووە و شیعرەکانی خۆیان لە (کابە) هەڵواسیوە، خوای گەورە قورئانی بەم شێوەیە دابەزاند بۆ ئەوەی بەربەرەکانی عەقڵی مرۆڤ بکا بەوەی هەرچەند بکەن ناتوانن لە بەرامبەر زمانی قورئاندا خۆبگرن، تاکو ئەمڕۆش هەروا کەوتەوە، عەرەب و غەیرە عەرەب لەبەردەم زمان پاراوی و شێوازی زمانیی قورئاندا دۆش داماون.

## قورئان و زمانی یەکگرتوو





قورئان لە سەردەمی پێغەمبەرـدروودی خوای لێ بێ- و خەلیفەکانی راشیدی، زمانی شەریعەت و پەرستن و باوەڕ و دەسەڵات و ئەدەب بوو. ئەم فرە دەسەڵاتیەی قورئان نەك هەر تیرەکانی عەرەبی یەککرد، بەڵکو وای لێکردن هەمووی پەیڕەوی یەك زمانیش بکەن، ئەویش زمانی قورئان بوو. هەرچەندە لە حەوت خوێندنەوەکەی قورئاندا دیالێکتی تیرەکانی عەرەب رەچاو دەکرێت.. بەڵام قورئانی پیرۆز بە دیالێکتی ئەو کاتەی قورەیشە، هەر ئەو دیالێکتەش لەپاشان بوو بە سەرچاوەی زمانی یەکگرتووی عەرەبی. وەك وتمان، دیالێکتی قورەیش هەرچەندە لەزۆر ڕووەوە دەوڵەمەند بوو، بەڵام نەیتوانی لە سنووری حیجار دەربچێ، بەڵام هەرکە قورئان گرنگی بەو دیالێکتەدا، ئەوە ئەو دیالێکتە نەك هەر بووە زمانی یەکگرتووی عەرەبان، بەڵکو ماوەیەکی زۆر بووە زمانی یەکگردووی جیهانی ئیسلامی.

دروست بوونی زمانی یەکگرتووە لە دیالێکتێکدا لە پاشان بوو بە دیاردەیەك لە زۆر جێدا دیالێکتەك بۆ ماوەیەك بوو بە زمانی یەکگرتوو. هەر بۆ نموونە لەناو کوردان ماوەیەك دیالێکتی گۆران وەك دیالێکتێکی ئایینی و دەسەڵاتی میرانی ئەردەلان ماوەیەك تاکە زمانی نووسینی کوردی بوو. دروست بوونی زمانی یەکگرتوو زمانی عەرەبی لە فەوتان رزگارکرد، وەی کرد هەرچەند عەرەب تیرەو هۆزیان زێدەبێ و شێوەزار لێرەو لەوێ دروست ببن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو بە یەك زمان دەنووسن کە ئەویش زمانی قورەیشی کۆن و زمانی قورئانە، ئەوا لەپاش چواردە سەدەش ئەوا زمانی عەرەب هەر لە نش و نمای خۆی ناکەوێ و هەر وەك هێمایەك دەمێنێتەوە کە عەرەب شانازی پێوە بکەن.

## قورئان و زانستی رستەسازی

لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا کەسانی وەك ئەبولئەسوەدی ئەلدوئلی و نەسری کوڕی عاسم و عەبدولڕەحمانی کوڕی هورمز لە زماننناسە بەراییەکانی عەرەب بوون، کە گرنگیان بە لایەنی رستەسازی و شیکردنەوەی رستەکانی قورئان داوە. لەپاش

ئـەوان خـەلیل فەراهیـدی بنـەمای ڕێزمـانی عـەرەبی داڕشـت. ڕێبازەکـەی بـووە قوتابخانەیەك کە ناسراوە بە قوتابخانەی ڕێزمانی بەسرا.

سیبەوەی کـە قوتابیـەکی فەراهیـدی بـووە، کتێبێکـی لـەبارەی ڕستەسـازی بـەناوی (الکتاب) نووسی، ئەو کتابەی سیبەوەی لەلایەن زمانناسان بە (قورئانی ڕستەسازی) ناوزەد دەکرێ. لـەو کتێبـەدا نـەك هـەر تـەنها دەسـتوری ڕستەسـازی ڕێزمـانی بـە تەواوی تۆمارکراوە، بەڵکو دیاردەیەك لە دیاردەکانی دەسـتەواژەی عـەرەبی نـەماوە سیبەوەی لە ڕوانگەیـەکی زانـستیەوە لێـی نەکۆڵیبێتـەوە. یـەکێ لـە پاڵنـەرە هـەرە سـەرەکیەکانی دروسـت بـوونی قوتابخانـەی بەسـرای ڕستەسـازی دەگەڕێتـەوە بـۆ هۆکاری ئایینی. فرۆمکین و ڕۆدمان لەبارەی ئامانجی ئەو قوتابخانەیـەوە دەنووسـن: لە سەدەی هەشت و نۆی زاینیدا ڕێزماننوسە موسڵمانە عەرەبـەکانی بەسـرا هـەوڵیان دەدا کە زمانی عەرەبی لە وشەی بیانی و کاریگـەری زارەکـان پاکبکەنـەوە زمانەکـە بگەڕێننەوە سەر شێوە تەواوەکەی خۆی وەك لە قورئاندا هاتووە.

لەپاشان کەسانی وەك (کەسائی) و (فەراو) قوتابخانەیـەکی دی ڕێزمانیـان لـە کوفـە دامەزراند. ئەو قوتابخانە ڕێزمانییە لە چەند ڕوێکەوە لە یەك جیـاوازن جیـاوازی ئـەو دوو قوتابخانەیــە لەلایــەن مەنهــەجی و زاراوەیــی بــوو. ســەبارەت بــە مەنهــەج، قوتابخانەی بەسـرا بـۆ وەرگرتنـی دەقێك بێجگـە لـە قورئـان و فـەرموودە، ئـەوا بـۆ داڕژتنـی هـەر ڕێـسایەکی ڕێزمـانی ئاخـاوتنی عەرەبـە ڕەوانگۆیـەکانیان وەردەگـرت بەتایبەتی ئە وانەی دوور بوون لە ناوچەی غەیرەعەرەبی بـە هـیچ جـۆرێ ڕێـسایەکی ڕێزمانیان لەسەر شیعرێك یان پەخشان دانەدەنا ئەگـەر نـەیانزانیبا کـێ ئـەو شـیعرە یان پەخشانەی نووسیوە.

زۆر کەم باوەڕیان بە حاڵەتی ناڕێسایی هەبوو هەرچی کوفیەکان بوون بە پێـچەوانەی بەسراویەکان بەتەنیا شاهێدێك ڕێـسایەکیان لەسـەر قەسـیدەیەك یـاخود پەخـشانێك دادەنا ئەگەر نەشیانزانیبا کێ ئەوانەی نووسیوە.





هەروەها مەنهـەجی بەسـراییەکان جۆرێـك لـە ئـاڵۆزی و فەلـسەفەکاری لـەخۆگرتووە کەچی هی کوفیەکان لەو ئاڵۆزی و فەلسەفەکاریە دوورە.

لەڕووی زاراوەش ئەوا هەر قوتابخانەو زاراوەی خۆی هەبوو وەك هەر بۆ نموونە:

بەسراییەکان بۆ نەرێ (النفی) بەکاردێنن کەچی کوفیەکان (الحمد) بەکاردێنن.

بۆ ئاوەڵناو، بەسراییەکان (الصفه) بەکاردێنن، کوفیەکان (النعت).

لەپاش ئەم دوو قوتابخانەیە، سێ قوتابخانـەی دی ڕێزمـانی دروسـت بوونـە، ئـەویش قوتابخانەی بەغدادی و ئەندەلوسی و میسریە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە ئەندەلوس، زمانی عـەرەبی سـنوری دەوڵـەتی ئیـسلامی بـڕی و گەیـشتە ئـەوروپا لـەو سـەردەمەدا زمـانی عـەرەبی زمـانێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، هـەتا لـەبواری کیمیـا و بیرکاریـدا بـەجۆرێك ئینگلیزەکـان چـەندەها وشەی وەك algebra، cipher و alcohol یان لە زمانی عەرەبی وەرگـرت. لـە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپادا ئەوروپیەکان، زانیارییەکی ئـەوتۆیان لەسـەر بزاڤـی زمانناسی زمانەکانی سامی نەبوو بەتایبەتی زمانناسی عەرەبی. لەپاش لێکۆڵینەوە لە زمانی عەرەبی، ئەوروپیەکان بیرۆکەی ڕەگی وشەیان لە زمانی عەرەبی وەرگرت و لــە زمانــە هیندۆئەوروپیــەکانیان بــەکارهێنا. لــە ســەردەمی فیلۆلـۆژی بـەراوردا، جولەکەکان دەسـتیان بـە لێکۆڵینـەوە لـە لایەنـە لەیەکچووەکانی زمـانی عـەرەبی و عیبری و ئارامی کرد. لە سەدەی هەژدەهەمدا شلۆزەر زەنی بۆ ئەوەچـوو کـە زمـانی عەرەبی و عیبری و ئارامی سەر بەکۆمەڵەی زمانی سامین. لەمەش زیـاتر، بـەحوکمی ئەوەی هەریەك لەم زمانانە زمانی دینی بوون، ئەوا ئەوروپیەکان زیاتر لەو زمانانەیان کۆڵیەوە.

## قورئـان و دەنگسازی

خوێندنـەوەی قورئـان بـەپێی دەسـتوری خـودی قورئـان (وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً) بنـەماکانی زانـستی دەنگـسازی لـەخۆ دەگـرێ. لـە سـەدەی هەشـتەمی زایینیـدا فەراهیدی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی نووسی، کە ئەویش کتێبی (العین) بـوو. نـاوی

کتێبەکـە خـۆی لەخۆیـدا سـەرەتایەك و بنەمایـەکی زانـستی بـوو بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە پیتەکانی قورئانی پیرۆز. لەدیدی فەراهیدی یەکەم دەنگ کە مـرۆڤ دروسـتی دەکـات پیتی عەینە، بۆیە کتێبەکـەی بـەو پیتـە ناونـاو یـەك لەدوایـەك لـە پیتـەکانی زمـانی عەرەبی لەرووی دروست بوونەوە کۆڵیەوە. ئەمەو، لە زمانی عەرەبیدا دەنگێك هەیـە بۆ هەرپیتێك و ئـەو دەنگـە نـاگۆڕدرێ بـە گـۆڕانی شـوێنی لـە وشـەدا. ئەمـەش وای کردووە دیاردەی دەنگسازی عەرەبی لەچاو زمانە هیندو ئەوروپیەکانـدا زۆر ئاسـانتر بێ، هەر ئەو دیاردەیەش وای کردووە زمانی عەرەبی خۆی لەزمانی عیـبری و ئـارامی و حەبەشـی پاکبکاتـەوە و ئـەو پیتانـە وەرنـەگرێ کـە لەگـەڵ دەسـتوری زمانەکـەی ناسـازێن. هــەردوو قوتابخانەکـەی بەسـراو کوفــە هــەر تــەنها گرنگیــان بەلایـەنی رستەســازی عــەرەبی نـەدەدا، بــەڵکو دەنگــسازیش روبــەرێکی فراوانــی ئـەو دوو قوتابخانـەی گـرت بـۆوەو بنـەماکانی زانـستی تەجویـد کـە خـۆی لـە سـەر بنـەمای دەنگسازی دامـەزراوە، لاپەڕەیـەکی دی لـە زمانناسـی عـەرەبی دەردەخـا کـە لـەو سەردەمدا لە ئەوروپا هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئـەم دیاردەیـەوە لـە سـەر زمانـە زیندوەکانی ئەمڕۆ وەك ئینگلیزی و فەڕەنسی ئەنجامنەدراوە. لێکۆڵینەوە لە دیـاردە دەنگیەکانی وەك ئیدغام و تـەنوین و شـەددە، شـێوە هارمۆنییـەك بـە خوێندنـەوەی قورئان دەبەخشن و لە خوێندنەوەی شیعر و ئاخاوتنی ڕۆژانە جیادەکەنەوە.

لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا بـەدەیان کتێـب و ماسـتەرنامەو دکتۆرانامـە لەسـەر دیـاردەی دەنگسازی لە قورئانـدا نووسـراون. ئـەو توێژینەوانـە برەوێکـی زۆریـان بـە دیـاردەی زمانناسی عەرەبی داوە، بەجۆرێك هەر لـەرێگای ئـەو هـەموو لێکۆڵینەوانـەدا، زمـانی عەرەبی ئەمڕۆ بۆتە یەکێ لە زمانی زینـدووەکانی نـەك هـەر تـەنها جیهـانی عـەرەبی بەڵکو جیهانی ئیسلامی.





# زمانی ئایینی نووسراوەکانی کاکەییەکان

**دەروازە**

## ناسنامەی کاکەییەکان

کاکەییــەکان کۆمــەڵێکی ئــەتنۆ –ئــاینین، زۆر لــە توێــژەران بــەهۆی لەیەکنزیکی کاکەیی دەگەڵ( عەلی ئیلاهی ) ،0 (قز لْباش ) ،( دروز)و کۆمەڵـەی دی ئەتنیکی و ئایینیی تێکەڵیان دەکە ن . ئەم گرووپە بەزۆر نـاو ناسـراون :کاکـەیی، ئەهلی حەق ،یارسان ، کردبـچە –بەچـەی کـورد ، خـروس کوشــ– کەڵەشـێر کـوژ . دۆگمـا بنەڕەتیـەکانی ئـەم کۆمەڵەیـە خـۆی لەسێکوچکەی ( یـەکێتی بـوون ) و(تەجسیدی ئیلاهـی )و( دۆنـادۆن) دەنـوێنێ. بـوونی ئـەم دیاردەیـە ش ،لەوانەیـە زیاتر پێویست بـێ بـە سروشـتی خـودی ئایینەکـە کـە وەك هەنـدێ توێـژەر وای بـۆ دەچن کەرەگێکی کۆنی هەبێ هەروەها جیهـانبینێ هەنـدێ سـۆفی پـەرگر ئەمـەی دروست کردبێ سەبارەت بە بنە چـەی ئـەم کۆمەڵـەوە سـەدیق بۆرەکـەیی وای بـۆ دەچـێ کـە ئـەم گرووپـە تێکەلەیـەك بـن لـەرەگی هەنـدێ ئـایینی کـۆنی ئـاری و هەروەها موتروبەکردنی هەندێ لە ئەدگارەکانی کتێبە ئاسمانییە کانیـان هـەروەك دنووسێ :

" بـەپێی بەڵگـەکان و پەرتووکـە دەستنووسـەکانی یـاری –کاکـایی –وادەر دەکەوێ کە داهێنەری ئەم رێ و رچە( بالوولی ماهی) بـووە کـە لـە سـەدەی دووەمـی کۆچی دا ژیاوە و لەگەڵ هەندێ لە یارانی لۆرستان بەهۆی کەلك وەرگرتن لـەبیروڕا ی کۆنی ئایینییەکانی کوردستان وەکـو ئـاینی زەردەشـتی و مانـەوەی ومـەزدەکی و فەلە ،جولەکە و ئیسلام گـەلێ کاریـان کردۆتـە سـەر رێ و رچـەی یـاری(کاکـەیی)[1] هــەروەها بــەهۆی بــەهرە وەرگــرتن لــەئاینی پــیرۆزی ئیــسلام ئاینــەکانی فەلــە و

جولەکەوە،ئەمین زەکی بە ئەهلی حەق و عەلی ئیلاهی ناویان دەبات، هەبوونی ئەوانە دەکاتە بەڵگە لە سەر کاریگەری مەزهەبی جەعفەری لە ناو کوردان"[2]هەروەهاشیمانەی ئەوە دەکرێ کە بیروڕای پەرگرەکان ئەم رێو رچەیەی بەدی هێنابێت[3]ئەمەو، دەگوترێ کە (سانسەهاك ) یاخود (سولتان سەهاك ) یان (سوڵتان ئیسحاق) کە لە ساڵی 578ی کۆچی لەدێی دەودان لەهەورەمانی لهۆن لەدایك بووە تازەکەرەوەی ئەم ئاینە بێت[4]،لێرە دا لێکچوونێکی ئاشکرا لەنێوان رۆلی( شێخ ئادی) بۆ ئێز یدیاتی و( سوڵتان سەهاك ) بۆ کاکەیی بەرچاو دەکەوێ ، بەڵام بەپێچەوانەی ئیزیدیاتیەوە ،ئەم ئایینە سەد لەسەد کوردی نییە، بەڵکو وەك ڕەشاد میران دەنووسێ: " پەیرەوکەرانی ئایینی ئەهلی هەق تەنیا کورد نین بەڵکو لەناویاندا فارس و تورك وئازەری وهی تریش هەن. "[5]بەرای من ژێدەری دەرکەوتنی ئەم کۆمەڵەیە ڕەنگە پێویست بێ بەخودی ململانیی دەسەلاتیەوە: دەسەڵاتی عەرەب و دەسەڵاتی فارسی ، عەرەبەکان بەر لەئیسلام یەکێ لەکۆمەڵە هەرە دواکەوتوەکان بوون کەچی فارسەکان خاوەن شارستانی بوون ،بەڵا م لەرێی ئیسلامەوە عەرەبەکان بوونە یەکێ لەنەتەوە سەردەستەو خاوەن شارستانییەکان ،فارسەکانیش ئەو رۆڵە گرنگەیان نەما .هەر ئەمە وای کردبێ فارسەکان و بەشێ لە کوردەکانی هەورەمان هەر لەژێر کارێگەری زەردەشتایەتی ،ئاینییکی کۆن زیندووبکەنەوە ، ئەمەو بۆئەوەی عەرەبەکان تۆمەتی زندەق و هەرتەقەیان نەدەنە پاڵ تەواو لە ئیسلام هەڵنەگەرانەوە ،لەپاشانیش ململانێی مەزهەبی مەسەلەکەی قوڵتر کردبێتەوە ." عەلی کوری ئەبوتالیب هێندە بەرز وپیرۆزکراوە بەجۆرێ نەك لە پێشەوەی پێغە مبەریش تەماشا کراوە بەڵکو لەلای هەندێ پەرگرەوە نەك عەلی هەر تەجسیدی خودای کردووە بەڵکو هەر خۆی بۆتە خودا"[6]. بوونی سێکوچکەی باوەڕی یەکێتی بوون و تەجسدو دۆنا دۆن وای لەهەندێ نووسەری





کورد ناس وەك ماکدۆڵ وکر ێینبرۆك کردووە کە وەك ئێزیدیەکان ، کاکەییەکانیش بە ((هەرتەقەHeterodox ناو زەد بکەن[7]

**-ناسنامەی نەتەوەیی کاکەییەکان**

ئەم توێژینەوەیە جەخت تەنیا لە سەر کوردەکانی خوارووی کوردستان دەکات.زاراوەی (کاکەیی) لە ژێدەرێکی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە:سەبارەت بەو زاراوە دینییەوە چەند رایەك هەن ،هەموو رەسەنە کوردیەکە دوپات دەکەنەوە:د.جەمال نەبەز دەنووسێ:"گوایە رۆژێکیان کە دارەرای مزگەوتەکەیان کردووە لە بەرزنجەودیویانە دارەکانکورترن لە ماوەی نێوانی دیوارەکان.سوهاك گوتوویەتی:کاکە بیکێشە و لەوەوە دارەکە بە فەرمانی خوا کشاوە و هەر لەوەشەوە نێوی "کاکەیی"یان بە سەردا براوە[8] ،هەروەها دەگوترێ کە شیمانەی ئەوە دەکرێ کە زاراوەکە پەیوەست بێ بەناوی رابەری رۆحی ئەو تایەفەوە[9].ئەو شرۆڤەکردنە ئەوە ساغ دەکاتەوە کە کاکەییەکانی خوارووی کوردستان کوردن هەروەها بە حوکمی ئەوەی زمانێکی تایبەت بە خۆیشیان هەیە،کە ناوی "ماچۆ"یە،بۆیە کەلتوریشیان لە گەل کەلتوری عەلی ئیلاهی و عەلەوی و قزلباش و دروز جودایە.لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە،ناویان کوردی بوو و حەوت وێنە کردگارەکانیان هەموویان کوردی کوردستان و لورستان بوون،جگە لە ئیمامی عەلی.وێرای ئەمەش،دەرکەوتنی ئەدەبی یارسانی(کاکەیی) لە سەدەی دەیەمەوە دەسپێکێك بووە بۆ نووسینی دەقی ئایینی بە زمانی نەتەوەیی کوردی.ئەو ئەدگار و خەسلەتە کوردییە لە قۆناغی دووەمی ئەدەبی کاکەییدا(سەدەی 13 و15)زۆر رۆشنتر کوردییەکەی دەردەکەوێ.

## نووسراوە ئایینییەکانی کاکەییان و زماننانسی کوردی

دیالێکتی گۆران کە بەیەکێ لەزارە سەرەکیەکانی زمانی کوردی دادەنرێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە مێژوودا بە تایبەتی لەسەردەمی زێرینی میرنشینی ئەردەلاندا پەلی بۆ

ئەوە هاویشتووە کەببێ بەزمانی یەکگرتووی کوردی ،" لە بارەی گرنگی ئەم زمانە وەك زمانێکی پیرۆزی ئایینی چەندەها هۆکار لە ئارادان بەر لە هەمووان نزیکی ئەم شێوە زارە لە زمانی ئاوێستا دووەم زۆربەی نووسراوە ئاینییەکانی وەك نووسراوی( سەرئەنجام ) ،(تەزکەرەی تەعلا) ، (زولّا لێ زولّا لێ) ، (یارسان ) ، (ماریفەت) ویبرشالیار.... هتد ،بەو شێوازارە نووسراون "[10] ، وێڕای ئەمانە چەندەها هۆزانڤانی کورد وەك ( مەولەوی) و( مەولانا خالیدی مکا یلی جاف) و (خانای قوبادی) هۆزانیان بەم شێوە زارە داڕشتووە ." [11] لەنێو کاکەییەکاندا چەند نووسراوێك هەن کە بەنووسراوی دینیی وەك بەرنامەی ژیا نی کاکەیی ناسراون وەك :سەرئەنجام زولّا لێ زولّا لێ،یارسان ژێدەرەکانی کاکەیی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە سەر ئەنجام لەهەموویان گرنگترو بەرچاوترە . سەد یق بۆرەکەیی ئاوا لە بارەی سەر ئەنجامەوە دەنووسێ:"( سەرئەنجام) ناوی یەکێ لە پەرتووکەکانی پیرۆزی یارسانە کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لەلایەن سان سەهاك ویاران و هاوەڵا نییەوە بە زاراوەی گۆران هۆنراوەتەوە : سەر ئەنجام داگری شەش بەش یا شەش جزمەو هەربەشێکی ناوێکی تایبەتی بۆ خۆی هەیە کە بریتیین لە **دەورەی حەوتەوانە بارگە بارگە ، گلّیم وەکۆڵ ، دەورەی چلتەن دەورەی عابدین ،وردە سەرئەنجام** وئەم شەش جزمە لەباری مەبەست و ناوەرۆکەوە لەگەڵ یەکا تۆفیریان هەیە." [12]

ڕەشاد میران باوەڕی وایە کە دە قی **سەرنجام** بەناوبانگترین و رەنگە پیرۆزترین دەقی ئاینی ئەهلی هەق – کاکەیی بێ – هەروەها دەنووسێ دەقی ((سەرئەنجامیش پەخشانە بە زمانی فارسی نووسراوە شیعری بەدیالێکتی گۆرانیش تیایە و ساڵی 1843 نووسراوە ڤ . مینۆرسکی کورتیکردۆتەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی و ساڵی 1911 بەچاپی گەیاندووە . بەڵام دەقەکانی کەم و کوڕییان هەیە))[13] ئەمەو، محەمەد ئەمین هەورامی و ڕەشاد میران و سەدیق بۆرەکەیی و مینۆرسکی و باسیلی نیکتین باوەڕیان وایە کە دەقەکانی سەرنجام لەگەڵ یەك جیاوازن ،وێرای ئەمەش هەندێ کتێبی **تەزکەرەی تەعلا** هەر بە سەر ئەنجام دەبینین وەك بلّێی دوو ناو بن بۆیەك ناوەرۆك. ڤ .ئیڤانۆڤ کە تەزکەرەی تەعلای لە فا رسییەوە کردووە بە ئینگلزی هەمان ناوەرۆکی سەرئەنجامە کەچی لە ئەمەی دوایی گەلێ رێك وپێك و تەواوترە هەروەها یاساو پرنسیپەکانی ئاپینی ئەهلی هەقی تیایە بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی ئاشکرابوونی( **حەقیقەت** )داوە.لە دیدی بۆرەکەیی دا هەر شەش بەشە کە ی سەرئەنجام زیاتر بەشێوەی شیعر نووسراون وزمانی نووسینەکانیش شێوە زاری گۆرانە[14] . ئەمەو هەر بەشەو کۆمەڵە پیرێك نووسیویانە و سان سەهاك – سوڵتان ئیسحاق – لە زۆربەی بەشەکاندا بەشدارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سەرەنجام کتبێکی ئاسمانیی نییە و بەڵکو زادەی خوێندنەوەو مەعریفەی چەند مرۆڤێکە کەسێکی تر وەك پیر بنیامین کە لە نەزەری( د. جەمال نەبەز) هاوشانی مەلیك تاووسی ئیزیدیانە بۆ کاکەییەکان ، ئەویش لەنووسینی چەند بەشێکدا بەشدارە." [15] ئە مەی جێی سرنجە بەشداری چەندان کەسە لە نووسینی ئەم دەقانە دا کە لەماوەی زۆر جیاواز لە یەکتردا ژیاون! رەنگە ئەمەش هۆکارێ بێ بۆ ئەوەی دەقەکان لەیەکتر جودا بن . هەروەك لەدوو راکەی پێشووش ئاشکرا دەبێ مێژووی نووسینی دەقەکان وەك یەك نییە بۆرەکەیی سەدی هەشتەمی کۆ چی پازدەی زایینی – بۆ دەقی سەرنجام دادەنێ و سوڵتان سەهاك بەیەکێ لە دانەرانی دادەنێ کەچی ڕەشاد میران سەدەی نۆزدەهەم دادەنێ!هەبوونی چوار سەدە لە نێوان مێژووی نووسینی دەقێکی ئایینی گرنگ گومان دەخاتە سەر خودی دەقەش!! ئەو کتێبە ئایینییەی کە کاکەییەکان لەساڵی 1914 بە( مینۆرسکیی )کوردناسیان داوە بەرای محەمەد ئەمین هەورامانی سەرەنجام بووە ئەویش سەدەی نۆزدەهەم نووسراوە . بە واتای رێی تێ ناچێ سوڵتان سەهاك هیچ رۆڵی هەبووبێ لە نووسینی ئەم دەقەدا،

چونکە ئەو خۆی لە سەدەی سێزدەهەم و چواردەهەم( 1272–1388) ژیاوە.ئەوەندە هەیە دەکرێ ئەو لە سەدەی چواردەدە نووسی بێ لەپاشان سەدە دوای سەدە یاران وهاوەڵانی دووبارەیان کردبێتەوە هەر یەکەو بەپێی رەوشی سەردەم گۆرانی تێدا کردبێ هەروەك ئەوەی لە (جیلوە)و( مەسحەفی رەش) و(مژدەها رۆژ )و (قەولی ئێزیدیان) کراوە . سەبارەت بەوەش کە دەقەکە بە فارسی بووە یان بە کوردی هەورامانی ئەمەش جێی مشت ومرە، چونکە خودی دینەکە وەك وتمان سەد لەسەدی کوردی نییە ، بەڵکو فارسیش تێیدا بەشدارە هەروەها زمانی فارسی و هەورامیش لە یەك نزیکن. زۆربەی کوردەکانی هەورامان فارسی زانن دەکرێ بەهەردوو زمان نووسرا بێ یان دەکرێ سەرەتا بە فارسی بووبێ لەپاشان لە روانگەیەکی نەتەوەییەوە کرابێ بە کوردی، بەڵام لەرێگای شیعرێکی ( شێخ سەعدی )یەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە سەردەمی ئەودا( کوردی هەورامانی) تاکە زمانی کوردی بووە لە ناو کوردان دا.ئەو زمانە زمانی نووسین و دەسەڵات بووە هەروەك شێخ سەعدی دەنووسێ :

***کەبەتازی أستینی برمن زند گوید تعال***

***گە بە کوردی گویرم***

ئەمەو بەشە شیعریەکەی سەرئەنجام –کە سرودەکانن لەسەر کێشی خۆماڵی کوردی داڕێژراون هەروەها بەشێ لە (وردە سەرەنجام )، پەخشانەکانی بە فارسی نووسراون ،سوڵتان سەهاك لەم بەشەدا کۆڵەکەی دینەکەی بۆ کاکەییەکان لەچوارشت دەربریوە ئەویش: پاکی وراستی و لەناوبردنی فیزو هەواو بەخشش –ن.بەڵام شیعرەکانی لەسەر شێوەی مەسنەوی نووسراون ئەگەر تاك تاك وشەی فارسیشی تێدا بێ ئەوا بەکوردییەکی رەوان بۆ سەردەمی خۆی نووسراوە :

((باوەڕی وەجا ،باوەڕی وەجا
یاری چوار چشتەن باوەڕی وەجا





چاکی و راستی ونیستی و ردا
مەبۆ باروێت سووك کەی جە دنیا
چونکە ئی دنیا جاگەی بوارەن
گاسەرەو بان و گا سەرەو خوارەن
مەبۆ وەپاکی وراستی وردا
گرد وات وێتان نیست کەن پەی مودا ) [16]

ئەم شێوە مەسنەوییە کەلە ئێنگیلزیدا پێی دەڵێن( هیرۆیك کەپلێت) لەگەڵ جۆری فارسی و ئینگلیزیدا جودایە ، چونکە لەوەی فارس وئینگلیزیدا هەر دوو دێر لە شتێك دەدوێن بە واتای گەر جووتێك لە دەقە شیعرییەکە دەربهێنی زۆر کار لە رامانی دەقە شیعرەکە ناکات ، بەلام شێوازی دارشتنی دەقە شیعرییەکەی (سەرئەنجام)، چونکە د ەقێکی ئایینییە دەرهێنانی جووتە دێرێك تەواوی دەقەکە تێك دەدات . کتێبی زوڵا ڵ زوڵاڵ لە چەند بەندێك پێکهاتووە هەر بەندێکی لەسەر باسێکی خواناسی بەهۆی بابە یادگاری سەرانەیی و شا ئێبراهیمی ئیوەتەوە هۆنراوە تەوە . ئەم دووهۆنیارە لەسەدەی پازدەهەمدا ژیاون هەردووك بەخوا ناس ناسراونبوون دەبێ هەردووك لە سەردەمی سوڵتان سەهاك ژیابن .ئەم پەرتوکە یان کەلەسەر کێشی دە هیجایی خۆماڵیی هۆنیوەتەوە لە 156 بەند و 1001 هۆنراوە پێکهاتووە . سەدیق بۆرەکەیی دەنووسێ (( پەرتووکی زوڵاڵ زوڵاڵ یەکێ لە پەرتووکە پایەدار وگرنگەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچییە کە بەزاراوەی گۆرانی هۆنراوە تەوە لەو دەقەدا دا گەلێ وشەی کوردی هاتووە وئەگەر ئەم دوو هۆنەرە ئەم وشانەیان بەکار نەبردایە بێ گومان ئیمە ئیستا هیچ چەشنە ئاگایەکمان لەوانە نە دەبوو) [17] لەپاڵ سەرەنجام زوڵا ڵ زوڵاڵ ئەوا کتێبی ((یارسان)) ، کەکتێبێکی ئایینی کاکەییەکانە باس لە ئەرکی ئایینی رۆژانەی کاکەییەکان دەکا. لەنەزەری موحەمەد ئەمین هەورامانی" یارسان " وەك کتێبێکی

پیرۆزی دیینی کاکەییەکان وتنی دەگێڕنەوە بۆ شێخ سەهاك واتە ((سوڵتان سەهاك یاخود ئەو سەردەمەی ئەو –سەدەی هەشتەمی کۆچی"[18] . ئەم کتێبیەش وەك دووەکەی تر بەشێوەی پەخشان و هۆنراوە نوسراووە. لەم کتێبانەدا بەزۆری هۆنراوەکان لەشێوەی( سرود)دان بۆ ئەوەی بەئاسانی ئەزبەر بکرێن. سرودەکانی یارسانیش ( دە)برگەیین لەکێشدا و لە سەرواش مەسنەوین ، زمانی دەقەکە هەورامانییەکی زۆر کۆنە لەژێرکاریگەری دینی و هاوسێیدا، دەقەکان وشەی عەرەبی و فارسی و تورکیشیان تێدایە . زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە ئایینییەکانی کاکەییەکان بەشێوەزاری گۆران نووسراوون. ئەم شێوەزارە هەر لەسەدەی نۆیەمەوە لەدەڤەری خۆید ا گرینگییەکی زۆری هەبووە ، بەجۆرێ بەرە بەرە بۆتە زمانی ئەدەب ودەسەڵات. ئەمەو وەنەبێ هەورامانییەکان هەر هەموو کاکەیی بووبن، بەڵکو موسڵمانیش لەوێ هەبوونە ئەمەش وای کردووە سەبارەت بە هەورامانییەکان گرنگی دان بە زمانی هەورامانی هەر تەنیا مۆتیڤێکی کاکەییانە نەبێت ، بەڵکو فاکتەری نەتەوەییش رۆڵی خۆی هەبووە . پەسەند کردن و بەشیرینتر زانی کوردی لە ئاست فارسدا بێجگە لەمۆ تیڤی نەتەوەیی چی تر ناگەیەنێ ئەوەتا خانای قوبادی لەو تێروانینەی سەرەوە لە دوو مەسنەوی یدا دەنووسێ: [19]

جەلای عاقلان ساحێب عەقڵ و دین
دانا بوزرگان کوردستان زەمین
راستەن ماواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن

دوور نییە هەمان مۆتێڤ و رەوشی هەرێمەکە سروشتی زمانی گۆران وای لە مەولەویش کردبێ شیعر بەو زمانە دابنێ. لەوبارەیەوە د.عیزە دین مستەفا رەسول باوەری وایە ((مەولەوی لووتکەی شیعری هەورامی ونوقتەی هاتنە





خوارەوەیەتی ) [20] . هەرچی گرنگی کوردناسەکانە بەشێوەی هەورامی زیاتر موتیڤێکی دینی بووە . بوونی کۆمەڵەیەکی ئەتنیکی دینی لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا دەرفەتێکی لەبارە بۆ نزیك بوونەوە لەم کۆمەڵەو بەپیرۆز زانی کتێب وداب ونەریتیان . ژوگوڤسکی مۆتیڤی خۆی ناشارێتەوە لەبارەی گرنگی دانی وی بە گۆران هەروەك دەنووسێ :" گرنگی دانی من دەگەرێتەوە بۆ :یەکەم ، چونکە گۆران خاوەن دیالێکتێکی تایبەتی خۆیانن و دووەم ((گۆران)) جەماوەری سەرەکی ئەهلی حەق پێکدێنن. [21] ئەمەو بە هەڵە حاڵی بوونی هەندێ لەکورد ناسەکان سەبارەت بە شێوەزاری گۆران وحسێب نەکردنی بەکوردی ، کوردەکانی هانداوە گرنگی بەشێوە زاری گۆران بدەن وئەو رایانە رەتبکەنەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نەك هەر گۆران بەڵکو خودی زمانی کوردی بەشێکە لە زمانی فارسی . ئەمەو رەوشی دینی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی کاکەییەکانیش فاکتەرێکی دی بووە لەسەر پاراستنی کوردیەتی ئەم شێوە زارە. کاکەییەکان وەك ئیزدیەکان کۆمەڵەیەکی داخراوی دینیی پێکدێنن. ئەم شێوە ژیانە وای کردووە زمانەکەیان وەك دەقەکانیان بە پاراوی بمێنێتەوە. سەبارەت بەکاکەییەکان ئەم خاڵە پۆزەتیڤ بووە، بەڵام لەدیدی کوردییەوە زۆر لایەنی نێگە تیڤی لەخۆ گرتووە لەوانە دروستبوونی دووکۆمەڵی دینی جودا هەروەها پەیڤە کوردییەکانی دەقەکان حاڵەتێکی دی پەرتبوونی ماڵی کوردی لێکەوتەوە،لە ئاکامی ئەو وابەستەبوونە دینییە وشە کوردییەکانی دەقەکانی سەرئەنجام و ئەوانیتر چوارچێوەیەك و مەدلولێکی کاکەییان وەرگرت! !لەمەش زیاتر رۆشنبیران و پیاوانی ئایینی کاکەیی لۆمە دەکرێن،چونکە ئەوان وەك پیاوانی ئێزیدی ئەو دەقانەیان هەر تایبەت کرد بە کاکەییەکان، بەدەگمەن دەقێکیان بەغەیرەکاکەیی دەدا.ئەمەش وای کردووە زمانی هەورامی پەیتاپەیتا لە لووتکەوە بەرەو هەرەس بچێ ، بێگومان ململانێی میرانی کوردیش فاکتەرێکی دی بووە هەورامی بەرە بەرە رۆڵی نەمێنێ !! ئەمەو ئەگەر پاش

روخانی میرنشینی ئەردەڵان دەسەڵاتدارانی فارس گۆرانیان قەدەغەکرد و ،فارسیان پەرەپێدا، ئەوا عەبدولڕەحمان بابانیش گرنگی بەکرمانجی ناوەراست داوە و داوای لەرۆشنبیرانی سەردەم کردووە واز لەگۆران بێنن و بەکرمانجی ناوەراست شیعر بنووسن!!! دوورخستنەوەی (گۆران) لە سیاسەت و بواری زمانەوانی کاری لە کەسایەتی تاکی گۆرانیش کردووە نەك هەر زمانەکەی .ك.ج.ریچ ،گۆرانەکان بە رەگەزێکی ترسنۆك و خێڵەتی و نا–رێزدار وەسف دەکات ،ئەم تێروانینەی ریچ لە روانگەی ی.ئی.ڤاسیلیەڤا ی کوردناسەوە دەگەرێتەوە بۆ عەسەبیەی خێڵەکی و عەقیدەی ئیدۆلۆگی بابانەکانەوە،هەروەك لەو بارەیەوە دەنووسێ: "عەسەبیەی خێڵەتی کە لە میرنشینی باباندا ببوو بە عەقیدەیەکی ئیدۆلۆگی ،باوەر بە نا یەکسانی ئێتێنیکی بەخۆوە گرتبوو بە ئاشکرا لەوەدا رەنگی دابووەوە کە هەستی بەرزکردنەوەی خەڵکی خێڵەتی و نزمکردنەوەی کوردی –ناخێڵەتی تێدا دەچێندرا.لە کوردستانی خوارووا بە مانەی دوایی دەگوترا (گۆران) لە ئەنجامدائێنۆنیمی (گۆران)بوو بە تیتۆلێك بۆ گاڵتەپێکردن"[22]

**پەراوێزەکان**

1.سەدیق بۆرەکەیی،کاکەییەکان و رێ و رچەکانیان،سلێمانی،2001،ل5

2.ئەمین زەکی،خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان،چ2،سلێمانی،2000،ل201.

3.سەلام ناوخۆش،ئایین و زمانناسی،هەولێر،2006،ل102.

4.بۆرەکەیی،سەرچاوەی پێشوو،ل6–7.

5.مارف خەزنەدار،مێژووی ئەدەبی کوردی–ب–1،هەولێر،2001،ل229.

6.ئەمین زەکی،سەرچاوەی پێشوو،ل201.





7.Kreyen Broek، The study of some Hetrodox Sects in Kurdistan،1999،p.22.دەیڤد ماکدۆل،مێژووی هاوچەرخی کورد،و.ئەبوبەکر خۆشناو،2003،ل29.

8.جەمال نەبەز،زمانی یەکگرتووی کوردی،بامبێرگ،1976،ل99.

9.بۆرەکەیی،ل74.

10.باسیل نیکیتین،الکرد،ت.نوری تالبانی،أربیل،2004وص286.

11زسەلام ناوخۆش،ل103.

12زبۆرەکەیی،ل74.

13.جەمال نەبەز،کوردانی سەرگەردان و برا موسڵمانەکانیان،و.سوارە قەلادزەیی،سلێمانی،2005،ل110–111.

14.بۆرەکەیی،ل81 .

22.ی.ئی.ڤاسیلیەڤا،کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات،و.رەشاد میران،هەولێر،1997،ل268.

**ژێدەر**


- د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی یەکەم ،هەولێر ،2001 .
- عەلائەدین سەجادی ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ،1978.
- محەمەد ئەمین هەورامی ، فەرهەنگ و زاراوەی ئیدیۆمی کوردی ،1989.
- د.عزالدین مستەفا رسول ،سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ،بەغدا ،1971.
- د.ڕەشاد میران، رەوشی ئایینی لەکوردستان .
- سەلام ناوخۆش ، ئایین و زمانناسی ،1999، هەولێر .

- سەدیق بۆرەکەیی کاکەییەکان، 2001 .
- سەرچاوەی ئینگلیزی :

KReyen broek P .Gon the study of Some hetrodox sectsin kurd .shan

# ئێزدیایەتی و زمانی ئایینی نەتەوەیی

## دەروازە

لە هەردوو بەشی زمانی ئاوێستا و نوسراوە ئایینییەکانی کاکەییەکاندا ،هەوڵماندا لە بیرۆکەی " ئایینی نەتەوەیی" بکۆڵینەوە. لە ئاکام کەیشتینە هەندێ دەرئەنجام کە کورد یەکێ لەو نەتەوانەیە کە خاوەن زمان و کەلتوری ئایینی نەتەوەییە.

لە پرسی زمانی ئایینی نەتەوەیی ئیزدییەکاندا ، ناسنامەی نەتەوەیی لە زەردەشتیی و کاکەیی زیاتر دەردەکەوێت ، چونکە دینەکە و زمانەکەی دینەکە تەنیا تایبەتە بە کوردەوە..بە واتای جگە لە کورد ، ئێزدیاتی لە ناو هیچ نەتەوەیەکی دی نییە ! !

ئەم بەشە قسە لە سەر چەمکی ئێزدیاتی و شەیتانپەرستی دەکات هەروەها بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لە سەر چەمکی ئایینی نەتەوەیی و زمانی ئایینی ئێزدیەکان دەکات.

## پوختەیەك دەربارەی ڕەسەنی ئێزیدیاتی

ئێزیدیاتی کۆمەڵەیەکی ئەنتۆ ئایینین. دەربارەی ماهیەتی ئێزدیاتی سێ رای دژ بەیەك هەن. لە نەزەری هەندێ توێژەرو نوسەر ئێزیدیاتی دینێکی کۆنی کوردە، باسیل نیکیتینو تۆمابواو کرێبنبۆرکو ماکدۆیل باوەڕیان وایە کە ئێزیدیاتی تێکەلەیەکە لە ئایینە کۆنەکانی کوردو فارس وەك زەردەشتیەتو مانی و میسرائیەتو وەسەنییەت . ئەگەر ئەمانە مێژووی ئێزدیایتی ئاوا دێرین دەکەن، بەلام نالێن ئێزیدیاتی دینێکی ئاسمانییو خاوەن پێغەمبەرو کتێبی پیرۆزە ! ! بە واتای ئێزدیاتی زادەی هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردی کۆنە . لەلای هەندێ توێژەری تر، بەتایبەتی مێژوونووسە موسلمانەکان، ئەوا مێژووی ئێزیدیاتی هاوکاتە دەگەڵ سەرهەڵدانی شێخ عادی کوری موسافیر ( 1073ـ 1162) . عەبدولکەریمی





سەمعانی( لەساڵی 1167 مردووە) یەکەم نووسەری عەرەبە کە لەبارەی ئێزیدیەکان کتێبی نووسی بێ، بەر لە کتێبەکەی (سەمعانی) هیچ سەرچاوەیەکی دی ناوی ئێزیدیاتی ناهێنن. د.ڕەشاد میران لەرێگای ژێدەرێکی مەسحییەوە دەیەوێ مێژووی ئێزیدیاتی وەپێش سەرهەڵدانی شێخ عادێی موسافیر بێخێ:و دەنوسێ: " دەتوانین هەندێ زانیاری دەربارەی رابردووی ئێزیدیان، هی ماوەی پێش سەدەی دوازدە، لە سەرچاوەکانی مەسیحیەوە هەڵێنجین. قەشە گریگۆری ماکسترۆس( ساڵی 1058 مردووە) لە وەلامی نامەیەکی قەشەی سریاندا نووسیوویەتی: " خەڵکی واهەن ڕۆژ دەپەرستن، باوەڕیان بە زەردەشتی فارسی هەیەو بەناوی" شمسیە" ناسراون...." د. ڕەشاد دەنووسێ: " ئەم "شمسیە" ڕۆژپەرستانە لەوە دەچێ ئێزدی بن، چونکە ئێزیدیش رێزی هەتاو دەگرنو تەقدیسی دەکەن: " بەر لە (د. ڕەشاد) تۆفیق وەهبیش ئەو باوەڕەی هەبووە، بەلام ئەم گریمانە بێ بنەچەو بێ شەنگستی زانستییە، چونکە زۆر لەگەلانی کۆن بێ ئەوەی ئێزیدی بن نەك هەر رێزی ڕۆژیان دەگرت، بەڵکو دەیانپەرست وەك گەلی ڕەسەنی (ئیبراهیم خەلیل)، هەروەها گەلی بەلقیسی سەبا، لەم پێودانگەوە دەتوانین بڵێین، لە ڕەسەندا ئێزیدیاتی وەك ئێزیدیاتی خواپەرستن هیچ پەیوەندیەکی نەتەوەیی و ڕەسەنییان بە زەردەشتو مانەوەی و میسرانییەت نییە، بەڵکو وەك ماکدۆیلو کرێینبۆرك دەنووسن : ئیزدی گروپێکی هەڵگەڕاوەن لە ئیسلام. شێخ عادی کوردبێ یان عەرەب وەك سەرچاوەکان جەخت دەکەن سۆفیەکی خاوەن تەریقەت بووە، مەبەستی بووە تەریقەتی عەدەویە لە ناو چیاینشینەکان دووره دەسەڵاتی عەباسی بڵاوبکاتەوە، هەندێ دەڵێن موسافیر خۆی هەڵگەڕاوەتەوە و هەندێکیتر دەڵێن خودی ئێزیدیەکان لەپاشی مردنی ئەو پلەی "خوا"یەتیان پێداوە، ئەمانە تەواو روون نین،هەر وەها ڕای تر هەیە دەڵێ دوو شێخ عادی هەن یەکی کورد و یەکی عەرەب! !

بە هەر دوو شێوە هەر شیمانی ئەوە دەكرێ كە ئێزدی خەریكی شێوازێكی جودا بوونە لە دەوروبەری خۆیان جا لە لایەك تەنها بۆ ئەوەی تەواو لە دەسەڵاتی ئیسلامو جیهانی ئیسلامی جودا بن، ئەوا لەگەڵی لالش پەرستگەیەكیان دامەزرندووە، بۆ مژۆلی پەرستن بن! بەڵام ئەو بیركردنەوەیە كاریگەری ئایینە كۆنەكانی پێوە دیارە ،بەڵام درێژەپێدەری هیچیان نییە ،چونكە هەژمونی ئیسلام بە سەر شێوازی پەرستن و شوێنە پیرۆزەكانیان و دەقی نوسراوەكانیانەوە دیارە: گۆڕی شێخ عادی لە لالیش قیبلەی ئێزدیانە، لەلالش چیای عەرەفات هەیە، لەوێ مەسەلەی جێی ئاوی كەوسەر، كانی سپی كە ئاوی زمزمی تێدایەو بەردی ڕەش هەیە.

ئێزدییەكان لە دوو جەژندا گەر بیانەوێ تەدارەكی حەج لەلالش ئەنجامدەدەن، لە جەژنی قورباندا ڕۆژانی 7، 8 ی مانگی ذی الحجە، سەردانی گۆڕی شێخ عادی دەكەن، لەڕۆژی نۆیەمدا خەڵكەكە بە سەر چیای عەرەفات دەكەونو لەوێ لە شێخ عادی دەپاڕێنەوە كە لە گوناهەكانیان خۆش بێ" ئەمەش لەخۆرا نییە، چونكە لە نەزەری هەندێ ئێزیدی رۆحی مەلەكی تاوس لە شێخ عادی رەنگی داوەتەوەو لە مەسحەفی ڕەشدا" مەلەك تاوس" یەكێك لەحەوت فریشتەكانی خواوەندەكانە،كەچی لە جیلۆەدا خوا خۆیەتی.لە لایەكیتر،د.ماكسیمیلیان بیتنەر ،هەبوونی مەلەك تاوس و دۆگماكانی دەكاتە بەڵگە لە سەر ئەوەی هەم بە "یەزیدی" و هەم بە "شەیتان پەرستیان " ناو ببات.

هەرچی رای سێیەمە، ئەوا ڕای خودی توێژەرە ئێزیدیەكانە، ئەوانە باوەڕیان وایە كە ئێزیدیاتی دینێكی خوداپەرستیو باوەڕی بە یەكتاپەرستی هەیەو مەسحەفی ڕەشو جیلوە، كە زۆربەی توێژەرەان بەدوو كتێبی پیرۆزی ئێزدیانی دادەنێن، كتێبی پیرۆز نینو جێی متمانە نین لەبارەی باوەڕی ئێزدیایەتەوە.





# ئێزیدی و یەزیدی

## لەرووی ڕۆنانی وشەی كوردییەوە

وەك وتمان ئەم كۆمەڵە ئەتنیكیە- ئایینییە بە یەزیدیو ئێزیدی ناویان لە ژێدەرەكانەوە دێت، بە گوێرەی هەندێ ڕا ئێزیدی گروپەكی یەزدانین نەك هەر تەنها باوەڕ بەخودا دەهێنن، بەڵكو باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلامیش هەیە، لە قەولی " پەدشای من" كەلە ژمارە (8) ڕۆژی 29/ 7/ 1997 گۆڤاری لالش بڵاوبۆتەوە لە چەند شوێن ئاوا پەسنی خودا دەكەن:

**پە دشێ من پەدشە**
**چێكەرێ چیاو دەشتە**
**نە ققاشێ هەموو نەقشە**
**پەدشێ من رب الصمدە**
**رەبێ موسی‌و عیسی‌و محمدە**
**هەموو ژێر بر سجودە**

لە قەولی" **فروارا پێغەمبەر محمد**" ئاوا لەكۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام دەدوێن:

**ڕۆژەكێ ژ ڕۆژانە**
**نەبی دبێژ تە مێرانە**
**علی‌و عمرو ئەبابكرو عوسمانە**
**ئێرۆ لمن یا گرانە**

لەو پێودانگەوە، ئەوە دەكرێ كە ئێزدیدیەكان گروپێكی خودا پەرست بووبن وەك هەر تایەفەیەكی تر، لەهەندێ شت لەگەڵ موسڵمانان كۆك نەبن، شاكر فەتاح لە توێژینەوەكەی خۆیدا دەنووسێ كە هەردوو وشەی ئێزیدیو یەزیدی هەر بەواتای"یەزدان پەرست" دێن، هەرچی ئەنەس دۆسكییە دەنووسێ: بانگەشەی ئەوەی كردووە كە وشەی " یەزیدی" وشەیەكی كوردییەو لە ( یەزدان) یاخود

(ئێـزد) هـاتبێ، هـیچ بنەمایـەکی زمانـەوانی نییـە، چـونکە هەکاریـەکان و تـەواوی بەهدینییەکان هەر وشەیەك بە(ی) دەست پێبکات دەیگۆڕن بۆ هەمزە. هـەر لەسـەر ئەو بنەما زمانەوانییە یەزدی کراوەتە ئێزیدی.

لەلایەکی تر، لەبەرئەوەی ( یەزید) ی کوڕی (معاویە) وەك کارێزمایەك ئامادەگیەکی بەرفراوانی هەیە لە دەقە ئایینییەکانی ئێزیدیدا، بۆیە دوور نییە(ی)ـ خاوەنێتی بۆ ناوی( یەزید) زێدەکرابێت لەلایەن شیعە نەیارەکانی ئێزیدیەکان بە " یەزیدی" ناو زەدکرابن، خودی ئێزیدیەکان لەسەر بنەمای کەلتوریو مێژوویی‌و فۆبیای دژە ئێزیدی لەهەر سەردەمەو یەکێ لەو دوو زاراوەیان پەسەند کردبێت.

## کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان

لە کەلتوری ئێزیدیاندا ئاماژە بەسێ کتێبو چەند دەقێکی ئایینی دەکرێ، هەریەك لەم دەقانە زۆر مشتو مڕ هەڵدەگرن، چونکە ئەم دەقانە ئەمڕۆ لە بەردەستن لە نەزەری هەندێ توێژەری ئێزیدی یان غەیرە ئێزیدی ژێدەری سەرەکین بۆ شرۆڤەکردنی باوەڕی ئیزیدیەکان، لە تێروانینی هەندێ توێژەری دی بەتایبەتی ئێزیدیەکان ئەو کتێبانە جێگەی متمانەنین، ئەوە زیاتر باوەڕی ئەو توێژەرانەیە کە باوەڕیان بە یەکتاپەرستی ئێزیدیاتی هەیە.

وا بە چاك دەزانین کورتە پێناسەیەکی ئەم دەقانە بکەین، لەپاشان لەرۆڵی ئەم دەقانە بکولێینەوە ئاخۆ تا چ رادەیەك گرنگیان هەیە لە بارەی زمانناسییەوە.

### یەکەم

### جیلوەو مەسحەی ڕەش

هەرچەندە ئەم دوو کتێبە" لەیەك جودان، بەلام لەبەر ئەوەی زۆبەی توێژەران بەیەکەوە ناویان هێناون، ئێمەش بەیەکەوەیان دادەنێنن. لە توێژەرە کوردەکان وەك شاکر فەتاحو د. ڕەشاد میرانو د. جەمال نەبەزو هەژار موکریانی باوەڕیان وایە کە ئێزیدی دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە ئەویش جلیوەو مەسحەڤ ڕەشن. د. ڕەشاد لە





رەوشی ئایینیو نەتەوەیی دەنووسێ: " ئێزیدیەکان دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە (جیلوەو مەسحەڤ ڕەش) ، ئەوەش راستیەکە ئێزیدیەکان خۆیان سەرجەم لێکۆلەرەوان دانی پێدادەنێن، نووسەری سۆڤیەتی ( گ. ئا. شپاژینکوف)ی لێ دەرچێ کە لە خۆوە بەبێ بەڵگە کتێبێکی تریشی بۆ زێدەکردوون بەناوی" مەسحەفا ئافەرین" د. جەمال نەبەز دەنووسێ، کە ئێزیدیەکان دوو کتبێی پیرۆزیان بەزمانی کوردی هەیە ئەویش مەسحەفا ڕەشو جەلوە ( سروش)ن، هەروەها هەندێ ئایەتی پیرۆزیان هەیە کە پێ یان دەوترێ " ئەقوال"، ئەوەش بەزمانی کوردین، ئەوان ژێدەری بە بەهان بۆ تێگەیشتن لەهەقیقەتی ئەم دینە، هەژار موکریانی لە چێشتی مجێور دەنوسێ: " یەزیدی خۆیان دەڵێن دوو کتێبی عاسمانیان هەیە کەیەکیان " مەسحەفا ڕەش" ئەوی تر " جلوە"یە.

دەبێ کێ ئەم کتێبانەی نووسی بێ؟ کتێبی ئاسمانین یان دەستکردی مرۆڤن؟باسی چی دەکەن؟ بە چەند زمانێ نووسراون؟ لەگەڵ یەك کۆکن یان هەڤدژن؟ دەگەڵ باوەڕی ئێستای ئێزیدیاتی کۆکن یان ناکۆکن؟ ئەمانە کۆمەڵی پرسیارن پێویستیان بە وەڵام هەیە، عزەدین باقەسرێ ی سەرنووسەری لالش بەرپرسی یەکەمی بنگەهی لالش لەسەر پرسیاری یەکەم دەنووسێ: لەبارەی نووسەرانی جیلوەو مەسحەفا ڕەش رای جیاواز هەن، هەندێ دەڵێن شێخ حەسەن هەردووکی نووسیوە، هەندێکی تر دەڵێن شێخ ئادی(عودەی مسافیر) هەردووکی نووسیوە، هەندێکی تر دەڵێن شێخ حەسەن جیلوەی نووسیوەو شێخ ئادی مەسحەڤ ڕەشی نووسیووە، ئەو جیا رایانە لە ئاکامی بەردەست نەبوونی دەقی ڕەسەنی جیلوەو مەسحەڤ ڕەش سەریان هەڵداوە. E.s. Drower لە کتێبی تاووس مەلیك بەبێ ناوهێنانی نووسەرانی جیلوەو مەسحەفا ڕەش مێژووی نووسینیان ئاوا دادەنێ: جیلوە 1161، مەسحەفا ڕەش 1342 لەم روانگەیەوە بەهیچ جۆرێ نابێ شێخ ئادیو شێخ حەسەن مەسحەفا ڕەشیان نووسی بێ ، چونکە لەم مێژووەدا کەسیان لەژیاندا نەمابوون،

هەروەها بە گوێرەی هەندێ ژێدەر شێخ ئادی لە ساڵی 1160 مردووە، کەواتە نابێ " جیلوە"شی نووسی بێ، ئەو ژێدەرانەی لە بەردەستم دان تەنیا دوویان ئاماژە بەوە دەکەن کە جیلوەو مەسحەفا ڕەش کتێبی ئاسمانی بن، هەژار لەزاری ئێزیدیەکان دەنووسێ: یەزیدی دەلێن دوو کتێبی عاسمانیمان هەیە"

هەروەها لە مژدەها ڕۆژ کە بە قسەی ئەنوەر مایی ئەم کتێبە لە نووسینی شێخ حەسەن داسنییە وا هاتووە خوای گەورە پاش ئەوەی " دە پێ هەیێو نەبێ ـ اللواح المحفوظ" دروست کرد پفی پێداکردو ناوی" جیلوە"ی هەڵبژارد بۆ ئومەتی ئێزدی".

زۆربەی توێژەران جیلوەو مسحەڤ ڕەش بە کتێبی مرۆڤکردە دادەنێن،هەندێ توێژەری ئێزیدی بوێرانە دەنووسن جیلوەو مەسحەڤ ڕەش لە ئاستی ئەوەدانین کە کتێبی دینی بن، چونکە یەکەمیان تەنیا سێ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندیەو ئەوی تر تەنیا حەفت لاپەڕەیە.

هەژار لە بارەی زمانی جیلوەو مەسحەڤ رەشە وا دەنوسێ: " دەڵێن مەسحەفا ڕەش کرمانجیە، بەلام جیلوە کەی من دیومە بە عارەبییە" د. سامی سەعیدو ئەفستاس دەنووسن کتێبەکانی ئێزیدیان بەزمانی کوردی بوونە، بەگوێرەی مژدەها ڕۆژیش دەبێ جیلوە بەکوردی بووبێ، چونکە بۆ نەتەوەی کوردی هاتووە، شاکر فەتاحیش دەقی جیلوەو مەسحەڤ ڕەشی بەکوردی بڵاوکردۆتەوە.لە نەزەری قەناتی کوردۆش دەبێ نووسەری جیلوەو مەسحەڤ ڕەش کورد بووبێ، بەڵام قەناتی کوردۆ و عیزەدین باقەسرێ هەردوو دان بەوەدا دەنێن کە هەردووک بە دیالیکتی ناوەڕاستـ سۆرانی نووسراون نەك کرمانجی کە دیالێکتی ئێزیدیانە، دەقەکەی کەرملی کە لە دیباچەیەکو پێنج بەش پێکدێ، بە کوردیەکی شێوازی سۆرانی نووسراوە، هەروەها ئەودەقەی بە ئەلف بێی ئێزیدیش هەیە کەس تێی ناگات!و د.بیتنەر دەنووسێ: من لەو باوەرەدام کە یەکەمجار، لە سەرەتادا،دوو تێکستەکە بە پیتی فارسی–عەرەبی نووسراون ئنجا بەو پیتە تایبەتییە ئێزدییە نووسراونەتەوە!!





چەند نموونەیەك لە زمانی جیلوە کە کەرملی بڵاوی کردۆتەوە:ـ

**دیباجە**

**1ـ اوی لەپێش همو خلق بووە ملك طاووسە**

**لەبەشی یەکەم**

**دروستو نادروست دیارە امانە تاقی کراوەتەوە**

**لەبەشی دووەم**

**کسیش دخلی نییە بسروە**

**رنجو نخۆش دینم بسر اوانی**

**کە رقەبری لکل من دکن.**

**بەشێ پێنجەم**

**زاتو صورتم ماقول بکرن چونکی اوانی لە فکرتان چوتوە لە أیینی من بیادتان دینی.**

**کتێبی جیلوە برایوە.**

ئەمەو لە نەزەری توێژەری تر جیلوە و مەسحەفا ڕەش بەزمانی غەیرە کوردی نوسراون: عەباس عەزاوی دەنووسێ: " جیلوە بەدیالێکتی عەرەبی عێراقی نووسراوە"، نوری بەگی والی موسلیش دەنووسێ: ئەوەی جیلوەی داناوە رەبەنێکی نەستوری بووەو لە دێر ئالقوش هەڵاتوەو بەروالەت موسڵمان بووە، لەپاشان هەڵگەڕاوەتەوە بۆتە ئێزیدی". بێ گومان ئەگەر جیلوەو مەسحەڤ ڕەش بەکوردی سۆرانی نووسرابن، یاخود بە عەرەبی عێراقی یاخود بە سریانی، ئەوە هیچ مشتو مڕێك دەرفەتی نابێ لەسەر ئەوەی کەئەگەر جیلوەو مەسحەفا ڕەش هەبووبن، ئەوا غەیرە یەزیدی نووسیویانن، چونکە ئێزیدی نە سۆرانی دەزاننو نەعەرەبیو سریانی.

د. رشاد میران ئاوا باسی ناوەڕۆکی جیلوەو مەسحەفا ڕەش دەکات"جیلوە ئامۆژگاریەکانی خوای بۆ یەزیدیانو حەڵاڵو حەرامو سزاو پاداشتنی بۆ دیاری

کردوون، هەروەها هێزو توانای خالیقو سیفاتەکانی نیشانداون، کەچی مەسحەفا ڕەش باسی خەلقی دنیاو نەژادو رەچەڵەکی ئێزدیان دەکات"

هەژاریش دەنووسیٚ " مەسحەفا ڕەش لای بابەشێخە، ئەگەر لە سندوق بێتە دەر تاعون هەمووکەس قڕ دەکا، جیلوەم دیوە، چەند حیکایەتێکی کەراماتی شێخ هادی یە کە لەزۆر کتێبی باسی مەشایخان دا خوێندومنەوە " مەعسوم مایی لە پێشەکی کتێبی مژدەها ڕۆژ دەنووسیٚ من باوەڕم وایە هەرگیز کتێبێك نییە بەناوی " مەسحەفا ڕەش" بەلام ئەوەی هەیە" مژدەها ڕۆژە".

ئەگەر جیلوەو مەسحەفا ڕەش وەك جەلیلی جەلیل بۆی دەچیٚ هێندە بیرۆزو بە بەهابن لەرووی باوەڕی ئێزدیایەتی یەوە، ئەوا دەبیٚ لەگەڵ یەکدا تەبابن نەك یەك یەکێکی تری رەتبکاتەوە یان بەدرۆبخاتەوە، د. ڕەشاد میران لەبارەی چاپە جیاجیاکان جیلوەو مەسحەفا ڕەش بەزمانی جیا جیا بۆ نووسینی کتێبەکەی ئاوا باسیان دەکات:

"دەقی کودری بەزمانی کوردی لەلایەن شاکر فەتاحەوە، دوو دەقی بەزمانی عەرەبی هی سەعید دێوەچیو سامی سەعید ئەحمەد، دوانیش بە زمانی رووسی لەلایەن ئا.ئا. سمینۆڤو ئۆ. ڤیلچتمشکیەوە...هەموو ئەم دەقانە وەك یەك نینو جیاوازی و ناکۆکیان لە نێواندا هەیە"

مەعسوم مایی، کەلە ئەرشیفی باوکیدا دوو دەقی جیلوەو مەسحەڤ ڕەشی لایە، ئەم دوو دەقە بە زمانێکی عەرەبی شڕ لە کوردییەوە وەرگیراون...هەروەها مایی دەڵیٚ پێناچی ئەم دوو دەقە بە ئەمانەتەوە وەرگێڕداربنو ئەوەی بەدڵی وەرگێڕ نەبیٚ لادراوە، لەهەندیٚ شوێنیش هەندیٚ شت زیاد کراوە کە دیارە هی وەرگێڕەکانە، نەك دەقەکان خۆیان". مەلەك تاووس لە میسۆلۆژیای ئێزیدیاتیدا کڕۆکی ئایینەکە پێکدێنیٚ. لەدیدی جەمال نەبەز مەلەك تاووس یەکیٚ لە حەوت فریشتەکەیە، هەروەها ئەو فریشتەیە کەخوای گەورە ناردوویەتی خوارەوەو یەکەم گیانلەبەرە کە خوا





خەلقی کردووبیٚ...... تاووسیش ئەو باڵندە ناسراوە نییە، بەڵکو واتای پەروەردگار دەدا".

لەجیلوەدا مەلەك تاووس فریشتە نییە، بەڵکو خۆی خوایەو هەمیشە هەر هەبووە، بەڵام لە مەسحەفا ڕەشدا مەلەك تاووس بەفەرمانی خوا هەتاوی خەلق کردووەو خۆی بووە بەخواوەندی هەتاو"

ئەم دوو دەقە نەك هەر هەڤدژن لەگەڵ یەك، بەڵکو لەگەڵ باوەڕی ئێزیدیاتیش تێك ناکەنەوە، عیزەددین باقەسریٚ، خدریٚ سلێمانوخەلیل جندی ، کە هەرسێکیان توێژەری ئێزدین باوەڕیان وایە کە ئەم دوو دەقە دەقی متمانە پێکراو نین، چونکە دەقەکان جیاوازیان لەنێودا هەیە، هەروەها بەهیچ جۆریٚ دەگەڵ قەولی ئێزدیان تێك ناکەنەوە، ئەحمەد تەیمور پاشاش دەنوسیٚ :" گومانی تێدا نییە کە ئەم جیلوەو مەسحەفا ڕەشە ئەوە نین کە شێخ حەسەن نووسیویەتی ئەو مرۆڤە زۆر عاقلە نابیٚ ناکریٚ شتی ئاوا خراپ بنووسیٚ".

**دووەم**

**مژدەها ڕۆژ**

ئەنوەر مایی لە" الاکراد فی بهدینان" دا دەنووسیٚ کە کتێبی "مژدەها ڕۆژ" شێخ حەسەنی داسنی لە ساڵی 1246 مردووە) نووسیوویەتی، ئەم کتێبە لە( 42) بەش پێکدیٚ، 18 بەشی یەکەمی بەشێوەی پەخشان نووسراوە(25) بەشەکەی تر بەزمانی شیعری سرود دارێژراوە. بەقسەی ئەنوەر مایی ئەم کتێبە بە زمانی کوردی کرمانجی هەکاری نووسراوە. ئەم کتێبە لەزۆر رووەوە لە جیلوەو مەسحەفا ڕەش جودایە، ئەم کتێبە، بێجگە لەوەی باس لە یەکتاپەرستی دەکا، ئەوا کۆمەڵیٚ بابەتی تری لەخۆوە گرتووە، وەك ئافراندنی بوونەوەر، دەپیٚ هەبیٚو نەییٚ، فریشتەو ئەرکەکانیان....هەروەها لەم کتێبەدا ناوی چەند پێغەمبەرێك هاتووە وەك ئادەم، نووح، ئیبراهیم، موساو ئەیوبو یوسفو زەردەشت، هەروەها ناوی چەند کەسانێکی

گرنگ لە مێژوودا هاتووە، وەك كۆرش، ئەسكەندەر، لوقمانی حەكیم، حەمۆرابی، وێرای ئەمانە كتێبەكە زیاتر جەخت لەسەر بیرو باوەڕو سرووتە ئایینییەكانی ئێزدیاتی دەكات.

## چەند سەرنجێك لەبارەی مژدەها ڕۆژ

دەقە كوردیەكەی مژدەها ڕۆژ هەر تەنیا ئەنوەر مایی بنیویەتی‌و كردویەتی بە عەرەبی، ئەمەو هەتا مەعسوم مایی كوڕی ئەنوەر مایی كە پێشەكی بۆ (مژدەها ڕۆژ) نووسیوە دەقە كوردیەكی نەبینیووەو سەعید دێوەچی‌و عیزەددین باقەسرێو سەعید سلۆ ...هتد زانیاریەكانیان هەر لەوسەرچاوەیەوە وەرگرتووە، ئەمەو ئەوە نەبێ عیزەددین باقەسرێ دەنووسێ كە مژدەهای ڕۆژ" 43" لاپەڕەیە، بەڵام دەقەی مەعسوم مایی بەعەرەبی بڵاو كردۆتەوە 142 لاپەڕەی قەبارە مامناوندیە، مەعسوم مایی لە پێشەكی مژدەهای ڕۆژدا دەنووسێ مەسحەفا ڕەشە بوونی نییە، ئەوەی هەیە مژدەهای ڕۆژە، مەسحەفا ڕەش واتای ئەوە نییە كتێبەكە ڕەشە، لە نەزەری سەعید دێوەچی پەرتووكی مژدەها ڕۆژ هەر پەرتووكی جیلوەیە، سەعید سلۆشی دەنووسێ: " مەسحەفا ڕەش، مەسحەفا ڕۆژو مژدەها ڕۆژ لە بونیاد یەكن، ئەوە نەبێ جیلوە دەربارەی سۆفیگەریە، من باوەڕ ناكەم هەرسێ جیلوەو مەسحەفا ڕەش‌و مژدەها ڕۆژ یەك بن، چونكە یەك مژدەها ڕۆژ لەرووی باوەڕییەوە زۆر جودایە لەگەڵ جیلوەو مەسحەفا ڕەش، هەروەها جیلوەو مەسحەفا ڕەش بە هەردووكیان تەنیا دە لاپەرەن، ئەمەو مژدەها ڕۆژ زۆر تەعبیر لە ئێزیدیاتی دەكا، لە نەزەری من، ئێزدیاتی باوەڕێكی ئەنتۆدینییە، بەواتای دین‌و نەتەوەیە ئەمەش لە جولەكایەتی نزیكە، لەدەقی مژدەها ڕۆژ ئەم دیاردەیە بەرچاو دەكەوێ چەند لە بیرۆزكردنی لالش‌و دەوربەری و گەڕاندنەوەی موسا پێغەمبەر.لەوێ موسا پاش ئەوەی قیبتی دەكوژێ رادەكا و دێتە لالش‌و لەوێ زەردەشت دەبینێ، لەوێ زەردەشت پێغەمبەر فەرمانی بەسەردەكا كە حەفتا ڕۆژ لە سەر یەك بەڕۆژووبێ، زەردەشت لێی خۆش





دەبێ‌و خوای گەورەش لێی خۆش دەبێ‌و تۆبەی لێ قەبوڵ دەكا" لە مێژوو، لەقورئاندا پێچەوانەی ئەمە هەیە، لەمێژوودا ئاماژە بەوە نەكراوە زەردەشت‌و موسا پێغەمبەر یەكتریان بینیبێ ، زەردەشت‌و موسا پێغەمبەر لە لالش بووبن، لە قورئانیشدا ئاماژە بەوەكراوە كە موسا پێغەمبەر كەسێك دەكوژێ‌و رادەكا، بەڵام لە سەرچاوەكان باس لەوە دەكرێ كە ئەو دەچێتە لای " شوعەیب" پێغەمبەر، شوینی شوعەیب پێغەمبەریش زۆر دوورە لەلالش.

ئێزیدییەكانیش لەسەر چەند بنەمایەك باوەڕیان بە مژدەها ڕۆژ نییە، لەوانە:

1ـ مژدەها ڕۆژ هەر بوونی نییە، ئەنوەر مایی لەبەر ئەوەی ماوەیەك لەگەڵ ئێزیدیان ژیاوە ئەو هاوسۆزیە پاڵی پێوە ناوە شتێ بەناوی " مژدەهای ڕۆژ" بنوسێ.

2ـ عیزەدین باقەسرێ وەك باوەڕی بە جیلوەو مەسحەفا ڕەش نییە، ئەوهاش باوەڕی بە موژدەهای ڕۆژ نییەو ناكرێ وەك دەقێكی دینی لەبارەی باوەڕی ئێزیدیاتی ئاماژەی پێ بكرێ ئەمەو ئەم كتێبە هەڤدژی لەگەڵ دەقە ئایینییەكانی ئێزدیاتی هەیە.

3ـ لە مژدەها ڕۆژ ناوی هەندێ كەسایەتی هاتووە كەلە مێژووی ئێزیدیاتی بوونیان نییە.

4ـ شێخ حەسەنی داسنی نووسەری مژدەها ڕۆژ لە ساڵی 1246 مردووە، كەچی لەمژدەها ڕۆژ هەندێ وشە هەن لە زەمەنی عوسمانییەكاندا هاتۆنەتە ناو زمانی كوردی وەك وشەی" فرمان"، ئەم وشەش لەدیدی ئێزیدیاتی بە هێمای قڕكردن‌و ماڵوێرانی دێ.

5ـ سرودەكانی مژدەها ڕۆژ،كە (دە) بەشی دواوەی كتێبەكە پێكدەهێنن، لە قەولی ئێزیدیان نوێترن، هەروەها لە هەڵبەستەكانی كلاسیكی كوردیش نوێ ترن.

لە دیدی د. ڕەشاد مەسحەفا ڕەش، هەروەها رەنگە جیلوەش لە سەدەی نۆزدەهەم نووسرابن، بە باوەڕی من ئەگەر مژدەها ڕۆژ لە سەدەی بیستەم نە نووسرابێ، ئەوە

لەوانەیە لە سەدە نۆزدەهەم نووسرابێ.چونکە زمانەکە و ناوەڕۆکەکەی ئەوە دووپاتدەکەنەوە !

### سێیەم

### تێکستە ئایینییەکان

تێکستە ئایینییەکانی ئێزیدیان بریتین لە دوعاو قەولو بەیتو قەسیدە، ئەم بەشە لە کەلتوری ئایینی ئێزیدیەکاندا ڕێ پێ نەدراوە غەیرە ئێزیدی هەتا کوردیش بێ، بەڵام ئێزیدی نەبێ، شتی لە بارەوە بزانێ، لە نەزەری خۆیان ئەمە کرۆكو شەنگەستو بنەمای ئێزیدیاتی پێکدێنێ، لە بارەی دوعاوە – پەروەستە، خدرێ سلێمانو خەلیلی جندی باوەڕیان وایە کە ئەوانە خاوەن ناسنامەیەکی ئەدەبی دیاریکراو یان سەر بە ژانراێکی ئەدەبی ورد وەك هۆزان یان پەخشان نین، چونکە هەردوو رەگەز لەخۆ دەگرن و لە پەخشانە شیعر دەچن، لە ڕووی ناوەڕۆکەشەوە، جەلادەت بەدرخان دەنوسێ کە دوعا بریتییە لە نوێژی بەیانی، نوێژی ڕۆژهەڵات، نوێژی مردیان، پاشنوێژ.

جەلادەت، بەشێك لە دوعای ڕۆژهەڵاتنێ ی لە کتێبەکەیدا وا بڵاوکردۆتەوە:

**یا ڕەبی تۆ هەیی ئەز نیم**

**تو ڕەحمی ئەز گونەهم**

**تو خودان حەقی ئەز بەندەم**

**تەنە جووناتۆبێ چەندی**

**تەنا بەژنا تۆبێ بڵندی**

......................

**یا ڕەببی توو نەمینا مەدکەی دبێژی**

**یا ڕەببی توو وەلیێ فەرزا نقێژی**





د. محەمەد بەکر لە بارەی کێشی ئەم دوعایەوە، شرۆڤە کردنێکی ئەنجامداوە و دەرکەوتووە کە دێرەکانی ئەم دوعایە پابەند نین بە کێشێکی دیاریکراو، چونکە ژمارەی بڕگەکان لە دێرەکان یەکسان نین، لە نەزەری د.محەمەد ، ئەم دوعایە پەخشانێکی ریتمیە Prose Rhythm . ئەمەو لە رووی ناوەڕۆکەوە لە دوعایەکی کلاسیکی شاعیرانی کورد دەچێ، چونکە زۆر وشەی" قورئانی ـ عەرەبی" لەخۆ دەگرێ ئەمەش ڕێی تێ دەچێ کە ئەمە لەژێر کاریگەری دوعایەکانی موسڵمانانی کورد داڕێژرابێ.

لە قەوڵو بەیتەکانی ئێزیدیاندا، ***هەمەلایەنی ئاینی*** وە بەرچاو دەکەوێ، بەواتای وێرای نوێژو دوعاو کردەوەی چاکە ئەوا ئاماژە بە هەندێ ڕەوشی ئاکاری کۆمەڵایەتی دەکرێ، ئەم قەولەی خوارەوە، کە دەگوترێ لەسەردەمی شێخ فەخری ئادیایی چەرخی دوازدە نوسراوە، ئەم قەولەش ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراوی نییە زیاتر لە هۆنینەوە دەچێ، لەمەشدا زۆر وشەی عەرەبی هەیە ئەمەش ئەو رایە رەتدەکاتەوە کە ڕەگو ریشاڵی ئێزیدیاتی دەگەڕێتەوە چاخەکانی بەر لە زایین. ئەم قەولە زۆر درێژە شێوەی داڕشتنەکەی بەزۆری لەسەر شێوەی سێ نێوە دێری هاوسەروایی داڕێژراوەو لە هەندێ شوێنیش بەتایبەتی لە دەسپێکدا بە شێوەی چوار نیوە دێری هاوسەروایی داڕێژراوە.

### قەولی شەق سەری:

**ژ قەولی شەق سەری**

**نەسیحەتیت ڤی باب زەری**

**گا مێڤان هاتو مدری**

**جایزە ژ پێشڤە ب شکری**

**وە کازی ژ دەست بگری**

**نەکو بە چاڤەکی بە کەنی بنێکی بگری**

**وەکی هەفت مری ژ مال مری**

**ل سەر مالخویێ مالا وە فەرزە**

**گاڤا مێڤان هات ژ دەرڤە**

**حایزە رابی ژ بەر ڤە**

**نەکو ئێکی نەخووندی بێت ب سەرتە**

**ژ شێخ فەخر بگری شیرەتا**

**ئەدەبو ئیڤین و کەرامەتا**

**دا ل دنیێ بژین ب سەلامەتا**

ئەم قەولەش لەرووی زمانەوە وەك دەقێکی کلاسیکی کوردی وایە، پەیڤی عەرەبی دینی لەخۆ گرتووە، وەك" نەسیحەت، جایز، فەرز، ئێڤین، کەرامەت،..."

هەروەها ئەمەش لە پەخشانێکی ریتمی دەکا، چونکە لە بواری کێشناسیەوە پابەندنییە بە کێشێکی تایبەتەوە. شیخ عەلۆ شێخ خەلەف، دەقی قەولێکی دی بەناوی " سلاڤێت مەلك فەخرەدین" بڵاوکردۆتەوە ئەم قەولە لە"36" سێ نیوە دێری هاوسەرواو دوو نیوە دێری هاوسەرواو کۆپلەیەکی پێنج نیوە دێری سەروا جیاوازو یەك نیوە دێر پێکهاتووە، نموونەیەك لە سێ نیوە دێری هاوسەروا:

**ب رێیا خودێ ببن خەبیر**

**شیرەتا یارو برێت ئافرەتێ مەکەن ژ بیر**

**دال ئافرەتێ بێژنەوە پیر**

نموونەی دوو نیوە دێری:

**سدقو سەنا سندروکو پەربێت زێرینە**

**غا فلا بەهرتێ نینە**

نموونەی پێنج نیوە دێری:

**مەلك فەخرە دین گۆ:**

**دلێ من ناترسە ژ ڤی قەولی**

**بای هاتو بر تۆزێ و خزامی**





**کریارا مەو حازرو گوهدێرا هەبە ل ڤی خەولی**

**لوێ رۆژێ ل وێ مەهدەرێ**

دوا نیوە دێر بەم شێوەیە:

**ئەم دکێمین و خودێ بی تەمامە**

لە گۆڤارەکانی " ئێزیدیاتی" و" لالش" هەندێ قەولو دوعاو بەیتی دی بڵاوکراینەوە، زۆربەیان هەمان دارشتنیان هەیە، ئەوە نەبێ هەندێ ناوو وشەو دەستەواژە لە قەولێ خوێنێکەوە بۆ قەول خوێنێکی دی جیایە. لە نەزەری هەندێ ئێزیدی ئەم تێکستە ئایینی ینانە ژێدەری سەرەکی باوەڕی ئێزیدیاتی پێکدێنن.

لە نەزەری ئێمە، ئەم دەقانە دەقاو دەق هەڤدژن لەگەڵ جیلوەو مەسحەفا ڕەش لە لایەن باوەڕیو زمانەوە، زمانی جیلوەو مەسحەفا ڕەش لەزمانی دینی ناچێ لەلایەك رستەکان دارشتنیان نارێکەو پەیڤەکانیش ئەگەر هەندێ کوردیش بن، ئەوا زمانی دینی شێوە زاری ئێزیدی نین، بەلام ئەم دەقانە چ لەرووی ناوڕۆکە یان شێوە دارشتنیان لەگەڵ دەقە شێوە شیعریەکانی میژدەها رۆژ لەیەك نزیکن.

## ئێزیدیاتی و زمانی کوردی

ئەگەرچی جیلوەو مەسحەفا ڕەش بە زمانێکی کوردی پاراو نەنووسراون، هەروەها گومان لەو زمانەش دەکرێ کە سەرەتا پێی بڵاوکرابێتەوە. ئەگەر ئێزیدیەکانیش بانگاشەی ئەمە بکەن کە جیلوە بەکوردی لەلایەن خواوەخەڵاتی ئێزیدیان کراوە، کەس ئەم دەقەی نەبینیوە، ئەم جۆرە قسانە لە ناو "کەلتوری بنەچەی زمانی یەکەم و زمانی خودا و ئادەم" ی زۆربەی گەلان هەیە. هەرچەندە شاکر فەتاح بانگەشەی ئەوەدەکا کە جیلوە کتێبێکی ئاسمانی بێ، بەڵام هەر خۆی دەنووسێ " من لەو باوەڕەدام کە ئەبێ لەسەرەتا نوسراوی (مەسحەفا ڕەش) (جیلوە) بووبێ و(جیلوە)ش، (مەسحەفا ڕەش)، چونکە ناوڕۆکەکانیان پێچەوانی ناوەکەیانە، دوورنییە هەردووکیان دووبەش بوون لە نووسراوێکدا" ئەمەو شاکر

فەتاح دەقە کوردییەکانی جیلوەو مەسحەفا رشی بەدەست نەکەوتوون، بەڵکو هەردوو دەقکەکەی لە کتێبەکەی سەدیق دەمەلوجی وەرگرتووە.

هەندێ توێژەری ئێزیدی، کە باوەڕ بە جیلوەو مەسحەفا ڕەش ناکەن و لە ژێدەرێکی باوەرپێکراو بۆ دیراسەکردنی باوەڕی ئێزیدیاتی، لە روانگەیەکی زمانەوانییەوە دەقی مەسحەفا ڕەش رەتدەکەنەوە، چونکە بەشێوازی سۆرانی نووسراوە.

د. جەمال نەبەز سەربردەی هەردوو دەقەکەو دۆزینەوەو بڵاوکردنەوەیان بەکوردیو بەعەرەبیو ئەڵمانی وا باس دەکات:ـ

" زانای زمانەوانی بەناوبانگی نەمساو ئەندامی کوڕی زانستی شاهانە لە ڤیەننا، پرۆفیسۆر ماکسیمیلیان بیتنەر لە ساڵی 1913 دا هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی یەزیدیەکانی بەکوردی بە عەرەبیو وەرگێڕانی ئەڵمانییەوە بڵاوکردۆتەوەو لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییانەی یەکجار قووڵی لەسەر نووسیوون، ئەم تێکستانە گوایە کاتی خۆی کوردێکی زیرەكو وریا کە بەدرۆی خۆی کردووە بە یەزیدی، بە ئەنستانس ماری ئەلکەرمەلی" فرۆتووە.

کەرمەلی ئەم تێکستانەی بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری Anthropos بڵاوکردۆتەوەو بەلێدوانیکەوە بەزمانی فەرەنسی، بێتەریش لە گۆڤاری ناوبراودا تێکستەکانی وەرگرتووەو گۆڕیونی بۆ ئەڵمانی وە جارێکی تر بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییەوە بڵاوی کردوونەتەوە."

جەمال نەبەز لە دوو جێدا زۆر پەسەندی زمانی جیلوەو مەسحەڤ ڕەش دەکاو دەنووسێ: جیلوەو مەسحەفا ڕەش دووکتێبی پیرۆزن رۆڵی خۆیان هەبووە لەزمانی کوردیدا...لە جێیەکی تر دەنووسێ: بڵاوکردنەوەی کتێبە پیرۆزەکانی یەزیدیەکان شەست ساڵێك لەمەوبەر ( ئەمە ڕای ساڵی 1974) بەزمانێکی کوردی رەوانی جوان، خزمەتێکی گەورەیە بە کولتوری نەتەوەی کورد".باوەڕ ناکەم د. نەبەز نە ئەو دوو دەقەی دیت بێت نە لێکدانەوەکەی د. بیتنەر،چونکە بیتنەر ئێزیدی بە "شەیتانپەرست" دادەنێ هەروەها دەربارەی زمانی ئەو دوو دەقەش ڕای ماریێ





دەنووسێ:" ئەو زارەی من لێرە بە یەزیدی دادەنێم کە تێکستەکەی پێ نووسراوە، جیاوازە لەو زارە یەزیدییەی کوردەکان پێی دەدوێن.... بیتنەر ئەم رایەی ماری رەتدەکاتەوە و دەنووسێ: ئەو زارە ئێزیدییەی ئێمە لەو دوو زارەی سلێمانی و موکری نزیکە.." ئەمەو بیتنەر کۆمەڵێ هەڵەی ڕێنووس و لێکسیکی دیارکردووە. لە دیدی زۆربەی توێژەران زمانی ئەم دوو تێکیستە زمانێکی زۆر شڕە بە جۆرێ هەندێ گومانی ئەوە دەبەن کە نووسەری ئەم دوو تێکستە نە کورد بن نەعەرەب چونکە هەتا عەرەبیەکەشیان زۆر بەربادە. هەر د.بیتنەر لە بارەی زمانی عەرەبی ئەو دوو دەقە دەنووسێ:"ئەو شێوازە عەرەبییانەی لە تێکستەکاندا بەکارهاتوون شێوە و شێوازی کلاسیکی عەرەبی نین ، بەڵکو تێکەڵاو و ئاوێتەی عەرەبی نووسین و عەرەبی قسەکردنن.." سەبارەت بە ئەلفو بێ کەشیان ئەوانە پەیڕەوی ئەلفو ێی عەرەبی دەکەن بەهی کوردی.

لێرەدا دەگەینە ئەم راستییەی کەئەوەندەی دەقەکە لە نەزەر ئەوروپییەکان گرنگ بوو زمانەکە هێندە گرنگ نەبووە، باوەڕی دوو کتێبەکەش کە هەم دەگەڵ یەك هەڤدژن، ئەوا لەگەڵ قورئانی پیرۆزیش ناکۆکە، بۆیە هەر لە بەرای سەدەی نۆزدەهەمەوە بەدەیان نووسین لەسەر هەردوو نووسراوەکە بڵاوکرانەوە، لەوانە: مستەر ئیف فریس 1839 م ب، بادگەر 1842، ئی. هـ. لایارد 1849، 1853 ، هۆگۆ مەکەس 1900، فرایزەر 1911، سۆن 1912، ماکسیمیلیان بیتەر 1913، ویگرام 1914، هـ. ر. درایۆر 1917، ئای، جۆزیف 1919، بی. هـ. سپرنکت 1922. ئەمەو بەدەیانو سەدانی تر لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئێزیدیاتی ئەنجامداوە.

لەبەرئەوەی مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە زیاتر لەبارەی زمانناسییە، لەو پێودانگەوە زمانی ئەم دوو نووسراوە لەو بارەیەوە هیچ رۆڵێکی ئەوتۆیان لەسەر زمانناسی کوردیدا نەبووە، بەڵکو تەنیا بوونی دوو نووسراوەکە نووسەرانی کوردو غەیرە کوردی هانداوە زیاتر لە ئێزیدیاتی بکۆڵنەوە. بەواتایەکی تر رۆڵی جیلوەو مەسحەفا ڕەش لەزمانناسی کوردیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆیە رۆڵەکەیان لەوەدایە

کە لێرەو لەوێ لە زمانی زیندووی ئێزیدیان بکۆڵدرێتەوە نەك خودی زمانی دوو نووسراوەکە، هەردوو هەوڵەکەی هۆگۆ مەکەس‌و بیتنەر لەو بارەیەوە شایەنی ئاماژە پێکردنن، هۆگۆ مەکەس لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەی لەبارەی زمانی کوردییەوە لەبەر رۆشنایی شێوەی کوردی دیاربەکرو شێوەی ئێزیدیەکان ئەنجامداوە.
ئەم بەرهەمەش لەساڵی 1900 لە هایدلبەرگ بڵاوکردۆتەوە، پرۆفیسۆر ماکسیمیلیان بیتنەر لەساڵی 1911 لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی جیلوەو مەسحەفا ڕەش نووسیوە هەروەها کورتە شرۆڤەیەکی لە سەر هەر دوو دەقەکەوە ئەنجام داوە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی کەزیاتر مژدەها ڕۆژ دەگەڵ باوەڕی ئێزیدیاتی دەسازێ، کەچی توێژەران هەندە گرنگییان پێ نەداوە. ئەگەر چی غەیری ئەنوەر مایی کەس ئەم دەقەی نەبینیوە، ئەویش دەگوترێ ئەم دەقەی کردۆتە عەرەبی، بەڵام بەشی دواوەی کە لەسەر شێوەی پەخشانی ریتمی دارێژراون، کوردییە، بەشی یەکەم کە بەناوی سرودی ئادەم‌و حەوایە لەشەش بەش پێکدێ، هەر هەموو لەسەر شێوەی چوارینی هاوسەروا دارێژراون، بەشی دووەم، سرودی ڕووناهی، لەحەوت بەش پێکدێ لەسەر شێوەی چوارینە، بەڵام سەروای نیوەدێری یەکەم‌و سێ یەم‌و دووەم‌و چوارەم هاوسەروان. بەشی سێ یەم، پێنج بەشە لەسەر شێوەی پێنج خشتەکی هاوسەردا دارێژراون بەشی چوارەم لە حەوت بەش پێکدێ، چوارینەیە بەڵام سەروای نیوەدێری یەکەم و دووەم‌و سێ یەم وەك یەکن کەچی نیوە دێری چوارەم لەهەموو بەشەکاندا هاوسەروان. بەشەکانی تر لەسەر شێوەی تر دارێژراون.

زۆربەی دەقەکان بە کوردییەکی زۆر رەوان نووسراون بەجۆرێ بەهیچ جۆرێ بەراورد ناکرێ لەگەڵ جیلوەو مەسحەفا ڕەش هەتا قەول‌و بەیتەکان، بە دەگمەن هەتا وشەی قورئانیشی تێدا بەدی دەکرێ، لەوانەیە ئەمەش هۆکارێك بێ هەندێ توێژەری ئێزیدی گومان لە( مایی) بکەن، کە ئەو خۆی ئەو دەقانەی دارێژتبێ. ئەمە لە لایەك،





لەلایەکی تر رێی تێ دەچێ ئەم دەقانە دەقی ئێزیدی ڕۆژ بن، چونکە خودی کۆمەڵگای ئێزیدیان کۆمەڵگایەکی داخراوە لەبەر چەند هۆ خۆیان لە غەیری یەزیدی دوورە پەرێز گرتووەو تەنیا گرنگیان بە شێوەزاری خۆیان داوەو ئەم دوورەپەرێزیەش وای کردووە زمانەکەیان پاراوی‌و وشەی عەرەبی‌و تورکی و فارسی تێدا کەم بێ. مەسەلەی خوێندەواریش لە ناو ئێزیدیان زەمەنێکی زۆر یاساغ بووە، ئەمەش هەر هۆکارێك بووە لە رووی مۆرفۆلۆژیەوە ئەم شێوە زارە لەگەڵ شێوەزارەکانی دی جیاوازییەکی زۆری هەبێ. هەندێ باوەڕیان وایە، کە ئەم دوورەپەرێزیەوە نەخوێندەوارییە جۆرێك بووە لە پەیڕەوکردنی فەرمایشتەکانی جیلوە، چونکە لە جیلوەدا هاتووە، لە نەزەری شاکروف حاڵەتی نەخوێندەواری لەناو ئێزیدیان مەغزایەکی هەڤدژی ئایینی هەبووە وەك دەڵێ: شێخ‌و میری مە کە دەیانگوت خوێندن گوناهە لەو دەمی قوتابخانە نەبوون، خوێندن تەنیا لە مزگەوتان بوو، لەم رووەوە دەیانگوت خوێندن گوناهە تاکو ئێزیدی لە مزگەوتان نەخوێنن، هۆکارێکی دی زمان پاراوی ئێزیدیان دەگەرێتەوە بۆ خودی خۆیان، خۆیان و ایان پێ باشە تێکەڵ بە کەس نەبن، هەروەها ئەو ململانێیەی ئێزیدیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئوسمانی لە هەندێ ماوەدا هەیانبووەو هەروەها کێشەیان دەگەڵ بەدرەدین لوئلوئی حاکمی موسل‌و ململانێ یان لەگەڵ میرنشنیی بادینان‌و بابان‌و سۆران هۆکارێ بوون وای لە ئێزیدیەکان کردووە دوورەپەڕێز بن‌و زمانی خۆیان بپارێزن لە وشەی غەیرە ئێزیدی، سەبارەت بەو کوردیە رەوانەی لە دەقە کوردیەکانی مژدەها ڕۆژ هاتووە، وا بە پێویست دەزانم لێرەدا هەندیکێ تۆمار بکەم بۆ زیاتریش تەنها کتبێبەکەی مژدەها ڕۆژ هەیە خوێنەر دەتوانێ بۆ زیاتر بیانخوێنێتەوە.

**ئیرۆ چارشەمبە سەرێ نیسانە**

**ژ یەزدانی پاك هاتی فەرمانە**

**موژدە ژ ئادەمو حەوانە**

**لالش خەملی کەیفـو سەیرانە**

**سپاهێن سپەهی دام دام**

**هەردەم ژ بۆ یەزدانی پاك**

**بیٚ هەڤریو هەڤر ل شنام**

**گو هەرندەتیٚ ڕۆژو مەلاك**

**لەسەر سەری ئۆسرچاڤانە**

**دەرچوو ژ یەزدان فەرمانە**

**دیٚ هەرم ( هورم) هندستانە**

**چەند دوورە چەند درێژە چەند گرانە**

**لیٚ فەرمانا یەزدانە**

**بێچارە ئو پر گەندەمە**

**پڕ پەیڤـو پڕ گازندەمە**

**خونکی ب گونها عالەمە**

**بیٚ سەرنج ببون بیٚ ئولو زاف**

**دنیٚ براست رەنگێن پر شرین**

**لیٚ تو وا کەس نین**

**خەنا شەڤانی**

**سها دارانی**

**چە بیٚ شڤانی**

**مەپی نەزانی**

**پاكو بلندو خوشتڤی**

**هەر نوی خودا من تو دڤی**

**هەرچی بکەی چەند خۆش دبی**

**بولبول سبا لوخۆش ببی**





**بێهنا تە گول باتیٚ دەبی**

## دەقەکانی جیلوە و مەسحەفا ڕەش و ئەفسانەی پیرۆزی زمان

له مێژووی زماندا چەندەها گریمان و تیۆر، کەزۆربەی هەرەزۆریان لەسەر بنەماو شەنگستی ئایین‌و نەتەوە پەرستی دامەزراون، ماوەیەك جێگەی مشتو مڕی زمانەوانان بووە، هەندیٚ باوەڕی وابووە کە ئادەمی باوکی مرۆڤ بە عیبری Hebrew لەگەڵ خوا قسەی کردووە، لەلایەکی تر کەسێکی وەك باکۆن باوەڕی وابووە کە زمانی ئەڵمانی زمانی بەهەشت بووە، لەنێو عەرەبەکاینش لەسەر بنەمای چەند فەرموودەیەکی هەڵبەستراو زمانی عەرەبی کراوەتە زمانی بەهەشت و زمانی خودا.

ئامانجی سەرەکی لەپاڵ ئەو گریمانانە بێجگە لە پیرۆزدێتن‌و پیرۆزکردنی زمان‌و نەتەوە چی تر نەبووە، ئەو دێتنە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، چونکە هیچ پاشماوەیەکی ئەرکیۆلۆژی یاخود ئەنسرۆپۆلۆژی نییە کە هیچ لەم گریمانانە بسمەلمێنیٚ.

لەنێو کوردانش، بەتایبەتی ئێزیدیەکان ئەم دیاردەیە بوارێکی فراوانی ئێزیدیناسی گرتۆتەوە، زۆر لێکۆڵەر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەخودی ئێزدیاتی لەناوی زاتی خودا هاتووە .

ئەمەو هەردوو دەقی جیلوەو مەسحەفا ڕەش بەکوردی نووسراون‌و تەواوی نوێژو وێردو هەموو پەرستنێکی ئەم ئایینە هەر بەکوردییە تەنانەت لای ئێزیدییەکان خوا خۆیشی بەکوردی قسە دەکات، بەگوێرەی پەرەگرافی یەکەمی " جیلوە"یەکەمی هەموو ئافەریدەکان مەلیك تاوسە" —اوی لەپێش هەموو خەلق بووە ملك تاوسە، مەلیك تاوسیش بەکوردی قسەی لەگەڵ خودا کردووە، ئەم دیتنەبۆ( خودا) و( مەلیك تاووس) هەر پیرۆزکردنی زمانی ئێزیدیەکان ناگەیەنیٚ، بەڵکو پیرۆزی ئێزییدیەکانیش دەگەیەنیٚ، هەرچەندە ئەم دەقەی جیلوە هەر وەك لە زمانەکەی دیارە هێندە کۆن

نییە، بەڵكو زیاتر لەنێوان سەدەی دوازدەهەم و پازدەهەم  نووسراوە، بەمەش ئێزدییەكان زۆر وەپێش گەلانی تری عیبریو ئەڵمانی دەكەون لەدروست كردنی ئەفسانەی زمانی پیرۆز.

### تابۆ لە جیلوەو توندی لە مەسحەفارەشدا

لەدیراسەكردنی زمانو كەلتوری گەلاندا دەردەكەوێ كەهیچ نەتەوەیەك نییە لەهەندێ باردا تابۆی لەزمان نەبێت، قورئانی پیرۆز لە چەندەها ئایەت زۆر بە ڕاشكاوی و بە زمانێكی دوورە– مەجازی گوتاری خۆی ئاراستە كردووە،بەڵام لە كەلتوری نەتەوەیی گەلانی موسلمان بە گشتی و كورد بە تایبەتی تابون!! ئێزدییەكانیش، كە كۆمەڵگایەكی داخراون نایانەوێت خەڵكی غەیرە ئێزیدی هەتا كوردیش بێت لە نهێنییە كەلتوریەكانیان بگات، لەنێو ئەم كۆمەڵگایە مرۆیی غەیرە ئێزدیدی دەبێت زۆر وریا بێت لەبەكارهێنانی ئەو وشانەی بە پیتی ( ش) دەست پێدەكەن شەیتان، شەختە، شین هەروەها هەر شتێ پەیوەست بێت بە باوەڕیان بە(خوا) و(پێغەمبەر) ئەمەش لەدەقی جیلوە دا هاتووە كەمرۆڤی ئێزیدی دەبێ دینی خۆی لای كەس باس نەكات، لەدیباجەدا ئەمە هاتووە:

**"ام كتیبە كە ناوی جیلوەیەو خوێندنی درست نییە بۆ كسی كە لم ملتە بدرە."ئەم گوتارە كوشتنی وشەی لێدەكەوێتەوە هەروەها كوردی غەیرە – ئێزیدی دوچاری قەیرانی ونبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دەكات.**

سەبارەت بە ئاوەڵناوی (ڕەش) لە مەسحەفا ڕەشدا واتای پەسنی ئەم مەسحەفە بەرامبەر بە قورئان دەگەیەنێ، لەم پێودانگەوە "ڕەش" واتای نێگەتیڤی لەم كۆنتێكستە نییە، بەڵكو پۆزەتیڤە. هەر لەم بارەیەوە تۆفیق وەهبی ئەو "ڕەش" ەی مەسحەفا ڕەش بە " ڕەشەبا"ی سلێمانی دەچوێنێ!!





### ژێدەرە سەرەكیەكان:


**ا- عەرەبی**

1- انس محمد شريف، اتباع الشيخ عدي بن مسافر الهكاري، 2006، دهۆك.

2- احمد تيمور ، اليزيدية و منشأ تهم ، 1932.

3- توفيق وهبي، اليزيدية بقايا الميترانيية، 2004، سليمانيية.

4- عباس العزاوي، تأريخ اليزيدية واصل عقيدتهم.... 1935، بغداد.

5- باسيل نيكتين، الكرد دراسة سوسولوجية وتارخية، 2004، اربيل.

6- جمال نبز، المثففون الكرد واخوانهم المسلمون، 1997، لندن.

**ب - كوردی**

1. كەریم زەند، ئایینو باوەڕ لەكوردستاندا، 1971، سلێمانی.

2- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لەكوردستاندا، 2000 هەولێر.

3- خدرێ سلێمانیو خەلیلی جندی، ئێزیدیاتی 1979، بەغدا.

4- هەژار موكریانی، چێشتی مجێور، 2000 ، پاریس.

5- هەژار موكریانی،  شەرەفنامە، 1981، تەهران.

6- شاكر فەتاح، یەزیدیەكانو ئایینی یەزیدی 1969.

7- سەلام ناوخۆش، ئایینو زمانناسی ،هەولێر ،2008

8.ماكسیمیللیان بیتنەر، هەردوو كتێبی پیرۆزی یەزیدیان، هەولێر،2007.

# زمانەوانی

## بەرگی حەوتەم

## قوتابخانە زمانەوانییەکان

**وەرگێڕانی**

**نەریمان خۆشناو**

**چاپی دووەم**

**چاپی چاککراو و پوختکراو**





ناوی کتێب: زمانەوانی

وەرگێڕانی : نەریمان خۆشناو

نەخشەسازی: ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا

بەرگ: بەرگی حەوتەم(قوتابخانە زمانەوانییەکان)

چاپ: دووەم

چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر

تیراژ:3000 دانە

نرخ : 6000

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی 2010 ی پێدراوە .

# بەشی یەکەم

# قوتابخانە زمانەوانییە نوێیەکان

# قوتابخانە زمانەوانییە نوێیەکان

بە نیازی ئەوەین لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەردە لەسەر مێژووی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لادەین ، چونکە ئەوە باس و خواسێکی فراوانە و لێکۆڵەران بێ درێغی قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و لەسەر ئاستی توێژینەوە عەرەبی و ڕۆژئاواییەکاندا باسیان لێوەکردووە ، بەڵام ئێمە پێش تۆمارکردنی تێبینییەکانمان ، سەبارەت بە ڕێچکەکانی ئەو قوتابخانە زمانەوانییە نوێیانە ، وامان بە باش زانی کە بە کورتی چەند پەراوێزێکی ئەم ڕێچکانە بخەینە ڕوو ، وەك بەراییەکی پەیوەست بە وانەی زمانەوانی هاوچەرخەوە ، چونکە ئەم ئاکارە زانین و ناسینی چەسپاوگەلی هزری زمانەوانی دێرین و ئەو فاکتەرانەی کە بەشداریەکی کارایان لە دامەزراندن و گەشەسەندنی کۆڵەگەکانی دەستەبەر دەکات و دەشیلکێنێت بە میتۆدە زانستیی و مەعریفییە مرۆییەکان کە ئەمەش لە دێر زەمانەوە تا دەگاتە ئەم چەرخە. دەبێ ئەوەش بزانین کە کۆششە زمانەوانییەکان ، نوێ نین و دێرینن ، بەگوێرەی دێرینی سەرهەڵدانی ژیارە مرۆییەکان ، ئەویش بەو مانایەی کە زمان ئامرازی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە و لەگوزەرگای ئەویشەوە تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە پەیوەست دەبن و لەو دەلاقەیەوە ڕێ و ڕەسم و نەریتەکانی ژیانیان بە هەموو ئاڕاستەکاندا پڕاکتیزە دەکەن ، بەڵگەکانیش ڕوون و ئاشکران و ئاماژە بۆ ژیارە دێرینەکانی (دۆڵی ڕافیدەین) و ژیاری (سۆمەری) و (بابلی) و ژیاری (میسری) دەکەن ، ئەم ژیارانە بەشێوازێك پێداوەکانی خۆیان خستۆتە ڕوو ، کە ئاماژەیەکی ڕوون بە مەشخەڵدارانی ئەو ژیارانە دەکەن و گرنگییەکی بێ وێنەیان بەم ئامرازە کارایە داوە ، کە توانایەکی لەڕادەبەدەری لەسەر نوێنەرایەتی ئەم ژیارانە هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ئەم ژیارانە بەڵگەنامە و نەخش و تۆمار و شێوەکانی تری پاراستنی





زمانیان بەشێوازەکانی نووسین و ڕاڤە و گواستنەوەی هاوتەریب بە ئێمە گەیاندووە. کەچی ئەم کردانە لە کانگای هەستێکی زمانەوانی ڕۆشن و ڕێسایەکی پێوانەیی زانستی ، زەخیرەیەکی ڕێکخراو سەرچاوەی نەگرتووە ، هەروەها لە کانگای (ڕێکخستن) و (پێوانەیی) و (واتاسازی) و (خوێندنەوە) و (هەڵێنجان)ەوە بۆ دیاردە زمانەوانییەکان هەڵنەگۆزراوە ، لەوەش دەچێ سەرنجە بەراییەکان لە تێفکرینی بەردەوام لە واقیعیەتی ئەم ئامرازە و ئەو تەوزیمە پەیوەست بە ئامێزەکانییەوە سەرچاوەی گرتبێ.

توێژینەوە زمانەوانییەکان هەر لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینییەوە بە تێڕوانینێکی قوڵەوە ئەسپی خۆیان لەم بوارە تاوداوە ، ئەوەبوو (هیندییەکان) پێشڤەچوونێکیان لەم بوارەدا تۆمار کرد و لە دەفری کەلتوریاندا چەندەها توێژینەوە لە بارەی (دەنگ) و (ڕێزمان) و (لیستی وشەکان) و هەندێك لایەنی واتایی و بونیادی زمانیان لە خۆگرتبوو .

(پانینی) لە ساڵی (650) پێش زایینیی ژیاوە ، بە ناسراوترین ڕێزماننووسە هیندییەکان دەژمێردرێت ، پەرتووکێکی لەم بوارەدا نووسیوە و ناوی ناوە (هەشت بەشەکە) ، کە بۆ چەند زمانێکی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراوە(1) .

(بلۆمفلید) بەم شێوەیە باسی پانینی دەکات: ((ڕێزمانی پانینی یەکێکە لە مەزنترین ئەو بەڵگە مێژووییە دێرینانەی ، کە ئاماژەیەکی ڕوون بۆ پێشڤەچوونی ئەقڵی مرۆڤایەتی دەکەن)). هەروەها (ماکس مۆلەر) دەربارەی پانینی دەڵێت: ((هیچ ڕێزمانێك لە هیچ زمانێکدا خۆی لە قەرەی ڕێزمانەکەی ئەو نادات)).

ئادگارەکانی نێوان ڕێزمانی (هیندی) و ڕێزمانی (عەرەبی) لە هەرسێ لایەنەکانی (ڕابردوو) و (ئێستا و داهاتوو)ەوە ڕوون و ئاشکرایە ، هەروەها بە هەمان شێوە بەها ژمارەیەکانیش لە لایەنەکانی (تاك) و (دوانە) و (کۆ) و (شێوازەکان) و زیادەکان

(پاشگرەکان) و  بەشەکانی ئاخافتن و پاشکۆکانیشی لە (ناو) و (کار) و (پیت) و (ئامراز)ەکان ڕوون و ئاشکران.

جا لە ڕووی دەنگەکانەوە هیندییەکان باسی دەنگە سەرەکیەکان و بەشەکانیان و سازگەکانیان و جۆراوجۆریەکانیان بەپێی سروشتی سازگە هەواییەکان کردووە ، هەروەها هیندییەکان دەنگەکانی سەرووی پێکهاتەکانیان باس کردووە ، وەکو (هێز) ، (ئاواز) و (برگە) ، پاشان زۆر سوودی بە توێژینەوە دەنگییە ڕۆژئاواییەکان بەخشی بە دانپیانانی خودی زمانەوانییە ڕۆژئاواییە هاوچەرخەکان ، وەکو (جۆن فێرس) ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕانی(ماکس مۆلەر) بۆ پەرتووکی ( Riz – vida- pratisakhye)[2].

هەموو ئەو توێژینەوانەش بە پەرتووکی (هیندی – ڤیدا vida) و زمانە سانسکریتییەکەی پێشکەش دەکرا ، جێی سەرنجە ئەوکاتە لە هیندستان (12) قوتابخانەی ڕێزمانی (300) پەرتووکی ڕێزمانی هەبوو.

لەوەش دەچێت ئەم تێڕوانینە بۆ ئاستەکانی زمانی سانسکریتی پێویستی بە میتۆدێکی زانستی هەبووبێت کە پشت بە خوێندنەوەیەکی وردبین و گشتگیر ببەستێت ، جگە لەوەی کە تێڕاوانییەکان پەردە لەسەر دیاردەکانی ئەم زمانە پیرۆزە لانابەن ، بە هەمان شێوەش ئەو تێڕوانینانە ڕوناکی ناخەنە سەر ڕەهەندەکانی پێشڤەچوون و ڕەچەڵەکی دروست بوونی زمانەکە ، بەڵکو تەنها جەخت دەکەنە سەر لایەنە ئەفسانەییەکەی . لەوانەشە مۆرکی ئەم پیرۆزکردنەی کە بە زمانەکەی خۆیان بەخشی ، شوێنەوارێکی گرنگی جێ هێشتبێ لە پەینەبردن بە زۆر لایەنە زمانەوانییەکان و نزیکبوونەوە لە مەوداکانی ، بەڵکو تەنها ئەو پێوەرانەیان تۆمار کرد کە تێڕوانینە گشتییەکان پشتی بە لایەنی ڕاپۆرتە ڕاستەوخۆکان دەبەست ، کە لە دووتوێی پرۆگرامە وەسف ئامێزەکانیان بەکاریان دەهێنا.





بەڵام یۆنانییەکان (گریکەکان) توانایان لە بوارە زمانەوانییەکاندا نەگەیشتە ئاستی کۆششی زمانەوانی هیندییەکان ، چونکە ئەوان هەرچەندە گرنگیدانیان بە زمان لە ڕووی کرۆکەوە بوو ، کەچی جەختیان لەسەر لایەنی دەنگی زمان دەکرد ، ئەویش لە ڕێگەی ئەو تێبینیانەی کە خزمەتی بە دەقەکانی شانۆنامە و هونەرەکانی شیعر خوێندنەوە دەکرد.

لەوانەیە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ یەکەم زانا بووبێتن ، دەربارەی ڕێزمان نووسیبێتیان ، جا لەبەرئەوەی چاکەی جیاکردنەوەی نێوان (ناو) و (کردار) بۆ ئەفلاتۆن دەگەڕێتەوە و ، چاکەی سەربارکردنی بەشی سێیەم (پیت) و چەند بەشێکی ڕێزمانی دی لە بواری ئامرازەکاندا بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە.

زیاتریش جەختیان لەسەر مەسەلەی دامەزراندن و سەرهەڵدان و بنەچەی زمان دەکرد و هەریەکە و لەژێر کاریگەری ئاڕاستەی فەلسەفی و میتۆدی عەقڵی واتایی خۆیدا بوو[3].

یۆنانییەکان دەسکەوتە دەنگییەکانیان بەتوێژینەوەی ئەبجەدیەکانیانەوە بەستەوە. ئەویش بە پشت بەستن بە چەمکی (پیت)ەوە ، ئەوەبوو تێبینییەکانی ئەفلاتون کە پەیوەست بوو بە نەبزوێن و بزوێنەکانەوە کاریگەریەکی ڕوونی لەسەر ئاڕاستەی فەلسەفەی سوفستائی هەبوو ، کە فەیلەسوفەکانی سەر بەو ڕەوشە فەلسەفییە جیاکاریەکیان لە نێوان زمان و ئاخاوتن و نێوان پیتە نووسراوەکان و دەنگە بێژراوەکان دەکرد[4].

هەرچی ڕۆمانییەکانیشە بە لاسایی کردنەوەی گریگەکان خۆیان پەلکێش کرد ، بۆیە ڕەدووی شوێنەواری یۆنانی و مەسەلە زمانەوانییەکانیان کەوتن. جگە لە چەند ئاماژەیەك نەبێت سەبارەت بە بەرانبەربوونەوەی پێوانەیی لەنێوان یۆنانی و لاتینی ، هەرچەندە ئەو ئاماژانە لە ئەداکردنێکی ڕووکەشەوە سەرچاوەی گرتبوو و سەریشی

بۆ پرۆگرامگەرایی وەسفسازی دانەدەنەواند کە لەسەر بنەمای ئیجتیهادی فەلسەفی بونیاد نرابوو.

سریانییەکانیش لەسەر ڕێچکەی زمانەوانی گریکەکان هەنگاویان هەڵهێنا ، ئەویش لەبەر ئەو دراوسێتی و سەریان بۆ دەسەڵاتی گریکەکان دانەنواند ، لەبەرئەوە وادەردەکەوێ کە مەسەلەی زمان لەژێر کاریگەری میتۆدی زمانەوانی کەلتوری ئەواندا بوو بێت ، ئەوەبوو وەرگێڕانی ڕێزمان لە یۆنانییەوە بۆ سریانی ، پاشان مەسەلەی وەرگرتن لە زمانی گریکییەوە پەیدابوو ، کە دیاردەیەکی زمانەوانی ئەوتۆ شایانی بە دواداچوون و توێژینەوەیە ، هەروەها ڕێزمانی سریانیش بە هەمان شێوە لەسەر ڕێسا زمانەوانییە گریکییەکان ڕێچکەی کرد ، جا لە کەڵە پیاوانی زمانی سریانی (یوسف ئەلئەهوازی 580م) بوو کە لە بواری وانەی زمانەوانیدا دەستێکی باڵای هەبوو .

هەروەها (حەنین کوڕی ئیسحاق ئەبو زەید 873) و چەندەها زانای دی زمانەوانی سریانی هەبوون ، بەڵام عەرەب توێژینەوە زمانەوانییەکانیان لەژێر چەتری قورئانی پیرۆزدا پەرەی سەند ، سەرچاوەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیان بە پلەیەك لەسەر بنەمای دەقەکانی قورئان بە هەموو خوێندنەوەکانییەوە بونیاد نرا. ئەوجا کۆششە زمانەوانییەکان بە پلە دوو لەسەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د . خ) و دەقە شاکارەکانی شیعری عەرەبی و پەخشان و وتار دروست بوو ، (زەرکەشی) دەفەرمووێت (قورئان سروشتی یەزدانی مەزنە ، کە لەسەر محەمەد (د . خ) بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی موعجیزە (پەرجوو) دابەزیوە و ، فرەیی خوێندنەوەکانیشی فرەیی لە ئاخاوتنەکانی سروشتی قورئانی لە نووسینی پیتەکان یان لە چۆنێتیاندا)[5].

زانا زمانزانەکانی عەرەب توێژینەوە زانستییەکانیان لەسەر بنەمای میتۆدی وەسفسازی خستە ڕوو ، جگە لە پێشکەشکردنی ڕێساکانی زمانی عەرەبی لە ڕێزمان





و فۆڕمەلەکردنی (وشەسازی) و (ڕەوانبێژی) و کێش و سەروای شیعر بە شێوازێکی پێوانەیی، ئەوەبوو مەسەلەکە زیاتر ڕۆچوونی بەناو لقەکانی ئەم زانستەوە بینی وەك دەرەنجامێك بۆ پڕۆسەی پیاخشانی ڕێزمانی عەرەبی بە ڕێزمانی یۆنانی و کاریگەربوونی بەمەسەلە فەلسەفی و لۆجیکی و میتۆدە واتاییەکان.

تێڕوانینی زانایانی عەرەب بۆ مەسەلەکان ڕوون بوو ، چونکە بە توێژینەوەی زمانەوانی گەیشتنە چەندەها دەرەنجامی دەنگی و ڕێزمانی و وشەسازی و واتایی ، کە ئاماژە بۆ قوڵایی عەقڵیەتی عەرەب و چالاکبونی دەکەن لە بە دوداچونی مەنزڵگاکانی شیتەڵکاری زمانەوانی ، بەڵام ئەو کەلێنەی کە لەسەر هەندێکیان تۆمارکراوە ئەوەیە کە شارەزاییان لە زمانەکانی تردا نەبووە ، تاکو هەلی تاوتوێکردن و بەراوردکردنیان بە مانایەکی تەواو و میتۆدێکی زانستی بۆ بڕەخسێت ، تەنها هەندێکیان نەبێ کە شارەزای زمانی فارسی و عیبری و سریانی بوون ، کە تاڕادەیەك ئەو شارەزابوونە کەم و کورت و کەلێندار بوو ، کە بووە هۆی ئەوەی توێژینەوە زمانەوانییەکان لە ڕووی میتۆدگەراییەوە بێ سەر و بەرە بن.

لەوەش دەچێت ململانێکانی قوتابخانە زمانەوانییە عەرەبییەکان سەبارەت بە زمان و کێشەکانی ڕێزمان و وشەسازی و واتاسازی ڕەنگدانەوەیەکی قوڵی توانستی هزری عەرەبی بێت لەسەر بەخشش و داهێنانی زمانەوانیدا.

هەر کەسێکیش چاوێك بە (الانصاف)ی ئەنباریدا بخشێنێت . دەرك بەو مشتومڕە ڕێزمانیانە دەکات ، کە مۆرکی لۆجیکی و فەلسەفی زیاتر سەبارەت بە مەسەلە ڕێزمانییەکان گرتووە.

هەروەها لە (کشف الاعلام)دا ناوەکانی : (ئەبو عومەر بن عەلا و خەلیل و سیبەوەی وکیسائی وئەغرا و ئەسمەعی وئەبو عوبەیدە و ئیبن ئەعرابی و ئیبن سەکیت و سەعلەب و ئیبن قوتەیبە و مبرەد و ئیبن جونی و ئیبن دەرید و ئەبو جەعفەر نەحاس و زوجاج و ئیبن عەباد و ئیبن مەنزور و زوبەیدی و فەیروز ئابادی و

فارابی و ئەشمونی و سیوتی و ئیبن مالیك و ئیبن عەقیل و ئیبن هیشان ئەنسارِی) دەخوێنینەوە و چەندەها زانای ترمان بەرچاو دەکەوێت کە سامانێکی زانستی مەزنیان پێشکەش بە زمانی عەرەبی کردووە ، کە ڕەنگدانەوەی ئەو توانا لە ڕادەبەدەریی عەقڵیەتی عەرەبییە ، کە مامەڵە لەگەڵ زمان و پێکهاتەکانیدا دەکات ، جا ئەم کۆششانە گەیشتنە دەرەنجامی باڵا لە زانستەکانی زمانی عەرەبیدا.

لە سەرەتاوە توێژینەوە زمانەوانییەکان دەرەنجامێکی تەواویان نەبوو و بەها زانستییەکانیشی دروست نەبوون ، بەڵکو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە کاتێك بازنەی زانستەکانی عەرەبی بەرەو فراوانی ڕێچکەی بەست و تیۆرە زانستییەکان بەدەرکەوتن ، هەندێك لە بەروبوومەکانی دەرکەوتن ، ئەو کاتە بەشێوازە کۆتاییەکەیان دروست بوون و ئەم دواکەوتنەش زیاتر بە توێژینەوە زانستییە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکانی عەرەبی پێشڤەچوونی بە خۆیەوە بەخشی چ لە پێش و چ لە بواری بەدواداچوونی زانستیدا.

لەوانەشە لە کۆی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە زانایان لە سەدەی (17)وە پێشکەشیان کردووە ، وەکو (ئارنولد) و ( لانسۆ) کە هەردووکیان لە ڕێسا بەراوردکارەکانی زمانی فەرەنسی و ئیتاڵیان کۆڵیەوە ، هەروەها لە سەدەی (18)دا (جان جاك ڕوسۆ) و (ئادەم سمیت) ، لە سەدەی (19)دا (ف. شلیجل)ی ئەڵمانی کە بۆی دەرکەوت ڕەچەڵەکی زمانی سانسکریتی ، زمانی هیندۆ ئەوروپییە ، بۆیە دەستی دایە ڕێسا و بنەماکانی و بە شێوازێکی شیتەڵکاری زانستیانە ، ئەویش بە پشت بەستن بە پرۆگرامی وەسفی.

پاشان (ڕاسك)ی دانیمارکی کە بە دامەزرێنەری ڕێساکانی بەراوردکاری دادەنرێت لە ڕووی وشە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە ، (جاکوب گریم 1787 – 1832)ی ئەڵمانی کە توێژینەوەکانی بەرەو هێڵە گشتییەکانی میتۆدی بەراوردکاری دەنگی زمانە (جەرمانییەکان) پەلکێشی کرد و ڕێسا و یاساکانیشی دانا کە ئێستا بەناویەوە





ناسراون . هەروەها (فرنزبوب)ی ئەڵمانی (1791 – 1867) کە بە توێژینەوە فۆنۆلۆجییە مێژووییەکان ناسراوە و (ئۆجەست فردیك بۆت1802 – 1887) دامەزرێنەری ڕێزمانی هیندۆ ئەوروپی بەراوردکارییە و (ولیەم فۆن هامبۆڵت 1767 – 1835)ی ئەڵمانی کە لە بواری پەیوەندییەکانی زمان بە بیر و کۆششی زانستی هەیە و تیایدا ڕوونی کردەوە ، کە زمان و بیر پەیوەستن بە گەشەسەندنی ئەویترەوە و ، باوەڕیش بەوە هەبوو ، کە زمانەکان بەگشتی بۆ سێ بەشی (داپچڕاوەکان) و (لکاوەکان) و (ناوگرەکان) پۆلێن دەکرێن.

بە هەمان شێوە (هرمان پۆل)ی ئەڵمانی (1846 – 1921) کە دەربارەی مێژووی زمانەوانی پەرتووکی هەیە و (هنری سویت 1845 – 1912)ی ئینگلیزی کە زۆر گرنگی بە لایەنی وەسفی زمان داوە و پەرتووکێکیشی لەو بوارەدا بەناوی (Primer of spoken Englishe) نووسیوە و ، (شلایشەر **1821 – 1867**)ی ئەڵمانی کە یەکێك بوو لە ڕابەرانی دروستکردنەوەی زمانی هیندۆ ئەوروپی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و پەرتووکێکیشی دەربارەی ڕێسا و ڕێزمانی بەراوردکاری هەیە و پەرتووکێکی تریشی هەیە کە تیۆرەکەی (داروین)زاڵە بەسەر ئاراستە هزرییەکانیدا زاڵە ، ئەم زانایە (ڕووەکناس)بوو و تێڕوانینیشی بۆ زمان وەکو (فرانز بۆب)ی هاوچەرخەکەی وابوو کە باوەڕیان بەوە بوو کە زمانەکان پێویستە وەك جەستە تەماشایان بکرێت ، کە یاسا و ڕێسای چەسپاو کۆنترۆڵیان دەکات و ، بە شێوازی ژیانی سروشتی بەرەوپێشەوە دەچێت ، پاشان وردە وردە کۆتایی پێ دێت و دەمرێت[6]. جاری واش هەبووە ئەم زانایە وای بۆچووە کە لەناو زمانەکانیشدا مانەوە و بەردەوام بوون بۆ زمانە بەهێزەکانە ، هەروەها لەو باوەڕەشدایە کە زمان لاشەیەکە و چەندەها ئەندامی هەیە[7].

ئەم توێژینەوانە زەمینەسازییەك بوون بۆ پەیدابوونی زانستێك کە پێی دەوترێت (زمانەوانی گشتی) ، کە بە ئاراستەکردنێکی گرنگی وانەی زمانەوانی لە قەڵەم

دەدرێت ، جا پێش ئەوەی باس لەو لایانانەی توێژینەوەی زمانەوانی لەم چەرخەدا بکەین ، دەگەڕێینەوە سەر بۆچوونەکەی (دی سۆسێر) لەوەی کە بابەتە زمانەوانییەکان بریتییە توێژینەوەی خودی زمانەکە ، ئەمەش مانای ئەوەیە زانستی زمانەوانی گرنگی بە زمان دەدات ، ئەویش لە ڕووی بوونی ڕووت و ڕەهای ڕێسا و یاساکانییەوە.

جا بەو پێیەی کە زانستە زمانەوانییەکان زانستگەلێکی گشتگیرن بەپێی گوزارشتەکەی (دی سۆسێر) ، چونکە ئەم زانستە توێژینەوەی دیاردە زمانەوانییەکان و پەیوەستدارەکانی لەسەر هەموو ئەو ئاستانەی دیاردەکانی ئاخاوتن لەلای مرۆڤ دەگرێتەوە . جا ئەو زمانە چ لەلایەن گەلێکی دڕندە یان لەلای گەلێکی خاوەن شارستانییەوە دەرچووبێ یا لەدێر زەمانەوە و لە چەرخە کلاسیکیەکاندا یان لە سەدەکانی نووشووست هێناندا دەرچووبن ، بەمەرجێك ئەوەی کە بە پلەی یەکەم دێت گرنگی دانە بە دەقی نووسراو ، بە پلە دووش بۆ گوزارشتە سەر زارەکییەکان بێت[8] .

(دی سۆسێر) جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە گرنگی زمانەوانی لە سێ بازنەدا خول دەخواتەوە:

– بازنەی وەسف کردن : تۆمارکردنی هەر زمانێك کە لە ئارادا بێت ، هەروەها پێویستە لە سەری مێژووی گروپە زمانەوانییەکان دیاری بکات و جارێکی دی زمانی زگماك لە هەموو گروپێکدا دروستبکاتەوە.

– بازنەی لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای ئەو هێزانەی کە بە بەردەوامی کار دەکەنە سەر سەرجەم زمانەکانی جیهان ، هەروەها پێویستە ئەو یاسا و ڕێسا گشتیانەی زمان دەربهێنێ کە بەهۆیەوە دەتوانرێ جارێکی دی سەرجەم دیاردەکانی تایبەت بە مێژووی زمانەکان بگێڕدرێتەوە.

– بازنەی دەست نیشان کردنی پێگەی زمان و ناسینی کرۆکەکەی.





لەم ئاڕاستەیەدا پێویستە کۆششە زمانەوانییەکان پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ زانستەکانی تردا پتەور بکەن ، چ بە شرۆڤە کردنی دیاردەکان و چ بە پشت بەستن بەو دیاردانە لە ڕووی بەرهەمەکانەوە بێت ، جا بەپێی قسەکانی (دی سۆسێر) لەوە دەچێ زۆرجار بینینی ئەو توخووبانە دەرنەکەوێت کە لەو زانستانە جودای دەکاتەوە.

هەمدیسان دەبێ ئاماژە بۆ چوار دوانەکانی دی سۆسێر بکەین {دوانەی قسە و زمان – دوانەی ناو و ناولێنراو – دوانەی هاوکاتی و بەدوای یەکدا هاتن ، دوانەی ڕەهەندی ئاسۆیی و ڕەهەندی ستوونی ، سێ دوانە لە زانستی زمانەوانیدا تۆمار دەکات: دوانەی زمانەوانی مێژوویی بەرانبەر زمانەوانی ئێستایی کە یەکەمیان لەسەر توێژینەوەی زمان لە چەند ماوەیەکی یەك لە دوای یەکدا بەندە و ، دووەمیش بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زمان لە کات و شوێنی دیاری کراودا دەدات. (دوانەی زمانەوانی تیۆری و پڕاکتیکی) ، کە یەکەمیان ئامانجی بنیاتنانی تیۆرێکی گشتییە بۆ پێکهاتەی زمان و دووەمیان ئامانجیشی بایەخدانە بە لایەنی پڕاکتیکی بە تایبەتی گوتنەوەی زمان. دوانەی زمانەوانی ناوەوە یاخودبچووککراو (میکرۆنی) لە بەرانبەر زمانەوانیی دەرەکی یان گەورەککراو یان (مایکرۆنی) دەوەستێ ، یەکەمیان جەخت لەسەر توێژینەوەی زمان خۆی دەکات بێ ئاماژە کردن بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ، یان ئەو بنەما سایکۆلۆژییەی وەرگرتن و فێربوونی زمانی لەسەر بەندە ، بەڵام دووەمیان بایەخ بە لایەنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ئەنسرۆپۆلۆژییەکانی زمان دەدات.

هەروەها (جۆن لیۆنز) لە میانەی باسکردنی تیۆری چۆمسکی لە زمانەوانیدا ، پێشنیارێك دەکات سەبارەت بە چەند لایەنێکی پسپۆڕیی زمانەوانی ، ئێمەش ئاماژەی بۆ دەکەین وەك پێشەکییەك بۆ چوونە باسی لایەنە زمانەوانییە هاوچەرخەکان ، کە ئەمانەن:

1. ئادگاری زانستە زمانەوانییەکان ، سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە زانست و زانیاری تر ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێك زانستی زمانەوانی نیازمەندی هەبوو ، ئەوکاتە بە چڕی سوودی لێ دەبینێت.
2. زانستی زمانەوانی گرنگی بە زمانی سەرزارەکی پێش زمانی نووسراو (دەق) دەدات ، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە ڕوانگەکانی زانستی زمانەوانیی کلاسیکییەکانە.
3. زمان لە تێڕوانینی زانستە زمانەوانییەکان ، گشتگیر و تەواوە ، کاتێکیش کە دەخوێنرێت ، پێویستە بە زنجیرە و قۆناغ بە قۆناغ بخوێنرێت ، لە سەرەتاوە دەنگەکان لە بچووکترین یەکە و توخمەکانییەوە دەخوێنرێت تا دەگاتە واتا ، لەو ناوەندەشدا بە لایەنەکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس تێپەڕدەبێت .
4. زانستە زمانەوانییەکان کۆشش بۆ بونیادنانی تێڕوانینێکی گشتی بۆ زمان دەکەن و ، لەسەر ڕێچکەکانیدا دەکرێ توێژینەوە سەبارەت بە زمانە مرۆییەکان ئەنجام بدرێت.
5. زانستە زمانەوانییەکان لە زمانی پەتی و شێوازە زمانییەکان دەکۆڵنەوە ، بەو مانایەی کە ئەو زانستانە لە ئاستی بەکارهێنانە زمانییەکانن ، هەروەها زمانە بەراییەکان و زمانە هاوچەرخەکانیش بەبێ هیچ لایەنگیرییەك هەر بەو شێوەیەن[9] .

جا دوای ئەم پێشەکییە ، ئێستا دێینە سەر تۆمارکردنی قوتابخانە زمانەوانییە هاوچەرخەکان:

1. **قوتابخانەی سویسری**
2. **قوتابخانەی نەمساوی**
3. **قوتابخانەی دانیمارکی (کوبنهاگن)**
4. **قوتابخانەی چیکۆسلۆفاکی (پراگ)**
5. **قوتابخانەی فەرەنسی**
6. **قوتابخانەی ڕوسی (مۆسکۆ)**





7. **قوتابخانەی ئەڵمانی**
8. **قوتابخانەی ئینگلیزی**
9. **قوتابخانەی ئەمریکی**

## ( قوتابخانەی سویسری ) ( جنێف )
## *Switzerland school*

قوتابخانە زمانەوانییەکان لە گۆڕەپانی توێژینەوەی زماندا ئاشنای بیروڕای ئەو قوتابخانەیە بوون ، ئەویش بەناوی قوتابخانەی (جنێف) (Geneva School) یان قوتابخانەی (زیورخ) (Zurich School) ، جا لە کەڵە پیاوانی ناسراوی ئەم قوتابخانەیە زمانزان (فردیناند دی سۆسێر) بوو و ئێمەش پێش ئەوەی بچینە ناو خوێندنەوەی دەروازە زمانەوانییەکانەوە ، دەمانەوێت ئاماژە بە کۆششی زانایانی دی بکەین ، کە بەشداریان لە دەوڵەمەندکردنی ئەم قوتابخانەیە کردووە ، وەکو : (ڕیچاردز لۆکسنجەر) کە بەشدارییەکی کارای لە توێژینەوەی یاسا و ڕێساکانی (فونولۆژی) و (فۆنەتیك) کرد و ، توێژینەوەکانیشی لە پەرتووکەکانی (فسیۆلۆژی و بونیادی دەنگی مرۆیی – ساڵی 1951) و (دەروازەیەك بۆ زانستی فۆنیاتەری – ساڵی 1959) و (نەخۆشییە دەنگییەکانی مرۆڤ – ساڵی 1979) پێشکەش کرد ، هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ زمانزانی نەمساوی (بگۆتفرید ئارنۆڵد) بەشداری لە پەرتووکی (دەسکەوت لە دەنگی مرۆیدا – ساڵی 1970) کردووە.

هەروەها پرۆفیسۆر (فنك) و (دێڤید) و (هارۆڵد) لە پەرتووکی (فۆنیاتەری – ساڵی 1954) و پرۆفیسۆر خاتوو (ایڤا ماریا کریش) لە پەرتووکەکەیدا (زانستی فۆنەتیك – ساڵی 1968) و پرۆفیسۆر خاتوو (هیلینا ڤیرنا) لە پەرتووکی (میکانیکیەت و دینامیکیەتی گەروو لە کاتی دەرچوونی دەنگی مرۆیی – ساڵی 1955) و چەندەها

زانای زمانزانی دی بەشداریان لەم جۆرە توێژینەوانەدا کردووە ، کە تاکو ئێستا پەرتووکخانەکانی (زیورخ) و (ڤیەننا) و (نیویۆرك) و (کالیفۆرنیا) ناویانی لە توێی کەلوپەلە زانستییەکانی زمانەوانی و زانستە یاریدەدەرەکانی تردا هەڵگرتووە[10].

بەلام ئەو زانا گەورەیەی کە بەهەزرە ناوازەکەی خۆی توانی توێژینەوە زمانەوانییەکان ئاراستە بکات ، بەشێوازێك کە زانایان و توێژەرانی دوای خۆی بخاتە سەر خاڵێکی وەرچەرخان لە بواری زانستە زمانەوانییە نوێیەکاندا ، ئەویش (فردیناند دی سۆسێر 1857 – 1913)بوو ، کە کۆڵەگەکانی زانستی زمانەوانی لەسەر بونیادی دۆزینەوەی لایەنە فیلۆلۆجیەکان دامەزراند ، کە بووە خاڵێکی دەستپێك بۆ زۆر لە ئاراستە فەلسەفیە زمانەوانییە هاوچەرخەکان ، ئەویش لە گوزەرگای بینینە تازەکەی خۆی بۆ زمان ، هەروەها پەرتووکەکەی کە بەناوی (کۆرسێ لە بارەی زمانەوانی) (Coursede Linguistic quegerenal) نووسی سەرچاوەی سەرەکی زۆر لە توێژەرانی بواری (زماننناسی) زمانە ئەوروپییەکانە.

جا ئێمە لێرەدا نامەنەوێ وشەکان لە رووی مێژووییەوە وەسف بکەین ، بەلام دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەگەر سەدەی (18) و (19) مۆرکی مێژوویی وبەراوردکاری لە لایەنە بونیادیەکانی زمانی هیندۆ ئەوروپی بەخۆوە گرتبووبێت ، جگە لە فراوانبوونی ئەم توێژینەوانە لەو دوو سەدەیە لە سەر دەستی رێزمانزانە تازەکان و رێزمانزانە نموونەییەکان ، ئەوا سەدەی بیستەم وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە بواری ئەم توێژینەوانەی کە لەسەر سێ تەوەرە دەخولانەوە:

1. کەلتوری پێشینان تاکو پێش ساڵی (1910).
2. کەلتوری زمانەوانی هیندی لەمەڕ دەنگە زمانەوانییەکان.
3. ئەو تیۆرانەی کە باس لەو توێژینەوە زمانەوانییە لە تێڕوانینی زانستە سروشتی و تیۆرە بەراوردکارەکانەوە دەکەن[11].





ئەم سێ رێچکەیە لە کاتێکدا دەردەکەوێت ، کە بینینێکی تازە لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکان لەلای (دی سۆسێر) گەڵاڵە بوو ، کە لە وتەیەکی ناسراویدا بەرجەستە دەبێ ، کە دەڵێ : ((بابەتی زانستی زمانەوانی توێژینەوەی زمانەکە خۆیەتی ، لە پێناو خودی زمانەکە)) ، هەروەها (رۆبنز) وای دەبینێ کە بیروڕا زمانەوانییەکانی (دی سۆسێر) لە بواری (Coursea) وەکو شۆڕشێکی کووبرنێکی وابوو[12]. هەروەها (رۆبنز) لایەنێکی ئەم شۆڕشەی دی سۆسێریەی روونکردەوە ، کە دەڵێ ((پێویستە زمان بەشێوازێکی هاوتەریب وەسف بکرێت ، بەو مانایەی کە سیستەمێکە لە توخمە پەیوەندارەکان ، هەروەها دەبێ زاراوە زمانەوانییەکانیش نەك بەشێوەیەکی رەها ، بەڵکو لە روانگەی یەکدییەوە پێناسە بکرێن ، ئەمەش کرۆکی ئەو تیۆرەیە کە (دی سۆسێر) بەم شێوازە گوزارشتی لێکرد ((زمان لە شێواز پێکهاتووە نەك لە مادده)) و ئەم رستەیەش بەو دوو گوزارشتە خوازراوە روونکردەوە ، کە دەڵێ (پارچەکانی شەترەنج و شەمەندەفەر بە شوێنگەکانی خۆی لە سیستەمەکەدا دەست نیشان دەکرێت و دەناسرێت یان لە تۆڕی هێڵە ئاسنییەکەدا بەگشتی دەناسرێت و دەست نیشان دەکرێت ، نەك بە بونیاد و پێکهاتەکەی)[13].

لەوەش دەچێت کە توێژینەوەکانی پێشووی دی سۆسێر لە شاری (لایبزج)ی ئەڵمانی لەگەڵ کۆمەڵە رێزماننووسە نوێیەکانی وەکو (پۆل ، ئاستۆف ، فرنر ، برۆگمان) ، عەقڵیەتی لەهەمبەر بۆچوونێکی تازە سەبارەت بە توێژینەوەی زمان کردەوە ، بە وەرگرتنی میتۆدی وەسف وەك گۆڕەپانێکی بە پیت بۆ ئەو توێژینەوە زمانەوانیانە ، لە هەمان کاتیشدا جەخت کردنەوە لەسەر توێژینەوەی کاری سیستەمی زمانەوانی ، نەك توێژینەوەی پێشڤەچوونی زمانەکە ، جا (دی سۆسێر) لەم روونکردنەوەیەی خوارەدا ئەو بنەمایانە دەخاتە روو ، کە ئەو

قوتابخانەیە بانگەشەی بۆ دەكات ، پاشان بووە بنەمایەكی پتەوی وانە زمانەوانییە نوێیەكان:

1.توێژینەوەی زمان لە خودی خۆی و بۆ خۆی (كۆمەڵایەتی) ← پەیوەست بوون

← بوون (كرۆكی مێژوویی و ڕۆشنبیریی)

← سیستەم (ئاماژە جۆراوجۆرەكان)

2. توێژنەوەی دوانەییەكان.

3. توێژینەوە دوای یەكەكان و توێژینەوە هاوتەرییەكان

4. توێژینەوەی وەسفی زمان بۆیتیە لە بنەمایەكی زمانەوانی زانستیی.

بەڵام توێژینەوەی مێژوویی ئەم ماددەیەی خوارەوە دەستەبەر دەكات ، كە زمانی پێوە دەبەستێتەوە ، كە لە خودی خۆیدا دەبێتە بەهایەك ، لەبەرئەوە توێژینەوەی وەسفی پێویستییەكە بۆ توێژەر پێش ئەوەی دەست بداتە كاری توێژینەوە مێژووییەكە ، پاشانیش توێژینەوە وەسفییەكە ، پێش توێژینەوە پێوانەیەكان دەكەوێت ، چونكە گرنگییەكەی لە گەڕان بە دوای ڕاستەقینەكاندا چڕ دەبێتەوە ، كەچی گرنگی پێوانەیەكە لە دانانی وێنە سیستەمییەكە و پێوەرەكانی سیستەمی ڕێسایی چڕ دەبێتەوە ، تاكو ناردنی ئاخاوتنەكان لەسەر هێڵەكانی دیدگای ڕاست و دروست ڕێچكە دەبەستێت.

5. تەوەری بگۆڕی (ستوونی) و تەوەری ، گۆشەیی (ئاسۆیی) لە توێژینەوەی زمان ، كاتێك كە پێكهاتەكان بە دابەشكراوی دەردەكەون ، بە شێوەیەك كە ڕەنگدانەوەی سروشتی پەیوەندییەكان و هاوتخووبی توخمەكان بن.

6. ئاماژە زمانەوانییەكە: زمان لەلای دی سۆسێر ئاماژەیەكە لەناو بازنەی ئاوازدا خەزن كراوە ، ئامانجی توێژینەوە زمانەوانییەكانیش، توێژینەوەی ئەو ئاماژانە و شیتەڵ كردنی پێكهاتەكانی ناو توخمەكانییەتی ، هەروەها دیاری كردنی پلەكانی





پەیوەست بوون و پەیوەندییەكانی ڕادەی كاریگەری و كاركردنییەتی لەسەر ئەو پەیوەندیانەی كە لەگەڵیدا هاوتخووبن ، جا چ تاك یا پێكەوە بن .

(دی سۆسێر) لە كاتی توێژینەوەی (ئاماژەی زمانەوانی) جیاوازییەك لەنێوان تێگەیشتووە هزرییەكان و وێنەی گوێ بیستی دەكات، ئەم ئاماژەیەش ئەم لایانانە دەخاتە ژێر چەتری خۆیەوە:

حاڵەتی ماددی:

أ. لایەنی دەرەكی (دەستەی ماددی).

ب. لایەنی ناوەكی (زارەكی) (دەستەی توخمە پێكهێنەرەكان.

حاڵەتی هزری:

ج . لایەنی هزری، كە ئاماژە بە ئاخاوتنی سەرزارەكی دەكات.

د. لایەنی ڕواڵەتی، كە ئاماژە بە ئاخاوتنی خوار زارەكییەوە دەكات.

جا گەر وشەی(پێنووس) وەكو نموونەیەكی پراكتیكی وەرگرین ، تێبینی ئەوە دەكەین:

پێنووس ← ئامراز.................... بوونی دەرەكی أ

ئاخاوتنی دركاو......... بوونی ناوەكی ب

وێنەی هزری هۆشیار ← ج (ناولێنراو)

وێنەی ئاخاوتنی نووسراوی نادركاوی (گوێ بیستی) د (ناو)

وێنەكە بەم شێوازەی خوارەوەی لێ دێت:

حاڵەتی هزریی ← {(ناو) د + (ناولێنراو) ج)} ← ئاماژەی زمانەوانی.

جەخت کردنەوەی (دی سۆسێر) لەسەر (حاڵەتی هزری بە هەردوو بەشەکەیەوە) و دوورخستنەوەی (حاڵەتە ماددیەکە بە هەردوو بەشەکەیەوە) ، وای لێدەکات لە ڕێژەیەکی دەست نیشان نەکراوی گۆڕانکارییە تاکییەکان دوورەپەرێز بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە (دی سۆسێر)ی لەتوێژینەوەکانی خۆی ئەلۆفۆن وفۆنیم دوورخستەوە.

دی سۆسێر زمانی کردە شتێکی کۆمەکی کە لە هۆشی بە کۆمەڵدایە و لەو شتانەشە کە زانستی زمانەوانی هەوڵی وەدیهێنانیان دەدات ، هەروەها بریتییە لە ناوچە کاریگەرەکانی هێز لە هەموو زماناندا، لە پێناوی گەیشتنە چەند یاسایەکی گشتیی داریدەکانی زمانەوانی ، ئەو کارە وا دەخوازێ پشت بە زمانەوانی وەسفی ببەسترێت، کە هەوڵی پەردە هەڵماڵین لە ڕووی واقیع و باسکردنی دەدات ، چونکە وا دادەنێت ئەوە بناغەیەکە یاسا پێوانەییەکانی لە دیارخەرەکانی لێوەشانی زماندا بەرجەستە دەبن لە بواری چالاکی بەربڵاوی زمانەوانیدا لەسەری رادەوەستن . ئەو یاسایانەش بریتین لە (چەند پێوەرێکی نموونەیی کە وەکو (Negative)ی ئەو وێنانەی وێنەگر دەتوانێ چەند نموونەیەکی جۆراوجۆری فرە ڕەنگ و فرە شێوە و فرە قەبارەیان لەسەر بگرێتەوە، لە توێژینەوەکانی خۆی دوورخستەوە چونکە لە مێشکیدا یەکێکە وەك پیتی (ن) لە هەر شوێنگەیەك لە شوێنگەکانی، بەڵام لە واقیعدا درکاوە سەرزارەکییەکانە، کۆمەڵ یان گروپ یان خێزانێکن لە (ن)ەکان و وێنەی دەنگیشی پێ دەگوترێت. تێبینیش دەکرێت کە زمانی عەرەبی وکوردی ئەم جودایی و جیاکارییە یان ئەم بەها جیاوازییەی گرتۆتە خۆ ، جگە لەوە نموونەی وەکو (حین ، نام ، سناو ، نلعب) لەم حاڵەتانەدا (ن)ەکان وێنەیەکن کە لەسەر ڕووبەرە درکاوەکاندا لەنگەر دەگرن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەست لە جیایی بەڵگە ئامێزەکان وەرنادەن و نوێنەرایەتی ڕەمزیشیان نییە ، بەڵام شێوازی پەیوەندی نێوان نیشانەی زمانەوانی و ئاماژەکەی مەسەلەیەکی نەریتییە ، ئەمەش لە ڕاستیدا





بۆچوونی باری کلاسیکییەکانە ، چونکە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێواندا نییە تەنها ئەو ڕێککەوتنە کە کۆمەڵی زمانەوانی لەسەری کۆکن، بەڵام ئەوەی کە لە گروپەکانی ئاخاوتن دەستەبەر دەبێت ، ئەوەیە کە لە ژێر دیاردەی (الاپوما توبیا)دا (On omatopoeia) باسمان کرد.

## قوتابخانەی نەمساوی
## *Austrain School*

زمانەوانی نەمساوی (فردیناند شیمنسکی) لەو زانا مەزنانەی بواری زمانەوانییە، کە بەشێوەیەکی کارا و بەرجەستە بەشداریان لە توێژینەوە دەنگییەکاندا کردووە ، پەرتووکە ناسراوەکەشی بەناوی (زانستی دەنگەکان) کە لە ساڵی (**1935**)دا نووسی، لەو بنەما زانستیانە لەقەڵەم دەدرێت، کە سوودێکی بێ وێنەیان بە جیهانی شیتەڵکاری فۆنۆلۆجی دەنگەکان بەخشیوە ، جگە لەو توێژینەوە قوڵانەی کە پەرتووکەکە پێشکەشیان دەکات لە بوارەکانی فیزیای دەنگی و فسیۆلۆژی و ڕێچکەکانی بیستنەوە.

هەروەها لەو زمانەوانە نەمساویانەی کە بەشدارییەکی چڕیان لەم بوارەدا هەبوو (ئیمێل فریشلن)بوو، کە چەند پەرتووکێکی ناسراوی هەیە ، لەوانە (بنەماکانی چارەسەری دەنگی مرۆیی و زمانی ئاخاوتن – ساڵی **1926**) و (فێرکردنی زانستی زمان و ئاخاوتن – ساڵی **1931**).

هەروەها(فریشلن) و (فایس) و (هایك) لە پەرتووکەکەیاندا (میتۆدەکانی توێژینەوەی دەنگی مرۆیی و زمان – ساڵی **1933**)(**14**) و فیلهام براندشتاین لە پەرتووکی(دەروازەیەك بۆ زانستی فۆنەتیك و زانستی فۆنۆلۆجی – ساڵی **1950**) و .......هتد. تێڕاوانینێکی تازە لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا تۆمار دەکەن ، لە کاتێکدا کە زمانزانە پێشینەکان لە بۆچوونەکانیاندا جەختیان لەسەر فێربوونی زمان و دۆزینەوەی نەخۆشییەکانی وتن دەکرد ، کە دەکرێ لەژێر سایەی توێژینەوەکانی زانستی پراکتیکی زمان پۆلێن بکرێن ، ئەم زانا پێشەنگانە بە توێژینەوەکانی خۆیان توانیان بنەماکانی قوتابخانەی نەمساوی لە بواری زانستە زمانییەکاندا دابمەزرێنن ، پاشان زۆر کەس لە بواری زانستی زمانە پراکتیکەکاندا سوودیان لێ بینی.





## قوتابخانەی دانیمارکی (کوبنهاگن)
## *Denmark School (Copenhagen)*

ئەم قوتابخانەیە بە کۆمەڵی کۆبنهاگن ناسراوە ، کە دەستەیەك بوون لەو زمانەوانانەی کە بەشێوەیەکی کارا لە پێشڤەبردنی توێژینەوە زمانەوانییەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بەشدار بوون ، لەوانە (ئۆتوجیسبرسن Otto Jespersen) لە پەرتووکە ناسراوەکەی خۆیدا (زمان – Language) کە لە ساڵی (1921) لە بواری زانستی (زمانی ئێستا) نووسی ، جگە لە کۆششەکانی لە بواری (فەلسەفەی ڕێزمان) و (ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی) کە تیایاندا (جیسبرسن) لە درکاوەکانی زانستی زمانی پراکتیکی بەشێوازێکی فێرکاری ئاسان نزیك دەبێتەوە.

بەهەمان شێوە برۆندال (Brondal) لە نووسینەکانی خۆیدا و (هـ . بیدرسۆن) کە لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی (مێژووی توێژینەوە زمانەوانییەکان) جەختی لەسەر لایەنی مێژوویی کردەوە، لەگەڵ پێشکەش کردنی چەند بەراوردکارییەك لەنێوان کرداره زمانەوانییەکانی ئەوکاتە. بەڵام زمانەوانی بە توانا(لویس هیلمسیلف) (Louis Hilmslev) لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی زمانەوانیدا کە جێگری (برۆندال)ە و بە تیۆرە ماتماتیکەکەی کە (مۆرفیم)ە ، بە واتا نزیکەکەی (شیکردنەوەی نیمچە ماتماتیکی زمان) ناسراوە. (مۆرفیم) تیۆرێکی زمانەوانی بونیادی ڕووت و ڕەها و لۆجیکیە ، کە زمان بە شێوازێکی ماتماتیکی و لە گوزەرگای میتۆدێکی پشت ڕاست بە هزری هەڵگوزراو ڕێچکەی پێ دەکات ، هەروەها لەسەر کۆڵەگەی لۆجیکی ماتماتیکی ورد دامەزراوە ، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم تیۆرە ڕەهائامێزە لە پەرتووکی (هیلمسلیف) بەناوی (بنەماکانی ڕێسا زمانەوانییە گشتییەکان) دەرکەوت ، کە لە ساڵی (**1928**) دەرچووە ، ئەم تیۆرە هەروەکو (ڕۆبنز) وەسفی دەکات کە لەسەر بونیادی هزرە سەرەکییەکانی زمان لەلای (دی سۆسێر) دامەزراوە ، چونکە لەوێدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە زمان


ڕوخسار و شێوازە و ناوەرۆك و جەوهەر نییە ، هەروەها ماددەیـەك نییـە لـە ئاسـتی مانـادا (Content Plane) (واتاسـازی و ڕێزمـان) و (ئاسـتی دەربـڕین) (Expression Plane) (فۆنۆلۆجیا) .

جا شێوازی زمانەوانی بەڵگەی ئـەم تیـۆرە كۆمەڵـە پەیوەندییـەكی ئـاڵوگۆڕكراوە لـە نێوان ئەو توخمانـەی كـە ئاسـتی دەرك كـراو بـەرەو دەرەنجـامێكی لـۆجیكی ڕاپـێچ دەكـەن ، لەگـەڵ گرنگـی دان بـە پێوانـەكانی سـەرووی زمانـەوانی ، چـونكە شیكردنەوەی واتا پێویستە لەگەڵ ئەم پێوانانە جیابێت ، بە هەمان شێوە سەبارەت بە شیكردنەوەی دەربڕینەكان (فۆنۆلۆجیا) ، چونكە پێویستە ئەویش بـە جـودا بێـت لە پێوانەی سەرووی دەنگییەكانەوە (سەرووی زمانەوانییەكان)[15].

زمـان لـە شـرۆڤەی ئـەم تیـۆرەدا ڕوخـسارە و بـە هـەمان شـێوەش تۆڕێكـە لـە پەیوەندییەكان ، بەڵام ماددە نییە ، جگـە لـەوەی كـە تیۆرێكـە زمـان بـەرەو لایەنـە ڕەها و لۆجیكییەكان ڕاپێچ دەكات . لە ئادگارە جوانكارییەكان دوور دەكەوێتـەوە ، ئەویش بە پشت بەستن بە ڕەنگی ماتماتیكی ، چونكە چەمكی تازە لـە دابەشـكردنی بەشـە ڕێزمانییەكانـدا پێـشنیاز كـردووە ، تـاكو ئێـستاش لـە مەیـدانی پراكتیكـی ڕاسـتەقینە، بـواری زانـستەكانی زمانـدا بەشـێوەیەكی گـشتی دوورە پـەرێز بـووە، دەشتوانرێت وێنەی بزاوتی (مۆرفیم) بەم شێوەیەی خوارەوە بكێشرێت [16]:








جا لە جێ بەجێ كردنی ئەم ئاڕاستەیەدا ، ناتوانرێت پشت بە خوێندنەوە ببەسترێت ، چونكە ئەم ئاڕاستەیە پێداوی خاوەن بەها یەكەییەكان دەگەیەنێ ، كەچی كرۆكی مەسەلەكە بەرەو گشتگیر بوون و ئاسانكاری ئیجرا كردن و نەبوونی كێبڕكـێ ڕێـچكە دەبەستێت ، ئاستی دەربڕینیش وەك هاوكێشەیەكی بابەتی بۆ ماددەی فۆنـەتیك بـە ڕێگەیەكی ڕاست و دروستی خۆی دەمێنێتەوە ، شان بـە شـانی ئاسـتی ناوەرۆكەكـە كـە هاوكێـشەیەكی بابـەتی لێكۆڵینـەوەی واتاسـازییە و هـەردووكیان دوو هێڵـی پەیوەست بوون بۆ جێبەجێ كردنی (مـۆرفیم). هەنـدێك كـەس بـە (مـۆرفیم) دەڵـێن تیـۆری (پـەلاری) و (ڕۆبێنـسی زمانـەوانیش) لـە پەرتووكەكـەی خۆیـدا ( A Short History of linhuistics) ئاماژەی بۆ كردووە.

## قوتابخانەی چیکۆسلۆفاکی ( پراگ )
## *Czechoslavakia School (Prague)*

پاش پەیدابوونی بۆچوونەکانی (دی سۆسێر) کە لە پەرتووکی (Course) بڵاوکرایەوە ، لە چیکۆسلۆفاکیا قوتابخانەیەکی زمانەوانی بەناوی قوتابخانەی (پراگ) پەیدابوو، کە ئەمیری ڕووسی کۆچبەر (نیکۆلای سێراجنیش ترۆبتسکۆی) (1890 – 1983) و زمانزانی بە ڕەچەڵەك پۆڵەندی (ڕۆمان جاکۆبسن) (1890 – 1982) داهێنەری ئەم قوتابخانەیە بوون ، هەروەها لە کەڵە پیاوەانی ئەم قوتابخانەیە زمانزانی بە ڕەچەڵەك چیکی (ولیم ماسیوس) (1882 – 1945) و (جان موکارۆفکسی) کە فەیلەسوفێك بوو پرەنسیپەکانی جوانناسی بۆ قوتابخانەی (پراگ) دانا.

بونیادنەرانی ئەم قوتابخانەیە چەند دیدارێکی ڕێکیان ئەنجامدا و بەرنامەی کاری قوتابخانەکەیان بۆ کۆنگرەی یەکەمی زانایانی زمانزان لە (لاهای – هۆڵەندا) لەساڵی (1928) پێشکەش کرد، کە لە ژێر ناونیشانی (کاروبارە بنەڕەتییەکانی زنجیرەی پراگی زمانەوانی) بەڕێوەچوو ، کە جەختی لەسەر بوونی کرداری زمان کردەوە.

جا ئەم کۆنگرەیە ئەو بەیاننامەیەی خوێندەوە کە ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە لە کۆنگرەی زمانە سلاڤییەکان لە ساڵی (1929) دەریان کرد ، کە لە دووتوێیدا فۆڕمەلەی تیۆرە بونیادگەرییەکەیان لە ئاستە دەنگی زمانییەکەیدا خستە ڕوو ، لە هەمان کاتیشدا جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی کە بنەچەی زمان لەوەوە هاتووە کە بونیادێکە و دادەمەزرێ ، وەکو یەکەیەکی تەواو بەرەو پێش دەچێت ، نەك بەشێوەی زنجیرەی پێشڤەچوونی تاکی کە لە مێشکدا دروست دەبێت و پەیوەندی لە نێوانیان نییە ، بۆیە لە خوارەوە بەیاننامەکانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە تۆمار دەکەین:

1. ئەم قوتابخانەیە تیۆری (دی سۆسێر)ی لە فۆنیمدا پراکتیزە کرد ، کە مانای دەنگی ئاخاوتنە بەو وەسفەی کە ڕووداوێکی دەنگییە ، ئەم گروپە لە کۆشش





دابوون بۆ پێشخستنی بەو حیسابەی کە ئەڵقەی گەیاندنی گرێبەستە لە فۆنۆلۆژیدا وەکو زانستێکی زمانەوانی شیکردنەوە ، کە لە ڕوانگە کردارەکییەوە دەڕوانێتە زمان ، وەکو یەکەیەکی تەواو بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو کار دەکات ، جگە لەوەی کە فۆنەتیك زانستێکی سروشتی فیزیاوییە کە تایبەتە بە توێژینەوەی لایەنە فسیۆلۆجیەکانی دەنگی مرۆڤ و لە بەیاننامەکانیدا پشت بە ئامێر و ئالەتەکانەوە دەبەستێت. دەنگەکانی ئاخاوتن لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە سەر بە ئاخاوتنە (Parole) ، بەڵام (فۆنیم) سەر بە زمانە (Language) ، هەر فۆنیمێك لە یەکەیەکی فۆنۆلۆجی لێکدراوە لە ڕێگەی دەنگەکانی ئاخافتنەوە جێبەجێ دەکرێ ، ئەم یەکەیەش لە ژمارەیەك ئادگارە جیاکاریەکان پێکهاتووە ، کە بە (ئەلۆفۆن) ناوی دەبرێ ، (فۆنیم) لە ئاڕاستەکانی ئەم قوتابخانەیەدا لە توخمە دیارەکانی هەژمار دەکرێت، کە گرنگییەکی بێ وێنەی لە بواری زمانزانیدا هەیە.

2. ئەم گروپە کۆششەکانیان ئاڕاستەی شیکردنەوەی چەمکی (فۆنیم) و پێشڤەبردنی (تیۆری فۆنۆلۆجی) و زانستی شێواز (Stylistics) و لایەنە ڕێزمانییە بەراوردکارەکانەوە کرد.

3. زمان لەلای ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە سیستەمێکە لە نیشانەکان (Signs) و ڕوونکردنەوەی وەسفەکەشی لەسەر بنەمای دیاریکردنی سنووری پەیوەندیەکانی نێوان هەریەك لە توخمەکان و پەیوەندییەکانیان بە توخمەکانی ترەوە.

4. گرنگترین کار کە بە میتۆدی ئەم قوتابخانەیە و بە ئاڕاستە گشتییەکانییەوە پەیوەستە ، پەرتووکی (بنەماکانی فۆنۆلۆژی)ی (نیکۆلای تروبتسکۆیە).

5. ئەم قوتابخانەیە جیاکارییەك لەنێوان (فۆنۆلۆژی) و (فۆنەتیك) دەکات، ئەویش کاتێك کە شتەکان بەرەو شیکردنەوەی کارەکانی فۆنۆلۆجیەکانە بۆ یەکە فۆنۆلۆجییەکان ، کە ئەویش سێ بەشە:

أ. کردارە چەندێتیەکان (ڕێژەی یەکەکان).

ب. کرداره دەست نیشانکارەکان (سنووری یەکەکان).

ج. کرداره جیاکارییەکان (جیاکاری واتایی).

کۆششەکانی زمانزان (ڕۆمان جاکۆبسن)ی قوتابی (ترۆبێتسکۆی) ، کاریگەرییەکی گەورەی لە ئاڕاستەکردنی توێژینەوەی زمانەوانی هەبوو، چونکە بە گواستنەوەی ئەم بۆچوونە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوودێکی زۆری گەیاند ، ئەویش بەکارکردنی لەسەر دەزگاکانی شیکردنەوەی ڕەنگاڵەیی (Spectrographs) ، کە توانای شیکردنەوەی فۆنیمی زمانەکان و دابەشکردنی هەمبەرە دوانییەکانی لەڕووی (ئەکوستیکیەوە) ، نەك لەسەر بنەمای درکاوی ڕاستەوخۆ.

6. ئەم گروپە گرنگی بەو فرەییە فراوانەی کارەکانی زماندا ، بەرەو بەکارهێنانی زمان لەلایەنە گشتییەکانی جوانی و ئەدەبییەوە هەنگاوی نا ، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئارەزووی هەندێك لە زنجیرەی توێژینەوە زمانییەکانی ئەمریکی بوو ، کە زمانی بەگوێرەی لایەنە زانستییەکەی پۆلێن دەکرد، نەك لایەنە ئەدەبییەکەی[17].

(س . م . لامب) تیۆری (ڕێزمانی چینایەتییەکانی (Stratification)خستە ڕوو، بۆ شیکردنەوەی ڕواڵەتی گشتی زمان ولایەنی دەنگی . ئەمەش لایەنێك لە تیۆری (پراگ)ی زمانەوانی پێکدەهێنێت ، ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی بەیەکەوەی ئاستەکان بەشێوازێکی هەرەمی دامەزراوە.

ئاستی مۆرفیمی کە لە ئاستی فەرهەنگی پێکهاتووە. ئاستی فەرهەنگی کە لە ئاستی (یەکە واتاییەکان) پێکهاتووە و ئاستی فۆنیمی کە لە ئادگارەکانی ئاستی خوارەوە بۆ ئاستی مۆرفیمی پێکهاتووە، تیایدا ئاستەکان جۆراوجۆرن و سیستەمەکان لەسەر ئاستی پێکهاتە باڵاکان پێکەوە دەلکێن[18].

ـــــ جێگای ئاماژەکردنە پاش جەنگی دووەمی جیهانی ، کۆمەڵەی پراگ لێکهەڵوەشایەوە. (ڕۆمان جاکۆبسن)ی پسپۆڕی بواری زانستی ڕێزمانی بەراورد و فەلسەفەی زمانە سلاڤییەکان ، ساڵی (1915) یانەی زمانەوانی پاریسی دامەزراند و





، لەساڵی (1938) ڕا تامردنی چەندین پلەی ئەکادیمیی وەرگرت ، کە دوا پلەیان لە پەیمانگەی تەکنەلۆژیای ماشیۆلیستی سەر بە زانستگای ڤیەننا بوو.

## قوتابخانەی فەڕەنسی
## *French School*

هەر لەوکاتەی کە کۆمەڵەی زمانەوانی پاریسی ساڵی (1866) دامەزرا ، کۆششی زمانەوانییە فەڕەنسییەکان لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکان دەستی بە دەرکەوتن کرد ، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو توێژینەوە و ئەو پەرتووکانەی کە باس لە زمان و فەلسەفەی زمان و لایەنە درکاوەکان و فۆنەتیك دەکرد. زانستی فۆنیاتەری کە پێی دەڵێن: (پزیشکیی فۆنەتیك) ، زانستێکە لە دروستبوونی دەنگی مرۆڤ و نەخۆشییەکانی و چارەسەرکردنی و پێوانە و پێوەرەکانی و هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە فسیۆلۆژیای دەنگەوە هەیە دەکۆڵێتەوە.

جگە لە توێژینەوەی لایەنی فسیۆلۆجییەتی بیستن و دینامیکیەتی دەنگ و توێژینەوەکانی تریش ، کە چارەسەری لایەنە زمانەوانییە وەسفییەکان و پێوانەییەکان و هاوتەرییەکان دەکات و ، چەند پردێکی پەیوەست بوونیش لە ڕوانگەی میتۆدی بەرانبەری و بەراوردەکان دروست دەکات. شێوەی ئەم قوتابخانەیەش هەروەکو ئەوانی پێشووتر وایە، چونکە توێژینەوە بەراییەکان هەر دەربارەی زمانی نووسراو و تۆمارکراو بوون ، ئەوەش بواری زمانەوانی مێژووییە، کە لەوانەیە دوور و نزیك بە ماددەی زمانەوانی بەراوردکارییەوە پەیوەست بێت ، وەکو زمانەوانی مێژوویی گشتی کە (ا. مابیت) لە ساڵی (1948) دەرچوو.

جا بە بڵاوبونەوەی وشەی فەڕەنسی (فۆنیم – Phoneme) کە مانای دەنگی ئاخاوتن دەبەخشێ، بەو حیسابەی کە ڕووداوێکی دەنگیە ، لەم بوارەدا چەند نووسینێکی کەڵە زمانەوانانی فەڕەنسیی دەرکەوتن وەکو (ب . ڕوسیلۆ) کە پەرتووکی (بنەماکانی زانستی فۆنەتیکی ئەزموونی) نووسی و لە ساڵی (1959)دا

بڵاوکرایەوە و ، (جاستۆن باری) پەرتووکەکەی (دەروازەیەك بۆ زانستی فۆنەتیکی گشتی) لە ساڵی (1928) دەرچوو.

هەروەها زانای زمانەوانی فەرەنسی (ج . فندریس) لە پەرتووکەکەی خۆیدا (زمان) لە ساڵی (1929)دا دەرچوو ، تێڕوانینێکی چڕ دەربارەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە تۆمار دەکات و کار و توانا بەرهەمهێنەکانی لە ڕوانگەی چەند قۆناغێکی دابەشکاری و پێوانەدا دەخاتە ڕوو . بەڵام (مۆریس گرامۆنت) لە پەرتووکەکەی خۆیدا (فۆنەتیك) کە لە ساڵی (1939)دا دەرچووە ، لایەنە وەسفی و فسیۆلۆجیەکانی فۆنەتیك و ئاڕاستەکان یان ئەو یاسا دەنگیانەی کە کۆنتڕۆڵی هەندێك دیاردە زمانەوانییەکانیان دەکات خستەڕوو.

پاشان کارەکانی زمانەوانانی فەرەنسی وردە وردە هاتە ئاراوە، کە ئەمانەی خوارەوەی لێ دەخەینەڕوو:

— د. هۆسۆن ـــ فسیۆلۆجیای فۆنیمەکان ـــ لە ساڵی (1950)دا دەرچوو و ، میکانیکیەتی دوو لێوانی دەنگی لەکاتی دەنگدانی گەروویی، کە لە ساڵی (1951)دا بڵاوکراوەتەوە.

— هـ . ڕشێر ـــ (کورتەیەك دەربارەی شیکردنەوەی فۆنەتیکی ئەستسیلۆگراف فەرەنسی)، لە ساڵی (1950)دا بڵاوکراوەتەوە.

— بێترل مالمبرگ ـــ فۆنەتیك ـــ لە ساڵی (954)دا بڵاوکراوەتەوە.

— جۆی کۆنت ـــ (میکانیکیەت و دینامیکیەتی دەنگی مرۆیی لەکاتی ئاخاوتن) ، لە ساڵی (1965)دا بڵاوکراوەتەوە.

جا بیروڕاکانی ئەم قوتابخانەیە لە ڕوانگەی وەرگێڕانە جۆراوجۆرەکانی زمانە جیهانییەکانەوە بڵاو بۆوە.

هەروەها لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەلای هەندێك لە زمانەوانە فەرەنسییەکان زۆر لە مەسەلە پێکهاتەییەکانی زمان دروست بوو ، ئەویش لەسەر نزیك کردنەوەی





درکاوەی هەمبەر یەك Contrastive Enusiative ، هەندێك لەو زانایانە ئەو مەسەلە پێکهاتەییانەیان لە دەرەنجامی پراکتیزەکردنی بەسەر زمانی ئینگلیزیدا دەستکەوت ، کە مەبەستیان تێگەیشتنی کاری زمان بوو بەگشتی، لەوانەش (هێنری ئادەمسکی ، ئەنتۆنیۆ کولیلۆ)، جگە لە چەندەها زانای تر ، کە لە زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی فەرەنسی سەرقاڵی توێژینەوەی زمانەوانی بوون ، ئەو زانایانە کاریان لەسەر پێشڤەبردنی تیۆری ڕێزمانی دەکرد ئەویش لەسەر بنەمای هەمبەریەکی (میتا زمان)[19].

## قوتابخانەی ڕووسی (مۆسکۆ)
## *Russion School (Moscow)*

ئەم قوتابخانەیە بە (زنجیرەی مۆسکۆی زمانەوانی ناوزەد دەکرێت) یان (ڕواڵەتیە ڕووسەکان)، کە لە ڕووسیا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە قوتابیانی توێژینەوە زانستییەکانی زانکۆی (مۆسکۆ) ساڵی (1915) دامەزرا و گەشەی سەند. جا ڕابەرانی ئەم گروپە بە(کۆمەڵی خاوەن بۆچوونی وشەسازی) یان (سنوورییەکان) یان (شکڵیەکان – ڕواڵەتییەکان) یان کۆمەڵی (Opojaz) ناودەبرێن ، کە کورتەی ڕوانگەیەکی ڕووسی پێکدێنێت و بەناوی (کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی شیعری).

جا لە بەناوبانگترین بانگخوازانی ئەم گروپە، ئەمانە بوون: (ڕۆمان جاکۆبسن ) (بۆریس ئیکنبام Boris Eikenbam ، (تینیانۆڤـــ) ، (بروپ) ، (شیۆڤسکی).

ـــ بۆچوونەکانی ئەم کۆمەڵە زمانەوانییە کانگایەکە لە کانگاکانی بونیادگەری (سۆسێر) و بۆچوونە زمانەوانیی و ڕەخنەییەکەی لەسەر وازهێنانی بونیادی بۆچوونی کلاسیکی دامەزراوە ، کە دیاردە زمانەوانییەکان لەسەر بنەمای لایەنەکانی پەیوەندی پتەوی نێوان ڕوخسار و ناوەرۆك شرۆڤە دەکات ، ئەمەش بیرۆکەیەکی ڕەخنەگرە دێرین و ڕەوانبێژە عەرەبەکانن ، کاتێك کە گومانی ئەوەیان برد،

ئاخاوتنەکان دەفری چەمکەکانن . جا لە دیارترین بۆچوونەکانی ئەوەیە کە شیعر لەلای ڕابەرانی خۆی، بەکارهێنانی ئەدەبی نایابە بۆ زمان ، چونکە زمانێکە لە چنراوە دەنگییەکاندا پێکهاتووە ، بۆیە ڕێك و تەبا و گونجاوە و ، ڕیتمەکانی گرنگترین فاکتەرەکانی بیناکردنییەتی ، جا لێرەوە ئەو زانایانە بەرەو بەرهەمهێنانی تیۆری ئەدەبی هەنگاویان نا ، کە گرنگی بە ڕەخنە بدات.

ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە سەرقاڵی دەست نیشان کردنی نموونەی بۆچوونەکانیان و دانانی فۆرمەلەی ئەو گریمانانەن ، کە شرۆڤەی چەندیەتی و ئەو ئامرازە ئەدەبیانە دەکات بۆ بەرهەم هێنانی کاریگەرییە جوانییەکان.

ئەمە سەربارى ئەو چۆنییەتییەی کە کاری ئەدەبی لە بەرهەمەکانی دی جیادەکاتەوە ، هەرچەندە لە هەندێك ڕووەوە پەیوەندی لەگەڵدا هەیە ، ئەدەب لەلای ڕواڵەتییەکان سیفەتێکی هەیە، کە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە و ، لە تێڕوانینی مایکۆفسکیش (ئەو شیعرەی کە جەخت لەسەر زێدی شیعر دەکاتەوە لە شتە ڕەهاکان خۆی نابینێتەوە ، بەڵکو لە بەزم و ڕەزمی هاوچەرخی ماددەدا خۆی دەبینێتەوە).

هەروەها شیعر بەرهەم و دەرەنجامی سەرجەم ئەو ئامرازە شێوازکارانەیە، کە شاعیر لە بونیادە هونەرییەکانیدا بەکاری دەهێنێت. ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە پرەنسیپی وەرگرتنیان یان لە ئامێز گرت، بەو ئیعتیبارەی کە ئاوێنەیەکە، ڕواڵەت و ماهیەتی ڕوخساری بونیادەکەی تیادا ڕەنگ دەداتەوە، ئەو بونیادەی کە تایبەتمەندی فرەیی هەیە لە گەڵاڵە کردنی شتەکان و پێداوەکانی ئەو شتانە ، جا ئەم قوتابخانەیە میتۆدی هەڵێنجانی لە هەندێك ڕووبەرە شیکردنەوەکاندا لە ئامێز گرت وەك بنەمایەك بۆ شرۆڤە کردنی پێداوەکانی ئەم دیاردەیە، ئەمەش شان بە شانی قوڵایی دەنگی و مەسەلەی ڕیتم و کێش و وشەسازی و ڕێزمان و واتاسازی و





شێواز و پێکهاتە زمانییەکان ، کە پەیوەندی بە ڕەهەندی جوانناسی و فەلسەفییە ڕۆچووەکانەوە هەبێ.

تێڕوانینێکی لەم جۆرە بە جۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەست بوونی نادیار لەگەڵ هونەرە جوانەکاندا هەژمار دەکرێت، بۆیە هەندێك لە ڕێکخەرانی شیکردنەوەی و مۆزیك و هونەرەکانی شێوەکاری چاویان بڕییە ئەم میتۆدە ڕواڵەتییە هاوردەیە ، کە لەسەر بونیادی دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی زمانی هونەر و ئامرازەکانی جێبەجێ کردنی کاروبارەکانی دروست بووە. جا لەوانەیە وردترین وەسفی پرەنسیپەکانی ئەم قوتابخانەیە بانگەشە کردن بێت بۆ پەیوەست کردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاری هونەریی و ڕۆچوون تیایدا ، جا لەهەر جۆرێکدا بن جگە لە بانگەشە کردنی چڕیی ئەم قوتابخانەیە بۆ وتنەوەی خودی خۆی.

شاعیر لەلای ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە لە بواری زماندا ڕۆڵی مۆزیکژەن دەبینێت ، کە گەمە بە دەنگەکان دەکات ، یان وەك وێنەکێشێك کە مامەڵەیەکی تایبەت بە ڕەنگەکان دەکات. کەواتە ئەدەب لەلای ئەوان ڕواڵەتێکی دەنگی (سیمیۆلۆجیە) . چونکە لەوەوە ماددە زمانەوانییەکە (بەپێی بۆچوونی خۆیان) دەست پێ دەکات . ئەویش لە بواری کۆمەڵە سیستەمێکی ڕەمزی وەك دەرەنجامێکی ئەم تێڕوانینەش لە زمان نەك نوێنەرایەتی واقیعی زمانەکە خۆی[20].

(ڕۆمان جاکۆبسن) بە بزوێنەر و داینەمۆی ئەم بازنە زمانەوانییە دەژمێردرێت ، بەڵام ئەم بازنە زمانەوانییە لە ساڵی (1934) پەرت دەبێت و کۆتایی پێ دێت.

با سەیری شاعیری سۆڤێتی (کرزانۆڤ ) بکەین، کە لە بەیاننامەیەکیدا بەرانبەر کۆنگرەی یەکەمی نووسەران لە ساڵی (1934) باس لە چیرۆکی ئەم پاشەکشێیە دەکات و دەڵێت: ((کەس ناتوانێ گرفتەکانی فۆرمەلەکردنی شیعر چارەسەر بکات یان هەستێ بە شیکردنەوەی خوازراو و وێنە و ڕیتمەکان ، چونکە گەر ئاوەها بکات،

لەو کاتە دەڵێت ئەو ڕواڵەتییە دەستگیر بکەن ، بۆیە ئێمە هەموو لەوەداین بە ئاواتی ڕواڵەتی بوون تۆمەتبار بکرێین)[21] .

هەندێك لە پێشەنگانی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئەمەریکا کۆچیان کرد ، لەوانە (ڕێنییەویلك) و (ڕۆمان جاکۆبسن) کە کاریگەریەکی ڕوونیان لە ئاڕاستەکانی ڕەخنەگەریی تازە لە ماوەی پێنج دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم تۆمار کرد.

## قوتابخانەی ئەڵمانی

## *German School*

سەدەی نۆزدەهەم سەدەی سەرهەڵدانی پێشڤەچوونی دیاردەکانە ، وەکو سەرەتایەك بۆ وانەی زمانەوانی پشت بەستوو بەتێڕوانینێکی ورد ، جا تیۆری( داروین) کاریگەری خۆی بەسەر توێژینەوەی بەیاننامەکانی دیاردە زمانەوانییەکانی لای زانایانی ئەڵمانی لە زۆربەی زۆری میتۆدە زانستی و فەلسەفییەکان هەبوو.

توێژینەوە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و بەراوردکارەکان و مێژووی زمانەوانی ، چەند هەنگاوێکی بوێرانەی لەلای زانا ئەڵمانەکان نا ، وەکو (فرانس بۆپ 1791 – 1867) دامەزرێنەری زانستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و ، (جاکوپ گریم 1785 – 1863) دامەزرێنەری زانستی ڕێزمانی بەراوردکاری و (کریستیان ڕاسك 1787 – 1832) ، ئەم سێ زانایەش سێ گۆشەی زانستی زمانەوانی پێك دەهێنن ، هەروەها (فلیلهام فۆن همبوڵت 1767 – 1835)ی ئەڵمانی کە بەچڕی زانیاری زمانەوانی و هزربینی بە مەسەلە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکاندا ناسراوە.

زمان لەلای (همبوڵت) توانایەکە لەسەر داهێنان ، نەك تەنها بەرهەمهێنان ، ئەم توانایە لە مێشکی قسەکەردا چەسپاوە، دەنگیش پێکهاتەی ڕواڵەتی زمان بەرجەستە دەکات ، ئەمەش بونیادی واتایی و ڕێزمانی زمانێکی دیاری کراوە ، کە توخمەکانی زمان و ڕێزمان لەسەر ماددەی خاوی ئاخاوتن ڕێك دەخات[22] .





لە پاڵ ئەمانەشدا لە ساڵی (1876) لە شاری (لایبرج)ی ئەڵمانی کۆمەڵە لاوێك پەیدابوون ، کە گرنگیان بە کێشە زمانییەکان دەدا ، پاشان بە (ڕێساییەکان) ناوزەد کران. هەروەك (ڕۆبنز) دەڵێ ئەمە نازناوێکی فەرمییە بەناوەرۆکێکی سیاسییەوە[23] .


ئەوانەش ئەم زانایانەبوون ( هـ. ئستۆف) و (ك . برۆگمان) و (هرمان پۆل) و ( ك. ڤرنر) کە چەندەها بیروڕای بنەڕەتیان لە زانستی مێژووی زمان لە بواری دەنگەکان و شێوازەکان و توێژینەوەی خوازراوی زمانەوانی پێشنیاز کرد ، بەو حیسابەی کە ئاماژەیەکی گشتییە بۆ مێژووی زمانەکە.

یەکێك لە لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیەی زمانزانی تازە گەر (هرمان پۆل)بوو (1846 – 1921) ، کە لە پەرتووکەکەی خۆیدا (Principles)، تیۆری ئەم پرۆگرامە زمانەوانییەی خستە ڕوو و تیایدا وتی : بۆ ئەوەی گرفتی زمان بەشێوەیەکی زانستی سەرکەوتوو چارەسەر بکرێت ، پێویستە چارەسەریەکە مێژوویی بێت[24] .

ئەم گروپە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پیتەکانی زمانە مردووەکان بە هیچ شێوەیەك گونجاو نین بۆ بەخشینی زانیاری سەبارەت بە درکاوەکان ، لەبەرئەوە پێویستە لێکۆڵینەوە ئاڕاستەی زمانە زیندووەکان بکرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش زمان و بەکارهێنراوەکانی ئەوروپا بوونە جێی گرنگی پێدانی ڕێزماننووسە لاوەکان ، پاشانیش هەر لەوێوە توێژینەوەی شێوازە زمانەوانییەکان چاو پێداخشانی زمانەوانی و دەرچوونی نەخشەی شێوازەکان لەم قۆناغەدا ئەنجامدرا[25] .

هەروەها (ڕۆبنز) ئەوەی ڕوونکردەوە، کە کۆمەڵی ڕێزماننووسە لاوەکان وادەبینن کە زمان بوونێکی ڕاستەقینەیی نییە بە دوور لە ڕای وتەبێژەکان، ئەم بۆچوونەش فەلسەفە و میتۆدی زمانەوانی ئەم کۆمەڵە بەرجەستە دەکات[26] .

لەلایەكی تریشەوە كۆمەڵێكی تری ئەڵمانی پەیدابوون كە تێڕوانینێكی تری داهێنانكارانەیان لە بواری زمانەوانیدا تۆمار كرد و ، توێژینەوە زمانەوانییەكانیش بە كاردانەوەیەكی بەهێزی بیروڕای ڕێزماننووسە لاوەكان لەقەڵەمدا كە پێی دەوترێت (بازنە نموونەیەكان یان بازنەی جوانی ناسان) ، پێشەوای ئەم كۆمەڵەش ( K. Vossler)، كە زانایەكە خەڵكی میونخ بوو و لە هۆگرانی زانای ئەڵمانی خەڵكی میونخ (هامبوڵت) و فەیلەسوفی ئیتاڵی (كروشیە – B. Croce) بوو ، لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە جەختیان لەسەر گرنگی تاكی قسەكەر كرد لە ئەنجامدان و گۆڕانكاری پێ كردنی زمانەوانی لە هەریەك لە جۆرەكانی دا ، بەهەمان شێوەش گرنگییەكی فراوانی دا بە تواناكان و داهێنانكارییە زمانەوانییەكانی مرۆیی[27] ،جا ئەم بازنە زمانەوانییە هێڵی شیكردنەوە گشتییەكەی بۆ زمان لەم نەخشەیەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:




ئەو ڕەخنەیەی كە ئاڕاستەی ئەم كۆمەڵە كرا، ئەو جەخت كردنەوە بەردەوامە بوو لەسەر زمانی ئەدەبی و ، زۆریش بە زیادەڕەوییەوە گرنگیان بە توخمی جوانناسی دا لە بەرەو پێشڤەچوونی زمانەكان ، بە هەمان شێوەش جەختیان لەسەر





دركاوەكان كرد، وەك مەسەلەیەكی یەكجارەكی بێ یەك و دوو زیاتر لەلایەنە نووسراو و تۆماركراوەكان چ لە پێكهاتەی گوزارشتەكان و چ لە بونیادی زمانەوانیدا ، جا بازنەی ڕێزماننوسە لاوەكان ئەم بۆچوونەی بونیادی پێكهاتەیی بە چالاكییەكی كۆمەڵایەتی بێ سەروبەر ناوزەد دەكەن ، لەبەر ئەوە لە كاتی توێژینەوەی زماندا نابێ وەكو ڕاستەقینەیەك وەربیگرین[28]، لەوەش دەچێ بازنەی نموونەییەكان لە دووتوێی دەرەنجامی بیروڕاكانی ڕێزماننووسە لاوەكان بووبێ،كە ئاڕاستەكانی بەسەر بوارە جۆراوجۆرەكانی توێژینەوە زانستیەكاندا دابەش بوون و بەشێوەیەكی كارا بەشداری لە پتەوكردنی لایەنەكانی توێژینەوەی زانستی زمانەوانی(فۆنۆلۆجی وفۆنەتیك وفۆنیمتریا)دا كرد.

قوتابخانەی ئەڵمانی لە مێژووی زمانەوانیدا ، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەرهەمی مەزنی بۆ ئەم زانستە تۆمار كرد:

- هـ . جۆنزمان ـ فۆنیم و جۆرەكانی ـ 1902.
- و. گیسبیرسن ـ بنەماكانی زانستی فۆنەتیك ـ 1905.
- ئیریك دراخ ـ دەروازەیەك بۆ پەروەردەكردنی دەنگی مرۆیی ـ 1919.
- جۆنتر ئیلز ـ بەراوردكردنی دەنگەكانی ئاخاوتن ـ 1923.
- م . باركیر ـ كورتەیەك لە ئاوازی زمانی ـ 1925.
- ل. شیلینگ ـ لێكۆڵینەوەكان لەبارەی ئاخاوتن و ئاوازەوە ـ 1925.
- س. شتومبف ـ پێكهاتەی بیستن لە دەنگەكانی ئاخاوتن ـ 1927.
- پاول مۆزیس ـ كورتەیەك لە فۆنەتیكی تاقیكردنەوەیی ـ 1930.
- ی. تسفیرنار ـ لێكۆڵینەوە بنچینەییەكانی فۆنۆمیتەری ـ 1936.
- لونارد هنترش ـ پێوانەكردنی كاتی فۆنیمە نەبزوێنەكان ـ 1940.
- ئا. بانكۆتسیلی ـ ئەتڵەسی زمانی ئەڵمانی ـ 1940.
- هانز كریش ـ بنەما گشتییەكانی زانستی ئاخاوتن ـ 1954.

- ô ئیلەرمایر ــ فۆنیمە بەتاڵەکان ـــ 1953.
- ô فردیش کانز ـــ زمانەوانی دەروونناسی ـــ 1956.
- ô کارل هارتلیب ـــ دەنگسازی مۆزیکی مرۆیی ـــ 1959.
- ô ئینجبورگ جیریکا ــ بنەما نوێیەکانی زانستی فۆنۆلۆژی ـــ 1960.
- ô جێرهارت بمیە ـــ بنەماکانی زانستی ئەلۆمۆرف ـــ 1969.
- ô جیرهارت لیندر ــ میتۆدی دەنگسازی پراکتیکی ــ 1978.

## قوتابخانەی ئینگلیزی
## *British School*

بۆچوونەکانی قوتابخانـەی ئینگلیـزی لـەبواری توێژینـەوە زمانەوانییەکانـدا یـەک هێڵێکـی ڕاسـت و خـاوەن میتـۆدێکی چەسـپاو نـەبوو ، بـەڵام ئـەم حاڵەتـە هـەر لـە چەرخی ڕێنسانسەوە ڕاستە شەقامێکی هزریی گشتی بوو ، کە لە ڕووی پراکتیکیەوە جەختی لەسەر مەسەلە دەنگیەکان دەکردەوە ، وەکـو چاکسازی لـەبواری خـەت و نووسین و فێربوونی زمانەکان و داهێنانی هێما ئەبجەدیـەکان و سیـستەمە دەنگییـە تازەکـان و سیـستەمە دەنگییـە گـشتییەکان ، ئـەم قوتابخانەیـە چـەند ئەنـدامێکی لێهاتوو و ناسراوی گرتەخۆی ، وەکو:-

**ئیلیس**

**پیتمان**

**لێپسیوس**

**هنری سویت**

**دانیال جونز**

**گاردینار**

**هولیدەی**

**فیرپ**





**بێرنێت**

**ویلیام جۆنس**

ئەم گروپە بەشێوەیەکی گشتی جـەختیان لەسـەر توێژینـەوەی لایەنـە دەنگیـەکانی زمـان کـردەوە ، بـۆ نموونـە(هنـری سـویت) (1845–1912) هـەروەکو لـە پەرتووکەکەیدا(Hand book of phonetics )ڕوونـی دەکاتـەوە کـە جـەخت دەکاتـە سەر لایەنە هاوتەریبە وەسفسازەکان ، چونکە لەوێدا زاراوەی فۆنیم دروست دەبێت ، جا (دانیال جـونز)ی زمانـەوان زاراوەی(فـۆنیم)ی قۆستـەوە و لەسـەر بنـەمای ئـەو زاراوەیـە دەسـتی بـە بونیـادکردنی زمانـەوانی کـرد ، ئەمـەش لـە کۆشـشە شیکردنەوەکانی دەردەکەوێت کـە لـە زمـانی ئینگلیزیدا ئـەنجامی دا و بەگشتی لـە پەرتووکی (outline of English Phonetics)دا خستە ڕوو ، کە لە ساڵی (1914)دا دەرچـوو ، کـاتێکیش کـە گرفتـی (فـۆنیم) و حاڵـەتی بـوونی سـەری هەڵـدا ، هـەر لەوکاتەشـدا مقۆمقۆیـەکی تێروتەسـەل سـەبارەت بـە ماهیـەت و سنور و پێکهاتـە و لایەنەکانی پراکتیزەکردنی لە ئارادا بوو[29].

شـان بـە شـانی فـۆنیمیش لـە پەرتووکـەکانی ئـەم قوتابخانەیـە ، ئادگـارە ناکەرتیەکان سەریان هەڵدا ، کە هێـز و ئـاواز و -کـەرت- لـە خـۆدەگرت ، هـەروەها (دانیال جونز)یش لەسەر ڕێگەی مامۆسـتاکەیەوە (هنـری سـویت) ڕێـچکەی کـرد و ، هـەوڵی فراوانکردنـی ئـەم بازنـە زمانـەوانییەیدا ، بەتایبـەتی لەلایـەنی پراکتیکیـەوە. بـەڵام (جـاردنر) گرنگـی بـە لێکۆڵینـەوەی دەنگـی دا و ، چـەند پەرتووکێکیـشی دەربارەی دەنگەکانی زمانی عەرەبی و تێبینییەکانی دەنگی عەرەبـەکان لـە بـواری (نەبزوێن) و (بزوێن) و (تیۆری ئاخاوتن) و (زمان) نووسی.

بەڵام قوتابخانەی ئینگلیـزی لـە گۆڕەپـانی توێژینـەوەی زمانـەوانی تـەنها لەسـەر دەستی زمانەوانی ئینگلیزی ناودار (جۆن فێرس 1890 – 1960) فراوان بوو ، کە ئاڕاستەی شیکردنەوەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر:

– لە بۆچوونە زمانەوانییەکانیدا پشتی بە هزری ئەنپرۆپۆلۆجییەکان بەست ، وەك(پ . مالینۆوسکی) کە توانی بەو هۆیەوە ڕێچکە زانستیەکەی خۆی بەرەو پێش بەرێت لە وەرگێڕانی وشە و ڕستە ناوخۆییەکانی ناو دەقە پەپنۆگرافییەکانی دوورگەکانی (Trobriand) بۆ زمانی ئینگلیزی.

– هەستا بە پێشڤەبردنی ڕێچکەی هەنووکەیی، بەو سیفەتەی کە تاکە ئامرازە بۆ دەست نیشانکردنی واتای (فۆنۆلۆجی) کە پەیوەستێکە لەنێوان ڕێزمان و دەنگ.

– تیۆری (برۆسودیە)ی دانا و جەختی لەسەر جوداکردنەوەی نێوان پێداویستیەکانی نوسینی دەنگی و نێوان بونیادی تیۆری کردەوە ، کە دوو لایەن لە ڕەگەزە سەرەکیەکان بەکار دەهێنێ : یەکە فۆنیمیەکان و بروسودیەکان.

¬ جەختی لەسەر فۆنیمەکانی سەرووی کەرتییەکان کردەوە لە ڕووی هێز و ئاوازەوە ، بەو واتایەی کە هەردووکیان ئاستەکانی واتا و فۆنیمە کەرتیەکان ئاڕاستە دەکەن.

جگە لەوەی کە زمانەوانییەکان بە میتۆدی (J. Firth) دەڵێن زمانەوانی فێرسی یان زمانەوانی بەریتانییەکان (Firthion Linguistics British Linguistics) ، ئەویش لەبەر ئەو بۆچوونە کاریگەرانەی سەر میتۆدەکانی زمانەوانییە بەریتانییەکان.

جێگەی باسە جۆن فێرس – ی بە ڕەگەز ئینگلیز ، لە شاری (یۆرشێر)ی بەریتانیا لە دایك بووە ، لە پێشدا لە زانستگای (بنجاب) مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووە ، دواتر لە زانکۆی لەندەن  لەپاشان بۆتە پرۆفیسۆر لە بەشی زمانەوانی لە کۆلێژی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقی سەر بە زانستگای لەندەن. ساڵی (1944)یش تا (1956) لە زانکۆی لەندەن یەکەمین پرۆفیسۆری بواری زمانەوانی بووە .

زمانەوانە بەریتانییەکان لە توێژینەوەکانیاندا هەمبەر بە میتۆدەکەی (فیرپ) نەوەستان ، بەڵکو کۆششێکی زۆریان کرد بۆ پێشڤەبردنی و شیکردنەوەی





بزوێنەکان ، لەوانە (فیرپ) و زمانەوانی ناسراو (هالیدای) لە تیۆری (ڕێزمانی سیستەمی) (Systemic Grammar) ، کە سێ ڕەگەزی هەیە:

أ. ڕووخسار (شێوە)

ب.ماددە

ج. ڕێچکە (بەکار هێنان)

تیۆری هالیدای تیۆرێکی سەر بە قوتابخانەی ئینگلیزییە ، ئەم تیۆرە ناوی ڕێزمانە سیستەمیەکانی لە خۆگرت ، بەم شێوەیە تیۆری هالیدای (ڕێزمانە سیستەمییەکان) یان (زانستی زمانی سیستەمی) گرتە ئەستۆ ، بەشێوەیەك کە لە بەرهەمهێنانی چاك و دروستی تیۆری (فیرپ)دا چڕدەبۆوە. ئەو تیۆرەی کە گرنگیەکی زۆری بە (فۆنۆلۆجیا)دا ، زیاتر لەوەی گرنگی بە ڕێزمان و تیۆری زمان و شیکردنەوەی زمانەوانی بدات (بەپێی قسەی ڕۆبنز). لە کۆتایدا ئەوە ماوە بڵێین کە زمانەوانییە بەریتانییەکان زیاتر گرنگیان بە دیاردە فۆنۆلۆجیەکان داوە وەك لەوەی کە گرنگی بە ڕێساکان بدەن. لە بەرهەمەکانی ئەم قوتابخانەیە لە بواری زمانەوانی ، ئەمانەن:

ô هالۆرد پالمر ـــ بنەمای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ـــ 1921.

ـــ بنەماکانی زانستی فۆنەتیکی ئینگلیزی ـــ 1922.

ـــ ئاوازی ئینگلیزی ـــ 1923.

ô گراهم بێلّ ـــ تیۆری فۆنیمە بزوێنەکان ـــ 1914.

ô و. گاردنەر ـــ فۆنەتیکی زمانی عەرەبی ـــ 1925.

ـــ تیۆرەکانی زمان و ئاخاوتن ـــ 1932.

ô دانیاڵ جۆنز ـــ کورتەی فۆنەتیکی ئینگلیزی ـــ 1914.

ـــ فەرهەنگی دەربڕینی زمانی ئینگلیزی ـــ 1917.

ô جۆن فێرس ـــ کەسایەتی و زمان لە کۆمەڵگادا ـــ 1957.

ـــ کورتەیەکی تیۆری زمانەوانی ـــ 1957.

— تەکنەلۆژیای واتاسازی ـــ 1935.

— قوتابخانە دەنگییەکانی ئینگلیزی ـــ 1946.

ô میشێل هالیدای ـــ بنەچە و پێشکەوتنی تیۆری فۆنۆلۆژی چینی.

## قوتابخانەی ئەمریکی

## *American School*

لە ساڵی (1924) کۆمەڵەی زمانەوانی ئەمریکی دامەزرا و دەستی کرد بە دەرچوونی خولاوێکی ساڵانە بەناوی (زمان) .

ئەم کۆمەڵەیە لە پێناو فۆرمەلەکردنی ڕوئیای ئەمریکی بۆ زمان کۆششی دەکرد ، کە پاشان ئاڕاستەیەکی زانستی لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە زمانەوانە ئەمریکییە ناسراوەکانی لێ دروست بوو ، کە مۆرك و ئەدگاری ئاشکرا و ڕوونی هەڵگرتبوو ، کە ئەمانە بوون:

**فرانز بواز**

**هاریس**

**هۆکێت**

**پایك**

**هال**

**گلیسۆن**

**ساپیر**

**بلۆمفیلد**

**چۆمسکی**

جا ئەم دەستەیە بە چالاکی و لێهاتووی ناسرابوون بە تایبەتی لە پێکهاتی ڕەهەندەکانی سیستەمی زمانەوانی ، بۆیە زانستی زمانەوانی لە ئەمەریکا لە بواری توێژینەوەی زانستی بەرنامەئامێز و میتۆدگەرادا گەیشتە پلەیەکی پێشڤەچوو.





بەڵام (فرانز بواز) پێش ئەوەی دەست بداتە توێژینەوە زمانەوانییەکان ، ئەوا شارەزایی لە فیزیا و جوگرافیادا پەیدا کرد ، بۆیە توانی لە دەلاقەی ئەو دوو زانستەوە شارەزایی لە (کەینونەی دەنگی) و پلەکانی گواستنەوە و کاریگەرییەکانی لە ئاڕاستە کردنی ڕووداویی زمانەوانیدا پەیدا بکات.

بەهەمان شێوە شارەزاییەکی زۆری لە بواری ئەنپرۆپۆلۆجیادا پەیدا کرد و سوودێکی گەورەی لە پێداوەکانی ئەو زانستە وەرگرت و خزاندیە چوارچێوەی توێژینەوە زمانەوانییەکانی خۆیەوە . بۆیە کۆششەکانی لەم بوارەدا بە پێشەکییەکی زیندوو دادەنرێت بۆ زانستی زمانەوانی وەسفی ، جگە لەمەش (فرانز بواز) لەو بوارەدا بە مامۆستای نەوەکانی دوای خۆی لەزمانەوانە ئەمریکییەکان دەژمێردرێت ، (بلۆمفیلد) دەربارەی ئەم زانایە دەڵێت (مامۆستای هەموومانە ، جا بەهەر مانایەك بێت)[30].

(هاریس و هوکت و بایك) کۆششەکانیان لە بواری توێژینەوە زمانییەکاندا دیار و زانراوە ، بەڵام دیارترین و ڕوونترین و جیاکارترین و کاریگەرترینی ئەو زانایانە لەم بوارەدا (ئیدوارد ساپیر) و (لیونارد بلۆمفیلد) و (نەوام چۆمسکی) بوون.

(ئیدوارد ساپیر) پسپۆڕی زمانی ئەڵمانییە و توێژینەوەکانی سەبارەت بە زمانەکانی هیندۆئەوروپی ئەنجام دا و قوتابی (فرانز بوان) بوو ، لە زانکۆکانی (شیکاگۆ) و (یل) خوێندنی بواری ئەنپرۆپۆلۆجی تەواو کرد .

تێروانینی (سابیر) لە بواری زماندا لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

1. (ساپیر) لە پشکنینی دیاردە زمانەوانییەکاندا بە ئاستەکانی (گوزارشت) و (ناوەرۆك) پشتی بەستبوو ، لەم ئاکارەشیدا وەکو زمانەوانە بونیادگەرەکان مامەڵە دەکات ، زمان لەلای ئەم زانایە (بونیاد و ڕوخسارە) و لەسەر توخمە دەنگیەکان بونیادنراوە و دەیان بەستێتەوە و پەیوەندییەکی دیاریکراو و ڕۆڵ و فەرمان و

چەندیەتییەکی تایبەت و سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە ، بەشێوەیەك کە لە ماددە هەست پێکراوەکە جیای دەکاتەوە.

2. بە تێڕوانینێکی ڕوونەوە (فۆنەتیك و فۆنۆلۆجیا) جیادەکاتەوە ، هەروەها (فۆنەتیك) بەشێوەیەکی ڕێك وەسف دەکات ، لە توخم و بەها زمانەوانییەکانی بە وردی دەکۆڵێتەوە و ، لەسەر فۆنیم و پێکهاتە شێوەکاریەکانی هەڵوەستە دەکات ، فۆنۆلۆجیاش وا وەسف دەکات کە ڕەنگدانەوەی لایەنی فەرمانی ناو چوارچێوەی پێکهاتەکانە جا چ بەشەکی بێ یان گشتی و گشتگیر بێت.

3. لە پێداوەکانیدا هەندێك جار پشت بە بزاوتی فۆنۆلۆجیای ناو چوارچێوەی پێکهاتەکان دەبەستێت.

4. زمان لەلای ساپیر خاوەن (چەند)ێکی بەس و تێروتەسەلی توخمە دەنگییەکانە و بەشی نیازمەندییەکانی پەیوەست بوونی کۆمەڵایەتی و ژیاری دەکات ، لەبەر ئەوەی زمان لەگەڵ نیازمەندیەکانی کۆمەڵی زمانەوانی بە شێوەیەکی نەرمی و بەهێز و دامەزراو مامەڵە دەکات، و دەست بە پێداوەکانی ورد و درشتەکانی و ڕێچکەکانی بزاوتە ڕەنگاڵەییەکانییەوە دەگرێ.

5. لەگەڵ قوتابییەکەی خۆی و(وۆرف) بەشداری لە فۆرمەلە کردنی گریمانەیەکدا کرد ، پاشان بەناوی هەردووکیانەوە ناسرا ، ئەم گریمانەیە وای بۆ دەچێت کە ناتوانرێت زمان و هزری مرۆڤایەتی لە یەك جیا بکرێنەوە ، چونکە زمان هزری وتە و بێژەکانی خۆی دروست دەکات ، زمانەکان جیاوازن ، لە بەرئەوەی خودی ئەو زمانانە بەکارهێنەرانی بە تێفکرین و جوڵاندنی هزری لە شتەکان پابەند دەکات.

بۆیە دەرەنجام دەبێتە هۆی جیاوازی و جودایی لە بۆچوونی مرۆڤ بۆ دەوروپشتی خۆی ، ئەمەش مانای ئەوەیە:

< هەموو جیاوازییەك لە ڕێکخستن > هەمبەرییەك دەبنەوە < لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵی دەوروپشتی دەرەکی.





بەڵام (لیونار بلومفیلد) لە هەموو زمانەوانە ئەمریکییەکان زیاتر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە توێژینەوەی زمانەوانی بکاتە (زانست) ، لە کاتێکدا کە هاوکوفانی ئەو مەسەلە زمانەوانییەیان بەرەو لایەنە ماددییەکانی شتەکاندا پەلکێش دەکرد.

(بلۆمفیلد) لە زمانی ئەڵمانیدا پسپۆڕ بوو و لەسەرەتاوە زیاتر گرنگی بەم زمانەدا ، پاشان بەرەو توێژینەوە زمانەوانییە گشتییەکان هەنگاوی نا و ، بە میتۆدگەراییەکی مێژوویی لە مەسەلە زمانییەکانی دەکۆڵیەوە ، پاش ئەوەش دەستی بە توێژینەوەی لایەنە بونیادییە زمانەوانییەکان کرد و ، پەرتووکێکیشی بەناوی ( زمان ــ Language) نووسی کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ئەمریکی لەقەڵەم دەدرێت ، لەلایەکی تریشەوە بەوپەڕی کاراییەوە بەشداری لە ئامادەکردنی بەرنامەکانی فێربوونی زمانە بیانییەکاندا کرد ، بە پشت بەستن بە ڕێچکەی پەیوەست کردنی ڕاستەوخۆ لەنێوان خوێندکاران و فێربووانی زمانی دووەم و شارەزایانی زمانە زگماکەکە.

(بلۆمیفلد) لە بۆچوونە زمانەوانییەکانیدا لەژێر کاریگەری (لیسکن و برۆگمان)دا بوو ، کە لەلایەنگرانی کۆمەڵەی زمانەوانی ڕێزماننوسە لاوەکان بوو ، هەروەها بیروڕاکانی زانای سانسکریتی (W.D.Whitney)ی لە توێژینەوەکانیدا پیادە دەکرد. جگە لەوەی کە بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی زمانەوانییە ئەمریکیەکان کرد ، لە لایەکی تریشەوە قوتابی بوونی بۆ مامۆستای (دەروونناسی) ( A.D.Weiss) ساڵی (1921) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەوە هەبوو کە بەرەو تیۆری ئاکاری لە زانستی دەروونناسیدا هەنگاو بنێت.

بیروڕاکانی (بلۆمفیلد)ی زمانەوان لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

1.(بلۆمفیلد) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە واتا ڕێگاکانمان بۆ واڵا دەکات ، تاکو لە شێوە زمانەوانییەکان بکۆڵینەوە ، هەروەها دەقی بێژراو لە خودی خۆیدا هیچ گرنگییەکی نییە تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە هەڵگری واتا بێت.

2.هەموو ئەو توێژینەوانەی کە جەخت لە سەر دەنگەکانی ئاخاوتن دەکەنەوە بەبێ بە ئیعتیباردان بە واتا ، توێژینەوەیەکی ئەوتۆن ، کە بۆیان هەیە لە بواری ئەزموونیدا پۆلێن بکرێن ، لەبەرئەوە ناتوانرێ لە ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی وێکچوون و جودایی لە شێوە زمانەوانییەکان پشتی پێ ببەسترێت ، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە دەگەڵ مانادا هەماهەنگ بێت.

3.شکڵی زمانەوانی دەگەڵ واتادا جوتن و لەلای ئەم زمانەوانە دوو جۆرن:

- ڕووخسار سنووردارەکان.
- ڕووخسارە ئازادەکان.

ئەم دووجۆرە ، یەکەمیان بەشەکانی یەکە زمانەوانییەکانە ، کەچی دووەمیان یەکە زمانەوانییە تاکەکان و دووانییەکانە ، جۆری یەکەم (ناسەربەخۆ) و جۆری دووەمیش (سەربەخۆ)ی پێ دەگوترێ.

4.(بلۆمفیلد) گرنگی بە شتێك دا ،کە لە بواری زمانەوانی (بونیادگەری)دا پێی دەوترێت (پێکهێنراوە ڕاستەوخۆکان) وەیان (پێکهاتە سەربەخۆکان) ، ئەم پڕۆگرامەش لەلای زانای ناوبراو لەسەر بونیادی ئەوە هەڵدەستێت ، کە پێکهاتەی تەواو و هێڵێکی پان و پۆڕ و ڕاست نییە ، بەڵکو چەند یەکەیەکی هەماهەنگ و گونجاوی سیستەمێکی دەرك پێکراون. ئەمەو (بلۆمفیلد) کە پێشەنگی ئەم شێوازە شیکاریەیە ، پێی وابوو کە پڕۆسەی (کەرتکردن) و (بەش بەش کردن) ڕێچکەیەکی فراوانە بۆ پەی بردن بەیەکە زمانەوانییە بچووکەکان ، تێڕوانینی (بلۆمفیلد) لەسەر سیستەمی (چینەکان) بیناکراوە ، واتە (پێکهاتە) لە (چینەکانی پێکهاتەکان) دروست بووە ، نەك لە توخمە گونجاوەکان وەکو:

﴿خالیدی دەوڵەمەند داوای یارمەتی لەخەڵك دەکات﴾

خالد + اپری + یگلب + العون + من + الناس

6 5 4 3 2 1





بەڵام پێکهاتەی چینایەتی لەلای (بلۆمفیلد) لە لوتکەوە دەست پێ دەکات و دەگاتە بنکەکانی خوارەوە. جا ئەم تەرحەی شیکردنەوەی زمانەوانی ، ناسراوترین شێوازە زمانەوانییەکانی بواری توێژینەوە و تیۆرە زمانەوانییە هاوچەرخەکانە . بەڵام هەندێك لەو زانا زمانەوانیانە وا دەبینن کە ئەم شیکردنەوەیە جۆرێك لە بێ دەسەڵاتی و کەم و کورتی تێدایە ، چونکە پڕۆگرامێکی ڕواڵەتی و شکڵی ڕاستەوخۆیە و توانای پاڵپشتکردنی توێژەری زمانەوانی نییە لەسەر هەڵهێنجانی مانا و شرۆڤەدانی تەواوی زمانەکە ، لەوەش دەچێت کە ڕستەی پرسیار ئامێز و سەرسوڕهێنەر و حاڵەتەکانی (بکەردیار) و (بکەرنادیار) و ئەو پێکهاتانەی کە چەند ڕوویەك لە ڕووننامە بەڵگە ئامێزەکاندا هەڵدەگرن ، زۆر دوورن لە تواناکانی ئەم پڕۆگرامە سەبارەت بە پەی بردنی بە سازدانی ئەم تەرزە شیکردنەوانە ، با ئێستاش ئەو پێکهاتانە ببینین کە (پ.د. نیهاد ئەلموسەوی) خستویەتیە ڕوو[31]:

– لەلای دەرگا چاوەڕێم کە / مۆزەخانە تازەکە .

مۆزەخانە / تازەکە

– داوام کرد سەرم لێ بدا / سەرلەبەیانی.

(ئاوەڵکاری کاتی) بۆ (سەردان)

(ئاوەڵکاری کاتی) بۆ ( داوا)

چونکە لەم حاڵەتەدا لایەنی دەست نیشانکردنی کات تووشی لار و لەوێری دەبێت ، ئەویش لە کاتی جوڵەی ڕێچکە ئاوازسازەکان و هەڵوەستەکانی ئاخاوتن.

لەگەڵ یەکەمدا: داوام کرد کە سەرم لێ بدا / سەر لە بەیانی.

لەگەڵ دووەمیشدا: داوام لێ کرد / کە سەرم لێ بدا سەر لە بەیانی.

لەوەش دەچێت کە ئەم میتۆدە هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە فێرکاری بووبێت ، زۆر لە ڕێزمانزانانی عەرەب لە سەدەی دووەمی کۆچی لەسەر ئەم شیکردنەوەیە هەڵوەستەیان کرد بۆ ساناکردنی سیستەمەکانی پێواندنیان ، چونکە

کاتێك کە (شیکردنەوەی) ئەم ڕستەیە دەکەین (خرجت لیلی ترجو لقاو اخیها): بۆ کاری هەڵوەشاندنەوەکە و بۆ پێکهاتە ڕاستەوخۆکان سەر دەکێشێ ، جا لە سەرەتاوە لە (فعل)کەوە دەست پێ دەکات. خرج + التاو + لیلی (مقصور) + الفعل (المویق بالواو المدیە) + لقاو (قد نخرج من التخفیف عن الهمزتین + اخیها ((لەوانەیە پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەرین)). ئەم توخمانە بە وێنەیەکی هزری دەرك پێ کراوەوە پەیوەستن ، کە سیستەمەکانی پێوانەی پێکهاتەکە پەلکێشی کردوون.

5. دابەشکردنی (Distribution) ڕەوشت کارێکی زمانەوانی ترە ، کە (بلۆمفیلد) و لایەنگرانی لە خاوەنانی قوتابخانەی زمانەوانی ئەمریکی پیادەیان کرد. ئەم پرۆگرامە شیتەڵکاریە لەژێر ڕووناکی قوتابخانەی ڕەوشتکاری (دەروونناسی) ڕێچکەی کرد ، بەم شێوەیەش چەمك و ماناکان دەچنە بواری پسپۆڕی دەروونناسانەوە ، جگە لەوەی کە ئەم مانایانە چەند یەکەیەکی ئاوازەین کە لە ئاخاوتن دەچن ، ئەمەش لەلایەن قسەکەرەوە پێوستی بە زانیاریەکی تەواو دەربارەی دەوروبەرەوە هەیە .[32]

ئەم ڕێچکەیە لەسەر پرەنسیپی (جێگۆڕکێ)ی یەکە زمانییەکان دامەزراوە لە بواری دەست نیشانکردنی ئەو بەشەی کە سەر بە لایەنەکانی ئاخاوتنە :

ئەو { (پیاو ــ بەرنامە) نیگەرانییەکانمی لابرد} لە (بەرنامە ــ پیاو)

ئاماژەیەکی ڕواڵەتی هەیە ، لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە لە ڕێزمانی عەرەبیدا ڕوون و ئاشکرایە ، بەتایبەتی لەو حاڵەتەدا کە ڕێزمانزانانی عەرەب دەست دەدەنە تۆمارکردنی پلەکانی هەریەك لە (ناو) و (کار) و (پیت)[33]. (ڕۆبنز) پێی وایە (ساپیر) و (بلۆمفیلد) هەمبەریەك و وەك یەك وان ، بگرە لە بابەتە زمانەوانییەکانیش شرۆڤەکردنی دیاردەی زمانەوانی تەواوکەری یەکترین.





هەروەها بە بۆچوونی (ڕۆبنز) ، توێژینەوەکانی (بلۆمفیلد) زانستین و پشت بە شرۆڤەی میکانیکی دەبەستێت بۆ زانست و ، جەخت لەسەر شیتەڵکاری فۆرمی (Formal) دەکاتەوە، لە هەمبەر ئەمەشدا (ساپیر) پشت بە شێوازی دۆزینەوە دەبەستێ ، لە هەمان کاتیشدا جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیوەندییەکانی ئەم بابەتە بە ئەدەب و مۆسیقا و ئەنپرۆپۆلۆجیا و دەروونناسی ، (ساپیر) بیروڕاکانی خۆی لە پەرتووکێکدا بەناوی (Selected writings) خستە ڕوو.

کاریگەری (بلۆمیفیلد) لەسەر توێژینەوە زمانەوانییە ئەمریکیەکان بە هەموو شێوەیەك ڕوون بوو ، ئەویش لە ڕوانگەی پشت بەستنی بە پرۆگرام گەرایەکی زانستی و ئاشکراوە بەشێوەیەکی ئەوتۆ ، کە سەردەمی پێش (چۆمسکی) بە (ماوەی بلۆمفیلد)ی ناسراوە.

قوتابخانەی زمانەوانی ئەمریکی جەختی لەسەر بۆچوونەکانی (بلۆمفیلد) کردەوە سەبارەت بە شیکردنەوەی ڕواڵەتی زمان بە پشت بەستن بە (فۆنیم) و (ئەلۆفۆن) وەك یەکەی بنەڕەتی لە پرۆسە شیکردنەوەکاندا ، لە ساڵانی شەستەکانیشدا زمانزانی ئەمریکی (کینیت بایك) (K. L. Pike) تیۆرێکی تازەی داهێنا کە لەوە دەچوو لقێکی تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی بلۆمفیلد بێ لە بواری ڕێزماندا ، ئەم تیۆرە بەناوی تیۆری قالبەکان – وەیان تیۆری تەجمیمی – (Tagmemic Theory) ناسراوە و وێنەی کرۆکی تیۆرەکەش ئەوەیە کە زمان لە کۆمەڵە قالبێك (Tagmemes) پێکهاتووە.

خالد یلعب الکره.

خالد ←—— Tameme 1 ــ اسم ــ مفرد ــ مرفوع ــ مبتدأ.

یلعب ←—— Tameme 2 ــ فعل ــ مچارع ــ مرفوع ــ مبتدأ.

الکره ←—— Tameme 3 ــ اسم ــ مفعول بهِ ــ منصوب .

پێکهاتە لە ( 3 ـــ Tameme 2) Tameme ژمارە 4 (الخبر) پێکدێنێت و ـــ هەموو (تاجیمێك) لە چەند توخمێك پێکدێت.

ئەم قالب بوونەش ڕەنگدانەوەیەکی (فەرمانە ڕێزمانییەکە)یەو ڕێزمانی عەرەبی هەر لە دێر زەمانەوە ئەم پڕۆگرامەی ناسیوە ، لەبەر ئەوەیە کە ئەم پڕۆگرامە لە توێژینەوەی ڕێچکە ڕێساییەکانیدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە ، بەڵام لە توێژینەوەی زمانە ئەوروپییەکاندا زۆر گرنگە ، بەتایبەتی کە زمانە بیانییەکان ناگەنە ئەو پلە بالآیەی کە زمانی عەرەبی لە هۆنینەوەی پێکهاتەکانیدا پێی گەیشت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەسەلەیە بۆ گرنگی دان بە (بونیادگەرایی) ڕاپێچمان دەکات ، ئەویش لە دەلاقەی ئیجراکاری و دۆزینەوەکانی پێکهاتەکان و خزمەتگوزاری دۆزی زمانە ئەوروپییەکان ، ئەم تیۆرە (تەجمیمیەش) تەکنیکە وەسفسازەکانی دەرخست ، وەکو:

(الفجوە ـــ slot) (المسد المالی ـــ Filler) (پێگە ـــ Losation) (تێکڕا ـــ Qualifier) (کات ـــ Chronic) (بەرژەوەندخواز ـــ Beneficiary) بەڵام هەندێك لە زمانزانەکان ئەم تیۆرە بە چەند چەمکێك یان زاراوەیەکی (سەرووی زمانەوانی) و ناڕواڵەتی لە قوتابخانەی ئەمریکی لە قەڵەم دەدەن ، لە پاشاندا لە نیوەی سەدەی بیستەم ، زمانزان ( ئەفرام نوام چۆمسکی) (Avram Noam Chomsky) پەیدا بوو ، کە بە هزرە ماتماتیك سازەکەی خۆی ڕێچکەی توێژینەوە زمانەوانییەکان لە بواری شیکردنەوەیدا زیاتر دەوڵەمەند بکات و ڕووننامەکانی دیاردەی زمانەوانی بخاتە ژێر چاودێرییەوە ، بەڵام بۆچوونەکانی چۆمسکی زمانەوان ، خاوەن پێگەیەکی مەزن نەبوو لە بوارەدا ، بەڵکو بۆچوونەکانی زیاتر ڕەنگدانەوەی بیروڕاکانی (بلۆمفیلد) بوو ، ئێمەش بەم پەلەیە ناتوانین سەرتاپای بیر و بۆچوونە زمانەوانییەکانی (چۆمسکی) بخەینە ڕوو ، چونکە ئەو بیروڕایانە لە بواری چڕ و دەوڵەمەندی کۆششە زمانەوانییە تازەکانە ، کە پێویستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەی دوور و درێژ هەیە .





**ئەم کتێبە لەم سەرچاوەوە وەرگیراوە :**

**د. عبدالقادر عبدالجلیل ، علم اللسانیات الحدیثة، الطبعة الاولی 2002 ، للنشر والتوزیع ـــ عمان ، ص 214 – 265 .**

## پەراوێزەکان

1. البحث اللغوي عند العرب : ص59.
2. الاصوات اللغوية (د. عبد القادر جليل) ، ص 15.
3. اللغة بين ثنائية التوفيق والمواصفة ـــ المسار اليوناني.
4. الاصوات اللغوية (د. عبد القادر عبد الجليل) ، ص 15.
5. البرهان في علوم القران 318/1.
6. اللغة بين المعيارية والوصفية :ص 91.
7. تاريخ عليم اللغة (مونين)، موجز تاريخ علم اللغة (ر. هـ. روبنز).
8. دروس في الالسفية العامة: ص 24.
9. نظرية ضومسكي اللغوية : ص 39.
10. اطلس اصوات اللغة العربية (د. وفاء البنيه ـــ 1994) ، ص 69.
11. موجز تاريخ علم اللغة (روبنز) ، ص 317.
12. المصدر نفسه ، ص 319.
13. المصدر نفسه ، 320،
14. اطلس اصوات اللغة العربية ، ص 69.
15. موجز تاريخ علم اللغة (ر. هـ. روبنز) ، ص 321.
16. الكلوسيم (Closseme) هو اصغر وحدة ذات معنى Bloomfield وهو مصطلع استخدمةٌ Closseme = Morpheme.

17. موجز تاريخ علم اللغة (روبنز) ، ص 329.

18. انظر (موجز تاريخ علم اللغة) (روبنز) ، ص 356.

19. D.r Kahlawi. The phases symmetry in the grammer of English and Standard Arabic. Sorbonne Paris III. 1992 (ph. D. thesis)

20. البنائية ــــ د. صلاح فضل ، ص 57.

21. المصدر نفسه ، ص 49.

22. موجز تاريخ علم اللغة (روبنز) ، ص 286.

23. نفس المصدر ، ص 384.

24. المصدر نفسه ، ص300.

25. المصدر نفسه ، ص 301.

26. المصدر نفسه ، ص 304.

27. المصدر نفسه ، ص 306.

28. المصدر نفسه ، ص 306.

29. انظر (الاصوات اللغوية).

30. موجز تاريخ علم اللغة (روبنز) ،ص 333. من مؤلفات اللسانيين الامريكيين:

C. F. Hpckett – ourse in modern Linguistics.
H. A. Gleason – in troduction to Descriptive Linguistics.
A. A. Hill – in troduction to Linguistics structuses.

31. نظرية النحو العربي ، ص 34.

32. هەندێجار بە قوتابخانەی (Yale) ناودەبرێت.

33. عرف النحات العرب لعلامات كل من الاسم والفعل والحرف ــــ بالجر ، والتنوين والنداء ، وأل ، والفعل ، قبول قدولم لن ... وسواها. انظر علم الصرف الصوتي (ص130 – 131).

# بەشی دووەم

# پـراگـمـاتـیـك

# پـراگمـاتـیـك

توێژینەوە زمانەوانییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا ، زۆر جەختیان لەسەر پراگماتییەت کردۆتەوە (Pragmatics) جا هۆکارەکانی ئەم گرنگی و جەخت کردنەوەیە لەسەر پراگماتیك وەك کاردانەوەیەك بۆ گرنگیدانی زانای ئەمریکی (نۆوم چۆمسکی Noam) سەری هەڵدا ، کە زمانی وەك ئامرازێکی ڕووت خستە ڕوو ، یان وەك توانایەکی عەقڵی جوداکردەوە لە بەکارهێنانە زمانەوانییەکان و بەکارهێنەرانیان و ئەو تەوزیمانەی کە پێی هەڵدەستن ، هەروەها ئەم گرنگی دانە وەکو کاردانەوەیەك لەلایەن زانایانی سیمانتیك و سیمانتێتی پێکهێنەر (Semanticists Generative ) پەیدابوو ، لەوانە (ج . ڵ . ئۆستین ، ب . ف . ستروسۆن ، هـ . ب . گرایس ، ج . ر . سێرل). دژ بە تیۆرەکەی چۆمسکی کە بەرەو چەندێتییەکی زۆر و زەبری هزری فەلسەفی هەنگاویان نا ، کە لەم بوارەدا دەستیان بە ڕوونکردنەوەی گرنگی بەکارهێنانە زمانەوانییەکان کرد ، لە تێگەیشتنی سروشتی مرۆڤ ، تا هەنووکە زۆربەی زۆری چەمکە گرنگەکانی پراگماتیك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە فەلسەفەی زمانەوە وەرگیراوە ، جا کاتێك کە کۆڵەگەکانی بواری فراوانی زانستی زمانەوانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەسپاو وەکو ئەورووپا پتەو بوو ئەوکاتە ئیتر پراگماتیك ڕەوشێکی سەربەخۆی وەرگرت ، چونکە ئەو بابەت گەلەی کە پراگماتیك باسیان لێوە دەکات ، سەرنج ڕاکێش و جێی بایەخ پێدانن.

## پەیدابوونی زاراوەکە و مانا گشتییەکەی

پێش ئەوەی دەست بە شرۆڤە کردنی کرۆکی ماناکانی پراگماتیك بکەین وا باشترە تیشکێك بخەینە سەر چۆنێتی سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە ، بەکارهێنانی تازەی ئەم زاراوەیە (پراگماتیك) (Pragmatics) بۆ ساڵی (1938) دەگەڕێتەوە کە





فەیلەسوفی زمانەوان (چارلس مۆریس Charles Morris) بۆ یەکەمجار بەکاری هێنا ، مۆریس ئەو کاتە گرنگی بە هێڵە گشتییەکانی زانستی هێما یان نیشانەکان (Semiotics) دەدا ، کە لە چوارچێوەی (ئاماژە)دا مۆریس هەستا بە جوداکردنەوەی سێ لقی جودا ، کە ئەمانەن :

1. سینتاکس(Syntax) یان(Syntactics)،کە توێژینەوەی پەیوەندییە ڕواڵەتییەکانی نێوان هەر هێمایەکە بەوی ترەوە.
2. سیمانتیك(Semantics) توێژینەوەی پەیوەندی هێماکانە بەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن.
3. پراگماتیك(Pragmatics) توێژینەوەی پەیوەندی هێماکانە بە شرۆڤەکارانی خودی ئەم هێمایانەوە[1].

هەروەها فەیلەسوف و زمانەوانی ئەمریکی (ڕۆدۆلف کارناپRudolf Carnap)[2] بوارەکانی هەر ئەم سێ لقە دەخاتە ڕوو و دەڵێ گەر لە بواری توێژینەوەی زمانەوانیدا ئاماژەیەکی ئاشکرا بە وتەبێژ یان بە کارهێنەری زمانەکە بکەین ، ئەوا ئەوساتە وەختە ئێمە لە بواری پراگماتیکدا کار دەکەین ، بەڵام گەر تەنها گوزارشتەکان و ئەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن شی بکەینەوە ، ئەو کاتە دەگەینە بواری زانستی سیمانتیك ، لە کۆتایشدا گەر لەو ئاماژانەی گوزارشتەکان دووربکەوینەوە و تەنها هەڵسین بە شیکردنەوە پەیوەندییەکانی نێوان خودی ئەو گوزارشتانە ، ئەو کاتە دەچینە ناو بازنەی ڕێساکانی ڕستەوە ، بە گوزارشتێکی ئاسانتر دەتوانین بڵێین کە ڕێساکانی ڕستە گەر لە بواری چۆنێتی پەیوەندی وشەکان بە یەکەوە کار بکات و گەر زانستی واتاسازی بە توێژینەوەی مانا تایبەتمەندبێت ، ئەوا پراگماتیك تایبەتە بە بەکارهێنانی زمان لە ڕوانگە وەزیفییەکەیەوە ، بەو مانایەی کە پراگماتیك بۆ شرۆڤەکردنی ڕووەکانی پێکهاتە

زمانەوانییـــەکان کۆشـــش دەکـــات ئـــەویش بـــە ئامـــاژە کـــردن بـــۆ فاکتـــەرە نازمانەوانییەکان[3].

## بوارەکانی پراگماتیك

هەندێك لە زاناکان وەکو(مۆریس) بوارەکانی پڕاگماتیکیان زیاتر فراوان کرد ، ئەویش کاتێك کە ڕایگەیاند ئەم زانستە لەلایەنە زیندووەکانی (biofic)(ئاماژە) دەکۆڵێتەوە. واتە سەرجەم ئەو دیاردە دەروونی و بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتیانەی کە لەکاتی هەستانی ئەو هێمایانە بۆ وەزیفەکانی خۆی ڕوودەدات دەخاتە ڕوو [4]. ئەم بازنەیەش لەوە فراوانترە کە ئێستا ئەم زانستە گرتویەتیە خۆی ,ئەویش لەبەر ئەوەی کە لە دووتوێی پراگماتیك زانستی زمانناسی دەروونی و زمانناسی کۆمەڵایەتی زمانناسی و چەندەهاشتی تر بەدی دەکرێ لقێکە لە زمانناسی پراکتیکی لە فێربوونی زمانی زگماك و بێگانە و ئەو هۆکارە دەروونیانەی پێوەندییان بەو زمانانەوە هەیە ، دەکۆڵێتەوە ، هەروا لە خەوشەکانی قسەکردن و چارەسەرکردنیان و کردەوە دەروونی و عەقڵییە سەختەکانی سەلیقە جیاجیاکانی زمانەوانیش دەکۆڵێتەوە و زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیش لقێکی زمانەوانی پراکتیکییە ، لە کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دیاردە زمانەوانییەکان و جیاوازییە دیالێکتیکییەکان دەکۆڵێتەوە و زانستی زمانی دەماریی زمانەوانی دەماریی ، زانستێکە لە پێوەندی نێوان زمان و دەمارەکانی مێشك و شپرزەییەکانی دەماری زمان دەکۆڵێتەوە و چەندەها شتی تر بەدی دەکرێت.

لەکاتێکدا هەندێك لە زانایانی دی وەکو (کاتز) و (فودر) (Katzan Fodor) لەو باوەڕەدان کە بوارەکانی پراگماتیك لەوە تەسکترە و تەنها توێژینەوەی ئەو پڕەنسیپانە لە ئەستۆ دەگرێت کە بەکارهێنانەکانی زمان کۆنترۆڵ دەکات و ، هیچیش پەیوەندی بە وەسفسازی پێکهاتە زمانەوانییەکانەوە نییە ، جا گەر بمانەوێ





ئەم دەستنیشانکردنە بەو پەرتبوونەی (چۆمسکی) ببەستینەوە کە لە نێوان توانا وەیان بەسبوونی (Competenece) ، کە ئەداکردنی زمانەوانی (Performance) ئەنجامی دەدا مەبەست لە توانا ، یان لێوەشاوەی زمان (Competence) توانای مرۆڤە لە ڕووی تیۆریەوە بۆ دروستکردنی چەند ڕستەیەکی زمانەوانی و لە بەرانبەر بەکارهێنانی زمان (Performance) ، کە بەکارهێنانی زمان ، بە ئاخاوتن یان بە نووسین دەگرێتەوە ، ڕادەوەستێ. لەو حەلەدا دەتوانین بڵێین کە پراگماتیك تەنها گرنگی بە پڕەنسیپەکانی بەکارهێنانی ئەو زمانە دەدات کە بە ئەداکردنەوە پەیوەستە[5]. جا بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پراگماتیك و ئاستەکانی دی شیکردنەوە زمانەوانی ، پوختەیەك لە بۆچوونەکانی (کاتز) و (فودر) دەخەینە ڕوو[6] ، بەو حیسابەی کاتێك پێگەکانی ئاستی سیستەمی ڕستەسازی و فۆنۆلۆجیا کۆتایی پێ دێت ، هەر لەوێوە واتاسازی دەست پێدەکات.پاشان پراگماتیك دێت ، جا ئەم وێنەیەی خوارەوە ئەم تەرحە پەیوەندییە ڕوون دەکاتەوە:

**ڕستەسازی یان فۆنۆلۆژی**
Syntax and Phonology
Semantics سیمانتیك
Pragmatics پراگماتیك

کەچی (لیفنسون)(7) دەڵێ کە پراگماتیك لەو پێگەیەدا کە واتاسازی کۆتایی پێ دێت و لەم حاڵەتەدا کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی دەروونی دەست پێدەکات ، جارێکی تریش دەتوانین وێنەی ئەم پەیوەندییە بەم شێوەیەی خوارەوە بگرین:

| | |
|---|---|
| سیمانتیك | Semantics |
| پراگماتیك | Pragmatics |
| زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتی | Sociolinguistics |
| (زانستی زمانەوانی دەروونی) | (Psycholinguistics) |

## چەند پێناسەیەکی پراگماتیك

1. **<u>لە پێناسە جۆراوجۆرەکانی پراگماتیك</u>** [8]: پراگماتیك توێژینەوەی هەموو لایەنەکانی واتایە کە تیۆری سیمانتیك نایانگرێتەخۆ یان ئەو تیۆرە ڕێکیان ناخات ، بەڵام ئەم پێناسەیە وا پێویست دەکات کە دەست نیشان کردنی ئەو چوارچێوە فراوانەی ئەو مانایە بکەین ، کە پێناسەکەی پشتی پێ دەبەستێ جا ئەم مانا فراوانەش پێویستە لە درزتوێی خۆیدا ناوەرۆکێکی گاڵتەجاڕی (Ironic) وەیان میتافۆر (Metaphoric) و کرۆك ئامێز {واتە تایبەت بە سروشە ناڕاستەوخۆکان} (Implicit) بۆ پەیوەست بون کە لە دووتوێی وتە درکاوەکان وەیاخود نووسراوەکان دایە ، پاشان ناتوانین تەنها لەسەر کرۆکە کلاسیکییەکەی وتراو و درکاوەکان قۆرخی بکەین ، جا بە گوزارشێکی دی دەڵێین ، بواری پراگماتیك مانایە ، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ، بە مەرجێ دەرکردنی وەیان وەلاخستنی وتاسازی لە کرۆکی ئەو مانایەدایە {واتە: مانا بە پێی دەست نیشانکردنی سیمانتیك}.

2.**<u>پراگماتیك</u>:** لەسەر بونیادی پەرتبوونی نێوان مانای ڕستە و مانای درکێنراو (utterance) هەڵدەستێت بەشێوەیەك کە واتاسازی بە توێژینەوەی مانای ڕستەکان تایبەتمەند دەبێت ، کەچی پراگماتیك سەبارەت بە مانای درکاوەکان توێژینەوە ئەنجام دەدات ، جا بەپێی ئەم پێناسەیە درکاو بەکاردەهێنرێت بەو مانایەی کە (بار ــ هیلر) (Bar – Hiller) ئاماژەی بۆ دەکات ، بەو ئیعتیبارەی کە ڕستەیە (وەیان لە





هەندێك حاڵەتدا زنجیرەیەك وەیان کۆمەڵە ڕستەیەك پێکدەهێنن) کە پەیوەستن بە ڕێچکەیەکی تایبەتەوە و ئەمانەش بە وردی بڵێن پەیوەستن بە بابەتی ڕستە درکاوەکە وەیان کۆمەڵە ڕستەکەی ناوی. زۆرێك لە زمانەوانیان ئەم پەرتەوازەییەیان قبوڵە ، بەڵام لێرەدا گرفتێك هەیە سەبارەت بەم پێناسەیە کە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لە هەندێك حاڵەتدا ، مانای ڕستەکە هەموو ڕووگەکانی مانای درکاوەکە هەڵدەگرێت ، ئەویش لە کاتێکدا کە قسەکەر مەبەستی ئەو مانایە بێت بە تەواوەتی کە دەیڵێ و دەیدرکێنێت ، بەبێ هیچ زیاد و کەمییەك ، جا لەم حاڵەتەدا ناوەرۆك یان مانا پێویستە پێکەوە حەواڵەی هەردوو زانستیواتاسازی و پراگماتیك بکرێت.

3.**<u>لە پێناسەکانی تری پراگماتیك</u>:** ئەو پێناسەیەیە کە پەیوەندیەکانی نێوان مانا و بابەتەکە دەکاتە بنچینەیەك بۆ خۆی ، دەرەنجامی ئەم پێناسەیەش ئەوەیە کە واتاسازی تایبەتە بە مانای دەرەوەی ڕێچکەکان ، وەیان تایبەتە بە مانایەك غەیری ئەو مانا پش بەستووە بە ڕێچکەکە ، کەچی پراگماتیك تایبەتە بە مانای ناو ڕێچکەکە؟ بەگوێرەی ئەم پێناسەیەش بێت پراگماتیك توێژینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ڕێچکە زمانەوانییەکەیە ، کە ئەویش لە خودی خۆیدا پەیوەندیە بنچینەییەکانی تێگەیشتنی زمانە ، جا گوزارشتی تێگەیشتنی زمان لێرەدا بەو مانایەی کە توێژەرانی بواری پیشەسازی بە مەبەست بەکاریان هێناوە ، ئەویش بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زمانزانان بۆ ئەو ڕاستەقینەیەی کە تێگەیشتنی درکاوەیەك ڕێژەیەکی زیاتر هەڵدەگرێت لە زانینی مانای وشەکان و ئەو پەیوەندییە ڕێزمانیانەی کە لە نێوانیاندا هەیە ، چونکە لە دووتوێی تێگەیشتنی درکاوەکەدا ئەو هەڵهێنجراوانەش بەدی دەکرێت ، کە دەقە گریمانەکان بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕانە لە نێوان وتەبێژەکاندا وەیان ئەو درکاوانەی کە بێژراون بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

4. جا لە نێوان ئەو پێناسانەی دی پراگماتیك ئەوەیە پراگماتیك توانای بەکارهێنەرانەی زمانێکە لەسەر پەیوەست کردنی ڕستەکان بەو ڕێچکانەی کە تەبا و شایستە و گونجاون لەناو بازنەکانیدا. بە مانایەکی دی تیۆری پراگماتیك وەکو پڕەنسیپ و دەسپێك پێویستە سەبارەت بە هەموو ڕستەیەکی دروست و

تەوای هەر زمانێکە لە ڕووی دامەزران و پێکهاتەوە کرۆکە داهاتووەکەی بخاتە ڕوو.

5. بەڵام ئەو گرفتانەی کە لەم پێناسەیەدا سەرهەڵدەدەن: ئەوەیە کە ئەو قسەکەرانەی کە بە زمانێك قسە دەکەن ، پابەند نابن بە پێوەرە کارپێکراوەکان ، چونکە لەوانەیە جاری وا هەیە تورەیی و هەڵچوون بیانگرێتەوە ، و ئەو شتانەی کە دەیڵێن لەگەڵ ڕێچکەکان و هەڵوێستە دیاریکراوەکاندا تەباو گونجاو نەبن.

## نموونەی زانینی ئاڵوگۆڕکراو

جـا بـۆ ڕوونکردنـەوەی زانـینی ئـالوگۆڕکراو ، لێـرەدا ئـەم چـیرۆکە دێنینـەوە: (ئایە) ویستی لە یادی لە دایکبوونیدا دیارییەك (ئیسلام) بداتە ، ئـەوەبوو ڕۆیـشت و جزدانەکەی هێنا و هەندێك جولاَندی ، کەچی هیچ دەنگێکی لێوە دەرنەچوو ، بۆیـە گەیشتە ئەو قەناعەتـەی کـە خـۆی بـۆ (ئیـسلام) دیارییـەك دروسـت بکـات. جـا بـۆ ئەوەی کە خوێنـەر یـا گـوێگر ئـەم چـیرۆکەی پێـشوو تێبگـات ، پێویـستە لـە دەرك کردن بەم ڕاستەقینەیە بەشدار بێت:

1. بەشێوەیەکی گشتی دیارییەکان بە پارە دەکڕدرێن.
2. جزدان بەگشتی بۆ پارە هەڵگرتن بەکاردێت.
3. جزدان بەگشتی لە ماددەیەك دروست دەکرێت ، وەکوپلاستیك.
4. بەگشتی ئەو پارانەی کە لەناو دەفرێکی دروستکراو لە ماددەیەك هەڵدەگیرێن ، لە کاتی ڕاچەنینیاندا دەنگ دەردەکەن.

ئەم نموونەیەی پێشوو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چۆن ئەو زانینە گریمانەیەی نێوان قسەکەر و گوێگر و نووسەر و خوێنەر ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە تێگەیشتنی ئەو شتانەی کە دەیخوێنین و دەیبیستین. جا بۆ زیاتر تشیك خستنە سەر ڕۆڵی ڕێچکە لە بواری پراگماتیکدا ، دەتوانین بڵێین کە پراگماتیك توێژینەوەی ئەو ڕۆڵەیە کە ڕێچکە دەیبینێ لە بواری ئەو مانایەی کە قسەکەر لە گوزارشتە درکاوەکەدا





مەبەستیەتی. جا مەخسەدیش لە ڕێچکە هەموو ئەو شتانەیە کە لە زانستی واتاسازی دەستمان دەکەوێت و بە پەیوەندیەکانی نێوان ماناکانەوە پەیوەستە ، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە پراگماتیك پەیوەندی بەهەر لایەنێك لە لایەنەکانی ئەو مانایانەوە هەیە کە لە چوارچێوەی واتاسازی بەدی ناکرێت.

## پراگماتیك: نموونەیەکی پراکتیکی

لەوانەیە گفتوگۆی ڕووت سەبارەت بە تیۆری پراگماتیك خوێنەر بێ نیاز نەکات لە بەدواداچوونی زانیاری زیاتر سەبارەت بە سروشتی دیاردە پراگماتیکییەکان ، لێرەشدا نموونەیەك دەهێنینەوە(9) کە لەوانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستەقینە هەمەجۆرەکان پاڵپشت و یاریدەدەر بێت ، ئەو ڕاستەقینانەی کە گرنگی بە تیۆرەکانی پراگماتیك دەدەن ، لێرەدا با گفتوگۆیەکی سادەی نێوان دوو کەس بێنینەوە کە لە سێ ڕستە پێکدێت و پرسیاریش لە خۆمان بکەین سەبارەت بەو زانیاریانەی کە ئەم گفتوگۆیە پێمان دەبەخشێت ، بە ڕێژەیەکی زیاتر لەو کرۆکە واتاسازیەی کە ڕستەکانی ئەم گفتوگۆیە پێمانی دەبەخشێت جا گەر بابەتەکە زیاتر دەستنیشان بکەین دەتوانین پرسیار دەربارەی لایەنە کرۆکییەکان و سروشتیەکانی ئەم ڕستانە بکەین ، سەبارەت بەو ڕێچکانەی کە ئەم ڕستانەی تیا بەکاردەهێنرێت ، ئەمەش گفتوگۆیەکە کە بەم دوو پیتە ئاماژەی بۆ دەکەین (أ) ، (ب) :

أ. بەڵام ئایا دەتوانی جارێکی دی و هەر ئێستا بێی بۆ ئێرە؟

ب. بەڵام بەگم ئەمڕۆ دەبێ بچم بۆ قاهیرە .

أ. باشە ڕات چییە کە ڕۆژی سێ شەم بتبینم؟

بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیە تێبگەین پێویستە ڕێژەیەکی زۆر لە هەڵێنجان و دەرەنجامی ورد ئەنجام بدەین سەبارەت بە سروشتی ئەو ڕێچکەیەی کە گفتوگۆکەی تیا سازدرا ، بۆ نموونە ئێمە ئەم ڕاستەقینانەی خوارەوە هەڵدەگۆزین:

1. ئەم ڕستانە کۆتایی و بەرایی گفتوگۆکە پێك ناهێنن.

2. (أ) پرسیار ئاڕاستەی (ب) ناكات ، بەڵكو داوای هاتنی لێدەكات جا لە كاتی ئاخافتنەكان وەیان لە كاتێكی تردا ، (ب) دەڵێ ناتوانم (وەیان پێی باشترە كەوا ناكات) و (أ)یش دووبارە داوای لێدەكات كە بێتە لای ، بەڵام لە كاتێكی تردا.

3. (أ) لە (ب) داوا دەكات كە ئێستا ئامادەبێ ، لەو باوەڕەشدایە كە (ب) دەتوانێ ئامادەبێ ، هەروەها لەو باوەڕەدایە كە (ب) لەوێدا نییە و بە تەمای ئامادەبوون نەبووە ، لە خۆیەوە (أ) لەو گومانەدایە ، كە وەڵامی داواكاریەكەیان بە قبوڵ وەیان بە ڕەتكردنەوە دەبێ ، جا گەر قبوڵ بكات ئەوا (أ) گومانی ئامادەبوون لە (ب) دەكات ، جگە لەوەی كە لەو باوەڕەدایە كە داواكارییەكەی هاندانێكە بۆ (ب) بۆئەوەی ئامادەبێت ، هەروەها (أ) لە پێگەیەكدا نییە ، كە فەرمان بۆ (ب) دەربكات ، بەوەی كە بێتە لای ، وەیان خۆی وا دەربخات كە لەو پێگە بەهێزەدا نییە كە بەو جۆرە ئاكار بنووێنێت.

4. (أ) گریمانە دەكات لە (ب) ، دەزانێ (أ) لە كوێدایە وە (أ) و (ب) لە هەمان شوێندا نین ، هەردووكیشیان لە شاری (قاهیرە)دا نین و ، (أ) لەو باوەڕەدایە كە (ب) پێش ئەو وەختە سەردانی ئەو شوێنەی كردووە ، كە (أ)ی تێدایە.

5. ئەو ڕۆژەی كە ئەم گفتوگۆیەی تیادا ڕوودەدات ڕۆژی سێ شەم یان چوار شەمی هەمان ئەو هەفتە نییە ، (وەیان بەلای كەمییەوە (أ) لەو گومانەدایە).

6. (أ) نێرنییە (وەیان (ب) لەو باوەڕەدا كە ئەو نێرینەیە) ، (ب) دان بەوە دادەنێت كە (أ) پێگەیەكی كۆمەڵایەتی لەو بەرزتری هەیە ، واتە لە (ب) {وەیان ڕۆڵی كەسێكی گەورەتر و بەرزتر لە خۆی دەبینێت}.

لە چوارچێوەی هەڵگۆزینەكانی تردا دەتوانین بڵێین كە ئەو شرۆڤە سروشتییەی كە كەسێك پێی هەڵدەستێ كە تێبینی ئەم گفتوگۆیە دەكات و شیكردنەوەی بۆ ئەنجام دەدات ، ئەوەیە كە (أ) ، (ب) هەردووكیان ڕووبەڕوو نین و لە تەلەفۆن قسە دەكەن.

جا لەو مەسەلانەی كە نوكتە ئامێزن سەبارەت بە تێگەیشتنی ئێمە لەو گفتوگۆیە ئەوەیە كە ئەگەر (أ) لە سەرەتاوە دەیزانی (ب) كە ناتوانێ بێتە لای ، جا لەبەر هەر





هۆیەك بێت ، ئەوا هەڵوێستەكەی و بۆچوونەكەی لەم حاڵەتەدا تۆزێك فێڵاوییە ، بەڵام گەر (أ) دەیزانی كە (ب) دەزانێ كە خۆی ناتوانێ ئامادەبێ ، ئەو كاتە ناتوانرێت شرۆڤەی قسەكەی بكرێت ، بەو ئیعتیبارەی كە داواكەی داواكردنێكی ڕەهایە. بەڵكو ئەم قسەیەی دەچێتە بواری نوكتە و گاڵتە جاڕییەوە گەر ئەو كەسە لەناو هۆدەیەكی كلیلدار بێت و كلیلەكەش بزر بووبێت ، وەیان گەر كەسەكە بێ دەسەڵات بێ و لە جوڵە كەوتبێ ، وەیان بەشێوەیەك سەرخۆش بێت نەتوانێت تەنانەت بە پێوەش ڕابوەستێت ، لەم حاڵەتانەدا ئەو جۆرە داواكردنە لە حوكمی گاڵتە جاڕیدایە.

ئەوەی كە ڕوونە سەرجەم هەڵگۆزینەكانی پێشوو ناچنە چوارچێوەی كرۆك سیستەمی بەڵگە خوازییەكەی هەر سێ ڕستەكەوە ، بەڵام ئەو ڕستانە ڕەنگدانەوەی تواناكانی ئێمەن لەسەر ئەوەی كە لە واقیعی ئەو ڕستە یەك لە دوای یەكانە ئەو گریمانە ڕێچكەییانەی كە ڕستەكان ئاماژەی پێدەكەن هەژمار بكەین . واتە ئەو ڕاستەقینە تایبەتانەی پەیوەندییە شوێنكاتی و كۆمەڵایەتییەكانی نێوان قسەكەران و پەیوەندییەكانی نێوان باوەڕ و مەبەستەكانیان لەوساتە وەختەی كە هەڵدەستن بە سازدانی گفتوگۆیەكی دیاریكراو.

## پراگماتیكی پراكتیكی

## پراگماتیك و پەیوەندی بە بوارەكانی ترەوە

پراگماتیك ئەگەری پراكتیزەكردنی لە زۆر بواردا هەیە ، كە لە توێیدا تێگەیشتنی دركاوەكانی هەڵگرتووە ، ئەم بوارانەش چەند بوارێك دەگرنە خۆیان كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ گرنگی نادات بە گرفتە كردەییەكان.

وەكو توێژینەوەی لایەنەكانی ڕەوانبێژی ئەدەب ، بەڵام ئەم بوارانە چەند بوارێكی دی دەگرنە خۆ كە بە شێوەیەكی بنچینەیی گرنگی بە گرفتەكانی گەیاندن دەدات ، ئەویش ئەو بوارانەیە كە لەوانەیە شێوازەكانی پراكتیزە كردنی پراگماتیك تیایدا

خاوەن گرنگییەکی کردەیی ڕاستەوخۆ بێت . لێرەدا چوار بوار هەیە بەتایبەتی کە لەم بوارەدا جێی تێڕامانە ، ئەو بوارانەش :

1. زمانناسی پراکتیکی (واتە تیۆری تایبەت بە فێربوونی زمانە بیانییەکان وەیان فێربوونی زمانی دووەم و مومارەسەکانی تایبەت بەخۆی) ، شایانی باسە کە ئەو پێناسەی زمانەوانی پراکتیکی لێرە بە مانا بەر تەسکەکەی بەکارهاتووە و دەتوانین پێناسەیەکی بەربڵاوی زمانەوانی پراکتیکی (Applied Linguistics) بخەینەڕوو بەو پێیەی لقێکی زمانەوانییە کە لە بەرانبەرکێی زمانەوانی و شیکردنەوەی هەڵان و فێرکردنی زمانان و زمانەوانیی دەرونیی و کۆمەڵایەتیی و زمانەوانیی خۆکار (الی) و دروستکردنی فەرهەنگ و وەرگێڕان دەکۆڵێتەوە.
2. کاریگەربوونی مرۆڤ و ئامێر لەسەر یەکتری.
3. توێژینەوەی سەرە پەیوەندی کاریگەربوونی ڕووبەڕوو.
4. توێژینەوەی ئەو پەیوەست بوونەی کە دادەمەزرێت ، لە کاتێکدا کە خودی ئەو پەیوەست بوونە لە حاڵەتی ڕوبەڕوبوونەوەدا نییە و لەهەر چوار ئەو بوارانەدا ، پڕاکتیزەکردنی پراگماتیك پەیمان بە سنووردار کردنی گرفتەکانی پەیوەست بوون دەدات ئێستاش باسی هەریەك لەو جێبەجێ کردنانەی پراگماتیك دەکەین.

**1.زمانەوانی پراکتیکی:** جێبەجێکردنی پراگماتیك هەڵدەستێ لەسەر گرفتەکانی فێربوونی زمانی بێگانی یا زمانی دووەم بەو گریمانەیەی کە دەرەنجامی ئەوەیە ، کە هەرچەندە لەوانەیە بەرەو بە جیهانی بوونی کردەکانی وەك لە تێهەڵکێش (Implicaturel) مەبەست لە تێهەڵکێش (Implicature) ئەوەیە کە قسە زیاتر لە خۆی مانا بگرێتە خۆی ، واتە: زیاتر لە دەربڕینی وشەکانی ، ئەوەش لە ڕێگای مانای باوی دەربڕینە قسە پێکراوەکانی زمان ، وەکو ئەوەی کەسێك لە کەسێکی دیکە بپرسێ: دەتوانی پێم بڵێی ئێستا سەعات چەندە؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ : ئەوە ماست فرۆشەکە هات! مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە ئەو کەسە بە تەواوی نازانێ سەعات چەندە ، بەڵام دەتوانێ چەند زانیارییەك بداتە ئەو کەسەی قسانی لەگەڵ دەکات ، کە ئەنجامگیری زانینی کاتیان لێ بکات.





کەچی لەوانەیە چەند جیاکارییەکی ماندار نەك تەنها لە بونیادی زمانەکان بەڵکو لە شێوازی بەکارهێنانەکانیشدا بەدی بکرێت[10] ، تەنانەت لەو حاڵەتانەی کە ئەدگارە جیهانییە هاوبەشەکانی ناو بەکارهێنانەکانیش لەناوی دا دەبێ ، وەك ئەوەی کە بارەکە سەبارەت بە گوزارشتە پوختەکان دەردەکەوێ[11].

لەوکاتەدا بوارێکی فراوانی لێك نەگەیشتن لە نێوان کەسانێك سەرهەڵدەدات کە ئینتیمایان بۆ چەند کلتوورێکی جودا هەیە ، بۆ نموونە: قسەکەرانی زمانی ئەڵمانی لەوە دەچێ ڕاستەوخۆ ترین لە قسەکەرەکانی زمانی ئینگلیزی ، بۆ نموونە کاتێك کە مەسەلەکە پەیوەست دەبێ بە داواکارییەکان وەیان گوزارشت کردن لە سکاڵاکان[12]، لێرەوە بوارێکی توێژینەوەی سیستەم ئامێزی پراگماتیکی هەمبەر یەك فەراهەم دەبێ ، توێژینەوەیەکی ئەوتۆ کە ئەو بوارانەی کە ئەگەر دەستەبەربوونیان هەیە بۆ لێك تێنەگەیشتنێك کە لە گریمانەی فێرخوازی زمانێکی بیانییەوە پەیدا دەبێ ، ئەو پێکهاتە دەستنیشانکراوانەی زمان کە فێری دەبێت هەمان ئەو لە تێهەڵکێش (Implicatures) و گریمانە پێشینە (Presuppositions) و بەکارهێنانەی گفتوگۆ وەکو هەندێك پێکهاتە وێکچوەکانی بەخۆی لە زمانە زگماکەکەدا و چەندەها توێژینەوەش هەنووکە سەبارەت بەم بابەتگەلە لە ئارادا هەیە.

**2. کارتێکردنی مرۆڤ و ئامێر لەسەر یەکتر:** لە بواری کارتێکردنی نێوان مرۆڤ و ئامێر (واتە توێژینەوەی ئەو سەختیانەی کە مرۆڤ پێیدا گوزەر دەکات ، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ژمێریارە ئەلکترۆنییەکاندا) ، پراگماتیك دیسانەوە لایەنی پراکتیکی ڕاستەوخۆی هەیە و گرفتەکانیش لەم حاڵەتەدا لە نیازمەندییەوە پەیدا دەبن بۆ زۆرتر و زیاتری ڕێژەی کارگەرانی لێهاتوو و کارامە لە بواری ئامێرە ئەلکترۆنییەکان ، تاکو بتوانن بە سەرکەوتوویی بەکاری بهێنن ، جا گەر بەرنامەڕێژانی ئەم ئامێرە ئەلکترۆنیانە زمانێکی هاوبەش لەنێوان ئامێر و مرۆڤ وا لێ بکەن ، کە بەگوێرەی بنەما وێکچووەکانی زمانە سروشتییەکان و ڕێساکانی بەکارهێنانی کار بکات ، ئەوە چەرخی ژمێریاری ئەلکترۆنی پێویستی بە چاوەڕوانی دووبارەکردنەوەی فێربوونی هێزە کاریگەرەکان نابێت ، ئەمەش مەسەلەیەکە تا

ڕادەیەك لە گەورەیی و زلکردنەوەدا ڕۆچووە ، بەڵام دوورەپەرێزی ئەم چاوەڕوانییەی شیکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان ، ئەمەش ئەو بوارەیە کە پراگماتیك گفتی پێشکەشکردنی هەندێك کۆمەکی تیادا دەدات.

3. **پەیوەندی ڕووبەڕوو:** هەرچەندە لێرەدا بەشداری جۆراوجۆر هەیە کە پراگماتیك بۆی هەیە بۆ چارەسەری کێشەی پەیوەندیەکانی نێوان خەڵکی پێشکەشی بکات. بەتایبەتی ئەوانەی بەهەمان زمان قسە دەکەن ، بۆ نموونە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەندێك حاڵەتی لێك نەگەیشتن لە نێوان ئەو کۆمەڵانەی خاوەن ئینتیما ڕەگەزییە جۆراوجۆرەکان ڕوودەدات ، ئەوەش وەکو دەرەنجامێك بۆ شیکردنەوە پراگماتیکییە جۆراوجۆرەکانی ئەو درکاوانەی کە کرۆکە پێشینەیەکانی چەمکێکی تەواو دەبەخشن ، چونکە ئاڕاستە کردنی پرسیار وەیان لێ پرسین وەیان پلار .......هتد. لەوانەیە شرۆڤە کردنی بەشێوەیەکی ڕاست ئەنجام نەدرێت ، لەو بوارانەی تریش کە شیکردنەوە پراگماتییەکان بۆیان هەیە تیایاندا گرنگ بن ، ئەویش نەخشە کێشان (وەیان بەزۆری دوبارە کردنەوەی نەخشە دانان) چۆنێتی مومارەسە کردنی دەزگاکان بۆ کاروبارەکانی خۆیان ، بۆ نموونە : چۆن دەتوانین دادگایی کردنەکانی سکاڵا بچووکەکانی (Small claims courts) وەکو بەو شێوازەی کە لە ئەمەریکا و هەندێك وڵاتانی ئەوروپادا هەیە؟ ئایا پێویست دەکات لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی گفتوگۆ بەڕێوە ببرێت ، زیاتر لەو ڕێژەیەی کە لە دادگاکانی تردا ڕوودەدات؟ وەیان ئایا ئەو ئیجرائاتە تەقلیدیانە لە ڕاستیدا زیاتر لکاون بە گەڕان بە دوای ڕاستیدا؟ هەروەکو بەشێوەیەکی بەردەوام پرسیارگەلێکی وێکچوو سەرهەڵدەدا لەنێوان ئەو کەسانەی کە گرنگی بە ئەنجامدانی چاکسازی لە بواری ئەو مومارەسانە دەدەن ، کە لە ژوورەکانی توێژینەوەدا ڕودەدات. لێرەدا کۆمەڵەیەکی تاڕادەیەك جودا لە گرنگی پێدانەکان دادەمەزرێت ، ئەویش لەبەر ئەگەری بوونی هەندێك لە حاڵەتە زمانەوانییە ناتەندروستەکان ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی سروشتێکی پراگماتیکیان هەیە ، بۆ نموونە لەوانەیە هەندێك سەختی لە ئارادا هەبێت لە کاتی چاکبوونەوەی ئەو





نەخۆشانەی کە تووشی نەخۆشی مێشك دەبن . کە ئەمەش سروشتێکی پراگماتیکی هەیە ، جا ئەگەر حاڵەتەکە ڕوون بووەوە کە بەم شێوەیەیە ، ئەوا یارمەتی دانی ئەو نەخۆشانە لە ڕوی کردەییەوە پشت بە شیتەڵکاری پراگماتیکی پێش وەختی بەکارهێنانی ئاسایی زمان دەبەستێت.

4. **پەیوەندیکردن لە دوورەوە:** لە کۆتایدا دەڵێین کە چەندەها گرفتی پەیوەندی زانراو لە ئارادا هەیە ، کە لە تێکەڵبوونی خەڵکی لەگەڵ یەکدی سەرهەڵدەدات ، کە لە ڕووی شوێن و کاتەوە لە یەك دوورن ، ئەویش لە ڕێگای نامە تۆمار کراو و نوسراوەکانەوە ، گرفتەکەش لەوەدایە کە زمانە سروشتیەکان (گەر ئەم وتەیە ڕاست بێت) لەسەر گریمانەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو بونیادنراون ، لەبەر ئەوە وشە ئاماژەییەکان (deicticterms / works) ((مەبەست لە وشەکانی ئاماژە ، ئەو وشانەن لەنێو کۆمەڵێکی پێکەوە گونجاوی چەند کەسێك یان چەند شوێنێکدا ، ئاماژە بۆ کەسێك یان شوێنێکی تایبەتی دەکات ، یان دیاری دەکات ، وەکو: (ئەمە) this ، (ەکە) the ، (تۆ) you ، (ئێرە) there ، جا لەوانەیە ئەو وشە ئاوەڵناو ، ئامراز ، ڕاناو یان ئاوەڵکردار بێت. لەوانەیە دووچاری هەڵەی شرۆڤە کردن ببن ، ئەویش لە حاڵەتێکدا کە ئەم مەرجە تایبەتەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو لە ئارادا نەبێت ، لەوانەشە ئەم ئیعتیبارە شیکردنەوانەیە لە بواری نەخشە دانانی ڕێنماییە گرنگەکان زۆر بە سوود بێت ، (وەکو ڕێنماییەکانی ڕێگا وەیا ڕێنماییەکانی کارمەندی هونەریی فرۆکەکان ، .....هتد.)وە یان لەنامە ڕوونکەرەوەکان و بەکارهێنانەکانی دی کردەی زمانی نووسراو ، هەروەها بۆ نەخشەی بەرنامە تایبەتەکانی فێرکردنی ئەو کەسانەی کە دووچاری سەختی فێربوونی کارامەیی لەمەڕ خوێندن و نووسین بوونە سوودی هەیە.

نموونەیەکی تریشی ئەو گرفتانەی کە جێی گرنگی دانە ، لەحاڵەتێکدا سەرهەڵدەدات کە ڕۆڵی لە گفتوگۆدا بەشێوازێکی ساغ و دروست ، بێت هەروەکو لە حاڵەتەکانی قسەکردن بەلاسلکی ، وەیان(تلکس) وەیان ناردنی نامە لە ڕێگای کۆتاییەکانی کۆمپیوتەرەوە ، کە لەسوودی پراگماتیکدا بەرجەستە دەبێت لەئەگەری

نەخشەسازی ئەلتەرناتیڤی موماره‌سه ئاساییەکان ، لەم دوابەدواییەشدا تەنها ئەگەری پێشکەشکردنی ئامۆژگاری وەیان چارەسەری کە لەسەر بنەمای توێژینەوەی تێروتەسەلی ئەم مەسەلە ئاساییانە دەوەستێت ، بە شێوەیەکی ڕێژەیی و گرنگ کە ئەوانەش ئامۆژگاریەکی لەسەر بونیادی توێژینەوەی دوور و درێژی بەکارهێنانی زمانە سروشتیەکان هەستاون . ئیتر هیواخوازین کە توانیبێتمان لەم کورتە لێکۆڵینەوەدا هەندێك لە مەبەستەکانی پراگماتیك بخەینە ڕوو ، هەروەها ئەوەش بدرکێنین کە شرۆڤەی ئەو گرنگیدانە بکەین کە پراگماتیك لەم چەند ساڵەی پێشوو بەخۆیەوە بینیویەو تاکو ئێستاش ئەو گرنگی دانە هەر بەردەوامە ، هەروەها هیوادارین ئەو نموونەیەی کە پێشکەشمان کرد لەبواری نزیك کردنەوەی چەمکی پراگماتیك و مەسەلەکانیدا یاریدەدەر بێت ، لەکۆتاییشدا لەوانەیە ئاماژە کردن بۆ ئەو پەیوەندیەی نێوان پراگماتیك و بوارەکانی دی یارمەتیەکی باش بێت بۆ تیشك خستنە سەر گرنگی پراگماتیك لە ڕووی کردەییەوە .

<u>تێبینی</u>

**ئەم بابەتە لەم کتێبە وەرگیراوە :**

**د. أحمد شفيق الخطيب ، قراءات في علم اللغة ، طبعة الاولى ، دار النشر الجامعات ، مصر ، 2006 ، ص 125 – 137.**





## پەراوێزەکان


**In ، Foundstions of the Theory of signs’’ ،1. Charles W.morris**
**K.Carnap and C.morris (Eds.)International ،O.Neurath**
**Encyclopedia of unified science Chicago:University of Chicago**
**pp.77-138.، 1938،prees**
**pp.139-،Ibid، “foundations of logic and mathematics”،2. R.carnap**
**214.**
**Cambridge: Cambridge ،3. Stephen C.Levinson . pragamtics**
**pp.57.، 1983،university press**
**p.108.، op. cit،4. Morris**
**op.cit p.7.،5. Levinson**
**، “The structure of a semantic Theory” ،Katz and J.A.fodor،6. J.J**
**pp.170-210.، 39(1963)،Language**
**7. Levinson .op. cit. p p.27.**
**15.، op. cit. pp.12،8. Levinson**
**لە کتێبی لیفنسۆن وەرگیراوە، ل 18-24.**
**9. لیفنسۆن ، ل47.**

**models of the Interaction of Language and ،10. Dell Hymes**
**SocialLife. In .J.J.Gumperz and D.H.Hymes Directions in Socio**
**Rinehart and Winston 1972. pp.35-71.، Newyork: Holt،linguistics**

**11. P.Brown and S.Levinson “universals in Language politeness phenomena “. In E.Goody(ed.)Questions and Politeness in social Interaction Cambridge: Cambridge university Press. 1978-311.**
**”polite murkers in English and ،12. J.House and G.Casper**
**in F.Coulmas(ed.) conversational Routine: ،German “**
**Explorations in Standardized communication situations and**
**pp.157-185. See ، The Hague: mouton 1981،prepatterned speech**
**also J.wlters(ed). The sociolinguistics of Deference and politeness.**
**،Special lssue of international Journal of the sociology of Language**
**1981.، the Hague: Mouton،27**

# بەشی سێیەم

# فێربوونی زمانی دووەم

# تەمەنی شیاو بۆ فێربوونی زمانی دووەم

## پێشەکی :

ئاسان نییە پەنا بەرینە بەر ئەزموونێك وەیان قوتابخانەیەك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە ، ئایا چ تەمەنێك شیاو و لەبارە بۆ فێربوونی زمانێکی دی جگە لە زمانی زگماك.

مەسەلەی زمان لە وردترین مەسەلە مرۆڤایەتییەکانە ، چونکە بە توندی پەیوەستە بە بیروباوەڕی کۆمەڵگا و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ، بە هەمان شێوە زمان لە دوتوێی ئەو مەسەلانەدایە کە واقیعی مرۆڤایەتی دەیسەپێنێ ، جگە لەوەی زمان لەو دۆزانەیە کە دووبەرەکییەکی زۆری لە نێوان زانایانی زمان (زماناسان) و پسپۆڕانی دەروونزانی (دەروونناسی) لە مەڕ ڕێچکەکانی پەیداکردن و فێربوونی ناوەتەوە.

بێ یەك و دوو نیازمەندی مرۆڤ بۆ بەڵەدبوون و شارەزابوونی تەواو بە زمانی زگماکی خۆی ، نیازمەندییەکی بنەڕەتییە کە جاری واهەیە کاریگەرییەکەی دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە دەبێتە ئاماژەیەکی بنەڕەتی بۆ مرۆیی بوونی ئەم کائینە زیندووە.

جا فەرامۆش کردنی زمانی زگماك ، بزرکردنی ئەم کائینە مرۆییەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ، چونکە زمانی یەکەم کۆڵەگەیەکە کە هیچ شتێك لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ و تێفکرین و لایەنگیری و سۆزدا نایگاتێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لە بەر چەند بارودۆخێکی جۆراوجۆری جیهانی نیازمەندی ئێمە بۆ فێربوونی زمانی دووەم سەرهەڵدەدات ، لەبەر ئەوەی هەندێك زمان هەیە کارامەییە و زانستییەکانی سنوردارن ، ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە لاواز و پەراوێز خراوەی کە نەتەوەکەی لە بونیادی شورای زانستی جیهانیدا دەیگێڕێ ، هەندێك زمانی دیش هەن کە دەرەنجامی شاڵاوی سەربازی یان ئابووری دووچاری ستەمی سیاسی بوونە ، ئەمە جگە لەوەی نیازمەندی بەفێربوونی زمانی دووەم لەو جیاوازیە ئاشکرایەوە





سەرهەڵدەدات کە لەنێوان ژمارەی ئەو ڕژێمە سیاسیانەی کە کۆنترۆڵی گۆی زەوییان کردووە لە ئارادایە و لەنێوان ژمارەی ئەو زمانە مرۆییانەی کە خەڵکی شارەزاییان لێ هەیە وەکو زمانی یەکەمی زگماك ، چونکە ڕێژەی ڕژێمە سیاسییەکان لە جیهاندا (140) ڕژێم تێپەڕ ناکەن ،کەچی ژمارەی زمانەکان (تەنها زمانەکان نەك شێوازەکان) لە سێ هەزار زمان زیاترن.

جا ئەو کێشەگەلەی کە مەسەلەی زمانی دووەم ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە ، کە زمان سیستەمێکی بێ لایەن نییە وەیان ئامرازێك نییە کە لە کات و ساتێکی دیاری کراو و نەوەیەکی دیاریکراودا سوودی لێ وەربگیرێت و ئیتر پێویستیمان بەو زمانە نەمێنێت ، بەڵکو زمان کلتوور و ڕەونەق و قەشەنگی خۆی هەیە ، ئەم خاڵانەش سەرتاپا بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی کەسایەتی خوێندەواری تازە هاتوو بۆ ناو سیستەمی زمانەکەوە ، هەرچەندە کاریگەری زمانی دووەم ناشاردرێتەوە ، جا ئینگلیزی بێت یا فەرەنسی لە پێکهێنانی بەشی سەرەکی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێگەی کۆلۆنیالی ئەو دوو زمانە بوون. ئەوەی زانراویشە لە دەرەنجامی ژمارەیەکی زۆری ئەزموونە مرۆڤایەتیەکان دەردەکەوێ ، کە جاری واهەبووە زمانی هاوردە لەگەڵ زمانی ڕۆژ و زگماکی کۆمەڵگادا کێبەڕکێی کردووە و جاری واش هەبووە چۆکی بە زمانە زگماکەکە داداوە و بگرە جێشی گرتۆتەوە و ، لە پاش خۆشی چەند دیاردە و ئاسەوارێکی کۆمەڵایەتی بەجێهێشتووە ، وەکو نامۆبوون کە ئەمریکییە ڕۆژەکان (هیندییە سوورەکان — سوورپێستەکان) و ئوستڕالییە ڕۆژەکان بە دەستییەوە دەناڵێنن ، لەوانەشە ئەم مەسەلەیە بەهێمنی و بە قۆناغ گەلێك تێپەڕێت کە شارەزایانی بواری زانستەکانی زمانە کۆمەڵایەتییەکان دەیزانن وەکو دیاردەی زمانی هاوبەش (Lingua Franca) و زمانی دوو ڕەگ (اللغه الحجين) (Pidgin) و زمانی بەدیهێنراو و نوێباو (اللغه المولده) (Creole)[1] . ڕوویەکی دی مەسەلەی زمانی دووەم ئەوەیە کە ئەو زمانە هەمیشە لە کێبڕکێ دایە و یەکێك لەو زمانە دووەمانە دەرەنجام خۆی بەسەر ئەوانی دیدا دەسەپێنێت ، ئەویش بەپێی یاسای پەراوێزخراوی پەروەردە و قۆناغەکانی گەشەسەندنی (منداڵ) ، بەڵکو زۆر جارانیش

بە زۆرەملێ دەسەپێنرێت و ئەنجام دەدرێت ، وەکو ئاکامی تەرزێك لە تەرزەکانی ئەزموون و سەرکەوتن جا چ سەربازی بێت یا کۆمەڵایەتی یان ئابووری . مێژووی ئەم چەرخەش بەوەوە جیاکارە ، کە چەرخی پلان دانان و نەخشەکێشانە بۆ گەمارۆدان و تواندنەوەی بەرانبەر چ بە تۆقاندن و چ بە ئارەزوو خستنە پێش بێت. چونکە هیچ سەدەیەك وەك ئەم سەدەیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بەم ئاستە بۆ فەراهەم نەبووە ، کە بەم شێوازە جۆراوجۆر و خێرایە بۆ دەستەبەر بووبێت.

هەموو ئەمانەش بە تەرحە شێوازێك لە دروستکردنی فۆڕمەلەکردنی کەسایەتی مرۆڤی هاوچەرخدا بەشدارن .

مامەڵە کردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان زۆر پێویستی بە لێکدانەوە و نەخشەکێشان هەیە ، تاکو لە ئاکامدا پرۆسەکان سوود بەخش بێت ، بەڵام گەر مەسەلەکە هەروا بەبێ نەخشەکێشان بهێڵرێتەوە ، ئیتر دەرەنجامە پاسیڤەکان دەبنە بەرهەمی ئەو دیاردە دزێوە ،ئەو حاڵەتە ناکارایانەش پێکهاتەی (دابڕان و دان پیانەنانە) کە لە چەندەها دیاردە و ڕواڵەتدا نمایان دەبێت ، کە خەتەرناکترینیان خۆدەرخستن و شانازی کردنە بە هەموو شێوازێکی بیانی لە زماندا ، بۆیە مامەڵەکردن بە زمانی بیانی چ بە سەر زارەکی و چ بە نووسین بۆتە ئەدگارێك لە ئەدگارەکانی نوێخوازیی و باڵابوون و لە ئاکار و ڕەفتاردا ، هەروەها لە دیاردەکانی تریش بە گەورە زانینی بیانییە لە بواری بەرهەمە هزریەکاندا ،ئەوانیش لە ڕوانگەی زمخانەوە ئەم دیاردەیەش سەقفی ئاکار دەترازێنێت و دەبێتە تەرزێك و بەشێك لە بەشەکانی بیروباوەڕ ، پاشان حاڵەتەکە بەرەو بە باشتر زانینی زمانی بیانی بەسەر زمانی عەرەبی یان کوردی لە هەموو بەرهەمە هزریەکاندا دەسەپێت[2]، جا لەو مەسەلە بنەڕەتیانەی کە پێویستە لەو چوارچێوانەدا لەنگەر بگرێت کە پەیوەندییەکانی زمانی کوردی وعەرەبی بە زمانە بیانییەکانەوە دیاری دەکات ، سروشتی باری کۆمەڵایەتی و باری دەروونی و ئابووری کۆمەڵگای عەرەبییە ، کۆمەڵگا بە حاڵەتێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و گوماندا سەبارەت بە زانیارییە پێشینەکانی خۆی گوزەر دەکات ، ئەم قۆناغەش دەرەنجامی بارودۆخ و





فاکتەرگەلێکی هەمەجۆر سەری هەڵدا ، کە کۆمەڵگای بەرەو ئەم هەڵدێرە پەلکێش کردووە ، ئەو بارودۆخەی کە مامەڵەی پێدەکرێت لەگەڵ زمانە بیانییەکاندا جیاوازیەکی سەرەکی هەیە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە چەند ئەزموونێکی مێژووی چڕ پێیدا تێپەڕیووە.

چونکە ئەوکاتە کە لە یۆنانییەوە وە یاخود لە هیندییەوە زمان وەردەگیرا ، بە گیانی باڵادەستی و سەرکەوتوویی نەك بە گیانی نووشوستی و ژێردەستی شتەکان وەردەگیران ، کۆمەڵگای عەرەبیو ئەوکاتە پرۆگرامێکی هەڵبژاردەی پەیڕەو دەکرد بە تایبەتی لە بوارەکانی فێربوون و وەرگێڕاندا ، جگە لەوەی کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و بنەما کلتوورییەکەیەوە دامەزراو و چەسپاو بوو ،بەڵام ئێستا هەمان ئەو بونیادەی شل و شاو بووە و تووشی دارمان هاتووە ، بە شێوازێك ئێستا دابڕان و پاشگەزبوونەوە بۆتە جێی فەخر و شانازی لای خەڵکانێکی زۆر ، تەنانەت لەناو چینی خوێندەوارانیشدا ، چونکە پێوەر لەسەر بنەمای هەر ئەزموونێکی پێش وەخت لەوانەیە مەسەلەکان بەرەو ئەو هەڵانە پەلکێش بکات کە لە پێوەری نادروستەوە پەیدا دەبن.

جیاوازی نێوان زمانی زگماك و زمانی دووەم و زمانی بیانی لەو مەسەلانەیە کە بەشداری لە دەستنیشانکردنی بونیادەکانی ئەم بابەتە دەکەن ، زمانی یەکەم (زمانی زگماك) ئەو زمانەیە کە منداڵ لە دایك و باوکیەوە وەری دەگرێت ، وەیان لەو ماڵەدا فێری دەبێت کە سالآنی بەرایی تەمەنی تیادا دەگوزەرێنێت ، ئەوەش زاندراوە کە ئەم زمانە لە چوار ساڵی سەرەتادا گەشە دەکات و تەواو دەبیسێت ، جگە لەوەی کە زمان بە چەند دابونەربیتێك دەژمێردرا کە منداڵ بە شێوازی لاسایی کردنەوەی دایك و باوکی وەری دەگرێت تاکو لە ئاکامدا زمانەکە فێر دەبێت ، ئەم قۆناغانەش هەمە جۆر و فرەن بە گوێرەی فرەیی و هەمەجۆری ئەو زانیاریانەی کەڵەکەبووانەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مەعریفە و بوارە جۆراوجۆرەکانی . ئەمەو توێژینەوەکانی(Jean Peaget) بە گرنگترین ئەو توێژینەوانە لە قەڵەم دەدرێن کە

قۆناغـەکانی گەشەسـەندنی منـداڵ بەگـشتی دەخەنـە ڕوو و پەیوەندییـەکانی منـداڵ بەهەمان ئەو قۆناغانەوە ڕووندەکەنەوە.

جا ئەو قۆناغانەش بۆلای (بیاجیە) بۆ چوار قۆنـاغ پـۆلێن دەکـرێن کـە ئەمانـەن: قۆنـاغی هەسـتی و قۆنـاغی بزاڤـی و قۆنـاغی پـێش چـالاکییە هزرییـەکان و قۆنـاغی چالاکییە هزرییە دیارەکان و قۆناغی چالاکییە هزرییە هێماییەکان ، لەبەرئەوە زمانی منداڵ بە ڕەهەندێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ڕەچاو کردنی ئـەم قۆناغانـە لای خـودی منداڵ[3] ، لە قۆناغی یەکەمدا باس و خواس لەسـەر چـەقی (خـود)دا دەخولێتـەوە و لەسەر شێوازی دووبارە یان گێڕانەوە یـان چـپەی تـاکی یـان کۆییدەردەکـەوێت [4] ، بەڵام گرنگترین ئـەدگارەکانی قۆناغگـەلی گەشەسـەندنی منـداڵ فراوانکردنـی بازنـەی گرنگی منداڵە بە (زمان)، ئەویش بـە ئامـانجی شـیاندن و مامەڵـە کـردن لەگـەڵ ئـەو کۆمەڵگایەی کە لە ناویدا دەژی هەر لە خێزانەوە بگرە تا دەگاتـە هـەموو کۆمـەڵگا ، ئەم گونجاندن و شـیاندنەش لەسـەر شـێوازی هـەواڵ گۆڕینـەوە و پێـشکەش کردنـی تێبینی یان فـەرمان یـان تکـا پاشـان پرسـیار و وەڵامدانـەوەی خـودی پرسـیارەکان دەست پێ دەکات[5] .

ئـەم قۆناغگەلـە و تایبەتمەندییـەکانی وتوێـژێکی زۆری وروژانـدووە کـە هەنـدێك لایەنی ئەو وتوێژە لە نێوان قوتابخانە جۆراوجۆرەکاندا هەر لە ئارادایە کە کۆشـشیان خستبووە گەڕ بۆ هەموار کردنی ئەم قۆناغانە یـان لابردنیـان بـە یـەکجارەکی. بـەڵام ئەو مەسەلەیەی کە کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات ئەوەیە کە زمان لەلای منداڵ پلـە بە پلە و وردە وردە بەپێی گەشەسەندنی سروشتی و ئەو ژینگەیـەی کـە تێیـدا دەژی دەردەکـەوێت و گەشـەیان دەبێـت. بابـەتی فێربـوونی زمـانی یەکـەم پێـوەرێکی بنەڕەتییـە بـۆ جوداکردنـەوەی تیـۆرە جۆراوجۆرەکـانی بـواری زانـستی (زمـانی دەروونناسـی) ، قوتابخانـەی ئاکـاری بەشـێوازێك دەڕوانێتـە زمـان کـە دابێکـی مرۆڤایەتیە ، کە وەکو نەریت (Imitation) و دووبارەکردنـەوە (Repition) و پاڵپـشت کردن و پشت ئەستوور کردن (Rein For ment) پـەیڕەو دەکرێـت[6]. لەوانەشـە ئـەو شـرۆڤەیەی (سـکنر) (Skinner) بـۆ دیـاردەی گەشەسـەندنی زمـان لـەلای مرۆڤـ





پێشکەشی کردووە بە لوتکەی ئـەو کۆشـشە ئاکاریانـە لـە قەڵـەم بـدرێت بـۆ شـرۆڤە کردنی ئەم دیاردەیە.

(سکنر) پێی وایە کە منداڵ جۆرێك لە ئاخافتن بەکاردەهێنێت بۆ پەیوەسـت بـوون لەگەڵ دەوروبەر ، (خەڵك و ژینگـە) کـە بەچـینی پەیوەسـت (Tact) نـاوی بـردووە ، جۆرەکەی دی قسە کردن کە منداڵ بەکاری دەهێنێت ، بۆ کۆنترۆڵ کردنی تاکـەکانی کەۆمەڵگا و قۆستنەوەی ئەو ژینگەیەی کە لە دەوروپـشتی دایـە و نـاوی نـاوە چـینی (ناوبژیوانی) (Mand)[7].

## فێربوونی زمانی زگماك و پێگەیشتنی بایۆلۆجی

بەستنەوەی تواناکانی ئاخافتن و پێگەیشتنی بایۆلۆجی لەگەڵ بـوونی ژینگەیـەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی مەسەلەیەکی تازە نییە ، زۆر نموونەی بەناوبانگێش هـەن بـۆ ئـەو منداڵانـەی کـە بـارودۆخێکی نـا ئاسـایی وای لێکـردوون کـە دوور لـە ژینگـەی مرۆڤایەتی ژیان بەرنە سەر ، کە ژمارەیان گەیشتە (30) حاڵـەت ، جـا هـەموو ئـەو حاڵەتانە لە دیاردەیەکی سەرەکیدا هاوبەش بوون ، بۆیە ئەو کۆششانەی کـە خرانـە گەڕ بۆ فێرکردنی زمانی مرۆڤـ سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا و هیـچیان نەگەیـشتنە ئاستی فێربوونی سروشتی زمان[8] ، جگە لەوەی کە ئەم حاڵەتانە هیچ خزمـەتێك بـە توێژینـەوەی زانـستی ورد ناکـەن بـە تایبـەتی کـە زۆربـەیان دووچـاری لـەوێری تەندروستی بوون کـە هۆکارەکـەی بـۆ ئـەو کەلێنـە زمانەوانییـە دەگەڕێتـەوە ، بۆیـە مەسەلەکە تەنها بۆ خەملاندن و دەرەنجامی لۆجیکی دەمێنێتەوە لەباتی ئەوەی کـە ببێتە کۆششێکی زانستی تاکو زانای زمانناسـی بـایۆلۆجی (Lenneberg) هـات و بـە چـەند کۆشـشێکی زانـستی توێکـاری هەوڵیـدا بیـسەلمێنی کـە زمـان دیاردەیـەکی بایەلۆجییـە و پێگـەی خـۆی لـە مێـشکدا بـە شـێوازێکی جیاکـار هەیـە کـە جـودای دەکاتـەوە لـە ئـاژەڵان ، گـرنگترین دەرەنجـامی توێژینەوەکانیـشی ئـەو تیـۆرە بەناوبانگە بوو کـە دەڵـێ : لێـرەدا قۆنـاغێکی کـاتی لـە ژیـانی مرۆڤـدا هەیـە کـە بـە قۆنـاغی هەسـتیار (حـرج) نـاو دەبرێـت (the critieal period) و لـە سـاڵی دووەمـی منداڵییەوە تا باڵغبوون بەردەوام دەبێت[9]، ئەم ماوەیەش ئەو مـەودا کاتییەیـە کـە

له توانادا هەیه زمانێکی زگماك بەشێوەیەکی سروشتی ئەزبەر بکرێت جا پێش تەمەنی دوو ساڵان ناتوانرێت زمانێکی فێربکرێت ، چونکه مێشك لەو تەمەنەدا نەگەیشتۆته ئەو ئاستەی که قابلیەتی فێربوونی سروشتی هەبێت ، پاش تەمەنی باڵغبونیش ، ئیتر هەلی فێربوونی سروشتی زمان بۆ نیوەی ئەو بەشەی مێشك که تایبەته به فێربوونی سروشتی له کیسی دەچێت ، ئەویش دەرەنجامی له ناوچوونی توێکڵی مێشك له بەرنەمانی ئەو نەرمییەی جارانی بۆ بەدەستهێنانی فێربوونی سروشتی[10] .

(Lemneberg) ڕوونی کردەوە که ئەم مەسەلەیە پەیوەست نییە بە بارستایی مێشکی مرۆڤەوە ، بەڵکو کرۆکی مەسەلەکە لە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤدایە ، ئەم زانایە بەڵگەکانی خۆی لەسەر ڕاست و دروستی تیۆرەکەی لە چەند سەرچاوەیەکی سەرەکییەوە بەدەستکەوت کە یەکەمیان : ئەوەیە منداڵی کوێر هەروەکو منداڵی چاو ساغ توانای فێربوونی زمانی هەیە ، هەروەها منداڵی کەڕ بۆی هەیە زمان لە ڕێگای نووسینەوە فێرببێت ، بەمەرجێك (حاڵەتەکەی بۆ ماوەیی نەبێت) تەنانەت ئەو منداڵانەی کە دووچاری گەمژەیی (گێلی) بوونە ، ئەگەر هاتوو بارودۆخێکی شیاویان بۆ ڕەخسا ، دەتوانن لە تەمەنی باڵغبوون فێری زمان بن. دووەمیشیان: حاڵەتەکانی مێشك پێش و پاش باڵغبوون ، چونکە مێشك بەخێراییەکی سەرنج ڕاکێش گەشە دەسێنێت ، تا دەگاتە تەمەنی باڵغبوون ، ئەوجا ئەو گەشەسەندنە ڕادەوەستێت ، ئەوەی زانراویشە شانە فەوتاوەکانی جەستەی مرۆڤ بە شانەی دی قەرەبوو دەکرێنەوە ، تەنها شانەکانی مێشك نەبێت کە شان بە شانی مێشك گەشە دەسێنن و ، نەرمییەکەیان گرژتر دەبێتەوە و ئەم گرژبوونەوەیەش پتر دەبێت تاکو لەگەڵ تەمەنی باڵغبووندا کامڵ دەبێت ، هەورەها دووچار بوونی جەستەی منداڵ بەهۆی بریندار بوون یان لێدانێکەوە ، لەلای منداڵ وادەکات شوێنێکی دی جەستەی بە تەوزیمەکانی ئەو شوێنە دووچاربووە هەستێت ، بەڵام پاش باڵغبوون زۆر بەکەمی ئەو شتە ڕوودەدات . سێیەمیشیان: ئەوەیە کە نیوەی مێشك تایبەتە بە تەوزیمەکانی (ئاخاوتن) بەزۆریش ئاخافتن — دووان — لە ئەرك و تەوزیمەکانی بەشی





چەپی مێشکه ، هەرچەندە ئەم تیۆرە بەرەنگاری چەندەها ڕەخنە بۆتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە بە گرنگترین ئەو تیۆرانە لەقەڵەم دەدرێت کە بۆتە پاڵپشتی تیۆری (گوێزانەوە — تەحویلی) کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە زمان بەهۆی دەزگایەکی تایبەتەوە وەردەگیرێت کە لە لاشەی مرۆڤدا هەیە (LAD) (Language a cquision device) ئەم دەزگایەش هەروەکو (چۆمسکی) وەسفی دەکات توانا و هێزێکی جیاکاری وەرگرتنی زمانی هەیە ، جا ئەم بە یەکگەیشتنەی هەردوو تیۆرەکە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی جیهانی بوونی زمانی لێکەوتەوە (universals of Language) ئەویش جیهانی بوونی فێربوونی زمانە universals of (Language acguision) کە لە توانای هەر منداڵێکدا بۆ فێربوونی هەر سیستەمێکی زمانەوانی لە کاتی تێکەڵی و ژیان بەسەر بردندا بەشێوەیەکی سروشتی پێش باڵغبوون بەرجەستە دەبێت[11] .

## دووانەی زمانەوانی Billingnalism

دووانەی زمانەوانی فرە و هەمەجۆرن ، زۆر لە نووسەران دووانەی زمانەوانیان بە تەرحە شێوازێك بەکارهێناوە کە شارەزابوون بە سیستەمی زمانەوانی تریش بگرێتەوە ، جگە لە فێربوونی زمانی (زگماك) ، ڕوون و ئاشکراشە کە ئەم چەمکە جیاوازی لەنێوان دوانەی زمان و زمانی بیانی ناکات ، بەڵام ئەوانەی کە جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەم دوو چەمکە ئاماژەکانی دووانەی زمان لە لێهاتووی ئەو چینەی خەڵکی لە زانینی دوو سیستەمی زمانەوانی و هەبوونی لە تەواوی زمانەوانی تیایاندا حەشاردەدەن.

ئەم جۆرە حاڵەتەش لە دوانەی زمانەوانییەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە بەرهەمی یەکێك لەم دوو ڕێچکەیە، یەکەمیان: پێی دەوترێت (دووانەی زمانەوانی هاوبەش) (sompound Bilingnalism) ئەمەش لە کاتێکدا دێتە بەرهەم کە منداڵ هەردوو سیستەمە زمانەوانییەکە بەشێوەیەکی سروشتی لە دایك و باوکییەوە فێرببێت ، بەڵام جۆری دووەم ئەو جۆرەیە کە بە (دووانەی زمانەوانی هاریکار) ناوزەد دەکرێت

(soordinat Blingnalism) ئەم جۆرەش لە کاتێکدا پەیدا دەبێت کە کەسێك فێری دوو سیستەمی زمانەوانی جیاواز و چەند بارودۆخێکی جیاواز ببێت ، وەکو کۆچ پێکردنی منداڵێك لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە ئەڵمانییەوە بۆ ئەمریکی.

مەسەلەی دووانەی زمانەوانی پرسیارێك دەوروژێنێت ئەویش ئەوەیە: ئایا دوو سیستەمی زمانەوانی لە مێشکی مرۆڤدا بەشێوەیەکی جوودا بوونی هەیە ؟ (Independent) یان ئەو بوونە جودا نییە و پێکەوەیە (Interdependent)؟

قبوڵکردنی ڕای لایەنێك و فەرامۆش کردنی ڕایەکەی دی سانا نییە ، بە تایبەتی کە مەسەلەکە پەیوەست بێ بە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤەوە ، مێشکی مرۆڤیش هەلی ئەنجامدانی ئەزموونی بۆ ناڕەخسێ مەگەر لە ڕوانگەی چەند ڕووداوێکی تاك و تەراوە نەبێت ، جا ئەوەی کە سەلماندووە ئەوەیە کە دووانەی زمانەوانی لە سنووۆێکی کاتی دیاریکراودا نەبێ فەراهەم نابێت کە کۆتاییەکەی تەمەنی باڵغبوونە.

ئایا چ تەمەنێك گونجاوە بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی؟

زمانی بیانی : ئەو زمانەیە کە قوتابی بەشێوەیەکی فەرمی فێری دەبێت بەو حیسابەی کە لە دوتوێی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەدایە ، تەمەنی فێربوونی زمانی بیانیش جیاوازی هەیە بە جیاوازی هەمەجۆربوونی کۆمەڵگا و تیۆرە فەلسەفییە پەروەردەییەکان و بارودۆخی سیاسی . جا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: کە ئایا چ تەمەنێك شیاوە بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی؟ پێویستە جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی فێربوونی سیستەمی دەنگی زمانێك بەس نییە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە کارامە دەبێت لەو زمانەدا ، کارامە بوون و لێهاتوویی لە زمانێکی بیانیدا مانای زانینی کارامە بوونە لە چەند سیستەمێکی زمانەوانی ، وەکو سیستەمی دەنگی و هەروەها پلەیەکی باڵای نەرمی دەگەیەنێت لە بەکارهێنانی دەرەنجامی باڵای موفرەداتە زمانییە پێویستەکان ، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو سیستەم و موفرەداتە ڕۆشنبیریانەی کە لە دوتوێی ئەو سیستەمانەدا بەدی دەکرێن.

مەسەلەیەکی دیش کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت ، ئەو پرسیارەیە ئایا ئامانج لە فێربوونی زمانی دووەم چییە ، چونکە زمانەکان لە ئاکامدا جۆراوجۆرن لە ڕووی





ئاسانی و زەحمەتییەوە ، نەك لەبەر تایبەتمەندییە خودیەکانی زمانەکە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەگشتی ئامانجەکان و پاڵنەرەکان لە ڕووی هێز و لاوازییەوە جۆراوجۆرن ، لەو باوەڕەشدانین کەسێك لە (جاحظ)ەوە ڕەوانبێژتر توانیبێتی ئەم مەسەلەیە ڕوونبکاتەوە کە نووسیویەتی و دەڵێ : ((زمانەکان بەگوێرەی نەزانینی ئەو شوێنانەی کە لێی دانراوە و بەگوێرەی زۆری ژمارە و کەمبونی و بەگوێرەی ڕوانگەکان و سووکی لەسەر زمان و نەرمی و شل و شاوی و قورسایی و گرانی و ئاڵۆزی لە خودی خۆیدا ، دژوار و سەخت دەبێت)) پاشان تەوەری سەرەکی پەیوەست بە ئامانج و پاڵنەرەکانی خستە سەر وتەکانی خۆی و وتی ((بەکورتی بەهێزترین هۆکار و پاڵنەرەکانی فێربوونی زمان ،بوونی نیازمەندییە بەخودی ئەو زمانە ، جا بەپێی زەرورەت و پێداویستی و بە مامەڵەکردن بەو زمانە و گەیشتن پێی و دەستەبەر کردنی مەوداکانی یان نەگەیشتن بە ئاکامی فێربوونی زمانەکە دێتەدی))[12] . لێکۆڵینەوەی زانستی دوو وەڵامی دژاودژ سەبارەت بە تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی پێشکەش دەکا، یەکێك لەو وەڵامانە دەگەڵ بۆچوونی باودا گونجاوە کە دەڵێ : فێربوونی زمانی بیانی لە تەمەنێکی بچووکدا فاکتەری سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوونەکە ، هەندێك توێژینەوەش هەن کە دەڵێن سەر خستنی پرۆسەی فێربوونی زمان تەنها پەیوەست نییە بە کارامە بوونی بواری سیستەمی دەنگی و وەتەرەکانی دەنگ ،بەڵکو پەیوەندی بە سیستەمی ڕێزمانیشەوە هەیە[13]، بەڵام توێژینەوەکانی دی کە پاڵپشتی بیروبۆچوونەکانی ترن و دەڵێن کە مرۆڤ توانای فێربوونی زمانی بیانی لە تەمەنی پاش منداڵییەوە هەیە ، ئەو توێژینەوانە خاوەن لۆجیکێك و لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی زانستین کە شایانی گرنگی پێدانێکی چڕ و فراوانن . جا خاوەن ئەو توێژینەوانە پێیان وایە کە نهێنی سەرکەوتنی منداڵ بۆ ئەزبەرکردنی زمانی دووەم بە پلەیەك لە توخمی کارکردندا حەشار نەدراوە ، منداڵ کە زمانی دووەم فێر دەبێت ، لەبەر ئەوەیە کە هەزارەها دەمژمێر لە مومارەسەکردنی زمانەکە بەسەردەبات و لەسەر

ڕێچکەی کۆمەڵگایەکی خاوەن زمانێکی دووانەیی یان لەسەر سکەی باری دووانەیی هەردوو دایك و باوك گوزەر دەکات.

بەڵام کەسێکی تەمەن گەورە نزیکەی (300) دەمژمێر کۆشش و هەوڵی بێ وێنە لە بوارە فەرمییەکانی قوتابخانەدا دەخاتە گەڕ و ، داماوانە بە ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق بەردەوام دەبێت و دەرەنجام هەر نووشوست دێنێت لە فێربوونی زمانی دووەم ، بۆیە پرۆسەی فێربوونەکەی بۆ تەمەنێکی دوورو درێژ دوا دەکەوێت.

(مەکنەمارا) (Macnamara) مەسەلەکە دەخزێنێتە قاڵبێکی نوکتە ئامێزەوە کە دەڵێ :تەمەنی گەورەکان باشترن لە منداڵان لە ڕووی فێربونی زمانی دووەمەوە ، بەمەرجێ فەراهەمبوونی کەشێکی نموونەیی ، با پیاوێکی تەمەن چل ساڵە بە منداڵێکی بچووك بەراورد بکەین ، لەم حاڵەتەدا ناتوانین بڵێین کە پیاوە چل ساڵەکە لێهاتوویی لە منداڵەکە کەمترە بۆ فێربونی زمانێکی بیانی ، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە هەردوو لا هەلی هاوشێوەیان بۆ بڕەخسێت ، لەبەر ئەوە پێویستیمان بەوەیە کە بار گرانی ئەستۆی ئەو پیاوە لابەرین و ئافرەتێکیشی بۆ دابین بکەین کە هەموو کات و تواناکانی خۆی بۆ تەرخان بکات وەکو یارمەتی و هاریکارییەك بۆ ئەوەی زمانەکە فێرببێت ، پاشان دەتوانین حوکم بەسەر هەردوولادا بدەین[14].

تەمەنی گونجاو بۆ فێربونی زمانی بیانی لە ڕوانگەوی منداڵەکەوە سەرەتای تەمەنییەتی ، بەڵام لە ڕوانگەی مامۆستاکەیەوە چەندەها هۆکاری جۆراوجۆر هەن کە پاڵی پێوە دەنێن بۆ باشتر زانینی تەمەنی درێژتر بۆ فێربوونی زمان[15].

هەندێك لە توێژینەوەکانی لەمەڕ بابەتی زیرەکی و هوشیاری پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن کاتێك کە تۆمار دەکەن کە (20٪)ی زیرەکی لە ساڵی یەکەمدا بەرەو پێش دەچێ و (50٪)ش لەگەڵ ساڵی چوارەم (80٪)ش لەگەڵ ساڵی هەشتەم و ڕێژەی (92٪) لەگەڵ ساڵی سێزدەدا ، بەڵام سەبارەت بە توانا عەقڵیەکان ، (بلۆم) پێی وایە کە مرۆڤ لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا پێنج ئەوەندەی تواناکانی منداڵی یەك ساڵەی هەیە[16] .





هەروەها (Diller)بابەتی فێربوونی زمان بە فێربوونی مەلەوانی دەبەستێتەوە ، کە قوتابخانەیەك دەست بە فێرکردنی مەلەوانی چەند منداڵێك دەکات تا دەگەنە مانگی هەشتەم بە ڕێژەی وانەیەکی (30) خولەکی لەهەر ڕۆژێکدا، تا ئەم کۆرپەلەیە فێری نقووم بوون و جوڵاندنی هەردوو باسکی دەبێت ،پێویستی بە (100) دەمژمێر هەیە ، کەچی منداڵی دوو ساڵی پێویستی بە نیوەی ئەو ڕێژە ڕاهێنانە هەیە و ، منداڵی حەوت ساڵانیش لەوانی دی ئاسانتر فێر دەبێت ،چونکە ڕێنماییەکان و وانەکان باشتر تێ دەگات و شارەزایی لە ڕێکبوون و هۆکارەکان و پەیوەست کردنەکاندا پەیدا دەکات[17].

(Diller) دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە تەمەنی نموونەیی بۆ فێربونی زمانی بیانی تەمەنی ئەو کەسە باڵغەیە کە پاڵنەری بەهێزی هەیە بۆ فێربوونی زمان ، گەر مامۆستای باشیشی بۆ بڕەخسێ ئەوا دەبێتە باشترین فێرخوازی زمانی بیانی ، بەڵام بەدەر لە بەشە دەنگییەکان.

## ئەی سەبارەت بە زمانی بیانی و عەرەبی و کوردی؟

ڕوون و ئاشکرایە کە جوداکردنەوەی نێوان تاکڕەوی زمان و دووانەیی خودی ئەو زمانە و بیانی بوونی زمان ، بەشداریەکی بێ وێنە دەکات لە ساناکردنی وەڵامەکان ، زمانی زگماك لە تەمەنێکی دیاریکراودا دەستەبەر دەبێت ، سەبارەت بە منداڵی کوردوعەرەبیش وەك ئاکامی دەرەنجامە جۆراوجۆرەکان ، توانایەکی زۆر و زەبەری مێشکی دەخاتە گەڕ بۆ فێربوونی زمانی زگماکی خۆی کە زۆر جیاوازە لە زمانی کوردی وعەرەبی پەتی بە ڕێژەیەکی جودا ، کە شوێنگەی زمانەوانی و هزری توێژەر لە دۆزەکە و ژینگەی زمانەوانی لێکۆڵراو دەست نیشانی دەکات ، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم واقیعە دوو فاقیە ڕۆشنبیری کوردیی وعەرەبیی هەراسان کردووە و لە هەمان کاتیشدا ڕوانگەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی پێك دەهێنێت کە هێشتاکە بارەکە قبوڵی دوبارە بوونەوەی کێشەکە و جارێکی دی تێکدانی باری دەروونی نەتەوەی کوردیوعەرەبی دەکات.

جا دەستەمۆ کردنی قۆناغە بەراییەکانی ژیانی منداڵ لە پێناو دروستکردنی توانا و کارامەیی منداڵ سەبارەت بە سیستەمی زمانی کوردی پەتی وعەرەبی پەتی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە کە دەگەڵ سروشتی قۆناغەکە و ئامانجەکانی شیاو و گونجاو بێت و بەهەمان شێوەش لەگەڵ تەواوی قۆناغەکانی ژیانی منداڵ هەر گونجاو و تەبا بێت ، دەبێت دەرك بەوەش بکەین کە زمانی بیانی هەرچەندە تاکو کۆمەڵ فێری ببن و ئەزبەری بکەن ، ئەو زمانی دووەمە ناکرێ بە قوڵایی ناخی مرۆڤدا ڕۆبچێ ، لەبەر ئەوە وەکو پۆشاکێکی دەرەکی دەمێنێتەوە کە بە ناچاری یان هەڕەمەکی لەبەر دەکرێت ، تاکو دەرەنجام جێگای پێستە هەستیارەکەی جەستەی مرۆڤ دەگرێتەوە ، پاشان لەگەڵ ئەندامەکانی دی ناگونجێت و ناشهێڵێت کە زمانە زگماکەکە ڕۆڵی خۆی لە هەڵگرتنی هەست و نەستەکەدا ببینێت. بارگرانی شێوازی قسەکردنی کوردی دوور لە شێوازی پەتی شان بە شانی زمانی دووەمی بیانی چەندەها ئاستەنگی پەروەردەیی دەخەنە پێش فێرخوازی کورد ، ئەویش لەبەر ئەوەی هەمان فێرخواز بەناچاری لەنێوان سێ ئاستی زمانەوانیدا هاموشۆ دەکات،: زمانی قسەکردن ، زمانی پەتی ، پاشان زمانی بیانی ، بەم شێوەیە خەتەر ناکی ئەم دوو فاقیە دەچێتە سەر خەتەر ناکی دووانەیی و ئیتر دەبێتە هۆی ئەوەی فێرخواز لە فێربوونی زمانی کوردی لە بەدەستهێنانی کارامەیی تیایدا دەستەوەستان و بێ دەسەڵات بێت ، ئەمەش بە ڕاستی لە خەتەر ناکترین گرفتەکانی چارەنووسی زمانی کوردی دەژمێردرێت. ئێمە نەوەکانمان تووشی شەکەتیەکی بێ وێنە کردووە بۆ وەرگرتن و فێربونی زمانی دووەم ، جگە لەو شەکەتییە زۆرەی کە دەرەنجامی کۆششەکانیان بۆ فێربوونی زمانی ڕۆژی خۆیان دەیکێشن ئەویش لەبەر ئەوەی زمانی قسەکردنی ڕۆژانەیان لە ماڵەوە و لە دەرەوە دوورە لە زمانە پەتییە نەتەوەیەکەیان[18] .

جا پرسیارەکەی (سید حامد حريز) سەبارەت بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەی (49٪)ی مامۆستاکانی زانکۆ (عەرەبییەکان) زمانی عەرەبی پەتی بەباش نازانن کە زمانی یەکەمی خۆیانە جگە لەوەی کە بە زمانی نەتەوەیی وڵات دەژمێردرێت ،





لەوانەیە ئاماژەیەکیش بێت بۆ ئەوەی کە زمانەکانی دی لەسەر حیسابی زمانی دایك (زمانی زگماك) گەشە دەسەنن ، خەتەرناکیەکیش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەم دواکەوتنە لە ئاستی سەنعەتێك یا هونەرێکی دەستیدا بەدی ناکرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی (زانکۆ) و پێکهێنانی سەرکردە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێت[19] .

هەروەها پێویستە ڕەهەندی ئابووری گرنگییەکی بەرچاوی پێ بدرێت ، بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ، چونکە لەم وڵاتانەدا ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی دەگەنە ئاستی سوودمەندبوون بە زمانی بیانی ڕەسمی کە لە دوتوێی پرۆگرامەکانی قوتابخانەدا دەخوێندرێت ، ئەوانە ئەو چینەن کە پێویستی زیاتریان بە زمانی بیانی هەیە ، جا ئەو پرسیارە پێویستی بە لێکدانەوە و وەڵامدانەوەیەکی زانستی هەیە: کە ئایا لە بەرژەوەندی زمانی کوردی وعەرەبی زانستی و ئابوریدایە کە قوتابیان بەرەو فێربوونی زمانی بیانی پەلکێش بکەین ، یان لێرەدا شێوازی دی هەن بۆ پڕاکتیزە کردنی کرانەوەی ڕۆشنبیری ئەمانە و [20]، دەبێ ئەوەش بزانین کە فێربونی هەر زمانێك و بەدەستهێنانی کارامەیی تیایدا دەگاتە پلەی گوم بوون گەر بۆ فێرخوازەکە حاڵەتێکی بەردەوامی و هەمیشەیی و دامەزراو نەڕەخسێنرێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


1. Robert Ital JR. Pidgin and Creole Languages Ithoca، cornell university، 1974.

2. عبدالسلام المسدي ، (دور التعريب في تطوير اللغة العربية) ، تونس ، الدار التونسية للنشر ، 1984 ، لاپەڕە 99.

3. محمد رفقي فتحي عيسى ، سيكولوجية اللغة والتنمية اللغوية لطفل الريـاض ، الكويت : دار القلم ، 1987 ، لاپەڕە 77.

4. سيد غنيم ، اللغة والفكر عند الطفل ، طؤظاری (عالم الفكر) ، بەرگی 2 ، ژمارە 1 ، 1971 ، لاپەڕە 112.

5. سيد غنيم ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 112.

6. داود عبده ، دراسات في علم اللغة النفسي ، الكويت : زانكۆی (كويت) : 1984 ، لاپەڕە61.

7. محمد رفقي عيسى ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 64.

8. نوري جعفر ، الفكر طبيعتهٌ وتطورهٌ ، طرابلس : زانكۆی (ليبيا) ، 1970 ، لاپەڕە 73.

9. Lenneberg، Eric،Biological foundations of Language ; Newyork ; John wiely and sons، 1976 ، pp. 175 – 182.

10. Lenneberg، p. 82.

11. Ovando، Carlos and Virginia Collier، Bilingual and EST classrooms Newyork: mcgraaw – Hill company، 1985. pp. 57 – 100.

12. الجاحظ ، الحيوان ، لێكۆڵينەوەی عبدالسلام هارون ، بەشی 5 ، لاپەڕە 141.

13. Nsher، Learning Another Language through Action Los catos ، 1977، p. 23.







14. macnamara ، J. the Bilingual performance، Journal of social Issues، 1969، pp. 23 ، 58 – 77.

15. Diller K. Teachinhg language controverse، Rowley: Newbury House، 1978، p. 111.

16. Bloomm B، Stability and change in Human characteristics، Newyork: John Wielym، 1964، p. 68.

17. Diller، p. 113.

18. المسدى ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە 101.

19. سيد حامد حريز ، تطوير اللغة العربية ، الخرطوم : اتحاد المعلمين العرب ، 1976 ، لاپەڕە 576 – 578.

20. شكرى فيصل ، اللغه العربيه والوعى القومى (ندوه) ، بيروت : مركز دراسات الوحده العربيه ، 1983 ، لاپەڕە 400.